159

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی پازدە/ ئابی ٢٠١٠



**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریت**

قەرەنی جەمیل



ناوونیشان / هەولێر ـ تەنیشت دادنووسی هەولێر

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢

(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨

تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی / دهۆک

نرخ / ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان

● **سەروتار**


– ئازادی بیروڕا دەربڕین، یان لەکەدارکردنی ئازادی؟/
سەرنووسەر/ 3


● **دەق**


– لەبەر باران/ عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا/ 6
– میزۆپۆتامیا و حەوت پارچە هۆنراوەی تر/
عەباس عەبدوڵڵا یووسف/ 8
– لە خەونمدا/ تەرزە جاف/ 11
– کولێن خوە ددرووم/ سەرکان برووسک/ 12
– بۆ بکوژەکان بەدەستی پڕەوە/ لە فرەنسییەوە:
د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 14
– گڤە و ڕەشەداڵ/ قادر عەلیخا/ 15
– حوسەینی قزڵجی/ سالار ئیسماعیل سەمین/ 19
– ژمارە یەک/ زولەیخا/ 23
– هەڤۆکێن بێدەنگ/ لۆرین س. دۆغان/ 27
– قووڵکە/ لە فارسییەوە: کەژاڵ ساڵحی/ 30


● **هەڤپەیڤین**


– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار
(ئاری بابان)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 33


● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**


– ڕەمزی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی (هێمن)دا/
ڕێبین خەلیل قادر/ 48
– گەڕان بەدوای حەقیقەتدا/ حەمە مەنتک/ 60
– ئەفسانە و مێژوو/ محەمەد سلێمان عەباس/ 71
– پووشکین، بەناوبانگترین شاعیری ڕووسیا/
د. سەلاح بابان/ 78


● **هزر و فەلسەفە**


– سەرەتای ڕێبازی لیبرالییەت و ئیمپریزم لە فەلسەفەی مۆدێرندا/
د. حەمید عەزیز/ 85
– ترس وەک ژیان/ بەختیار محەمەد/ 99


● **بیرەوەری**


– یەکێتی نووسەرانی کورد (١٩٧٠)/
د. مارف خەزنەدار/ 106


● **زمانناسی**


– مۆرفی سفر و مۆرفی بەتاڵ/ سەلام ناوخۆش/ 110


● **وتار**


– سۆز لە شیعردا/ هاوژین صلیوە/ 115
– بیبلیۆگرافیا/ یاسین قادر بەرزنجی/ 119
– دەلاقەیەک بەرەو هەساو/ ئەمین گەردیگلانی/ 126


● **هونەر**


– ئۆریتمی و ڕەنگێکی تری نمایشی شانۆیی/ هاوڕێ
زەنگنە/ 130
– مۆدیلیانی بە بۆنەی سەد و بیست و پێنج ساڵەی
لەدایکبوونییەوە/ و–ئا: زەنوون بیلال محەمەد عەلی/ 135


● **خوێندنەوەی کتێب**


– زنجیرەی نزای گەڕان و قەدەر لە هەرێمی خەونەکاندا/
ڕەئووف مەحموودپوور/ 140
– کتێبی ڕەش و پیتگەراکان/ هاشم سەراج/ 146
– ئاوڕدانەوەیەکی دووبارە لە شازادە بچکۆلەی ئەنتوان
دۆسنت ئیگزۆپێری/لە فارسییەوە: سەلاح نیساری/ 151


● **زاراوەسازی**


– پاتۆس/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 157


● **نرخاندن**


– ئاوێنەی بالانوانی چواردە جۆخینی ڕامان/ عەزیزی
مەلای ڕەش/ 159


● **سووکە لەنگەر**


– وەرگێڕانی عەنتیکە/ کەریم سۆفی/ 160

سەروتار

# ئازادی بیروڕا دەربڕین، یان لەکەدارکردنی ئازادی؟

## لە پەراوێزی کولتوورەوە

**(ئێمەی زیندوو بە خواردنی زیندووان ژیانمان بەردەوامە)**
**جوزێف کامبڵ**

* وەک نووسەرێک لە سەرەتایەکانی دەسپێکی نووسینمەوە باوەڕم بە لیبراڵیەت هەبووە و هەمیشە لەگەڵ ڕەخساندنی زەمینەی گونجاو و کەشوهەوای ئازاد بووم بۆ نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان، هەمیشە داکۆکیم لەوە کردووە نووسەران بتوانن بە کامی دڵی خۆیان بنووسن و بیروڕای ئازادانەیان دەربڕن. ڕەخساندنی هەلو دەرفەتی لەبار و گونجاو و بوونی کەشوهەوایەکی سازگار بۆ پیادەکردنی ئازادییەکان، سیمایەکی بەدەرەوەبووی کۆمەڵگەی دیموکراسیانە و ئازادە کە لە دژی سانسۆر کردن و سنووردانان بۆ ئازادی دەوەستێتەوە و دەبێ هەردەم ئەو کەشوهەوا خاوێنە بۆ کاری خەلاقانەی داهێنان و هونەر و هزر و ئەدەبیات و ڕاگەیاندندا فەراهەم بکرێت. بایکۆتکردنی ئازادیی بیروڕا دەربڕین و ئازادی بە هەر دروشم و بیانوویەکەوە بێ نابێ بخرێتە سەر هیچ جۆرە هزرین و بیرکردنەوەیەک، چونکە عاقیبەتی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە و گشت داوودەزگایەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. دیموکراسی بەهیچ جۆرێک لە ئازادی دانابڕێ، دەبێ دیموکراسیەتی ڕاستەقینەش بە تەواوەتی ڕەگی خۆی دابکوتێ، تا ئازادی تەواو و ڕاستەقینە بێتە دی. دیموکراسیەتیش پێش هەموو شتێک ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی ناو کۆمەڵە، هەر بوونی دامەزراوەکانیشە کە ماف و ئەرک و ئازادییەکانی دیاری کردووە، بەڵام ئازادی و ئازادی بیروڕا دەربڕین کەلوپەلێک نییە بدرێتە کەس، ئەوەندەی ئەو ئازادییە لەناو خودی کەسەکاندا گەشە دەکات، لە دەرەوەی کەسەکاندا نییە، بۆیە ئازایەتی و بوێری و ئازادیی نووسەر، خودی نووسەرەکە بۆ خۆی دەستەبەری دەکات، نەک کەسانی دیکە بۆی فەراهەم بکەن، کە دواجار دەبێ ئەو ئازادییە بەرهەمەکەی بڕژێتە ناو ڕووباری خزمەت گەیاندن بە مرۆڤ بە گشتی و ئینسانی کورد و پاشەڕۆژەکەی بەتایبەتی و بە قازانج بۆ وڵات و نیشتمان بشکێتەوە. ئامانجیش لە بیروڕای ئازاد (هۆشیارکردنەوەی) هاووڵاتیانە، نەک ئازادی بۆ چەواشەکاری و بەلاڕێدا بردن و شەلم کوێرم، هیچ نابوێرم. لێرەوە دەڵێین ئەوانەی ڕۆشنبیرییەکی کامڵ و پێگەییویان هەیە، ئەوەی دەینووسن چاک دەزانن چی دەڵێن و بیروڕایەکانیان چۆن چۆنی هەڵدەخەن و چەند قووڵ و کاریگەر و هەمەلایەنە گوتاری خۆیان ئاراستە دەکەن، بۆیە لە نووسینی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیدا (شێواز)ی نووسەرەکەیان بە کەسایەتی نووسەرەکە شوبهاندووە، وەک (بیفۆن) لە سەدەی هەژدەمدا وتوویەتی (شێواز.. کەسەکەیە)، دیارە (شێواز)یش ڕەنگدانەوەی پەروەردە و ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی نووسەرەکانە، عەرەبیش لە زووەوە وتوویەتی: (الأناء ينضح بما فيه)، واتە جام ئەوەی لێ دەڕژێ کە لەناویایەتی. دەمشڕی و سووکایەتی بە خەڵکی کردن و زبری و هەڵەشەیی لە نووسیندا، یان بێ ڕێزی کردن بەرانبەر بە کەسانی دیکە، ڕەنگدانەوەی شێوازی پەروەردە کردن و نزمیی ئاستی خوێندەواری و کۆڵەواریی ڕۆشنبیری و نواندنی بێ مەعریفەتی و کەم زەوقی کەسەکە و نەبوونی لۆژیک و شڵەژان و هەڵچوونی بێ پاساو و ڕەنگدانەوەی لەبەر یەک هەڵوەشاوەیی خێزانیی کەسەکە دەگەیەنن.

* هەر کارێکی بواری داهێنانی ئەدەبی و هونەری و ڕۆژنامەوانی بگرێت، بێ هیچ دوو دڵییەک گەشەکردن و بووژانەوە و فراوان بوونی پانتاییەکانی، پێوەندی بە «ئازادی»یەوە هەیە. هیچ داهێنانێک، لێ زیاد کردنێک لەهیچ بوارێکی داهێنان و ژیاندا لەو دنیایەدا نایەنە دی بەبێ بوونی (ئازادی)، بەڵام ئەو ئازادییەی کەسێکی ڕۆشنبیر و کامڵ و پێگەیشتوو مومارەسەی دەکات، لەگەڵ ئەو ئازادییەی کەسانی ناشی و ناکارە و ناکامڵ

سەرنووسەر

و کەم ئەزموون و کەم ڕۆشنبیریی پیادەی دەکەن جیاوازییان زۆرە، چونکە دەستەی دووەم لە پەلاماردان و هەڵتیزان زیاتری لێ نازانن، بۆیە پێویستە پێش هەر شتێک بیرمەندان، نووسەران، هونەرمەندان، ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەنووسان، لەلای خۆیانەوە لەسەر پێناسەکردنی چەمکی (ئازادی) بگەنە یەک و بە هەموویان لەوە بکۆڵنەوە و بزانن ئەو ئازادییە ڕەهایەی هەندێ کەس داوای دەکەن، سنوورەکانی تا کوێ بڕ دەکات؟ ئایا ئەوان ئازادییان دەوێ بۆ ئەوانەی نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ (ئازادی)دا بکەن؟ ئایا ئەوان (ئازادی)یان دەوێ تا (ئازادی) و پرۆسەی ڕەخنەگرتنی پێ لەکەدار بکرێ و ئازادی خەڵکی دیکە پێشێل بکەن؟ ئایا (ئازادی) و (ئازایەتی) و (بوێری) ئەوەیە پەلاماری خەڵک بدرێ و هەموو شتێکی ئەم وڵاتە ناشیرین بکرێت و بخرێتە ژێر گومان و پرسیارەوە؟ ئایا تێزی هیچ کەس و شتێکی (پیرۆز) نییە، یان کەس لە سەرووی ڕەخنەوە نییە، بەو مانایە دێ کە بەو بیانووەوە چی کەوتە بەر دەست و بەرچاو داپاچرێت و سووکایەتی پێ بکرێت؟ ئایا ئەو جۆرە نووسەرانە بوێرییەکەیان لە عەقڵ و مەعریفەت و ڕۆشنبیرییەوە هەڵقوڵاوە، یان هی ئەوەیە بنووسەکانیان مومارەسەی جورئەتی جەهالەت دەکەن و وەک کەشکی سواو، بێ تەقیە و شەرم لەزەت لەو شێلە و بێلە و چەواشەکاری و سووکایەتی بە خەڵک و وڵات کردنە وەردەگرن؟ یان ئەمڕۆکە کار و کاسبی و نانەکە لەوە دایە وا بکەن و بەو جۆرە بنووسن و سەرنجی خوێنەران ڕابکێشن؟ لە کاتێکدا بە پێویستی دەزانین ئەو پرسیارانە بورووژێنین کە خەریکە لەلای ئێمەدا (ئازادی) و (ئەنارشیزم) و تێکدانی چەمکەکانی ئازادی تێکەڵ بە یەکدی دەکرێن. خەریکە پرۆسەی (ڕەخنەگرتن) و پەیامی جوانی ڕەخنە و دیالۆگ لەگەڵ یەکتر کردن و پەلاماردان و ناوبانگ زڕاندن و سووکایەتی بە خەڵک کردن بە جۆرێک تێکەڵ بەیەکدی دەکرێن، کە زۆر بە زەحمەت لەلای خەڵکی سادەی خۆمان بۆیان لێک جودا دەکرێنەوە، تەنانەت خەریکە بە جۆرێک لە جۆرەکان باوەڕ و متمانەیان لەلا نامێنێ، لەبەر ئەوەی خوێنەرەوەی ئەو جۆرە نووسینانە زۆر بە زەحمەت ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کێ لەسەر هەقە و کێ لەسەر ناهەق؟ ئەوە لە کاتێکدا بیرمەندان و هزرڤانان پێیان وایە پوختە و کاکڵەی پێناسەی (ئازادی) لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە (ئازادی) زانینی پێداویستییە.

* باشە ئەوانەی مومارەسەی ئازادی بیروڕا دەربڕین دەکەن، چەندیان لە هۆشیاری زانینی پێداویست بوونی ئازادی تێگەیبوون؟ ئایا ئەوەی دەینووسن لە پێگەیشتنی ڕۆشنبیری و هۆشیارییانەوە لە (ئازادی) هاتووە؟ گومان لەوەدا نییە نووسەری سەنگین و زمان پاک، شێواز و زمانی نووسینەکەی هەڵگری ئەفسوون و بەرزیی کەسایەتی نووسەرەکە خۆیەتی، نیشانەی بەهێزیی مەنتیق و پاشخانی ڕۆشنبیری ئەوە، هەڵقوڵاوی پەروەردەی خێزانیی جوان و ڕەوشتی بەرز و کەسایەتی بێ گرێوگۆڵ و خاوێن و بێ لەکە و بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفەتی ئەو نووسەرە دەگەیەنێ، نەک کەسانێک کە لەناو قوڕ و لیتەی خێزانی ئاڵۆز و لەبەر یەک هەڵوەشاوەدا پەروەردە کرابن و پەروەردەکەیان گۆشکراوی ناو شەڕەجنێو و شەڕە شۆق بووبێت.
ئایا ئەوانەی بە شێواوی (ئازادی)ی بەکاردەهێنن و ئەو کەشوهەوایەی (ئازادی)یان بە خراپی بۆ خۆیان قۆستووەتەوە، بۆ ئەوەیان نییە سەرنجی خوێنەران و خەڵکی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و بڵێن ئێمەش هەین؟ ئایا ئەو چەواشەکاری و زمان زەبرییەی لەلایەن هەندێ فەریکە نووسەر و (ڕۆژنامەنووس!)ەوە بەکاردەهێنرێ، بەڵگەی حەزکردن بە تەپوتۆز بەرپاکردن نییە بۆ زەق کردنەوەی کەسایەتی نوقسانی خۆیان؟ کە بێ گومان بەم کارانەیان لە ئامانجی خزمەت گەیاندن و پەیامی ڕەخنە و نووسین دوور دەکەونەوە و پەیڕەوی لەو گوتەیەی (جۆزیف کامبڵ) دەکەن کە دەڵێ: (ئێمەی زیندوو بە خواردنی زیندووان ژیانمان بەردەوامە). میللەتێک بیەوێ گەشە بکات و پێشکەوێ و لە چەقبەستن ڕزگاری بێت، دەبێ هەمیشە باوەش بۆ (ڕەخنە) بکاتەوە و هەلومەرجی گونجاوی بۆ بڕەخسێنێ تا پتر نەشونما بکات، هەر ناکرێ هەموومان بیروڕا و بۆچوونەکانمان هەمووی وەک یەک بێ، ئەوەتا ئەوروپا کە ئاستی شارستانی و پێشکەوتنەکەی بەرزە، هی ئەوەیە کە لەسەر بناغەی دژەکان بنیاد نراوە، نەک لەسەر بناغەی لێکچوون و هاوشێوە بوون، بەڵام ئەوە ڕەخنە و تیۆر و بەرنامە و میتودەکانە، ئەوانی لە هاوشێوە بوون قوتار کردووە، نەک پەنا بردن بۆ زمانی زبر و پەلاماردانی یەکتری، نووسین بە زمانی زبر بەهیچ بیانوو و پاساوێک قابیلی قەبووڵ کردن نییە و لەناو پرۆسە و پەیامی ڕەخنە و نووسین و هزر و تیۆرەکاندا جەستە و تەنێکی تا بڵێیی نامۆیە و زۆرتر دەچێتە قاڵبی خۆناساندن لە پەنای کەسانی پەلامار دراوەوە. نیمایۆشیج جوانی وتووە کە نووسیویەتی: (ئای! چەندە خەڵکی بۆ ناوبانگی خۆی، خەڵک بەدناو دەکات.. من بوومەتە قاڵدرمەی سەرکەوتنی کەسانێک) دیارە ئەو شاعیرە داهێنەر و هەستیار و نوێخواز و ڕووناکبیرە بەدەست کەسانی هیچ لە بارا نەبووەوە گیری خواردووە، کە خەریکی چەواشەکاری و هۆنینەوەی حەکایەتی ناو واهیمە و خەیاڵە نەخۆشەکانی خۆیانن، بۆیە بەم کارەیان دەیانەوێ خەڵکی بەرەو گومڕایی و گووم بوون ببەن و چۆنیان ویست وەها بۆ مەرامی خۆیان بەلاڕێیاندا ببەن. لێرەدا دەپرسین ئەو (ئازادی)یەی کەسێکی وەک مەسعوود محەمەدی زانا مومارەسەی دەکرد، وەک مومارەسەکردنی (ئازادی)ی لای کەسانێکی کەم ئەزموون و نووسەری پەراوێزی بووە؟ ئەو جۆرە نووسەرانەی وەک مەسعوود محەمەد بۆ هاوبیر و هاوزمان و دۆستەکانیان، تەنانەت ئەو کەسانە بۆ نەیار و ناحەزە سیاسییەکانیشیان قووت دەچن و کەس ناتوانێ ڕاستەوخۆ دژیەتییان بکات، بۆیە کەسێکی وەک ئەو کە هەموو نووسینە مێژوویی و فیکری و ئەدەبی و زمانییەکانی کە سەرومڕ لە قازانجی کورد دەینووسین، (سەدام حوسێن)ی ناچارکردبوو بەگشتاندنێک هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئەو ڕۆژگارەی خۆی ئاگەدار بکاتەوە کە نووسینەکانی ئەو پیاوە سانسۆر نەکرێن و ڕێگە لە بڵاوبوونەوەیان نەگیرێ، چونکە وەک مامۆستا خۆی بۆی گێڕامەوە سەدام پێی وتبوو (تۆ دەزانی چۆن بنووسیت، بۆیە پێویست بە سانسۆر کردنی نووسینی تۆ ناکات)، ئەو بە زانایی و دانایی خۆی توانیبووی لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتیشدا قسەی دڵی خۆی بکات و لە بەرژەوەندی میللەتەکەی بنووسێت و کارێکیش نەکات ببێتە هۆی ئەوەی سەری تێدا بچێ.

* هەمیشە (یاسا) لەو کاتانەدا زیاتر بایەخ و گرنگییەکەی بە دەردەکەوێ، کە مومارەسەکردنی ئازادییەکان دەست پێدەکات، چونکە لەو کاتانەدا لەناو کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای کوردەواریی ئێمەدا کە جارێ هیچ داوونەریتێکی دیموکراسی تێیدا

چەکەرەی نەکردووە، ئازادی بە دیوە خراپەکەی خۆی بەکاردێت و بەرەو ناوزڕاندن و پەلامارادان و هەست ورووشان دەبرێت. لەلای ئێمەدا کە دەبوو پڕ بە مانای وشە (یاسا) لەلامان سەروەر بێ و ڕێزیش لەو ئازادییە بگیرێ کە بە قوربانیدانی زۆر و بێ شومار هاتووەتە دی، کەچی بەداخەوە (یاسا) قەت لەلامان سەروەر نەبووە، باوەڕیش ناکەم بەو زووانە ببێتە سەروەر، زۆر وتنەوە و باسکردنی دروشمی سەروەریی یاسا بۆ خۆی نیشانەی جێبەجێ نەکردن و سەروەر نەبوونی یاسایە لەم وڵاتەدا. لە یاسادا کە دوو جۆر سەروەریی هەیە، یەکێکیان سەروەریی دەوڵەت (هەرێم) و ئەوی تریان سەروەریی یاسایە، دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە لە پێشەوە سەروەری و پیرۆزیی یاسا لەجێبەجێ کردن و پیرەوکردنی یاساکاندایە، چونکە یاسا جێبەجێ نەکرێ دەبێتە مەرەکەبی سەرکاغەز، بۆیە لەلای ئێمەدا ئەو سەروەریانە ونن، لەگەڵ ئەوەشەوە (داواکاری گشتی) دەورەکەی پەراوێز خراوە و ناتوانێ ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی بەجێی بگەیەنێ، چونکە بەبێ پاڵپشتی لێ کردن، هیچ مەسەلەیەکی یاسایی پێ ناجووڵێ.

* لە وڵاتی ئێمەدا هەر کەسێک لێمان ڕادەپەڕێ و بە شەووڕۆژێک لێمان دەبێتە (ڕۆژنامەنووس) و (نووسەر)، ئەمڕۆکە هیچ پێوەرێک بۆ نووسەرایەتی و ڕۆژنامەنووسێتی نەماوە و نییە، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی سەنگین و ڕاستەقینە کە بە شەونخوونی و هەوڵ و تەقەللای زۆر و ساڵەهای ساڵ خۆی پێگەیاندووە، لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی سەفەری و سەرپێی تێکەڵ بوونە، ئەوانە لەلای بەرپرسی نامەسئوول زۆر لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسێ گرنگتر و بە ئیعتیبارترن کە خۆیان بەدەست ئەوانەوە نادەن. زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار، زۆر (ڕۆژنامەنووس!) لەپڕ وەک قارچک هەڵدەتۆقن، کە هیچ جۆرە شارەزاییەکیان لە ئەرک و پەیامە پیشەییەکەی خۆیان نییە. لای ئێمە نەکراوە بە عادەتیش ئەوانە بخرێنە ناو خولی تایبەتەوە، تا بتوانن هەڵسوکەوتێکی یاسایی و پیشەگەرانە و شارستانی و نیشتمانپەروەرانە لەگەڵ ڕووداو و زانیاری و هەواڵەکاندا بکەن، یان بێ لایەنانە و پیشەییانە ڕەفتار لەگەڵ یاسا و سیستمی حوکمڕانی و تاکەکاندا بکەن و دوور لە میزاج و ئارەزوو و بەرژەوەندی و خواستی خۆیان، ڕووداو و هەواڵەکان بنووسن، بەڵکو دێن ڕووداو و هەواڵەکان هەڵدەگێڕنەوە و هەر چۆنێکی ویستیان بەو جۆرە مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ واقیع و زانیاری و هەواڵەکاندا دەکەن، بۆیە ئەوانە دەکەونە پەنابردن بۆ نووسین بە زمانێکی زبر و بوختان کردن، بەمەش پیشەیی نەبوون و ناشارەزاییان لە یاسا و ڕێساکان و جووڵاندنی ئەوانیش وەک بووکۆڵە و بە مەبەست و مەرامی سیاسیی، بەسەر کاری ڕۆژنامەوانییاندا زاڵ دەبێ. ئەوان لەبەر ناشارەزایی و ڕێزنەگرتنیان لە یاساکان ئەو ناوزڕاندن و دەمشڕی و بوختان کردن و جنێو فرۆشییەیان بۆ چووەتە سەر، بەتایبەتی لەوکاتانەدا کە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا ناکرێ، بۆیە کەسانی دیکەش چاویان لێ دەکەن و ڕۆژ بەڕۆژ ئەو جۆرە (شەونامەنووسانە!) ژمارەیان ڕوو لە زیادبوون دەکات.

* ڕۆژنامەنووس بە چاک و خراپیانەوە هەریەکەیان تاکێکە لەناو تاکەکانی کۆمەڵ و پێویستە وەک هەر تاکێکی دیکەی ناو کۆمەڵ ملکەچی (یاسا) بێت و ڕێزی لێ بگرێ، کەچی ئەو جۆرە (ڕۆژنامەنووسانە!) تەنیا ئەوکاتانە ددان بە یاسا دادەنێن کە لە سوود و قازانجی خۆیان بڕیار دەدات، وەکی دی ددان بە ڕەوایەتی داوودەزگای یاسایی و دادگاکان و یاساکانیدا نانێن، بۆیە ئەوانە هەمیشە خۆیان لە یاسا بە گەورەتر دەزانن و بە پێخاوسی بەناو دەکەون و تۆمەت و قسەی هەلەق و مەلەقی خۆیان بەسەر کەسانی ناو دادگاکان و سەرووی ئەوانیشدا دەبەشنەوە، ئەمەش بە مەبەستی لێدانی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری کەسانێک دەکەن کە موخالیفی سیاسی و بۆچوونە سیاسییە نەکلۆکەکانی خۆیانە. زۆر جار بینیومانە هەر ئەو کەسانەی ئەوان هەوڵدەدەن لە کەسایەتییان بدەن، هەر کاتێ سەنگەری سیاسیی خۆیان گۆڕی و سەنگەری ئەوانیان هەڵبژارد، ئەوساکە ئەو کەسانە لە شەیتانەوە دەبنە فریشتە، لە ڕەشەوە دەبنە سپی، بۆ ئەو مەبەستەش کەسانی قوڕمیشکراویان لێ هان دەدرێ، دواتر ئەو نووسەرۆکە و ڕۆژنامەنووسە بازاڕیانەیان بە ئینشا نووسین تێبەر دەدەن، ئەمەش بێ گومان بە مەبەست و ئامانجی سیاسیی دەکرێ، یان بەمەرامی تایبەتی پشت پەردەوە هەڵیان دەسوڕێنن و ئەو کارانەیان پێ دەکەن، کە بەداخەوە ئەو جۆرە نووسەر و ڕۆژنامەنووسانەش دوای کاری سەرپێی و ڕواڵەتانە کەوتوون.

* لە کۆتاییدا دەڵێم: کە هۆشیاری یاسایی نییە، پێویستە بە هەموو لایەک و لە هەموو کەناڵەکانەوە ئەو هۆشیارییە یاساییە بەناو خەڵکیدا بڵاوبکرێتەوە، پاشان بە یاسا هەموو لایەنەکانی ژیانی خۆمان ڕێک بخەین، لەناو ئەو لایەنانەشدا بە یاسایەکی تۆکمە و بێ کەلێنوکەلەبەر دەتوانین کاری ڕۆژنامەوانیی خۆمان ڕێک بخەینەوە، تا لەگەڵ بنیات و واقیعی کۆمەڵی کوردەواری بگونجێ، کە بەداخەوە ئەمڕۆکە (یاسا) لەلای ئێمەدا تەنیا بە قسە سەروەرە، چونکە ئەو یاسایانەی هەن تەنیا بەسەر کەسانی بێ دەسەلات و بێ پشتوپەنا و بێ عەشیرەت و بێ دیوەخان و بێ سەروەت و سامان و بێ کۆمپانیا و بێ جێ و ڕێ جێبەجێ دەکرێن، چونکە ئێمە بەچاوی خۆمان دەبینین کەسەکانی دیکە چۆن وەک بەرزەکی بانان لەبن دەستی یاسا بۆی دەردەپەڕن، بۆیەشە دادگا و یاسایەکانی هەن، بەڵام زۆر جار بڕوامەندێتی خۆیان و هەیبەت و سەروەری و پیرۆزیی خۆیان لەدەست دەدەن، دواتر ئەو ئاژاوە و پاشاگەردانی و ئۆخەی ئۆخەی هەر کەس بۆ خۆیە دروست دەبێ کە ئێستاکە هەیە و دروست بووە. ئەم لە باڵ یەک هەڵوەشانەوە و تێکچوونەی بارودۆخی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەی لەو سەردەمەماندا هەیە و دەبینرێ هەر هەموومان لە چاککردنی بەرپرسیارین، هەر لە حزبەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانەوە، تا دەگاتە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زانکۆکان و یەکە بە یەکەی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و ئەهلی تەقەڵ، چونکە ئەمڕۆکە دەسەڵاتێک هەیە کە سوپەر دەسەڵاتە و لە سەرووی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادگاکانەوەیە کە نایەوێ یاسا لە وڵاتی ئێمەدا جێبەجێ بکرێ و سەروەر بێ، بۆیە کە یاسای باشیش دەردەچن، ئەوە ڕێز بۆ ئەو یاسایانە دانانرێ و ناهێڵرێ بە باشی و وەک پێویست جێبەجێ بکرێن و ڕێگەی خۆیان بگرنەبەر. ئێمە دەبێ زوو ڕێ لەوە بگرین، دەنا ڕۆژ دوای ڕۆژ بارودۆخی نووسین و ڕۆژنامەوانی و یاساکان بەرەو هەڵدێر دەبنەوە، با کەس نەڵێ ئەمڕۆکە بەرۆکی منی نەگرتووە و هەقم بەسەرییەوە نییە و ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە.

# لەبەر باران

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

چەشنی نیگای گەمارۆدراو
چەشنی ڕامان لە بۆشایی
بە چاوی ئاو دێمە خوارێ
چەشنی با
بەهەڵە
بێ کۆتایی
شین دەچمەوە.

لە نێوانی باو با
دەمەوێ مرۆڤ لەبەر باران لێکدەمەوە
وەک ئەوەی باڵندەیەک بم
بێ خەیاڵ بە بادا بڕۆم و
بڵێم
باران ئاسمان جێ دەهێڵێ
ئێمە شوێن گەمارۆی داوین
ئەوە سەرەتای تاریکی و فڕین نییە
لە سێوەکەی ئادەمەوە
ژیان بە زەویدا دەڕوا
دەریا بەزەویدا دەڕوا
مرۆڤ لەگەڵ باران
بیر لە ئاسمان دەکاتەوە
لەگەڵ با
بەرەو بۆشایی هەڵدەکا

بێ خەیاڵ بە بادا دەڕۆین
باڵندە
لە نیشتمان کۆدەکەینەوە
دەست لە بۆشایی ڕادەگرین
بەر لەوەی بڵێین
مرۆڤ
بوونەوەرێکە بۆ مردن
با
بۆ جووڵە



نیشتمان
بۆ هیچ نەگوتن.

ئاو و ئاو
با ئازارەکانی مرۆڤ جێ دەهێڵێ
مرۆڤ نیشتمان
باران
جگە لە تەنیایی
ئاوازێکی شین دەنووسێتەوە
بەر لەوەی بڵێین مرۆڤ هەبێ یان نەبێ
ئاو بە با دەڵێ
نیشتمان هەبێ یان نەبێ
باران بەلێوی با
جووڵە ناکا.

با لە شکۆفەی لێوی باران
سەفەر دەکا
کاتێک دێتەوە ماڵ
دەبینێ باران بە گۆچانێکەوە
ورد ورد

خۆکوژی لێدەخورێ بەرەو نادیار
دەبینێ سەفەری ئاو
لە پشت زەردەپەڕ جێماوە

هەناسەی باران
لە بیابان دێتەوە
بەڵام نە سەوزایی دیارە نەلێو.

با بەلێوی با
دەریا ڕەنگ دەکا
بە پێنووسێک لە تیشک
بیابان
من لەشکری ژیان دەخەمەوە نێو بۆشایی
بەر لەوەی کچەکەم گاز لە سێوی «سیزان» بگرێ
فڕین بە شەپۆل ورد دەکەمەوە
دڵم لەبەر باران.

بێ خەیاڵ بە بادا دەڕۆین
لەبەر تاریکی
ئەستێرەکان
ئاسمان بە نیگا ڕادەگرن
با هەموو زەوی بە جووڵە
من لەنێوان ئەستێرە و با
دڵم دەخەمە خەیاڵی
بەربوونەوە.

هەموو ئەوەی لەبارەی بارانەوە با پەنای داوە
دووبارە بۆخۆم دەگێڕمەوە
بە قووڵی دەڵێم ژیان
چۆلەکەیەکە هەمیشە بەخەیاڵ
قەفەز دەچنێ
چۆلەکەیەکە لەبەر باران
دڵ دەکاتەوە
لەبەر باران
مرۆڤ هەموو شتێکی دەوێ
بەڵام خاوەنی هیچ نییە
چونکە دنیا وێنەیەکی خێرایە
لەبەر باران
بە کەس ناگیرێ
دووبارە بە قووڵی دەڵێم
هەموو ئەوانەی لەبارەی مرۆڤەوە دەگوترێ
وەک نیشتمانێکی نادیار
گەڵا گەڵا
لە زستانی تەمەن
با دەبیا
باران باران
وەک سێوەکەی «نیوتن»
بەر خاک دەکەوێ
مرۆڤ سێو کۆ دەکاتەوە
لەبەر باران
مرۆڤ سێو کۆ دەکاتەوە
لەبەر بۆشایی.

**هەولێر ٢٠١٠/١/٨**

# میزۆپۆتامیا و حەوت پارچە هۆنراوەی تر

عەباس عەبدوڵلا یووسف

-١-

به دوورایی ٦٢١٠٠٩ کیلۆمەتر
چاوەشین و جوانەکانی!!!!!!!!
چاوە تیژ و دووربینەکانی ی ی ی ی ی ی ی
زەرقای یەمامە
منیان بینی
موگناتیزی چاوەکەی لەشراکێشە
منیش پاش فڕێدانی ژمارە باڵاکانی بەر لە ٩
پاش کردنی کیلۆمەتر بە سانتیمەتر
لە دوورایی ٩ سانتیمەترەوە
بە نیگای کزم، ئەوجا ئەگەر بیبینم
بنجلی چاوشینی یەمامەم مەبەست بوو
دەستم بۆ مەمک و بەرۆکی برد
نینۆکە تیژەی پەنجەی دەستی، دەستمی ڕووشاند
دەستم بۆ ناوکی برد
نینۆکە تیژەی پەنجەی پێی، دەستمی بریندار کرد
دەستم بۆ زهێی برد
شەپازللەیەکی چرقەداری لێدام
چاوم لە چاوی نا
نەختێ خۆی هێنا پێشەوە
چاوم لە چاوی ناو
چەند جارە سەری پەنجەم لە سەرە پەنجەی دا
خۆی بەدەستەوە دا
ئەو نزیک لە لەشی خۆی
هیچ نابینێ و وەک پاسەوانێکی مەست
زوو قەڵای لێ داگیر دەکرێ و
لە هەوەس خۆشیدا چاوگۆڕکێم لەگەڵ دەکات

-٢-

شارە...!
سەرزەمینەکەی مرۆنشینە
زێرابنشینەکەی جورجە
کودەتا لە خوارەوە دێ
دێ و هاووڵاتی یەکەم پێی ناچار دەکرێ
کۆمەڵنامەیەکی نوێیان لەگەڵ مۆر بکات:
جورج هاووڵاتی پلە یەک



مرۆڤیش پلە دوو
شارە...!
مۆرانە لە پرۆژەی پلان و پیلانی دەساڵەی ئاییندەیدا
دایناوە خۆی ببێتە پلە دوو و
مرۆڤیش بترازێنێ بەرەو پلە سێ
جورجیش ئەوا خۆی پلە یەکە
شارە...!
میکرۆبەکانیش
مێژووی دوورودرێژیان دەکەنە بەڵگە و
لەدوا هەوڵیاندا سەرکەوتوو دەبن
خۆیان وەک ئەمپراتۆرێک، پلە یەک بن
جورج و مۆرانە ببەنە پلەی بەر لە کۆتایی و
مرۆڤیش بەرەو پلەی ژێر هەزار ببەنە خوارەوە.

-٣-

داپیری داپیری، بەژن زراڤی گوند بوو
دایکی داپیری، کەندوو بوو
داپیری دۆدانەیەکی شلق و ترشاو بوو
دایکی خۆی جەرزە بوو
خۆی بەژن زراڤە
کچی ئەو کچە، لەششووش و جوانە
کچی کچی ئەو کچەش جمناستیکە و
جوانترین ئافرەتی دنیایە
کچی کچی کچی ئەو کچەش:
کرێتترین ئافرەتی دنیایە...!

-٤-

هەندە لە هۆ گەرام، چاوم پێی ئێشا
کتێبی زلی زانایانی فیزیک
کاتێکی زۆری لێ سەندم
ئەرێ هۆ هۆناس نیوتن... ئەنیشتاین تۆش
لەناوەکانی سەردەمیش
تێکرای نۆبلدارانی ئەم زانستە
بەتایبەت ئی فیزیای دەنگ
کامەتان وەک جووتیارێکی کورد
دەزانن بڵێن:
**کەر بزەرێ، سەگ پشتی دێشێ!**

-٥-

فلیمێک، یان تاکە دیمەنێک
تێر خەندە و پێکەنینت بکات
با هەر رەش و سپی بێت
تۆخ و کاڵەکانیش هەر لەو جووتە رەنگەوە بێت
شارلی شاپلن بە شەپقە و گۆچانەوە
تێیدا گەمە بکات و
ئیسماعیل یاسین بەلچەوە هەڵپەرێت
رەشوسپییان بکرێتە رەنگاورەنگ
پێکەنینمان لێ دەبێتە هێدمەی بۆمباران
حەمە دمبڵ
ئەویش ئەگەرچی رەنگاورەنگە و
لە ٨٥٪ی پێکەنینە
بکرێتە رەش و سپییش
لە ١٥٪ بچرو راڕا پێ دەکەنین
لە غەمانیش پێ بکەنین، ئەوا خۆشترین پێکەنینە.

-٦-

ئافەرین سیزیف
ئەو سوودەت هەبوو
لە لاسایی تۆوە
پەیژەیەکی تەماتیک دروست کرا
کەسێ سەرکەوێ و دابەزێ
دوعای خێر بۆ باوکە مردووەکەت دەکات
بۆ تۆش نەمری
کەسێ سەرکەوێ و دابەزێ
بێزار نابێت
بێزاریش بێت، پێی دەڵێن وەرزشە
بێزاریش بێت
خۆی دەبێتە پەیژە و
پێناسەیەکی دیکە دەخاتە روو:
مرۆڤ گیاندارێکی پەیژەدارە
کە کۆمپانیایەکی بەدفرۆش و مۆنۆپۆڵ، تۆی کردە پەیژە
دوعای نەفرەت لە ئەبوئەژدادت کرا
لە تۆش، گابەردەکەی خۆت
بەسەرکت کەوێ و پێی صەگتۆپ بی.

-٧-

چاوێکی دەرهێنام، چاویم دەرهێنا
دانێکمی دەرهێنا، ددانێکیم لێ دەرهێنا
دڵمی دەرهێنا
کچ بوو، بە یاسای حەموورابیم لەگەڵ نەکرد.

-٨-

میزۆپۆتامیا نەما
کۆنە، زۆریش
عیراق ئێستا
وڵاتی چوار رووبارە:
دیجلە. یەک
فورات.. دوو

نەوت ... سێ
فرمێسک..... چوارەمیانە
* * *

*** میزوپۆتامیا** = وڵاتی دوو زێ. بلاد الرافدین.
*** زەرقــای یەمــامــە** = چاوشــینی یەمــامــە (زرقا ء الیمامة) بەر لە ئیسلام ژیاوە، چاوی زۆر تیژ و دووربین بووە، بەر لە گەیشتنی هێرشی هۆزێکی دوژمن بە قۆناغی سێ ڕۆژ، هۆزەکەی خۆی ئاگادار کردەوە، بەڵام بڕوایان پێ نەکرد. چاوشینەکەی یەمامە بۆتە پەند و بابەتێکی سەیری هەڵوێست و کارەسات و بۆ بەهەند هەڵنەگرتنی قسەی پێشبینان بەریاد دەکرێت.
*** ئیـســمــاعـیل یاسین** = گەپکارێکی سینەمای میسرییە. (١٩١٢ – ١٩٧٢).
*** حـەمـە دەمــبل** = (هەندەجار دەمبڵ) گەپکارێکی فیلمی سیدی کوردییە، لە سلێمانی نیشتەجێیە.
*** کــەر بزەڕێ، ســـەگ پشـــتی پێ دێشێ**= پەندێکی کوردییە.
*** کەندوو**: کووار. کەرستەیەکە لە شێوەی دۆڵابە، لە قوڕ دروست دەکرێ، پێچکەدارە، دەغڵ و دان، یان ئاردی تێدەکرێ و لە خوارەوە کونێکی هەیە.
*** لەششوووش** = رشیق، جەستەی ڕێکوپێکی کچان.
*** مـۆنۆپۆل** = واتە monopolist کۆمپانیا، یان دەستە، یان کەسێک دەست بەسەر شتدا بگرێ و بە ئارەزووی خۆی بیفرۆشێ.
*** تەماتیک** = ئۆتۆماتیک.
*** کرێت** = ناشیرین. دزێو.
*** نیـوتن** = سێر ئیسحاق نیوتن (١٦٤٢ – ١٧٢٧) زانایەکی مەزنی بواری ماتماتیک و فیزیا و فەلەکناسی. چەندین دۆزینەوە بەناوی خۆیەوە تۆمار کراون.
*** ســیــزیـف** = یان سیزیفۆس Sisyphus لە ئەفسانەی گریکدا لە بن جیهان سزا دەدرێت: بەردێکی گەورە بباتە سەر تەلانیک، کە دەگاتە پۆپەی لێی خل دەبێتەوە، جا بەردەوام ئەو بەردە دەباتە سەرێ و هەمدیس و هەمدیس لێی غلۆڵ دەبێتەوە.
*** حـامـوورابی** = یان حەموورابی، لە ساڵانی ١٧٩٢ – ١٧٥٠پ.ز فەرمانڕەوای بابل بووە، دواتر دەبێتە ئیمپراتۆر. عیراق و عیلام و بەشێکی سوریا تا کەناری دەریای ناوەڕاست دەخاتە ژێر دەستی خۆی. چاو بە چاو، ددان بە ددان، یاسایەکی سزاکارانەی حەموورابییە.
*** نۆبلدار** = وەرگری خەڵاتی نۆبل.

# لە خەونمدا

تەرزە جاف



لە خەونمدا
گۆرانییەکانم
وەک دەنکە گەنمی ڕەنگاوڕەنگ، لەناو شووشەی
بچکۆلانەی بەهاراتدا دەچاند.
لە خەونمدا
پێش نووستن
دایکم ئایەتەلکورسی بۆ دەخوێندم و
«بەساقە» کانی بە ماسینجەر بۆ دەناردمە هەولێر
لە خەونمدا
ملم وەک تابلۆکانی مۆدیلیانی
بەرز و درێژ،
ماچی وەک ملوانکە بە دەوری خۆیدا دەهۆنییەوە
لە خەونمدا
گوێچکەکانم
گوارەی چپە و
گۆرانی هەناسەیان دەدوورییەوە.
لە خەونمدا
فرمێسکەکانم دەڕژانە ژێر درەختەکانەوە
دڵۆپە هەنگوین شین دەبوون.
لە خەونمدا
پارفیۆمەکەم ماچی پێدا دەپڕژاندم
لە خەونمدا
دایکم
بە پەنجە نەرمە باریکەکانی
بە بەژنمدا کراسی دەدووری
منیش وەک مارلین مۆنرۆ لە بەردەمی ڕاوەستابووم
بۆنم وەک ماچ
گوێچکەکانم گوارەی چرپەیان دەلەراندەوە
فرمێسکم هەنگوین
ملم وەک تابلۆکانی مۆدیلیانی
باریک و بەرز
ماچم دەهۆنییەوە
لە خەونمدا
خۆم بووم.

## ترس

وەک بیلبیلەی چاوی بەرخۆلە
بەرخۆلە نەرمونۆڵەکەی گۆرانییەکانی منداڵیم
وەک بیلبیلەی چاوی ئەو
لەبەردەم دوکانە بچکۆلەکەی قەسابەکە
گوریس لە مل،
دڵ پڕ زەندەقچوون،
چاو پڕ دوعا...
لە دەنگی تیژکردنەوەی کێرد
ڕاماو!

# کولێن خوە ددرووم

سەرکان برووسک
(ستۆکهۆلم)

چاڤێن من ل کۆما سێویان قەڕمین
تا بەربانگێ ئەو ب رۆنیا خوە کوشتن
ئاوڕێن من
بوون رێوییێن بێناڤنیشان
ل بێڕەنگیێ.
هەستا جەمدی
تەنێتیا ب ڤالۆهی
ژ کانیا چاڤێن من
زوا حەرکی
هێسرێن من هێڤییێن ب ئێش
کو د تاریتیا سەدسالان دە ئاوقینە
کەسکەسۆر دکن.
پەردەیا دیوارێ دلێ تە
ئەڤینا من ل سەر خوە زندوو ناکە.
لێ حەزیا من ژێ دەرباس دبە
چاوا کو تیرێژ ژ ڕەشاهیێ دەرباس ببە.
تو من ب بابەلیسکا ب لیسک همبێز دکی
لێ دبوهورم.
خەونا من هەیە
د همبێزا چییان و دەشتان دە
نەژیایی، نەگۆتی و نەسترایی
پێکەتی ڤەکەتی.
ژ تە ڤە خویا ناکم
بنێ من ڤالهیا خەیالێ
سەرێ من ب بلنداهیا فکرێ
د خودخودا کەو دە ڕووئاخم
د بێژنگا جەلەبان دە
ناڤەکی ب دەیاخم
گەڕۆکەکی پیرجوانم
ل سنۆرێ بێکەڤیتیا ناسناڤان

ئەز دلدینم
ل کەڤیێن بێداویێ



ڕێوییەکی ببرینم
مینا بۆمبە سەعاتەکە سوارکری دچکچکم
دکم بتەقم ب ڕەشاهییێ دە.
هێ دژیم ب تەقینا مەزن
بەر ب مرنێ دە بلەزم
د تورکێ من دە ڕۆندکێن سێوی
خوێدانا زەمیێن ل ئەنیا من جەمدین
د شینکاتیا دەڤە گۆلا
ژ شیرێ کەچکا پیرۆز دە
خوە ب دیاری فەریشتەیا ئەڤینێ دخم.
ڕێوییێ دلهیایی مە
کەتمە سەر ڕێیا خەونا فرییایی
مینا کەرەمبەژەکی
من ل بەر خوە دبە
بایێ فەلەکێ
د ئاوقم ل کێلێن بێکونیە
هین ژی پێ ناحەسم
بێ چ ب سەرێ من دە ئانیە
خەونا بێمرۆەت
ئەم ل ڕیبیا غومامی
ب خوینا ڤەهێسرا ل سەر لێڤێن وێبێ
سەر خوەش بوونە.
شەڤ خوە ل مە ڕۆنی دکە
ڕۆژ خوە ل مە تاری دکە.
و ئەم ل بەر پییێن خوە دبینم
ل دلێ خوە شوورێ دوئالی
و دیسا دووراهی.
هێرسا ناڤا من
دبە ڤۆپک ل پشتا من.
ژ ڤالکێ خوە دەردبن
ب سەر فرەهیا دل دە
شیرێ سینگێ دەمسالێ
ڤیر دحەرکە
ژ دەڤێ بهارێ
خەونێن من
ل بەر بەربانگێ هەرمینە
پەیڤێن من ل زمێن حەسرینە
و ل گیانا من حشیشێ و ئەڤینێشی
مۆرکا خوە دانینە.
هەستلالم د ڕستەییێن هەلبەستا خوە دە
لەورا ل پۆخانێن تاری


پێن هەستێن سەردەمێ
ل زمانێ دەردێ خوە
دگەڕم.
ئەز دکەلم
بێفوورین
د ڤالکێ ژیانێ دە
و جارەکە دن
مینا وان پێلێن هار
بنێ دەریایێ ددم تاڤێ.
عەجاجێ ل هناڤێ هێمنێ ڕادکم.
ب سەر بهارێ دە زەر دوەشم.
ل کاتێ هاڤینێ سێر دکەڤم
د دەستێ من دە ڤرم
کولێن خوە ددرووم

**ئەڤ هەلبەستە ژ کۆشعرا (پەیڤێن ئێشمژ) رووپەلێن (٣٨-٤١) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٤)ێ ل چاپخانەیا (بەردان ماتباجلک) ل ستەنبۆلێ هاتییە چاپکرن و ژ ئالیێ وەشانخانا (نوودەم) ڤە هاتییە بەلاڤکرن.**

**«ڕامان»**

# بۆ بکوژەکان بە دەستی پڕەوە

**فیلیپ سوپۆ**
**لە فرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر**




ئەگەر بکوژبم
خێرا چاوەکانم دادەخەم و
پڕ دەدەمە دەمانچەیەک
یان تفەنگێک
تەقە لە هەموو کەسێک دەکەم
لە ئێوە کە لە نزیکی من تێدەپەڕن

چاوەکانم دادەخەم
تەقە دەکەم
بە هەناسەبڕکەوە

بە هەموو هێزمەوە
هەمووتان دەپێکم
ناسراو و نەناسراو
بێ جیاوازی
ناشزانم ئایە دەمرن
دەنگتان نابیستم
بە چاوی نووقاوەوە تەقەتان لێ دەکەم
ئێوەش بێ هیچ هاوارێک بەردەبنەوە
زیاتر وەک مشک
وەک ئەسپێ
دەتانپێکم
چونکە من تەقە لە کۆمەڵێک دەکەم
بواری ئەوەشتان نییە هەتا پێبکەنن
هەموو ئەوانە دەکوژم کە ئامادەن
هەتا بێ ئەوەی ناویشیان بزانم
یان ڕوخساریان ببینم
هەموو کەس دەکوژم بێ جیاوازی
شەو بانگم دەکا خۆم مەڵاس دەدەم
هەتا پێویستیم بە جووڵەش نییە
پەنجە لەسەر پەلاپیتکە دادەنێم
هەموو ئامادەبووان پاشەکشە دەکەن
یەک یەکەش دەکوژم
یانیش دوو دوو
بەپێی شەوان
یانیش کە زۆر تاریک دادێ
گوێ لە دەنگی دەمانچە دەگرم و
بەردەوام دەبم
کەس ناپارێزم
وەختی خۆم بەفیرۆنادەم
نابینم خوێن بڕژێ
هەتا دوا هەنسکی یەکێکیش نابینم
وەختم نییە بە فیرۆی بدەم
تەقە دەکەم و دەمرن

**سەرچاوە:**
**Anthologie de La Poesie Francaise du xxe siecle. Gallimard. 2000.**



# گڤە و ڕەشەداڵ

**قادر عەلیخا**
**(بۆکان)**

نازانم ئەو بایە بۆ ساتێک هەدا نادات! عالەمی وەڕەز کردووە، هەموو لە دەستی وەزاڵە هاتوون، جیڕەجیڕی دەرگا و شەقەشەقی پەنجەرە ئەمشەو خەوی لە چاوەکان حەرام کردووە.

من دڵنیام ئەمشەو هیچ کەسێک لە ئاواییدا چاوی نەچۆتە خەو، یانی با نەیهێشتووە، گڤەگڤی با و هاشەهاشی ئەو دارستانە ئەم دێیەیان نابووە سەر سەریان، نازانم بای سەرسەڕ بوو، تۆفان بوو! هەرچییەک بوو ئەمشەو خەو و حەسانەوەی لێ سەندینەوە، ئارامی و ئۆقرەی لێ هەڵگرتین. هاشە و زرمەیەک پشووی ئاڵۆزی بیری هەڵدەکەنەوە سەریەک.

– پەکوو هەی دوات بڕێ، خۆ ئەو دارە چاکەی لە ڕیشەوە هەڵکەند! وەڵڵاهی ساڵێکی دیکە بمایەت چاکترین کاریتەی تێدا دەبوو، ئەو بایە هیچ، بایە و هیچمان لە دەست نایە، بڵێی ئەمانە چییان بووێ؟ بۆ زۆریان بۆ هێناوین! دەستبەردارمان نابن. ئەو دوابڕاوانە، وەک مار بە دەوری ئاواییدا پەپۆکەیان خواردۆتەوە، ئای لەم ئەهریمەنانە، بە خوا وەک سن شیلەی ژین و خۆشیمان دەمژن، هەتا ویشکمان نەکەن بەرین و سەر ملمان بەر نادەن. ناهێڵن بچین بە لای دەغڵ و دانەکەشمانەوە، بەو شەوە تووشە و بەو با و گژەگژە جا چۆن توانیویانە خۆ بگەیەننە ئێرە! سەیرە، خۆ ئەمانە ناوێرن شەوانە لە کونەکەی خۆشیان سەر بێننە دەرێ. ئاخر ئەوان خۆ لە سێبەرەکەی خۆشیان دەترسن، لە هەموو شتێک زەندەقیان چووە، لە خوڕەی ئاو و هاشەی با و خڕەی بەردیش. لە بەر ئەو شان و پیلەیان مرم، هەی دایک ڕۆڕۆیان بۆ نەکات، پەندێکی وایان پێ نەداون هەر ئاوا بە ئاسانی خۆش بێتەوە، ئای چییان پێ کردن، چ ڕاوڕاوێنێک بوو! کونەمشکیان لێ ببووە قەیسەری، هەر دەستیشیان نەدەکەوت کە خۆیانی تێ ڕۆکەن، بەڵایەکیان بە سەرهێنان با بە دەواری شڕی نەکردبێ، دەبێ لە داهاتوودا بە داستانی ڕۆستەم بیگێڕیتەوە، هەر واشە، هەر واشە... جا بۆ ئەوان چییان لە ڕۆستەم کەمترە، لە بەریان مرم... هەر یەک بە هەزارن، ئەوانە پاڵەوانی دەورانی

خــۆیانن... بەڵام ئەمـــانە بەم شـــەوە تووشـــە و بەم سەغڵەتییە چۆن وێراویانە دەرکەون و خۆ بگەیەننە ئێرە! ئەوە شتێکی سەیرە، دەبێ چاوساغیـان لەگەڵ بێت... کـاری ئەوانەیە، ئای هۆرە، ئاخ سـەگی گـورگـەمـێش، سپڵانە! کارتانە. هەر ئەوەی بە منی کوت بگەڕێوە و بە خەڵکیش بڵێ هیچ کـەسـێک هەقی نییـە لە ئاوایی دەرکـەوێ، لەو هۆرانە بوو، زمـانە لارەکـەی دیار بوو، سەگی گورگەمێش بوو.

دەنگی پووره ڕێحـان وەک بەردێک گـۆمی مـەنگی خەیاڵاتی شڵەقاند:

– ئەیەڕۆ، کـابراکـە ئەوە بۆ گـەڕایتـەوە؟ چیت لە بیـر چووبوو؟ خـۆ شـوکـور نـاسـاغ و شـتی وا نی دوور بێ لە گیانت؟

– نا نا، کچێ هیچم نییە هیچ، مەترسە، هیچیشم لە بیر نەچووە، گێڕایانمەوە، دەوری دێ گیراوە. دەڵێن دەبێ هیچ کـــەس لە دێ دەرنەکـــەوێت، بەو کـــوڕانە بڵێ دەرنەکەون، نازانم چییان بە دەمەوەیە، خودا ڕوحمـان پێ بکات، مەگەر ئەو لە دەست ئەم زاڵمانە بمانپارێزێت. بە خـــودا دەست لە کـــەس ناپارێزن، تەڕ و ویشک بە یەکەوە دەسووتێنن، حەتمەن وەک هەمیشە هاتوون تۆڵەی ئەوان لەم خەڵکە بستێننەوە، داخی دڵی خۆیان بە ئێمە بڕێژن، زەبوونییەکەیان بە سەر خەڵکدا قەرەبوو بکەنەوە.

ئەوانەی بەیانی زوو هەسـتابوون و وەک هەمیـشـە بە نیـازی چوونە مـەزرا لە دێ دەرکـەوتبـوون، یەک یەک و دوو دوو دەگـەڕێندرێنەوە نێـو دێ و لەگـەڵ خـۆیان تەمی ترس و دڵەڕاوکێ دەڕژێننە نێو دڵی ئاوایی.

وەک پۆلێک باڵندەی تۆقیو و زراوچوو خۆ دەکەنەوە بە هێلانەکەیاندا و لە سووچ و کەلەبەرێکدا کوشکە دەکەن و هەڵدەکورمێن.

ڕیشـــەی ئەم داری ترســـە لە هەمـــوو دڵ و دەمـــارێک دەهاڵێ، خوێنی خۆشی و ئارامییان هەڵدەمژێت، ئەو باڵا دەکات ئەمـان زەروو سیس هەڵدەگـەڕێن. ئەو بەیانییـە شـانە و ئاوێنە مـانایان نامـێنێت، زولف و پرچەکـان ئاڵۆزکاو و پەرێشـان دەمێننەوە، خەنەی پەنجـەکان ترس کـاڵیـــان دەکـاتەوە، سـەر کـانی و دەراوان پەپووی لێ دەخـــوێنێت، جـــوانی لە گـــەمـــارۆی چنگی دزێویدا هەڵدەبروسقێت.

هاشــەی باڵی داڵەکـان لە سـەر باخ و گـوێســوانەی ماڵەکان هەست پێ دەکرێت، ئەو ڕۆژە نە بەردەرکەی هیچ مـاڵێک دەماڵدرێت، نە ئاوپرژێن دەکرێت، لە کولاوکەی هیچ مـاڵێکیـشـەوە دووکـەڵی تەنوور و بۆنی نانی تازە نایێـتـە دەرێ، مـرۆڤـەکـان زراویان چووە، ژیان تۆقـیـوە، هەناسـەی سـوارە، لە نێـو دێدا تەنیـا هەر ئەنوەرە، بێ سەرنجدان بەو ڕووداوانە، ئەو هەلومەرجەی پێکهاتووە، وەک پیشەی هەموو بەیانییەکی لە ماڵێ هاتۆتە دەرێ و بێ ترس و خۆف بە نێـو دێدا دەگەڕێ، بە مەزندەی خۆی شـیکوپیک، بە کـراس و پاتۆڵێکی بۆر و پشـتـوێنێکی یەکیـەتیـیـەوە، لە ماڵێ هاتۆتە دەرێ و دەچێت بۆ مـاڵی یارەکەی. کەژاڵ دڵداری ئەوە، بێ ترس لە هەموو کەس، لە مـاڵێ وەڕوور دەکـەوێ و هەواڵی کـەژاڵ دەپرسـێت، ئەویش ڕاست لە بابی، بە عـالەمی ئاشکرا بە گـراوی خۆی دەزانێ، هەموو ڕۆژێ دوو سێ جار خوازبێنی کەژاڵ لە بابی دەکـــات، ئەویش هەمـــوو کــــەڕەتێک بە سەروزمانێکی خۆش وەڵامی دەداتەوە:

– دەتدەمێ، ئەنە گیـان، کێ لە تۆ چاکـتـر! بمێنێ هی تۆیە، بمرێ هی گڵە...

ئەویش هەمـــوو جـــارێک چاوێک لە کـــەژاڵ دەکـــا و بزەیەکی شیرین دەموچاوی دەشواتەوە:

– نا، نا، خودا نەکا بمرێ، خودا نەکا.

ڕوو دەکاتە کەژاڵ و دەڵێ:

– هی خـۆمی، هی خۆمی، قەول بە کـەس نەدەی، ها، ئەوە نییە بابیشت ڕازییە، بۆخۆی قەولی داوە. بە گوێی خۆشت بیستت.

کـەژاڵیش بە لەبزێکی شـیـرین و ڕوویەکی گـەشـەوە وەڵامی دەداتەوە:

– ئا، ئا، ئەنە گیـان، منیش هەر دەسگیـرانی تۆم، بە شـەرتێک گـۆرانییـەکـانت لە بیـر نەچن، هەر بۆ منیـان بڵـێی، بۆ هیچ کـەسـێکی دیکەیان نەڵێی، تەنانەت لە ســەر کـــانیش هەتا من ئیـــزنت نەدەم، وەڵامی کـــەس نەدەیتەوە و نەیڵێی.

ئەنە بۆ کەژاڵ بەهانەیە، هەر یادی ئەنوەرەکەی نێو دڵی خۆی پێ زیندوو دەکردەوە، خـەڵکی ئاواییش ئەوەیان بە باشی دەزانی.

ئەمـــڕۆش چووبووە مـــاڵی ئەوان. بە ڕوویەکی تاڵەوە هاتبووە دەرێ، کەس ڕووی لە گەڵی خۆش نەببوو. باوکی و کەژاڵ پێیـان گوتبوو: زوو بڕۆوە بۆ ماڵی خۆتان، ئەمڕۆ دەرمـەکـەوە، هەتا دوایی بزانین چی ڕوو دەدات. لەوێ هاتبووە دەرێ و بەرەو بەردەرکەی مزگەوت کەوتبووە ڕێ. ڕاست لەگـەڵ مـامـینە لە بەردەرکـەی مـزگـەوتدا دەگـەنە یەک، ئەو هاتووە سـۆسـەیەک بکات، هەواڵێک بزانێ، کـەس بە دەرەوە نەبوو، چۆلەکـەکـوژ نەدەبیندرا، دێ وەک کـەروێشـک خـزیبـــووە خـــوزەوە، بێ دەنـگ و مت، بۆنی

ویرانەی لێ دەهات.

ئەنوەر لە دوورەوە ئەوانی دیتووە، بە چاوی کردوون، وەک هەمیشە ئەنوەر لە بەر خۆیەوە پێدەکەنێ، باسی کەژاڵ بۆخۆی دەکا، جارجاریش ئەو گۆرانییانە و سروودانە دەڵێتەوە کەوا کەژاڵ فێری دەکردن، زۆر بە ڕێکوپێکی، زمانی لێیان هەڵناکەوێ، هەرکە چاوی بە مامینە دەکەوێت، بە گەرمی ڕووی تێ دەکات:

– مامینە ئەو سەگبابانە کێن؟ ئەوانە بۆ هاتوونەتە ئێرە! خۆ ئێرە ماڵی ئەوان نییە، ئێرە ماڵی کاک ئەنوەر گیان و ئەوانە، نەکا هاتبێتن کاک ئەنوەر گیان بکوژن، ئەگەر ئەو بکوژن خۆ کەژاڵ ئیتر ئەمنی خۆش ناوێت، ئەو هەموو جارێک بە سرتە و بە دزی بابییەوە پێم دەڵێ «بۆیە تۆم خۆش دەوێ چونکە ئەتۆش نێوت ئەنوەرە!» کەژاڵ گیان دەڵێ هەرکەس نێوی ئەنوەر بێ خۆشم دەوێ، ئاخر ئێوەش لەوانەی ئەوانتان هەیە، دەنا وا نییە، ڕاست هەر لەوەی ئەوان دەچێت.

مامینە دەخەجلێ، تاسێک بە سەریدا دێت:

– نا،نا، ئەنە گیان، ئەوەی ئێمە دار بوو، دار، ئەوە نەبوو بزنەکانمان پێ لێ دەخوری.

– نا نا، مامینە وا نییە، هینەکەی ئێوەش ڕاست لەوەی ئەوان بوو، دە بچۆ بیهێنە، بە قوربانت بم، ها مامینە دەستت ماچ دەکەم، دوایی دێم بۆ لای بزنەکانیشت، بۆخۆم بۆت دەلەوەڕێنم، بە قسەشت دەکەم، ئەگەر ڕۆیشتوون و دووریش کەوتنەوە، بۆشت دەگێڕمەوە، ناهێڵم زیانیش بکەن، با دەریان کەین، نەهێڵین بێنە نێو دێ، با دێیەکەمان لێ پیس نەکەن، کاکە ئەنوەر گیانم دەیکوت ئەوانە پیسن، وەک گورگ وان، پیاو دەخۆن.

مامینە هیچی بە دەستەوە نامێنێت. هەر ئەوەندە دەبێ وەک هەمیشە بۆ خەلاس بوون لە دەستی ئەنوەر پێی بڵێ: ئەنە گیان، باوەخولێکە. ئەنوەریش وەک پیشەی هەمیشەی دەست دەکات بە باوەخولێ کردن. نازانم چۆنی بڵێم! تێداماوم، بڵێم وەک مەزرەق هەڵدەسووڕێ، یان لە چەشنی فرفرە دەخولێتەوە، ئەوەی دەیبینم و لە بەر چاومە، دەخولێتەوە و دەخولێتەوە. وەک شێلاق، دەڵێی جار لەگەڵ جار شیپێکی توندی لێ دەدەی و ئەو پیران دەکا، جارجار چاوەکانی دەقوچێنێ و جاری واش هەیە زەق و ئاواڵە دەڕوانن. نازانم بۆ گێژ نابێ، بۆ ناکەوێت! بەردەوام و بێ پسانەوە خول دەخوا و خول دەخوات. جاری واش هەیە وەک مێر دەچەقێ و چاو لە چاوی مامینە دەبڕێ و دەڵێ: چیت لێ کردووە مامینە؟ لە کوێت داناوە؟ تۆش لەوانەت بوو! نەبوو، نەبوو پێت بوو، جوان بوو لە هینەکەی کاک ئەنوەر گیانیشم جوانتر بوو، هینەکەی ئەو خۆڵاوی بوو، هینەکەی تۆ خۆڵاویش نەبوو. مامینەش چاوێک لە دەوروبەری دەخشێنێ، دوورن، خودا بکا نەیەنە پێشێ، دەڵێن قسەی ڕاست، یان لە شێتی ببیستە، یان لە منداڵ، بە خوا بچمە سەر قورئانیش تازە باوەڕم پێ ناکەن.

ترس هاشاولی بۆ دێنێ، پێی خۆشە عالەم کەڕ بێ و هیچیان نەبیستن، ئەم وتانەی لە زاری ئەنوەر دێتە دەرێ وشە نین، پشکۆن، ئاگرن، بلێسەن، هاکا ژیانیان و گیانیان و ماڵیان هەر بە یەکەوە تێدا برد، هەر بەو جۆرە قسانە هەزاران کەس لە ژێر مست و پێ لەقەی ئەمانەدا تێداچوون، هەزاران کەس بێ حورمەتییان پێ کرا و ئازار دران، جەزرەبە دران، ئەوان کاریان بەوە نییە ئەم وتانە لە زاری کێوە دێنە دەرێ و کێ دەیانڵێت، ئەوان هەر لە بیانوویەک دەگەڕێن، با بیانوویەکی زۆر بێ بەها و بێ قابیلیەتیش بێت. هەر بیانوو بێ. دەست پێدەکەن و هەر وەک خەشی، خەشی خۆیانت پێ دەڕێژن. ڕق و قینی خۆیانت بە سەردا خاڵی دەکەن، ئەوان هەر لە مرۆڤەکان نا، لە دار و ئاو و خاک و بەردیش بە بەهانەن، دەیجا مرۆڤ هەر سۆزێکیشی نییە، مرۆڤ باشتریشە. بۆ ماوەیەک خۆیانی پێوە سەرقاڵ دەکەن. دەست و لاق و سەری تۆ دێشێ، دەشکێ، قیروسیا... بە توون... ئەمانە بایەخیان لای ئەوان کوانێ؟ ڕێزیان لە کوێیە؟ جا ئاخر من بە ڕیشی سپییەوە بەرگەی شەپ و قۆنداغە تفەنگی ئەم زاڵمانە بۆ دەگرم! شا ئەو بەڵایە...

نەک هەر ئەو هەموو خەڵکی ئاواییش ڕەنگیان بە ڕووەوە نەماوە، ترس تەزاندوونی، ئەوانە ڕوویان کردۆتە هەر شوێنێک سووتمان و وێرانە و خوێن و فرمێسکیان بەجێ هێشتووە، تۆوی گریانیان چاندووە، خەرمانی خەمیان شەنوکەو کردووە.

حەز دەکا ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە ئەنوەر ڕانەوەستێ، هەموو بیر و زەینی هەر لە لای باوەخولێکەی بێت، نە بیر لە کەژاڵ بکاتەوە و نە لە کاک ئەنوەر گیانی، هەردووکیان باسی سەرن، چ ئەنوەر، چ ئەم قسە تازەی کە ئێستا کەوتۆتە سەر دەمی، بۆیە هەر کە ئەنوەر دێ وچانێک بدات ئەو هانی دەدات و لە باوەخولێکەی دڵگەرمی دەکات، ناهێڵێ ساتێک داسراکێ، دەمێ پشوو بدات، ئاخر لە هەر وچانێکدا ئەنوەر دەبیاتە سەرای مەرگ، دەیکوژێت و زیندووی دەکاتەوە، هەرکاتێک ڕادەوەستێ قامکی دۆشاومژەی ڕوو بە

مامینە ڕادەگرێ و دەڵێ: لە کوێت داناوە؟ تۆش لە هی ئەوانەت بوو، ڕاست لەوانە دەچوو؛ ئەویش هەر ئەوەندەی پێ دەکرا دیسان هانی بداتەوە بۆ باوەخولێکەی:

– ئەنە گیان باوەخولێ کە، ئەنە گیان باوەخولێ کە.

ئەنوەر دەخولاوە و ئەو بۆ چەند ساتێک زەین و ڕوحی دەحەساوە، تەمی ترس تۆزێک لە سەری دەڕەوییەوە، ئاسمانی زەینی سامالْ دەبوو، چاوێک بە نێو دێدا دەخشێنێت، هەمووی ڕەش دەکاتەوە، دەڵێی ڕەشەداڵ هەستاوە، سێبەریان قورسە، بۆنیان تاڵە، پەیڤەکانیان ژەهراوین، لێیان بێزارە، لێیان قەڵسە، نەفرەت لەوان ڕوح و گیانی دادەگرێت، ئەوکی دەخنکێ، دڵی دەگوشێت. هەموو ئەو ئازار و ژانانەی دێتەوە نێو یادەوەری کە لەمولەوی بیستووە، کە بە سەر ئەموئەویان هێناوە، ئەو کوشتار و سووتمانانەی دەستی ئەمانە ماکی بوون، ئەمانە هەوێنی بوون، چۆن ڕقی لێیان نەبێت؟ چۆن لێیان بێزار نەبێت؟ ئەمانە بوومەلەرزەن، سێلاون. ویشکەساڵین. لەگەڵ وێرانی و قاتوقڕی و داپلۆسیندا هاوڕێن.

پۆلێک لەو ڕەشەدالآنە بە لایاندا تێدەپەڕن، ئەنوەر باوەخولێ دەکا و ئەم وەک میر چەقیوە، وەک کوڵەکە ویشک و ڕەق ڕادەوەستێ، چاو لە چاویان ناکا، دەڵێی پۆلێک سەگی یانیگر بە لایدا دەڕۆن، چاو لە چاویان ناکات، خۆیان تێ ناگەیەنێت. وەک نەیدیبێتن، خۆی بە ئەنوەرەوە دەخافڵێنێ. خودا خودایەتی لەو دەمەدا ڕانەوەستێ. هەرکە دێ ڕاوەستێ، دیسان دەڵێ:

– ئەنە گیان باوەخولێ کە... ئەنە گیان باوەخولێ کە...

هەر سەربان و گوێ بانێک داڵێکی لێ دەنیشێتەوە. ناوێرێ ئەنوەر بەجێ بێڵێ، دەترسێ، نەفامە، ئەقڵی سووکە، شتێکی بە دەمدا بێت عالەمێ بەدبەخت دەکا، زەمان شڕ و ساویلکەیە، ئەمیش نەبێ، یەکێکی تر پێوە دەکات.

بۆ ساتێک چاو لە ئەنوەر خافڵ دەکا، لە نێو ماڵانەوە هەراهەرا و قیژەقیژی ژن و منداڵ هەڵدەستێ، شتێکی سەیر و چاوەڕوان نەکراو نییە، ئەگەر وا نەکەن سەیرە، هەر کەس نەکوژرێت باشە، لێدان و بێ حورمەتی چارەی دێ، چار نییە حوکمی جەللادە و ئۆباڵی ئێمە.

لەپڕ ناو دێ دەهەژێت، قرمە و هاژەیەک داڵەکان دادەچڵەکێنێ، ئەنوەر وەک گوڵۆڵە موو خلۆر دەبێتەوە، مامینە دادەچڵەکێت، پێی وایە ئەنوەر گێژ بووە، یان فێی لێ هاتووە، دەچێتە سەری، هەموو گیانی خەڵتانی خوێنە.

– هەک وەبەر نەعلەتی خودا کەون، خۆ کوشتیان.

لە دوورەوە دەنگی قاقایەک گوێی مامینە دەخنێت:

– لێمدا، لێمدا.. بردمەوە، بردمەوە... بە خودا ئەم جارە حەتمەن پێت دەکرم، ئەوە جارەکەی دیکە نییە بۆت نەکریم، دەزانی لە کوێوە لێمداوە! هەهـ چەند دوور بوو! ئەمەت هەر پێ دەکرم...

– ئەم جارە بۆت دەکرم، هەقی خۆتە...

مامینە ئەنوەر لە باوەش دەگرێت، هەموو گیانی شەلاڵی سوورییە، خەڵک بە دەم تەقەکە و هاواری مامینەوە دەرژێن بە سەریاندا، ئەنوەر پشتەسەری ناوە بە سنگی مامینەوە و لە ژێڵدا لێی دەڕوانێت:

– مامینە، بچۆ، تۆش هینەکەی خۆت بێنە، ئەوەتا بە سەردار بڵێ بۆت بێنێ، تۆش لەو داڵە سەگبابەی دە، ئەها ئەو داڵە دەڵێی خەرتەلە لە سەربانی ئێمە نیشتۆتەوە، با مریشکەکانمان لێ نەخوات...

مامینەش دەست بە دەمی ئەنوەرەوە دەگرێ و توند بە سینگی خۆیەوەی دەگوشێت، ئەنوەر لاقی لە عەرزەکە توند دەکا و پاڵێکی توند بە سینگی مامینەوە دەنێت، لەوانەیە بە پشتەوە بیخات بە عەرزدا، کەژاڵ لەنگەری مامینە ڕادەگرێت، فرمێسک ڕیشە سپییەکەی مامینە دەخووسێنێت، کەژاڵیش دەگری، هەموو دەگرین، پوورە ڕێحان چاوەکانی ئەنوەر لێک دەنێ.

مامینە ڕوو لە سەردار دەکا و دەڵێ: ئەو دووانە بوون، گرەویان لە سەر کردبوو، دایاننابوو بە نیشانە...

سەردار ئاپۆرەی خەڵکەکە لەت دەکا، بە چاویش ئاماژە بۆ چیا و هیوا دەکات، ئەوانیش دڕ بە خەڵکەکە دەدەن و وەشوێنی دەکەون، بە دەم پچەپچەوە لە کۆزیلکەی حەشامەتەکە کە لە دەوری ئەنوەر کۆ بوونەوە و غەڵەبەیەکیان پێک هێنابوو دوور کەوتنەوە. هێشتا بە تەواوی تەرمەکەی ئەنوەریان نەبردبووە نێو مزگەوتەکەوە، کە بە دوای خۆیدا هێڵێکی سووری نارێکی بەجێ هێشتبوو، قرمژن و قریشکەی گوللە جاوی بێ دەنگی دادەدڕێت، دەنگی ئەنوەر وەک زایەڵەیەکی خۆش و بلاوێن سەر دەکا بە نێو مزگەوتەکەدا، بە بیستنی دەنگی ئەنوەر و هاوڕێکانی، کەژاڵ چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک، بزەیەکی شیرین دەرژێتە سەر لێوی و دڵیشی لە ترسانا وەک چۆلەکە دەفرێت.

١٣٨٨/٧/١٤



# حوسێنی قزڵجی

**سالار ئیسماعیل سەمین**
**(خورماتوو)**

ئەوکاتەی ڕوحە لە تەرم بەدەرەکەم، لەگەڵ خۆیدا دەدوا، سەر لە ئێوارەیەکی مانگی ڕێبەندان بوو. بەهۆی تۆپەڵە بەفرەکانەوە، لقوپۆی دارەکان چەمابوونەوە. تەنیا یەک کاتژمێر پێش ئەوەی ڕووناکی لە گەرووی شەوێکی پڕ لە بۆڕفتی زستانیدا نەتکا بێ. هەر لەو کاتانەدا کە ڕوحە سەرلێشێواوەکەم دەدوا. هەتاو بە قەد ساجێکی سوور هەڵگەڕاو، بە ڕۆژئاوای چاڵە نەوتەکانەوە دەبینرا. هەر لەو ئێوارەیەشدا چاوەکانم و هەردوو باڵیان بە توندی شەتەکدام. لە پاڵ یەکێ لە کەلاوەکانی چاڵە نەوتەکاندا فڕێدرام، زۆری پێ نەچوو هەستی ئەوەم کرد، کە شیلەیەکی گەرم، لە هەردوو کونە لووت و هەردوو کونە گوێمەوە ڕێچکە دەبەستن و شۆڕا دەبن بەرەو خوار لەگەڵ خوێنە گەرمەکەشدا ئازارێکی کوشندە بەسەر سینگمەوە لە دایک بوو. گەرووم پڕ بوو لە فرمێسک. هەستم کرد پاش ماوەیەکی کەم ماڵئاوایی لە چاڵە نەوتەکان دەکەم. هەرچەندێ لە پاڵ کەلاوەکاندا لەسەر لا کەوتبووم. بەهۆی بۆنی دووکەڵە پڕ لە هیسەکە و ئازارەکەی سەر سینگم. جار جارێک ئەژنۆکانم بەرەو ژوور هەڵدەکێشا. هەندێ جاریش لە شوێنەکەی خۆمدا گرمۆڵە دەبووم، دواجار ئەژنۆکانم هێدی هێدی شۆڕا دەبوون بەرەو خوار و لە جووڵە دەکەوتن. زۆری پێ نەچوو لرخە لرخێکی کوشندە بەسەر سینگمەوە پەیدا بوو. لەگەڵ دوا لرخەیەکی بەهێز و پڕ لە ئازاردا، ڕوحم باڵی گرتەوە، لاشەی بێ ڕوحم لەپاڵ یەکێ لە کەلاوەکانی چاڵە نەوتەکاندا بەجێما. ڕوحی من ماوەیەکە سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕاستییەکانە. لەمێژەوە ڕاستییەکان لەم وێڵستانەدا وێڵن. کلیلی قفڵی کەلەبچەی دەستی ڕاستی، لەنێو باخەڵی خوێنمژانی ئەم عەسرەدایە. دووکەڵە پێچاوپێچەکانی ئەم چاڵە نەوتانە لە مێژەوە ڕووی ئاسمانی ئەم شارەیان داپۆشیوە. زۆرجار باپیرە گەورە ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە لە ڕەگەزا دانیشتوانی ئەم دەڤەرەین. لە یەکێ لە کەلاوە

ڕووخاوەکانی ئەم پێدەشتەدا لەدایک بووە. هەتاکو ئێستاش خاوەن پێناسەی خۆی نییە. لەکاتی پادشای عەگاڵ چوار قۆژاخەدا چەندین جار سنوورداش کراون و گەڕاونەتەوە. دوا وەسێتی بابە گەورەم ئەوە بوو کە هەر کاتێ ئەمری خودای بەجێ هێنا لە یەکێ لەم کەلاوانەی دەوروپشتی ئەم چاڵە نەوتانەدا بنێژرێ.

من بێ ناوم.. بەڵام نازناوم زۆرە. لە مێژەوە ناوزەد کراوم بە (حوسەی قزڵجی) من پیاوکوژێکی خەیاڵی بووم. لەپێناوی پێناسەی ونبوومدا، وەک شێرێکی مەچەک ئەستووری جەنگڵستانێکی چڕوپڕ بە دووی نێچیری خۆمدا دەگەڕام. لەنێو کووچە و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی شاری چاڵە نەوتەکاندا هێرشم دەکردە سەر ئەو کەسانەی کە لارییان لەوە بوو ببین بە خاوەن پێناسەی خۆمان.

لەمێژەوە بە تەمەنێکی گەورە مردووم و لە یەکێ لە کەلاوە بەجێماوەکانی چاڵە نەوتەکانی ئەم شارەدا فڕێدراوم. تەنیا ڕوحەکەمە بەسەر فەزای ئەم چاڵە نەوتانەوە بۆ ئێوە دەدوێ. ئەو ڕۆژانەم بیرکەوتەوە کە لە هەڕەتی لاوێتیدا بووم. خاوەنی چەندین جۆر دەمانچەی خۆم بووم. (تۆپلی.. لامە.. چواردەخۆری مشتو ئەستیل.. ئسپانی.. تاریق.. پەرەبیل.. حەوتخۆر، بەڵام لە پیاوکوشتندا زۆرجار چوارده خۆری مشتو ئەستیلم بەکاردەهێنا. چەندین جار. لە قووڵایی شەوەکانی زستاندا. لەگەڵ بانگی بەیانیدا، ئەوەی بمویستایە فتم دەکرد. ئەو شەوەم هاتەوە یاد. کە لولەی چوارده خۆرەکەم خستە سەر شیشی کلاوڕۆژنەی ژووری نانخواردنی ئەو ڕوو ڕەشە. کە سەرقاڵی شامی شێوان بوو. لەگەڵ یەکەم تەقەدا بەسەر خواردنەکەوە نووشتاندمەوە.

من هەتاکەی بە تەمای وەرگرتنی پێناسەی ئەم چاڵە نەوتانە بم..؟

وەک باڵندەیەکی باڵ شکاو لە قووڵایی ئاسمانەوە، بەرەو پێدەشتی چاڵە نەوتەکان داخزام. تەنیا چەند بەردهاوێژێک لە کەلاوەکانی چاڵە نەوتەکانەوە دووربووم. چەم و ئاوێک نزیک دێکەمان بوو، زەلو قامیشەلانێکی چڕی هەبوو. درێژی قامیشەلانەکە نزیک چاڵە نەوتەکان بوو. دێتە یادم باپیرم قامیشێکی درێژ و ئەستووری بۆ دەبڕیم. ئەسپێکی خەیاڵی بۆ دروست دەکردم. منداڵ بووین زۆرجار لەگەڵ هاوڕێکانمدا سواری ئەسپی خۆمان دەبووین و شەوانە لەبەر ڕووناکی ئاگری چاڵە نەوتەکاندا ڕمبازێیان دەکرد. داپیرەشم پاڵی بە دەرگا ژەنگاوییەکەی خۆمانەوە دەدا. چاوەڕوانی دەستە خوشکانی بوو بۆ دەمەتەقێ کردن. ئەو شەوە هەموویان دانیشتبوون، جار جارێک هاواری دەکرد بۆ من و دەیگوت:

- بە قوربانت بم (حوسەی قزڵجی) ئەسپ سواری دوا ڕۆژی ئەم چاڵە نەوتانە.

لە ڕاستیدا ئەوکاتەی من لەدایک بوومە باپیرم سوێندی بە زەردەشت خواردووە ناوم لێ نەنێ، لەبەر ئەوەی پێناسەمان بۆ ناکرێ. بێ ناو مامەوە. زۆرجار ئەو خەڵکە بە بێ ناو بانگیان دەکردم. بێ ناو وەرە. بێ ناو بڕۆ. بێ ناو دوێنێ لەکوێ بووی، بێ ناو وەرە نانەکەت بخۆ، بەڵام لە دواییدا نازناوەکەی داپیرەم بەسەر ناوی بێ ناومدا زاڵتر بوو. من ئێستا پاش مردنیشم ڕوحە لە تەرم بەدەرەکەم بە حوسەی قزڵجی بۆ ئەو خەڵکە دەدوێ. زۆرجاریش لەسەر نازناوەکەی داپیرەم حوسە فەرامۆش دەکرێ و تەنیا بە قزڵجی بانگ دەکرێم.

ماوەیەکی زۆر لەبەر ڕووناکی ئاگری بیرە نەوتەکاندا، لەسەر یاری ئەسپە چۆینە و چاوشارکێی خۆم بەردەوام بووم، بەڵام هەتا دەهات فامیدەتر دەبووم. ئەو ڕۆژەم هاتەوە یاد لە ئەسپە قامیشەکەی خۆم دابەزیم. لە پاڵ کۆڕی ژنانی داپیرەمدا چیچکەم کرد. بەر دەرگاکەی ئێمە ڕووە و ئاگری چاڵە نەوتەکان بوو. هەرچەندێ شەو بوو. پێدەشتی چاڵە نەوتەکان وەک ڕۆژی ڕووناک وابوو، بە تاسووقەوە تەماشای هاوڕێ ئەسپ سوارەکانم دەکرد، بەڵام بە تەواوی بۆ وتەکانی داپیرەم گوێ قولاغ بووم. ئەو وا دەیگێڕایەوە ئەوکاتەی حوسەی قزڵجی هاتوچۆی ئەوانی کردووە، ئەو تەمەنی بیست و دوو بەهاربووە.

زۆرجار لە ڕێگای کانی قامیشەلاندا ڕێگای پێ دەگرێ. ئافرەتەکان بە تاسووقەوە گوێیان لە وتەکانی داپیرەم دەگرت. داپیرەم دەیگوت لەو کاتانەدا دێکەی ئێمە لە هەموو دێکانی ناوچەکە گەورەتر بوو. هیچ کوڕە ئاغا و کوڕە شێخێک بە قەد (حوسەی قزڵجی) شۆخوشەنگ نەبوون، بە تایبەت ئەوکاتەی بەسەر

ئەسپە کوێتەکەیەوە، لە دەستی ڕاستی باڵەخانەکەی ماڵی ئاغاوە بەرەو ماڵی ئێمە شۆڕ دەبووەوە. زۆرجار فەرسەخێک دوور دێکەمان حیلکەی ئەسپە کوێتەکەی ڕایدەچەڵەکاندم. ئەوەتان بۆ بگێڕمەوە. نیوەڕۆی بەهارێکی مانگی جۆزەردان بوو، بە چەند حیلکەیەکی ئەسپە کوێت مەنجەڵەکانم لەنێو کانی ئاوەکەدا بەجێ هێڵا و گوێزامەوە بەرەو قامیشەڵانە چڕوپڕەکە. قامیشەڵانەکە چەند بەردهاوێژێک لە کانی ئاوەکەوە دوور بوو. کاتێک قزڵجی گەیشتە سەر ئاوەکە، هەستی کرد من لەوێدام، بە چەند هەنگاوێک گەیشتە لام. بە توندی یەکترمان لە ئامێز گرت. زۆرجار دەیگوشیم و بەسەرمدا دەنووشتایەوە. لەوکاتەدا من پێکەنیم. یەکێ لە ئافرەتەکان پاڵی پێوەنام. منیش ئەسپە قامیشەکەم خستە نێو گەڵم و بۆی دەرچووم. هەرچەندێ منداڵ بووم، بۆم دەرکەوت کاتی خۆی داپیرەم عاشقی حوسەی قزڵجی بووە. بۆ ئەوە ئێستا من بە حوسەی قزڵجی بانگ دەکا و جارجارێکیش بە توندی بەسینگییەوە دەمگوشێ.

من ئێستا بەسەر فەزای چاڵە نەوتەکانەوە ڕوحە لە تەرمە بەدەرەکەم تەماشای کەلاوە بەجێماوەکانی چاڵە نەوتەکانی دەکا. تەماشای ئەو کەلاوەیە دەکا کە ئێستا تەرمەکەی منی تێدایە، لەبەر ئەوەی لە جێگایەکی زۆر بەرزدا نەبووم. پۆل پۆل مەلە گۆشتخۆرەکانم دەبینی لە قووڵایی ئاسمانەوە دادەبەزین و دەخزانە ئەو کەلاوەیەوە کە تەرمەکەی منی تێدا بوو. زۆر باشیش دەمزانی کە ئێستا مەلە گۆشتخۆرەکان سەرقاڵی هەڵکۆڵانی دەمولووت و چاوەکانی منن. لەگەڵ هەموو دەنووکێکی بەهێزی مەلە گۆشتخۆرەکاندا بۆ قووڵایی چاوەکانم. ڕوحی باڵگرتووم ڕادەچڵەکا. ناچار وەک مەلێکی گۆشتخۆر لە قووڵایی ئاسمانەوە دابەزیم بۆ سەر تەرمەکەی خۆم، لەگەڵ بەرگرییەکی زۆردا توانیم مەلە گۆشتخۆرەکان دووربخەمەوە. هەر لەوێدا چەند گەماڵێکی مەچەک ئەستوورم لێ پەیدا بوون. کەلاکی ونجڕ ونجڕ کراوم پەلەکێش کرا. لە کەلاوەکەوە بەرەو چاڵە نەوتەکان. جارێکی تر ڕوحە بێ چارەکەم دای لە شەقەی باڵ و شوێنی کارەساتەکەی بەجێ هێڵا، لە قووڵایی ئاسمانەوە بیرم لەوە دەکردەوە، ئەوانەی وا باڵبەستیان کردم و چاوەکانیان شەتەک دام. باڵبەست کرێن و دادگایی بکرێن پێش ئەوەی بگەمە بەر دەرگای دادگای ئەم زەمەنە قێزەونە، ڕاوەستام و دۆش دامام و وتم:

١- ئای حوسەی قزڵجی: ڕاستە دەڵێن گورگ پیر بوو، دەبێتە مەخسەرەی سەگەل! شێری پادشای جەنگڵستانیش پیر بوو، مێش و مێشوولە و مەگەس بەسەر چاوەکانییەوە ڕەشبەڵەک دەگێڕن. هەر چەندێک نازناوم بە حوسەی قزڵجی دەرکردبوو. جارجارێکیش بە حوسەی چوارده خۆر و حوسە پەرەبێل بانگیان دەکردم، هەرچەندێ پێشینان وتوویانە پیری و سەد عەیب. من دەڵێم پیری و هەزار عەیب. کاتێک لە دەرگا سەرەکییەکەی دادگا چوومە ژوورەوە بە دەیان پارێزەری جل ڕەش بەرەو ڕووم هاتن. هەریەکە و بەرەو لای خۆی پەلکێشم دەکا. لە شوێنەکەی خۆمدا ڕاوەستام و حەپەسام. دەستم کردە پێکەنین و هەتا ئێستاش پێدەکەنم. پێکەنینەکەم بەوە نییە هەریەکێ پەلکێشم دەکا بۆ لای خۆی. پێکەنینەکەم بەو پارێزەرانەیە، کە بەدانیشتنەوە بەسەر کورسییەکانی بەر دەرگای دادوەرەکەوە، نووستوون و پرخەیان بەرد هاوێژێ دەرۆیشت، ڕووی دەمم تێ کردن و وتم:

لە ڕاستیدا من بەدووی پارێزەرێکی سوورکەڵەی کورتە باڵادا دەگەڕام. جووتێ چاوی هەنگوێنی هەڵۆ ئاسای پێوەیە. بە پێچەوانەی ئێوەی پارێزەرەوە. جوبەیەکی سووری- قۆپچە ڕەشی لەبەردایە. دەڵێن لە هەموو کات و ساتێکدا نێچیری خۆی دەپێکێ. هەر هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنینێکی نائاسایی. پارێزەرێکی ورگن هاتە پێشەوە و وتی:

- لێی گەڕێن بە گوێرەی ناوونیشانەکەی بە دووی بەکر دەروێشی پارێزەر و (چیرۆکنووس)دا دەگەڕێ. ئەو پارێزەرەی کە ڕۆژانە کارە سەقەت و قێزەونەکانی دەسەڵاتی ئەمڕۆ دەخاتە بەر دیدی خوێنەر. ماوەیەک ڕاوەستام ئەو پارێزەرەم دەست نەکەوت. کە ماوەیەکە بەدوویدا وێڵم و بە تەمام کێشەی چاڵە نەوتەکان و باڵبەستنەکەی خۆم بۆ ساغ بکاتەوە. لە هەموو سووچێکی حەوشەی دادگاکەوە. خەڵکێکی زۆر بەرەو دەرگای دادوەرەکە هوروژمیان دەهێنا. هەر لەوەردا وەک تەماشای شانۆگەرییەک بکرێ تەماشای ئێمەیان دەکرد. بەشێکی زۆریان پێدەکەنین. بەشێکی ڕۆشنبیر

و دنیا دیدەیان بە تاسووقەوە گوێ قولاغ بوون و تەماشایان دەکرد. پارێزەرێکی گەنم ڕەنگی بالابەرز. بەچەند هەنگاوێک هاتە پێشەوە.

بەدەنگێکی بەرز وتی:

حوسەی قزڵجی ئەوەی تۆ بۆی هاتووی (مەحاڵە) کاتێک وشەی مەحاڵم بیست ئەوەندەی تر شێتگیربووم، باڵبەستن و کوشتنەکەی خۆمم لەبیرچوو کەلەپچە و زنجیر و چوارمێخە و سەر بەرەو خوار هەڵواسین و ئوتووی گەرم و ڕەجەی کارەبایی و شکاندنی لووت و چەماندنەوەی پەنجەی هەزاران کەسم کەوتەوە یاد. هەر لەوکاتەدا بە دەیان کلاوسوورم لێ پەیدا بوون. کەفاو بەلا لغاوەمدا کێفەڵەی دەکرد.. خەڵکێکی زۆر لە شەقامە گشتی و کۆلانە تەنگەبەرەکانەوە. بەڕاکە ڕاکەو تەکاندان بەرەو دادگای شاری چاڵە نەوتەکان هوروژمیان دەهێنا. ئاپۆرەی ئەو خەڵکە ڕاوەستاوە لەبەر دەرگای دادوەرەکەدا شەپۆلی دەدا. کلاوسوورەکان پاش مردنیشم دووبارە دەیانویست باڵبەستم بکەن. لە حوسەی قزڵجییەوە بووم بە گایەکی زەبەلاحی چاوسووری زۆرانبازی. هەر لەوێدا بە کەللەسەر چەند کلاوسوورێکم لال و پاڵ خست.

هەڵبەزیمە سەر یەکێ لە قەنەفەکانی بەر دەرگای دادوەرەکە. یەکسەر بووم بە وتارخوێنێکی عەجایەب و هاوارم دەکرد:

سوێند بێ بە ئاگر و ئاوێستا و ڕیشە پانەکەی زەردەشت. من دوانەوەی زەردەشتم. نازناوەکەم حوسەی قزڵجییە. هەتا هەتایە من پاسەوانی ئەو چاڵە نەوتانەم. گڕی ئاگرە بلێسەدارەکەی دەپەرستم. بە شێوەیەکی شێتانە دابەزیم و شانم لە دەرگای دادوەر توند کرد و چوومە ژوورەوە. بەهیچ شێوەیەک کەسم بەرچاو نەکەوت. بۆم دەرکەوت دادوەر لە دەرگای پشتەوە هەڵهاتووە. بە تووڕەبوونێکی پڕ لە غەزەب بەرەو پێدەشتی چاڵە نەوتەکان گەڕامەوە. تەماشام کرد تەرمە بێ ڕوحەکەم وەک حەسحەسێکی بەوەفا. بە دامێنی چاڵە نەوتەکانەوە هاتوچۆ دەکا.



# ژمارە یەک

زولەیخا

ئێستا من لەڕێگادام بۆ وڵاتی کوخەکەم، تا دەگەمە ئەوێ بۆم هەیە بیر لە ژیانی ڕابردووم بکەمەوە، هەر کە گەیشتم بوارم نییە چیتر بیر لەو چل ساڵەی ڕابردوو بکەمەوە، لەوەدوا دەبێ لە یەکەوە دەست پێبکەمەوە، نازانم یەک دوای چل چەندە مانای هەیە، بەڵام دەزانم دەبێ مانایەکی بۆ بدۆزمەوە، پێنج ساڵە خەریکی ئەو کوخەم، بەڵام لە سەرەتاوە بۆ ئەوەم نەبوو کە بە تەنیا لێی بژیم، من و دارا بڕیاربوو پشووی هاوینان لەوێ بەسەر ببەین، بەڵام کاتێ زەوییەکەم کڕی و دەستمان بە بناغەی کوخەکە کرد ئەوکات هەموو شت گۆڕابوو، تازە کوخەکە بەتەنیا هی خۆم بوو، بۆ من گرنگییەکی نییە کە بۆ ئاوای لێهات، گەر دارا مردبێ یا جێی هێشتبم، یان ئەوەی دوای پانزە ساڵ بەیەکەوە ژیان تاقەتی لێم نەمابێ هەمووی یەک دەرەنجامی هەیە، ئەوەی کە ئێستا من بە تەنیام و وەک چل ساڵێکیش ناتوانم بیر لە سەرەتایەکی دی بکەمەوە. تکایە مێشکی خۆت بەوە قاڵ مەکە کە بزانی بۆ من بە تەنیا ماومەتەوە، چونکە ناتگەیەنێ بە هیچ کوێ، وەک منی نەگەیاند بە هیچ کوێ، هەر لەبەر ئەوەش بڕیاری هاتنم دا بۆ کوخەکەم، بۆ تەنها هاوینێک نا، بۆ پاییز و بەهار و زستانیش، چەند دانە لەو چوارانە، ئەوەیان نازانم.

بۆ ماوەیەکی زۆر بەیانییان لەگەڵ لەخەو هەستان هەمیشە یەکەم بڕیارم لەنائاگاییما ئەوەبوو بڕۆم، نەمدەزانی بۆ کوێ، بەڵام دەمزانی دەمەوێ دوور بڕۆم، ڕۆیشتن بۆ دوورترین شوێن تاقە خەونێک بوو کە بۆم مابووەوە. دەمویست بڕۆم، دەبوو بڕۆم، ڕەنگە نەدیتنی موحیبەت بەو چەشنە کە دڵ پێویستیەتی ناچار بەو خەونەی کردبم..

کاتێ وەک من ژیان دەبەستییەوە بە خەون، ئەوکات خۆت دەبەستییەوە بەو هێڵە باریکەی کە ئەکرۆباتەکان بەسەریدا دەڕۆن، کاتێکیش بەخت یاوەریان نابێ لەبەرزییەوە دەکەونە خوار، من ژیانی خۆم خستە مشتی بزێوترین و

بێباکترین ئەکرۆبات، ئەوەیان کە لە ئاقیبەتی هیچ ورد نابێتەوە و دوای هەر کارەساتێکیش هێشتا دەتوانێ کارەساتی دی بخولقێنێ، ئەو ئەکرۆباتە هیچ کەس نەبوو جگە لە خۆم، لەناو مندا ئەو ئەکرۆباتە بە دڵێکی گەرم و بە ئەقڵییەتێکی منداڵانەی سەیر، ئەوەی کە دەیەوێ هەموو شتەکان بۆ خۆی تاقی بکاتەوەو بە ئەنجامە پێش وەختەکان ڕازی نییە، خەون دەبینێ.

یەکەم شت کە دوای تەنیا مانەوەم بیرم لێ کردەوە، جێهێشتنی کارەکەم بوو، نەمدەویست لەپڕ نەیەمەوە سەر کار و بەدوای وەڵامی نەهاتنمدا بگەڕێن، بۆیە دوێنێ نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەمم نووسی، خواحافیزیشم لەو تاقە درەختەی سەر ڕێی کارەکەم کرد، ئەو سنەوبەرەی زۆرجاران دەردەدڵم لاکردبوو و لەهەموو کەس زیاتر نهێنی ژیانی منی لەلابوو، دوای ئەم هەنگاوە ئەوەی دەبوو بیکەم گۆڕینی ناوەکەم بوو، بە من بووایە لە هەموو تۆمارەکاندا بیسڕمەوە، بەڵام کە ئەوەم پێناکرێ، خۆ هیچ نەبێ دەتوانم بیگۆڕم، ئەوەم بەیانی لەگەڵ خواحافیزی کردندا بە درەختەکەی هاوڕێشم ڕاگەیاند، کە چیدی ناوم لەیلا نییە، نازانم ناوێکی نوێ چەندە پێویستە بۆ من، ناو چ گرنگییەکی هەیە بۆ کەسێک کە لە کوخێکدا بژی کەس نەبێ بانگی بکا!

سەیری خۆم دەکەم، بیرکردنەوەی زۆر خەریکە دەمکا بە ئافرەتێکی دی، ئافرەتێک کە جوانییەکانی هێواش هێواش دەژاکێن، ئێمەی خانمان خەون بە چییەوە دەبینین! خەون بە هاتنی کەسێک کە زۆر ئادەمییە و زۆر بەهێز، زۆر ئیحساساتی، بەردێک کە بتوانێ پشتی پێدا بدەی و پەپوولەیەک کە لەناسکییا نەتوانی دەستی لێبدەی، ئاخر مەخلووقی ئاوا لەناو ئەفسانەکانیشدا وجوودی نەبووە، ئەو کوڕی پاشایە نەهات کە دەبوو دڵی نەرم بێ و غار بە ئەسپەکەی بدا تا بگاتە لام، ئەو کابرا وجوودییەش سۆراخێکی نەبوو کە دەبوو هێندە لاموبالات بێ بەرامبەر شکستەکانی ژیان، وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لەلابێ. ئەو کوڕە ئیمانداره کە دەتویست فێری ئەوەت بکا خودات خۆش بوێ لەجیاتی ئەوەی لێی بترسی، ئەو پیاوەی دەبوو بڵێ: من ئامادەم بەخاتری تۆ ناوی هەموو کچەکان لە خەیاڵمدا بسڕمەوە! تۆ دەزانیت کە هەموو ئەمانە درۆی گەورەبوون، یا ئەوەتا جۆرێک لە حەقیقەتن کە چیدی تۆ بڕوات پێیان نییە!

تۆ کە ئەمە دەخوێنیتەوە حەزدەکەی بزانی کوخەکەم چۆنەو لەکوێدایە و بۆچی دەچم لەوێ بەتەنیا دەژیم؟ لەوانەشە حەز بکەی داخوا ئێستا لەگەڵ کێدا دەژیم؟ لەبارەی کارەکەشمەوە هیچ نەبێ حەز دەکەی سەرەداوێک بزانی، دڵنیاشم بەکەمێ تەریقبوونەوەو گومانیشەوە پرسیارێکی دیشت لە من هەیە کە نازانی داخوا بەکردنی ئەو پرسیارە دەڕەنجێم یا نا، ئەوەی داخوا هیچ نەخۆشییەکی دەروونیم نییە؟!

هەر لەبەرئەوەی لەگەڵ سنەوبەرێکا قسەم کردووە مانای ئەوە نییە کێشەی دەروونیم هەیە! بۆ پرسیارەکانی تریشت حەزدەکەم وەڵامی یەکە بە یەکەیان بدەمەوە، بەڵام با لەپێشدا بچینە ناو هەندێ گفتوگۆی ترەوە، تۆ کێیت؟ بۆ لەگەڵمدایت کە ئەم دێرانە دەنووسم؟ چۆن من دەناسی و لەکوێدا سۆراخت کردووم؟ ئەم بەیانییە گوێت لە چ مۆسیقایەک گرت؟ چ کتێبێکت دەخوێندەوە بەر لەوەی ئەم دێرانەی من بخوێنیتەوە؟ قەت لە زستاندا ئایسکرێم دەخۆی؟

هەرچ کاتێک تۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەی منت دایەوە، منیش وەڵامی پرسیارەکانی تۆ دەدەمەوە، کە لە ئێستاشدا ناتوانی ئەمە بکەی، ڕێم بدە با وەک ئەوەی خۆم دەمەوێ خۆم بگێڕمەوە، تۆش هەوڵدە لێم تێبگەی، یان هیچ نەبێ لەکۆتاییدا کەمێک پێم پێبکەنیت، چونکە خۆم چیدی حەوسەڵەی پێکەنین بەخۆهاتنم نەماوە.

ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژم دەبێ لە کوخەکەم کە پێنج ساڵ دەبێ خەریکی سازدانیم، ئەو کوخەم لە وڵاتێکی دی و لە نزیکی چیایەکا دروست کردووە، پێنج ساڵە وەک کەسێک کە هەموو ژیانی لەدەوری یەک ئامانجدا بخولێتەوە، من هەر خەریکی ئەو خانووە بچووکە دارینە بووم، هەرچییەک کە حەزم لێبوو کڕیمن و لەوێم دانان، کوخەکەم ژوورێکی خەوتنی بچکۆلەی تێدایە کە سیسەمێکی یەک نەفەری دارینم تیا داناوە و بە چەرچەفێکی سوور دامپۆشیوە، بالیفێکی گەورەی تووکی قاز، دۆڵابێکی سەوز، کورسییەکی خوێندنەوەی حەسیر، مێزێکی چکۆلە، پەردەیەکی شینی گوڵدار، ئەمانە شتەکانی ناو ژووری خەوتنمن، مەتبەخێکی گەورەم هەیە کە چواریەکی کوخەکەیەو کەوەنتەرێکی داری تێدایە کە

هەموو قاپو قاچاخەکانی ناویم بەتایبەتی بۆ ئەو کوخە کڕیوە، زۆر پێداگربووم لەوەی کە تەنانەت کەوچکێکی ماڵە کۆنەکەم لەگەڵ خۆم نەهێنمە ئێرەوە، تەباخێک و بەفرگرێک و ئاگردانێکی بچووکیش تا لەڕۆژانی بەفربارینیدا سەیری بڵێسەی ئاگری دارەسووتاوەکان بکەم و گەرم دابێم، ژوورێکیشم تەرخان کردووە بۆ نووسین، کورسییەک و مێزێکی گەورە لە بەرانبەر پەنجەرەکە، بەجۆرێک کە بنووسم ڕووم لەپەنجەرەکە بێ، کتێبخانەیەک کە لایەکی دیواری ژوورەکەی داپۆشیوە، کتێبەکان تاقە شتێ لەماڵە کۆنەکەم کە لەگەڵ خۆمدا بۆ کوخەکە هێنامن، چونکە کتێبەکان کۆن نابن و بوغز و یادەوەری ناخۆشیش لەگەڵ خۆیاندا هەڵناگرن، هیچ نەبێ من وابیر دەکەمەوە، چونکە من جلەکانیشم جێ هێشتن، جلی نوێ و خاولی و جلی نووستن و هەموو شتێکی نوێم کڕی.

ژیان خێرا ڕۆیشت، زۆر زوو بووم بە سی ساڵ، ئەوەندە زوو کە زۆرجاران بۆ کاتی منداڵی و ژیانی بێ بەرپرسیارێتی دەگریام، هەستم دەکرد زوو گەورەبووم، هەندێ جاریش هەستم دەکرد گەمژەم و قەت گەورە نابم. زۆر سەیرە کاتێ کە ئاگات لەژیان نییە زۆر ئاسان تێدەپەڕێ، بێ ئەوەی بەتەواوی تامیت کردبێ، بێ ئەوەی توانیبێتت بیهێنیتە ناو خۆت، من چل ساڵم و بەتاڵم، تا بیست و پێنج ساڵی خۆمم لەبیرە، دوای ئەوە هەموو پانزە ساڵەکە وەک یەک ساڵ دێنەوە بەرچاوم، لەبەرئەوەشە هەست دەکەم گوناهە کە لۆچ لە دەوری چاوەکانمدا پەیدابوون و بالام وەک جاران ڕێک نییە، چونکە من چل ساڵ نەژیاوم... بەڵام ژیان حەقی بەو قسانەوە نییە، کە کات تێدەپەڕێ هەموو شتیش لەگەڵیدا گوزەر دەکا.

نیو سەعاتی تر فڕۆکەکەم دەنیشێتەوە، ئێستا واز لە نووسین دێنم و کەمێک گوێ لە موسیک دەگرم بۆ ئەوەی خۆم بۆ بینینی کوخەکەم و دەست پێکردنەوە لە ژمارە یەکەوە ئامادەکەم.

ئەو خەونەی تۆ تا کەی هەروەک خۆی دەمێنێتەوە؟ چاوەکانت وەک جاران بریقەیان نەماوە، پێستت وەک جاران ڕۆشنایی نییە، ڕوومەتەکانت چیدی ئاڵ ناچنەوە، ئەم شەڕە چییە بە خۆتی دەفرۆشی؟

کاتێ وازدێنم کە ئیدی هەست بکەم گەیشتووم، ئێستا هەست ناکەم تەنانەت ملیمەترێکیش لە خەونەکەم نزیک بووبێتمەوە، هەر ئەو نزیکییەم بەسە، نامەوێ بگەم، چیدی بۆم گرنگ نییە کە هەر نەگەم، بەڵام بۆم گرنگە کە بایی ئەوەندە نزیک ببمەوە، نزیکییەک بەقەدەر ئەوەی ئاشنایەک بۆنی بەرانبەرەکەی بناسێتەوە، ئا، دەمەوێ بۆنی خەونەکەم بکەم، خەیاڵ دەکەم بۆنی زیاتر لە هەر شتێکی دی دەمحەسێنێتەوە، ئەو کوڕەت لەبیرە کە خۆشم دەویست؟ هەموو جار پێیم دەوت قسەم بۆ مەکە، هەفتەیەک ون بە، بەڵام ئاخرەکەی با بتوانم بۆنت کەم، ئەوکات هەموو شت ئاسانتر دەبێ، شکست و ناشیرینیم ئاسان بۆ قووت دەدرێ. دەزانی ئەو بۆنە وای لێ دەکردم کە هەست کەم ئەو هی منە، لەکاتێکا دەمزانی لە پشت منەوە پێوەندی لەگەڵ چەندین کچی دی هەیە. من هەمان ئەو ئیحساسە درۆیینەم دەوێ، هەمان ئەو بۆنە ساختەیە....

**ڕۆژی یەکەم:**

یەکەم بەیانییە لە کوخەکەم هەڵدەستم ڕۆژدەکەمەوە، شەشی بەیانییە و چون هەواکەی خۆشە، بڕیارە کەمێک ڕابکەم، دوای ئەوە دێمەوە و دوشێک دەکەم، پاشانیش قاوەڵتییەکی بۆ دەخۆم و ئەوسا دەست دەکەم بە نووسین، نووسین لەبارەی ئەوەی دەمەوێ چۆن ژمارە یەک ئەوەندە گەورە بکەم کە تەواو نەبێ، ئەوەندە گەورە کە جێگای خەونی لێببێتەوە، ئەو خەونانەی کە لەناومدان و دەیانەوێ ببن بە حەقیقەت.

**ڕۆژی دووەم:**

دەمەوێ هەموو جوانییەکان بهێنمە ناومەوە تا ئەو شوێنەی پێم دەکرێ، لەناو سروشتدا گەڕام و بیرم لە ئیقاعی ژیان دەکردەوە، دڵم خۆشە بە ئاوادانی گوڵەکانی باخەکەم و وردبوونەوە لە هێلانەی باڵندەکان، لێرە بۆ هەموو شت قسە دەکەم، بۆ باران، بۆ کانی، بۆ درەختەکان، بۆ خاک، بەسەر شاخەکەی نزیک ماڵەکەم سەردەکەوم لەگەڵ ئاسمانیش قسە دەکەم، هەمووشیان گوێم بۆ دەگرن، هەمووشیان وەڵامم دەدەنەوە، هەمووشیان تیشکی جوانی خۆیانم بۆ دەنێرن، ژمارە یەک زۆر گەورەیە......گەورەیییەک کە تەواو نابێ...

**ڕۆژی......:**

من سەرم لەخۆم سوڕماوە، کەی من لەگەڵ یادەوەری ژیاوم، ئەی ئەو هەموو وردەکارییە چییە لە دڵمدا هەڵمگرتوون! بۆنی شامپۆکەی کە قژی پێ دەشت، بۆنی عەترەکەی، بۆنی پێستی، بۆنی هەناسەی، بۆنی ئارەقەی، نیگای کە تووڕەدەبوو، کە دەترسا لە شتێک، کە دەگریا، فرمێسکەکانی، شڵەژانەکانی، باوەش پێداکردنە توندەکانی ئەوکاتانەی هەستم دەکرد هەست دەکا لە چنگی شتێک دەرمدێنێ و لای خۆی دەمشارێتەوە، هەموو شتێکیم لەیادەوەریمدا وا هەڵگرتووە، وەک ئەوەی هەموو بێ یادەوەریبوونی ڕابردووم خۆ ئامادەکردن بووبێ بۆ هەڵگرتن و هێشتنەوەی یادەوەری و وێنەی ئەو لەو کوخەدا.

**ڕۆژی.....:**

پیاسە دەکەم تا ماندوو دەبم، ڕاستییەکەی ماندوو نابم، لە بەیانییەوە دەڕۆم و دەڕۆم، تیکەیەک نانم نەخواردووەو هەست بەبرسییەتیش ناکەم، بەجێی ئەوە ئازارێکی زۆر لە سکمدا هەست پێدەکەم، وەک ئەوەی تیغێک لەناوەوە بمکا بە دووکەرت، دوو کەرت، دوو کەرت، هەزار کەرت، خەوای دەکرد دەبووم بە هەزار پارچەی ورد..... خۆم هەڵدەگرمەوە، دەست بە قژی خۆمدا دێنم، ماچی خۆم دەکەم، نەوازشی خۆم دەکەم، ئازارەکەی سکم دیسان زۆرم بۆ دێنێ.....

ئەمڕۆ هەموو شت لە گوڵی نایلۆن دەچێ، هیچ شتێ بۆنی نییە، ئەو موسیکە بۆ ئەوەندە بێزارم دەکا، بیرم دێ ڕۆژانێک هەبوو حەزم بەو موسیکە بوو، ژوورەکەم بۆ ئەوەندە نارێکە، کەی ئاخر جاربوو پاکم کردەوە؟ سەرم بۆ ئەوەندە قورسە! دەڵێی دوێنێ کەسێک سەری بەدیواردا کێشاوم، بەڵام هیچم بیرنایەتەوە....

**ڕۆژی.......:**

مۆسیقاکە دەکوژێنمەوە، ژوورەکەم ڕێک دەخەم، سەرم ڕادەوەشێنم، وادەزانم بیرە ڕەشەکان لەخۆم دەتەکێنم، لە ئاوێنە سەیری خۆم دەکەم، چەند جارێک لەبەر خۆمەوە دەڵێمەوە: دەمەوێ ئەو ڕوخسارەم خۆش بوێ، دەمەوێ پڕ بەدڵم پێ بکەنم، دەرگای ماڵەکەم دەکەمەوەو بەناو دارستانەکە بەدوای سۆراخی بۆن دەگەڕێم، بۆنی خەونەکەم، وەک منداڵیی دەست بە دەممەوە دەگرم و هاواردەکەم: ژماردن تەواو، هاتم بتدۆزمەوە.

تۆزێکی دی هەور کون دەبێ، یەک تۆزی دی ئاسمان بەسەر مندا دەکەوێ، هیچم بۆ نەماوەتەوە، ئەو بێ مانایە لە هیچ کوێ نییە، حەزدەکەم جنێوی دنیای پێ بدەم، کاتێ منداڵیش بووم کە چاوشارکێم دەکرد هەمیشە دەدۆڕام و کەسیانم نەدەدیتەوە، لەنیوەی یارییەکە دۆڕانی خۆم ڕادەگەیاند و تەسلیم دەبووم، ئەو چاوشارکێیە نامەردانەیە کە ئەو خەونە ئێستا لەگەڵم دەکا، من دەمێکە دەمەوێ دۆڕانی خۆمی بەرامبەر ڕاگەیەنم، دەستم دەگرم بە دەممەوە و خۆم ئامادە دەکەم بۆ هاوارکردن:....... وشەکان دەگەڕێنمەوە، نا نا نا ننا، هێشتا وازناهێنم، با ئەمڕۆش وابڕوا، با بیست و چوار سەعاتی دی ببێتە قوربانی خەون، خەونی نەگیرە، خەونی نابووت.... با دیسانەوە چاوشارکێکە دەست پێکەینەوە.

# هەڤۆکێن بێدەنگ



لۆرین س. دۆغان

(نسێبین)

من وی ل کۆمەلێ ناس کربوو. د ناڤ خرەجرا مرۆڤێن کو هەر کۆمەکێ، گەنگەشیا مژارەکە جهێ دکر. ئەو ل داویا هوندر، ب تەنێ روونشتبوو. ژ دووخانا جغارەیێن کو خوە ل دۆرا ئۆدێ پێچا بوو، روویێن مرۆڤان باش نەدهات تەفسەل کرن. لێ چاڤێن وی یێن کو دیرۆکەک ژبیربوویی د هوندرێ خوە دە ڤەدشارت، روویێ وی یێ کو خەمگینی و ئارامی ل سەر خوە دجڤاند، بالا من کشاندبوو. روویەکی کو ژ وەلاتەکی نەناس، نەپەنیەک پێشبەری من دکر... من خوەست ل چیرۆکێن وی وەلاتێ نەناس گوهدار بکم و من کورسییێ خوە بەر ب وی ڤە کشاند.

من ژێرە گۆت، «وەکە کو تو نوو هاتیە ڤی باژاری.» وی گۆت، «نا ئەڤ دو هەزار و شەشسەد سالن کو ئەز ل ڤی باژاری دژیم. لێ ئەز دڤی باژاری دە، وەکە زخورەکی وندایی مە.» من گۆت، «هەر یەک ژ مە ژ خوە زخورەکی وندایی یە ل ڤی باژاری. تەنێ جارنا ئەم دگندرن و بێحەمدی خوە راستی هەڤ تێن.» وی گۆت، «ئوو د راستهاتنا هەڤ دە جارنا ژانەک و جارنا ژی بشرینەک ل سەر کەڤیکێن دل دمینە.» من گۆت، «خوەزکا تەنێ بشرین و هەمبێزا مە دا مابانە. «گۆتنێن من بشرینەکە شکەستی ل سەر لێڤێن وی هشتبوون. وی وەختی من فێمکر، چما دناڤ ئەوقاس مرۆڤان دە وی تەنێ بالا من کشاندبوو. ژ بەر کو ئەو کانیا ژانێن ڤەشارتی بوو! وەکە ڤی وەلاتی... من خوەست دناڤ وێ کانیا ئێشان دە بحەرکم. من خوەست ئەز ژانێن د دل دە ڤەشارتی، هەمبێز بکم. و ئاخافتن وەکە لەیستکەکە کو ئەم بێ بەرسڤا هەڤۆکێن هەڤدوو دۆماند. هەڤۆک وەکە دو چەمێن کو ب ئارامی ل کێلەکا هەڤدو بحەرکن. رێز بوو بوون. تە دگۆت قەی نە وێ کێلییێ. لێ ژ وەختا کو دیرۆکا ڤی وەلاتی دەست پێ کریە، مە هەڤدوو ناس دکر!

پشتی وێ رۆژێ، تیبوونەکێ خوە ل دۆرا گیانێ من پێچابوو. و من دخوەست وێ تیبوونێ ئاڤ بدم... چەند جارا د کۆلانێن بێدەنگ دە، ئەم راستی هەڤ هاتن. هەر نەقلا کو من وی ددیت، بێهنا ئێشێ بەر ب بێڤلا من دکەت. و من دخوەست ل چیرۆکێن وان ئێشان گوهدار بکم. چەند جارا من دل کر کو ئەز نومەرا تەلەفۆنا وی بگرم. لێ تە دگۆت قەی، هەڤدیتنەکە مە ب جڤان، وێ هەمو ئەفسوونیا وی خەرا بکە. و من دخوەست ب بێدەنگی و دلۆپ دلۆپ وی کفش بکم.

رۆژەکا پاییزی کو درەنگێ روویێ وی دە بوو، ب یەک جارێ رە دیسا دەرکەت پێشبەری من. بێ هایا خوە من ژێ رە گۆت، «من بێریا هەڤۆکێن تە کریە». ئەڤ هەڤۆک ب تیبوونەکێ ژ سەر لێڤێن من هلپەکیا بوو. وی گۆت، «ئەم کارن ژ هەڤدوو رە بنڤیسێن.» پێشی ئەز شاشۆ ماشۆ بووم. ل یەک باژاری و ئەمی ژ هەڤدوو رە بنڤیسێن! ئەڤ هەڤۆک تەنێ من ژ خوە رە گوتبوو. ب هلچەنینەکێ من گۆت، «چاوا یانی؟» وی گۆت، «ئەم کارن نامەیا ژ هەڤدوو رە بنڤیسێن.» وی گۆت، «ل ڤی وەلاتی تەنێ نڤیس کارێ هنەکی ببە بەرسڤ ژ هەڤدوو رە، بێی هەڤۆکێن ب دەنگ...» من گۆت، «باشە لێ ب چ ئاوایی؟»

وی ئێمێلا خوە ل سەر کاغەتەکێ نڤیساند و درێژی من کر. من ئێمێلا خوە ل سەر کاغەتەکی نڤیساند و درێژی وی کر. دوو رە هەر یەک ژ مە بەر ب ئالیەکی کۆلانێ ڤە مەشیا و ئەم دناڤ باژار دە وندا بوون...

شەڤەکە کو پاییز ل بەر وەلداندنا بارانا خوە بوو و عەوران ژی نەما کاریبوو ڤی باژاری ژ پەشکێن خوە مەحرووم بهێلن، ئەز ل بە کۆمپیوتورێ روونشتم و من ئەڤ هەڤۆک ژێ رە نڤیساندن.

تو زانی، پەشکێن بارانێ ئیرۆ دخوازن کۆلانێن ڤی باژاری بشۆن. کۆلانێن کو ژ بەرماییێن مرۆڤێن ڤی باژاری وەستیانە.

شەڤا دن وەختا کو من ئێمێلا خوە ڤەکر، وی ئەڤ هەڤۆک نڤیساند بوون.

تو نزانی بێ ئەڤ چەند هەزار سالن، پەشکێن بارانێ ب ڤێ ئارمانجێ دبارن. لێ حەیفە کو هەر نەقلا عەرد زوا دبە، کۆلان دیسا سەرێ خوە دخون...

نامەیێن کو مە ژ هەڤدوو رە دنڤیساندن. پێشی تەنێ ب هەڤۆکان دەست پێ کر. جارنا هەڤۆکەک و جارنا چەند هەڤۆک بێ ب دژواربوونا رەوشا هەوایێ و ب درێژبوونا شەڤێن زڤستانی رە، هەڤۆک هنۆ هنۆ ل نامەیێن کو مە ژ هەڤدوو رە دشیاندن، زێدە دبوون. ئێدی د کۆلانان دە نەما لێ دگەریام. د هەڤۆکێن بێدەنگ دە، من ل چیرۆکێن وی گوهدار دکر. دهەڤۆکێن بێدەنگ دە وی ل چیرۆکێن من گوهدار دکر. هەر نەقلا کو ئەز ل بەر کۆمپیوتەرێ روودنشتم، ب لەرزینەکە کو چرووسک د چاڤێن من دە دهشتن. پێشی من هەڤۆکێن وی دخوەندن. ب خوەندنا هەڤۆکێن وی رە، لەهی ل خوینا لەشێ من رادبوو و وان شەڤان، ب نامەیەکە کو من د هەمبێزا خوە دە ڤەدشارت، دکەتم خوە دە. وەختا کو چەند شەڤان هەمبێزا من بێ نامە دما، پەردا خەمگینێ خوە دئاڤێت سەر دلێ من، و وەکە کو تشتەک ژ گیانێ من هاتیە دزین، ئەز مەلوول دبووم. نامەیێن وی بوو بوون لەباتەکە ژ لەشێ من، کو بێی وێ لەباتێ من نکاریبوویا بژیم. هەر کو دچوو نامەیان، گیانێ من دناڤ چیرۆکێن خوە دە دگەڤزاند. ئەڤینەکە بێدەنگ خوە ل دۆرا دلێ من دپێچا. ئەڤینەکە کو بایی ب لاشێ من دە بحەرکە، دبوو پارا هەڤۆکان... جارنا لاشێ من ژ وان هەڤۆکێن بێدەنگ د داخست!

ئێدی نەما هەدانا گیانێ من دبوو و تیبوونا دلێ من، من گێژ دکر. ب بۆرینا سر و سەقەمێ رە، من دخوەست هەڤۆکێن بێدەنگ د هەمبێزا خوە دە ب گۆر بکم. من دخوەست چیرۆک ب دەنگ بەر گوهێ من بکەڤن. من دخوەست وی د هەمبێزا خوە دە بلۆرینم. وی ژی نەما دخوەست هەڤۆک بێدەنگ بمینن.

رۆژەکە کو قۆزەقەر ژ بارانەکە هوورک زابوو، مە جڤان دا هەڤدو. جڤانێ مە ژی ب نڤیسکی پێک هات. رۆژا کو ئەمێ هەڤدو ببینن، دەست و لنگێن من ل هەڤ هەربلیبوون. من پێشی خوەست هەمو گولێن ڤی وەلاتی بدم هەڤدوو و ژێ رە بیم. لێ ژ هەیەجانێ تەنێ من کاریبوو خوە هلگرم. و دەستڤالا، من بەرێ خوە دابوو جهێ جڤێن. قۆناخا حەسەن پاشا...

وەختا ئەز کەتم دەڤێ دەرییێ قۆناخا دیرۆکی. دو چاڤێن رەش ژ من رە بەشڤین. پێشی وەکە کو ئەم نوو هەڤ ناس بکن. تەنێ مە ل روویێ هەڤدوو مەیزاند. وەکە کو مە ژ نوو ڤە، دەست ب چیرۆکەکێ دکر! دوو رە

هەڤۆکێن مە یێن ب دەنگ ل کێلەکا هەڤدوو ڕێز بوون. وەکە ڕۆژا کو مە هەڤ نوو ناسیبوو.. وێ کێلیێ هەیا مە نە ژ باژێر و نە ژی ژ مرۆڤێن دۆرا مە هەبوو. تەنێ هایا مە ژ هەڤدوو هەبوو... وەختا تاریا شەڤێ خوە ل دۆرا مە پێچا، مە بەرێ خوە دابوو کۆلانێ بایێ ئاخافتن تەنێ ئەم دمەشیان. ب گاڤێن نەرم مە کۆلان دشۆپاند.. ئەز لێ هەیا بووم کو ئەم بەر ب مالا من ڤە دمەشن. وەختا کو ئەم هاتن بەر دەرییێ من، بێی بڕیارەکێ ئەم ل مالا من بوون. پشتی بێهنڤەدانەکێ ئەم ل قۆلتخێ هەمبەری هەڤدوو روونشتن. من گۆت، «ئەز قەهوەیەکێ ژ تە رە چێبکەم.» وی گۆت، «نا...» وی گۆت، «ل هەمبەری من روونە. تەنێ ئەز دخوازم ژ بشرینا تە تێر ببم.» و بێدەنگیا هوندر، بوو سەدەما کو ئەم دناڤ چاڤێن هەڤدوو دە وندا ببن. گۆتنێن وی ب یەک جارێ رە بێدەنگی خەرا کرن. وی گۆت، «دەستێن تە ژی وەکە هەڤۆکێن تە نازکن.» من گۆت، «هەستێن من ژی وەکە هەڤۆکێن من نازکن.» وی گۆت، «هەستێن زیر ئەنجاخ کاریبوون وان هەڤۆکان بنڤیسێنن...» و ب تیربوونا شەڤێ رە هەڤۆکێن کو مە ژ هەڤدوو رە دگۆتن، هنو هنو سست دبوون. لاشێ مە سست دبوو. هەر کو ئاخافتن قوت دبوو چیکەچیکا ساعەتا دیوێر وەکە موزیکەکە نەرم، بەر ب گوهێن مە دکەت. جارا یەکەمین، وێ شەڤێ من حەز ژ دەنگێ ساعەتێ کر. وی گۆت، «ئەز دخوازم لێڤێن تە ماچ بکم.» من گۆت، «ئەز دخوازم هەردوو چاڤێن تەیێن ڕەش ماچی بکم. هەردوو چاڤێن کو ب شەڤان بەریا من، هەڤۆکێن بێدەنگ هەمبێز دکرن...» و ئەز ل جەم وی روونشتم. من هەردو چاڤێن وی ماچی کرن و من سەری خوە دانی سەر کابۆکا وی. وی دەستێ خوە ل سەر پۆرێ من رە بر. دەستەکی نەرم من بێهش کربوو. من گۆت، «ئەز دخوازم ل سەر کابۆکا تە رازێم.» وی گۆت «یا باش ئەم گونەحان بکن.» هینا هەڤۆکا وی د دەڤێ وی دە، تەلەفۆنا وی یا دەستان لێخستبوو، ب ئاخافتنا تەلەفۆنی رە، رەنگی روویێ وی قولبیبوو. ژ نشکا ڤە دەستێ وی هشک بوو بوون و لەشێ وی ب ئاوایەکی جهێ لڤیا بوو. ب دەنگەکی سار و لەرزی وی گۆت، «ڕاستیا ژیانێ ل دەرییێ من دخە.» وی گۆت، «دڤێ ئەز رابم.» پێشی من هەڤۆکا وی فێم نەکر، لێ دەما کو تلیا خوە یا کو ئالیانس تێ دەبوو خوەراند، من

ڕاستیا هەڤۆکا وی ناس کر و ئەز بێدەنگ مام. ب لاشەکی بەلاوەلا و ب ڕحەکی نەناس رابوو سەر خوە. بەریا کو ژ ئۆدێ دەرکەڤە، من خوەست وی هەمبێز بکم. لێ لاشەکی بێڕح و بێلڤ دناڤ چەنگێن من دە بوو. پشتی من دەری لێ گرت وەکە کو ئەز ژ خەونەکێ شیار بووبم، ئەز ل سەر قولتخ روونشتم. من چەنگێ خوە، ل دۆرا لاشێ خوە پێ کو چلمسیبوو، پێچا، دەنگی چیکەچیکا ساعەتا دیوێر. چیرۆکا ئەڤینەکا خەمگین و شکەستی ژ من رە دگۆت. وەختا من ل وێ چیرۆکێ گوهدار کر، ئەز پێ حەسیام کو ماچەکە ل سەر لێڤێن من نەهاتبوو دانین پێ رە چوویە. دناڤ چەنگێن من دە ژی هەمبێزەکە نیڤجۆ... و نامە!.. ژ وەختا کو هەڤۆکا «ڕاستیا ژیانێ» ب دەنگ تەڤلی هەڤۆکێن مە بوو بوو، تۆمارەک نامەیێن کەلۆگری ژ سەر ماسەیا تۆزگرتی، تەنێ ل من مەیزە دکن».

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا «کراسێ تەنگ» رووپەلێن (٩٩- ١٠٤) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٧)ێ ژ ئالیێ وەشانخانەیا ئاڤەستا ڤە ل ستەنبۆلێ هاتبوو چاپ و بەلاڤەکرن. هەژییە بێژین کو لۆرین ل سالا (١٩٧٥)ێ ل شارێ نسێبینێ ژ دایکبوویە و دەرچوویا زانکۆیا دیجلەیە پشکا بایۆلۆژی.**

**«ڕامان»**

# قوولکە



**داوود غەفارزادگان**
**لە فارسییەوە: کەژاڵ ساڵحی**
**(بۆکان)**

بابە گیان لە پشت پەنجەرەوە دەکۆخێ. لەیلا لە لای ئێمە بوو. لە قەراغەوە ڕاوەستابوو. لە کرمەکان دەترسا. دارێکی درێژی هەڵگرتبوو، خۆڵە تەڕەکانی ژێر و ژوور دەکرد. کرمەکان لەو خۆڵەدا لوولیان دەخوارد. تاقمێکیان قەڵەو بوون. لە خۆڵەکەدا نەدەبینران. هەر بە دەمە پێمەڕەکە لەتوپەت و گرمۆڵە دەبوون. هەر کام بە شوێن لەتەکەی دەیکەیدا دەگەڕا.

من خۆڵەکانم دەڕشتە دەرێ. دایەش هەر هانکە هانکی بوو و قولێنگی دەوەشاند. من لە قوولکەکە دەهاتمە دەرێ. پشوویەکم تازە دەکردەوە. عەرزەکە ڕەق بوو. وردکە بەرد و سواڵەتی تێدا بوو.

ئارەقە لە لاجانگی دایەوە شۆڕاوگەی بەستبوو. کاتێک دادەهاتەوە پشتی کۆم دەبۆوە. نووکی قولێنگەکەی باریک و بریقەدار بوو. کە بەرزی دەکردەوە، وە بریقە بریق دەکەوت. دەمی پێمەڕەکەی من یەستاش ژەنگی بەرنەدابوو.

لەیلا دەیبۆڵاند و داوای پێمەڕەی دەکرد. دەیکوت: پێمەڕە، پێمەڕە، پێمەڕە. ..

بێدەنگ نەدەبوو.

کوتم ئەرێ دە بیبڕەوە!

بە دارەکە ئاماژەی بۆ بابە گیان کرد، هەتا لێی بترسێم. بابە گیان لە پشت پەنجەرەوە دەیڕوانی. دایە گیان کوتی: گوو بەو غیرەتەی!

لەیلا دەپاڕاوە: پێمەڕە، پێمەڕە، پێمەڕە...

دایە کوتی: بڕۆ کایە بکە!

لەیلا هەڵتروشکا، دەنگی هەڵبڕی و تێی هەڵکردە گۆرانی:

سوڕەییا لایەلایەی کردووە
عەقڵی منی لەگەڵ خۆی بردووە.
دواتر کوتی: چاو....چاو... ئەو هەموو کرمە.
کوتم: ئەی دەڵێی چی؟
با- گەلا وشک هەڵگەڕاوەکانی بەرەو ناو قوولکەکە ڕادا.
دایە کوتی: ئەو کاوکۆتە لەگەڵ خۆی نەبا؟
لەیلا گڕووی گرت و کوتی: ئەی بۆ هیچمان لەو عەرزە وەدەست ناکەوێ؟
کوتم: ئەرێ ئەوە دەڵێی چی، دەڵیی کەڵەبابی لاری؟
کوتی: خوێن شیرین...و دیسان ئاماژەی بۆ بابە گیان کردەوە.
بابە لەو دیوی شووشەکانەوە دەلەرزی.
دایە چاوی لە ئاسمان کرد و بە پاڕانەوە کوتی هەر دوو ڕۆژمان مۆڵەت بدە.
لەیلا کوتی دوو ڕۆژی چی؟
دایە کوتی ماڵتە بارانە !
لەیلا کوتی ئەگەر میچەکە دڵۆپەی کرد قاپەکەی منی لە ژێر دامەنێ.
دایە داماوانە ڕاوەستا. هەناسە برکەی بوو. چاوی لە کەوشەکانی بابەگیان کرد کە لەیلا لە پێی کردبوو.
لەیلا هەستا و شانی هەڵتەکاند.
- ئەگەر سەرپاییەکانی خۆم بەسەر پێوە دەکەم زۆر خوێن تاڵ دەبم.
دایە بزەی هاتێ.
کوتم بۆ مەگەر خوێن تاڵ نی؟
قیژاندی: دەقیژێنم ها...!
کوتم کرمێکی زەلام دەخەمە دڵتەوە.
نێوچاوانی گرژ کردو دەمی قوچاند.
کوتم: ئەی بارەکەڵلا!
دایە قولێنگەکەی فڕێ دایە سەر خۆڵەکان و کوتی: برا ڕۆ مردم!
لە قوولکەکە هاتە دەرێ. لەیلا دارەکەی فڕێ دا و چووە پێوشوێنی قولێنگەکە.
هاوارم کرد: لەیلا کرم!
لەیلا عەبەسرا. لاقی لە کەوشەکەدا پێچی خوارد و بەعەرز داکەوت. دایە هەڵیستاندەوە. بە منی کوت کاری خۆت بکە.
پێمەڕەکە لە بەردێک کەوت. خاک و خۆڵ بە ولات دا بلاو بۆوە.
دایە کوتی وەک کوڕی بەشەر کار بکە!
لەیلا کوتی: ئەی دەم خۆش چا نییە کوتی وەک کوڕی بەشەر کار بکە!
زمانم لێ دەرێنا.
کوتی : عەمتەر.
دایە کەوشەکانی لە لاقی دەرهێنا و خۆڵی نێو کەوشەکەی هەڵڕشت.
کوتم: بۆ خۆت عەمتەری.
کوتی: یارەبی کرمێک بچێتە گیانتەوە.
دوو قامکیشی وەک کرم لەسەر لەشی وەجووڵە خست.
دایە کوتی: باشە بیبڕنەوە!
بابە گیان پەنجەرەی کردەوە... بە لەیلای کوت: وەرە لای بابی خۆت!
لەیلا نازونووزی کرد و نەچوو!دارەکەی هەڵگرتەوە و منی بە بابم نیشان دا.
دایە کوتی: پەنجەرەکە داخە!
دواتر کوتی: برۆ، شەکەتی لەشت دەرکە و بحەسێوە!
بابە گیان نەچوو.
دایە لەژێر لێوەوە کوتی: هەک ئەو غیرەتەت سەگ بیخوا.
لەیلا سەرەنگرێ بوو، بەو کەوشە زەلامانەوە دوو سێ لۆقی هاویشت.
دایە تەشەری لێدا: بوو بە شەو.
لەیلا کوتی داوێنی چیندارم دەوێ.
بە دەستی داوێنی گرت. کەوشە گەورەکانی بابەگیان لە لاقی سپیدا زۆر دزێو بوون.
دایە ئەو پەڕۆیەی هەڵگرت کە بە قەفەسی مریشکەکانی دادابوو، پاشان بردی و بەسەر کۆگا کایەکانی دادا. بەردێکی گەورەشی لە سەر دانا.
بابە گیان لەو دیوی پەنجەرەوە لە ئاسمانی دەڕوانی.
دایە کوتی: ئەوە هەر ڕاوەستاوی!
بەسەر منیشی دا گوڕاند: بۆ ڕاوەستاوی؟
کوتم دە گیانم دەرچوو هێند ماندوو بووم.
لەیلا کوتی هەک گیانت دەرچێ.
بابە گیان لەو دیوی پەنجەرەوە کوتی: منداڵە لێی گەڕێ!
لەیلا کوتی هەر بۆیە ئازارم دەدا، بە منداڵم دەزانێ.
چاوەکانی بابەگیان وەبریقە بریق کەوتن و پێکەنین.

زوو زوو خۆڵەکانم دەردەدا. یەستا پێمەڕەکەم وەبریقە نەکەوتبوو. دمی پێمەڕەی کرێکارەکان هەمیشە هەر دەترووسکێتەوە.

دایە کوتی: پەلە مەکە!

بابە گیان هاتە حەسارێ. سینگی هەر نیخەی دەهات. دەستی بە دیوارەوە گرتبوو. لەیلا هەڵات بۆ لای. لینگە کەوشەکە لە لاقی هاتە دەرێ. بابە گیان وەکۆخە کەوت.

لەیلا کوتی : کاکە ئازارم دەدا.

وەک پشیلەش هەر خۆی لە لاقی بابەگیان هەڵدەسوو.

دایە کوتی: دایدەبێژین، هەر ئەورۆ دایدەبێژین!

هەورەکان لە ئاسمان هەڵدەمسان، قژی لەیلا لە با دا پەخش و پەرێشان دەبۆوە، بابەگیان پاڵی بە دیوارەکەوە دا. مراوی جیرانەکەمان دەیقرتاند.

لەیلا کوتی ئێمە جووجەڵەمان نییە!

بابە گیان کوتی: کچی جوانم، نەرمونۆڵەکەم!

دایە کوتی: ئەورۆ قورەکە دەگرینەوە.

دایە پێمەڕەکەی لە من وەرگرت. بابەگیان هەڵترووشکا و هێڵەگی بە دەستەوە گرت. دایە ڕاوەستا.

بابە گیان کوتی : دەتوانم.

لەیلا هات و لینگە کەوشەکەی لە پێ کرد.

بابە گیان کوتی: یاڵڵا دەی.

دایە پێمەڕەکەی لە عەرز دا. هێڵەگەکە لە دەستی بابەگیان دا زۆر قورس دەهاتە بەر چاو. هێڵەگی سووڕاند. خاک و خۆڵ لە هێڵەگ درا. نەرم و ڕەش بوو. هەر چیلکە و چاڵەکەی ماوە. بابە گیان لە قووڵکەکەی خستن. شانی داکەوت. ئێسکی شان و پیلی وەدەرکەوت. بەری بە کۆخینەکەی دەگرت.

دایە کوتی : دیتت!نەمکوت!

لەیلا کوتی بچینەوە وەتاغێ.

بابە گیان چاوی لێکرد.

دایە دیسان خۆڵی لە هێڵەگەکە کرد.

بابەگیان بە تووڕەییە وە کوتی: دیسانیش!

تۆری هێڵەگەکە ورگی دا. دەستی بابە گیان شل بوو.

لەیلا کوتی: بابە گیان...

بابەگیان بە تووڕەیی کوتی: بێ دەنگ بە !

وە هانکە هانک کەوتبوو.

لەیلا دڵی پڕ بوو. بابەگیان هێڵەگی هەڵسووڕاند. دەموچاوی هەڵمسابوو. دەماری لاجانگەکانی چڵێیان دەدا. هێڵەگەکەی لە دەست بەربۆوە. چیلکە و چاڵی نێو هێڵەگەکە بە وڵاتدا بڵاو بۆوە.

لەیلا بە ترسەوە کوتی: بابە...

بابە وەکۆخە کەوت. دەستەکانی قوچاند و لە خۆڵەکەی ڕاکرد.

دایە کوتی هەستە!

چاوەکانی بابە ئاوی تێ زا.

دایە کوتی: ماڵە تۆم خرا نەکرد خۆ گوێ نادەیەی.

بابە بە دەم کۆخینەوە کوتی: زمانت گرێ دە!

لەیلا خۆی بە دەستمەوە نووساند. لە قووڵاییەکە هاتینە دەرێ.

دایە دانیشت و پشتی بابەگیانی داماڵی. بە ئێمەی کوت : بچنە وەتاغێ!

لەیلا چرتەی نەکرد. کێشام. دەستی کێشا دواوە و دانیشت. شانی بابە گیان دەلەرزی.

دایە کوتی: نابێ بێیە دەرێ.

بابە بەرەو قووڵکەکە خۆی کۆم کردەوە.

-ماندوو بووم.

دایە کوتی: ماندووی چی بووم.

-هەر لێرە بمنێژن، لە لای لەیلاکەی خۆم.

-لووتی دایە وەپتە پت کەوت. ڕووی وەرسووڕاند. لەیلا باسکی گرتم. بابە دیسان وەکۆخە کەوت. دایە چوووە ژێر پیلیەوە. نەیتوانی بەرزی کاتەوە. بابە بە عەرز داکەوتبوو. دەستێکی لە ملی دایە و دەستەکەی تری هەر لە خۆڵەکە دابوو.

دایە بانگی کردم. چوومە هانای. بابەگیان هەستا. سینگی وە نیخە نیخ کەوتبوو. چووینە وەتاغێ. بابەگیان ڕاکشا. دایە جێوبانەکەی بۆ ڕاخست. کوتی: لەیلا بانگ کە و پەنجەرەکە داخە.

تایەکی پەنجەرەکەی داخست، لەیلام بانگ کرد. لەیلا وەڵامی نەدایەوە. لەلای خۆڵەکان دانیشتبوو. پشتی لە من بوو. هەر جارەی مستێکی خۆڵ هەڵدەگرت و دەیڕشتە قووڵکەکەوە.

**سەرچاوە:**

**غفار زادگان، داود، گزیده ادبیات معاصر، مجموعه داستان، تهران: ١٣٧٨.**



## ئاری بابان:
## هونەرمەندی خۆڕسکمان هەبووە کاری زۆر جوانی کردووە.. جوانیی هونەرمەندی کوردیش لە هەمەجۆریی ئیشەکانیاندایە

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ – ٢)**

بینەری تابلۆیەکـــانی ئاری بابان ئەوەیان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو هونەرمەندە بەردەوام هەوڵ دەدا بچێتە ناو دنیایەکی دیکەوە کە دنیای ئەو واقیعە نییـــە ڕۆژانە لەناویدا دەژی و دەیبـــینێ، چونکە وردەکارییەکانی ناو ئەو واقـیـعـە دەبنە مـایەی هەڵچوون و گـرژی و ئازاردان بۆی، هـەر ئەمـەش وای لێ دەکات بەرەو جیهانێکی سەرەتایی و ساکار ڕابکات، کـە سـیـمـای ئەو واقـیـعـە مـاددییـە بەرجەستەیەی لێ داماڵراوە. خوڕی و عەفەوییەتی هێڵ و خـــەتەکـانی، بە هی منداڵان دەچێ، کـە ڕەنگدانەوە و ئاوەژووبوونەوەی خـــەیاڵی بزۆزی ئەوانە و پڕە لە جووڵە و بێ گەردی و بێ گوناهی، بەڵام ئەو هێڵانە هی کەسێکن کە باوەڕ و متمانەی بەخۆی هەیە، تا هێزێک بداتە ئەو هەڵوێستانەی دەیەوێ ڕوونیان بکاتەوە.

ئافرەت لەلای ئەو هونەرمەندە سەرچاوەی هەموو بەخـــشش و داهێنانەکـانە، کـە هـەر لەو ڕۆژەوەی لەسـەر ئەو ئەرزە پەیدا بووە لە ئادەم و حـەواوە تا ڕۆژی ئەورۆ لای ئەو تاکـە ڕەمـزێکە بۆ گـوزارشت کـردن لە بەخـشین و قـوربانیـدان، بۆیەش وەک دەلالەت و بەهایەکی بەنرخی خۆبەشی و بەخشین تەماشای کراوە. ئافرەت بێجگە لە لایەنی جوانی و ئیستێتیکییەی، هونەرمەند پتر وەک «جیهانبینی» بینیویەتی، چونکە ڕەمزێکی گەورەیە بۆ بەردەوامی و ژیان.

ئاری بابان یەکێکە لەو هونەرمەندە شێوەکارانەی بەردەوام بەدوای ئەوەوەیە خودی خۆی بدۆزێتـەوە. چەندی بینەران دەیانەوێ لە هونەرەکـــەی نزیک ببنەوە، ئەوەندەش بینەرەکانی لێی دوور دەکەونەوە، تا دواجـار دەگـەنە قـەناعـەتێکی هاوبەش لەوەی دەیانەوێ بیگەنێ. لە گفتوگۆیەکی دوورودرێژدا، بە یادی جاران لە بارەی هونەری شێوەکاری و ژیانی هونەریی خۆی دواندمان و ئەزموون و تەمەنی زیاتر لە چل ساڵی هونەریی ئەومان بەسەر کردەوە و ئەم هەڤپەیڤینەی لێ کەوتەوە..

**رامان:** لەلای ئێمەدا یەک گرفت هەیە کە ئەویش زۆر کەرەت هونەرمەند بۆ ئیشەکانی عەقڵی زاڵ دەکات، واتە دەیەوێت عەقڵی خۆی ئاراستە بکات و بەو بەعەقڵ و رۆشنبیرییەی لای خۆی کەڵەکەی کردووە، دەیەوێ بەسەر کارەکانیدا زاڵ بکات، بەڵام کاری هونەری و نهێنیی گەورەییەکەی لەوەدایە کە بەو رۆشنبیری و عەقڵانییەتە، بەو میراتە میللییەی باست کرد، یان ئەوەی بە هەستەکانی هونەرمەند لەلای کەڵەکە دەبێ، ئەمانە بینە بەشێک لە نەست و لە جیهانبینی و کەسایەتی و زەوق و هونەرەکەی ئەودا بتوێنەوە. پرسیار ئەوەیە: ئەو جیهانبینییە هونەرییەی لەلای تۆ دروست بووە چەند بەسەر ئەو بیر و رۆشنبیرییە جۆراوجۆرەی خۆتدا زاڵ بووە، روونتر بڵێم عەقڵانییەت چەندە راستەوخۆ بەسەر کارەکانتدا زاڵ بووە و بووەتە سانسۆرێک بۆ ئاراستەکردنی هونەرەکەت؟

**ئاری بابان:** بەڕای من هەردوو حاڵەتەکە بۆ هونەرمەند پێویستن، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئەوەی بە عەقڵ کاری کردبێ کارەکەی هونەر نەبێ، چونکە بە خۆڕسکانەش هونەری جوان دروست دەکرێت، هونەر لای من دەریایەکە، ئەو دەریایە کۆمەڵێک جۆگەلەی هەیە، یەکێک خۆڕسکانە، یەکێکی تر عەقڵانی کار دەکات، بەڵام هەموویان دەڕژێنە ناو یەک دەریا و یەک ئۆقیانووسەوە، ئەوەی بە عەقڵانییەت کاردەکات و کاری جوان دەکات، ناتوانم لە هونەر دایبڕم، ئەوەی زۆر خۆڕسکانەش کار دەکات و هیچ رۆشنبیرییەکی نییە، ناتوانم ئەویش لە هونەر دابڕم، ئەوەش دەچێتە ناو ئاراستەیەکی ترەوە، ئەوەی هاوسەنگی بە هەردووکی دەدات، ئەوە دەچێتە ئەو ئاراستەیەوە، ئەوەش کە هونەرێکی تەجریدی رووت ئیش دەکات و لە هەموو شێوەیەکی دادەبڕێت، هەروەک مۆدیلیانی ئیتاڵی هونەرمەند دەڵێ: من بەهیچ شێوەیەک بازنە ناکێشم، چونکە بازنە ئیحا بۆ پرتەقاڵ، یان بۆ مەمکی ئافرەت دەدات، ئەو دەڵێ من بەردەوام شتێک دەکێشم کە ئیحای هیچ شتێکم نەداتێ، کەواتە ئەمەش هونەرێکە دیسان دەچێتەوە ناو ئەو هونەرەی پشت بە شێوەی تایبەتی، یان شێوەیەکی مەئلووف دەبەستێت، بە پێچەوانەوە هەندێک دێن شێوەگەلی ئەندازەیی دروست دەکەن، ئەمەش هونەرێکی گەورەیە. من ناتوانم ئەوەش



**پیشانگای هونەرمەند ئاری بابان – سلێمانی ١٩٨٢**
**ئازاد عەبدولواحید، ئاری بابان، پەری ئەحمەد–ی هاوسەری هونەرمەند**

لە هونەر دابڕم، لەبەر ئەوەی من بەو شێوەیە کار ناکەم، چونکە ئەمیش هونەرمەندە، هونەرمەندێکی زۆر گەورەیشە، بۆیە من دەڵێم ئەوەی وا کار دەکات و ئەوەی جۆرێکی تریش کار دەکات، دەڕژێنە ناو ئەو ئۆقیانووسە گەورەیەوە، ئەگەر بێتو هونەر لەیەک رێبازدا، یان لە یەک ستایلدا کۆبکەمەوە، تەنیا ئەوە کۆ بکەمەوە کە تەجریدە، یان رێبازێکی واقیعییە، بە راستی ئەوە نابێتە هونەر، ئەوە دیسان لە هونەردا ستالینییەت بەناوێکی تر دروست دەکاتەوە، مەرجیش نییە ستالینییەت، ستالین دروستی بکات، تەنانەت ئەوانەی بەناعەقڵانی و بە نەستیش کار دەکەن، دیسانەوە دەکەونە ناو لە قاڵب دانەکە، ئەگەر من بێم و هونەر لە قاڵبی تەجریددا کۆ بکەمەوە، ئەوەش ستالینییەتە لە هونەردا.

**رامان:** تۆ دەتەوێت بڵێیت پێویستە هەمەچەشنیی هەبێ، بەڵام بزانیت ئەوە چۆن جێبەجێ بکەیت، لەو حاڵەتەدا دەپرسین: چەند باوەڕت بەوەیە لەبەرهەمهێنانی هونەردا ئەو کارە داهێنانی تێدا بێ؟ لە کاتێکدا لە بواری هونەری شێوەکاری و مۆسیقادا مەسەلەکە گەڕانەوەیە بۆ ناخ و ڕوح، ئەو شتەی کە لە نەست و ناخی ئینسانەوە دەردەچێت؟

**ئاری بابان:** بەڕای من هەموو هونەرێک گەڕانەوەیە بۆ ناخ، چونکە تابلۆم هەیە ڕەنگە مەسەلەیەکی فیکری رووت بێت، لەوانەشە من خۆم وای نەبینم، چونکە ئەگەر ئەو تابلۆیە پێش وەخت گوزارشت نەبێ لەناخی خۆم و لە رێگەی ناخی خۆمەوە گوزارشت لە بابەتەکە نەکەم، ئەوە

لەلام نابێتە تابلۆ، من ئەگەر گوزارشت لە ڕووداوێکی سیاسیش بکەم، دەبێ لە ڕێگەی بۆچوون و ناخی خۆمەوە گوزارشت لەو ڕووداوە بکەم. کەواتە پێش ئەوە خۆمم.

**ڕامان:** زۆرجار ئەو ناوەڕۆکەی دەتەوێت بیڵێیت بە مەبەستی زەق کردنەوەیە؟

**ئاری بابان:** ڕاستە زەق کردنەوەیە، بەڵام ئەوە هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون ناگرێتەوە، ئەوە هونەرمەندێک دەگرێتەوە کە بیەوێت تابلۆی ڕووداوەکە بکێشێت بەبێ ئەوەی ئەزموونێکی هونەریی هەبێت، ئەگەر تۆ ئەزموونێکی هونەریت هەبێت، ئەوە لە ڕێگەی ئەو ئەزموونەوە ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە ڕووداوەکە دەکەیت.

**ڕامان:** من هەست دەکەم ئەم بۆچوونە کاریگەریی ڕۆشنبیریی مارکسی بەسەرەوەیە، چونکە ماوەیەک ئەوان ناڕاستەوخۆ باوەڕیان لەسەر ئەوەبوو کە دەبێت ناوەڕۆک ڕوونتر بێ بۆ تێگەیشتن..

**ئاری بابان:** ئەو مناقەشەیەم لەگەڵ تۆشدا کردووە، کاتی خۆشی کە زۆر مارکسییانە بیرم دەکردەوە لەگەڵ ئەو فیکرە ستالینییە زۆر دژ بووم، باسی فیشەرمان دەکرد کە چۆن فیشەر بڕوای بە فرە قوتابخانەیی هەیە، لە قۆناغی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا بیرم لە فیشەرەوە نزیک بوو زیاتر لە ستالینیەت، فیشەر دژی مەسەلەی ستالینیەتە. کاتی خۆی من وام بیردەکردەوە، دەموت قوتابخانە لە سەرمایەداریدا یەک جۆرە قوتابخانە نییە، لە تەجریدەوە تا واقیعییەت کە قوتابخانەیەکە لە هونەری بۆرژوازیدا هەیە، من بیرکردنەوەی ئەوسا باس دەکەم. دەموت کەواتە هونەری سۆسیالیستی دەبێ هەموو ئەزموونەکان لە تەجریدەوە تا واقیعییەت مومارەسە بکات و تاقی بکاتەوە، ئەمە وای لێ کردم ئەو ماوەیە پێم بڵێن سوریالی، چونکە شێوەکانم زۆر لە هونەری واقیعییەوە دوورن.

**ڕامان:** ئێستا تۆ تا چ ڕادەیەک هەست دەکەیت جیهانبینییەکت هەیە کە هی خۆتە، واتە ئەو جیهانبینییە تایبەتە بەخۆت، یان لەو قۆناغەدا تۆ بەرەو پێگەییشتنی ئەزموون و جیهانبینی خۆت دەچیت و هەست دەکەیت ئەو ئەزموونە لە ئەنجامی کارکردنی ئێوەیە بە

**هێشتا هەست دەکەم ئەو تابلۆیەی دەمەوێت بیکەم، نەمکردووە، جاری زۆر تابلۆ ماون دەمەوێت بیانکەم و نەمکردوون.**

درێژایی ئەو ساڵانە و جیهانبینییەکی دروست کردووە کە تایبەت بێ بەخۆت؟

**ئاری بابان:** من دەتوانم بڵێم تا سەرەتای ٢٠٠٨-یش کە لەسەر ئەو قۆناغەی پێشووم بەردەوام بووم، واتە قۆناغی سێیەم، ئەو تابلۆیانەم هەموویان تایبەتن بە من و بە ناخی منەوە، گوزارشتیان لە هەرچی کردبێ، من و ناخی منن، بە ڕەنگ، بەو فۆرمە باریک و درێژانە، بەو یاری کردنە بە ماسولکە، بەو کەشتیانە کە بەردەوام لای من لە ئەفسانەدا کەشتی نووح دەوری هەبووە، ئەویش مەسەلەی لەناوچوونی ئادەمیزادە، ئەوانە هەموویان هاتوونەتە ناو ئەو موفرەداتانەی بەکارم هێناون. زۆرجار موفرەداتم بەکارهێناوە، هەستم دەکرد خۆم بۆیان دەگەڕێم و خۆم دەیاندۆزمەوە. لە چوارچێوەی گەڕاندا دۆزیومەتەوە، بۆیە موفرەداتەکانم خۆش دەویست، تا ئەو قۆناغە خۆم بووم.

**ڕامان:** باسی موفرەداتی خۆتت کرد، تۆ بە چ موفرەداتێک دەناسرێیتەوە؟ وەک چۆن قەلەڕەش لە ئیشی عەلاء بەشیردا ئامادەیە، ئاوێنە لە لای هونەرمەندێکی تر زۆر ئامادەیە، تۆ بە زۆری چ موفرەدەیەک، چ فیگەرێک ئامادەیی بەردەوامی لە ئیشەکانتدا هەیە؟

**ئاری بابان:** فیگەری ئینسان، کچ بێ، یان کوڕ. تەنانەت کە سندووقی بوراقم کردووە، کچێکم کردووە لەسەری پاڵ کەوتووە، هیچ تابلۆیەکم نییە بێ فیگەری ئینسان. فیگەری ئینسان لای من بناغەیە، ئەویش هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من ئینسان بە پیرۆزترین بوونەوەری سەر زەوی دادەنێم، هەموو ئەو بوونەوەرانە لە دەوری ئینساندا دەسووڕێنەوە، زۆرجار ئەوەشم گوتووە کە تابلۆکان بۆ وا باریک و درێژن، سەرەڕای ئەو پیرۆزییە کە ئەو ئاسمانە و هەموو ئەو زەوییەی داگیرکردووە، سەیر دەکەی ئەو ئینسانە مەزنە، زۆرجار بە پێوەدانی مێشولەیەک دەمرێت، تەنیا مێشولەیەک پێوەی دەدات و دەمرێت، ئینسان لە هەموو چەمکەکاندا گەورەیە. کەواتە لای من ئینسان چەندێک گەورەیە، ئەوەندە لە چاو تررووکانێکدا فاشیەک دەتوانێت بە فیشەکێک لەناوی ببات. بۆ نموونە ڕۆمانی (قدر الأنسان-

چارەنووسی ئادەمـــیـــزاد)ە کــە زۆر کـــاری تێکردم، لە ڕۆمانی (قدر الأنسان)دا فاشییەکان لە چاوترووکانێکدا بە فـیشـەکێک کوڕەکەیان لەناو برد، باوکەکە دەڵێت من شەست ساڵم ویست بۆ ئەوەی ئینسانێکی پێگەیشتوو دروست بکەم، بەڵام فـاشـیـیـەت یەک چرکـەی ویست بۆ ئەوەی لە ناوی ببات. بەراوردکردنی شەست ساڵ بەیەک چرکـەی مردن. ئەمـە ئینسـان بە دیارییـەوە دەوەستێت و شـەست سـاڵی ویست بۆ ئەوەی ئینسـانێکی تەواو و پێگەیشتوو دروست بکات، هزر بە ئینسانێک بدە، ئەو ئینسانە هزر وەربگرێت، بەڵام فـاشـیـیـەت بەیەک چرکە دەیکوژێت. ئەم پرســە لای من وەســتــاوە، لای من گـەورەیی ئینسـان و لەناوبردنی ئینسـان بەو چرکـەیە دەورێکی زۆری هەبووە.

**رامـان:** دەتوانین بڵـێین ئەوە شـیکاری تۆیە بۆ ئەو فیگەری ئینسانانەی دروستت کردوون و لەناو تابلۆکاندا بەو تەرزە شێوازەی کە هەیە دەرکەوتوون؟

**ئاری بابان:** بێ گومان بەو شێوەیە و بەو یاری کردنە بە ماسوولکە دەوری خۆی هەبووە و نەمتوانیوە مرۆڤ لە ساتێکی ئاساییدا بکەم. بۆ نموونە کە کەشتییەکەی نووحم لە ساتێکدا خستووەتە سەر شانی ئافرەتێک، دەبێت ئەو ئافرەتە لەواقیعدا ژیانێکی سروشتی و ئاسایی نەبێت، چونکە کەشتی نوح واتە رزگارکاری ئادەمیزاد، کەواتە دەبێت بە بۆچوونی من لەو تابلۆیەدا ئادەمیزاد فریادڕەس بێت، من کە شیکاریم بۆ مەسەلەی کەشتییەکەی نووح کردووە، هەستم کردووە پیاو لە زەمەنێکدا بۆمبی ئەتۆمی دروست کردووە، ناپاڵمی دروست کردووە و خەڵکی کوشتووە، یەکەمین جەنگی جیهانیی بەرپا کردووە، دووەمین جەنگی جیهانیی بەرپا کردووە، وا بەرەو سێیەمین جەنگی جیهانیمان دەبات.

**رامـان:** تۆ پێت وایە لەم کـارەسـاتانەدا ئافـرەت رزگاریکارە؟

**ئاری بابان:** پیـاو ئەمـانەی دروست کـردووە و شـەڕی کردووە، کەواتە هۆکاری ئەمە چییە؟ هۆکارەکەی ئەوەیە ئافـرەت وەک پیـاو لەناوەندی بڕیاردا نەبووە. ئەگـەر رۆژێـک لـە رۆژان لـە نـاوەنـدی بـڕیـاردا بـێـت، ئـەوە کـۆمەڵێکی هاوسـەنگ دروست دەبێت. کـەشـتـییـەکـەی نووحم لەسەر شانی نووح وەرگرتووە و خستوومەتە سەر شـانی ژنێک، بۆ ئەوەی هەست بکەم لە کـۆتاییـدا ئەو



ئافـرەتە ئێـمـە رزگـار دەکـات و لە سـێـیـەمین جـەنگی جـیـهـانیی دەمـانپـارێزێت، ئەمـە چەمکێکە، کە ئافـرەتم دروست کردووە، یاریم بە مـاسـوولکەی کردووە و ئافرەت کەشتییەکەی نووحی لەسەر شانە.

**رامـان:** دەتوانین بڵـێین نهـێنی ئامـادەیی ئافـرەت لە تابلۆکانتدا هەر ئەوەیە، یان شتی تریشی لەپاڵە؟

**ئاری بابان:** بێ گـومـان دەلالەتی زۆری لەپاڵـە، هەر تەنیا ئەوە نییە، ئامادەیی زۆری هەیە و شیکاری زۆریش هەڵدەگرێت.

**رامان:** بێجگە لەوەی ئافرەت دەتوانێ هاوسەنگییەکە رابگرێ و ببـێـتــە رزگـــاریکار، بوونەوەرێکی هیوابەخشیشە؟

**ئاری بابان:** لە هەندێک تابلۆدا ئافـرەت هیـوابەخشـە، لەتابلۆی (پیاسەی ئێواران)دا پیاو لە ئاکامی جەنگەوە کـۆڵی داوە، کەسێکە لە رووی جەسـتـە و دەروونییـەوە شێـواو دروست بووە، ژنەکـەشی وەک خـۆی شێـواندووە. لەوکاتەی پیـاوەکە سەری دادەگرێت و هیـوای نامێنێت، ژنەکە بەدەستی چەناگەی بەرز دەکاتەوە و دەڵێت سەیری پێـشـەوە بکە هێـشـتـا هیـوامـان مـاوە بابڕۆین، ژیان بەردەوامــە و زۆری مــاوە، ئافــرەت بەردەوامی ژیانە،

کەسێکی پڕ بەخشش، میهرەبانە، هێمای خۆشەویستییە، هێمای خاکە، هێمای ئەو تێکەڵاوبوونەیە وەک چۆن ڕەگی دار بە خاکەوە بەستراوە و خواردنی بۆ دێنێت، دیسانەوە ئەو کۆمەڵە بەخشش لەو ئافرەتەدا دەبینێت لەکاتێکدا کە خۆشەویستە لە هەمان کاتدا دایکە، خوشکە، دراوسێیە، جوانییە. ئەمانە هەمووی تێدایە و تێیدا کۆ دەبێتەوە، بۆیە زۆرجار پەنا دەبەمە بەر ئافرەت. هەروەک دەشڵێن کاتی خۆی ئەوەیان زۆر دەگوت لە کۆمەڵێکی وەک کۆمەڵی ئێمەدا کە کۆمەڵێکی باوکسالارییە، ئەگەر پیاو جارێک زوڵم و زۆری لەسەر بێت و جارێک بچەوسێتەوە، ئەوە ئافرەت دووجار دەچەوسێتەوە، کەواتە دەبێتە بەرجەستەیەکی دیار لەو حاڵەتەی کە تۆ دەتەوێ دەری بڕیت.

**ڕامان:** زۆرجار دەڵێن گۆرانیبێژ، مەقام نەزانێت کەموکورتییەکی زۆر گەورەی تێدا هەیە، چونکە نازانێت لەسەر چ مەقامێک بڕوات، بەستە لە کوێ بڵێ، بە هەمان شێوە من ڕام وایە هونەرمەندیش پێش ئەوەی بکەوێتە ئەوەی فیگەرەکانی خۆی بشێوێنێت و چۆنیان تەماشا دەکات و چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، ئایا پێویست نییە ئەویش لە توێکاریدا، لە ڕیتمی تابلۆ، لە ڕوانگە (منظور)دا شارەزا بێت، ئینجا بکەوێتە سەر ئەوەی فیگەرەکانی تێک بشکێنێت؟

**ئاری بابان:** ئەمە چەند لایەنێکی هەیە، یەک لایەنی نییە، من وا سەیری دەکەم کە بەڵێ پێویستە هونەرمەند لێکۆڵینەوەی توێکارییەک، هێڵکارییەکی جوان، یان فیگەرەکانی دیراسە بکات، ئەمانە هەموویان پێویستن، بەڵام لە هەمان کاتدا کە ئەمانە بۆ هونەرمەند پێویستن، زۆر هونەرمەندیش هەن خۆڕسکانە کاریان کردووە و هونەرمەندی خۆڕسکی بوونە، بەڵام شتی جوانیان کردووە، واتە جیهانی هونەر جیهانێکە دەبێت مرۆڤ بە دیارییەوە بوەستێت و ناتوانرێت یەک لایەنە لێک بدرێتەوە، بۆ نموونە کابرایەک لە مۆزارت-ی پرسی: ئەرێ چۆن دەتوانم سەمفۆنیا دابنێم. پێی وت: دەبێ لێی بکۆڵیتەوە و وا بکەیت وا بڕۆیت. وتی: تۆ لە سێزدە ساڵیدا سەمفۆنیات دانا، هێشتا شارەزاییت لە مۆسیقا نەبوو. وتی: من بە کەسم نەوت و پرسیارم نەکرد. من مۆزارتم دەزانم چۆن دادەنرێ.

**ڕامان:** ئێستا هونەرمەند هەیە لەسەر هونەری شێوەکاری کوردی ماڵە، ئەگەر بێتو ئەسپێک دروست بکات، تۆ نازانیت ئەوەی دروستی کردووە کەرە، یان بارگیرە، هونەرمەندە و ناویشی زۆر دێت و ڕەنگە ناوی لە هونەرمەندە داهێنەرەکانیش زیاتر بێت، بەڵام تەماشا دەکەیت پیاوێکی لەسەر پشتی ئەسپێک دروست کردووە، پیاوەکەی بەشێوەیەک دروست کردووە مەنزوری تەواو نییە، واتە نەیزانیوە ئەو مەودایانە چۆن ڕێک بخات.

**ئاری بابان:** با من پرسیارێک بکەم، ئایا ئەوەی ئەو کردوویەتی، ئەوە هونەرە؟ ئایا هەموو ڕەسم کردنێک هونەرە؟

**زۆر زەحمەتە مۆرکی نەتەوەیی بدرێت بە هونەر، بە تایبەتی هونەری شێوەکاری**

**ڕامان:** ئەگەر هونەر نییە، ئەی بۆ ئەوەندە گرینگیان پێ داوە؟ ئایا ئەوە ناگەیەنێت کە لەلای ئێمەدا کەموکورتییەک هەیە؟ بەپێی ئەو چەمکەی (گارۆدی) کە دەڵێت لە ناخی هەموو ئینسانێکدا هونەرمەندێک نووستووە، سەرەتا پێویستە هونەرمەندەکەی ناخمان بە ئاگا بێنین، بۆیە خەڵک دەناسم هیچ پێوەندی بە هونەری شێوەکاری و میوزیکەوە نەبووە، بەڵام بەڕێکەوت بووەتە هاوڕێی برادەرێک کە میوزیکژەن بووە، پاشان وردە وردە مەیلی بۆ ئەو هونەرە جووڵاوە و چووەتە چەند خولێک و وردە وردە فێر بووە و بووەتە میوزەکژەنێکی باش، لە هەمان کاتیشدا خەڵک دەناسم بە ڕێکەوت چووەتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، لەبەر ئەوەی پلەکانی باش نەبوون، بەڵام لەوێ لەناو کۆمەڵێک کەسدا چەند کەسێک هەڵکەوتوون، چونکە هەست دەکەیت ئەو کەسە خەریکە لەناخیدا ئەو هونەرمەندە بە ئاگا دێنێت. مامۆستایەکانی سەرەتا فێری دەکەن تابلۆی هونەرمەندە گەورەکان نەقڵ بکەن، لە نەقڵ کردندا کە لاسایی کردنەوەیە تەکنیک فێر دەبێت و ڕەنگ دانان و تەکنیکی بەهێز دەبێ، جاری وا هەیە ئیحساسی ڕەنگی باش دەبێت، ئەمە مانای ئەوەیە ئەوکەسەی دەبێتە هونەرمەند و بۆ هونەری میللەتێک

کاردەکات، دەبێت بەو قۆناغانەدا تێپەڕێت و هەندێک ئیش هەیە بیکات، لاسایی بکاتەوە، نەقڵ بکات، تابلۆ بکێشێت، بەردەوامیش ئیش بکات، سکێچ بکات و لە چایخانەکان دابنشێت و هێڵکاری دەموچاوەکان بکات.

**ئاری بابان:** هەموو ئەوانە ڕاستن، من بە هەموو ئەو قۆناغانەدا تێپەڕبووم، لە چایخانەکاندا وێنەم کێشاوە.

**ڕامان:** من ئێستا بۆیە ئەوە دەڵێم، چونکە بیروڕای تۆم مەبەستە.

**ئاری بابان:** کێشەکە لە شتێکدایە، باسی ئامۆژگا و ئەکادیمیای ئێرە ناکەم، باسی ئەکادیمیای بەغدا دەکەم، بە سەدان قوتابی کورد دەرچووی هونەرە جوانەکانی بەغدان، لەوەتی ئەو ئەکادیمیایانە هەن تا ئێستاکە بەسەدان قوتابی کورد دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانن، لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکاندا هێڵکاری، گوێزانەوە، ئاوی ئەوانە هەمووی دەخوێنن، بەڵام چەندیان بوون بەهونەرمەند پرسیارەکە ئەوەیە.

**ڕامان:** ئەوانە عەشقەکەیان تێدا نەبووە.

**ئاری بابان:** بەڵێ ڕاستە کۆمەڵێک هۆکاری تر هەیە دەور دەبینێت، لەوانە عەشقەکەیان تێدا بەردەوام نەبووە، کەواتە لێرەدا هەندێک هونەرمەند هەن، ئەوەی خوێندوویەتی توانیویەتی ئەوە لە ئیشەکانی خۆیدا تەوزیف بکات و ئیشی جوان بکات و ببێتە هونەرمەندێکی باش. هەشیانە خوێندنی تەواو کردووە و بووەتە مامۆستایەکی باش، ئەوەش دەوری خۆی هەیە کە بووەتە مامۆستایەکی باش. لە ساڵێکدا پەنجا کەس خوێندن تەواو دەکەن، دووانیان دەبنە هونەرمەندی باش، باشە خۆ هەموویان هێڵکارییان خوێندووە، هەموویان ئاوییان خوێندووە، کەواتە فاکتەری تر هەیە و کاریگەری خۆی هەیە، خەڵکانێکیش هەن هیچیان نەخوێندووە و خۆیان لەماڵەوە خۆیان پێگەیاندووە و بە هەوڵ و ئەزموونی خۆیان پێگەییون و بە ئەزموونی خۆیان کاریان کردووە.

**ڕامان:** ئاخر ئەوانە بەو ئەزموونانەیان، ئەو قۆناغانەیان بڕیوە، هێڵکارییان کردووە، مومارەسەی هونەریی بەردەوام و باشیان هەبووە.

**ئاری بابان:** ڕاستە هەمووی کردووە.

**ڕامان:** ئەو هونەرمەندەی لە ناخیەتی پەروەردەی



کردووە، ئەو بەهرەیەی لەخۆیدا دۆزیوەتەوە و درێژەی پێ داوە و بەو عیشقەوە کاری بۆ کردووە.

**ئاری بابان:** کەواتە کێشەکە ئەوەیە چۆن ئەو هونەرە پەروەردە دەکات کە لە ناخی خۆیدا هەیە؟ بە چ شێوەیەک پەروەردەی دەکات؟ ئیتر ئەوە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

**ڕامان:** باشە تۆ لە قۆناغەکانی ئیش کردنی خۆتدا، سکێچ دروست دەکەیت، پاشان لە تابلۆدا جێبەجێیان دەکەیت؟

**ئاری بابان:** بێ گومان ئەوە دەکەم، من تا ئێستاش هێڵکاری شەستەکان و حەفتاکانم هەڵگرتووە. لە شەستەکاندا تەنیا هێڵکاریم کردووە، ئاویم نەزانیوە، دوای ئەوە بە ئاوی کارم کردووە، چونکە ئاوی ئاسان بووە و دەست هەموومان کەوتووە، لە قۆناغێکدا وەک پێشتر وتم لە منداڵی بە (مەلا خەنە) کارمان کردووە، مەلا خەنەم هێناوە و تواندوومەتەوە.

**ڕامان:** لەناو ئەو تەکنیکانە لە هەموویان قورستر کامەیان بووە کارت پێ کردبێ، ئاوی، زەیتی، یان ...؟

**ئاری بابان:** ئەوەی کە قورسە و پێی ئاسوودەم و هەست دەکەم جیهانی منە، قۆناغی زەیتییە، کە قۆناغێکی زۆر زۆر خۆشە، ئێستا جیهانێکی ترم دۆزیوەتەوە و ماوەیەکی زۆرە بە (ئەکلیرک) کار دەکەم و هەست دەکەم (ئەکلیرک)یش کارکردنی خۆشە و زۆر جوانە و ئیشی جوانی پێ دروست دەکرێ، بەڵام قەت تامی زەیتەکە نادات.

**ڕامان:** دیارە لەناو زەیتدا نهێنی کاری خۆت دۆزیوەتەوە؟

**ئاری بابان:** بەڵێ وایە، بۆیە وەک وتم ئێستا بە

(ئەکلیرک) کاردەکەم.

**ڕامـان:** تۆ لەنێـوان ئەکـادیمی بوون و نا ئەکـادیمی (خۆڕسکی) چ خسـتنەڕوو و چ تێگەیشتنێکت بۆ ئەو زاراوانە هەیە و چۆنیان تێدەگەیت؟

**ئاری بابان:** کـە کـۆمـەڵێک زاراوە دەخـرێنە ڕوو، هونەرمـەندێکی خـۆڕسکی، واتە هونەرمـەندێک هەیە بەبێ ئەوەی خـوێندبێـتی کـار بکات، ئەو شـێـوانەی دروستیـان دەکات هەمـوویان شێوەی زۆر خۆڕسکانەن، شێـوەی ئینسـان دەکات، دەڵێی شێوەیەکە لە بۆشـایی ئاسمـانەوە هاتووە. سەیر دەکـەیت شێوەی ئەو ئینسـانە دەهێنێ و دروست دەکات، لە ڕەگی دار کۆمەڵێک شت دەتاشێت و زۆر ئاگای لە هونەری دەرەوە نییە.

**ڕامـان:** ئەمـە لە قـۆناغـێک لە قـۆناغـەکـاندا هونەرمەندی عـەرەب (عـەبدولمونعیم فورات) هەبوو، لە ناو کـوردیشـدا (نەزیر خـێـلانی) هەیە و تا ئێـسـتـەش بەردەوامە.

**ئاری بابان:** بەڵام جـاران کـارەکـانی نەزیر خـەیلانی جوانتر بوون، ئەو هونەرمەندە جاران زۆر بە عەفـەوییەت ئیشی دەکرد.

**ڕامـان:** تۆ پێت وا نـیـیـە لە قـۆناغـێکدا ئیـشی ئەکادیمیش پێویست بێ پێڕەو بکرێت؟

**ئاری بابان:** ئەو هونەرمـەندەی ئیـشی ئەکـادیمی نەکـردووە زۆر خـۆڕسکانە ئیـشی کـردووە، واتە ئەو قۆناغـانەی بە زنجیرە نەبڕیوە و یەکسەر هاتووەتە سەر وێنەکـێـشـانی شـێـوەکـان، کـەواتە ئەوانە هاتوون هونەرمـەندەکـەیان لەناخی خـۆیاندا پەروەردە کـردووە، جیهـانبینییـەکـیان بۆ هونەر هەبووە. مـەرج نییـە هەر قۆناغی ئەکادیمی بە ئەوەندە ساڵ ببڕێ و فێر بێ وێنەی ئەسپ بزانێ. بەڵێ ئیش کردن تێیدا پێویستـە، بەڵام بڕینی بەم شـێـوەیە پێـویست نـیـیـە. لای من وایە تۆ دەتوانی لە چوارچێـوەی بینینەوە، هەندێک قـۆناغ ببڕیت.

**ڕامان:** تۆ کاری پۆستەریشت کردووە، ئەمە چۆن بووە ڕووت تێکردووە؟ واتە ڕایانسـپـاردوویت، یان خـۆت ئارەزووت کردووە لەم بوارەشدا جێ دەستت دیار بێت؟

**ئاری بابان:** من تۆزێک لە پۆستەرەوە دوورم، کەمتر کـاری پۆستـەرم کردووە، بەڵام لە کاتی خۆیدا هەندێک ئیش هەبووە، کە پێـویسـتی بەکـاری پۆسـتـەر هەبووە، کـاتی خـۆی من و عـومـەر دەروێش و سـامـان کـەریم و سوعـاد ستار پیشانگایەکی تایبەتیمان بۆ کاری پۆستەر کـردەوە کـە دژی شـەڕی ناوخـۆ بوو، ئێـمـە کـۆمـەڵێک هونەرمـەند بـووین کـە زۆر دژی شــەڕی ناوخـۆ بووین و کارمـان بۆ دەکرد. من زۆرتر بە بۆنەی تایبەتی پۆستـەرم کردووە.

**ڕامان:** واتە نەتکردووەتە خەمی بنەڕەتی خۆت، لەلات سەرپێیی ڕاگوزار بووە؟

**ئاری بابان:** بەڵێ، زۆرتر لە ئاکـــامی ڕووداوێک کردوومە، زۆریش سەرم لەکاری پۆستەر دەرناچێت.

**ڕامـان:** تا چ ڕادەیەک باوەڕت بە ناوونیـشـان دانان بۆ تابلۆ هەیە؟ تۆ ئەوە بە ڕاست دەزانیت؟ ڕات لەم بارەیەوە چییـە؟ لە کـاتێکدا زۆرجـار دەبینین ئەو ناوونیشـانانە گوزارشت لە تابلۆکان ناکەن، چونکە ڕەنگە هەر قوژبن و قولینچکێکی تابلۆکە دەلالەت و ناوەرۆکێکی هەبێت؟

**ئاری بابان:** زۆر ناوونیـشـان هەن ناوەرۆک دەرنابڕن، هەندێک جـار دەنووسرێت حـاڵەتی یەک، حـاڵەتی دوو، نازانم چی، ئەم ناوونیـشـانانە هیچ بەدەسـتـەوە نادەن، بەڵام هەندێک تابلۆ هەن کە تۆ ناوونیشانی بۆ دادەنێیت کلیلێکی شێواو بەدەستەوە دەدات، مەرج نییە ئەو کلیلە ئەو تابلۆیە بکاتەوە. ئەو کلیلە تەنیا هێمایەکە بۆ ئەوەی کۆمـەڵێک کلیلی تری بۆ بدۆزیتـەوە، چونکە تابلۆ نییـە لەناوونیـشـانێکدا خـۆی کـۆ بکاتەوە. سـەیر دەکـەیت کـۆمـەڵێک فـیگـەر و هێـمـای تێـدایە، زۆر جیـاواز لەو ناوونیشانەی بۆت داناوە، بەڵام هەندێک جار ناوونیشان وەک ئەوە وایە کـە لە دیوارێکی بچـووکـدا کـونێکت دروست کردبێ، لەو کونەوە دەتوانین سەیر بکەین و دوای ئەوە دیوارەکە برووخێنین و بچینە ژوورەوە.

**ڕامـان:** قـۆناغی چوارەم لە ئیش کـردنی تۆدا، لەو ســاڵانەی دوایی دەست پێ دەکــات، ئەمــەیان لە چ ساڵێکەوەیە و تایبەتمەندییەکانی چین؟

**ئاری بابان:** قـۆناغـێک کـە وای لە من کـرد زۆر بەدیار تابلۆوە بوەسـتم، ئەویش پرسیـارێک بوو حـەزم دەکـرد بکرێت..

**ڕامان:** تۆ جارێ باسی ئەو قۆناغە بکە؟

**ئاری بابان:** قــــۆناغی چوارەم لەدوای ســــووتانی تابلۆکانمەوە دەست پێ دەکـات. من کە مـەرسەمـەکـەم و هەموو تابلۆکـانم سووتا، هەر تابلۆیەکم بە قەد منداڵێکی

خـۆم خـۆش دەویست. تابلـۆکـانم زۆر لا خـۆشـەویست بوون، چونکە تابلۆ هەبوو زۆری پێوە مـاندوو ببـووم. مەرسەمەکەم سووتا، هەندێک تابلۆ نەبێ کە لە گەلەری دهۆک بوون مـــانەوە، یان لە کـــەرکـــووک لە پیشانگایەکدا، لەولاش دوو تابلۆم لە گەلەری (زامـوا) بوو، تابلۆیەکم لە کتێبخانە بوو، ئەوانەم بۆ ماونەتەوە، تابلۆکـانی دیکەم سـووتان و دەرنەچوون، یان ئەوەی دەریش چوو زۆر زیانمەند بوو، ڕەشـەوە بوو و بە کـەڵک نەمان. ئەو لەناوچوونی تابلۆیانە وایان لێ کردم هەست بکەم سێ قـۆناغم لێ ڕۆیشت و سـووتان. مـێـژوویەک لەناو چوو، لەبەر ئەوەی من لە حەفتاکانەوە کار دەکەم، ئەوە تەنیا ئەرشیـڤی من نەبوو، ئەرشیـڤی نەتەوەیەک بوو. لە ڕێگەی تابلۆکانەوە کەرکووکی ساڵانی حەفتا بە دەردەکـەوت، لە سلێـمـانیش لە پیـشـانگاکـاندا کاریگەریی ئیشی خۆم بەسەر کەسانی دیکەوە بینیوە، لای چەندین قـوتابی و هونەرمـەند، ئەو شێـوە باریک و درێژانەی ئیـشم لەسـەریان کـردووە، لای خـەڵکی تر بینیـومـە و ڕەنگی داوەتەوە. هەندێک جـار لە هەڵکۆڵیندا ڕەنگی داوەتەوە، هەستم کرد ئەو مێـژووە کە سووتا ڕامی گرت. پرسیم لەمەودوا کە ئیشم کرد هەمان ستایل دووبارە بکەمەوە، یان شتێکی تر بکەم؟ ئەمە وای لێ کردم ماوەیەک بوەستم و بیر بکەمەوە. واتە دوای ئەمە شوێن پێی خۆم لەکوێ دابنێم؟ ئەمە لای من قـۆناغی وەسـتـان بوو. تا وام لێ هات، کۆمەڵێک ئیشی پەلەم لە لا دروست بوو، جیاواز لەو ئیـشـانەی پێـشـتـر بەهێـڵکاری و بە لێکۆڵینەوە و بەمانگ و شەوان دەمکردن، دادەنیشتم یەکسەر چەقۆم هەڵدەگرت لە کاردا گوزارشـتم لەو حاڵەتی فـەوتانی تابلۆیانە دەکرد، لەو سووتانی مێـژووەی خۆم دەکرد و کۆمەڵێک تابلۆم کێشا، ئەمە تا ئێستەش لەگەڵیدا بەردەوامم، هەرچەندێک وردتر و بەتێڕامانتر کار دەکەم، بەڵام لەسـەرەتاوە لە مـاوەی سـاڵێکدا نزیکەی پازدە تابلۆم کێشا، هەموویان ئیشی چەقۆ و ئیشی خێرام بە (ئەکلیرک) هەڵبـژارد، چونکە (ئەکلیـرک) زوو وشک دەبێـتـەوە. چاوەڕێی زۆر ناکـەم بۆ وشک بوونەوەی. لەشـــەوێکدا تۆ دەتوانی تابلۆیەک تەواو بکەیت و بەیانی وشک بێتەوە، تۆ دەتوانیت ئیشی تێدا بکەیت. ئەمە وای کرد خۆڕسکانە کۆمەڵێک تابلۆم لەلا دروست



بێت. هەرچەندە هێشتا ئەو تابلۆیانەم لە پیشانگایەکی هاوبەشدا پیـشـان نەداوە، تائێـسـتـا ئەو تابلۆیانەم لە مـاڵەوە هێـشـتـووەتەوە. من ناتوانم بڵێم ئەمە قـۆناغی چوارەمـە، ئایا لەگـەڵی دەڕۆم، یان ناڕۆم، بەڵام ئێـسـتـە ئیـشی تێدا دەکەم و ئێـسـتـە لای من ئەزمـوونە، بەڵام ئەزموونێک نییە کە پێگەیشتبێت.

**ڕامان:** بۆیە تا ئێستا نیشانت نەداون؟

**ئاری بابان:** ئەزمـوون پێگەیشـتـوو نەبێت، بەڕای من ئەزموونە بۆ ماڵی خۆت، چونکە من زۆر ئیشم کردووە. جارێک زیاتر لە پەنجا ئیشم کرد، بەڵام وەک ئەزمـوون ئیشم کرد و بۆ تەنیا یەک تابلۆ سوودم لێ وەرگرت و ئەو پەنجایەی دیکەم هەڵگرت و بەهیچ شێوەیەک پیـشـانم نەدا، بۆیە هەست دەکەم کە تۆ ئیشێک دەکەیت دەبێت پوختـەی ئیـشـەکەت نیـشـان بدەیت، نەک چیت کـرد نیشانی بینەرانی بدەیت.

**ڕامان:** بۆیە گرنگیی ڕۆشنبیری و هۆشیاری ڕەخنەیی لەلای هونەرمـەند ئەوەیە بتـوانێت ئەو دەورە لەسـەر کارەکانی خۆی بگێڕێت و بتوانێت خۆی ببێتە یەکەمین ڕەخنەگری خۆی لەنێوان نیشاندان و نیشان نەداندا خۆی

بریار بدات و بتوانێت لەو ناوەدا ڕای تایبەتی خۆی هەبێت.

**ئاری بابان:** ئێستە کۆمەڵێک ئیشم کردووە، ئیشەکان زۆر کەم نین، بەڵام ئەو ئیشانەم هەر لەماڵەوە هێشتووەتەوە، زۆرجار شەوان کە ئیش دەکەم، تا خەوم لێ دەکەوێت بەرانبەر خۆم دایاندەنێم، سەیریان دەکەم و دەڵێم بزانم لەگەڵیان مورتاحم، یان لەگەڵ ئەم تاقیکردنەوەیە بڕۆم، یان نەڕۆم؟ قوولتری بکەمەوە، یان وازی لێ بێنم؟ ئاکام لە دوایەمین تابلۆدا هەست دەکەم تۆزێک لەگەڵی ڕۆیشتووم. ئیتر ئەم قۆناغە دەڕوات، کۆمەڵێک ئەزموونی تێدا دەکەم، پێویستی کرد لەو ئەزموونەدا هەندێک هەڵدەبژێرم و پیشانی بدەم و بڵێم ئەمە هی ئەو ئەزموونەیە، بەڵام نایشارمەوە بەردەوام سۆزم بۆ قۆناغی سێیەمم هەیە، ئەو قۆناغەی لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا، کۆمەڵێکیان لە دوو هەزارەکاندا کارم تێدا کردوون و هەست دەکەم ئەو قۆناغەم زۆر لێوە نزیکە، ئەو لەشە باریک و درێژانە، ئەو ئاسمانە.. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لە کار بوەستم دەڵێم ئەو قۆناغە منم.

**ڕامان:** بوونی گالەری، یان موزەخانەی نیشتمانیی لەکوردستاندا زۆر پێویستە، ئەگەر ئەوە هەبێت و کاری هونەرمەندان لەلای خۆیان کۆ بکەنەوە و عەنبارێان هەبێت، یان شێوازێکیان بۆ پاراستنی ئەو تابلۆیانە هەبێت، پێم وایە کارێکی زۆر گرنگ دەکەن، تۆ پێت وانییە ئەگەر ئەو گالەرییە هەبوایە لە پاراستنی کۆمەڵێک لەو تابلۆیانەی تۆ، دەبووە هۆی ئەوەی بەشێک لەو تابلۆیانەت لە سووتان و فەوتان ڕزگاریان بێ، وەک چۆن بەرهەمی خەڵکانێکی زۆر فەوتاون، واتە بیێتە شوێنی ئەرشیڤ کردنی ئەم تابلۆ هونەرییانە؟

**ئاری بابان:** یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی کوردستان ئەوەیە تا ئێستا بیر لەوە نەکراوەتەوە، ئەگەر بیریش کرابێتەوە نەچووەتە واری جێبەجێکردنەوە. بیر نەکراوەتەوە موزەخانەیەکی نیشتمانی بۆ تابلۆی هونەرمەندان هەبێت، وەک چۆن لە هەموو وڵاتێکدا، موزەخانەیەکی نیشتمانی هەیە کە کولتوور و کەلەپووری ئەو نەتەوەیەی لای خۆی کۆکردووەتەوە. من خۆم هەندێک لەو موزەخانانەم بینیوە، بەدیاریانەوە وەستاوم، یەکێک لەوانە موزەخانەی نیشتمانی وارشۆ بوو، کە ئەو هونەرەم بینی هەستم کرد چی هونەری تازەیان، چی مێژووی هونەرییان هەیە لەو موزەخانەیەدا کۆکراوەتەوە. هەر هونەرمەندێک چەند تابلۆیەکی لەوێ هەیە. بە هەزاران خەڵک لە ڕۆژێکدا دەچن و سەردانی دەکەن و کولتووری ئەو نەتەوەیە دەبینن، لای ئێمە ئەوە نییە، هۆیەکەشی زۆرە، چونکە نەک تەنیا نییە، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا هونەر بووەتە بەشێک لە کولتووری نەتەوەییمان؟ ئایا هەموو ڕیستۆرانت و چایخانە و ماڵە دەوڵەمەندێک و هەموو شوێنە گشتییەکان، هەموو وەزارەتەکان بەدوای تابلۆی هونەرمەندێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی هەڵیواسن؟ ئایا ئەو کولتوورە هەیە؟ تاکو ئەو کولتوورە لەلای ئێمە دروست نەبێت، چۆن بیر لە موزەخانەی نیشتمانی بکەینەوە؟ کەواتە موزەخانەی نیشتمانی گرنگە، سەرەڕای ئەوەی کە بە کولتوورکردنی هونەرە لەلای خەڵکی. من زۆرجار شتێکم گوتووە، ئێستەش دەیڵێمەوە و دەڵێم فەرموون هەموو شانۆکاران، هونەرمەندانی شێوەکار، بۆ دوو ساڵ، حەز دەکەی بۆ پێنج ساڵ هیچیان کاری هونەری نەخەنە ڕوو، هیچ پیشانگایەک نەکرێتەوە و هیچ شانۆیەک پێشکەش نەکرێت، غەمی کێیە بڵێ ئەرێ کوا شانۆ بۆ نییە؟ ئایا لەلای کەس دەبێ بە غەم؟

**ڕامان:** پێم وا نییە و نابێتە بۆشایی لەلای کەس، تەنیا دەستەبژێرێک نەبێت.

**ئاری بابان:** لەبەر ئەوەیە هونەر نەبووەتە بەشێک لە کولتووری ڕۆشنبیری لەلای خەڵکی.

**ڕامان:** هونەر لەلامان نەبووەتە پێویستییەکی ڕوحی و ژیانداری.

**ئاری بابان:** ئەوە جیاوازە لەگەڵ کولتوورێکی دیکە، لە شارێکی وەک ستۆکهۆڵم لە یەک ساتدا شەش شانۆگەری لە یەک تەلاردا پێشکەش دەکرێن و تا ئەو ساڵەش هەر بینەری خۆی هەیە، چونکە بووەتە بەشێک لە کولتووریان. بڕۆ پیشانگای شێوەکاری سەیرکە، خەڵک ڕیزیان بۆ گرتووە دەچنە ناو ئەو پیشانگایانەوە و پارەش دەدەن بۆ ئەوەی تەنیا سەیری تابلۆ بکەن. من خۆم لە شارێکی بچووکی وەک شاری (کراکۆفە) لە گازینۆیەکدا بیست و چوار تابلۆی هونەرمەندێکم ژمارد، کە لە یەک گازینۆدا هەڵواسرابوون. مانای ئەوەیە ئەو قاوەخانەیە بایەخ بە ستایل دەدات. لە کوردستان یەک قاوەخانەم پێ

بلێ تابلۆی هونەرمەندێکی تێدابێت، ڕێستۆرانتێکی گەورە کە پێویستە تابلۆی هونەرمەندی کورد و کولتووری کوردی تێدابێت، ماڵی دەوڵەمەندێکم پێ بلێ کە چوار تابلۆی هونەریی هونەرمەندی کوردی لێ بێت، ئەمانە دەریدەخەن کە هونەری شێوەکاری نەبووەتە بەشێک لە کولتووری ئێمە، بەڵام چۆن دەبێتە بەشێک لە کولتووری ئێمە؟ لێرەدا مەسەلەیەکی گرنگ هەیە، کە ناتوانین لێی ڕابکەین، کە ئەویش پرسی پاراستنی کولتوورە. کاتی خۆی لە ئەوروپا کۆمەڵێک خەڵکی دەوڵەمەند هەبوون، بە چەمکی مارکسییەت پێیان دەگوتن (بورژوازی نیشتمانی)، ئەمانە دەچوون تابلۆی هونەرمەندێکیان دەکڕی، بەتایبەتی دەوڵەمەندە جوولەکەکان ئەوەیان دەکرد، یەکێکی وەک (مۆدیلیانی) تابلۆکانیان لێ دەکڕی و لای خۆیان کۆیان دەکردنەوە. دەیانوت تۆ ئیش بکە، ئێمە پارەت پێ دەدەین، پارەیان دەدایێ، ئەو تەنیا ئیشی دەکرد و هەموو تابلۆکانیان کۆ دەکردەوە و پیشانگایەکیان بۆ دەکردەوە و ناوبانگی دەردەکرد و دەبووە ئەو (مۆدیلیانی)یەی ئێستاکە خەڵک بەدوای تابلۆکانیدا دەگەڕێن، ئەمە ئاکامی ئەوە بوو کە دەوڵەمەندەکان دەیانکڕین. هەر هونەرمەندێک لە کۆشک و تەلاری میرێک، یان پاشایەک تابلۆیان کێشاوە، لە (داڤینشی)یەوە بگرە تا (مایکل ئەنجلۆ) کە لە کڵێسە تابلۆی کێشاوە. ئێمە هەرگیز ئەو شوێنە کولتوورییانەمان نەبووە، بایەخیان پێ بدەین. لەوێ کۆشک و تەلارەکان مێژوو و دەسەڵاتی میرەکان پیشان دەدەن، کاتێک لە ئەوروپا کۆشکیان دروست دەکرد، پایەی دەسەڵاتی نیشان دەدا، لێرە کام کۆشک پلە و پایەی دەسەڵات نیشان دەدات کە بایەخیان بە بیناسازی دابێت. کامەیان پشتگیرییان لە هونەرمەندێک کردووە و تابلۆکانیان کۆ کردووەتەوە بۆ ئەوەی دوایی ببن بە بەشێک لە پلەوپایەی ئەو نەتەوەیە؟ ئەمانە هەمووی پرسیارن و پێویستە لە خۆمانی بکەین.

**ڕامان:** لە ئێستا بەدواوە کێشەی بە ئەرشیڤ کردنی ئەو تابلۆیانە و نەفەوتانیان تا لەوە زیاتر نەفەوتێت چۆن چارەسەر بکەین؟

**ئاری بابان:** من تەنیا نموونەیەکی بچووک دێنمەوە کە ئەویش مۆزەخانەی نیشتیمانی لبنانە، حکومەتی لبنانی نەهات یەکسەر مۆزەخانەیەکی گەورە دروست بکات، هات لە هەر پیشانگایەک کە دەکرایەوە تابلۆیەکی لە هونەرمەندەکە دەکڕی. ئەو تابلۆیەی لای خۆی هەڵدەگرت، وردە وردە تابلۆکان لەلای کۆ دەبوونەوە، دواتر ماڵێکی گەورەی بۆ بەکرێ گرت و هەموو ئەو تابلۆیانەی پیشان دا، پاشان تەلارێکی بۆ دروست کردو بوو بە مۆزەخانەیەکی گەورە بەناوی (مۆزەخانەی نیشتمانی لبنان) ئێستە بە هەزاران بینەر سەری لێ دەدەن. ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت کارێکی لەو جۆرە بکات؟ کەواتە دەتوانن لە پیشانگاکان تابلۆ بکڕنەوە و بینایەکی بۆ دابین بکەن و بیکەنە مۆزەخانەیەکی بەردەوام، بێ گومان ئەو بیرۆکەیە ئێستە لە چەند شوێنێکەوە سەری هەڵداوە، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر تاکەکەسی، نەک حکومی، سوپاسی کۆششی ئەو کەسانەش دەکەین کە ئەمەیان کردووە، هەروەک گەلەری (زاموا) کە بە کۆششی تاکەکەسی کراوە. کاتی خۆی لە هەولێر گەلەری (ئەربیلا) ماوەیەک شتی زۆر جوانی نمایش کرد، هەروەها گەلەری دهۆک هەیە، کە ساڵانە تابلۆکانی دەگۆڕێت، ئەمانە هەموویان هەن، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە مۆزەخانەیەکی گەورەیە بۆ هەموو کوردستان، کە کولتووری نەتەوە کۆ بکاتەوە تاکو خەڵکی تەنانەت لە نەتەوەکانی تریش بێن سەیریان بکەن و بڵێین ئەمە کولتووری ئێمەیە.

**ڕامان:** باسی کولتووری ئێمەت کرد، پێت وایە ئێمە بەدرێژایی ئەو هەشتا نەوەد ساڵە لە هونەری شێوەکاری، لە بیستەکان بەولاوە توانیبێتمان مۆرکێک، تایبەتمەندییەکمان هەبێ تا بڵێین هونەرمەندانی کورد بەو مۆرک و خەسڵەتانە ئیشیان کردووە؟

**ئاری بابان:** هەروەک باسم کرد جوانیی هونەرمەندی کورد لەوەدایە هەمەجۆری لە ئیشەکانیاندا هەیە، کە بە کۆمەڵێک ڕێباز کاریان کردووە، هەر لە هونەرمەندی تەجریدەوە کە لە ئەوپەڕی تەجرید کاریان کردووە تا هونەرمەندی واقیعی، کە بەشێوەیەکی واقیعی ئیشیان کردووە، سوریالیمان هەیە، هەموو ڕێبازە هونەرییەکانمان هەیە و ئیش کراوە. بێ گومان ئەمانە وەک هونەرمەندی کورد کاریان کردووە، هونەری شێوەکاری چونکە زمانێکی جیهانییە، زۆر زەحمەتە بڵێین ئەمە هونەری شێوەکاری فەرەنسییە، هونەری شێوەکاری فەرەنسی بە کاریگەریی هونەرمەندە هۆڵەندییەکانی وەک ڤانکوخ و ئەوانە کاریان

کردووە، کەواتە زۆر زەحمەتە مۆرکی نەتەوەیی بدرێت بەهونەر، بەتایبەتی هونەری شێوەکاری. کۆمەڵێک هونەرمەندی کورد کاریان کردووە، کۆمەڵێک ئەزموونی خۆیان هەبووە، لەو ژینگەیەدا کاریان کردووە. بێ گومان ژینگە کاریگەریی خۆی جێ دێڵێت بۆ ئەوەی هونەرەکە پێی بگات، کەواتە ئەو هونەرە بە هونەرێکی شێوەکاری دەخرێتە ڕوو، کە هونەرمەندێکی کورد پێشکەشی کردووە. من تەنیا نموونەیەک دێنمەوە، کاتی خۆی لە بەغدا پیشانگایەکم بینی کۆمەڵێک هونەرمەندی کورد و عێراقی لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی ژاپۆنی بەشدارییان تێدا کردبوو، پیشانگای مندالان بوو، تابلۆی مندالە ژاپۆنییەکان هەمووی ڕەنگی شین، دەریا، کەشتی و ئەوانە بوون، تابلۆی مندالە کورد و عیراقییەکان تۆپ، تانک، ڕەنگی سوور، تایبەتمەندی خۆیان ڕەنگە گەرمەکان بوو، شاخ و نازانم چی، ئەمانە سەیر دەکەی، لای مندالێک بەو شێوەیە دەردەکەوت یەکیان ژینگەی ئاو و کەشتی و ئەمانەیە، ئەمەش ژینگەیەکی گەرمە، لای مندالێک کە ژینگەکەی ئاوابێت، لای هونەرمەندێکیش ئەو ژینگەیە دەردەکەوێت و ڕەنگ دەداتەوە. بەڕای من ئەو ژینگەیە لەو هونەرەدا ڕەنگی داوەتەوە و خاسیەتی تایبەتی خۆی لای هونەرمەندەکە هەیە. زۆر جار تابلۆیەک دەبینرێت دەڵێن ئەمە کاریگەریی قوتابخانەی بەغدادی وەرگرتووە، لەبەر ئەو کەوانە و ئەو منارە و شتانەی دروستی کردووە و لەو ڕێبازەوە نزیکە، بەڵام هونەر وەک خۆی یەک زمانە کە ئەویش زمانێکی جیهانییە، هونەری کوردیش لقێکە لە لقەکانی هونەری جیهانی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێویستە کۆ بکرێتەوە و لە مۆزەخانەیەکی نیشتمانیدا پیشان بدرێت و بایەخی پێ بدرێ.

**ڕامان:** وەک سەرنجم داوە خەڵکی زۆر داهێنەر و ڕۆشنبیر هەر لە ئەدۆنیسەوە بگرە تا کەسانی وەک جەبرا ئیبراهیم جەبرا کە کاتی خۆی بە هونەری گرافیکی کوردی زۆر سەرسام بوو، ئەدۆنیس زۆرجار لە نووسینی خۆیدا جەختی لەسەر گرنگی هونەری شێوەکاری کوردی کردووەتەوە، دیارە هەڵسوکەوتی لەگەڵ هونەرمەندە شێوەکارەکانی کوردی سوریا کردووە و بیروڕای زۆر ئیجابی لەسەر هونەری ئەوان هەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا کە هونەری ئێمە لە لایان جێی سەرنجە، بەڵام ئێمە بەپێی پێویست نەمانتوانیوە ئەمانە لەناو نامیلکەیەکی ڕەنگاوڕەنگدا بە چاپێکی جوان بخەینە بەردەستی بینەران و بە هونەر دۆستانی بناسێنین.

**ئاری بابان:** ئەوە یەکێک لە کێشەکانە کە تا ئێستا نەمانتوانیوە نە لە مۆزەخانەیەکدا، نە لە چەند نامیلکەیەکی ڕەنگاوڕەنگدا هونەری شێوەکاری خۆمان بەخەڵکی بناسێنین. زۆر کەس خەریکی هونەری شێوەکاری کوردی بووە و کاریگەری خۆی بەجێ هێشتووە، ئیتر ئەوە ئاکامی ژینگەکەی بێت، یان ئەو ڕەنگە میللییانەی لە کەلەپوورەکەیدا هەیە و جێی هێشتوون، تەنانەت لە هونەری میللیدا کە کڵاوێک دەچنن، ئەو کڵاوە بەکۆمەڵێک ڕەنگ و بە جۆرێک لە هارمۆنییەت ئەو ڕەنگانە تێکەڵی یەکتری دەکەن، یان بە (دژ) ئەو ڕەنگانە دادەنێن، ئەمانە هەمووی شتی جوانی پێ دروست دەکرێ و لە چوارچێوەی جلوبەرگێکدا، یان لە چوارچێوەی کڵاوێکدا هەیە، ئەی هونەرمەندێک کە بە هۆشمەندییەوە ئیش دەکات دەبێ چی دروست بکات؟ بێ گومان ئەوە کاریگەری لەسەر هونەری عیراقی دەبێت، هونەری عیراقیش کاریگەری لەسەر هونەری کوردی دەکات، ئەوە زۆر ڕوونە، بەڵام هونەری کوردی، ئەوەی من بزانم هونەرێکی پێشکەوتووە، هونەرێکە ئەزموونی جوانی تێدایە، لای خۆمان زۆر ئەزموونم دیوە، کە مۆزەخانەی گەورەم لەجیهاندا بینیوە وەک ستۆکهۆڵم، وارشۆ، ڕۆما هەستم کردووە لای ئێمەش کۆمەڵێک شتی جوان هەیە. ئەگەرچی ئەو ئەزموونانەشمان بە کاریگەریی هونەری ئەوروپییەوە بێت.

**ڕامان:** بەڵام ئایا هیچمان نەخستووەتە سەر هونەری ئەوانەوە؟

**ئاری بابان:** ئێمە بەردەوام هونەری ئەوروپی کارمان تێ دەکات. بێ گومان هونەری ئەوان هونەرێکی زاڵە، نامیلکەیان زۆرە، ڕەنگە ڕاستەوخۆ هونەری ئەوروپیمان نەبینیبێت، بەڵام چەند نامیلکەیەکمان بینیوە، چەندین هونەرمەندی گەورەیان هەیە لە ڕێگەی نامیلکەکانیانەوە دەیناسین کە تابلۆکانیان بە چاپێکی زۆر جوان چاپ کراوە و دێنە بەردەستمان و دێنە ماڵەکەمانەوە، یان لە ڕێگەی ئینتەرنێت و تەلەڤیزیۆنەوە دەیانبینین، بەڵام کاریگەریی بەجێ هێشتنی ئەمانە زۆر ئاساییە و وا لەمن

دەکەن دیسان ئەو ئەزموونەی خۆم جێبەجێ بکەم، ئاگاداربوونی ئەو ئەزموونانە بۆ هونەرمەند زۆر پێویستە، چونکە زۆرجار لای ئێمە بووە و زۆر هونەرمەند هەیە شتێکی کردووە و وتوویەتی من یەکەم کەسم کە ئەوە دەکەم، بەڵام دەبینی ئەو ئەزموونە لە جیهاندا چەندین جار دووبارە بووەتەوە و کۆنیش بووە و بەسەریش چووە، بەڵام هونەرمەندەکەی ئێمە تازە بەتازە دەڵێت من یەکەم کەسم کە ئەوە دەکەم، بۆیە ئاگاداربوون لەو ئەزموونانە پێویستە، بۆ ئەوەی بزانین پێ لە کوێدا دەنێین و بەکوێدا دەڕۆین.

**رامان:** بەپێی بەدواداچوونی خۆم بۆ هونەری شێوەکاری، لام وایە ئاژاوە و پاشەگەردانییەک لە کردنەوەی ئەو هەموو پیشانگایانەدا هەیە، ئیتر هی وا هەیە هێشتا بە باشی دەستی فڵچەی نەگرتووە، ناوی لە خۆی ناوە هونەرمەند، پێت وایە ئەو ئاژاوەیە، یان ئەو فەوزا هونەرییەی هەیە لە پیشانگا کرانەوە و خۆ سەپاندن بەرەو کوێمان دەبات؟ ئایا ئەمە بە شتێکی باش دەبینی کاتێک هەندێک داوودەزگا ئەو ناوانە بەسەر چێژماندا دەسەپێنن؟

**ئاری بابان:** من زیاتر لەوەی ناوی بنێم ئاژاوە، ناوی دەنێم جیا نەکردنەوە، کە هێشتا شتەکان لە یەکتری جیا نەکراونەتەوە، قوتابییەکی پەیمانگە لەژێر کاریگەریی مامۆستاکەیدا، یان لەژێر کاریگەریی دەوروبەری خۆی دێت و پیشانگایەک دەکاتەوە، بەڕای من ئەمە هونەر پێشکەش ناکات، زیاتر دەیەوێ ئەزموونێک پێشکەش بکات، خستنەڕووی ئەم ئەزموونانە بێ ئەوەی پێ بگات، لە کاتێکدا پەنجا تابلۆی کردووە هەر پەنجایەکە دەخاتە ڕوو، باشە ڤانکوخ بە هەزاران تابلۆی کردووە، ژمارەیەکی کەمیان بەناوبانگن، لای ئێمە ئەوەی کردوویەتی دەبێ بیخاتە ڕوو. باشە لەو پەنجایە دووانی بخەڕوو، واتە پوختەی ئەزموونەکەت بخەڕوو بەداخەوە ئەوە ناکەین. من تاوانم چییە ئەو هەموو فەوزایە لە ئەزموونی یەکێکدا ببینم؟ بۆ پوختەی ئەزموونەکەی نەبینم؟ بۆیە دەڵێم بەڕای من زۆرتر هۆیەکەی جیانەکردنەوەیە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئێمە هیچ هۆڵێکی ستانداردمان نییە، هۆڵەکان هۆڵی موزەخانەیە، کێ بیەوێت دەیگرێت و شتی تێدا پیشان دەدات، لە جلوبەرگەوە تا دەگاتە تابلۆی هونەری.

**رامان:** ئەی پێت وانییە ڕەخنە لە ئەرکی خۆی دوورکەوتبێتەوە، یان بوون و ئامادەیی نییە، بۆیە ئەم پۆلین کردنانە بەدی ناکەین و ئەم ئاژاوەیە هەیە و بەردەوام زیاتر دەبێ؟

**ئاری بابان:** نەبوونی ڕەخنە بەشێکە، بەڵام پێش ڕەخنە شتی تر هەیە، ڕەخنە لای من زۆر گرنگە، کە ئەویش رۆشنبیریی هونەرییە، رۆشنبیریی هونەریی چەندە بوونی هەیە؟ کابرایەک پیشانگا دەکاتەوە و خەڵکانێک دەچن سەیری دەکەن و قسەی لەسەر دەکەن، ئەوانە چەندێک لە هونەر تێگەیشتوون؟ کێشەکە ئەوەیە چەندێک باکگراوەندی هونەریمان هەیە؟

**رامان:** چەندێک دەتوانێ ئەم شتانە لێک جیابکاتەوە، چەندێک لاسایی کردنەوە هەیە؟

**ئاری بابان:** ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، ئایا ئێمە توانیومانە لە قوتابخانەکانماندا چاوێکی هونەری و گوێیەکی هونەری دروست بکەین؟

**رامان:** نەخێر نەمانتوانیوە، تەنانەت لە ئەکادیمیاو لە ئامۆژگای هونەرە جوانەکانیشدا نەمانتوانیوە ئەوە بکەین.

**ئاری بابان:** کەواتە کێشەکە لێرەوە دەست پێ دەکات.

**رامان:** لەسەر ئاستی گشتی خەڵکی ئێمە بەدواداچوون بۆ هونەر ناکات و ئەو کولتوورە نەبووە بە شتێکی باوی ناو خەڵک بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەن و چێژی لێ وەربگرن و بە پێویستی بزانن، بۆیە باسی بژاردەیەک دەکەین، کە بەدواداچوون بۆ هونەر دەکەن و ڕەنگە ئەو خەمەیان هەبێت، تەماشای تابلۆ بکەن و لە بارەیەوە بنووسن، بەڵام هەست دەکەیت شتەکان ساکارانە بەرێوە دەڕۆن و زۆر حەقی ئەو کارانە و هونەرمەندەکانیان نەداوە و پۆلین نەکراون، بۆیە من ئەوەم بە بۆچوونێکی ڕەخنەیی دەستنیشان کرد.

**ئاری بابان:** بەڵێ تۆ لە بواری ڕەخنەدا دەستنیشانت کرد، بەڵام من مەسەلەی گەڕەلاوژەکە دەستنیشان دەکەم، کە لە بواری هونەردا ناوم لێ نا لێک جیا نەکردنەوە، چونکە ئەوە تەنیا بۆ ڕەخنە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو باکگراوەندە رۆشنبیرییەی خەڵک دەگەڕێتەوە، کە بەگشتی لەلایان نییە. کێشەکە لەوەدایە ئەو کەسە کە خۆی پیشانگایەک بۆ ئەو تابلۆیانە دەکاتەوە، کاتێ خەڵکەکە ئەو زانیارییەیان نییە، کەسەکەش کە بەناوی

هونەرمەندەوە دەیکاتەوە، ئەو خۆی چەندە زانیاری هەیە؟ کێشەکە لەوەدایە، ئایا خودی هونەرمەندەکە وەک هونەرمەند، خۆی دەخاتە ڕوو، تا بژاردە بچێت سەیری کارەکانی بکەن؟ ئایا بژاردەکە کە کارەکان دەبینێت بیروڕای چییە؟ ئەگەر هونەرمەندێک پیشانگا بکاتەوە، بژاردە دەتوانێت قسەی لەسەر بکات؟ تەنیا کەسێک کە هێشتا ئەزموونێکی نیوەچڵ و پێنەگەیشتووی هەیە پیشانگا بکاتەوە کە ئیشەکانی چاو ئەزیەت دەدات و خەڵکەکە ئەویان بەهونەرمەندێکی گەورەزانی. کارەساتەکە لێرەوە دەست پێ دەکات.

**ڕامان:** پێم وایە ئەو جۆرە هونەرمەندانە لە شوێنی خۆیان دەپووکێنەوە.

**ئاری بابان:** دەبێت بپووکێنەوە، کۆمەڵێک خەڵکی وا هەبوون، بەڵام دوای یەکەم ئەزموون نەماون، چونکە هیچیان پێ نەبووە دواتر بیڵێن، بۆیە ئاساییە هەندێک لەو ئەزموونانە بەردەوام بن، لە نەبوونی بزاڤێکی ڕەخنەییشدا ئەو ئەزموونانە زیاتر و زیاتر دەڕۆن.

**ڕامان:** هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی پتر پەرەدەستێنێت.

**ئاری بابان:** بەڵێ، بەڵام لە بوونی ڕەخنە، ئەو ئەزموونانە دەوەستنەوە، بەڵام ئایا ڕەخنەگری شێوەکاریمان هەیە، یان نییە پرسیارەکە لێرەوە دەست پێ دەکات.

**ڕامان:** لای عەرەبەکان زۆربەی ئەوانەی خۆیان هونەرمەندی شێوەکارن وەک شاکر حەسەن ئال سەعید، شەوکەت ڕوبەیعی، مەی مووزەفەر، کە ناوی دەرکەوتوون لە بواری نووسینی ڕەخنەی شێوەکاریدا، سەرەڕای ئەوەی خۆشیان هونەرمەند بوون، هەر خۆشیان هاتن و وەک ڕەخنەگر کاریان کرد و دەرکەوتن. بۆچی هونەرمەندانی کورد ئەوانەی ڕۆشنبیری و پاشخانێکی ڕۆشنبیریی گشتی و هونەریشیان هەیە لە بواری هونەرەکەی خۆیاندا دەست ناکەن بە نووسین؟ بۆ ئەوەی هۆشمەندییەکی هونەریی لەناو خەڵکیدا بڵاوبکەنەوە؟

**ئاری بابان:** شاکر حەسەن ئال سەعیدی لێ دەربکەیت، کە خاوەنی قوتابخانەی (یەک مەودا)یە و بابەتی پیت و سۆفیگەری هێنا و بۆ ڕێبازەکەی خۆی و مێژووی شێوەکاریشی تۆمار کرد و نووسیبیەوە، ئەوانی دیکە من جیاواز دەیانبینم و هەست دەکەم ئەوەی لە بواری ڕەخنەدا قووڵ بووەتەوە، نەیتوانیوە لە بوارە شێوەکارییەکەشدا دەنگێکی زۆرباشی هەبێت.

**ڕامان:** هەر هیچ نەبێ هونەرمەندانی شێوەکاریی لای خۆمان باری سەرنج و تێبینی خۆیان بنووسن و وەک ئەوان سەرەتایەک دامەزرێنن.

**ئاری بابان:** ڕافع ئەلناسری هەرگیز وەک ڕەخنەگرێکی باش نەناسراوە، بەڵکو زیاتر وەک هونەرمەندێکی باش ناسراوە.

**ڕامان:** لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە بە قووڵی بچینە سەر هەڵسەنگاندنی یەک بە یەکی ئەو کەسانە، مەبەستمان زۆرتر ئەوەیە بڵێین لەبەر ئەوەی ئێستاکە بۆشاییەکی گەورە لە بواری نووسینی ڕەخنەدا هەیە، کەچی لەلای هونەرمەندانی ئێمە نووسینی باری سەرنجیش دەستی پێ نەکردووە، یان ئەگەر دەستی پێکردبێت، ئەوە زۆر بەسەرپێیی کراوە، دەکرێت هەندێک جار هونەرمەندێکی شێوەکار کە دەچێتە پیشانگای برادەرێکی خۆی و دەبینێ شتێکی نوێی تێدایە و سەرنجی ڕادەکێشێت، ئەو باری سەرنجانەی خۆی بنووسێت.

**ئاری بابان:** ڕاستە دەتوانێ ئەو باری سەرنجانەی خۆی بنووسێت.

**ڕامان:** هەر ئەو جۆرە نووسینانەن دواتر ڕوو لە زیاد بوون دەکەن و دەبنە بناغە و شتی گرنگ.

**ئاری بابان:** لێرەدا ڕەخنەیەکی ئینتیباعیمان بۆ دروست دەبێت، بەڵام ئەوەش هەموو ڕەخنە نییە، چونکە ڕەخنە جۆری زۆرە، ڕەخنەی مێژوویی و ڕەخنەی ئینتیباعی هەیە، کەواتە ڕێبازی زۆر هەن، ئەگەر لەسەر یەک ڕێباز بگیرسێمەوە کە ئەویش ئینتیباعیەتە، بەڕای من کەموکورییەکی گەورەمان دەبێت، کاتێک تەرکیز دەکەینە سەر باری سەرنجی خۆمان کە کارێکی جوان دەبینین، ئەمەش زیاتر هونەرمەندان دەیکەن، بەڕای من ئێستە ڕەخنەی شێوەکاریمان نییە، بەڵام شەقڵی ڕەخنە لەلای هونەرمەندی باش دروست بووە و کۆمەڵێک هەوڵی جوان هەن، وەک ئەو هەوڵانەی لای وەهبی ڕەسووڵ و جەزا بەکر و کۆمەڵێک هونەرمەندی دی هەیە و دروست بووە، لای خەڵکانێکی دیکەش کە لەو بوارەدا دەنووسن و شێوەکاریش نین وەک تاریق کاریزی، ئەوەش ناچێتە بواری ڕەخنەیەکی زانستییەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ڕەخنەیەکی ئەکادیمی و زانستییە،

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ڕەخنەیە لەسەر هونەرێکی تایبەتی، قۆناغێکی تایبەتی، ڕێبازێکی تایبەتی.

**ڕامان:** بەڵام ئەو ڕەخنانەش لەناو مییللەتانی دەرودراوسێمان و لای خەڵکانی تریش هەر بەو شێوەیە دەستییان پێ کردووە، پاشان وردە وردە ڕێڕەوی زانستیانەی خۆیان وەرگرتووە. شتێکی دیکە هەیە و دەکرێت ئێمە بۆ جوولاندنی ڕەخنە و دروست بوونی هۆشیاریی هونەریی لەناو خەڵک، یان بە کولتوور بوونی هونەر، هەر جارە و هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون و مێژوو، خاوەن ستایلی تایبەت لە یەکێک لەو ئامۆژگا و ئەکادیمییانە بانگ بکرێن، یان چەند جارێک بانگهێشتیان بکەن بۆ ئەوەی لەوێ ئەزموونی خۆیان بۆ ئەو قوتابییانە باس بکەن، تا سوودیان لێ ببینن.

**ئاری بابان:** لەو قسەیەتدا لەگەڵتم و زۆرجاریش باسم کردووە، بۆچی هونەرمەندێکی وەک ئیسماعیل خەیات، لەناو پەیمانگەدا ئیشەکانی پیشان نادەن؟ ئایا ناکرێت ئیششی کۆمەڵێک هونەرمەند بۆ ئەوەی بزانن ئەو ئەزموونانە لە کوردستاندا هەن، بۆچی ئەو هونەرمەندانە ناهێنن بە سلاید باسی ئەزموونی خۆیان بۆ ئەو قوتابییانە بکەن، نەک تەنیا مامۆستاکە وەک وانەیەکی ئەکادیمی پێیان بڵێتەوە؟ بەڕای من پێویستە ئەمە ببێتە کولتوورێک بۆ دروست کردنی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی لەلای قوتابییەکان. زۆر هونەرمەند هەیە، یان ئەوانەی مردوون قوتابییەکان هەر نایانناسن.

**ڕامان:** دەبوایە پێش ئەوەی ئازاد شوقی کۆچی دوایی بکات چەند جارێک بۆ ئەو شوێنانە بانگ بکرایە.

**ئاری بابان:** ئەو قوتابییانە چەند جار ئیششی ئازاد شەوقی، یان عەزیز سەلیمیان بینیوە؟

**ڕامان:** هونەرمەند خالید سەعید لە چایخانەی شەعب کەوتبوو، کەس ئاوڕی لێ نەدەدایەوە، لەکاتێکدا ئەوکاتە پەیمانگەی هونەر جوانەکانی سلێمانیش هەبوو.

**ئاری بابان:** چەند جار خالید سەعید بانگ کرا بۆ ئەو شوێنانە بۆ ئەوەی موحازەرەیەکی بچووک بڵێتەوە؟ بێ گومان نەکراوە.

**ڕامان:** لەکاتێکدا ئەو لە دیکۆرکێشیش پسپۆڕ بوو و دەیانتوانی لەبواری شانۆشدا سوودی لێ ببینن.

**ئاری بابان:** ئەم کارە هێشتا بۆ هیچ هونەرمەندێک نەکراوە؟

**ڕامان:** جگە لەو کارانەی خۆت کردووتن و ئێمە پێیان ئاشناین، لەبواری دیزاین کردنی بەرگی کتێب و هێڵکاری و مۆتیف، هیچ حەزت کردووە کار بکەیت، یان لێیان نزیک ببیتەوە؟

**ئاری بابان:** لەو بوارانەدا نەخێر.. وەک وتم لە بواری پۆستەر زۆر دوورم، بەڵام زۆرجار تابلۆکانم وەک تابلۆ بۆ بەرگی کتێب هەڵبژێردراون. یەکێک لەو تابلۆیانەم کە دوایی لە کتێبێکدا بینیمەوە، تابلۆیەکم بوو بەناوی (پرۆسترۆیکا)وە، کاتی خۆی ئەو تابلۆیەم بەکابرایەکی ئەمریکی فرۆشت و ڕۆیشت، بەڵام دوایی لە سوێد بینیم بۆ بەرگی کتێبێک سوودی لێ وەرگیرابوو. ئەوەشم بە ڕێکەوت بینی، بەڵام من بۆ بەرگی کتێب کارم کردبێت تەنیا شتی خۆم هەڵبژاردووە، یان ئەگەر یەکێک ڕایسپاردبم تابلۆی خۆم هەڵبژاردووە. ئەویش لەبەر ئەوەی لە بابەتەکەیەوە نزیک بووە.

**ڕامان:** ئێستە تۆ دوای ئەو هەموو ساڵەی ئیشت کردووە و لە شەستەکانەوە تا ئەمڕۆ تەمەنێکی درێژە کار دەکەیت، ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردووی هونەری و بەخششەکانی خۆت بدەیتەوە، دەبینی کۆمەڵێک پیشانگات کردووەتەوە، لە کۆمەڵێک پیشانگای هاوبەشدا بەشداریت کردووە، ئایا تۆ لەوەی ئەمڕۆکە پێی گەیشتوویت ئاسوودەیت؟

**ئاری بابان:** سەرەڕای ئەو مێژووە دوورودرێژە، کە دەکاتە چل ساڵ و من لە شەستەکانەوە لە هونەردا کار دەکەم و حەفتا و دوو یەکەم پیشانگام کردووەتەوە، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێک ئەزموونم کردووە و لەگەڵ خۆم دانیشتووم و زۆر کاری خۆم پیشان نەداوە و زیاتر هەندێک شتی هەڵبژاردەم پیشان داوە، هێشتا هەست دەکەم ئەو تابلۆیەی دەمەوێت بیکەم نەمکردووە، جارێ زۆر تابلۆ ماون دەمەوێت بیانکەم و نەمکردوون.

**ڕامان:** لە هەموو دنیادا، بەتایبەتی لە وڵاتانی دەوروپشتماندا، تەنانەت لە بەغدا گرووپی هونەریی هەبووە، کە کۆمەڵێک هونەرمەند بیروبۆچوونی لێک نزیکیان هەبووە، ئەم هونەرمەندانە پێکەوە کاریان کردووە، تۆ هەستت کردووە لە کوردستان بەگشتی و لە کەرکووک بەتایبەتی هاوڕێت هەبێت کە لە نەفەسی ئیش کردنی تۆ و لە بۆچوونی تۆوە نزیک بێت، تا ئێوەش گرووپێک دروست بکەن و پێکەوە کاربکەن؟

**ئاری بابان:** بێ گومان وەک گرووپ کارمان نەکردووە، بەڵام زۆرجـار هەندێکمـان کـۆبووینەتەوە و نەفـەسی کارکردنمان لێک نزیک بووە و پێکەوە خستوومانەتە ڕوو و چەند پیشـانگایەکمـان بەهاوبەشیی کـردووەتەوە، بە تایبەتی لەگەڵ هونەرمەند سوعاد سەتار، ئەم هونەرمەندە شێوەکارە ئەزموونی خۆی لەبواری ئیش کردندا هەبوو، زۆر لە یەکـەوە جـیـاواز بووین، بەڵام هەسـتم دەکـرد نەفـەسـمـان لە یەکـەوە نزیکە، هەستم دەکـرد کـە ئەو تابلۆیەک بەو قـومـاشـە دڕاوانە دەکـات، من ئارەزووم هەبوو لەسەر قوماشە دڕاوەکانی ئەو ئیش بکەم، یان ئەو ئارەزووی هەبوو لەسـەر تابلۆکانی من، بیاندڕێنێت، ئەو هەستـە لە تابلۆیەکدا کـە بۆ هەڵەبجە بوو هەردووکمـان کارمان لەسەر کرد، ئەو تابلۆیەکی دڕاند و دووربییەوە و کاری لەسەر کرد، بڕیار بوو منیش ئیشی ڕەنگی لەسەر دانێم، بەڵام دوایی هەسـتم کـرد ئەو تەنیـا بەخـۆی دەتوانێت لەسەر دڕاوەکە ئیش بکات، هەرچەندە حەزیشم دەکرد، ئەوەبوو خۆی ئیشی لەسەر کرد و تابلۆکەی خۆشم خۆم ئیشم لەسەر کرد، دوو تابلۆ دەرچوون، لە هەمان ڕۆژ و لە هەمان پیشانگا پیشانمان دان. کۆمەڵێک خەڵک هەبوون هەستم کـردووە نەفـەسی لێـمـەوە نزیکە، بەڵام هەرگیز وەک گرووپ کارم لەگەڵیاندا نەکردووە، بەردەوام یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هونەری شێوەکاری ئەوەیە کـە لە تەنیـایی و لەمـەرسـەمـدا خـۆت بەخـۆت تاقی دەکەیتەوە.

**ڕامان:** چەند لەم گـفـتـوگـۆیەی ئێـمـە ڕازی بوویت، هەستت کرد قسەکانی دڵی خۆت کردووە؟

**ئاری بابان:** بێ گــومــان بۆ ڕازی بوون، زۆر لەو گفتوگۆیە ڕازی بووم، بەڵام بەردەوام هەست دەکەم کەم قسەم لە بارەی هونەرەکەمەوە کردووە، چونکە جیهانی من زیاتر جیـهـانی ڕەنگ بووە. بەردەوام هەست دەکـەم زۆر نهێنی لە ژیانمدا هەن و پێویستیان بە یەکێک هەیە بیـانخـاتە چوارچێـوەی قـسـە کـردنەوە و زانیـاریم لە بارەیانەوە لێ وەربگرێت. هەروەک وتم کـاتی خـۆی کـە ئەو ئاسمانەم دەکرد، نەمدەزانی بۆ ئەو ئاسمانە دەکەم، بەڵام لە چوارچێـوەی وتووێژەوە ئەو نهـێنیـیـەم بۆ دەرکـەوت، لەبەر ئەوەی زۆر لایەنی ژیانم بە ڕەنگ دەربڕیوە و لەو جیهانەدا ئیشم کردووە و حەزم لە شتێک بووە، بۆم نەکراوەتە تابلۆیەک و بەدیم نەهێناوە، بەتابلۆ بەدی نەهاتووە.

**ڕامـان:** ویسـتـووتە بە شـتـێکی تر ئەو نهـێنیـانە دەربڕیت، بەڵام دواجار بینیوتە تۆ بۆ هونەری شێوەکاری خوڵقاویت.

**ئاری بابان:** ڕاسـتە من زیاتر بۆ هونەری شـێـوەکـاری خوڵقاوم.

**ڕامان:** بۆیە بەو هونەرە بەستراویتەتەوە و دەرتبڕیوە؟

**ئاری بابان:** بەردەوام بەوە دەرم بڕیوە و لەو پێناوەشـدا وازم لە شانۆ هێناوە.

**ڕامان:** تۆ یەکێکی لە خوێنەرە باشەکان، بە تایبـەتی خـوێنەرێکی باشی گـۆڤـاری ڕامـانیت، ڕامـان وەک گۆڤارێک چۆن دەبینی؟

**ئاری بابان:** ڕامـان یەکـێکە لەو گـۆڤـارە جـادانەی بایەخی زۆر جددی بە بواری ڕەخنە و هزر و لێکۆڵینەوە و چیـرۆک و شیـعـر دەدات، کـەواتە بایەخـێکی زۆر بەدەق دەدات کە تێیدا بڵاو دەکرێتەوە. من بە یەکێک لە گۆڤارە جـادەکـان دەیبیـنـم و گـۆڤـارێکی زۆر ڕەسـەنە و بە ڕەسـانەیەتی خـۆی مـاوەتەوە و ئەوەش شـتـێکی زۆر گـرنگە. دەبینی گـۆڤـارێک دەست پێ دەکـات، بەڵام بە شـێـوەیەکی دیکە تەواو دەبێت، کـەچی ڕامـان ئەو هاوسـەنگیـیـەی خـۆی ڕاگـرتووە و لە ژمـارە یەکـەوە تا دوامین ژمارەی ئاستی خۆی پاراستووە، ئەمەش نهێنی سەرکەوتنیەتی. نهێنی سەرکەوتنی ڕامان لە ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییەدایە بەو شێوەیە، بە ڕاستی ئەمـە کارێکی زۆر زەحمەتە، چونکە گۆڤاری تر بابەتی جیاواز و بابەتی لاوازی بۆ دێت هەموویان بڵاو دەکـاتەوە. سەیر دەکـەیت ڕامان هاوسەنگییەکەی خۆی و نهێنی سەرکەوتنەکەی ڕاگـرتووە، بۆ ئەوەی لەسـەر ئەو شـەقـڵـەی خـۆی و بەو ڕەسەنایەتییەی خۆیەوە بمێنێتەوە.

# ڕەمزی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی (هێمن)دا

**ڕێبین خلیل قادر**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی زمان)**

**پێشەکی**

مەسەلەی بەکارهێنانی ڕەمز لە ئەدەبی کوردیدا شتێکی نوێ نییە، بەتایبەتی لەناو شیعردا. دەتوانین بڵێین لە شیعری کۆنی کوردیشدا ڕەمز بەکارهاتووە، بەڵام نەک بەو شێوەیەی ئێستا، چونکە لە شیعری نوێی کوردیدا ڕەمز بە شێوەیەکی فراوانتر و هونەریتر بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتی (ڕەمزە ئەفسانەییەکان). شاعیر دەتوانێت لە پەنای ئەم ڕەمزە ئەفسانەییانەوە زۆر شت و مەبەست دەربڕێت و گیانێکی نوێ بە بەر دەقەکەدا بکات و دەقەکەش بە کراوەیی جێ بهێڵێت. (هێمن)ی شاعیر یەکێکە لەوانەی لەناو ئەدەبی کوردیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و ناوێکی دیار و ئەستێرە گەشەیەکی ئاسمانی ئەدەبیاتی کوردییە. لە مەسەلەی بەکارهێنانی ڕەمز بەگشتی و ڕەمزی ئەفسانەیی بەتایبەتی هەنگاوێکی گرنگی شاعیرانەی هاوێشتووە و جێ پەنجەی دیارە. (هێمن) نەک هەر توانیویەتی بەشێوەیەکی شارەزایانە ڕەمزەکان بەکاربهێنێت، بەڵکو گیان و جەوهەری ڕەمزە ئەفسانەییەکانی وەرگرتووە و تایبەتمەندی نوێی پێ بەخشیوە، بەجۆرێک لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت.

**بەشی یەکەم**

**بابەتی یەکەم: زاراوەی ئەفسانە**

ئەفسانە لقێکی گرنگ و دەوڵەمەندی ئەدەبی فۆلکلۆرە. زاراوەی ئەفسانەش هەر لە کۆنەوە لەناو ئەدەبیاتی زۆربەی میللەتەکاندا چەسپاوە، ئەمەش بەرانبەر ئەو حیکایەت و چیرۆک و سەرگوروشتە و ڕووداوانەیە، کە جۆرێک لە تەمومژی و لێڵییان تێدایە و هەندێک جار لە ڕاستییەوە دوورن.

هەر میللەتێک ئەفسانەی تایبەت بەخۆی هەیە، کە مۆرکی ئەو میللەتەی پێوە دیارە، بۆیە لەناو ئەدەبیاتی هەر میللەتێک زاراوەیەک، یان چەند زاراوە بەرانبەر ئەم حیکایەت و چیرۆک و ڕووداوانە چەسپاوە. بۆ نموونە لای کورد زاراوەی (ئەفسانە) و لای عەرەب زاراوەی (أسطورة) و لای فارس زاراوەی (آفسانە) و لای ئینگلیز زاراوەی (myth) و لای فەڕەنساییەکانیش زاراوەی (mythe) هەیە.

لەلای زۆربەی میللەتان لە بواری ئەفسانەدا دوو جۆرە زاراوە بەکاردێت و ئەفسانە و ئەفسانەی خوداوەندەکان لێک جیاکراونەتەوە. فارسەکان زاراوەی (آفسانە) بۆ ئەفسانەی گشتی و (أسطورە) بۆ ئەفسانەی خوداوەندەکان بەکاردەهێنن، عەرەبەکانیش زاراوەی (اسطورة) بۆ ئەفسانەی گشتی و (اسطورة الالهة) بۆ ئەفسانەی خوداوەندەکان بەکاردەهێنن. لای ئینگلیز و فەڕەنساییەکانیش زاراوەکانی (legende- legend) بۆ ئەفسانەی گشتی و (mythe- myth) بۆ ئەفسانەی خوداوەندەکان بەکاردەهێنرێن. هەرچی لە ئەدەبیاتی



هێمن

کوردی خۆشماندایە بەشێوەیەکی گشتی زاراوەی (ئەفسانە) بۆ هەردوو جۆری بەکاردەهێنرێت، بەڵام دەکرێت لای ئێمەش زاراوەی (ئەفسانە) ئەفسانەی گشتی و زاراوەی (ئەفسانەی خوداوەندەکان) بۆ ئەفسانەی خوداوەندەکان بەکاربهێنرێت. (١)

**بابەتی دووەم: پێناسەی ئەفسانە**

مرۆڤی کۆن لە بەرانبەر سروشت و گەردوون و دیاردە سەرسوڕهێنەرەکان دەستەوەستان بووە و دۆش داماوە. ئەو سروشت و گەردوونەی پڕن لە نهێنی و ئەستەمە توانای سنووورداری مرۆڤ پەی بەم هەموو نهێنی و زانیارییە شاراوانە ببات. مرۆڤی سەرەتایی گەشەی مێشک و بیرکردنەوەی نەگەیشتبووە ڕادەی فراوانبوون و گەشەسەندن، بۆیە نەیدەتوانی دیاردە و ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زانستی لێک بداتەوە، لەبەر ئەوە پەنای دەبردە بەر خەیاڵ و پرسیارکردن لە خود و سەرنج و تێڕامان، لە ئەنجامی هەموو ئەمانەشەوە جۆرێک لە وەڵامی لەلا دروست دەبوو، کە حەز و ئارەزوو و ترس و دڵەڕاوکێی ئەوی بەرانبەر سروشت و گەردوون و هێزە شاراوەکان دەردەخست، چونکە «مرۆڤی سەرەتایی زۆر گرنگی بە دیاردەکانی سروشت دەدا، ئەم گرنگی دانەش شێوازێکی تێڕامانی تیۆری وەرگرتبوو» (٢)، کە لە چەندین پرسیاری بێ وەڵام پێکهاتبوو.

دەکرێت ئەفسانە چەندین پێناسەی بۆ بکرێت و لە گەلێک ڕوانگەی جیاوازەوە لێی بکۆڵدرێتەوە. لێرەوە چەند پرسیارێک سەرهەڵدەدات، ئەفسانە چییە؟ بۆچی دروست بووە؟ تا چەند بە تەنگ داخوازییەکانی مرۆڤی سەرەتاییەوە بووە؟ ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکەش لە میانەی تیشک خستنە سەر پێناسە جیاوازەکانی ئەفسانە ڕوون دەبنەوە.

دەتوانین بڵێین ئەفسانە «بریتییە لە هەوڵی مرۆڤ بۆ ئەوەی لە گەردوون و دیاردەکانی بگات، یان بریتییە لە لێکدانەوەی مرۆڤ دەربارەی ئەو دیاردانە، بێ گومان بەرهەمێکە زادەی خەیاڵ، لەگەڵ ئەوەشدا لە چەمکێکی دیاریکراو و فەلسەفەیەکی سەرەتاییەوە پەیدا بووە» (٣) چونکە لە ئەنجامی پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤەوە دروست بووە، «ئەفسانە بەرهەمێکی لەمێژینەی هەموو مرۆڤایەتییە و بەرهەمێکی هەمەلایەنە و لە ئەنجامی پێویستییەکانی ژیان و ئارەزووە لەبن نەهاتووەکانی مرۆڤەوە کەڵەکەی کردووە و کۆبووەتەوە و گەیشتووەتە ئەمڕۆ» (٤). بێ گومان مرۆڤی سەرەتایی بەرانبەر دیاردە و ڕووداوە سەیرەکانی سروشت و گەردوون لە ترس و دڵەڕاوکێیەکی یەکجار زۆردا ژیاوە، خۆی بەبێ دەسەڵات و بێ توانا هاتووەتە پێش چاو و لە بارێکی دەروونیی زۆر خراپدا ژیاوە، نەیتوانیوە هیچ لێکدانەوەیەک بۆ شت و دیاردەکانی دەوروبەری خۆی بکات، بۆیە پەنای بۆ ئەفسانە و خەیاڵ بردووە و ویستوویەتی لە ڕێگەی ئەم دووانەوە کەمێک لەترس و دڵەڕاوکێیەکانی کەم بکاتەوە و دڵی ئارام بگرێت(٥).

هەموو ئەم پرسیار و سەرنج و تێڕامان و بیرکردنەوانەش خراونەتە قاڵبی حیکایەت و چیرۆکی خورافی و دوور لە ڕاستی و خەیاڵیش دەورێکی سەرەکی لە چۆنیەتی ئاراستەکردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا گێڕاوە «ئەم دەربڕینانە خراونەتە شێوەی چیرۆکێکەوە، کە سەرەتا و گرێ و کەتوپڕی و ئەنجامی هەیە» (٦)، بەڕاستییش ڕووداوەکان خۆیان لە شێوەیەکی چیرۆکئامێزانەدا دەنوێنن، چونکە ڕووداو و بەسەرهاتەکان سەرەتایەکیان هەیە کە لەوێوە دەست پێدەکەن و دەگەنە لووتکە (گرێ)، پاشان ڕووداوەکان بەرەو چارەسەری دەڕۆن و کۆتایی بە ڕووداوەکان دێت، ڕووداوەکانیش بەجۆرێک داڕێژراون «شێوازەکەیان جۆرێک لە تەمومژی و ڕەمزییەتی تێدایە، بەجۆرێک مەبەستەکەی دەشارێتەوە» (٧)، هەرچی (مالینۆڤسکی)یە ئەم جۆرە بیروڕایە ڕەت دەکاتەوە و لەگەڵ ئەوەدا نییە کە ژیانی

مـرۆڤـی سـەرەتـایی بەشـێـوەیەکی تەمـومـژی و ڕەمـزی بووبێت، بەڵکو پێی وایە ئەفـســانە زیندووکـردنەوەی واقیعی سەرەتایی بووە بە شێوازی ئێستا ئەم شێوازە نەماوە و بەسەرچووە(٨).

لەناو ئەم حـیکایەت و چیـرۆکـانەشـدا کـۆمـەڵێک کەسایەتی و ئامێـر و دیمەنی سـەیر بەرچاو دەکەون، کە مـۆرکێکی ئەفسانەئامـێـز لەخۆ دەگرن «ئەفسـانە ئەو چیـرۆک و حیکایەتە کـۆنانەی کە پاڵەوانی نائاسایی و دێو و ئەجندە و ئامێری جادوویی و پڕ هێزی وەکو شوور و بەرماڵی فڕین و کڵاوی سەخرە جن و پاڵەوان و ئامێرە سـەیرەکـانی تر ڕۆڵـی تێـدا دەبیـنن»(٩) ئەمـانە ئەو ئامێـرانەن کە لە زۆربەی ئەفسـانەکـاندا هەسـتیـان پێ دەکـرێت و هەندێک لەم ئامـێـرانە گـوایە توانای لە ڕادەبەدەریان هەیە.

هەندێک لە شـارەزایانی بواری فـۆلکلۆر بەگـشـتی و ئەفـســـانە بەتایبـــەتی هەوڵ دەدەن لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییـانەوە سەیری ئەفسانە بکەن و لێکی بدەنەوە «لە ڕوانگەی فەلسەفەوە ئەفسانە بەجۆرێک لە هۆشیاری کـۆمەڵایەتی دادەنرێت، یان هەوڵی سەرەتایی مـرۆڤـە بۆ زانین و تێگەیشتن لە جیـهان»(١٠). هەروەکو فەلسەفە بریتیـیە لە گەڕان بەدوای ڕاستی و حەزکردن لە دانایی، ئەوە ئەفـســانەش بۆ مــرۆڤی سـەرەتایی بریتی بوو لە فـەلسـەفـەی ئەمـڕۆ، چونکە ئەویش بەدوای ڕاسـتی و حەقـیـقـەت و کۆکردنەوەی زانیاری لە بابەت سروشت و گەردوون و دیاردە جۆربەجۆرەکانەوە، گەڕاوە.

هەندێک لە تـوێژەرانـی بـواری ئەدەب لە ڕوانـگـەی ئـاییـنەوە ســەیری ئەفــســانەیان کــردووە، گــوایە ئەو دابونەریتـانە پیـشـان دەدات کە میللەتە کۆنەکانی جیـهان لە کـەشـێـکی ئاییـنی و عـیـبـادەتدا پەیڕەویـان کـردووە «هەندێک لەو یاسا و دابونەریت و بیروباوەڕە ئاییـنیـانە دەردەبڕێت، کە هی میللەتە کۆنەکانی جیـهانە و ئێستا ئەم جـۆرە دابونەریتـانە فـەوتاون و نەمـاون و تەنیـا لەشـێـوەی گـێـڕانەوە و دەربڕینی ئەفـسـانەییـدا بۆمـان مـاونەتەوە»(١١). هەر لە سـەرەتاشـەوە ئەوەمـان ڕوون کردەوە کە هەندێک لە میللەتان زاراوەی تایبەتیـیان بۆ ئەو جۆرە ئەفسانانەی کە پێوەندییـان بە کەشی ئاییـنی و خوداوەندەکـانەوە هەیە، داناوە. بۆ ئەوەی لە ئەفـسـانەی گشتی جیایان بکەنەوە. ئەفسـانەکان زانیاری زۆرمان لە بابەت ئایین و چۆنیەتی پەرستن و ئاهەنگە ئاییـنییەکانی میللەتە کۆنەکانی جیـهان پێدەبەخشـن، لەم بارەیەوە بۆ لێکۆڵینەوە گەنجینەیەکی بەنرخە.

هـەنـدێـکـی دیـکـە لـە تـوێـژەران لـە ڕوانـگـەی کـۆمـەڵناسـیـیـانەوە لە ئەفـسـانەکـان دەکـۆڵنەوە، چونکە ئەفسانەکان لە بابەت دابونەریت و شێوەی ژیان و ئاکار و سیـسـتـمە کـۆمەڵایەتییـەکـان و...تاد زانیـاری بەنرخ و گـرنگیـان تێـدایە. لەم بارەیەوە ئەفسـانە سـەرچاوەیەکی گرنگە، چونکە بریتییە لە چەند «زانیاریـیەکی ڕێکخراوی چیرۆکئامێز بە دەوری بیروباوەڕە میـتافیـزیکییـەکان و یاســا و ڕێســـای کــەون (گــەردوون) و دامـــەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و مێژووی میللەتێک لە میللەتەکاندا دەخولێتەوە»(١٢) هەر لەم ڕوانگەیەوە جۆرێک لە ئەرک بە ئەفسانە دەبەخشن کە بریتییە لە «تۆمارکردن و نمایش کـردنی سـیـســتـمی ئـاکـار (ڕەوشت)، کـە بەو هۆیە دەتوانرێت هەڵوێست و ڕووداوە کۆمەڵایەتییـەکـان ڕێک بخرێت و یاسایان بۆ دابنرێت و ئاشکرا بکرێن»(١٣).

ئەفسـانە وەکو جۆرێک لە هۆشیاری مرۆڤی سەرەتایی دادەنرێت و بەرهەمی بیر و خەیاڵی مرۆڤە، بۆ تێگەیشتن و زانین و لێـکدانەوە و ڕەوینـەوەی تـرس و تـاریـکـی و دڵەڕاوکـێی مـرۆڤ بەرانبـەر هەمـوو ئەو ڕووداو و دیاردانـەی گـــەردوون و ســـــروشت. هەر لە ڕێـگەی ئەفـسـانەشـەوە دەتوانین لە دابونەریتـە کـۆمـەڵایەتی و ئاییـنی و یاسـاو دەسـتوورەکـانی ژیانی هەر مـیللەتێک شارەزابین.

### بابەتی سێیەم:
### ئەفسانەی کوردی لەناو ئەفسانەی جیهانیدا

کـورد خـاوەنی سـامـانێکی کـەلەپووری و فـۆلکلۆری و مـیللی نەتەوەیی دەوڵەمـەنـدە و زۆربەی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانی سەدەکانی ڕابوردوو دانیان بەمەدا ناوە، کە کورد گەنجینەیەکی گرنگ و فراوانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری لەژێردەسـتـدایە و لەم بارەیەوە بە یەکـێک لە مـیللەتە پێشەنگەکانی جیهان دەژمێردرێت.

مـیللەتانی جیـهـان لەزۆر شـتـدا هاوبەشن و بەیەک دەچن، لە هەمان کاتیشدا زۆر دابونەریت و خووڕەوشت و بیـروباوەڕ هەن کە مـیللەتان لەیەکـتـر جیـادەکـەنەوە، بە حـوکـمی ئەوەی هەر مـیللەتێک خـاوەنی تایبـەتمەندی خۆیەتی، یەکێک لەمـانەش مەسـەلەی ئەفسـانەیە. هیچ مـیللەتێک نیـیـە خـاوەنی جـۆرێک لە ئەفـسـانە و شارستانیەت نەبێ و لە میللەتانی دیکە جیـانەکرێتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەشـەوە دەتوانین بڵـێین کـوردیش خـاوەن

ئەفسانەی تایبەتی خۆیەتی کە بە (ئەفسانەی کوردی) ناودەبرێت و تایبەتە بە کورد و مافی هیچ میللەتێکی دیکەی پێوە نییە، چونکە «لە دروست بوونی ئەفسانەدا دیدێک هەیە کاردەکات، هەر میللەتە و تایبەتمەندیی خۆی لە بەکارهێنانی ئەم دیدەدا هەیە، ئەویش لە چۆنیەتی خوێندنەوەی سروشت و دەوروبەر و ڕووداوەکانی ژیان» (١٤). بۆیە نابێت گومان بەرین لەوەی خاوەن ئەفسانە نەبین، بەڵکو دەبێت هەموو گومان و تەمومژێک بڕەوێنینەوە، ئەویش بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی دەپرسن: ئاخۆ کورد ئەفسانەی هەیە، لە وەڵامدا بێ دوودڵی دەڵێین: بەڵێ، ئەفسانەمان هەیە و لەم بارەیەوە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندمان لەبەر دەستدایە، بۆیە «نابێ پێمان وابێت ئەفسانەی کوردی شتێکی تەواو جیایە لە ئەفسانەی جیهانی، نا نەخێر! ئەوەی کە تایبەتمەندی بە ئەفسانەی کوردی دەدات ئەو دیدە ئەفسانەییەیە کە لەلای هەموو مرۆڤایەتی هەیە و هەر میللەتەش بەشێوەی خۆی و لە کۆی کولتووری خۆی بەکاری دەهێنێ» (١٥).

کورد کە خاوەنی مێژوویەکی دێرین و پڕ لەسەرکەشی بێت، چۆن خاوەنی ئەفسانە نابێت؟ ئەو عەقڵییەت و بیرکردنەوە ئەفسانەئامێزەی لای میللەتانی دیکە هەستی پێدەکرێت، لای کوردیش هەمان بیرکردنەوە هەیە «کوردیش بەم دید و بنەمایە- ئەفسانەییە- مێژوو و سروشت و دیاردە و زانست و خەون و خەیاڵی خۆی پێ دەخوێنێتەوە و بەردەوام ئەم دید و ئامرازەی بەکارهێناوە و بەکاری دەهێنێ» (١٦).

ئەفسانەی کوردی لە زۆر شوێندا لەگەڵ ئەفسانەی میللەتانی جیهاندا هاوبەشە (بەتایبەتی میللەتانی هیندوئێرانی و میللەتانی دراوسێ و گریکی و ڕۆمانەکان)، لە زۆر شوێنیشدا لێیان جیادەبێتەوە و مۆرکی نەتەوایەتی و ڕەسەنایەتی و خۆماڵیی خۆی پاراستووە. بۆ نموونە ئەفسانەکانی (گەلگامش و ئەسکەندەری مەقدۆنی و زەردەشت و... تاد) هاوبەشە لەنێوان زۆر لە میللەتان، یان کەسایەتی ئەفسانەیی و ئامێر و کەلوپەلی جادوویی و دێو و درنج و جنۆکە و... تاد لە زۆر ئەفسانەی میللەتاندا هاوبەشن، کەچی ڕووداو و بەسەرهات و کەسایەتی ئەفسانەیی واش هەیە تەنیا تایبەتە بە کورد، بۆ نموونە ئەفسانەی (بالی و بارام) لەناو ئەفسانەی کوردیدا زۆر بەناوبانگە.

ئێمە لە ناو ئەفسانەی جیهانیدا (بە تایبەتی ئەفسانەی گریکی و ڕۆمانی) هەست بە دیاردەی فرە خوداوەندی دەکەین، چونکە ئەوان «بۆ هەر دیاردەیەک لە دیاردەکانی ژیان و سروشت خوداوەندێکیان دیاری کردووە، وەکو خوداوەندی جوانی و خوداوەندی هونەر و شیعر و خوداوەندی باران و خوداوەندی سەرچاوەکان و...» (١٧). زۆرجار ئەم خوداوەندانە لەگەڵ یەکتر لە ململانێ و ناکۆکیدا بوون، یان لەگەڵ بەرەی ئادەمیزاددا لە ململانێدا بوون بۆ ئەوەی هەموو ئادەمیزاد بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، جا هەندێکیان لایەنگری خێروچاکە و بەرەی ئادەمیزاد بوون و هەندێکی دیکەشیان لایەنگری شەڕ و خراپە و تاریکی و دژی بەرەی ئادەمیزاد بوون.

ئەم ناکۆکی و بەربەرەکانێیە بە جۆرێک پەڕیوەتەوە ناو ئەفسانەی کوردیش، بەڵام نەک ململانێی نێوان خوداوەندەکان و مرۆڤ، بەڵکو ئەم ململانێیە لە جۆرێکی دیکە سەری هەڵداوە، ئەویش لەنێوان باڵی خێر و چاکە و ڕووناکی (کە لایەنگری مرۆڤن) لەگەڵ باڵی شەڕ و خراپە و تاریکی (کە دژی مرۆڤن)، مرۆڤ هەمیشە هەوڵی داوە باڵی خێر و چاکە بەسەر باڵی شەڕ و خراپەدا زاڵ بێ.

لەناو ئەفسانەی کوردیدا کۆمەڵێک ڕەمزی چاکە و خێر و ڕووناکی هەن لە نموونەی (فریشتە و پەری و ڕۆژ و خدری زیندە و ڕووناکی و..تاد) لەبەرانبەر ئەمانەشدا کۆمەڵێک ڕەمزی ئەفسایی خراپە و شەڕخواز هەن لە نموونەی (جنۆکە و شەیتان و دێو و درنج و مار و ئەژدیها و پیرەژن و تاریکی و...تاد). ئەمانە هەمیشە لە ململانێ و بەربەرەکانیدا دەژین و هەر باڵێک دەیەوێت لەسەر بەرژەوەندی باڵەکەی تر سنوور و دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات، ئەفسانەی کوردیش وێنەی کێشەی نێوان دێو و درنج و باڵی شەڕخواز لەگەڵ بەرەی ئادەمیزاد و باڵی چاکەخوازدا دەکێشێت، بەجۆرێک باڵی شەڕخواز ڕەمزە و بۆ بەرەی ڕەنجدەر و ستەم لێکراوانی کورد و باڵی چاکەخوازیش ڕەمزە بۆ قارەمان و شۆڕشگێڕانی کورد، لە ئەنجامدا سەرکەوتن و بەرژەوەندی هەر بۆ باڵی چاکەخواز دەمێنێتەوە و باڵی شەڕخواز (دوژمنانی کورد) شکست دەهێنن(١٨).

ئەگەر لە ڕوانگەی ئایینی زەردەشتییەوە بۆ ململانێی نێوان باڵی خێر و باڵی شەڕ بڕوانین، تێبینی دەکەین کە وەکو ئەفسانەی گریکی و یۆنانی ململانێی نێوان خوداوەندەکانی تێدایە (لە ڕوانگەی ئایینی زەردەشتییەوە). بۆ نموونە لەم ئایینەدا خوداوەندی

(ئاهورامەزدا) ڕەمزی خێر و چاکەیە و یارمەتی مرۆڤ دەدات و لەتەنگانەدا فریای دەکەوێت، کەچی بەرانبەر ئەو (ئەهریمەن- شەیتان) هەیە و ڕەمزی خراپە و شەڕخوازییە و دژی مرۆڤە و هەوڵ دەدات مرۆڤ لە خشتە بەرێت. ئەم دوو خوداوەندە بەردەوام لە دژایەتی یەکتریدان و هەریەکەیان دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر مرۆڤدا بسەپێنێت. هەمان نموونەش لەناو ئەفسانەی گریکی کۆندا هەیە، بۆ نموونە لە ئەفسانەی (پرۆمیسیۆس)دا کاتێک (زیۆس) لە (پرۆمیسیۆس) تووڕە دەبێت و سزای دەدات، چونکە خێر و ڕووناکی بۆ مرۆڤ دەهێنێت.

هەندێک ئەفسانە هەن لەنێوان میللەتاندا هاوبەشن، بۆ نموونە ئەفسانەی (خدری زیندە) لەناو ئەفسانەی کوردی و ئەفسانەی زۆربەی میللەتاندا بەدی دەکرێت، لە ئەفسانەی کوردیدا (خدری زیندە) «ئەو گیانە پاکەیە کە لەشێوەی پیرەمێردێکی ڕیش سپیدا دەردەکەوێ، ڕووخۆشە... تا ئاسمان و زەوی مابێت ئەو هەر ئەمێنێ و فریای ئەو سەر لێ شێواو و لێ قەوماوانە ئەکەوێ کە هاواری بۆ ئەبەن. یارمەتییان دەدات و ڕزگاری و چاکەیان پیشان دەدات» (١٩). هەر هەمان وێنە «لەلای زۆربەی میللەتانی ڕۆژهەڵات هەیە، بە هەمان ناو» (٢٠).

وێنەی (مار و ئەژدیها) لەناو ئەفسانەی کوردیدا ڕەمزی خراپە و شەڕخوازی و تاریکین، هەمان وێنەش بە سروشتە شەڕانگێزییەکەیەوە لەناو ئەفسانەی یۆنانی کۆندا هەیە. ئەم وێنە خراپەی مار لە ئەفسانەی کوردیدا هەر ئەو وێنەیەیە کە ئەفسانەی کۆنی یۆنانی دەربارەی ئەو مارەی دەگێڕێتەوە کە (ئەهریمەن- ئیبلیس)ی بردە بەهەشتەوە تا (ئادەم و حەوا) هەڵخەڵەتێنێ. (٢١) ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە لەناو ئەفسانەی کوردیدا گەلێک بیروباوەڕی ئایینی ڕەنگی داوەتەوە.

وێنەی پاڵەوان لەناو ئەفسانەی کوردیدا بە جۆرێکە هێز و توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەیە، هەمیشە هەوڵ دەدات بەسەر باڵی شەڕانگێزی و خراپە و تاریکیدا زاڵ بێت، ئەم جۆرە پاڵەوانە لەناو کۆمەڵگەدا نوێنەرایەتی کەسانی هەژار و بێ دەسەڵات دەکات. زۆرجار پاڵەوانی ئەفسانە دەکەوێتە داوی جنۆکە و عیفریت و لەگەڵیان دەکەوێتە زۆرانبازی و لەکۆتاییشدا بەسەریاندا زاڵ دەبێت. ئەم زۆرانبازییەش ڕەمزە بۆ کەسانی ناو کۆمەڵگە بەهێزی خێر و شەڕییەوە(٢٢). ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەک لە ناو ئەفسانەی کوردی بوون، دەکرێت دەیان و سەدان نموونەی ئاوا بێنین و لێکیان بدەینەوە، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر بەناو بابەتەکەدا قووڵ نەبینەوە هەر ئەم چەند نموونەیە بەسە.

ئەفسانەی کوردی وەکو ئەفسانەی نەتەوەکانی دیکە «دەربڕینی هەوڵی مرۆڤە سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕووداوە سروشتییەکان، ئەفسانە و بەتایبەتی چیرۆک لەناو کوردەواریدا کێشە و خەباتی خەڵک ئەنوێنێ بۆ چارەکردنی ئەو کێشانە» (٢٣). کەواتە لەسەردەمێکی دیاریکراودا ئەفسانەی کوردیش ئەرکی خۆی لە هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردەواریدا بینیوە، تاکی کوردیش هەستی بەنهێنی و دیاردەگەلێکی سەیر و شاراوە کردووە، پرسیارێکی زۆر بێ وەڵام لە مێشکیدا خولاوەتەوە، بەسەرنج و تێڕامان لە بابەتەکانی ڕوانیوە، هەموو ئەمانە وایان کردووە پەنا بۆ ئەفسانە و خەیاڵ ببات.

## بەشی دووەم

### بابەتی یەکەم: پێوەندی نێوان شیعر و ڕەمز

زاراوەی (ڕەمز) بەرلەوەی لە بواری ئەدەبیدا بەکاربهێنرێت، زیاتر زاراوەیەکی فەلسەفی و ئایینی بووە، بەتایبەتی لەناو ئایینی (مەسیحییەت)دا. دواتر هاتووەتە ناو بواری ئەدەبی و وەکو زاراوەیەک بەکارهاتووە. ئەم زاراوەیە «مێژوویەکی دوورودرێژی لە زانستی خواناسی (Theology)دا هەیە، کە هاو واتای (Creed)ە، کە مانای (دەستووری باوەڕی مەسیحییەت)ە» (٢٤).

زاراوەی ڕەمز (Symbol) لە بنچینەدا لە «فرمانی (Symballein)ی گریکییەوە وەرگیراوە، کە مانای هاوێشتنی بەیەکەوە دەگەیەنێت و ناوەکەی (Symbolon) واتە (نیشانە، دروشم، ڕەمز، ئاماژە) بریتییە لە شتێکی گیاندار، یان شتێکی بێ گیان، کە شتێکی تر دەنوێنێ» (٢٥).

بەکارهێنانی ڕەمز لەناو شیعری کوردیدا تازە نییە و مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام دەکرێت بڵێین لە سەردەمی ئێستاماندا ڕەمز سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی شاعیر پەنای بۆ ببات و دەورێکی سەرەکیش لە بینای هونەری و جوانکاری شیعردا دەگێڕێت، بۆیە «بەهۆی ئەو سروشتە ئەفسووناوییەی شیعر هەیەتی دەکرێت بڵێین شیعر نییە لە دیوێک لە دیوەکانیدا هەڵگری دەلالەتێکی ڕەمزی

نەبێت، جا چ ڕەمز بە ڕووە بینراوەکەی بێ کاتێک لە جەستەی شیعردا دەبینرێت، یان ڕووە نەبینراو و شاراوەکەی بێت، کاتێک گیانی شیعر لە خۆوە دەگرێ» (٢٦). کەواتە ڕەمز هەمیشە لە جەستەی شیعردا بوونی هەیە، چونکە شیعر خۆی زمانێکی ڕەمزییە و واتا و دەلالەتەکانی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە، چاوەڕێی ئەوە دەکات کەسێک دەرگای گەنجینە بەنرخەکەی بکاتەوە و دوڕ و گەوهەرەکانی ناوی ببینێت، چونکە «ڕەمز لەکرۆکییەوە سروشتدارە تەنیا بە وێنەکێشانی شتە مادییەکان ناوەستێ، بەڵکو هەوڵ دەدات بە گواستنەوەی ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر دەروونی هەیە پاش ئەوەی هەست وەری دەگرێ، هەروەها بایەخ بە گوزارشت کردنی کەشە نادیارەکان دەدا کە بۆ قووڵایی خود شۆڕ دەبێتەوە» (٢٧).

ئەو پێوەندییەی لەنێوان شیعر و ڕەمزدا هەیە، پێوەندییەکی بەناویەکدا چوو و ئاڵۆزە و لێک جیاناکرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە ڕەمز وزەیەکی شاراوە و فراوانی هەیە و دەبێتە هۆی قووڵکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی شیعری لەلای شاعیر، بەڵام ئەم پێوەندییەش هەموو کات جێگیر نەبووە و لەیەک ئاستدا نەبووە، چونکە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، لە قۆناغێک لە قۆناغەکان ڕەمز بەشێوەیەکی سادە و ساکار هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کراوە، کەچی لەگەڵ هاتنی بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێدا، بەشێوەیەکی قووڵتر و وردتر هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەمزدا کراوە و لە جەستەی شیعردا توێنراوەتەوە (٢٨). بەرجەستەکردنی ڕەمزیش لەناو شیعردا بەهۆی هەندێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە دەبێت «ڕەمز لە ئەدەبدا لە خوازە و خواستن و لێکچواندن لە دایک دەبێت، کەواتە زۆر لێکتر نزیکن» (٢٩). واتە شاعیر بەهۆی ئەم هونەرە ڕەوانبێژییانەوە هەوڵ دەدات مانای گشتی شیعرەکە سنووردار بکات، چونکە کاتێک ڕەمز لەناو شیعرەکەیدا بەکاردەهێنێت ئەوە وێنەیەکی هونەری بە یەکێک لەم هونەرانە دروست دەکات، ڕاستە مانای شیعرەکە سنووردار دەبێت و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات، بەڵام شاعیر هەندێک نیشانە (قرینە) لەناو شیعرەکەیدا جێ دەهێڵێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم نیشانانەوە مانا و مەبەستی شیعرەکە ڕوون ببێتەوە.

لە بابەتی پێویستی بەکارهێنانی ڕەمز لەناو شیعردا، (د. پەرێز سابیر) دوو جۆرە پێویستیی دیاری دەکات. ئەوانیش پێویستییەکیان لە دەرەوەی شیعرە و بۆ شاعیر دەگەڕێتەوە، لەم حاڵەتەشدا ڕەمز تەنیا هۆیەکە بۆ گەیشتن بە مەبەستێک، پێویستییەکەی دیکەیان لەناو شیعردایە و لەم حاڵەتەشدا ڕەمز لەوە دەردەچێت تەنیا هۆیەک بێت، بەڵکو لە یەک کاتدا دەبێتە هۆ و مەبەست. ئەوەی پێوەندی بە بەکارهێنانی ڕەمزەوە هەیە لە دەرەوەی شیعر بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت شاعیر لە ئەنجامی فشارێکی دیاریکراوەوە، کە پێوەندی بە چەند هۆکارێکی دەرەکییەوە هەیە، ڕەمزەکە بۆ ئەوە بەکاردەهێنێت تا لەژێر کاریگەریی ئەو فشارەدا شتێک بڵێت کە بەبێ بوونی ئەو پەردەیەی ڕەمزەکە بۆی دروست دەکات، شاعیر ناتوانێت ئەو شتە بڵێت، بەڵام کاتێک ڕەمز دەکەوێتە ناوەوەی شیعر، ئەوە شاعیر خۆی لەناو شیعرەکەیدا دەتوێتەوە و دەچێتە پێکهاتەی شیعرەکە و شتێک نامێنێت پێی بگوترێت شیعر و شاعیر، بەڵکو دەبنە یەک شت و بەرەو مەبەستێکی باڵای شیعری دەڕۆن، ئەویش ڕووت کردنەوەی شیعرە لەو شتانەی لە دەرەوەی شیعرن و لەژێر فشارێکەوە بە ناچاری تێکەڵی شیعر بوونە و دەرکەوتنیەتی لە بەرگە ڕاستەقینەکەی خۆی وەکو شیعر (٣٠).

لێرەوە ئەو گرنگییەمان بۆ دەردەکەوێت لە بەکارهێنانی ڕەمز لە ئەفسانەی کوردیدا، شاعیر کاتێک ڕەمز بەکاردەهێنێت، مەبەستی ئەوەیە مانای شیعرەکەی زیاتر قووڵ بکاتەوە. بە جۆرێک تێگەیشتن لە مانای شیعرەکە کەمێک گران و ئاڵۆز بێت، بۆ ئەوەی لەمانایەکی سادە و ساکار دووربکەوێتەوە و بەیەک جار و دووجار مانای بەدەستەوە نەدات، بەڵکو شیعرەکە دەقێکی کراوە بێت و زیندوویەتی خۆی بپارێزێت «هۆی بەکارهێنانی ڕەمزیش لای شاعیران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (ڕەمز سروشتێکی دەوڵەمەند و وروژێنەری هەیە)، چونکە ڕاستەوخۆ گوزارشت لە مانایەکی سنووردار ناکات، بەڵکو (دەلالەت لەو مانایە دەکات کە لەپشت مانا دیارەکەوەیە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی دیارەکەش) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو خاسیەتە تایبەتییەی ڕەمز یارمەتی شاعیر دەدات مانای شیعرەکە بە کراوەیی بەجێ بهێڵێت...» (٣١). ئەمەش لێهاتوویی و شارەزایی شاعیری دەوێت، چونکە مەرج نییە هەموو شاعیرێک بتوانێت بەشێوەیەکی دروست هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەمزدا بکات. کەواتە ڕەمز هەم لە ڕووی ناوەڕۆک و هەم لە

ڕووی بنیادی هونەری جوانکاری شیعرەکەوە دەورێکی گرنگ دەگێڕێت.

**بابەتی دووەم: پێوەندی نێوان شیعر و ئەفسانە**

شیعر و ئەفسانە پێوەندییەکی پتەویان بە یەکترییەوە هەیە، ئەم پێوەندییەش لەناو شیعردا هەستی پێ دەکرێت. ئەگەر ئەفسانە بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤ بێت، ئەوە لە شیعریشدا خەیاڵ ڕەگەزێکی سەرەکییە و شاعیر بەهۆی خەیاڵەوە داهێنان و دەست ڕەنگینی و لێهاتوویی خۆی دەردەخات. کەواتە دەتوانین بڵێین شیعر و ئەفسانە تاڕادەیەکی زۆر یەک سەرچاوەیان هەبووە، چونکە ئەو وێنە و دیمەنانەی لەناو ئەفسانەکاندا هەن وێنە و دیمەنی خەیاڵین، ئەم وێنە و دیمەنانە بەجۆرێکی تر لە شیعردا هەستیان پێ دەکرێت، چونکە مرۆڤی کۆن هەندێک جار بە خەیاڵی شاعیرانەوە سەیری دەوروبەری خۆیان کردووە، بۆیە دەبینین یەکێکی وەکو (ڤیکتۆر شکلۆڤسکی) وابیردەکاتەوە «نەک هەر تەنیا ئەفسانە بە شیعر دەزانێت، بەڵکو لای وایە کە ئەفسانە شێوەی یەکەمی شیعرە» (٣٢).

ئەم پێوەندییەی نێوان ئەدەب (شیعر) و ئەفسانە زۆر کۆنە و «لە کۆنترین سەردەمەوە ئەم پێوەندییە بەتینە، لەلای نەتەوە جیاوازەکان دەستی پێکرد» (٣٣)، چونکە وەکو پێشتر وتمان جگە لە شیعر و ئەفسانە هیچی تر نەبووە مرۆڤی سەرەتایی پەنای بۆ بەرێت، لەبەر ئەوە «ئەفسانە و شیعر شێوازێک بوون لە شێوازەکانی گوزارشت کردنی مرۆڤ لەسەرەتای هەر شارستانیەتێک» (٣٤).

گرنگترین شت کە ئەم پێوەندییە بسەلمێنێت ئەوەیە «کاتێک دەمانەوێت لە ئەفسانە بکۆڵینەوە، هیچمان لەبەردەستدا نییە، جگە لە دەقی ئەدەبی نەبێت، کۆنترین دەقیش بەدەستمان گەیشتبێت شیعرە، بەتایبەتی شیعری چیرۆکئامێز» (٣٥). کەواتە کۆنترین دەقی ئەفسانەیی کە بەدەستی ئێمە گەیشتبێت لەشێوەی پارچەی ئەدەبیدا بووە بەتایبەتی شیعر. مێژووش ئەمەی سەلماندووە و دەرکەوتووە «کۆنترین ئەفسانە بریتی بووە لە گۆرانییە ئایینییەکان، پاشان داستانە شیعرییەکان» (٣٦). لێرەوە گرنگی ئەدەب لە پاراستن و گواستنەوەی ئەفسانەکان و گەیاندنیان بەنەوەی نوێ دەردەکەوێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە ڕوانگەی سەردەمە نوێیەکەوە مامەڵە لەگەڵ ئەفسانەکاندا بکەن و سوودیان لێ وەربگرن، چونکە «گرنگیدان بە ئەفسانە مانای گەڕانەوە نییە بۆ قۆناغی سەرەتایی ژیانی مرۆڤ، بەمانای ئەوەی شاعیرانی سەردەم دووبارە ئەفسانە سەرەتاییەکەی خۆی وەرناگرن، بەڵکو ئەوان لە گیان و جەوهەری ئەو ئەفسانانە گەیشتوون، بۆیە هەر لەگیان و جەوهەری ئەو ئەفسانانەوە داهێنان لە ئەدەبەکەیاندا دەکەن» (٣٧).

شاعیرەکان بۆیە هەمیشە ڕوو لە ئەفسانە دەکەن، چونکە پێویستییەکانی سەردەمی نوێ وادەخوازێت، شاعیریش هەمان ئەفسانە بە گیانێکی نوێتر و زیندووتر لەناو شیعرەکانی خۆیدا بەرجەستە دەکات، لەلایەک گیانێکی نوێ بە بەر ئەفسانەکەدا دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە ڕەمزە ئەفسانەییەکە لە سەردەمەکەی خۆی دەترازێنێت و بۆ ئەو سەردەمەی کە خۆی تێدا دەژی بەکاری دێنێت.

شاعیر کاتێک ئەفسانە لە ناو شیعرکانیدا بەکاردەهێنێت، دەیەوێت مانا و دەلالەتێکی دیکە بە وەرگر (خوێنەر) بدات، واتە ئەفسانە دەکاتە هۆیەک بۆ دەربڕینی ئەوەی مەبەستییەتی. بەمەش مەبەستەکەی خۆی لە پشت ئەفسانەکەوە دەشارێتەوە و زیندوویەتی بەدەقەکە و بە ئەفسانەکە دەبەخشێت.

ئەوانەی ئەفسانەکان دەکەن بە بابەتی کارە ئەدەبییەکانیان، زۆرجار هەڵەی زەق دەکەن و کۆمەڵێک بیرکردنەوەی هەڵەیان بەرانبەر ئەفسانەکان لەلا دروست دەبێت، وەکو ئەوەی بەلایەوە گێڕانەوەیەکی، یان چاوپێداخشاندنەوەیەکی ئەفسانەکان بە سادەیی بۆ دەقە ئەدەبییەکەی بەس بێت، یان ئەفسانەکان تەنیا بۆ مەبەستی ڕازاندنەوە و جوانکاری دەقە ئەدەبییەکەی قۆرخ بکات. هەندێک ئەدیبی دیکە هەن بەشێوەیەکی خراپ و هەڵە لە جەوهەری ئەفسانە دەڕوانن و بانگەوازی ئەوە دەکەن گوایە دەتوانن خۆیان مانایەکی دیکە بۆ ئەفسانەکان دابهێنن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕاستییە دەزانن کە ئەفسانەکان گەنجینەی بیروباوەڕ و دابونەریتی کۆمەڵن و کەس ناتوانێت بیانشێوێنێ، بۆیە ئەمە وای کردووە زۆربەی دەقەکانی ئەم سەردەمە ئاڵۆز و تەمومژاوی بن و تێگەیشتنیان ئاسان نەبێت(٣٨).

دەبێ ئەوەش بزانین ئەوەی لەناو ئەفسانەکاندا هەیە ناکرێت لە پرۆسە ئەدەبییە جیاوازەکاندا سوودی لێ وەربگیرێت، چونکە «هەموو ئەو شتانەی لەناو ئەفسانەدان هەموو کاتێک ناگەنە ئەو ئاستەی بەهایەکی گەورە بۆ کارەکان دابنێین» (٣٩). بۆیە دەبێت شاعیر ئاگاداری ئەوە بێت و بزانێت سوود لە چ لایەنێکی

ئەفسانە وەردەگرێت و کام ڕەمزی ئەفسانەیی دەکاتە بابەتی شیعرەکانی، بۆیە زۆرجار داوا لە شاعیر دەکرێت پاشخانێکی زانیاریی فراوان لە بابەت ئەفسانەکانەوە کۆ بکاتەوە و لە پرۆسە ئەدەبییە جیاوازەکاندا سوودیان لێ وەربگرێت.

### بابەتی سێیەم:
### هەندێک ڕەمزی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی (هێمن)دا

ئەدەبی کوردی لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا بە قۆناغی نوێبوونەوەدا ڕۆیشت و شاعیرانی کورد گەلێک تەکنیک و هونەری تازەیان هێنایە ناو شیعری کوردییەوە، بەکارهێنانی ڕەمزیش یەکێک بوو لەو داهێنانە نوێیەی شاعیران. هەرچەندە بەکارهێنانی ڕەمز لە ئەدەبی فۆلکلۆری و میللی و لای شاعیرانی کلاسیکی کوردیش هەستی پێ دەکرێت، بەڵام بەم شێوە فراوان و بەم تەکنیکە تازەیەی ئەمڕۆ نەبوو، بەتایبەتی بەکارهێنانی ڕەمزە ئەفسانەییەکان گرنگییەکی زۆر لای شاعیرانی کۆن و نوێ هەبوو (بە تایبەتی لە شیعری نوێی کوردیدا).

زۆربەی شاعیرانی کورد پەنایان بۆ ڕەمزە ئەفسانەییەکان بردووە و لە شیعرەکانی خۆیاندا بەرجەستەیان کردووە و بۆ مەبەستی جیاجیا بەکاریان هێناوە. ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین شاعیرانی کورد سەرەتا ڕەمزە جیهانییەکانیان بەکاردەهێنا، بەڵام دواتر ڕوویان کردە بەکارهێنانی ڕەمزە ئەفسانەییە خۆماڵییەکان. هەندێک جار ناوهێنانی ڕەمزە ئەفسانەییەکان بە هەمان ناوە بیانییەکانی خۆیان بەکارهاتوون، هەندێک جاریش هەوڵ دراوە لەجیاتی ناوە بیانییەکان وشە و زاراوەی کوردی بەکاربهێنرێت.

شاعیرانیش بۆ مەبەستی جۆراوجۆر ڕەمزە ئەفسانەییەکانیان بەکارهێناوە . هەیانە تەنیا بۆ مەبەستی جوانکاری لە بنیادی هونەریی شیعرەکەدا بەکاریان هێناوە، یان ویستوویانە ناوەرۆکێکی قووڵ و دەوڵەمەند و فەلسەفییانە بە وەرگر (خوێنەر) ببەخشن، یان هەندێک جار کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی وایان کردووە شاعیر پەنا بۆ ڕەمز بەگشتی و ڕەمزی ئەفسانەیی بەتایبەتی ببات، لەوانەش (هۆکاری سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ...تاد)، چونکە شاعیر نەیویستووە مەبەستی شیعرەکەی بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بەدەستەوە بدات، بۆیە ڕەمزی کردووەتە هۆکارێک و زیندوویەتی و فرە واتایی بەدەقەکە بەخشیوە.

زۆرجار شاعیرانی کورد لە بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە ڕەمزە ئەفسانەییەکان شێوازی خۆیان گۆڕیوە و بەشێوازێکی دیکە سوودیان لە ڕەمزە ئەفسانەییەکان بینیوە. شاعیر هەیە ئەفسانەکەی وەکو خۆی بەکارهێناوە، هی واش هەیە بەشێوەیەکی هونەری و ڕێک و جوان ئەفسانەکەی خستووەتە ڕوو. هەڵبەت شاعیرانی کورد گەلێک مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئایدیۆلۆژییان لە بەرگی ئەفسانەکاندا حەشارداوە و لە پەنای ئەم ڕەمزە ئەفسانەییانەوە زۆر مەبەستی دیکەیان دەربڕیوە.

(هێمن)ی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرە بەتوانایانەی توانیویەتی بەشێوەیەکی ورد و هونەرییانە سوود لە ڕەمز ببینێت. شاعیرانە مامەڵەی لەگەڵ ڕەمزە ئەفسانەییەکاندا کردووە. هەندێک جار پەنای بۆ ڕەمزی گریکی و ڕۆمانی بردووە، هەندێک جاریش سوودی لە ئەفسانەی کوردی خۆماڵی وەرگرتووە.

لە شیعری (ئێوارە پاییز)دا خراپە و شەڕخوازی (خوای شەڕ)مان بۆ ڕوون دەکاتەوە، غەمباری و دڵتەنگی دڵی شاعیر دادەگرێت. دیمەنی ئێوارەیەکی پاییزمان پیشان دەدات، پەڵەهەورێک بەری ئاسمان دەگرێت و هەوا تەمومژ و لێڵ دەبێت، هەموو شتێک جوانی و دڵڕفێنی خۆی لە دەست دەدات و ڕەنگی پاییز دەگرێت. ئەم دیمانانەی شاعیر ئاماژەن بۆ دڵتەنگی و دڵەڕاوکێی دڵ و دەروونی خۆی بەرانبەر بە کەسانێک، کە لەم هەموو دیمەنە خەفەتبارانەدا پێ بکەنێت. ئەمە ئاماژەیە بۆ ستەمکاران لەگەڵ ئەو ستەم و خراپییەی دەیکەن دڵخۆشن و پێدەکەنن:

**بەڵێ هەن و پێدەکەنن**
**بە من، بە تۆ، بە هەزاران**
**بە داخی باوک کوژراوان**
**بە هەنیسکی هەتیو باران(٤٠)**

ئەوان بە هەموو شتێک پێدەکەنن، بە خوێن ڕشتن، بە سەربڕین، بە تاڵان و سووتان و وێران کردن...تاد. بەهەرچی کارەساتێکی (خوای شەڕ) دەینێتەوە، پێدەکەنن:

**بە بوومە لەرزە، ڕەشەبا**
**بە سووتمان، زیان و زەڕ**
**بە هەرچی خراپ و شوومە**
**بە گشت دەسکردی خوای شەڕ(٤١)**

(خوای شەڕ) ڕەمزی شەڕ و خراپەکاری و تاریکی و ویرانبوون و ئاشووب و...، شاعیر ئەم ڕەمزەی بەکارهێناوە مەبەستی لەستەمکار و دەسەلاتدارانی دوژمنی کوردە، لە کۆتایی شیعرەکەدا شاعیر لەنێوان نائومێدی و هیوا براویدایە، بەلام هەر زوو تەمی نائومێدی دەرەوێنێتەوە و هیوای بەدوارۆژ بەهێز دەبێت:

**گوتم: کەوابوو ئاشنا!**
**بەشی ئێمە لەنێو چوونە**
**گوتی: نا نا، دوور بنوارە**
**دوور بنوارە.. ئاسۆ ڕوونە..(٤٢)**

لە شیعری (شەو و شەیتان)دا شاعیر باسی کارەساتێکی دڵتەزێن و ناخۆش دەکات و هەردوو باڵی شەڕ و خراپە و تاریکی و باڵی چاکە و خێر و ڕووناکی بەیەکەوە باس کردووە:

**شەو زرنگاوە، ڕاشکا**
**شەیتان سامی لە خوا شکا**
**کەلپێ خوێناوی گرکردن**
**فریشتەی پشوو برکردن**
**خەم و خەفەت دادەبێژێ**
**شادی و ئازادی دەنێژێ**
**داسی مەرگ و نەمان دەسوێ**
**هەوەڵ گەوزی داوێتە کوێ؟**
**دێن و دەچن بە ئەسپایی**
**لەچوار چرا چەند تارمایی**
**خێوی شەو و خودای شەڕن**
**بێچووە شەیتانی بەدفەڕن(٤٣)**

شاعیر باسی کارەساتی لە سێدارەدانی پێشەوا (قازی محەمەد) و هاوەڵانی دەکات، کە لە گۆڕەپانی (چوار چرا)دا بەدارەوە کران و شەهید بوون. کۆمەڵێک ڕەمزی ئەفسانەیی بەکارهاتووە (شەیتان و خێوی شەو و خودای شەڕ و بێچووە شەیتان) ئەم ڕەمزانە لەناو ئەفسانەکاندا ڕەمزی خراپەکاری و شەرانگێزی و تاریکین، شاعیر ئەم ڕەمزانەی بەرانبەر بە (شای ئێران) و دار و دەستەکەی بەکارهێناوە و ئەوانی بە باڵی خراپە و تاریکی چوواندووە.

(هێمن) لە هێنانەوەی هەردوو ڕەمزی خێروشەڕ بەیەکەوە، بەردەوام دەبێت، چونکە ئەم دوو هێز و باڵە هەر لە کۆنەوە لە کێشە و ململانێیەکی بەردەوامدان. لە شیعری (ناڵەی جودایی)دا ئەم کێشە و ململانێیە بە سەرکەوتنی (پەری) کە ڕەمزی خێر و چاکە و ڕووناکییە کۆتایی پێ دێنێت و دەڵێت:

**دێم و ناترسم لە پەرژینی بەزی**
**هەرپەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی**
**تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم**
**دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم(٤٤)**

(پەری) ڕەمزی چاکە و ڕووناکییە، دێوەزمە ڕەمزی خراپە و تاریکییە. ئەم دوو باڵە لە ململانێدا دەبن، تا لەکۆتاییدا (پەری) بەسەر (دێوەزمە)دا زاڵ دەبێ. (پەری) لێرەدا ڕەمزە بۆ شۆڕشگێڕان و نەبەردان، کەچی (دێوەزمە) ڕەمزی دوژمنان و کۆنەپەرستانی کوردە.

لە شیعری (سوری دەوران)دا دیسان لەناو ئەفسانەی کوردیدا باسی دوو ڕەگەزی ناکۆک و دژبەیەک دەکات، کە (ڕمووزەن و خێوی شەڕ و مار) لەگەڵ (فریشتە)ی ڕەمزی خێروچاکە، بەلام ئەم جارە لەپاڵ ئەم ڕەمزە ئەفسانەییە کوردییانە، ڕەمزێکی ئەفسانەیی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی بەکارهێناوە لە تەک (فریشتە) ئەویش (خوای جوانی)یە، کە لە ئەفسانەکانی یۆنانی و ڕۆمانیدا بەرانبەر بە (ئەفرۆدیت و ڤینۆس)ە، بەلام شاعیر زاراوەی (خوای جوانی) بۆ هەردووکیان بەکارهێناوە:

**دڕندەی هار و ماری بێ ڕەزابوو**
**لە تالان و بڕۆیە شارەزا بوو**
**لە ترسانی ولات پڕ ترس و ڕەو بوو**
**ڕمووزەنە تاریکان و خێوی شەو بوو(٤٥)**

لە وەسفی میرێکی ستەمکاردا ڕەمزەکانی (مار و ڕمووزەن و خێوی شەڕ)ی بەکارهێناوە وەکو ئاماژەدان بە خراپەکاری و ستەم و کوشتوبڕ. هیچ کەس لێی ڕازی نەبووە تەنیا خودای شەڕ نەبێت، چونکە هەمان ئامانجەکانی خودای شەڕ جێبەجێ دەکات:

**خودا ڕازی بوو لێی، ئەمما خودای شەڕ**
**لە خەڵکی بەربوو وەک گورگی نێومەڕ(٤٦)**

پاشان بەرانبەر بەم میرە ستەمکارە، ڕەمزی (فریشتە)ی بۆ کچی میر بەکارهێناوە:

**هەموو شێوەی لە بابی خۆی جودا بوو**
**فریشتەی پاکی بوو خێری خودا بوو**
**تەبیعەت ئەو کرەی وا ورد تەنیبوو**
**خودای جوانی لە خۆشیانی خەنی بوو(٤٧)**

دەبینین (خوای شەڕ) لە میری ستەمکار ڕازی بووە، کەچی (خودای جوانی) لە کچی میر ڕازییە. واتە کەسایەتییان پێچەوانەی یەکترن.

لە شیعری (دەستکەوتی خەبات) باسی ڕەمزەکانی (دێوەزمە و دێو)ی کردووە، کە لەناو ئەفسانەی کوردیدا زۆر بەکارهاتوون:

**بەگژ بێگانە و خۆمانەدا چووی**
**لەگژ دێوەزمە و دێوانە ڕا چووی**
**نەترسای و نەخەجلای و نەلەرزی**
**چ مەشهووری، چ ڕوو سووری، چ بەرزی(٤٨)**

هەموو ئەم وەسفانەی هێمن بۆ شاعیری کورد (حاجی قادری کۆیی)یە. کە شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی میللەتەکەی خۆی بووە و یەکەم کەسە لە دوای (خانی) بانگی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری دابێت.

لە شیعری (فرمێسکی ڕنوو)دا (دێوی شەڕ)ی وەکو ڕەمزی داگیرکەرانی کوردستان بەکارهێناوە، هەروەها (فریشتە)ی ڕەمزی چاکە و خێر و ڕووناکی بەرانبەر بە (دێوی شەڕ) بەکارهێناوە، کە ڕەمزە بۆ کەسانی چاکەخواز و داپەروەر بەلای شاعیرەوە کە دەیانەوێت ڕووبەڕووی داگیرکەر و ستەمکاران ببنەوە:

**دێوی شەڕ سمکۆڵ دەکا لێم و دەبۆڵێنێ دەڵێ:**
**بۆ لەسەردانی هەموو ئێوە تەورزینم دەوێ**
**بۆ فریشتەی داد بە سینەی پڕ لە کینە و داخەوە**
**هاتە کوردستان گوتی: ڕەجمی شەیتانم دەوێ(٤٩)**

لە شیعری (گلێنەی شاعیر)دا، (هێمن)ی شاعیر باسی (خدری زیندە)ی کردووە، ئەم (خدری زیندە)یە لەناو ئەفسانەی کوردی و ئەفسانەی زۆربەی میللەتانی موسوڵماندا هەیە، ڕەمزی خێروچاکە و پیاوێکی ئیماندار و خووڕەوشت بەرزە و بە هانای لێقەوماوان و ستەم لێکراوانەوە دێت:

**هەموو عومری ئەبەد تێیدا نییە خۆشی دەمێک مەستی**
**خدر ئاوی حەیاتی بۆ چ بوو؟ فێری شەرابی با(٥٠)**

ئەماژەیە بە ئەفسانەی (خدری زیندە)، گوایە دەڵێن لەگەڵ (ئەسکەندەر) بەدوای ئاوی ژیاندا گەڕاوە و لە ئەنجامدا دوای ماندووبوون و گەڕانێکی زۆر (خدری زیندە) بە ئاوی ژیان شادبووە و لێی خواردووەتەوە، گوایە هەر کەسێکیش لەم ئاوە بخواتەوە نەمری بەدەست دێنێ، بەڵام (ئەسکەندەر) بێ ئومێد بووە. شاعیر مەبەستی ئەوەیە ئەگەر ژیانی نەمرییش بەدەست بێنی، مادام ژیان تا سەر خۆشی تێدا نییە! ئەم نەمرییە بە کەڵکی چی دێت!؟

(هێمن)ی شاعیر تەنیا خۆی بە ڕەمزەکانی ئەفسانەی کوردییەوە نەبەستووەتەوە، بەڵکو وەکو شاعیرێکی لێهاتوو و خاوەن ئەزموون سوودی زۆری لە ڕەمزە ئەفسانەییەکانی یۆنان و ڕۆمان وەرگرتووە، بۆ نموونە لە شیعری (شینی گۆران)دا هەردوو ڕەمزی ئەفسانەیی (پەری شیعر و مۆسیقا) و (خوای جوانی) بەکارهێناوە، شاعیر ئەم شیعرەی بە بۆنەی مردنی (گۆران)ەوە وتووە:

**پێم پەری شیعر و مۆسیقا تۆران**
**بۆیە بردیانەوە سەرێ گۆران**
**یا خوای جوانی تووڕە بوو لێمان**
**ئەو چرایەی ڕەوا نەدی پێمان**
**ڕۆژگار گەوهەری وەبن گڵ دا**
**داخی ئەو مایەوە لەناو و دڵ دا(٥١)**

لە ئەفسانەی یۆنانی کۆندا (ئەپۆڵۆ) خوداوەندی شیعر و مۆسیقا بووە، هەروەها لە هەردوو ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانی کۆندا (خودای جوانی) بریتی بوونە لە (ئەفرۆدیت)ی یۆنانی و (ڤینۆس)ی ڕۆمانی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە ئەفسانەی یۆنان و ڕۆماندا بۆ هەر شت و دیاردەیەک خوداوەندی تایبەتییان داناوە. (گۆران)ی شاعیری بە (چرا و گەوهەر) چواندووە.

لە شیعری (پەری شیعر)یشدا سوودی لە هەمان ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانی وەرگرتووە. ڕەمزە ئەفسانەییەکانی (فریشتەی جوانی و پەری شیعر)ی بەرانبەر بە (ئەفرۆدیت و ڤینۆس و ئەپۆلۆ) بەکارهێناوە:

**بەڵام ئەی فریشتەی جوانی**
**ڕەنگ بێ ئەم نوکتە نەزانی**
**پەری شیعر وەک کچی جوان**
**بۆ پیاوی پیر نایەتە ژوان(٥٢)**

شیعری بە کچێکی جوان چواندووە، مەبەستی ئەوەیە کە شاعیر ئەگەر بەساڵاداچوو هێز و توانای تێدا نەماو چێژ و زەوقی شیعری نەما، ئەستەمە ئیلهامی شیعری بە ئاسانی بۆ بێت.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان شیعر و ڕەمزدا هەیە، شاعیر ڕەمز بۆ زۆر مەبەست بەکاردەهێنێت، جگە لە جوانکاری لە ڕووی ڕوخسارەوە، بۆ شاردنەوەی مەبەستەکانی لەناو شیعردا بۆ ئەوەی شیعرەکە واتای بە ئاسانی بەدەستەوە نەدات.

٢- شیعر و ئەفسانە لەكۆنەوە پێوەندییان بەیەكترییەوە هەبووە، چونكە ئەو وێنە و دیمەنانەی لەناو ئەفسانەدا هەستیان پێ دەكرێت، هەمان ئەو دیمەنانە لەناو شیعریشدا هەن، بەڵام بەجۆرێكی تر، چونكە مرۆڤێكی سەرەتایی زۆرجار بەخەیاڵی شاعیرانەوە بیریان لە دەوروبەر كردووەتەوە.

٣- مەرج نییە ئەفسانەكە (ڕەمزە ئەفسانەییەكە) وەكو خۆی لەناو دەقی شیعریدا بەكاربهێنرێت، بەڵكو گۆڕانكاری بەسەردا دێت و شاعیر گیان و جەوهەری ئەفسانەكە وەردەگرێت و لەگەڵ سەردەمەكەی خۆی دەیگونجێنێت.

٤- مەبەستی شاعیر لە بەكارهێنانی ڕەمزە ئەفسانەییەكان شتێكی ترە، نەک ڕەمزە ئەفسانەییەكە خۆی.

٥- (هێمن)ی شاعیر یەكێكە لەو شاعیرانەی توانیویەتی بەشێوەیەكی زیرەكانە مامەڵە لەگەڵ ڕەمزە ئەفسانەییەكاندا بكات و مەبەستەكانی بپێكێت.

٦- (هێمن)ی شاعیر هاتووە جەوهەر و گیانی ڕەمزە ئەفسانەییەكانی وەرگرتووە، بەمەش گیانێكی نوێی بە بەر دەقەكە و مەبەستەكەیدا كردووە و توانیویەتی مەبەستەكانی خۆی لەپەنای ڕەمزە ئەفسانەییەكاندا بشارێتەوە.

٧- لە بەكارهێنانی ڕەمزە ئەفسانەییەكاندا سوودی لە ئەفسانەی جیهانی و ئەفسانەی كوردی وەرگرتووە.

٨- زۆرجار لە بری بەكارهێنانی زاراوەی بێگانەی وەكو (ئەفرۆدیت و ڤینۆس) زاراوەی كوردی وەكو (خوای جوانی) بەكارهێناوە.

٩- لە شیعرەكانیدا هەندێک جار تەنیا باسی باڵی شەڕ و خراپە و تاریكی كردووە، هەندێک جاریش باسی باڵی خێر و چاكە و ڕووناكی كردووە، یان هەردووكیانی بەیەكەوە كۆ كردووەتەوە.

## پوختەی لێكۆڵینەوە

ئەو پێوەندییەی شیعر و ئەفسانە بەیەكترییەوە دەبەستێتەوە زۆر بەهێزە، دەتوانین بڵێین سەرچاوەی هەردووكیان خەیاڵە، لە ئەفسانەكاندا خەیاڵ بۆ دروستكردنی دیمەن و وێنەكان ڕەگەزێكی سەرەكییە، لە شیعریشدا بە هەمان شێوە خەیاڵ دەوری سەرەكی دەگێڕێت.

(هێمن)ی شاعیر لە بەكارهێنانی ڕەمزە ئەفسانەییەكان دركی بەو ڕاستییانە كردووە، بەجۆرێک هاتووە گیان و جەوهەری ڕەمزە ئەفسانەییەكانی وەرگرتووە و جارێكی تر لەگەڵ سەردەمەكەی خۆی گونجاندوویەتی و گیانێكی نوێی بەدەقە شیعرییەكە بەخشیوە. جگە لەمەش شاعیر نەیویستووە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ مانای شیعرەكانی بەدەستەوە بدات، بۆیە پەنای بۆ بەكارهێنانی ڕەمزە ئەفسانەییەكان بردووە، لە بەكارهێنانی ڕەمزە ئەفسانەییەكانیشدا مەبەستی خودی ئەفسانەكان نەبووە، بەڵكو مەبەستی ئەوە بووە مانا و دەلالەتێكی دیكە (مەبەستە شیعرییەكەی) لەپشت ئەو ڕەمزە ئەفسانەییانەوە دەرببڕێت.

شاعیر لە بەكارهێنانی ڕەمزە ئەفسانەییەكاندا سوودێكی زۆری لە ئەفسانەی جیهانی و ئەفسانەی فۆلكلۆری ڕەسەنی كوردی وەرگرتووە. بۆ ئەم مەبەستەش زۆربەی بابەتە مێژوویی و كۆمەڵایەتییەكانی بەهۆی ڕەمزی ئەفسانەیی جیهانی و كوردیی دەربڕیوە. بەم جۆرە بەهۆی ڕەمزە ئەفسانەییەكانەوە توانیویەتی بەشێوەیەكی زۆر ورد و لێهاتووانە لایەنی ڕوخسار و ناوەرۆكی شیعرەكانی بەشێوەیەكی سەرنجڕاكێش دابڕێژێت.

**پەراوێزەكان:**

**(١) بڕوانە: د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن، گەڕان بەدوای نەمریدا، (هەولێر: چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٢)، ل١٦.**

**(٢) عبد علي سلمان، الأنثروبولوجيا الاجتماعية، (موصل: مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٥)، ل٧٧.**

**(٣) كامەران موكری، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، (......، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٨٤)، ل٣٩.**

**(٤) د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن، پێكهاتەی ئەفسانەی كوردی، (سلێمانی: چ١، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٧)، ل٦٠.**

**(٥) كامەران موكری، ل٤٠.**

**(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.**

**(٧) عبد علی سلمان، ل٧٧.**

**(٨) عبد علی سلمان، ل٧٧.**

**(٩) د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن، گەڕان بەدوای نەمریدا، ل١٦.**

**(١٠) د. عزالدين مصطفى رسول، دراسة في أدب الفولكلور الكردي، (بغداد: دارالثقافة والنشر الكردية، ١٩٨٧)، ل١٣.**

**(١١) د. أحمد أبو زيد و جماعته، دراسات في الفولكلور، (القاهرة:....) ١٩٧٢)، ل١٤.**

**(١٢) پ.د. دینكن میشیل، معجم علم الاجتماع، ترجمة: د. احسان محمد الحسن، (بغداد: دارالحرية للطباعة، ١٩٨٠)،**

ل٢٠١٠.
(١٣) پ.د. دینکن میشیل، ل٢١٠.
(١٤) د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، ل٤٦.
(١٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.
(١٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.
(١٧) د. عزالدین مصطفی رسول، ل١٣.
(١٨) کامەران موکری، ل٤٦- ٤٧.
(١٩) کامەران موکری، ل٤٨.
(٢٠) د. عزالدین مصطفی رسول، ل١٨.
(٢١) د. عزالدین مصطفی رسول، ل١٥.
(٢٢) د. عزالدین مصطفی رسول، ل١٤-١٥.
(٢٣) کامەران موکری، ل٤٧.
(٢٤) د. کەمال مستەفا مەعروف، ڕەمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسی شاعیردا، (سلێمانی: گۆڤاری زانکۆی سلێمانی- ١٤- ، حوزەیرانی ٢٠٠٤)، ل١٣٥-١٣٦.
(٢٥) د. کەمال مستەفا مەعرووف، ل١٣٥.
(٢٦) د. پەرێز سابیر، تەوەرەکانی ڕەمزی شیعری لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، (هەولێر: گۆڤاری زانکۆ- ٢٥-، ٢٠٠٦)، ل٥٢٨.
(٢٧) د. کەمال مستەفا مەعرووف، ل١٣٩.
(٢٨) د. پەرێز سابیر، ل٥٢٩.
(٢٩) د. کەمال مستەفا مەعرووف، ل١٣٩.
(٣٠) د. پەرێز سابیر، ل٥٣٢- ٥٣٣.
(٣١) د. پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، (هەولێر: چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٦، ل٥٥٩.
(٣٢) د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن، گەڕان بەدوای نەمریدا، ل٣٢.
(٣٣) عماد علي الخطيب، الأسطورة معيارا نقديا، (عمان: دار جهينة للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦)، ل٤٣.
(٣٤) د. عماد علي الخطيب، ل٥٥.
(٣٥) د. احمد كمال زكي، الاساطير، (بيروت: ط٢، دارالعودة، ١٩٧٩)، ل١٩٧.
(٣٦) د. احمد كمال زكي، ل١٩٩.
(٣٧)د. عماد علي الخطيب، ل٥٦.
(٣٨) د. احمد كمال زكي، ل٢١٩.
(٣٩) د. احمد كمال زكي، ل٢٢٦.
(٤٠) هێمن، دیوانی هێمن ١٩٣١- ١٩٨٦، (هەولێر: ....، ٢٠٠٣)، ل٩٥.
(٤١) هێمن، ل٩٦.
(٤٢) هێمن، ل٩٨.
(٤٣) هێمن، ل٢٤٩.
(٤٤) هێمن، ل٣٢٣.
(٤٥) هێمن، ل٢١١.
(٤٦) هێمن، ل٢١٢.
(٤٧) هێمن، ل٢١٣.
(٤٨) هێمن، ل١٧٣.
(٤٩) هێمن، ل٢٧٣.
(٥٠) هێمن، ل٢٨٨.
(٥١) هێمن، ل٢٦٢.
(٥٢) هێمن، ل١٤٣.

سەرچاوەکان:


یەکەم: کتێبی کوردی

١- د. پەرێز سابیر (٢٠٠٦) ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر. چ١- هەولێر؛ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
٢- کامەران موکری (١٩٨٤) ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
٣- مەولوود ئیبراهیم حەسەن (٢٠٠٢) گەڕان بەدوای نەمریدا! چ١- هەولێر؛ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
٤- د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن (٢٠٠٧، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چ١- سلێمانی؛ چاپخانەی ڕەنج.
٥- هێمن (٢٠٠٣) دیوانی هێمن ١٩٣١- ١٩٨٦ هەولێر.

دووەم: کتێبی عەرەبی

٦- د. احمد أبو زيد و جماعته (١٩٧٢) دراسات في الفولكلور. القاهرة.
٧- د. احمد كمال زكي (١٩٧٩) الاساطير. ط٢- بيروت؛ دارالعودة.
٨- دينكن ميشيل: ت: د. احسان محمد الحسن (١٩٨٠) معجم علم الاجتماع، بغداد؛ دارالحرية للطباعة.
٩- عبد علي سلمان (١٩٨٥) الاثروبولوجيا الاجتماعية. الموصل؛ مطبعة جامعة الموصل.
١٠- د. عماد علي الخطيب (٢٠٠٦) الاسطورة معياراً نقدياً. عمان؛ دار جهينة للنشر والتوزيع.
١١- د. عزالدين مصطفى رسول (١٩٨٧)، دراسة في أدب الفولكلور الكردي، بغداد؛ دارالثقافة والنشر الكردية.

سێیەم: گۆڤار

١٢- د. پەرێز سابیر (٢٠٠٥) تەوەرەکانی ڕەمز لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ، ژمارە (٢٥)، هەولێر.
١٣- د. کەمال مستەفا (٢٠٠٤) ڕەمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ(١٤)، سلێمانی.

# گەڕان بەدوای حەقیقەتدا
# لە شیعری (ئەو هەفتەیەی حەوت ڕۆژ و شەوێکە)

حەمە مەنتک

**پێشەکی**

سەرەتا دەبێ بڵێین ئەم بابەتەی ئێمە تایبەتە بە بابەتێکی زۆر گرنگ و هەستیار کە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. لەوەتەی مرۆڤ بیری کردۆتەوە ئەم بابەتە مرۆڤی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بە تایبەتی ئەو کەسانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆیان بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت تەرخان دەکەن.

حەقیقەت چ وەک چەمکێکی فەلسەفی، یان ئەخلاقی کۆمەڵە فەیلەسووفێکی زۆری بە خۆیەوە خەریک کردووە. تەنانەت زۆر لە ڕۆشنبیران و شاعیران و ئەدەبدۆستانی سەر گەرم کردووە.

(دڵشاد مەریوانی)یش وەک شاعیرێک هەردەم بە دوای حەقیقەتدا وێڵ بووە، ئێمە لێرەدا شیعری (ئەو هەفتەیەی حەوت ڕۆژ و شەوێکە) کە لە کۆبەرهەمی شاعیر کە لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە ساڵی (٢٠٠٩) چاپکراوە. ل(٣٤١-٣٤٤) دایە. ئەم شێوە هەوڵدانێکی تەواوی شاعیرە لەماوەی ئەو حەوت ڕۆژە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت، بە تەکنیک و شێوازێکی جوان دەمانخاتە ناو پرۆسەیەک، پرۆسەی گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، ئایا بۆچی شاعیر لەم وڵاتەدا بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێت؟ ئایا حەقیقەت چییە؟ ئایا حەقیقەت لە ڕووی فەلسەفییەوە چۆن لێکدراوەتەوە؟ ئایا فەیلەسووفانی وەک:ئەفلاتوون، ئەرستۆ، دیکارت، کانت، نیتشە چۆن ڕوانیویانەتە حەقیقەت؟ بۆچی ئەمانە بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێن؟ کاریگەریی حەقیقەت لەسەر ژیان چییە؟ ئایا حەقیقەت شتێکی مادییە بە دەست دەهێنرێت، یان مەعنەوییە؟ لە ڕێگای ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری ترەوە کە لەناو لێکۆڵینەوەکەماندا سەرهەڵدەدەن، هەوڵدەدەین وەڵامیان بدەینەوە و بەهۆی ئەم شیعرەوە بەدوای حەقیقەتدا بگەڕێین.

**حەقیقەت چییە؟**

ئەگەر سەیری مانا زمانەوانی و فەرهەنگییەکەی بکەین، بە واتای هەرچی شتێک بمانگەیەنێت بە یەقین و بێ گومانی و شتی سەلمێنراو دێت. کەواتە مانا فەرهەنگییەکەی حەقیقەت ئەوەیە کە هەرچی شتێک بە شێوەیەک لە شێوەکان بسەلمێنرێت ئەوە حەقیقەتە. ئێمە لێرەدا ناڵێین ئەمە دوا لێکدانەوەی زمانەوانییەتی، بێ گومان کەسانی تریش هەن لێکدانەوەی جوانتر و ڕوونتری بۆ دەکەن، بەڵام ئێمە تاکو ئێرەمان هێناوە.

جگە لەمانا فەرهەنگییەکەی ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ترەوە لێی بڕوانین، بۆ نموونە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە ئەوە دەتوانین بە گرییەکی فەلسەفی لەقەڵەم بدەین کە



دلشاد مەریوانی

كلیلی هەموو گرێیەكانی تری ناو فەلسەفەیە، هەروەها بابەتێكی فەلسەفیشە بۆ گەڕان بەدوای ڕاستی زانیارییە گرنگەكان كە پرسیارە فەلسەفییەكانی لەسەر بنیاد نراوە، هەروەها حەقیقەت بە مانای ڕاستی دێت بە خەسڵەتی ئەوەی ئەو شتە حەقە، لەلایەكی ترەوە بە مانای واقیع دێت. ئەو شتانەی لە واقیعدا دەبینرێن و هەستیان پێدەكرێت، بەڵام ئەمەیان زۆر جێگای پەسەندكردن نییە، چونكە زۆر شت هەن لە واقیعدا نابینرێن و هەستیان پێ ناكەین وەك خەیاڵ، عەقڵ، هەرچەندە ڕەنگە بڵێین ئەمانە بەرهەمیان هەیە، بەڵام خودی خۆیان لەواقیعدا هەستیان پێ ناكەین.

وەك پێشتریش باسمان كرد چەندین جۆرە بیروڕاو لێكدانەوەی فەیلەسووفان هەیە بۆ شیكردنەوە و وەڵامدانەوەی ئەوەی حەقیقەت چییە؟ سەرەتا دەبێ لە فەیلەسووفانی یۆنانییەوە دەست پێ بكەین. بەلای ئەفلاتوونەوە هەرچی شتێك لەم دنیا و جیهانەدا هەیە ئەوە واقیع نییە، بەڵكو ئەمانە تەنیا سێبەری ئەو شتانەن كە لە دنیای نموونەیی، یان باڵادا هەن. كەواتە ئەفلاتوون حەقیقەت لەم دنیایەدا نابینێتەوە، بەڵكو حەقیقەت بەلای ئەوەوە لە جیهانی باڵادایە كە جیهانێكی نەمرە و زیندووە، بۆیە لە جیهانی باڵادا شتەكان چەسپاون و نەگۆڕن، بەڵام لەم دنیایەی ئێرەدا هەموو شتەكان كاتی و ڕێژەیین، تەنانەت فانین. دەگۆڕێن، جێگیر نین، لەبەر ئەوە ناتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت. كەواتە ئەفلاتوون واقیع و حەقیقەت وەك یەك دەبینێت و بە یەك شتیان دادەنێت. ئەو حەقیقەتەش لە جیهانی باڵادایە نەك لەم دنیایەی تێیدا دەژین.

بەڵام بە بیروڕای ئەرستۆ جیهانی مادە و هەست پێ كراوەكان، تاكە جیهانی بوون و حەقیقەتە، لە دەرەوەی ئەو جیهانە هیچ شتێكی تر بوونی نییە ناوی حەقیقەت بێت، بەڵام لێرەدا واتە لە فەلسەفەی ئەرستۆ هەموو شتە هەست پێ كراوەكان، ئەو شتەی كە بە هەستەكانمان هەستی پێ دەكەین ئەمانە ناوەندی حەقیقەتن. هەرچەندە ئەو شتانەش لاساییكەرەوەی شتی ترن، بەڵام ڕەنگە هەموو هەستەكانمان ڕێژەیی بن، واتە قابیلی گۆڕانن، ئەمەش گومان دروست دەكات، شتێكیش بنیادی لەسەر گومان دامەزرابێت، ئەوە نامانگەیەنێت بە حەقیقەتێكی یەقین. كەواتە جیاوازی لە نێوان بیروڕای ئەفلاتوون و ئەرستۆ لەوەدایە كە یەكەمیان حەقیقەت لە جیهانی باڵادا دەبینێت و دووەمیان حەقیقەت لەسەر زەوی و واقیع دەبینێت.

دیكارت یەكێكە لە فەیلەسووفە مەزنەكان كە ئەویش لەبارەی حەقیقەتەوە بیروڕای خۆی هەبووە. بەلای دیكارتەوە ناكرێت حەقیقەت لەسەر هەستەكان بنیاد بنرێت، لەبەر ئەوەی لە ڕوانگەی دیكارتەوە هەستەكان هەڵمان دەخەڵەتێنن. ئەو بڕوای وایە لە ڕێگای عەقڵەوە بە حەقیقەت دەگەین، لە بنەڕەتدا حەقیقەت واقیع نییە، بەڵكو بیركردنەوەكانن لەناو عەقڵدا. كەواتە ئەم فەیلەسووفە هەموو شتێك بۆ عەقڵ دەگەڕێنێتەوە، لە ڕاستیدا عەقڵیش پێویستی بە بەڵگەی لۆژیكی هەیە.

حەقیقەت لە دیدی هایدگەرەوە چێژی تایبەتی و چەمكێكی نوێی هەیە. بەلای ئەوەوە حەقیقەت لەناو بووندا هەیە، ئەو بوونەی كە ناتوانێ خۆی دەرببڕێت و حەقیقەتی خۆی ئاشكرا بكات. بۆیە پێویستی بەوە هەیە یەكێك بیدۆزێتەوە و ئاشكرای بكات، تاكە شتێك ئەو كارە بكات مرۆڤە. هایدگەر مرۆڤ بە ڕووناكیی حەقیقەت لەناو تاریكی كەینوونە دادەنێت، بۆیە حەقیقەت بیركردنەوەیەكە یەكسانە بە زمانێكی دیاریكراو لەناو بوونێكی دیاریكراودا بۆ ئاشكراكردنی بوونەوەرێك و ئازادییەكەی. كەواتە حەقیقەت لەلای هایدگەر دۆزینەوەی بوونە و مرۆڤیش تاكە ڕێگایە لە

ڕێگای بیرکردنەوەی ئەو دەستەبەرکردنە (حەقیقەت) بەکاربهێنێت تاکو بە هەموو ڕاستییەکان بگات و بۆ پرسیارە جەوهەرییەکانی ژیان و بوون وەڵامێکی قەناعەت پێکەری دەست کەوێت.

تاکو ئێرە دیدو بۆچوونی هەندێک لە فەیلەسووفانمان هێنایەوە دەربارەی حەقیقەت کە هەریەک لە ڕێگای لێکدانەوە و بیرکردنەوەی خۆی ڕوانیویەتە ئەو چەمکە فەلسەفی و ئەدەبی و ئەخلاقییە. هەرچەندە هەر ئەمانە نین قسەیان لەبارەی ئەو چەمکە کردبێ، بەڵکو زۆرانی تر هەن قسەیان کردووە، بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکەمان درێژدادڕی پێوە دیار نەبێت لەم سنوورەدا دەوەستین.

دێینە سەر ئەوەی کە ئایا شیعر دەبێتە ڕێگایەک بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت؟ ئایا شیعر چ چێژێکمان پێ دەبەخشێت؟ دەبێت لە ڕێگای ئەم پرسیارانەوە بۆ بەدەستهێنانی وەڵامەکان بڕۆین: "فەلسەفەی شۆپنهاوەر باسی ئەوە دەکات کە حەقیقەت بە پەیدابوونی بوونەوەرەکانەوە هاتە نێو جیهانی هەست و ماددەوە. واتە بەهۆی کات و شوێنەوە بوو بە بیچم و دیاردەی ئەم جیهانە. حەقیقەت لەیەکە بوونی خۆی هاتە دەرەوە و بینرا و بڵاوبۆوە و شتەکانی دنیای پێکهێناوە. پارچە پارچەبوونی حەقیقەت و پەخش و بڵاوبوونەوەی بەسەر جیهاندا سەر لێشێواوی بۆ ئێمە دروست کرد. هەر ئەوەیە وایکردووە تا ئێستاش واتایەکمان بۆ ڕاڤەکردنی خودی حەقیقەت نەبێ"(١) کەواتە بەلای ئەم فەیلەسووفەوە (شۆپنهاوەر) حەقیقەت لەگەڵ پەیدابوونی ژیان لەسەر زەوی ئەویش بووە بە مەسەلەیەک بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە هەر ڕێگایەک لە ڕێگاکان هەوڵی بەدەستهێنانی بدەن. تاکو ئێستاش چەندین ئایین دروست بوونە، هەمووشیان لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ لە ڕێگای عەقڵییەوە بە حەقیقەت نەگەیشتووە، بەڵکو ویستوویەتی لە ڕێگای غەیب و ئەفسانە و دەقە ئایینیەکان و ڕاڤەکانیانەوە پێی بگات. کەواتە ئایین وەکو ڕێگایەکە مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دایهێناوە کە لەدەرەوەی سنووری عەقڵن. هەریەکەشیان جۆرێک لە لێکدانەوەیان بۆ حەقیقەت هەیە و هەمووشیان حەقیقەت لەو ئایین و ئایینزایەدا دەبیننەوە کە باوەڕیان پێیەتی. مەسیحییەکان لە ڕێگای ئایینی مەسیحییەت و موسڵمانەکان لە ڕێگای ئایینی ئیسلامەوە. لەناو ئەمانەشدا چەندین ئایینزا هەیە کە خەڵک زیاتر حەقیقەت لەواندا دەبینێتەوە.

## ئەدەب و فەلسەفە

ئەوەی هاندەرمان بوو بۆ قسەکردن لە بارەی پێوەندی نێوان ئەدەب و فەلسەفە ئەوەیە وشەی حەقیقەت زیاتر چەمک و تێگەیشتنێکی فەلسەفی هەیە. بەوەی فەیلەسووفان زۆر خۆیان بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەتدا خەریک کردووە. ئەم دوو بوارە هەریەکەیان زمانی تایبەتی خۆیان هەیە. هەندێک لەو بڕوایەدان کە ئەدەب زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە کە خۆی پێ دەرببڕێت، هەندێکی تر پێیان وایە ئەدەب بەشێکە لە فەلسەفە.

ئەگەر باسی زمانی هەر یەک لەم دوو بوارە بکەین، دەبینین زمانی ئەدەب زمانێکی سۆزدارییە و پڕە لە جوانی و ئێستێتیکا و هەڵچوون و تاسە و خەون و ئارەزوو. هەموو ئەو شتانەی لەسەرووی لۆژیک و عەقڵەوە پێوەندییان بە بیرکردنەوەوە هەیە، هەموو ئەو پرسیارانەی کە پرسیار لە بوون ناکەن ئەمانە ئەدەبیاتن. ئەوەی بە ئەدەب (بەهەموو ژانرەکانییەوە) شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆنامە ئەوە ڕەنگە بە فەلسەفە فیکرەکە بە لاپەڕەیەک دەربڕینی لێ بکرێت. لەناو ئەدەب چێژ هەیە و خەڵکێکی زۆر دەتوانن چێژ لەو ئەدەبە وەربگرن، بەڵام لەفەلسەفەدا ڕەنگە تەنیا دەستەبژێرێک بتوانن لەفەلسەفە و پرسیارەکانی وردببنەوە و چێژی لێ ببینن.

ئەگەر سەیری مێژووی فەلسەفە بکەین دەبینین فەلسەفە بۆ خۆی لەناو هەناوی ئەدەبیاتدا لە دایک بووە. (جۆرج بۆواس) دەڵێت:" تەنیا ئەوانەی بیرناکەنەوە ئەم دوو بوارە تێکەڵاو دەکەن" ئەمانە یەک شتن، بەڵام بە دوو زمانی جیاواز. ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی(ئەفلاتوون) بکەین، هەرچەندە ئەم فەیلەسووفە شاعیران لە کۆمارەکەی دەردەکات، بە بیانووی ئەوەی ئەمانە هیچ سوودێک بە کۆمەڵ ناگەیەنن، بەڵام سەرەنجام بەرهەمەکانی بە چ زمانێک نووسراوە" لەدوا ئەنجامدا ئەفلاتوونیش بە شاعیر لەقەڵەم دەدات و دەیەوێت بڵێت ئەم فەیلەسووفە یەکەم کەس بووە کە ژانرەکانی تێکەڵ کردووە و بڕوای بە جیاوازی نێوان ژانری فەلسەفی و

ژانری شیعری، واته پۆئیتیک، نەبووە" (٢) کەواتە پێوەندی نێوان ئەم دوو بوارە پێوەندییەکی مێژووییە. لە هەناوی یەکتردا نەشونمایان کردووە. لەسەردەمی کۆندا هەموو زانستەکان تێکەڵاو بوونە و بە زەحمەت لەیەکتری جیادەکرانەوە، تاکو هاتنی (گالیلۆ) کە گوتی:" خۆر ڕاوەستاوە و زەوی بە دەوریدا دەسووڕێتەوە" و داهێنانی تیلیسکۆپ لەلایەن (کۆپەرنیکۆب) سەرەتای جیاوازیی لە نێوان زانستەکاندا بوو، هەروەها بە هاتنی (کانت و شۆبنهاوەر) فەلسەفە دەبێتە خاوەنی زمانی خۆی، بۆیە ئەم دوو بوارە لە هەموو شتێک وەکو یەک بن لە زماندا جیاوازن. زمانی فەلسەفە زمانێکی عەقڵانی و لۆژیکییە، هەڵگری پرسیارە سەختەکانە، گەڕانە بەدوای نهێنییەکانی (بوون) و (گەردوون)دا، بەڵام زمانی ئەدەب زمانێکە لەنالۆژیکی و ناعەقڵانی و ناواقیعی، هەمووی گەڕانە بەدوای (جوانی) و (چێژ) و (خەون)دا.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم دوو بوارە وەکو زۆربەی پێوەندییەکانی تری ئەدەب بە هونەر و سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا و ئەوانی تر پێوەندی لە نێوانیاندا هەیە. تەنانەت زمان و بیرکردنەوەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و زۆربەی فەیلەسووفەکان پڕیەتی لە شیعرییەت و شاعیریەت. ئەمانە بە خەیاڵفراوانییەوە بەرهەم و داهێنانەکانی خۆیان بەرهەم هێناوە. ئەدەبیات بە جۆرێک لە جۆرەکان بیرۆکە ئێستێتیکییەکان دەخوڵقێنێت: "لێرەدا دەتوانین ناوی گاستۆن باشلار بهێنین کە ئەویش وەک کانت تیۆریزەکارێکی زانست بوو، بەڵام بە ڕوحێکی شاعیرانەوە. باشلار لە یەکێک لەدوا بەرهەمەکانیدا (شیعریەتی خەون) فراوانی بە ئاسۆکانی بیرکردنەوەمان دەبەخشێ، ئەمەش بەوەی متمانەمان بە گەردوون زیاتر دەکات"(٣)

هەموومان دەزانین باشلار زانا بوو، بەڵام هەردەم خالی نەبووە لە خەیالی شیعری، کەواتە دەتوانین بڵێین هیچ زانستێک ناتوانێ بەبێ خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی سەروو واقیعانە بێت، هیچ زانستێک و فەلسەفەیەک خالی نییە لە شیعرییەت، ئەمە بەدەست زانا و فەیلەسووفەکان نییە، هەر دەبێت ڕەگێکیان لە نووسیندا بێتەوە سەر ئەدەبیات.

**شیعر و حەقیقەت**

ئێمە دەتوانین ئەدەب بە گشتی و ژانری شیعر بە تایبەتی بە ڕێگایەکی تری دابنێین بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەت و دۆزینەوەی حەقیقەت، چونکە ئەدیب و شاعیرەکان هیچ ڕێگایەکی تر نازانن، بۆیە ئەوانیش ئەم ڕێگایە بۆخۆیان دیاری دەکەن و لەوێوە هەوڵی دۆزینەوەی دەدەن. شیعر ڕێگایەکی سەیرە بۆ دەربڕینی هەستەکان، مەگەر هەر شاعیرەکان بتوانن باس لە شیعر بکەن. من لەو بڕوایەدام هەندێک جار شاعیرەکانیش ناتوانن باس لە شیعر بکەن. هەروەک (بۆدلێر) دەڵێت: " ناتوانین شیعر بە زانست و ئاکار بچوێنین، بابەتی شیعر حەقیقەت نییە، شیعر هیچ بابەتێک نییە جگە لە شیعر خۆی: "کەواتە بەلای (شارڵ بۆدلێر)ەوە حەقیقەت لەناو شیعردا نییە، بەڵکو وەک گوتمان شیعر ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، جا حەقیقەت لە هەر شتێکدا بێت. شیعر جیهانێکی جیاوازی هەیە لەو جیهانەی کە تێیدا دەژین، پڕیەتی لە خەون و سیحر و جوانی، پیرۆزی و ئەفسانە.

کەواتە شیعر ئەو جیهانەی هەبێت، دەبێت ڕێگایەکی زۆر جیاوازیش بێت لە ڕێگاکانی تر. (دلشاد مەریوانی) هەوڵی داوە ئەم ڕێگایە تاقی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو لەناو دنیایەک ناشیرینی و زوڵم و تاریکیدا ژیاوە، سەیری هەر لایەکی کردووە ناشیرینی بووە. لەو سەردەم و ڕۆژگارە شوێنێک بۆ جوانی لەم وڵاتەدا نەمابوو، ئێمە ناو لەو ڕێگایە دەنێین (ڕێگای شیعری)، لێرەوە هەوڵی داوە حەقیقەت بدۆزێتەوە، هەرچەندە ئەو لەم شیعرەیدا هەمیشە حەقیقەت لەخۆی جودا ناکاتەوە و بە بەشێکی دانەبڕاوی خۆی دادەنێت. ئەویش دڵنیام بەهۆی ئەو بیروباوەڕە چەپ و مارکسییەی هەیبوو. هەروەک دەزانین کۆتایی حەفتاکان و دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم لەناو گەنج و ڕۆشنبیرانی کورددا گەیشتبووە لووتکە، بۆیە کاتێک شاعیر ئەو هەموو نادادپەروەرییە دەبینێت، ناتوانێت بەرگەی بگرێت دوابەدوای ئەوەش چەندین سەفەری کردووە بۆ دەرەوە و لە فیستیڤاڵە ئەدەبییەکانی دەرەوەدا بەشداری کردووە. زیاتر هەستی بە ئازاری ویژدان کردووە بەرانبەر بەو واقیعە نادادپەروەرەی تێیدا ژیاوە. لەم واقیعە شتێک نەبوو ناوی حەقیقەت بێت، وەک ڕۆشنبیرێک هەوڵی داوە حەقیقەت بدۆزێتەوە تاکو بتوانێت گۆڕانێک دروست بکات. ئەویش تەنیا وەکو ئەرکی ڕۆشنبیری و

نووسەرایەتی خۆی، چونکە ئەرکی نووسەر جگە لە گومان خستنە دڵی تاک نەبێت بۆ ئەوەی خۆی ڕووبەڕووی پرسیارەکانی ژیان و بوون و واقیع بکاتەوە هیچی تر نییە. نووسەربوون کارێک نییە، پیشەیەک نییە بۆ بژێوی ژیان، بەڵکو زیاتر ئەرکێکە بۆ دروستکردنی پرسیار و گومان و زەمینە خۆشکردن بۆ گۆڕینی واقیع.

(دڵشاد مەریوانی) هەمیشە کەسێکی یاخی و ڕەتکەرەوە بوو، هەموو شتێکی قبووڵ نەدەکرد. واتە کەسێک بوو هەردەم لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا بوو بەرانبەر بە دیاردەکان و هەڵوێستی دیاریکراوی خۆی هەبوو. شاعیر سەر بە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بوو، زۆر پشتگیری بیروباوەڕی مارکسی و لینینی دەکرد. بۆ ڕێکخستنەوەی سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە ڕێگا چارەسەری دادەنا، بۆیە ئەو حەقیقەتی لەوەدا دەبینییەوە: "خۆشەویستی مرۆڤ چ لە ئەدەب و چ لە ژیانی شاعیردا نموونەیەکی کەم وێنە و دەگمەنە، بە تایبەتیش بەرانبەر تێکۆشەرانی کرێکاران و چەوساوەکان و بە بیری زانستییانەی مارکسی و لینینی و بە شێوازێکی ئەدەبی تایبەتمەند و سەرنجڕاکێشەوە پێمان دەڵێت لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیزمیدا سەرگەردانی مرۆڤ چارە دەکرێت"(٤) شاعیر لەهەموو تەمەنیدا عاشقی مرۆڤایەتی بوو، کەسێک بوو پڕ لە سوود گەیاندن بە مرۆڤایەتی، بۆیە هەمیشە لەبیرکردنەوەی ئەوەدا بوو چۆن خزمەت بە میللەتەکەی و مرۆڤایەتی بکات. یاخیبوونی بە پێویستییەکی مێژوویی دادەنا، هەروەک لە وتاری (یاخیبوون و ئیلتیزام)دا دەڵێت: " یاخیبوون، لەهۆشیارییەوە و بە گوێرەی پێویستییەکانی مرۆڤ، مێژوو فەرزی دەکات و پێویستییەکی مێژووییشە. واتا ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی مرۆڤ بەسەر ئەوانەدا دەیسەلمێنێت کە هۆشیار و چاوکراوەن و هەردەم لەو نوێیانە دەگەڕێن کە سوودی زیاتری مرۆڤیان تێدایە"(٥) کەواتە شاعیر هەمیشە کەسێکی نوێخواز بووە، بەو مانایەی کەسێک بووە هەردەم لە هەوڵداندا بووە بۆ ئەوەی بەرهەمی جوان بنووسێت و ژیان جوان بکات. هانی نووسەرانی تریش بدات کە بەرهەمی نوێ و پڕ لە جوانی بنووسن. بێجگە لەمانەش زۆر حەزی بە خوێندنەوەی بەرهەمی فەیلەسووفان و نووسەرە گەورەکانی جیهان کردووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەوان و سوودی لێ وەرگرتوون بۆ ئەوەی ئاسۆی بیرکردنەوە و ڕوانینی خۆی پێ فراوانتر بکات. ئەمەش وا دەکات لە جیهانی ئەدەبیاتدا کەسێکی بە ئاگا بێت، ئاشنای بەرهەمی نوێ بێت و خۆی نوێ بکاتەوە.

(ئەو هەفتەیەی حەوت ڕۆژ و شەوێکە) دابەش بووە بەسەر حەوت ڕۆژ و شەوێک، واتە هەشت بەش. لێرەدا شاعیر مامەڵەی لەگەڵ ڕۆژەکانی هەفتەدا کردووە، کەواتە بە دیوێکی تر مامەڵەی لەگەڵ کاتدا کردووە، ئەو دەڵێت هەفتە حەوت ڕۆژ و شەوێکە. هەموومان دەزانین هەفتە بێجگە لەشەوەکانی حەوت ڕۆژە، ئەگەر شەوەکانیشی هەژمار بکەین دەبێتە چواردە شەو و ڕۆژ، بەڵام شاعیر لێرەدا تەنیا مامەڵەی لەگەڵ ڕۆژەکان کردووە، لەو هەفتەیەشدا شەوێکی بۆ زیادکردووە کە هەر لەگەڵ ڕۆژەکانی هەژمارکردووە. لێرەدا ئێمە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم شیعرە دەبێت ڕۆژ بەڕۆژ مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا بکەین، هەروەها شاعیر لەهەر ڕۆژێکدا لەدەقەکەدا مامەڵەی لەگەڵ دیاردەیەک کردووە، بۆ نموونە لە ڕۆژی یەکەمدا مامەڵەی لەگەڵ (هەستەکان)دا کردووە، لە ڕۆژی دووەمدا مامەڵەی لەگەڵ (کەشوهەوا)دا کردووە، لە ڕۆژی سێیەمدا مامەڵەی لەگەڵ (ڕەنگ)دا کردووە...تاد، بە شێوەیەک بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێت لە هەموو ڕۆژەکانی هەفتەدا، تەنانەت هەفتەکەی هەموو بە بیرکردنەوە بردۆتە سەر. لە ڕۆژی یەکەمدا هەموو هەستەکانی بەکاردەهێنێت، بەڵام ناتوانێت هەستی پێ بکات. لەناو وڵاتێکدا دەژێت کە بە هیچ شێوەیەک هەست بەبوونی حەقیقەت ناکات. حەقیقەت لەهەموو ڕوانگەکانی ژیان. ئەگەر هاتوو حەقیقەت بوونی نەبوو ئەوە (هەستەکان) توانای هەستکردنیان نابێت، نە بە (بینین، بۆنکردن، گوتن، تامکردن، بیستن) ناتوانین هەست بە جوانییەکان بکەین. دنیایەک ناشیرینی دەبینین، نادادپەروەری هەموو لایەکی ژیان دەگرێتەوە، کەواتە ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ بەهەستەکانی هەست بەشتەکان بکات، ئەوە بە کەسێکی مردوو دادەنرێت، یان بەمانایەکی تر مرێندراون و کوژراون، بوار نادرێت مرۆڤ هەستەکانی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی تاموچێژ لە ژیان وەربگرێت، حەقیقەت بزر بوون کاتێک ڕوودەدات کە مرۆڤ هەستەکانی بکوژرێت و لەسەردەمی دەسەڵاتی دیکاتۆریش هەموو لایەکی ژیان تاریک بوون، تەنانەت

مرۆڤ هەستی بە هیچ شتێک نەدەکرد، چونکە بواری بیرکردنەوەی نەبوو لە ژیان. هەستەکان نەیاندەتوانی ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن و بۆیە کە هەستەکان نەتوانن ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەوە شاعیر ناچارە لەناو دڵیدا هەڵیبگرێت، تاکو بتوانێت هیچ نەبێت لەخۆی بزر نەبێت. ئەم لەدڵ هەڵگرتنە عاشقبوونیەتی بە حەقیقەت، ئەو حەقیقەتەی شاعیر لە کۆتاییدا لەپێناویدا شەهید بوو، تەنانەت کەس گۆڕەکەشی نەدۆزییەوە، لێرەدا تەکنیکێکی نوێ و جوانی بەکارهێناوە و دەڵێت:

**تۆ لە دڵمایت و زۆر دووری**
**ئای کە دووری میوانی دڵ (٦)**

ڕاستە شاعیر حەقیقەتی لەناو دڵی خۆی هەڵگرتووە، بەڵام زۆریش لێی دوورە، بەو مانایەی ئەو حەقیقەتەی هەستی پێ دەکات و دەزانێت چییە،دەزانێت لە کوێیە، بەڵام هەستی پێ ناکات و ناتوانێت دەری ببڕێت. ئەو خۆی هەست بە حەقیقەتەکە دەکات، بەڵام ئەو واقیعەی تێیدا دەژی ئەوەندە تاریکە قبوڵی ئەو حەقیقەتە ناکەن، چونکە ئەوان خاڵین لە جوانی، خاڵین لە هەستکردن، بۆیە جێگای هەست نابێتەوە.

**ڕۆژی یەکەم:**
**تۆ لە دڵمایت**
**کە نەتوانم بتبینم و بۆنت بکەم**
**کە نەتوانم تامت بکەم و بتگرم**
**کە نەتوانم گوێت لێ بگرم**
**تۆ لە دڵمایت و زۆر دووری**
**ئای کە دووری میوانی دڵ**
**من لە دڵتام**
**کە نەتوانی ببینیت و بۆنم بکەی**
**کە نەتوانی بگریت و تامم بکەی**
**کە نەتوانی گوێم لێ بگری**
**من لە دڵتام و زۆر دوورم**
**خانە خوێکەم ئای کە دوورم (٥)**

تەنانەت شاعیر خۆی و حەقیقەتەو بەیەک شت دەزانێت، هەردووکیان دوو ڕووی یەک شتن. ئەو کەسێکە بەشێوەیەک وێڵی دۆزینەوەی حەقیقەت تێکەڵاوی جەستە و خوێنی بووە. هەرچەندە حەقیقەت زیاتر لای نووسەران و ڕۆشنبیرانی هەشتاکان لەژێر کاریگەری بوو، واتە ئەوان حەقیقەتیان لە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراودا دەبینییەوە. شاعیریش لێرەدا بەشێوەیەک کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای مارکسی و لینینی کە تێکەڵاوی خوێنی بووە. ئێمە دەزانین خوێندنەوەی کتێبە فەلسەفییەکان و بەرهەمەکانی مارکس لە هەشتاکان برەوی هەبوو، بۆیە هەموویان لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیایەکدا بوون و ئەویش بۆ گەیشتن بە حەقیقەت: "گەیشتن بە حەقیقەت و دەستگیرکردنی مەبەست و ئامانجی فەلسەفەیە، بەڵام ئەو حەقیقەتەی فەلسەفە دەستگیری دەکات، بەردەوام پەراوێزێکی تێدایە بۆ گومان" (٧) کەواتە نەوەی هەشتاکان نەوەیەک بوون لە ڕوانگەی فەلسەفەیەک، ئایدیۆلۆژیایەکەوە دەیانڕوانییە ژیان، ئەوان ئەو فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیایەی لە ژێر کاریگەری بوون بە چارەسەریان دەزانی بۆ هەموو گیرگرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان، نەوەی هەشتاکان نەوەیەک بوون بەردەوام لە هەموو لایەنێکی ژیاندا لە هەوڵی گۆڕانکاریدا بوون.

**ڕۆژی دووەم:**
**تەڕ دەبم و سەرمام دەبێ**
**لەبەر ئەو شەستە بارانە سەما مەکە**
**هەنسکە بڕکێم تووش دەبێ**
**لەبەر ئەو تۆف و زریانە هەرا مەکە**
**بۆ وادەکەی**
**کەی وتوومە هەرچی دەردێ**
**تووشی تۆ بێ**
**تووشی دڵی منیش دەبێ**

لێرەدا مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ شەستە باران و (کەشوهەوا)دایە، بەبڕوای ئێمە لێرەدا مەبەستی لە شەستەباران و تۆف و زریان ئەو شەپۆلەی نارەزایی گەنجان و یاخیبوونی ساڵانی هەشتاکانە لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و قبوڵنەکردنی زوڵم و زۆری دەسەڵات. شاعیر لە وتاری (یاخیبوون و ئیلتیزام)دا دەڵێت: " بەبڕوای من ئەم سەردەمە، سەردەمی ڕەتکردنەوە و یاخیبوونی بەردەوامە لە هەموو کۆن و ڕزیو و بێ کەڵک و بۆنکردوو و سستێک کە وزەیان تێدا نەماوە" ئەمە بڕوای شاعیرە کە ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەی خۆیەتی.

ئەو سـەردەمـەی کـە گـەنجـەکـان بەشـدارییـان لە خۆپیشاندانەکاندا دەکرد بەتایبەتی توێژی قوتابیان. ئەم هەڵکردنی تۆف و زریانە لەلایەن گەنج و ڕۆشنبـیـران لەهەر ڕوویەکەوە بێت نیشانەی هەست بە لێپرسراویەتی کردنە بەرانبەر میللەت و مێژووی میللەتەکەیان کە ئاشکرایە ئەم نەوەیەی هەشتایەکان شتێکیان کردووە لەناو ئەدەبدا کە گۆڕانە و مێژووش تۆماری کردووە. نموونەش بۆ ئەمە گرووپی (پێشڕەو)ی هەولێرە کە لەم شاعیرانە پێکهاتبوون: (جەلال بەرزنجی، عەباس عەبدوڵلا یووسف، سەباح ڕەنجدەر، دڵشاد عەبدوڵلا، هاشم سەڕاج، ئەنوەر مەسیفی)، هەموو کۆتوبەندێکی دواکەوتوویان ڕەت دەکردەوە و خۆیان ئازادکرد، بۆیە حەقیقەتیش بەلای شاعیرەوە بزرە و دەبێت بدۆزرێتەوە، لەبەر ئەوەی شاعیر کەسێکی یاخییە ڕەنگە تووشی چەرمەسەری و ئازار و ناخۆشی بێت (هەر لەئەنجامی ئەم یاخیبوونەی بوو کە ژیانی خۆی لەپێناو دانا)، بۆیە نایەوێ ئەو حەقیقەتەی کە لەگەڵ دڵی یەکبوونیان هەیە تووشی ئەو دڵەی بێت کە بە ڕوویەکی تر حەقیقەتە.

لەڕۆژی سێیەمدا شاعیر دێت مامەڵە لەگەڵ (ڕەنگ)دا دەکات، بێ گومان ڕەنگیش دەلالەت و مانای خۆی هەیە. مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕەنگ و گوڵ (وەک گوڵی نێرگس) گەڕانەوەی شاعیرە بۆ سروشت، تێکەڵ بوونەوەیە لەگەڵ سروشت لە ڕێگەی ستایشکردنی ڕەنگەوە. لێرەوە شاعیر لەم ڕۆژەدا خۆی لە هەموو ئایدیۆلۆژیایەک و دابونەریتێکی ناو کۆمەڵگا دادەماڵێت خۆی تەنیا دەکاتەوە بەهۆی گەڕانەوەی بۆ ناو سروشت:

**ڕۆژی سێیەم:**
**من نێرگسیم**
**زۆریش حەزم لە نێرگسە**
**کەی وتوومە تۆ لەو دەچی**
**وەک مەولەوی**
**وتم نێرگس لەتۆ دەچێ**
**من زەردم و ئەتۆش سپی**
**زویر مەبە**
**بڕوا بکە**
**بە(خۆم) م وت لەگەڵ (ئەو)دا**
**تۆش لەو دەچی**

لەم ڕۆژەدا شاعیر تەنانەت ڕووبەڕووی (مەولەوی) دەبێتەوە بەوەی دەڵێت: من ناڵێم مرۆڤ (یار) لە سروشت دەچێت، یان مرۆڤ بەگوڵ، یان هەر شتێکی سروشتی بچوێنێ، بەڵکو گوڵ لە (یار) حەقیقەت دەچێت. مەولەوی شاعیریش مامەڵەی لەگەڵ سروشت کردووە، بەلام ئەو مرۆڤی بە سروشت چواندووە. واتە مرۆڤی بچووک کردۆتەوە بۆ ناو سروشت و زاڵکردنی سروشت بەسەر مرۆڤدا، بەلام شاعیرەکەمان ئەوە ڕەت دەکاتەوە سروشت بە مرۆڤ دەچوێنێت، سروشت دادەبەزێنێت بۆ ئاستی مرۆڤ. ئەم گفتوگۆیەی شاعیر لەگەڵ حەقیقەت هەمووی گەڕانێکی بەردەوامە بەناو سروشت و گەردووندا. تەنانەت گوڵی نێرگس بەخۆی و حەقیقەت دەچوێنێ کە حەقیقەت پەلکەکانی گوڵی نێرگسە و خۆیشی ناوەندی گوڵەکە، واتە ئەو شوێنەی کە وەک دڵی گوڵ وایە و هەنگ شیلەی گوڵ لەوێوە دەمژێت، دیسان لێرەدا حەقیقەت و خۆی کردووە بەیەک و لەخۆی جودانەکردۆتەوە. ئەم مامەڵەکردنەی شاعیر لەگەڵ سروشتدا مامەڵە کردنە لەگەڵ گەردوون. حەقیقەت لەناو بوون و گەردووندا بوونی هەیە، دەتوانین لەم ڕێگەیەوە بە حەقیقەت بگەین.

لە ڕۆژی چوارەمدا شاعیر بەرانبەر حەقیقەت ڕادەوەستێ و مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا دەکات کە تێیدا دەژین، کە بێ ئومێدییەک و ڕەشبینییەکی گەورەی لای خەڵکی دروست کردووە، بەلام لای ئەم تاکە شت حەقیقەتە کە هەوڵی بۆ دەدات و وای کردووە کە بێ ئومێد نەبی، هەروەها ئەمە بەلای شاعیرەوە گرنگ نییە، کە ئایا ژیان بێ هوودە دەکرێت، یان بێ نرخ و ناشیرین دەبێت. گرنگ ئەوەیە ئاسۆیەک هەیە، ئومێدێک هەیە کە شاعیر دەیبینێت بۆ ئەوەی هەردەم بە ئومێدەوە بژیێت.

**ڕۆژی چوارەم:**
**ڕاستت دەوێ**
**ئەم ژیانە بێ هوودەیە و هوودەی من تۆی**
**درۆت دەوێ**
**ئەم ژیانە بێ هوودەیە و هوودەی من تۆی**
**هوودەی بێ**
**یان بێ هوودە**
**ئەم ژیانە**
**هەردوو هەر تۆی**

**ئاشنا**
**یان دڵ پڕ غوربەت**
**بەم ژیانە**
**هەردوو هەر تۆی**
**تەنیا خۆم بم**
**یان تەنیا تۆ**
**ئەم ژیانە هەردوو هەر تۆی**

ژیان و بوونی شاعیر لەناو واقیعێکدایە کە پڕیەتی لە بێ هوودەیی، ئەم بێ هوودەییەش بێ گومان بەهۆی تەسکبوونەوە و لە سنووردان و لە قالبدانی ئازادییە تاکایەتییەکانە. ئەو ئازادییەی کە مرۆڤ وەک هەموو پێویستییەکانی تری ژیان پێویستیەتی، بێ گومان ئازادی و حەقیقەت پێوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە و لەیەک چوارچێوەدا کۆبوونەتەوە. لێرەوەش دیسان بۆ فەلسەفە دەگەڕێینەوە، بۆیەش پەنا دەبەینە بەر فەلسەفە، چونکە فەلسەفە گەڕانێکە بەدوای حەقیقەت و وامان لێ دەکات بیربکەینەوە.

جوانی و ناشیرینییەکان لەیەکتری جودا بکەینەوە: "فەلسەفە تێڕامانێکی ئازادانەیە لە واقیع و تەنیا چاوی لە حەقیقەت بڕیوە" (٨) شاعیر هەوڵدەدات لەناو ئەو بێ هوودەییەدا بەدوای شتێکدا بگەڕێت تا هیوای بۆ بگەڕێنێتەوە و دەست بکاتەوە بە پڕۆسەی ژیان کردن. ئەو کۆمەڵەی کە شاعیر تێیدا دەژیا، مانایەکی بۆ ژیان نەهێشتبوویەوە، ئەویش وەک پێشتر باسمان کرد بەهۆی ئەو هەموو سانسۆر و سنووردانانە بوو، کە دەسەڵات دەیخستە بەردەم تاکەکانی کۆمەڵ. لەو ڕۆژەدا شاعیر بەتەواوی هاوار دەکات و دەنگی خۆی بەرزدەکاتەوە، کە ژیان لەوپەڕی بێ ماناییدایە و پێویستە بگۆڕدرێت و گۆڕانیش بێ گومان لە ڕێگای دۆزینەوەی ئەو شتەیە کە ناوی حەقیقەتە. لێرەدا دەتوانین ئەم هاوارەی شاعیر ناوبنێین گەڕان بەدوای حەقیقەتدا. تەنانەت شاعیر لە ڕێگای وروژاندنی هەندێ پرسیار لە ڕۆژی چوارەمی شیعرەکەیدا ئەم گەڕانە دەست پێ دەکات، ئەم پرسیارە لە ڕۆژگارێکی پڕ لەتاریکی و لەسەر دەسەڵات بوونی ستەمکاریی هەروا ئاسان نییە، بەبێ قوربانیدان ناکرێت، لێرەدا دەتوانین نموونەی سوکرات بهێنینەوە، کە ئەویش لە ڕێگای پرسیارە فەلسەفییەکانی بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕا، تەنانەت دەسەڵات قبوولی نەدەکرد و دادگاییان کرد. لێرەدا ئەگەر سەیری کتێبی (فەلسەفە و ژیان)ی (فارووق ڕەفیق) بکەین باسی ئەو دادگاییی و قوربانیدانەی سوکراتمان بۆ دەکات و ناو لە جەماوەری سەر بەدەسەڵات، یان ئەو جەماوەرەی بیر ناکاتەوە دەنێت حەشامات، کە لەگەڵ حکومەت یەکن دەڵێت: " حەشامات دژ بەفەلسەفەیە، چونکە فەلسەفە تەئکید لەوە دەکاتەوە کە حەشامات حەقیقەت نییە، یان حەقیقەت لای حەشامات نییە. حەشامات لە مەوهوومەی فەیلەسووف دەترسێ کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی ژیان و داواکردن بۆ بوونە لێپرسراو لە ژیانی خۆ"(٩) کەواتە هەوڵی شاعیر بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەتدا وا لە حەشامات و خەڵک دەکات هەرکەس بەرانبەر بە ژیانی خۆی لێپرسراو بێت و تەنیا هەر خۆی بێت، ئەم چاندنی هەستی لێپرسراویەتییە وا دەکات هەموو تاکێک ئەرکێکی بکەوێتە سەرشان و بیربکاتەوە. بۆیە شاعیر لە گفتوگۆی بەرانبەر حەقیقەت بەردەوامە و ئاوات و هیوای تەنیا حەقیقەتە، چونکە دۆزینەوەی حەقیقەت واتە دۆزینەوەی دەروازە و دەرگایەک بۆ گوزەراندنێکی پڕ لەبەها و باڵا. لای شاعیر ژیانی هوودەیی و بێ هوودەیی هەر حەقیقەتە، چونکە لە هەردووکیاندا حەقیقەت ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت. کەواتە شاعیر لە گەڕانێکی بەردەوامە بەدوای حەقیقەتدا لەهەردوو حاڵەتی هەبوونی ژیانێکی باڵا و ژیانێکی بێ هوودەیی.

**ڕۆژی پێنجەم:**
**ئەم جیهانە دوکانێکە**
**سەودای بکەی**
**سەودات بکەم**
**کڕیار و فرۆشەر خۆتی**
**ئەم ژیانە پەرستگایە**
**بتپەرستم**
**بمپەرستی**
**ژیاو ژێنەر خۆتی**
**بیانوو مەگرە**
**کام کامتری زۆر خۆشدەوێ**
**ئەوەی دڵی من دەیەوێ**
**تۆش دەتوێ**

لێرەدا مامەڵەکردنێکی فەلسەفیانە هەیە، شاعیر دیارە کەسێک بووە خۆی بە قوتابخانە فەلسەفییەکان پەروەردە

کردووه، ئەم خۆ و خۆ خەریک کردنە بە پرسیارەکانی بوون و گەردوونەوە، لێکدانەوەی ژیانە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شاعیر هەمیشە بەشێوەیەکی قووڵ روانیویەتییە ژیان، هەردەم بیرکردنەوەی خەریک بووە بە لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای جوانترین شتی دنیا. بەچێژترین شتی دنیا ئەویش حەقیقەتە. شاعیر تاکو ئێستا ( رۆژی پێنجەم) هەر لەگەڕاندایە، بەناچاری سەردانی بازاڕ و پەرستگاکان دەکات. هەروەک پێشتر وتمان شاعیر و حەقیقەت تێکەڵاوی یەکتر بوونە، بۆیە شاعیر بەشیعر سەردانی بازار و پەرستگاکان دەکات. شیعر بەلای شاعیرەوە هۆیەکە بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەت ": شیعریش خاوەنی خۆیەتی، حەقیقەتی شیعریش شتێ نییە لە دنیای ئایدیاکاندا، بەڵکو شتێ بوو لە دنیای مرۆڤەکان. هەر لەبەر ئەم خاڵەیشە کە شیعر و مرۆڤ وێڕای جیاوازیی تەمەنیشیان لێکدی جودا ناکرێنەوە و حەقیقەتی شیعر لە هەمان کاتدا حەقیقەتی مرۆڤە" (١٠) کەواتە گەڕانی شاعیر وەکو بازرگانێک و وەکو راهیبێک بەدوای حەقیقەتدا لە رێگای شیعرەوە کە تاکە رێگایە بەلای شاعیرەوە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت. لەم رۆژەوە (رۆژی پێنجەم) شاعیر دەبێتە کەسێکی سۆفی و زاهید. کەسێکە دەکەوێتە ناو پرۆسەی پەرستن و پەرستراو. ئەمەش ئەوپەڕی توانەوەی شاعیرە لەناو ئەو شتەی کە لەگەڵی بووەتە یەک، تەنانەت شاعیر زۆر حەلاجانە دەکەوێتە ناو خۆشەویستییەکی سۆفیانەوە. حەلاج و سۆفییە گەورەکانی جیهان هەموویان خۆیان بەبەشێک لەخودا، یان هەر خودی خودا دەزانی. ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەوەندە بەشێوەیەکی قووڵ رۆچوبوونە ناو پرۆسەی پەرستن و بیرکردنەوە لە مەعشوقیان، خودایان لەهەموو شتێکدا دەبینی، ئەگەر سەیری دارێک، گیایەک، باڵندەیەکیان بکردایە خوایان تێدا دەبینی بەهۆی ئەوەوە دەکەوتنە ناو بیرکردنەوە، ئەمە چۆن دروست بووە؟ دەبێت دروستکەرێک هەبێت دروستی کردبێت. خۆ لەقەرەدانی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت شاعیر هەمیشە لەگەڕانێکی بەردەوامدایە. ئەم گەڕانەش تەنیا شاعیر نەیویستووە سوود بەخۆی بگەیەنێت، بەڵکو ویستوویەتی سوودی بۆ هەموو کۆمەڵگا و تاکی میللەتەکەی هەبێت. شاعیر کەسێک بووە تەنیا بۆ خۆی نەژیاوە، تەنانەت ژیانیشی بە ژیانی خۆی و خێزانی نەزانیوە. ئەو مرۆڤێک بووە بە راستی مرۆڤێکی گەردوونی بووە. ئەم جۆرە مرۆڤانە هەمیشە لەناو بیرکردنەوەو گەڕانێکی بەردەوامدان، چونکە ئەوان دەیانەوێت بەدوای راستیدا بگەڕێن، ئەوان هەمیشە لە هەوڵداندان بۆ ئەوەی، ئەوەی ناشیرینە بیسڕنەوە.

لەم شیعرەدا تاکو رۆژی حەوتەم هەمووی هەر بە هێما و ئاماژە قسەی کردووە. ئەگەر پارچەی (شەوی هەشتەم) نەبووایە رەنگە هەموومان بمانزانیایە ئەم شیعرەی بۆ خۆشەویستی کچێک گوتووە. ئەمەش بارودۆخ و حاڵەتی ئەدەبیاتی ئەو سەردەم بوو بەگشتی (مەبەستمان ئەدەبیاتی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووە)، چونکە بەهۆی زەبروزەنگی دەسەڵات و سانسۆر نووسەران نەیاندەتوانی راستەوخۆ ئەوەی هەیانە لە دووتوێی دەقێکدا دایرێژن. لەم رۆژەدا شاعیر چەند وێنەیەکی بۆ کێشاوین، وێنەی یەکەم جیهانی بە دووکان چواندووە کە تێیدا خەڵکەکەی وەکو کڕیار و فرۆشیار وان سەودای شتەکان دەکەن، بەڵام تاکە شت حەقیقەتە کە ئەو مرۆڤانەی خاوەن بیرکردنەوەی نوێ و جددین سەودای دەکەن. وێنەی دووەم پەرستگایە هەموومان دەزانین لەناو پەرستگاکان، جا پەرستگای هەر ئایینێک بێت بەندەکان بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت رووی تێدەکەن، حەقیقەتیش لای ئەو پەرستراوەیە کە ئەوان باوەڕیان پێیەتی و دەیپەرستن.

**رۆژی شەشەم:**
**دوێنێ لای تۆ**
**نامەیەک هات**
**ئەمڕۆ لای من**
**بووە شیعر**
**ئەمڕۆ لای من**
**نامەیەک چوو**
**سبەی لای تۆ**
**دەبێتە شیعر**
**نامە**
**شیعرە**
**شیعر**
**سیحرە**

قسەیەک هەیە دەڵێت: (تاکی کورد هەمووی شاعیرن)

ئەمەش بەو مانایە دێت کە تاکی کورد زیاتر سۆزدارە و شیعری بەلاوە پیرۆزە. زۆر لە تاکەکانی کورد شیعریان لەبەرە، جا چ بە بەیت و داستانی فۆلکلۆری بێت، یان شیعری نوێ و سەردەم بێت. شیعر لای شاعیر ئەو ڕێگا جوانەیە کە شاعیر دەتوانێت لەوێوە بگات بەو شتەی دەیەوێت بەدەستی بهێنێ. شیعر ئەو فەزا جوانەیە کە مرۆڤ دەتوانێت تێیدا جوانی بئافرێنێت، بۆیەش تاکو ئێستا لای نووسەر و ڕۆشنبیری کورد لێکۆڵینەوە لەبارەی شیعر لەپلەی یەکەم دێت، وەک لە ژانرەکانی تری ئەدەبی. کەم نووسەری کورد هەیە شیعری نەنووسیبێت، بەڵام لە وڵاتانی ئەوروپا دەمێکە شیعر چۆتە پلەی دووەم و سێیەمی ئەو بابەتانەی کە لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە دەکرێت. واتە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ڕۆمان و چیرۆک زیاترە لە شیعر. لێرە زیاتر پەیامەکان بە شیعر دەردەبردرێن، بۆیە شاعیرانمان لە شیعرەکانیان زیاتر دنیایەک دروست دەکەن کە پڕیەتی لە تێڕامان و بیرکردنەوە، چونکە ئەم شیعرانە هەڵگری پەیامێکن شاعیر بەهۆی شیعرەکەیەوە دەریدەبڕێت.

ئەی ئەگەر شیعر سیحر نەبێت، شاعیرەکان چۆن دەتوانن بەشیعر ڕەخنە لە دەسەڵاتی زوڵم و زۆری پڕ لە سانسۆری دیکتاتۆرییەت بگرن و هەوڵی گۆڕینی بدەن. لێرەوەیە شیعر سیحرە، سیحرێک کە هەموو سانسۆرەکان لە ئاستیدا کوێرن و هیچ نابینن و ناخوێننەوە. شیعر ئەو هێزە سیحرییەی تێدایە کە فێڵ لە هەمووان دەکات. شیعر وا دەکات هەست بە هەموو جوانی و ناشیرینییەکان بکەین و ڕوانینێکی ترمان هەبێت بۆ ژیان. لە ڕێگای شیعرەوەیە شاعیر خەیاڵەکانی خۆی وێنا دەکات. خەونبینینی شاعیر جۆرێکە لە بیرکردنەوە، بیرکردنەوەی شاعیر لەناو شیعرەکانیدایە. ئەم بیرکردنەوەی لە ڕێگای زمانەوە دەردەبڕێت. کەواتە زمانیش لێرەدا گرنگی و دەوری خۆی هەیە. ئەو زمانەی لەم شیعرەدا بەکاری هێناوە زمانێکی جوانی بێ گرێوگۆڵە. وا لە هەموو خوێنەرێک دەکات کە هەم لە هەڵوێستەکردن بێت بەرانبەر ئەو پەیامەی شاعیر هەیەتی. زمان کاریگەریی خۆی هەیە، واتە دەتوانێت لە ڕووی فۆرمەوە جوانییەک بە دەقەکە ببەخشێت، هەروەها لە ڕووی زمانەوەش بڕیار بدەین لەسەر ئەوەی کە ئەو شیعرە تۆکمەیە، یان شیعرێکی لاوازە. دەتوانین ئەمە لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی شیعرەکەوە لە ڕووی زمانەوە بکەین.

**ڕۆژی حەوتەم:**

**(ئەمڕۆ) سبەینێی (دوێنێ)یە**

**هەفتە هەر(حەوت) ڕۆژی پێیە**

**کێ دەڵێ (شەوی هەشتەم) ی هەفتە نییە**

**من دڵنیام (خۆر) ڕووی نایەت سەر دەربێنێ**

**تا شەوی (هەشتەم) ی هەفتەم بۆ نەهێنێ**

لە ڕۆژی حەوتەمدا شاعیر ڕووبەڕووی هەندێک پرسیاری نالۆژیکیمان دەکاتەوە، ئەمەشی هەر بۆ گەڕانە بەدوای حەقیقەت و ڕاستی. وروژاندن و پرسیارکردنی وا گرنگ و جەوهەری، تەنانەت نالۆژیکی نیشانەی خەونبینینێکی قووڵی شاعیرە، نیشانەی ئەوەیە شاعیر دەیەوێت دنیایەکی تر بۆ خۆی دروست بکات جیا لەو واقیعەی تێیدا دەژی. پرسیارکردنی وا، وا دەکات خەڵک بیرکردنەوەیان لەیەک بۆتە و چوارچێوەدا قەتیس نەمێنێ، بەڵکو لەشەقەی باڵی خەیاڵ بدات و داوای شتە مەحاڵەکان بکات. شاعیر لەم ڕۆژەدا پرسیاری ئەوەمان لێ دەکات کە هەفتە حەوت ڕۆژە، کەواتە دەبێت حەوت شەویش بێت. پرسیار دەکات کێ ناڵێت شەوی هەشتەم نییە؟ لەپێشی ئەم پرسیارەوە پرسیاری ئەوەش ئامادەیە دەبێت ڕۆژی هەشتەمیش هەبێت، بەڵام با بپرسین بۆچی هەفتە حەوت ڕۆژە هەشت ڕۆژ نییە؟ ئەم پرسیارانە زۆر گرنگن مرۆڤ بیانکات. وەک کەسایەتی ناو درامای تەلەفزیۆنی(ڕەشەی پۆلیس) ی هونەرمەندی کۆچکردوو (حوسێن میسری) کە لە شووشتنگەی (حاجی ئەکرم) کار دەکات و پرسیاری زۆر سەیر دەکات وەک : بۆچی کاتێک سێ کەس بەیەکەوە لە ڕێگا دەڕۆن دەبێت یەکێکیان لەناوەڕاست بڕوات؟ یان بۆچی مرۆڤ لەجیاتی ئەوەی بۆ پێشەوە بڕوات بۆ دواوە نارِوات؟

ئەم پرسیارانە هەموویان هەوڵدان و گەڕانی مرۆڤەکانە بەدوای نهێنییەکانی ژیان و بوون. بەدوای پرسیارە بێ وەڵامەکاندا، بەدوای ئەو شتە مەحاڵانەی ڕۆژانێک مەحاڵ بوون ئێستا لە واقیعدا بوونیان هەیە. ئەم گەڕانە بەردەوامەی شاعیر نیشانەی چاندنی ئومێدە لەدنیایەکی پڕ بێ ئومێدیی ئەو سەردەمەدا. ڕێگا نیشاندانە بەخەڵکی بۆ ئەوەی خەیاڵیان فراوان بێت و فێری خەونبینین بن. ئێمە هەموومان دەزانین ژیان پڕ لەجوانی

و ناشیرینییە، بۆیە زۆرجار ژیانی میللەتێک بەگشتی و کەسێک بەتایبەتی ڕەنگە تاریکی باڵی بەسەردا بکێشێت، ئەمەش وای لێ دەکات هەمیشە بە ڕەشبینی بڕوانێتە ژیان، بەڵام شاعیر لێرە و لەو واقیعەدا پێمان دەڵێت هەرچەندە تاریکی باڵ بەسەر ژیانماندا بکێشێت نابێت بێ هیوا و بێ ئومێد بین، هەردەم ئەگەر ڕووناکییەک نەبێت بێ گومان ژیلەمۆیەک هەیە کە خامۆش نابێت و دواتر دەبێت بە ڕووناکی و ئەو تاریکییە ڕادەماڵێت.

**شەوی هەشتەم:**

**ڕووت و تەنیای**

**ڕووت و تەنیام**

**وەرە باخەڵمەوە بنوو**

**کەی لە(من) جیای**

**کەی لە(تۆ) جیام**

**ئەی حەقیقەت**

دوای ئەوەی شاعیر ئەو واقیع و لۆژیکە وێران دەکات. واقیعێکی تر بنیاد دەنێت کە ئەویش بە دروستکردنی شەوی هەشتەمەوەیە، کە لەو شەوەدا شاعیر دەڵێت کە تاک و تەنیایە، لێرەدا شاعیر خۆی جیا دەکاتەوە و هاوار دەکات کە دەبێت هەموو کەسێک تاک و تەنیا بێت لە ئەرک و مافەکانی خۆی. ئەو بەشێوەیەک لەگەڵ حەقیقەت تێکەڵ بووە کە لەیەک جیاکردنەوەیان زۆر زەحمەتە. شاعیر بە حەقیقەت دەڵێت کەی ئێمە لەیەکتر جیابووینە، ئێمە دوو ڕوحین لەیەک جەستەدا. ئەم بوون بەیەکە، تێکەڵاوییەکە وای لەشاعیر کردووە کە هەست بە هیچ شتێکی تر نەکات تەنیا حەقیقەت نەبێت، بیرکردنەوەی شاعیر تەنیا بۆ گەڕانە بەدوای حەقیقەتدا، حەقیقەت تاکە چارەسەری شاعیرە بۆ ئەو واقیعەی تێیدا دەژیا.

**ئەنجام**

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شاعیر بەهۆی ئەوەوە کە بیری بە هێز و کارا بووە، بەجددی لە هەوڵی گۆڕانی واقیعدا بووە، بەهۆی گەڕانی بەدوای حەقیقەتدا کە تاکە چارەسەر بووە بۆ وێرانکردنی ئەو واقیعە تاڵەی تێیدا دەژیا، هەروەها نائومێد بوونی خەڵکی لەو ژیانەی لەژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆردا دەژیان. ئەو دەسەڵاتەی مانایەکی بۆ ژیان نەهێشتبوویەوە، شتێک نەبوو ناوی جوانی و حەقیقەت بێت، ئەمەش وای کردبوو ڕەشبینییەک لای خەڵکی کوردستان دروست بێت. شاعیر کەسێک بووە خاوەنی خەیاڵێکی فراوان و هەردەم خەونی دیوە، ئەمەش وای کردووە پرسیاری فەلسەفی بەرز بکات. پرسیاری وا بکات کە هەوڵدانن بۆ دروستکردنی واقیعێکی باڵا و جوانتر. هەر لەم ڕێگەیەوەش پێوەندی لەنێوان ئەدەب و فەلسەفەدا دروست بێت و پێوەندییەکی مێژوویی و تەواوکاریان هەبێت. بەو مانایەی زۆربەی فەیلەسووفان وەک ئەفلاتوون و ئەرستۆ و زۆرانی تر زمانێکی ئەدەبیان بۆ نووسینە فەلسەفییەکانیان بەکارهێناوە، کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت شاعیر شارەزاییەکی باشی لە فەلسەفە و مێژووی فەلسەفەدا هەبووە، بۆیە لەو ڕێگەیەوە هەستی بە غیابوونی حەقیقەت کردووە لەناو ژیاندا، هیچ ڕێگەیەکیشی نەبووە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت تەنیا شیعر نەبێت.


**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(١) www.farzinam.blogfa.com

**(٢) ئەدەب و فەلسەفە، ڕێبوار سیوەیلی، پێشەکی بۆ کتێبی لەگەڵ عەقڵی خۆرئاوادا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.**

**(٣) نەتەوە و حیکایەت، ڕێبوار سیوەیلی، بەرگی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠٠٨، ل٥٠٧.**

**(٤) ڕۆڤار، دڵشاد مەریوانی، ژ١٥، ٢٠٠٦/٦/٤٠، ل٨٥.**

**(٥) یاخیبوون و ئیلتیزام،دڵشاد مەریوانی،گۆڤاری بەیان، ژ٢٧، تەمووزی ١٩٧٥.**

**(٦) کۆ بەرهەم، دیوانی شیعر، دڵشاد مەریوانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٩، ل٣٤١ – ٣٤٤.**

**(٧) گۆڤاری ڕامان، چاوپێکەوتن لەگەڵ (ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل) ژ١٠٩، حوزەیرانی ٢٠٠٦، ل٤٦.**

**(٨) فەلسەفە و ژیان، فاروق ڕەفیق، سلێمانی ٢٠٠٩، ل٤٩.**

**(٩) هەمان سەرچاوە ل٥٣.**

**(١٠) نەتەوە و حیکایەت، ڕێبوار سیوەیلی، بەرگی یەکەم، ل٤٩٥.**

# ئەفسانە و مێژوو

محەمەد سلێمان عەباس

هەموو میللەتەکانی سەر گۆی زەوی چەندین داستان و ئەفسانەی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە لە شێوەی چیرۆک، یان شیعر، چیرۆکە شیعردا دارێژراون و باس لە رووداوێکی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، یان ئایینی ئەو گەلانە دەکەن و هەمیشە ئەم ئەفسانانە بۆ چاخە تاریک و کۆن و زۆر دوورەکان دەگەڕێنەوە، بەڵام بەهۆی دەماو دەم و دووری کات و نەبوونی نووسین، رووداوەکان کەم و زیادیان بۆ کراوە و دەستیان تێخراوە و بوونەتە ئەفسانە، بۆیە دەکرێ بڵێین هەموو ئەفسانەیەک رەگێکی مێژوویی و رووداننێکی واقیعیان هەبووە.

کەواتە ئەفسانە تامەزرۆبوونێکی هەمیشەیی مرۆڤە دەرهەق بە پێشینە و سەرەتای بوون، حیکایەتێکی سەرتاسەری مرۆڤەکانە بۆ راڤەکردنی مێژوو و ئێستا و ئایندە و تێگەیشتن لە دیاردەکان، ئەفسانە نەک تەنیا دەربڕینێکە لە قۆناغێکی هزری مرۆڤایەتی، بەڵکو پێوەندییەکی بەهێزی بەو جومووڵە هزری و کۆمەڵایەتییانەوە هەیە، واتە ئەرکێکی تایبەتی بۆ بوون بەمێژوو دەبینێ، کە گرێ کوێرەی زەمەنێکی ئاڵۆز بوو لەپێش سەرهەڵدانی ئایینەکانەوە، کە لە رێگای گێڕانەوە و حیکایەتی میللیدا لە بەسەرهات و رووداوی کۆنەوە دەدوا، ئەمەش بۆ بوون بەمێژوو رێخۆشکەرێک بوو.

دەتوانین بڵێین ئەفسانەکان بەشێوەیەکی گشتی تێگەیشتن و دەرکی مرۆڤی سەرەتایی بوون لە جیهان و دیاردە و دەرکەوتووەکانی ژینگە، کە دواتر لە چیرۆک و داستانەکاندا دەریانبڕیوە، بەم پێیە ئەفسانە دەبێتە ئەو چوارچێوەیەی کە مرۆڤی سەرەتایی بیروڕا سەرەتاییەکانی خۆی لە مەڕ ئەم بابەتانەی سەرەوە دەربڕێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەفسانەکان کاتێک ئاڵۆزتر خۆیان نیشان دەدەن، کە تایبەت بن بە سەرەتای دەست پێ کردنی مێژووی میللەتانەوە.

رەنگە کەسێک بپرسێ: چ پێوەندییەک لەنێوان ئەفسانە و مێژوودا هەیە؟ ئایا دەتوانین بابەتی مێژوویی لە ئەفسانە رزگار بکەین؟ لەبەرچی ئەفسانە و مێژوو هاوپۆشن و لەیەک دەچن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەڵێین: ئەفسانە و مێژوو هەردووکیان دوو بەرهەمی فەرهەنگین، کە لە هەمان مەیل و ئاراستەوە دروست دەبن، هەروەها هەردووکیان ئامرازێکن بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی بناسێت و دەرک بە بوونی خۆی بکات، بۆیە پێوەندییەکی پتەو لەنێوان ئەفسانە و مێژوودا هەیە و هەندێک جاریش دەبنە هاوپۆش، ئەو حەز و تامەزرۆییەی مرۆڤ بۆ زانینی بنەڕەت و هۆکاری واقیعی ئێستا، کەوا لە مرۆڤ دەکات بایەخ بەمێژوو بدات و

بیخوێنێتەوە، هەر هەمان حەز بووە کە وای لە مرۆڤی کۆن کردووە حەز بکات گوێ لە ئەفسانەکان بگرێت، بەڵام ئەوەی ئەفسانە و مێژوو لە یەکتر جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە بە گوێرەی هزری نوێ کار و چالاکییەکانی مرۆڤ یاساکانی پەرەسەندن بزوێنەر و دروستکەری مێژوون، بەڵام بە گوێرەی هزری میتۆلۆژی، ئیرادە و ویستی کارەکانی خواوەندەکان، مێژووی پیرۆز دروست دەکەن.

هەرچەندە ئەفسانە بە فۆرمێکی ئەدەبی نووسراوە، بەڵام لای گەلانی سەرەتایی مێژوو بووە، بەڵکو مێژوویەکی پیرۆزە، هەروەک «هیرۆدۆت» دەڵێ: (ئەفسانە لە ڕووداو و گۆڕانە چارەنووسسازە مەزنەکانەوە گەشە دەکات)، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەفسانە وەک دەفرێک بووە بۆ گوزارشت کردن لەبیروبۆچوونە ئایینی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکانی، بۆ نموونە داستانی گلگامێش، کە تێیدا مێژوو تێکەڵ بە بابەتی ئەفسانە کراوە و لێکۆڵینەوە مێژووییەکان دەریانخستووە، کە گلگامێش یەکێکە لە مەلیکە ناودارەکانی سۆمەرییەکان و پێنجەمین فەرمانڕەوای شاری ئۆرۆک بووە. هەندێک لە لێکۆڵەران دەڵێن: (ئەفسانەکان تەنیا مێژوویەکی شێوێنراون).

هەندێکی دیکەش هەن کە ئەفسانە بە مێژوو دانانێن و دەڵێن: (زەحمەتە مانای ئەفسانە دیاری بکرێ، ئەمەش لەبەر کات و شوێنی ڕووداوەکانی ئەفسانەکان، کە لە واقیعی دوورن، بۆیە دەشێ مانای مێژوویەکی درۆ) بدات، بۆیە دەشێ ئەفسانە بە ڕووداوێکی نیوە واقیعی دابنێین، کە دەشێ ڕاست بێت، یان درۆ.

هەرچۆنێک بێت، ئەفسانە لای مرۆڤی کۆن و سەرەتایی، ئەو کەشکۆڵە بووە کە وەڵامی هەموو پرسیارێکی دەدانەوە، وەک چۆن ئێستا ئێمە وەڵامەکانمان لە مێژوو دەست دەکەوێت، ئێمە ئێستا لە خوێندنەوەی مێژوو ئەزموون و زانیاری جۆراوجۆر سەبارەت بە کولتوور و ڕەفتار و چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤی کۆن دەزانین و فێر دەبین، بەڵام مرۆڤی بەرایی لە ئەفسانەکاندا ئەو زانیارییانەی دەست دەکەوت و ئەفسانە بۆ ئەوان فەرهەنگی ژیان بووە، هەروەها ئەگەر ئەفسانە شێوازێک بێت بۆ خستنە ڕووی چالاکییەکانی مرۆڤی نوێ.

ئەفسانەکان باسی سەردەمی هەرە کۆن و بەراییەکان دەکەن، ئەو سەردەمەی کە خواوەندەکان گەردوون و مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دیکەیان ئافەریدە کرد، لێرەدا مرۆڤی کۆن ویستوویەتی لە ڕێگەی بایەخدان و پیرۆزی دان بە تەواوکردن و بەردەوامبوونی مێژووی خوداوەندان، مێژووی خۆی دروست بکات.

قوتابخانەی مێژوویی، کە ئەم قۆتابخانەیە گرنگی بە مێژوو دەدات و ئەفسانە بە قۆناخەکانی پێشووی مێژووەوە دەبەستێتەوە و پێی وایە کە دەشێت ئەو کارەساتانەی لە ئەفسانەدا هاتوون، لە واقیعدا ڕوویان دابێت و ئێستا لە شێوەی ئەفسانەدا بۆمان بەجێ ماون، بەڵام لە دوای تێکەڵبوونی ئەو ڕووداوانە بە خەیاڵ و بیرکردنەوەی ڕەمەکیانەی کۆمەڵە سەرەتاییەکان، ڕووی ڕاستی ڕووداو، یان بابەتەکەی شێواندووە، بۆیە ئەم قوتابخانەیە وای بۆ دەچێ کە ئەفسانە «تۆمارکردنی ڕووداوێکە کە لە ڕابردوودا ڕووی داوە و کاریگەرییەکی مەزنی لە ژیانی ئەو کۆمەڵەدا هەبووە، کە بەشێوەی چیرۆک دایرشتووە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بپارێزرێ».

هەندێکی دیکە پێیان وایە ئەفسانە مێژووی سەرزارەکی کۆنی مرۆڤایەتییە، واتە تا پەیدابوونی مێژوو وەک زانستێکی جیاواز، ئەفسانەکان ڕۆڵی مێژوویان بینیوە، بەڵام مێژوویەکی پیرۆز و مرۆڤی کۆن و سەرەتایی، لەخۆی نەپرسیوە، چ بابەت و ڕووداوێک ڕاستەقینەیە و چ شتێک ناڕاست و هەڵبەستراوە، لە ئەفسانەکاندا، بەڵکو باوەڕی تەواوی بە ئەفسانەکان هەبووە و پێیان وا بووە هەر شتێک لە ئەفسانەکاندا هاتووە و باس کراوە، ڕاستەقینەیە و پیرۆزە، جگە لەوەش بڕوایان وا بوو کە ئەفسانەکان لەژیاندا ڕێ نیشاندەریانن و پێویستە ئەو ڕێگەیە پەیڕەو بکەن کە ئەفسانەکان بۆیان دیاری کردوون، هەروەها مرۆڤی کۆن باوەڕی وابووە کە باپیران ئەفسانەکانیان لە خواوەندەکانەوە بۆ مرۆڤ گواستووەتەوە، بۆیە دەبێ مرۆڤەکان بیانپارێزن و لە یادەوەریدا لەبیریان نەکەن، بەبێ ئەوەی دەستکارییان بکەن، واتە ئەفسانە بەو شێوەیەی کە لای کۆمەڵگە سەرەتاییەکان هەیە، تەنیا چیرۆکێک نییە بگێڕدرێتەوە، بەڵکو ئەفسانە ڕاستەقینەیەکە کە تێیدا ژیاون و بڕوایان وایە جارێک لە جاران لەسەردەمە بەراییەکاندا ڕووی دابێت و

لەکارتێکردنی لەجیهان و دوارۆژی خەڵکدا بەردەوام بووە.

مرۆڤی کۆن ئەو ڕووداوانەی لە قاڵبێکی شیعری و حیکایەتدا دارشتووە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی لە یادەوەریاندا بمێنێتەوە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەفسانە گوزارشت لە مێژوویەک دەکات کە بوونی هەبووبێت و قارەمانەکانی ئەفسانەکانیش کەسانێک بوون کە بوونیان هەبووە.

دەکرێ بڵێین مێژوو و ئەفسانە هاوشێوەی یەکن، هەم بەشێکی مێژوو ئەفسانەیە و هەم بەشێکی ئەفسانە مێژووە. خاوەنی کتێبی (ابطال بلا تاريخ) دەڵێ: هەندێک لە نووسەر و مێژوونووسە کۆنەکان خاوەن خەیاڵێکی فراوان بوونە و توانایەکی باشیان لە داهێنان و ئەفراندنی وێنە و دیمەن و هەواڵ و بەسەرهاتی جۆراوجۆر هەبووە، هەروەها توانایەکی باشیان لە تێکەڵ کردنی واقیعی مێژوویی بە خەیاڵ و وێناندن هەبووە، هەروەها بڕوای وایە کە مێژوو لەناو درز و کەلێنەکانی ئەفسانەدا هەیە و حەشاردراوە، بۆیە پێویستە بە وردی کار بۆ دەرهێنان و جیاکردنەوەی مێژوو لە ئەفسانە بکرێت، بۆ ئەوەی مژار و بابەتە مێژووییەکان لە بوار و کایەی مێژوودا دابنرێن و بابەتە ئەفسانەکانیش بخرێنە ناو کایەی ئەفسانەوە. هەمان نووسەر دەڵێت ئایا دەتوانین بە ئاسانی لەنێو ڕووداو و مێژووی کۆنی میللەتاندا، بەسەرهات و ڕووداوە مێژووییەکان لە ئەفسانە جیابکەینەوە، ئەمە کارێکی سەختە، بەڵام پێویستە لەبەر ئەوەی لە مێژووی کۆنی میللەتاندا چەندین کەسایەتی نامێژوویی تێدایە، نەک هەر ئەوە بەڵکو هەندێک لە نووسەرە نوێیەکانیش لە ڕوانگە و دیدێکی نامێژوویی، باسی ڕووداو و کەسایەتییەکان دەکەن، بۆیە جیاکردنەوەی ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان لە ڕووداو و کەسایەتییە ئەفسانەیییەکان، کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی ئەفسانەکان بەشێک لە مێژووی کۆنی میللەتان لەخۆ دەگرن، بۆیە دەبێ بۆ دۆزینەوەی مێژووی ڕاستەقینەی ڕووداو و کەسایەتییەکان لەناو ئەفسانەدا گەڕان و پشکنین بکەین.

هەندێک ئەفسانە وەک نامەیەکی ڕەمزییە سەبارەت بە مێژوویەکی کۆن و ونبوو، کە لەبیرچووەتەوە، یان پەرشوبڵاو بووەتەوە و بەشێک لە ناوەرۆک و هزرەکانی نامە (ئەفسانە) کە لەناو چوارچێوەی مێژوویەکی ونبوودا دەخولێتەوە، کە ئێمە هیچی لە بارەوە نازانین، بۆ نموونە (شەڕی بەسووس) کە وەک ئەفسانە لە کولتووری میللی عەرەبیدا بڵاوبووەتەوە، گوایە لەناو خێڵە عەرەبەکاندا ڕووی داوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی ڕاستودروست سەبارەت بەو شەڕە و شوێنی شەڕەکە لەبەردەستدا نییە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەوە شەڕێکی مێژوویی نییە. هەندێک مێژوونووسی نوێ ڕەخنەیان لە خەیاڵ و هزری میتۆلۆژی مرۆڤی کۆن گرتووە، کەچی خۆشیان ئەفسانەی مێژووییان داهێناوە، بۆ نموونە ئەفسانەی سووتاندنی کەشتی موسڵمانان لەلایەن سەرکردە (تارق کوڕی زیاد)ەوە، ئەم ڕووداوە هیچ بنەمایەکی ڕاستی تێدا نییە، بەڵکو ئەمە ئەفسانەیەکی کۆنی (یەمەنی)یە.

دیارە دەبێ هەندێک ئەفسانە پێشینەی مێژووییان هەبێت، دەنا ناچنە خانەی ئەفسانەوە، کە ئەفسانەش دوای چەند سەدەیەک پێکهاتەی خۆی دروست دەکات و لەوێشەوە مێژوویەک بەخۆی دەبەخشێت، بۆیە هەندێک توێژەر هەوڵی بێ وچانیان بۆ ساغکردنەوەی هەندێک ئەفسانە داوە و کاریان بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە مێژووییەکانی ئەفسانەکان کردووە، لەوانە (هنریک شلیمان) کە بڕوای وابوو ئەفسانەکان ڕێنیشاندەر و سەرەداوێکن بۆ مێژوونووسان، بۆ دۆزینەوەی ڕاستی ڕووداوە مێژووییەکان، کاتێک هنریک شلیمان منداڵ بوو باوکی هەمیشە ئەفسانەکانی گریگ و هۆمیرۆسی بۆ دەگێڕایەوە، ئەمە وای لێ کرد کە گەورە بوو بیر لە دۆزینەوەی شوێنی «ترۆی» بکاتەوە و خۆی بۆ ئەم ئەرکە گرنگە تەرخان بکات، ئەوەبوو لە تەمەنی (٤٦) ساڵیدا وازی لە کارەکەی (بازرگانی) هێنا و ڕووی کردە «ئیساکا» بۆ دۆزینەوەی شوێنی «ترۆی» و دوای ماوەیەک کارکردن شوێنی شاری ترۆی دۆزییەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەندێک ئەفسانە ڕەگی مێژووییان هەیە.

لە زەمەنی کۆندا هیچ کەلێنێک لەنێوان مێژوو و ئەفسانەکاندا نەبووە، هەر بۆیە کەسایەتییە کۆنەکان هەوڵیان دەدا لاساییکردنەوەی نموونە سەرەتاییە کۆنەکەکان بکەنەوە، ئەوەی لە خوداوەند و پاڵەوانەکانەوە

دەست پێدەکات.

هیچ مێژوویەک بەبێ پاڵەوان نییە، بەڵام لە کولتووری میللەتە کۆنەکاندا پاڵەوان هەیە بەبێ مێژوو، کە لە ڕێگەی بەسەرهات و ڕووداوی ئەفسانەییەوە باس لە پاڵەوانیەتی و ئاکار و کردەوە و هەڵوێستی کەسایەتی پاڵەوان دەکرێت و بەم شێوەیە کەسایەتییەکە لە باوەڕی میللیدا جێگایەکی دیار و گرنگی دەبێت.

دەشێ واقیعی مێژوو بگۆڕدرێت و ببێتە ئەفسانە، هەروەها دەکرێ مێژوو خۆی بە ئەفسانە داپۆشێت و دەمامکدار بکات، جا چ مێژووی کەسایەتییەک بێت، یان شارێک، یان نەتەوەیەک بێت، واتە ئەفسانە دەخزێتە ناو مێژوو و واقیعی ڕووداوە مێژووییەکان دەکاتە ئەفسانە، ڕەنگە بەم جۆرە مێژووەکە کاریگەری زیاتری لە هزر و هۆشی خەڵکدا هەبێت، هەروەها دەشێ هۆکاری ئەم تێکەڵبوونەش، ئەو گرژی و کێش کردنە بێت، لەنێوان واقیع و خەیاڵ، هەروەها لەنێوان ئەو واقیعەی هەیە و ئەوەی خوازراوە، هەندێک لەو ئەفسانانە بە یادکردنەوەی جەنگەکان پشت ئەستوورن، کە تێیاندا خەیاڵ ئاوێتەی ڕاستییە مێژووییەکان بووە و لەسەر حیسابی ڕاستییە مێژووییەکان ئەفسانە زیاد و گەشە دەکات، بە مەبەستی شانازی کردن بەو پاڵەوانانەی لە ساتی ڕووداوێکی دیاریکراودا دەبینرێت، ئاوێتەبوونی واقیع و ئەفسانە کرۆکی ئەو میتۆلۆژیایانە پێکدێنێت، کە لەمەڕ جەنگێک، یان ڕووداوێکدایە، لە مێژووی کوردیشدا نموونەی ئاوێتە بوونی واقیع و ئەفسانە هەیە، بۆ نموونە چیرۆکی کاوە و زوحاک، ڕەگێکی مێژوویی هەیە و تێکەڵ بە ئەفسانەکراوە و چیرۆکەکە ناوەرۆکێکی مێژوویی لە خۆگرتووە و بەپێی ئەفسانەکانی ئاری نەژادەکان، شا جەمشید وەک یەکەم کەس لە بنەماڵەی پشدادی، زۆر لە خۆبایی دەبێت و لە فەرەی ئێزدا دوور دەکەوێتەوە، لە ئاکامدا بەدەستی ئەژدیهایەک دەکوژرێ، ئەمە بناغەی ئەفسانەی ئێرانی کۆنە، بەڵام دواتر تێکەڵ بە مێژوو دەبێت، زوحاکیش کە دوا پاشماوە و نەوەی جەمشیدە و لە ئەفسانەکاندا بە ئەژدەهاک ناوبراوە، لەبەر ئەوەی شایەکی ستەمکار بووە و (کاوە) لە دژی زوحاکی خوێنڕێژ ڕاپەڕیوە و شۆڕشی کردووە، کە لە شاخەوە هەڵتۆقا و زۆرداری زوحاکی ڕووخاند، بۆیە (کاوە و زوحاک و نەورۆز) یەکێکە لە ئەفسانە گرنگەکان و درێژی ڕۆژگار کردوویەتی بە ئەفسانە، نموونەیەکی دیکە شەڕی (قەڵای دمدم) کە لە ساڵی ١٦٠٩ زایینی لەنێوان شای ئێران، شا عەباسی سەفەوی و میری خێڵی برادۆست (خانی لەپ زێڕین)دا ڕووی داوە، لە دەقە میللیەکاندا کە باس لەم شەڕە دەکەن ئاوێتە بوونی واقیع و ئەفسانە دەبینرێت، هەروەک لە دەقێکدا هاتووە: کاتێک قوڵە و بەرزاییەکانی قەڵاکە کەوتنە دەست لەشکری دوژمن، ئافرەتەکانی ناو قەڵاکە خۆیان هەڵدێرایە خوارەوە، نەوەک دەست دوژمن بکەون و بێ ناموس بکرێن، لەو هەڵدێرانەیاندا بەرلەوەی بکەونە خوارەوە خودا کردوونی بە کۆتری سپی و بە ئاسماندا فڕیون. ڕەنگە هۆکاری ئەم ئاوێتە بوونەی واقیع و ئەفسانە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە دوور نییە لە قەڵاکەدا کۆتری سپی ڕاگیرابێ و دوای وێران کردنی قەڵاکە، کۆترەکان لەو چیایە مابێتنەوە.

هەروەها ئەفسانەی کوردی کەسایەتییە ناسراو و مێژووییەکان دەگوێزێتەوە نێو ئەفسانە و گۆڕانیان بەسەردا دێنێ و لە کەسایەتییەکی واقیعی و بەرچاوی نێو ژیانەوە دەیانکات بە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی و هێزی زۆر و لەرادەبەدەریان دەداتێ و کاری وایان پێ دەکات کە لە ژیانی ڕاستەقینە و بەرچاوی خۆیان نەیان کردبێ، ئەو جێگۆڕکێیەش لەناو ئەفسانەدا زۆربەی بۆ ئەو کەسانەیە کە لە مێژوودا ناویان هەیە و ناسراون، بۆ نموونە (ئەسکەندەری مەکدۆنی ٣٥٦-٣٢٤ پ.ز) لەبەر ئەوەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا کەسایەتییەکی ناودار و جیهانییە لەنێو ئەفسانەی جیهانی و ئەفسانەی کوردیشدا ئەو کەسایەتییە مێژووییە تێکەڵ بە ئەفسانە کراوە، هەروەها کەسایەتی ناوداری کورد (شێخ مەحموودی نەمر- مەلیکی کوردستان) ئەگەرچی مێژووەکەی زۆر دووریش نییە، بەڵام چونکە کەسایەتییەکی خۆشەویستی نەتەوەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتییە و کورد بە چاوی ڕێزەوە سەیری دەکات، عەقڵی عەوام و ئەفسانەساز زۆر کاری وایان داوەتە پاڵ، کە زۆر لە ڕاستی و واقیعی ژیان و مێژووی ئەو سەرکردەیەوە دوورن، لەنێو کوردەواریدا دەڵێن و باوە: (شێخ مەحموود وەختێ دەچووە شەڕێ و دەهاتەوە، کە پشدێنی خۆی دەکردەوە و دایدەوەشاند، گولە لەبەر قەد و پشتی بەردەبوونەوە، چونکە گولە نەیدەبڕی)، کەچی

هەموو لایەک ئەو ڕاستییە دەزانن کە شێخ لە پشت «بەردەقارەمان» بریندار بوو، هەروەها ئەقڵی عەوام و ئەفسانەساز کەسایەتییە ئایینییەکانیش تێکەڵ بە ئەفسانە دەکات، بۆ نموونە لەنێو ڕەشە خەڵکەکەی کوردەواریدا، ئەوانەی پاشماوەی ئایینی کۆنی زەردەشت پێغەمبەریان، لەنێو ماوە، واباوە گوایە گوڵی نێرگز لە ئارەقەی زەردەشت پێغەمبەر دروست بووە، هەروەها لەناو کوردەواری و پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام دەڵێن: ڕەیحانە ڕەشە لە ئارەقەی- محەمەد پێغەمبەری ئیسلام- دروست بووە، بەم شێوەیە مێژوو و ئەفسانە تێکەڵ دەبێ و خەڵک کەسایەتییەکە دەکەن بە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی.

توێژەرانی میتۆلۆژیا بڕوایان وایە کە یادەوەری کۆ یەکێکە لەو هۆکار و فاکتەرانەی کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی واقیعی ڕووداوەکان هەیە بۆ ئەوەی بیکەنە ئەفسانە، لەبەر ئەوەی یادەوەری کۆ، کە ئەمبار و جێگەی پاراستنی ڕووداوە مێژوویی و نیمچە مێژوویی و بەسەرهاتەکانە، ناتوانێت لە دوو سەدە (٢٠٠ ساڵ) زیاتر پارێزگاری لە وردەکاری ڕووداوەکان بکات، لەبەر ئەوە ڕووداوەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و زەمەن گۆڕینیان بەسەردا دێت، ئەگەر ڕووداوەکان نەنووسرێنەوە، بۆیە لەو حاڵەتەدا ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان دەگۆڕێن و دەبن بە پاڵەوانی ئەفسانەیی و دەتوانن کردەوەی ناواقیعی و سیحرئامێز ئەنجام بدەن، کەواتە دووری نێوان زەمەنی ڕووداوەکان و زەمەنی گێڕانەوەی ڕووداوەکە، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی واقیعێکی مێژوویی ببێتە ئەفسانە. لەلایەکی دیکەوە دەکرێ بڵێین هەندێک ئەفسانە مێژووی کەسایەتییە لە وشەدا دەربڕاوە و گوزارشتی لێ کراوە و هەندێک لە کەسایەتییەکانی ئەفسانە ڕەهەندی مێژووییان هەیە، هۆشیاری ئەفسانەیی دەتوانێت وشە لەمەڕ ڕووداوە مێژووییەکان دابهێنێت و حیکایەت سەبارەت بە ژیانی کەسایەتییەکان دروست بکات، بۆیە ئەفسانە تەنیا ڕووداوێکی مێژوو نییە، بەڵکو پێش هەموو شتێک «وشە»یە و لە وشەدا ڕووداوی مێژوویی بۆ ئاست هۆشیاری زاتی بەرزدەبێتەوە.

هەندێک لە توێژەرانی میتۆلۆژیا پێیان وایە، ئەفسانە بریتییە لە تۆمارکردنی هەندێک ڕووداوی گرنگ کە لە سەردەمە کۆنەکاندا ڕوویان داوە و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە هەبووە و مرۆڤی کۆن ئەو ڕووداوانەی لە قاڵبێکی شیعری و حیکایەتدا داڕشتووە، بۆ ئەوەی لەبیریان نەچێت و لە یادەوەرییاندا بمێنێت.

## مێژووی ئەفسانەیی لای میللەتە کۆنەکان

زۆربەی ئەو توێژینەوانەی سەبارەت بە ئەفسانە کراون، ئەوە دەردەخەن کە هۆز و میللەتە کۆنەکان بڕوایان بە سوڕ و خولی مێژوو هەیە و بە گوێرەی ئەم دید و ڕوانینەیان بۆ مێژوو، ڕووداوەکانی ناو ئەفسانە لاسایی کردنەوەی ئەو ڕووداوانەن کە لە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤ و گەردوون ڕوویان داوە، واتە گەڕانەوەیە بۆ ئەو کارانەی کە باووباپیران کردوویانە، ئەو گەل و خەڵکانەی ئەفسانەکەیان داهێناوە، باوەڕی تەواویان بە ڕاستی و دروستی ئەفسانەکە هەیە و پێیان وایە، ئەفسانە تۆماری ڕووداوەکانی کۆن و سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤە، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ ڕەوش و واقیعی ئێستایان، ئەمەش خاڵی پێوەندییە لەنێوان ئەفسانە و مێژوودا، ئەگەرچی لە ڕووی دیکەوە جیاوازن، لەبەر ئەوەی هەر یەکەیان، سیستمێکی جیاواز و سەربەخۆیان هەیە، هەرچەندە ئامانج و ئەرکی هەریەک لە ئەفسانە و مێژوو زانینی ئەسڵ و سەرچاوەی شتەکان و واقیعی ئێستایە، بەڵام لەوەدا جیاوازن کە ڕەسەن و ڕابردوو لای ئەفسانە پیرۆزە، کەچی ڕابردوو لای مێژوو شتێکی دنیایی و مرۆییە، واتە بە گوێرەی ئەفسانە مێژوو بریتییە لە دەرکەوتن و هاتنەڕووی ویستی خواوەندەکان، بەڵام لە ڕوانگەی مێژووەوە، ڕابردوو و ڕووداوەکان دەرکەوتنی ئیرادە مرۆییەکانە و لە ئاکامی ململانێ و کارلێکردنی نێوان مرۆڤ و سروشت هاتوونەتە کایەوە، ئەمەش مانای وایە دوو جۆرە مێژوومان هەیە: مێژووی پیرۆز، مێژووی دنیایی.

مێژووی پیرۆز باس لەچۆنیەتی دەرکەوتنی خواوەند دەکات لە شوێن و زەمەنی دنیاییدا و ئاشکرا کردن و هاتنە ڕووی کار و کردەوەکانی خواوەندان لە زەمەنی بەراییدا، بە گوێرەی هزری ئەفسانەیی، هەر کارێک لە کارەکانی مرۆڤ، یان هەر دیاردەیەک لە دیاردەکانی سروشت، تەنیا خاوەن بەهایەکی زاتی نییە، بەڵکو بەها و حەقیقەتی کردارەکە لە دەرەوەی بەرهەستی مرۆڤ

سەرچاوە دەگرێ، واتە خوداوەند مێژووی دروست کردووە و خـۆشی مـافی بەڕێوەبردنی هەیە و بەڕێوەی دەبات و بەپێی چاودێری خۆی بزووتنەوەی مێژوو ئاراستە دەکات و بەسـەر ڕەگـەزی مـرۆییـدا سـەپێنراوە، لە مـەینەتی و ناخۆشیدا بژی، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە سەرەتاوە بۆ یەک مـەبەست دروست کـراوە کـە ئەویش خـزمـەت کـردنی خواوەندەکانە.

کاتێک مرۆڤ مێژووی کۆنی نەتەوەکان دەخوێنێتەوە، خۆی لە بەرانبەر جـیـهـانێکدا دەبینێت کە یاسـاکـانی سروشتی تێدا زاڵ نییە و هەمـوو شتـەکان لە دۆخێکی سەیر و نائاساییدا بەڕێوە دەڕۆن، جەنگەکان، برسیـەتی، هەژاری، وشکەسـاڵی، چاوە قـوولە، مـەرگ، هیـچـیـان هۆکاری سروشتی لە پشتیانەوە نابینرێت، بەڵکو هەموو ئەمانە بە جیهانی میتافیزیک و سزای خوداوەندەکانەوە بەستراونەتەوە و لە چوارچێوەی ئەفسانەدا گوزارشتـیـان لێ کراوە، بۆ نموونە، لە ئەفسانەی «لافاو»ی سۆمەری و بابلیـدا، خـواوەندەکـان، بەبێ هیـچ هۆکـارێکی دیار و ڕوون، بڕیاری لەناوبردنی مرۆڤ دەدەن، هەروەها لە دەقی وێران کـردنی شـاری «ئوور»ی سـۆمـەریدا هاتووە، ئەنجـومـەنی خـوداوەندان بڕیاری لەناوبردنی ئوور و دانیـشـتـوانەکـەی دەدەن، وەک چارەنووسـێک کـە لە ئاسمانەوە فەرمانی پێ دراوە.

کەواتە هزری میـتۆلۆژی لە تێڕوانیندا بۆ سەرەتاکان، لەو ساتەوە دەست پێدەکات، کە خواوەندەکان لە بازنەی خـۆیاندا هاتنە دەرەوە و لە زەمـەنە مـیـتـۆلۆژییـەکـانی سـەرەتادا دەستـیـان بە چالاکـیـەکانی خۆیان کرد، کە زەمـەن بەردەوام دەبێت و شـوێن درێژ دەبێـتـەوە و لەگـەڵ مێژووی گەردوون و مێژووی مرۆڤدا تێک دەئاڵێن.

ئەفـسـانەکـانی خـولّقـاندن و ئافـراندنیش باس لەو ڕووداوانە دەکـەن، کە لە زەمـەنی نێوان سـەرمەدیـیـەت و مێژوودا ڕوویان داوە، واتە لە زەمەنی کۆزمۆگۆنی کە لەو زەمەنەدا دیاردە و بوونەوەرەکـانی گەردوون ئافەریدەکران و دروستبوون، لەگەڵ تەواوبوونی ئەو زەمەنەش، مرۆڤ و کـۆمـەڵگە پێ دەنێنە ناو «زەمـەنی ڕاسـتـە هێـڵێ» ئەو زەمـەنەی کـە لە ڕابردوو بەرەو ئێـسـتـا و ئاینده دەڕوات، واتە زەمەنی مێژوویی.

ئەفـسـانەکـان گـرنگی بە چالاکی و کـردەوەکـانی خواوەندەکان دەدەن و کردەوەکانی مرۆڤ فـەرامۆش دەکەن و یادی ناکـەنەوە و ئەگـەر هاتو بۆ ڕووداوێک، یان کەسایەتییـەکی مێژوویی بڕەخسێت بچێتە ناو جیهانی ئەفسانە و لە یادەوەریدا بە نەمری بمێنێـتەوە، ئەوە تەنیا لە ڕێگەی بە ئەفـسـانەکـردنییـەوە بە ئەنجـام دەگـات، بەرزکـردنەوەی لە ئاسـتی واقیـعەوە بۆ ئاسـتی ڕووداوی مـیـتـۆلۆژی، پاشا کـۆنەکـانی گـریک و هەواڵەکـانیـان نەدەگەیشـتە گوێی گریکەکان، ئەگەر دوای بە بەرداکردنی بەرگـێکی ڕەسـەنی مـیـتـۆلۆژی نەبوایە، هەروەها لەناو چەندان پاشـای سـۆمـەری تەنیـا کـردەوە و بەسـەرهاتی «گلگامـێش» پاشـای ئۆرۆک مـاوەتەوە، کـە لە ڕێگەی ئەفـسـانەوە یادەوەرییـەکی مـێـژوویی دەداتە مـرۆڤ و هەسـتـێکی وای لەلا دروست دەکـات، کـە ژیانی ئامـانجـیکی تێدایە و بۆ ئەم یادەوەرییەش، مرۆڤ وەک مردووی لێدێت، چونکە لەبیرکردنی ڕابردوو جۆرێکە لە مردن، لە میتۆلۆژیای گریکیدا ئەو مردووانەی بۆ جیهانی خوارەوە دادەبەزن لە ڕێگەدا لە سەرچاوەی لەبیر چوونەوە دەخـۆنەوە بۆ ئەوەی ژیانی دووەمـیـان بەبێ یادەوەری بەسەربەرن، واتە بەبێ مێژوو.

لە کۆمەڵگەی کۆندا ئەفسانە تەعبیر لە حەقیقەتێکی ڕەها دەکات، چونکە مێژوویەکی پیرۆز دەگێڕێتەوە، یان پەیامێک ئاشکرا دەکات کە سنووری مرۆڤی تێدەپەڕاند و بۆ بەرەبەیانی سـەردەمـێکی مـەزن دەگـەڕایەوە، کـە سەردەمی سەرەتا پیرۆزەکانە، لەبەر ئەوەیە ئەفسانە لای ئەوان واقـیـعی و پیـرۆزیش بووە، هەروەها لای ئەوان «مێژوویەکی پیرۆزە».

نابێت لەبیـرمـان بچـێت کـە یەکـێک لە ئەرکـە بنەڕەتییەکانی ئەفسانە ئەوەیە، کە دەروازەیەک دەکاتەوە تا مرۆڤ لێیەوە بگاتە زەمەنی مەزن، ئەم مەسەلەیە لەو ویستـەی مـرۆڤدایە بۆ وازهێنانی لە زەمـەنی ئێـسـتـای، وازهێنان لەوەی بە بارودۆخی مێژوویی ناوی دەبەین.

بایەخدانی مرۆڤی کـۆن بە مـێژووی پیـرۆز و بێ بایەخ کردن و بێ ئاگابوون لە مێژووی دنیایی، هۆکارێک بووە بۆ فەرامۆش کردن و بێ ئاگابوون لە ڕۆڵی خۆی (مرۆڤ) لە بزووتنەوەی مـێـژوودا و مـرۆڤی کـۆن هەمـیـشـە دەستکەوتەکانی شارستـانیەتی، کە هۆکارێک بوونە بۆ پێـشـکەوتنی مـرۆڤ و مـرۆڤـایەتی، خـسـتـووەتە پاڵ خوداوەندەکان و سەرەتا و سەرچاوەی گشت دەستکەوت و داهێنراوەکـانی بۆ خـوداوەندەکـان گـەڕاندووەتەوە. تا

ئەمرۆکەش هەموو داهێنانێکی مرۆییانە بۆ ئیلهامێک دەگێڕنەوە کە لە دەرەوە دێت و لە ناوەوە هەڵناقوڵێت، ئەمەش پاشماوەی ئەو میراتە میتۆلۆژیەیە، کە بۆ مرۆڤ ناڕوانێ وەک دروستکەری خۆی و ڕابردوو و ئێستای، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ جێبەجێ کردنی پلانە خوداوەندەکانییەکان تێی دەڕوانێ.

ئەم بێ ئاگابوونە لە حەقیقەتی ئەوەی لە ڕابردوودا ڕووی داوە، گۆڕینی بە مێژوویەکی پیرۆز کە ئەفسانەکان کەشفی دەکەن، مرۆڤی کۆنی کردووەتە دەرەوەی گۆڕانی مێژوویی و بەبێ یادەوەرییەکی دنیاییش کە خاوەنی ناوەرۆکێکی مەبەستدار بێت، کە ئەم یادەوەرییە دنیاییە ڕۆڵی لە یارمەتیدانی مرۆڤ بۆ تێگەیشتنی ئێستای نەبینیوە، بەو پێیەی ئاکام و بەرهەمێکی ڕووتی کردار و دەستکەوتە ڕابردووەکانییەتی.

نووسینی مێژوویی وەک ڕەگەزێکی سەربەخۆ لە ئەفسانە، کاتێک دەستی پێ کرد کە مرۆڤی کۆن دید و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ڕووداوەکان گۆڕی و چیتر دەست تێوەردانی خوداوەندانی لە ڕووداوە ڕابردووەکان، یان ڕووداوەکانی ئێستادا نەدەبینی، لەو کاتەوە مێژوو لە پیرۆزیی داماڵراو دەستی بە ڕووتبوونەوە لە قودسیەتەکەی کرد و مرۆڤ بەدوای هۆکاری ڕاستەقینەی ڕووداوەکاندا گەڕا، لە ڕێگەی پێوەندییە دنیاییە واقیعییەکانەوە، بەم جۆرە زانستی مێژوو لە دایک بووە و لە دروست کردنی یادەوەری کۆ جێگەی ئەفسانەی گرتەوە و بۆ ناسینی ڕۆڵە بنەڕەتییەکەی لە ناسینی خۆیدا ڕێنمایی مرۆڤی کرد و گرنگی چالاکییەکانی مرۆڤی بۆ سەر بزاڤ و بزووتنەوەی مێژوو دەرخست.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


**١- الاسطورة والمعني- فراس السواح- دار علاءالدين- سوريا- ١٩٩٧- ل٩١، ٩٢، ١٠٤، ١٠٨، ١١٧، ١١٣.**

**٢- أبطال بلا تاريخ- فاضل الربيعي- سوريا- ٢٠٠٥-ل ٧، ١٠، ١٣، ١٣١.**

**٣- سحر الاساطير- م ف البيدل- حسان ميخائيل- سوريا- ٢٠٠٥- ل١٨، ١٩.**

**٤- فلسفة الاسطورة- اليكسي لوسيف- منذر حلوم- سوريا- ٢٠٠٥- ل٢٢٠.**

**٥- موسوعة اساطير العرب- محمد عجينة- لبنان- ط٢، ل٤٣٢.**

**٦- گەڕان بەدوای نەمریدا- مەولوود ئیبراهیم حەسەن، هەولێر- ٢٠٠٥، ل٢٩، ١٨٥.**

**٧- گۆڤاری (ئاسۆی فۆلكلۆر) ژ(١٤)، ل٥، ٧، ٩.**

**٨- گۆڤاری (ئاسۆی فۆلكلۆر) ژ(٢٦)، ل٢٦.**

**٩- گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژ(١٠٥)، ل٢٣٣.**

**١٠- گۆڤاری (کۆچ) ژ(١١-١٢) ل٤١٥، ٤٢٩.**

# پووشکین، بەناوبانگترین شاعیری ڕووسیا

**د. سەلاح بابان**
**(بەریتانیا)**

ساڵی ١٧٠٧ باڵوێزی(١) ڕووسیا لە ئەستەمبووڵ، کوڕێکی هەشت ساڵی ڕەشی ئیسیۆپی بە دیاری دەنێرێت بۆ قەیسەر. ئەوسا «پوترس»ی یەکەم قەیسەری ڕووسیا دەبێت. منداڵەکە، ناوی ئیبراهیم دەبێت. بەهۆی ئەو چەتانەی کە بازرگانی بە بەندە دەکەن، دیارە بە جۆرێک گەیشتۆتە کۆشکی سوڵتان و لەوێدا کراوە بە بەردەستەی جارییەکانی(٢).

چەتەکان، گوایە، لەکاتێکدا ئەم منداڵەیان فڕاندووە، کە لە کەناری دەریای سوور لە ئیسیۆپیا مەلەی کردووە. خوشکە گەورەکەی، کە ئەوەی بینیوە، بەهاوارەوە بەدوای کەشتیی چەتەکاندا مەلەی کردووە. تا هەژارە، ماندوو بووە و لە ئاوەکەدا خنکاوە.

وریایی و زیرەکی ئەو کوڕە، سەرنجی قەیسەر ڕادەکێشن. نەختەبەنەختە، ئەو کوڕەی گەلێک خۆش دەوێت؛ بگرە دەیکات بە کوڕی خۆی. تا لە ئاهەنگی تۆمارکردنی کوڕەکە لە کڵێسەدا، قەیسەر خۆی دەبێت بە باوکی گیانی و ناوی دەنێت «پیۆتر پترۆڤیچ هانیبال».(٣)

ئیبراهیم، حەز لە ناوە تازەکەی ناکات، لەبەر ئەوە ناوی دەبێتەوە بە ئیبراهیم، بەڵام چونکە لە ڕووسیا بە «ئیبراهیم» دەڵێن «ئەبرام»، ئیتر ناوی دەبێت بە «ئەبرام».

ئەبرام، خرایە مەکتەبەوە و بوو بە تەلەبەیەکی باش. لەدواییدا، بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی، قەیسەر دەینێرێت بۆ فەرەنسا. لەدوای چەند ساڵێک، کە خوێندنی تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە، لەگەڵ خۆیدا زیاد لە ٤٠٠ کتێبی بەنرخ دەهێنێتەوە. زۆری پێ ناچێت دەبێت بە ئەندازیارێکی سەرکەوتوو و دەکرێت بە مامۆستا لە خوێندنگەی سوپاییدا. لەدواییدا دەبێت بە ژەنەراڵ.

ساڵی ١٧٣٠، ئەبرام، ژن دەهێنێت، پێوەندی لەگەڵ ژنەکەیدا باش نابێت. پێش ئەوەی لێی جیابێتەوە، لە ژنێکی تر، لە بانوویارێک(٤)، بەناوی«خریستینا»، دوو کوڕی دەبێت. دوای ئەوەی یەکەم ژنی تەڵاق دەدات، خریستینا دەهێنێت. لەو کاتەدا «ئەلیزابێتا»ی کچی پوترسی یەکەم بانووقەیسەر دەبێت. بە ٥٠٠ ڕەنجبەرەوە، نزیک شارۆچکەی «میخائیلۆڤسکۆیە» زەوییەکی گەورەی دەداتێ(٥).

کوڕە گەورەکەی ناوی «ئیڤان» دەبێت. کە گەورە دەبێت، وەکو باوکی، ژەنەراڵێکی سەرکەوتووی لێ دەردەچێت؛ لە جەنگی ساڵی ١٧٧٠دا، ئەو سەرۆکایەتی سوپای ڕووسی دژی عوسمانییەکانی دەکرد. لەو



پووشکین

جەنگەدا، هێزی دەریایی عوسمانییەکان لە دەریای ڕەشدا، هەر وێران دەبێت.

کوڕە بچووکەکەی، ناوی «یوسف» دەبێت، هیچی وای لێ دەرناچێت. جگە لەوەی کە «نەدێژدا»ی کچی، بەشووکردنی بە ئەفسەرێکی شاعیر کە ناوی «سەرگێی پووشکین» دەبێت، دەبێت بە دایکی بەناوبانگترین شاعیری ڕووسیا؛ «ئەلێکساندەر سەرگێڤچ پووشکین».

دایک و باوکی ئەلێکساندەر، هەردووکیان، ڕۆشنبیر و لە بنەماڵەی ناسراو و بەناوبانگ دەبن.(٦)

* * *

پووشکین ساڵی ١٧٩٩، لە مۆسکۆ لەدایک بووە. هەر لە منداڵییەوە، چونکە مامۆستاکانی فەرەنسی بوون، زمانی فەرەنسی زۆر باش فێر ببوو، بەهۆی نەنک و دایەنەکەشییەوە شەیداییەکی سەیر، بۆ زمانی ڕووسی، لەناو دڵیدا، پەروەردە ببوو. پێش پووشکین، ڕووسی ئەو زمانە دەوڵەمەندەی ئێستا نەبوو؛ پووشکین زۆر وشەی کۆنی ڕووسی بووژاندۆتەوە و سەدان وشەی نوێی لە زمانانی ترەوە وەرگرتووە و زمانی ڕووسی پێ دەوڵەمەند کردووە.(٧) پووشکین، هەرچەندە بەداخەوە، کەم ژیاوە، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر کەس ئەو، بە بنج دانەری ئەدەبی ڕووسی نوێ دادەنێت. هەموو شاعیر و نووسەرەکانی دوای خۆی؛ وەکو گۆگۆل، تۆرگنێف، دۆستەیێڤسکی، تۆلستۆی، چێخەف، گۆرکی، یەسێن، لە نووسینەکانیاندا، بەجۆرێک لاسایی ئەویان کردۆتەوە.

ساڵی ١٨١١ لە شارۆچکەی «تسارسکۆیەسیلۆ»، نزیکی سانت پیتەرسبورگ، خوێندنگەیەکی نوێ بۆ منداڵە زیرەکەکانی بنەماڵە خانەدانەکان دەکرێتەوە، ناوی خوێندنگەکە دەنێن لیسیەم. (٨)

پووشکین، دەبێت بەیەکێک لە تەلەبەکانی. هەر لەو ساڵەوە، بە دوازدە ساڵی، دەستی کردووە بە نووسینی شیعر. یەکەم شیعری، بە پازدە ساڵی بڵاوکردۆتەوە. پێش ئەوەی ساڵی ١٨١٧، لیسیەم تەواو بکات، پووشکین دەبێت بە بەناوبانگترین شاعیری ڕووسیا.

ساڵی ١٨١٢، دوای ئەوەی ناپلیۆن پۆناپارت، بەشێکی زۆری ئەوروپا داگیر دەکات، بەنیو ملیۆن سەربازەوە هێرش دەباتەسەر ڕووسیا. بە ئاسانی دەگاتە دەوروبەری مۆسکۆ. سەرۆکی سوپای ڕووسی، کتووزەڤ، دەکەوێتە کێشەیەکی زۆر گرانەوە؛ لەلایەکەوە بەرگری مۆسکۆی پێ نەدەکراو لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ناپلیۆن، مۆسکۆ بگرێت و سوود لەو گرتنە وەربگرێت، زۆر بەهێز دەبێت و لەوانەیە ئیتر بتوانێت هەموو ڕووسیا داگیر بکات، لەبەر ئەوە بڕیاری دا کە نەیەڵێت ناپلیۆن، بەهیچ جۆرێک، سوود لەو داگیرکردنە وەربگرێت: هیچ خواردەمەنی و سووتەمەنی لە شارەکەدا نەهێشت بمێنێتەوە؛ ئەوەی توانیان بیبەن لەگەڵ خۆیاندا بردیان و ئەوانەی تریان، بە شارەکەوە سەرجەم سووتاند. خانووەکانی ئەوسای مۆسکۆ زۆربەی تەختەبوون، لەبەر ئەوە زوو گڕیان دەگرت و دەسووتان. کە لەشکرەکانی ناپلیۆن هاتن بۆ مۆسکۆ، زۆر لە سەربازەکانیان بەهۆی سەرما و برسێتییەوە مردن. ئیتر ناپلیۆن، ناچار دەبێت بگەڕێتەوە، بەڵام ڕووسەکان، نەیانهێشت هەر ئاوا بە ئاسانی بگەڕێتەوە؛ ملیشیایەکی زۆریان پێک هێنا و لەکاتی گەڕانەوەیدا هێرشیان دەبردە سەر لەشکرەکانی. لەو نیو ملیۆن سەربازەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی، هەر نزیکەی بیست هەزارێکیان گەڕایەوە.

ئەم هێرشەی ناپلیۆن، چاوی گەلی ڕووسی کردەوە؛ هەموو نەنگ و کەموکورتی و دواکەوتوویەتی ڕژێمی دکتاتۆری قەیسەری دەرخست. بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی، بە تایبەتی لەنێوان چینی ڕۆشنبیراندا، بڵاوبووەوە؛ هەموو داوای ڕژێمێکی دیموکراتی و پەرلەمانییان دەکرد. داوای ڕژێمێکیان دەکرد کە ڕێزی

مافی مرۆڤ بگرێت و وڵاتەکەیان پێش بخات.
پووشکین، بوو بەو شاعیرەی کە هەستی دەروونی ئەو توێژە رۆشنبیرەی رووسیای بە هۆنراوە دەردەبڕی. ساڵی ١٨١٧ بە هەژدە ساڵی، شیعرێکی بڵاوکردەوە بەناوی «هەڵبەستی ئازادی» هانی هەژارەکانی رووسیای دەدا کە دژی رژێمی دێرینی کۆنەپەرستی قەیسەری راپەڕن، بگرە خوێندەوارێک نەبوو لە رووسیا، ئەو هەڵبەستەی پووشکینی لەبەر نەکردبێت.
لەسەر ئەوە، ساڵی ١٨٢٠، قەیسەر بڕیاری دا پووشکین، بۆ باشووری رووسیا، بۆ مەڵداڤیا دوور بخاتەوە. لەو سێ ساڵەی کە لەوێ مایەوە، دوو چیرۆکی رۆمانتیکی بە شیعر نووسی؛ «دیلی قەوقاز» و «فوارەکەی باخچەسەرای»(٩).
لەوێوە نەفی دەکرێت بۆ شاری ئۆدێسا، لەسەر دەریای رەش. زۆری پێ ناچێت، ئەمجا نەفی دەکرێت بۆ جێی بنەماڵەی دایکەکەی، لە شارۆچکەی «میخایلۆڤسکۆیە» نزیک شاری «پسکۆڤ».

**راپەڕینی دیکابریستەکان**(١٠)

ساڵی ١٨٢٥، قەیسەر، ئەلیکساندەری یەکەم دەمرێت، براکەی کۆنستانتین دەکرێت بە قەیسەر. لەشکری ئێشکگرانی ئیمپراتۆری یەکسەر سوێندی دڵسۆزی بۆ دەخوات(١١).
بەڵام کۆنستانتین لەدوای چەند رۆژێک بڕیاردەدات کە نەبێت بە قەیسەر. براکەی تری کە ناوی نیکۆلای دەبێت، ئەو دەکرێت. نزیکەی سێ هەزار لە ئێشکگرانی ئیمپراتۆری، بەهاندانی رۆشنبیر و خانەدانانی رووسیا، دژی ئەوە دەوەستن کە نیکۆلای ببێت بە قەیسەر. «کۆنستانتین»یان دەویست. ئیتر پێش ئەوەی یاخیبوونەکە گەورەتر ببێت و بڵاوببێتەوە، هێرش دەکرێتە سەریان و دەبێت بە جەنگێکی گەورە. زۆریان لێ دەکوژێت. سەرۆکەکانیان، کە زۆریان هاوڕێ و ناسیاوی پووشکین دەبن، هەموو دەگیرێن. پێنجیان لە سێدارە دەدرێن. ئەوانەی تر نەفی دەکرێن هەر یەکەی بەلایەکدا. یەکێک لەوانەی کە نەفی کرابوون بۆ سیبیریا، «ڤۆلکۆڤسکی» بوو، باپیری لیۆ تۆلستۆی(١٢).
پووشکین، کە ئەوە دەبیستێت، دەترسێت خۆشی بگرن، لەبەر ئەوە هەرچی وتار و نامە و نووسینی هەبوو دەربارەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و راپەڕین، هەمووی دەسووتێنێت.
بۆ ماوەیەکی زۆر لە مەراقی ئەوەدا دەبێت کە بیگرن. تا دوای چەند مانگێک، ساڵی ١٨٢٦ نیکۆلای، قەیسەرە تازەکەی رووسیا، بە شوێنیدا دەنێرێت.
قەیسەر، دوای ئاهەنگی تاج لەسەرکردنی، لە قەڵای «کرملین»دا لە مۆسکۆ، بڕیاردەدات کە بەجۆرێک لەگەڵ گەلەکەی خۆیدا ئاشت ببێتەوە. دەیزانی گەلی رووسیا ،چەند «پووشکین»یان خۆش دەوێت، لەبەر ئەوە بەباشی زانی کە لە «پووشکین»ەوە دەستی پێ بکات. ئەو رۆژەی «پووشکین»ی بینی، بۆ ئێوارەکەی بەمیوانەکانی دەڵێت؛ «ئەمرۆ من لەگەڵ داناترین کەسی رووسیا دەدوام»(١٣).
قەیسەر نەیتوانی پووشکین زۆر لە خۆی نزیک بکاتەوە و دەمی دابخات؛ هەر بەردەوام شیعرەکانی خۆی دەنووسی و بڵاوی دەکردنەوە. تا یەکێکی زۆر جوانیشی نووسی و پێشکەشی کرد بۆ ئەو «دیکابریست»ە پاڵەوانانەی نەفی کراون. ساڵی ١٨٢٨ حەز لە کچێکی زۆر جوان دەکات ناوی «ناتالیا گۆچارۆڤا» دەبێت. کچەکە رازی نابێت شووی پێ بکات. دوای دوو ساڵ، هەمدیسانەوە دەیخوازێت. ئەم جارە کچەکە رازی دەبێت پووشکین زۆر کەیفی بەوەدێت. زوو دەچێت بۆ دێیەکەی خۆی بۆ بۆڵدینۆ (Boldino) بۆ ئەوەی خۆی بۆ شاییەکە ئامادە بکات، بەڵام کە دەگاتە ئەوێ، نەخۆشی کۆلێرە بڵاودەبێتەوە. ئیتر ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ(١٤). بەناچاری پاییزی ئەو ساڵە لە دێیەکەی خۆیدا رادەبوێرێت. هەندێک لە شیعرە هەرەباشەکانی، لەو چەند مانگەدا نووسیوە.
پووشکین زستانی ١٨٣١ خۆشەویستەکەی خۆی دەهێنێت. لە هاوینی هەمان ساڵدا، لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا دەست دەکات بەئیشکردن. ئەو ئیشەی، مافی ئەوەی دایە تا ببێت بە ئەندامێکی پایەنزم لە بنەماڵەی قەیسەر. واتە هەموو کاتێک خۆی و ژنەکەی دەتوانن بچن بۆ ئاهەنگە رەسمییەکانی کۆشکی قەیسەر. ئەوانیش زوو زوو دەچوون.(١٥)
بەرەو کۆتایی ساڵی ١٨٣٥ روخسەت بە پووشکین دەدرێت گۆڤارێکی ئەدەبی دەربکات. گۆڤارەکە ناودەنێت «سەڤریمێنک» واتە «هاوچەرخ»، یان چەرخی نوێ.

گـۆڤـاریّکی زۆر پـێـشـکەوتنخـواز دەبێت و گـەلێک لە نووسەرە هەرە باشەکانی ڕووسیا بەشدارییان تێدا دەکرد.

### مردنی پووشکین

وەکو باسمان کرد، ناتالیای ژنی پووشکین بانوویەکی گەلێک جوان و خوێن گەرم بوو. تا سەردەمێک ئاوازە بڵاوببووەوە کە گوایە قەیسەر حەزی لێکردووە و پێوەندی نهێنی لەگەڵدا هەیە. ساڵی ١٨٣٤ پووشکین و ژنەکەی، ناسیاوییان لەگەڵ گەنجێکی قۆزی «فەرەنسی»دا پەیدا کرد. گەنجەکە بەتەبەننا، کوڕی باڵوێزی هۆڵەندە بوو لە ڕووسیا. ناوی «دانتێس» بوو. ئەفسەر بوو. لەو کاتەدا لە سوپای ڕووسیدا کاری دەکرد.

ئەم گەنجە، هەر چەندە ژنی هەبوو و ژنەکەشی خوشکی ناتالیا بوو، کەچی وا دیارە حەزی لە ناتالیا دەکرد؛ هەمیشە خۆی لێ نزیک دەکردەوە و هەوڵی دەدا سەرنجی بەرەو خۆی ڕابکێشێت.

ئەو سەردەمە، پووشکین، بەهۆی بێ پارەیی و قەرزارییەکی زۆرەوە، تووشی دڵتەنگییەکی زۆر ببوو. ئا لەو کاتەدا، نامەیەکی لەیەکێکەوە پێ دەگات، ناوی خۆی لە نامەکەدا نەنووسیبوو. لەنامەکەدا دەڵێت، گوایە، «ناتالیا»ی ژنی، خیانەتی لەگەڵدا دەکات و یارەکەشی «دانتێس»ە. بۆ جاری دوایی کە پووشکین،دانتێس دەبینێت مەرایی ناتالیا دەکات، ئیتر شەڕی لەگەڵ دەکات و داوای شەڕە دەمانچەی لەگەڵدا دەکات. باوکی دانتێس و گەلێک دۆست و هاوڕێ، زۆر هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی پووشکین پەشیمان بکەنەوە، بەڵام سوودی نابێت. ڕۆژی ١٨٣٧/١/٢٧ شەڕە دەمانچەکە ڕوودەدات. هەردووکیان، بریندار دەبن. دوای دوو ڕۆژ ١٨٣٧/١/٢٩ پووشکین دەمرێت. دانتێس، چاک دەبێتەوە و لە ڕووسیا دەردەکرێت.

پێش ئەو ڕۆژە ڕەشە، قەت لە ڕووسیا ڕۆژێکی ئەوەندە غەمگین ڕووی نەدابوو؛ هەموو گەلەکە شیوەنی بۆ پووشکین دەکرد. قەیسەر و کاربەدەستانی سانت پیتەرسبۆرگ، هەرگیز چاوەڕوانی پەژارە و ئاژاوەیەکی ئاوایان نەدەکرد. بە تەمابوون لەکاتیدراڵی شارەکەدا ئاهەنگی ناشتنی بۆ بگێڕن، بەڵام کە دەبینن، بەو سەرمایە، ئەو هەموو هەزارە پیاو و ژنی تووڕە و غەمگین لەو جادانەدا کۆبوونەتەوە و وەستاون بۆ ئەوەی بۆ دواجار خواحافیزی لە شاعیرەکەیان بکەن، سام دەکەوێتە دڵی کاربەدەستانەوە؛ تەرمەکەی پووشکین بەدزییەوە دەبەن بۆ کڵێسەیەکی دووری بچووک. جگە لە کەسوکارەکانی، نایەڵن کەس بۆی بچێت. هەر ئەو شەوەش دەیبەن بۆ شارۆچکەی «میخائیلۆسکۆیە» و بەدزییەوە دەینێژن.

خەڵکەکە، چونکە بڕوایان بە ڕژێمی دیکتاتۆری قەیسەر نەبوو، وایان دەزانی، دووریش نییە ڕاست بێت، کە قەیسەر خۆی، ئەو پیلانی دارشتبێت کە ئەو شەڕە دەمانچەیەی پێ بکات. داخی مردنی پووشکین، تا ئێستا لە دڵی ڕووسەکان دەرنەچووە.

* * *

ساڵی ١٨٨٠، لە مەیدانێکی جواندا، لەسەر جادەی «تڤەرسکۆی بولڤارد» لە ناوەڕاستی مۆسکۆ، پەیکەرێکی زۆر جوانی بۆ دادەنرێت. ئێستاش لە پەیکەرە هەرە جوانەکانی «مۆسکۆ»یە. ئەو جێگەیە، بە خۆڕایی بۆ پەیکەرەکە هەڵنەبژێردراوە؛ لەوێدا پووشکین، بۆ یەکەمین جار «ناتالیا»ی خۆشەویستی خۆی بینی.

ئێستاش، زۆرجار، دڵدارە گەنجەکانی مۆسکۆ، لای ئەو پەیکەرەوە، ژووانی پێکهاتن بەیەکتری دەدەن(١٦). مەیدانەکە ئێستا بەناوی «پووشکین»ەوە ناونراوە.

بۆ ئاهەنگی دانانی پەیکەرەکە، خەڵکێکی زۆر چووبوون، دۆستۆیێڤسکی(١٧)، وتاری پێشکەشکردنی پەیکەرەکە دەخوێنێتەوە. تۆرگنێف و گەلێک لە ڕۆشنبیرە بەناوبانگەکانی ڕووسیا لەوێ دەبن، چونکە گەلەکە خۆی بۆ دروستکردنی پەیکەرەکە پارەی کۆکردبووەوە، ئەو ڕۆژە دەبێت بەئاهەنگ و فستیڤاڵێکی گەورە؛ سێ ڕۆژ دەوام دەکات.

کە پووشکین، دەمرێت، چوار منداڵ بەجێ دەهێڵێت؛ گەورەکەیان کچ دەبێت «ماریا» (١٨)، تەمەنی پێنج ساڵ دەبێت. ئینجا کوڕێک، بەناوی خۆیەوە، ناوی دەنێت «ئەلێکساندەر» ئینجا کوڕێک، گریگۆری، هەرە منداڵەکەیان کچ دەبێت. بەناوی دایکییەوە ناو دەنرێت «ناتالیا» (١٩)

### نووسینە بەناوبانگەکانی پووشکین

پووشکین، بەرهەمی زۆر فەیلەسووف و شاعیر و نووسەری خوێندۆتەوە و زۆریان کاریگەرییان بەسەر

نووسـینەکـانییـەوە هەبووە. کـاریگەریی نووسـەر و فەیلەسووفەکانی شۆڕشی فەڕەنسی، وەک ڤۆلتێر و جان جاک ڕۆسۆ، دیارە بەسەر نووسینە کۆنەکانییەوە، بەڵام لەدواییدا کە بایرۆن و شێکسپیر و گۆتێ دەخوێنێتەوە، جۆری نووسینەکانی خۆی، هەندێک دەگۆڕێت.

تا ئێستا هیچ شاعیرێک، ئەوەندەی پووشکین، بەرەو باخـێکی ئەوەندە بە پیت بۆ هونەرەکـانیـان؛ سـەرنجی ئاوازداهێن(٢٠) و هونەرمەندی ڕانەکێشاوە زیاد لە سێ هەزار گـۆرانی و ئۆپێـرا و بالێت و فـیلم و شـانۆگـەری لەسەر نووسینەکانی پووشکین دانراون. لە خوارەوە ناوی هەندێک لە ئۆپێرا و بالێتە هەرە بەناوبانگەکانی دەهێنم لەگەڵ ناوی ئاواز داهێنەرەکـانیان (ئەو دووانەی خواری خوارەوە نەبێت بالێتن، ئەوانەی تر، ئۆپێران):

١- ئـەلـێـکـۆ (Aleko)
ڕاخمانینۆف (Rachmaninof)
٢- بۆریس گـــودونۆڤ (Boris Godunov)
مووسۆرگسکی (Mussorgsky)
٣- ڕوسـلان و لودمـیـلا (Ruslan & Ludmila)
گلینکا (Glinka)
٤- کچی کاپتنەکە (The Captain's Daughter)
کوی (Cui)
٥- یـڤـگێـنـی ئـەنـێـگـن (Eugene Onegin)
چایکۆڤسکی (Tchaikovsky)
٦- کـەڵەشـێـری زێڕین (The Golden Cockerel)
ڕیمسکی کۆرسیکۆڤ (Rimsky-Korsakov)
٧- مـــارڤـــا (Marva)
ستراڤینسکی (Stravinsky)
٨- مـــازێـپـــا (Mazeppa)
چایکۆڤسکی (Tchaikovsky)
٩- فـوارەکـەی باخـچـەسـەرای (The Fountain of Bakhchasarai)
ئاسیفیەف (Assifiev)
١٠- سـواری برۆنزی (The Bronze Horseman)
گلییێری (Gliere).

هەر چەندە وەرگێڕانی شیعری پووشکین، زۆر گرانە بۆ زمـانی تر، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەشـێکی زۆری کـراوە بە ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵەمانی و زۆر زمانانی تر.

چیرۆکی «یڤگێنی ئەنێگن»، کە پووشکین بە شیعر نووسیویەتی، بە ڕووسییە ڕەسەنەکەی هەمووی سەد لاپەڕەیەکە، بەڵام ڤلادیمیر نابۆکۆڤ(٢١) تاکو بە باشی کردی بە ئینگلیزی، کتێبێکی دوو بەرگی لێ دەرچوو. بۆ نموونە من بەپێی توانام، شیعرێکیم وەرگێڕا بۆ کوردی. ئەم شـیـعـرە، جگە لەوەی کـە یەکـێکە لە هەرە بەناوبانگەکانی، پێوەندی بە ڕووداوێکەوە هەیە لە ژیانی «پووشکین»دا؛ پووشکین، بە بیـست سـاڵی، سـاڵی ١٨١٩، لە مـاڵێکدا مـیـوان دەبێت، بۆ مـاوەیەکی زۆر کـورت، کـچـێکی جـوانی خـوێنگەرم دەبینێت و گـوێی لە دەنگەناسکە خـۆشـەکـەی دەبێت. هەر یەکسـەر حـەزی لێـدەکـات و بۆ مـاوەیەکی زۆر بیـری لێ دەکـاتەوە لەوکـاتەدا، نەگـبـەتە، نەفی دەکـرێت. بەهۆی مـەراق و سەختی و ناخۆشی نەفییەکەیەوە، وردە وردە کچەکەی لەبیر دەچێتەوە.

دوای شەش ساڵ، ١٨٢٥، کە هێشتا هەر لە نەفیدا بوو لە «میخایلۆڤسکۆیە»، لە ماڵێکدا میوان دەبێت و هەمان کچ دەبینێتەوە، تووەمەز کەیبانووی ماڵەکە، پووری ئەو کچە دەبێت. لەو ساوە، کچەکە، فریاکەوتووە شوو بکات و لە مێردەکەی جیابێتەوە و پێوەندی تازەش لەگـەڵ گـەنجـێکدا پەیدا بکات. هەر کـە دەیبـینێت، شەیدابییە کۆنەکەی جارانی، دەگەڕێتەوە بۆ دڵی.

کـچـەکـە، ناوی «ئاننا کـێـرن» دەبێت. دوای دوو سێ ڕۆژ، پووشکین، هەمـوویان بانگ دەکـات بێن بۆ لای بۆ دێیـەکـەی باپیـرە گـەورەی، ئەوەی کـە کـاتی خـۆی بانووقـەیسـەر ئەلیـزابێـتـا بە ٥٠٠ ڕەنجـبـەرەوە دابووی بەئەبرام. لەوێدا جـۆرە پێـوەندییـەک لەگـەڵ ئاننا، پەیدا دەکات. دوای چەند ڕۆژێک، ئەو ڕۆژەی ئاننا دەگەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی، پووشکین دەچیت بۆ ماڵی پوورەکەی، بۆ مـاڵئـاوایی. کـە ئاننا سـواری گـالیـسکە دەبێت بڕوات، پووشکین کتێبێکی شیعری خۆی بە دیاری دەداتێ و ئەم شیعرەی خوارەوە لەسەر کاغەزێک دەنووسێت و دەیخاتە ناو کتێبەکەوە.

**ئەو تاوە کورتە تەلیسماوییەم**
**لەبیرە کە تۆ،**
**لەبەر چاوانی مندا دەرکەوتیت؛**
**وەک سۆماییەک،**
**وەکو فریشتەی جوانێتی پەتی،(٢٢)**
**لە چرکەیەکدا هاتی و تێپەڕیت.(٢٣)**

کاتی سستبوونم بەدەست پەژارە و
دڵتەنگییەکی بێ ئومێدەوە،
لەناو مەراقی
ئاژاوەیەکی قیژنی سەختدا،(٢٤)
بۆ ماوەیەکی درێژ دەنگێکی
ناسک دەهاتە گوێچکەکانمەوە و
خەونم دەدی
بە وێنەیەکی
خوێن گەرم و گەلێک ڕوو شیرینەوە.
تێپەڕین ساڵان. ڕەشەبا و زریان،
ئاواتەکانمی بڵاوکردەوە؛
دەنگی ناسک و وێنەی ئاسمانی
تۆم لەبیر چووەوە.
لەو جێگەیەدا، لە بنی دنیا(٢٥)
لەناو تاریکی مەنفای پەستمدا،
بێ دەنگ، بە وردی
ڕۆژانی خۆمم، سووک دەبردەسەر؛
بێ ئایینێکی
پیرۆز، بێ هاندەر، (٢٦)
بێ فرمێسک، بێ ژین، بێ ئاهی ئەڤین.

وریابوونەوە، گیانمی ڕاپەڕاند
ئەوەتا دیسان، دەرکەوتیتەوە
لەبەر چاوانم
وەک سۆماییەک،
وەکو فریشتەی جوانێتی پەتی،
لە چرکەیەکدا هاتی و تێپەڕیت.

هەمدیسانەوە، بە گەشکەیەکی
شەیدایی دڵم، لێدەداتەوە.
بۆ خاتری
ئەو، ئاه، سەرلەنوێ(٢٧)
هەموو شتێک تیام، بووژاوەتەوە؛
ئایینی پیرۆز، هاندەر، فرمێسک، ژین،
شەیدایی و ئاهی سۆزی پڕ ئەڤین.

پەراوێزەکان:

(١) باڵوێز؛ نوێنەر، سەفیر.

(٢) جارییە؛ سولتان، زۆر ژنی دەبێت. ئەوانەی کە مارە نەکراون. پێیان دەگوتن «جارییە».

(٣)بە زمانی ڕووسی بە پوترس دەڵێن «پیۆتر». پترۆڤیچ، واتە کوڕی پیۆتر. لە ئەوروپا زۆرجار منداڵ بە ناوی باوکەوە ناودەنێن. پیۆتر پترۆڤیچ، واتە «پوترس»ی کوڕی پوترس.

هانیبال (Hannibal)؛ ناوی ژەنەڕاڵێکی ئەفریقی (قەرتاجنی) ڕەشە. ساڵی ٢٤٧ پێش زایین لەدایک بووە. یەکێکە لە ژەنەڕاڵە هەرە بەناوبانگەکانی جیهان؛ وەکو ئەسکەندەری مەکدۆنی و یۆلیۆس قەیسەر و ناپلیۆن. کاتی خۆی بەشێکی زۆری ئەوروپای داگیر کرد و کەمێکی مابوو ڕۆما بگرێت و کۆتایی بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بهێنێت.

(٤) بانوویار؛ دۆستێکی ژن.

(٥) ئەوسا، لە ڕووسیا، ڕەنجبەر ئازاد نەبوو، بەزەوییەوە دەکڕدرا و دەفرۆشرا.

(٦) بەشی زۆری ئەم زانیارییانەی سەرەوەم لە کتێبێکی ڕووسییەوە وەرگرتووە بەناوی «پووشکین»، نووسینی «لیۆنید گرۆسمان» ساڵی ١٩٣٩ لە مۆسکۆ چاپ کراوە.

(٧) دەوری پووشکین، لەزمان و ئەدەبی «ڕووسی»دا، وەکو دەوری شێکسپیر وایە لە زمان و ئەدەبی «ئینگلیزی»دا؛ شێکسپیر نزیکەی دوو هەزار وشەی نوێی لە زمانانی ترەوە، بەتایبەتی لە فەڕەنسییەوە، وەرگرتووە و خستوونییەتە ناو زمانی ئینگلیزییەوە. بەوە زمانی ئینگلیزی دەوڵەمەند کردووە. «گۆتێ» (Goethe)ش، دەورێکی ئاوای لە زمانی و ئەدەبی «ئەڵەمانی»دا هەبووە.

(٨) لیسیەم (Lyceum)؛ دیارە لەسەر شەرەفی فەیلەسووفی بەناوبانگی گریکی، ئەرستۆ (Aristotle)، ئەو ناوەیان داوەتێ، چونکە ئەو باخەی کە لە ئەسینا، ئەرستۆ، فەلسەفەی تێدا دەگوتەوە ناوی «لیسیەم» بوو.

(٩) ئەم دوو چیرۆکە لە چیرۆکە بەناوبانگەکانی پووشکین دادەنرێن. پێش ئەو دووانەش ساڵی ١٨٢٠ چیرۆکی «ڕۆسلان و لودمیلا»ی بڵاوکردبووەوە. ئەم بەرهەمانە و چەند بەرهەمی تری، لە خوارەوە، باسیان کراوە.

(١٠) ئەو ڕاپەڕینە، لە مانگی دیکابر (دیسەمبەر) ڕووی دا، لەبەر ئەوە، ئەوەی بەشداری تێدا کردبوو، پێیان دەگوت- دیکابریست.

(١١) سوێندی بۆ دەخوات کە هەمیشە دڵسۆزی بێت. ئەمە، نەریتێکی کۆنە کە لەشکری ئێشکگری ئیمپراتۆری، سوێندی دڵسۆزی بۆ قەیسەری تازە بخوات.

(١٢) ليۆ تۆلستۆی (١٨٢٨- ١٩١٠)، یەکێکە لە نووسەرە هەرە بەناوبانگەکانی ڕووسیا و هەموو جیهان. ساڵی ١٨٦٣ بڕیاری دا ڕۆمانێک دەربارەی دیکابریستەکان بنووسێت، بەڵام کە دەستی کرد بە نووسینی شتێکی تری لێ دەرچوو. ساڵی ١٨٦٩، کە تەواوی کرد ناوی لێنا «جەنگ و ئاشتی War and Peace».

(١٣) هەرچەندە ڕاپەڕینی دیکابریستەکان، یەکسەر سەری نەگرت، بەڵام ئەو تۆوەی کە ڕواندیان و بەخوێنی خۆیان ئاویان دا ساڵی ١٨٦٠، لە کاتی ئەلیکساندەری دووەم (کوڕی نیکۆلایی یەکەم) جۆرە بەرێک دەگرێت؛ بەشی زۆری داخوازەکانیان بەدی دەهێنرێت بەدەرکردنی یاسای مافی ڕەنجبەران و ئازادکردنیان.

(١٤) دیارە بۆی نووسرابوو کە ئەو ژنە بهێنێت، چونکە لە دواییدا، ئەو دەبێت بەهۆی کوشتنی.

(١٥) ئەمە یەکەم جار نەبوو کە پووشکین، ئیش بۆ دەوڵەت بکات؛ چەند جارێک پێش ئەمە، کردوویەتی، بەڵام چونکە هەمیشە هەر بە نووسینەوە خەریک بووە، قەت بە ڕاستی بۆ دەوڵەت ئیشی نەکردبووە.

(١٦) ژووان؛ مەوعد.

(١٧) دۆستۆیێڤسکی (Dostoevsky)، یەکێکە لە نووسەرە هەرە بەناوبانگەکانی ڕووسیا و هەموو جیهان.

(١٨) ساڵی ١٨٧٣، لیۆ تۆلستۆی ڕۆمانێک دەربارەی ژنێک بەناوی «ئاننا کارنینا» دەنووسێت، بۆ نموونەی ئەو ژنە، تۆلستۆی، مارییا، کچە گەورەکەی پووشکین، هەڵدەبژێرێت. ئەوساکە مارییا، تەمەنی ٤١ ساڵ دەبێت.

(١٩) کچە بچووکەکەی پووشکین، ناتالیا، شوو بە گەنجێک دەکات لە بنەماڵەی شای نەسساو (Nassau). نەسساو، ئێستا پارچەیەکە لە ئەڵمانیا.

(٢٠) ئاواز داهێن، مۆسیقار، ئەوەی ئاوازی تازە دادەهێنێت وەک بێتهۆڤن و مۆزارت و چایکۆڤسکی.

(٢١) ڤلادیمیر نابۆکۆڤ (Vladimir Nabokov 1899-1997)؛ نووسەرێکی ئەمەریکی بەناوبانگە. لە ڕووسیا لە دایک بووە. لۆلیتا (Lolita) یەکێکە لە ڕۆمانەکانی.

(٢٢) جوانێتی پەتی؛ جوانێتی ڕووت، لەگەڵ هیچ شتێکی تردا تێکەڵ نەکراوە.

(٢٣) چرکە؛ کاتێکی زۆر کورت، ثانیة.

(٢٤) قیژن، ئەوەی قیژەقیژی لێ دێت.

(٢٥) جێگەی نەفی کردنی.

(٢٦) هاندەر؛ ئەوەی کە هان دەدات بە مرۆڤ خەبات بکات و بژێت.

(٢٧) لەبەر خاتری ئەو؛ لەبەر خاتری دڵم.

# سەرەتای ڕێبازی لیبڕالییەت و ئیمپریزم لە فەلسەفەی مۆدێرندا

**د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)**

## سەرەتا

١- لە پرۆسە فرە ڕەنگییەکەی کۆتایی هاتنی قۆناغی دوورودرێژی سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحی و دەستپێکردنی ڕێنیسانس و سەردەمی بزاڤی مرۆڤپەروەریی (قۆناغی) نوێدا دوو دیاردەی گرنگ سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشن:

- دیاردەیەکی ئایینی.
- دیاردەیەکی سیاسی، ئابووری و فەلسەفەیی پێکەوە.

ئەو دوو دیاردەیە ئەگەرچی دوای قۆناغێکی لە ڕادەبەدەری دوورودرێژی ململانێ و تێکۆشانی فرە لایەنەی خامەی ڕەنگینی ماندوونەزان و شەونخوونی کێشی هزرمەندانەوە کەوتبنەوە، ئەوە ڕاستییەکە هیچ ئەگەر و گومانێک هەڵناگرێ و بواری هیچ سڵ کردنەوەیەک نادات ڕابەرانی ئەو پرۆسەیە زاناکان بوون کە ئەوسا بەرهەمەکانیان بە فەلسەفەی سروشتی ناوبراوە و خاڵی سەرەکی تێیدا ئەستێرەناسی Astrologie بووە. ئەو جۆرە زانستە کە لەلای کۆپەرنیکۆس هاتۆتە بەر و دواتر پتر پەرەی پێدراوە، ئەو پڕیشکە بووە ئاگرێ کە لە پاوانی جیهاندیدی کڵێسەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست بەرداوە. هەر لەوێشەوە، لە دواییدا وەک ئەنجامێک دیاردە سیاسییە ئابوورییەکە کە پریشکی بەر فەلسەفەش کەوتووە، کەوتۆتەوە. داهێنانە زانستییە فەلسەفەییەکان، پشت ئەستوور بە هەندێک بیرۆکەی فەلسەفەی یۆنانی (ئەفلاتون و ئەفلاتونیزمی نوێ و ئەرستۆ...) گەیشتنە چەند ئەنجامێک بە تەواوەتی دڵیان لە بۆچوونەکانی کڵێسەی مەسیحی کرمێ کردووە.

- ئایا جیهان داهێنراوە، یان نا (بیرۆکەی خەڵقی تەوڕاتی موسا کە لەلایەن مەسیحییەکانیشەوە پەسند و

پەیڕەو کراوە.) ئەگەر وەڵامەکە بە ئا بوو، گۆڕینی ئەو جیهانە تەنیا لە توانای ئەو هێزە سەرووسروشتییەدا دەبێ کە دای هێناوە، گۆڕانەکەش لە کۆتایی دنیادا دەبێ کە پێی دەوترێ قیامەت. هەر شتێک سەرەتای هەبێ کۆتاییشی هەیە. بەپێچەوانەوە ئەگەر وەڵامەکە ناکردن بێت، ئەنجامێکی ئەوپەڕی سەرنجڕاکێشی لێدەکەوێتەوە!

– ئایا ئەو زەوییە، ئەو سەرزەمینەی مرۆڤ لەسەری دەژی تاکە جێگایە، یان جێگای دیکەش هەیە و گیانلەبەر و زیندەوەر تێیدا دەژین. زاناکان بە جۆرێک وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە کە بە پێچەوانەی دیدی کلێسەی مەسیحییەوە بووە و پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە نەخێر زەوی خۆی مەڵبەندی گەردوون نییە و بگرە وەک ئەستێرەکانی تر لە دەوری خۆر (ڕۆژ) دەسووڕێتەوە و ئەستێرەکانی دیکە وەک زەوی وان و ژیانیان لەسەر هەیە. ئەو بۆچوونە ئەنجامی تری لێکەوتۆتەوە و مەسیحییەکانی نیگەران و پەرێشان کردووە.

– ئەگەر ڕووداوی ئادەم و حەوا ڕاست بێت، بۆ دەبێ ئەو هەڵەیەی ئەو ژن و مێردە سادە و ساکارە لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە کردوویانە، بەپێی ئەنجامەکەی، ئقنومێکی خودی ڕەبانی بێتە سەر شێوە و ڕوخساری مرۆڤێک و لەپێناوی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتیدا کەفارەتی گوناهەکە بدات و چوار مێخە بکێشرێ(١).

– بۆچی دەبێ مرۆڤایەتی ئۆباڵی هەڵەکەی ئادەم و حەوا بگرێتە ئەستۆ و بچێتە ژێر بارییەوە؟ ژیان لەسەر ئەستێرەکاندا هەیە، ئایا دانیشتوانی ئەو ئەستێرانەش ڕووداوی ئادەم و حەوا دەیانگرێتەوە؟ ئایا لەوێش یەسوعی مەسیحێک بە گیانی خۆی کەفارەتی گوناهەکانی بۆ داون، یان نا؟ ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی ڕووداوی بەرجەستە بوون و خۆبەخشینی یەسوع بدات، ئەو گریمانەیە پشت ڕاست دەبێتەوە کە تەنیا هەر زەوی ئێمە هەیە، یەک جیهان هەیە کە کارەساتەکەی عیسا تێیدا ڕوویداوە. ئاسمانیش بە پێچەوانەی ئەو دیدەوە باس کراوە کە زانست ڕەنگی ڕشتووە. بەم پێیە لە کایەی ئایینیدا وردە وردە دۆگمە- جیهاندیدەکەی کلێسەی مەسیحی کاڵ بۆتەوە و جیهاندیدی زانستی پشت ئەستوور بە فەلسەفە جێگیر بووە.

٢- ئەو کاڵبوونەوەی جیهاندیدە ئایینییەکە هۆکارێکی یاریدەدەر بووە ڕێگای بەدەرکەوتنی دیاردە سیاسییە- ئابوورییە فەلسەفەییەکانی خۆشتر کردووە.

چاکسازییە ئایینییەکەی مارتن لۆتەری ئەڵەمان (١٤٨٣- ١٥٤٦ز) کردی جگە لەوە جۆرە ئازادییەکی تاکەکەسی لەبەرانبەر دامەزراوەکانی کلێسەدا دەستەبەر بوو، جارێکی دیکە کار و کردنی لەبەرچاوی خەڵک شیرین کردەوە و ئینجیل و تەوراتی وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵەمانی، بەو چالاکییە جوامێرانەی جۆرە هەستێکی نەتەوەیی سنوورداری ورووژاندووە.

پەرەسەندنی ژیانی ڕۆژانە کە تیشکدانەوەیەکی ناڕاستەوخۆی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و ڕژێمی دەستبەکار بووە، بۆتە مایەی توندوتیژبوونی ڕقەبەری نێوان دەسەڵات و کاربەدەستانی پاپ و کلێسە لەگەڵ کاربەدەستە سیاسی و بەڕێوەبەری دەوڵەت و کۆمەڵگا بە میر و بارۆن و نۆبل و شا و قەراڵەکانەوە. لە ئەنجامدا، دوای بێنەوبەرەیەکی زەبەندە و درێژخایەن نەزمی دێری ڕەبەنان لاواز کراوە، ئەو زەوی و زارە بە پیتانەی لەبەردەستیاندا بووە، لێیان ستێندراوەتەوە، بەسەر جووتیاران و کەسانی ئاساییدا دابەش کراون(٢). ئەو بڕیارە بۆتە مایەی ئەوەی زەراعەت گەشە بکاتەوە، بەرهەمی کشتوکاڵ لە پێویستی دەڤەر و ناوچەکان پتر ببێ و بیر لە ناردنە دەرەوە و ئاڵوگۆڕکردنی بە پێداویستی تر بکرێتەوە. لەوەوە جۆرە بازرگانییەکی دیکە کەوتۆتەوە لەدواییدا دەستەبەری پەیدابوونی جۆرە بۆرجوازییەکی بازرگانی بووە کە لە هەناردنە دەرەوە و هاوردنی کەلوپەلدا بەرجەستە بووە.

گەشتە بوێرانەکانی کۆلمبوس و ماگیلان Magalhaes مەڵبەندی چالاکی بازرگانی و گەشتوگوزار و هاموشیان لە دەریای سپییەوە بۆ دەریای ئەتڵەسی گواستۆتەوە. جاران کە وڵاتی ئیتاڵیا بە گەشەکردنی پرۆسەی کاروباری بانک و پارە گۆڕینەوە و بازرگانی بەناوبانگ بووە، ئەو چالاکییە لە ئیسپانیا و پورتوگال و دوورگەکانی بەریتانیادا برەوپەرەی سەندووە. بەریتانیا سەرەی پەرەسەندنی زانستی ناوخۆی و دەرکەوتنی سنعات و فابریک و پیشەسازی مەڵبەندە جوگرافییەکەی کە چواردەوری ئاو و دەریایە هۆکارێکی دیکەی یارمەتی دەری ئەو وڵات و میللەتە بووە گۆڕان و گەشەی ئابووری و سیاسی و زانست و فەلسەفەیی بیگرێتەوە. دۆزینەوەی ئامێر و مەکینەی وزەی هەڵم هەنگاوێکی گرینگی زانستی بووە، هەلومەرجی ژیانی بە هەموو لایەنەکانەوە تاڕادەیەک گۆڕیوە. هزری فەلسەفەیی بێ گومان بابەتێک

بووە لەو بابەتانەی ئەو گۆڕانە کاری لێکردووە.

٣- دوورگەکانی بەریتانیا کە دوای جەنگی یەکەمی جیهان بە بەریتانیای گەورە ناوبراوە، چونکە زۆربەی وڵاتانی ئاسیای داگیر کردووە و گوایە خۆر (ڕۆژ) لە ئیمپراتۆریەتەکەی ئاوا نەبووە، دەڤەرێک بوون لەو دەڤەرانەی، دوای لاوازبوونی ئایینی مەسیحی و سەرهەڵدانی بورجوازی بازرگانی و ئینجا پیشەسازی، بە تەواوەتی تایبەتمەندی و سیمای نەتەوەیی خۆی جیاواز لە دەڤەرەکانی تری ئەوروپا بەرجەستە کردووە.

لەکایەی سیاسەتدا کۆششی جێگیرکردنی ئازادی مرۆڤی تاکەکەسی و سەربەستی سیاسی و ئابووری بۆ کراوە و لە دواییدا بە لیبرالیزم ناسراوە و لەلایەن جۆن لۆک (١٦٣٢- ١٧٠٤ز) داکۆکی لێکراوە و لەلای جۆن ستیوارت مل (١٨٠٦- ١٨٧٣ز) گەیشتۆتە چڵە پۆپەی، شان بە شانی ڕێبازی ئەزموونی کە بە ئیمپریزم ناسراوە و لە فەلسەفەدا پەیڕەو کراوە، تایبەتمەندی میللەتی ئینگلیزی دەربڕیوە و سروشتەکەی بەرجەستە کردووە.

لیبرالیزم بابەتی سیاسەتە، جۆرێکە، شێوازێکە لەبیرکردنەوە دەربارەی مرۆڤ و سیاسەت بایەخ بە ئازادی تاکەکەسی دەدات و پێ لەسەر ڕۆڵی مرۆڤی ئازاد لە ژیانی سیاسیدا دادەگرێ، توندوتۆڵ بە چەمکە سەرەکییەکانی دیموکراتییەوەی دەبەستێتەوە، ئەو چەمکانەی لە ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی بەولاوە نین. ئەو لایەنە توندوتۆڵ بە ئازادی مەدەنی و کۆمەڵایەتییەوە بەندە، سروشتی دەسەڵاتی سیاسی و سنوورەکانی دیاری دەکات و دەری دەخات. چۆن دەکرێ کۆمەڵگا بەدەسەڵات، بە ڕێگایەکی ڕەوا، کۆنترۆڵی تاکەکەسان بکات(٣). بۆیە دەکرێ بگوترێ کە سروشتی مرۆڤایەتی مرۆڤ لە قۆناغە جیاوازەکانی پەرەسەندنی مێژوودا لەو پرۆسەیەدا خۆی نواندووە کە دەکرێ بە زۆرانبازی و ململانێی نێوان ئازادی مرۆڤ و دەسەڵات بە هەموو شێوەکانییەوە ناوببردرێ.

لیبرالیزم کە کەشوهەوا و ڕەوشی سیاسی بەریتانیای ڕەنگ ڕشتووە لە پاوانی فەلسەفەشدا بە ئاشکرا جێ دەستی دیارە. ئەو ڕێبازە لە فەلسەفەی ئینگلیز و لە هۆڵەندەدا دەرکەوتووە، بیروهزری مرۆڤی هۆشیار و ئازاد بووە و پتر لەنێو ڕۆشنبیر و هزرمەندانی چینی ناوەڕاستدا بڵاو و دەستبەکار بووە و جۆرە گەشبینییەک لە جیهاندیدیاندا دەربارەی دوارۆژ هەست پێکراوە. ئەگەرچی لە چوارچێوەی ئەو ڕێبازەدا هەڵوێست و بۆچوونی تارادەیەک جیاواز، بەپێی ڕەوش و هەلومەرجی هەڵکەوتی دەڤەرەکە، بەدی دەکرێت، ئەو بۆچوونانەش لە پراکسیس و جێبەجێ کردندا ئەنجامی جیاوازیان لێکەوتۆتەوە، دەکرێ بەگشتی بگوترێ، ئەو ڕێبازە لە چوارچێوەی فەلسەفەدا میتۆدێک بووە هەوڵ دراوە بەهۆیەوە مرۆڤی تاکی پابەند بە بنەماکانی ئاکار و ڕووناکبیر لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی پشت ئەستوور بە نەزمدا بێتەوە و بگونجێ(٤). ئیمپریزم کە خۆی لەخۆیدا ڕێبازێکی فەلسەفەیە و تایبەتمەندی گەلی بەریتانیا و ئەو گەلانەی بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن، نیشان دەدات. لە چالاکییەکانیدا دوو مەبەستی دیار و ئاشکرای هەبووە:

**یەکەم**: دەستگرتن بە دامێنی زانستەوە.

**دووەم**: دوورکەوتنەوە لە هەموو هزرێکی لاهووتی.

ئەگەر لە خاڵی یەکەم ورد ببینەوە، بۆمان دەردەکەوێ لە دوو مەبەست بەولاوە شتێکی دیکە نە بەرچاو دەکەوێ و نە هەستی پێدەکرێت و هەردووکیان پەسند نین و ناکرێن:

- سوود وەرگرتن لە میتۆدە و تاقیکردنەوەکانی زانست، یان:
- فەلسەفە هیچی تر فەلسەفە نەمێنێ و ببێ بە زانست!

هەردوو مەبەست بە ئاشکرا گومان لەتوانا و ڕۆڵ و سوودی فەلسەفە دەکەن. سوود وەرگرتن لە میتۆدەی زانست، ئەوە دەگەیەنێ میتۆدەی ئاسایی فەلسەفە خۆی لە خۆیدا ئەو ئامرازە نییە ئەو پرسیارانە بە تەواوەتی وەڵام بداتەوە کە دەکرێن و دەهێنرێنە سەر خوانی باسکردن، لە تواناشیدا نییە ئەو نیشانانە بپێکێ کە دیاری کراون و ئەو ئەنجامانەی لێ ناکەونەوە کە مەبەستن. هەوڵدان بۆ ئەوەی فەلسەفە ببێ بە زانست، سڕینەوەی بوونی فەلسەفەیە، پەسندکردنی لە سنوور بەدەری زانستە! ئەگەر بیانووەکە بوونی میتافیزیک بێ لە فەلسەفەدا گوایە بابەتێکی بێ ئەنجامە، فەلسەفە هەمووی میتافیزیک نییە و ئەنجامی فەلسەفەش هیچ کاتێک لەناوەڕۆک و ڕوخساردا وەک ئەنجامی زانستی لێ نایەت!. ئەگەر لەلایەکی ترەوە، بیانووەکە ئەوە بێت کە زانین تەنیا یەک تاکە سەرچاوەی هەیە بریتییە لە تاقیکردنەوەی هەستەکی، ئەو تاقیکردنەوە و ئەزموونە

لەو ڕووداو و هاوردە کەرەسەییە ماددییە سەربەخۆ و جیایانە کە هەن بەولاوە پەی بە شتێکی دیکە نابات، ئەو بڕیارە تەنگەبەر کردن و بێ پێزکردنی پاوان و مەیدانی فەلسەفە. ناکرێ فەلسەفە تەنیا هەر میتافیزیک، یان هەر تیۆری زانین بێ کە تاقیکردنەوەی هەستەکی بکرێت بە تاکە سەرچاوەی هەڵهێنجانی زانین.

ئەو هزرمەندانەی لەو سۆنگەیەوە تەماشای فەلسەفە دەکەن کەسانێک بوون و ئێستاش هەروان، لە بەهرەی داهێنەرانەی تایبەتمەندی فەلسەفە بێ بەشن، لەوە پتر کە زانست گوتوویەتی و دەیڵێ شک نابەن.

فەلسەفە و زانست دوو بابەتی لەیەکتری جیاوازن لەوە بەولاوە کە دوو بەرهەمی هزر و مێشکی مرۆڤن هیچ شتێک لە ناوەڕۆک و ڕوخسار و بگرە ئامانجدار پێکەوە کۆیان ناکاتەوە. پەنابردنە بەر زانست ئامراز و تاقیگاکانی چوونە دەرەوەیە لە جیهانی بەپێزی فەلسەفەدا. هەر کاتێک فەیلەسووف داوای لێبکرێت، یان خۆی بیەوێ چاو لە زانا و زانست بکات فەیلەسووف نامێنێ و بەرهەمەکەشی فەلسەفە نابێت. دۆزینەوەی قانوونەکانی سروشت بە هیچ جۆرێک ئەرکی سەرشانی فەیلەسووف نەبووە و نابێ و فەیلەسووفی ڕاستەقینە هەرگیز ناچێتە ژێرباری ئەو ئەرکە زانستییەوە. ڕاستە فەیلەسووف پتر پرسیاری فرە ڕەنگ دەکات و ناکرێ وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بداتەوە، چونکە هەندێک لەو پرسیارانە بەپێی سروشتی توانای ژیری مرۆڤ و جۆری داڕشتنی پرسیارەکان ناتوانرێ وەڵام بدرێنەوە و دوور نییە هەندێکیان بچنە خانەی زانستەوە، بۆیە دەکرێ، لەو ڕەوشەدا بگوترێ ئەگەر فەیلەسووف پرسیاری کرد بە فەیلەسووف ناودەبرێ و ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە دەچێتە ناو خانە و ڕیزی زاناکان(٥).

- دوورکەوتنەوە لەهزری لاهوتی، بابەتێک بووە پەرەسەندنی کۆمەڵگا و شارستانی هەنگاو بە هەنگاو جێگیری کردووە و بۆتە بابەتێکی هەڵکەوت کە ناکرێ پشتگوێ بخرێت.

هێنانەوەی ژیر و بابەتی زانین بۆ سەر بنەمای ئەزموون و تاقیکردنەوەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەوەی لێکەوتۆتەوە، لاهوت و کاروباری ڕەب و ئایین و کڵێسە شایستەی ئەوە نین خامەی فەیلەسووف و فەلسەفە خۆیانی پێوە خەریک بکات. ئەو ڕەوشە بە تەواوەتی لە ڕێبازی ئەزموونی ئینگلیزدا کە فرەنسیس بیکۆن ڕابەری کردووە، بەدی دەکرێت.

- بەپێی سەرچاوەکان ڕێبازی ئەزموونی ئینگلیز، لەدوای پێچرانەوەی دامودەزگاکانی سەدەکانی ناوەڕاست، سەرگەرمی لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی پرۆسەی زانین و کردار و ڕەوشتی مرۆڤ بە چەند ڕێگا و شێوازێک بووە، پێویستی بە پشت بەستن بە پەنابردنە بەر ڕەب نەبێ، چونکە وای بۆ چووە فەلسەفەیەک پشت بە ئەزموون و تاقیکردنەوە ببەستێ، دەکرێ دەستبەردار بوونی بڕوا بوون بە ڕەب ببێ و لەچالاکییەکانیشی سەرکەوتوو دەبێت، ئەو بۆچوونەی لەوەوە کەوتۆتەوە کە فەلسەفە دەکرێ هیچ جۆرە لاهووتێکی سروشتی تێدا نەبێ و تیۆری زانین پەکی لەسەر بوونی بنەمایەکی ڕەب نەکەوتووە، لەوەش بەولاوە بوونی ڕەب خۆی لە بڕوایەکی تیۆری بەولاوە نییە بە هیچ زانینێکی سەلمێنەیی(٦) و دەستبەری ئاکارییەکی ساغ ناکرێتەوە. سەرنجدان و وردبوونەوە لە سروشت و دەوروبەر بەهیچ جۆرێک مرۆڤ ناگەیەنێتە ئەوەی بڕوای بە بوونی هێزێکی ترانسندێنتاڵی سەرووسروشت هەبێ، بەڵکو بنەما و سەرچاوەکانی زانینی دەستگیر دەبێت، خۆ ئەگەر لاهووتییەکی سروشت فەلسەفەیی لاف لێ بدات بە سەلمێنە و بەڵگەکانی بوونی ئەو بوونەوەرەی ساغ کردۆتەوە، بەهەڵە چووە و خۆی تەفرە داوە، چونکە ئەو بەو بەڵگانەی تەنیا هەست و نەستی ناخی دەروونی خۆی و ئەو بڕوایەی لە دڵیدایە، ساغ کردۆتەوە.

## فرەنسیس بیکۆن

فەیلەسووف و سیاسەتمەدار و مێژووناس و قانوونزان و توێژەرەوەیەکی سروشتی سەردەمی خۆی بووە. بیکۆن (١٥٦١- ١٦٢٦ز) بە ڕابەری ڕێبازی ئەزموونی (ئیمپریزمی) ئینگلیزی دادەنرێ. بەوە ناسراوە گوتوویەتی: زانین هێز و توانایە!(٧)

فەلسەفەی بیکۆن بەتایبەتی و جیهاندیدییەکەی بەگشتی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەوش و هەلومەرجە فرە ڕەنگییەیە کە خۆی تێیدا ژیاوە و کاری لە کەسایەتی و هزری کردووە. ئەو هەلومەرجە لەلایەن چەند هۆکار و تایبەتمەندییەکی دەرەکی و ناوەکی ئەوسای بەریتانیاوە ڕەنگی ڕێژدراوە، دەکرێ لە سێ خاڵدا کۆ بکرێنەوە:

- چاکسازیی ئایینی.

- دۆزینەوەی باروت و چاپخانە.
- قیبلە نوما (Kompass- busola)

ئەگەرچی چاکسازی ئایینی لەلایەن لۆتەری ئەڵەمانەوە ڕابەری کرا، کەچی بەدەیان ساڵ جەنگی خوێناوی براکوژی لەنێوان باکووری ئیڤا (پرۆتستانت) و کاتۆلیکی باشووری ئەڵەمانیای لێ کەوتۆتەوە، بەپێچەوانەوە لە بەریتانیا و هوڵەندە و دەوڵەتانی سکەندێناڤی بۆتە مایەی جێگیربوونی ڕەوت و گیانی لێبوردەیی و سۆز و بەزەیی و کرانەوە و گەشبینی. لەلایەکی ترەوە ئەو چاکسازییە ئایینییە سنوورێکی بۆ دەسەڵاتی کڵێسە و پاپ ڕەنگ ڕشتووە. سەرنجی بۆ لای کاروباری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ ڕاکێشاوە. ئەو هەڵوێستە سێ بابەتی ورووژاندووە:

- هەستی نەتەوەیی.
- دەسەڵاتی سیاسی و دنیایی دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگادا.
- ڕژێمی فەرمانڕەوایی پاشا و میر و قەڕاڵ و شاهەکان.

ئەو ڕەوشە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەرتاپاگیری بەدوای خۆیدا هێناوە، دەکرێ بگوترێ یەکەم هەنگاوی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئایینی کڵێسە لە دەسەڵاتی سیاسی هاوێژراوە. دامودەزگا فرە ڕەنگییەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەت، لە بەریتانیا، وڵاتی فرەنسیس بیکۆن سروشتێکی دنیایی- سیڤیلیان پێ براوە و لەژێرباری دەسەڵاتی سەرتاپاگیری ئایین چوونەتە دەرەوە، کەسانی سیاسی لەچین و توێژی دیاریکراوی کۆمەڵگادا لەجێگای پیاوانی ئایینی دانراون و پلەوپایە جیاوازەکانی دەوڵەتیان پێ سپێردراوە. ئەو ڕەوشە کە جۆرە هەستێکی نەتەوەیی لەگەڵدا بووە هانی پەرەپێدانی زانست و کولتوور و فەلسەفەی داوە. ئەگەر دۆزینەوەی باروت و داهێنانی چاپخانە و گەشتی دەریایی کە قیبلەنوما ئاسانکاری بۆ کردبوو، لەبەرچاو بگیرێن، ئەو بایەخە ڕوون دەبێتەوە کە بە زانست و توێژینەوەی سروشت دراوە. بەتایبەتی زانینی سروشت و کۆنترۆڵکردنی، بەپێچەوانەی قۆناغی پێشترەوە، بەسەرچاوەیەکی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی مرۆڤ دانراون.

بایەخدان بە توێژینەوەی سروشت جگە لە لایەنە ئیپستمۆلۆژییە، زانستییە سوودبەخشەکەی بڕوابوونی مرۆڤی بەهێز و توانای خۆی، بەبێ پەنابردنە بەر هێزێکی سەرووسروشتی ترانسندینتالی، بەپاشەڕۆژ و مەڵبەندی مرۆڤ لە سروشتدا پتەو و بەهێزکردووە. ئەو بۆچوونەشی جێگیر کردووە کە هیچ پێویست ناکرێت بایەخ بە بابەتی میتافیزیکی سەرووسروشت بدرێت، بەڵکو دەبێ ڕوو لەسەر زەوی و دیاردە سروشتییەکان بکرێت و بۆ ئەم مەبەستەش پەنا ببرێتە بەر تاقیکردنەوە و ئەزموون و شێوازە جیاوازەکانیان بکرێن بە ئامراز و بەکاربهێنرێن و سوودیان لێ وەربگیرێت.

زانینی هێز و توانا و مەڵبەند و پلەوپایەی مرۆڤ لە سروشتدا، بەپێی بۆچوون و جیهانبینیدی ئەو سەردەمە، سەردەمی بیکۆن، پرۆسەی زانینیش لەخۆیدا، ئامرازێک بوون بۆ کۆنترۆڵ کردنی سروشت و دەوروبەر بۆ ئەوەی بەپێی توانا سوودیان لێوەربگیرێ و بۆ سوود و قازانجی مرۆڤ بە کەڵک بن، بۆیە بەلای بیکۆنەوە مەبەستی فەلسەفە زانین بووە، زانینیش لە کۆنترۆڵکردنی سروشت بەولاوە نەبووە(٨).

## چوار بتەکە

ئەگەر ڕێنێسانس سەدە و قۆناغی داهێنان و دۆزینەوەی ئامرازی نوێی بەرهەمهێنان بووبێ، فەیلەسووفەکانی ئەو سەردەمە و دواتریش هەریەکە لەلای خۆیەوە کۆشاوە شتێکی نوێ لە چوارچێوەی جیهانبینیدە هەمەکییەکەیدا پێشکەش بکات. بیکۆن لەو کایە و مەیدانەدا دوو بابەتی پێشکەش کردووە و بەناویەوە تۆمار کراون، بابەتێکیان ئەو هەڵانەی کە ئەو بە (بت) Idola ناوی بردوون و لە چوار هەڵەدا کە مرۆڤ تێیان دەکەوێ، کۆی کردوونەتەوە.

بت و چەمکە چەوت و هەڵەکان- بەپێی بۆچوونی بیکۆن- لەنێو فام و مێشکی مرۆڤدا جێگیر بوون و قووڵ ڕەگیان داکوتاوە، نەک هەر تەنیا ڕێگای ژیریان بەرەو ڕاستی Wahrheit سەخت کردووە، بەڵکو ئەگەر ئەو ڕێگایەش ئاسان ببێ، ئەوە ئەوان خۆیان لە کاتی کۆششی نوێکردنەوەی زانستدا سەرلەنوێ بە دەردەکەون و سەرئاو دەبن و دەبن بە بارگرانی(٩)، بۆیە دەبێ مرۆڤ بە توندی لێیان ئاگادار بکرێتەوە و بەپێی توانا خۆیان لێ بپارێزێ.

بیکۆن بەو هەڵوێستەی دوو نیشانی پێکاوە:

**یەکەم:** دەستبەرداربوونی هەموو ئەو بیروبۆچوونانەی

پێشوو کە بەهۆی کولتوور و پەروەردە و خوێندنەوە مرۆڤ بەدەستی هێناون. ئەگەرچی بیکۆن وای دەرخستووە کە دژی ئایین نییە، بەڵام ئەو داواکارییەی ئایینیش دەگرێتەوە. بویستێ و نەویستێ ئایین بەشێکی سەرەکی کولتوور و پەروەردە و بنەماکاری ئەو کەس و کۆمەڵانەیە کە بڕوایان پێیەتی، هەر بەهۆی ئەو بڕوابوونەوە مێشک و دەروون و ناخی مرۆڤ نەخشاوە، بۆیە ئەو هەڵوێستە بە جۆرە ناڕێ و نێگەتیڤێک لە ئاقار ئایینیدا دێتە بەر دید و چاو.

**دووەم:** بیکۆن پێش ئەوەی دەست بەکارکردن بکات، کۆشاوە سەرنجی ئەو ئامرازە بدات کە بۆ کارکردنەکە پشتی پێدەبەستێ، بۆیە دەستپێشکەری کردووە لەوەدا ژێر لەو بیروبۆچوونانە، لەو چەمک و بڕیارە پێشیان کە بەمیرات بۆی ماونەتەوە پاک و بژار بکرێت. ئەو بڕیار و چەمک و بڕیارە پێشیانە ڕێگرن لەبەردەم چالاکی ڕاست و دروستی ژیردا، بۆیە بە بت، یان هەڵە ناوی بردوون. ئەو بتانە چوار جۆرن:

ئەو چوار بت و ئیدۆلانە ژیری مرۆڤیان کۆت و پێوەند کردووە. یەکەمیان بە بتی خێڵ و دووەم بەبتی ئەشکەوت و سێیەمیان بە بتی بازاڕ و چوار بە شانۆ ناوبراون.

**یەکەم**: بتی خێڵ: Idole des Stammes

ئەو جۆرە هەڵەیە بووە بەبت و وەهم مرۆڤ لەگەڵیدا ڕاهاتووە و وا بە ئاسانی ناتوانێ دەستبەرداری ببێ، توندوتۆڵ بە سروشتی مرۆڤ و خێڵی مرۆڤ، یان ڕەگەزەکەیەوە بەندە، چونکە مرۆڤ لەوەدا بە تەفرە چووە هەستی خۆی بە پێوەری شمەک دادەنێ. بەپێچەوانەوە پەیبردنی هەست و ژیر بەشت پێوەندی بەمرۆڤ خۆیەوە هەیە نەک بەجیهانەوە. ژیری مرۆڤ لە خۆیدا و بۆخۆی هەر لە ئاوێنەک (نەینۆکێک) دەچێ تەخت نەبێ، تایبەتمەندی خۆی بەسەر ئەو بابەتە جیاوازانەدا کە تیشک دەپژێنن، دەسەپێنێ بابەتەکان دەشێوێنێ و ڕوخساریان دەگۆڕێ. ئەو وەهمە مرۆڤ تەفرە دەدات، وای بۆچی کە خۆی وەک سروشت وایە و لەو دەچێ، کەچی پەیبردنی هەستەکان بەشمەک بەپێی پێوەری سروشتی مرۆڤ نەک بەپێی گەردوون دەکەوێتەوە. هەڵەکە لەوەدایە مرۆڤ لە بۆچوونیدا، کە دەکرێ بە زانینی بابەتی سروشت دابنرێ، جۆرە لەیەکچوونێکی مرۆڤ و سروشت گریمانە دەکات مرۆڤ بە گەردوونێکی بچووک Milrokosmos لە بەرانبەر گەردوونی گەورەدا- Makro دادەنێ و یەکەمیانی بە وێنەی دووەم داناوە.

ئەو وەهم و هەڵەیە ئەنجامی ئەوپەڕی نالەباری لێکەوتۆتەوە، بەتایبەتی لە کایە و پاوانی توێژینەوەی زانستیدا، مرۆڤ هەمیشە مەیلی ئەوەی هەیە ئەو نموونە و دیاردانە هەڵبژێرێ کە بۆچوون و گریمانەکانی پشت ڕاست دەکەنەوە و ئەو نموونانە بەپێچەوانەوەن پشتگوێیان دەخات. بڕوا بوون بە هۆکاری ئامانجەکی دەرکەوتێکی ئەو جۆرە هەڵە وەهمەیە، چونکە لە سروشتدا هیچ هۆکارێکی ئامانجەکی نییە، بەڵکو سروشتی مرۆڤ خۆی ئەو گریمانەیە دەکات.

بیکۆن لە شاکارەکەیدا نووسیویەتی:

بتی خێڵ لە سروشتی ناخی مرۆڤدایە هۆکارەکەشی خێڵ و ڕەگەز و جۆری مرۆڤ خۆیەتی. هەڵەیەکی زەبەللاحە ئەگەر بگوترێ ئۆرگانی هەستی مرۆڤ پێوەری شتەکانە، پێچەوانەکەی ڕاستە: هەموو تێبینی کردنێکی هەستەکان و هی ژیریش بەپێی پێوانەی سروشتی مرۆڤ ڕوودەدەن و دەکەونەوە... فام و تێگەیشتنی مرۆڤ Verstand لە ئاوێنەیەک دەچێ کە شتە بریقەدارە تیشک پژێنەکان لە ڕووبەرێکی تەختەوە ناداتەوە، بەڵکو سروشتی خۆی لەگەڵ هەستەکان ئاوێتە و تێکەڵ دەکات و ئەوان دەشێوێنێ و زیانیان پێدەگەیەنێ(١٠).

**دووەم**: بتی ئەشکەوت: Idole der Hohle

ئەو وەهم و هەڵەیە تایبەتییە بە تاکەکەسانەوە و خەسڵەتی تاکی هەیە. مرۆڤ بەتایبەتمەندی، هزر و بۆچوون و هەست و نەست و ئارەزوو و توانایەوە بەو بڕیارانەی دەیاندات واپێدەچێ جیهانی تایبەت بەخۆی هەبێ کە لە ئەشکەوتی تایبەتی خۆی دەچێ کە بەربەستی تیشکی ڕووناکی سروشتی دەکات و تێکی دەدات و دەیشێوێنێ. ئەو ڕەوشە بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی تاکەکەسی، یان بەهۆی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و پێوەندی بە کەسانی ترەوە دەکەوێتەوە. ئەوکاتە ژیری مرۆڤ بەپێی ئەو ڕەوشە جۆراوجۆر و هەڵە جیاوازانە دەگۆڕێ و تێکەڵ و پێکەڵ دەبێ و دەکەوێتە ژێرباری ڕیککەوتەوە. جگە لەوەی پەروەردە و کولتووری بۆ ماوە و ڕۆشنبیری و ژینگە کار لە کەسایەتی مرۆڤ دەکەن و دەبنە مایەی ئەوەی تاکەکان لەنێو خۆیاندا جیاوازبن و بڕیار و بۆچوون و مەیلی جیایان هەبێ، هەربۆیە مرۆڤێک

پتـر و یەکێکی تر کەمتـر لە پێویست دەبینێ و ئەویان کۆنی پێ باشە و ئەوی دیکە مەیلی نوێی هەیە. یەکێک جیـاوازی نێـو شمەک و ئەوی تر لە یەکچـوونی شـمەک دەبینێ. لە کـارو چالاکی زانسـتـیـشـدا هەروایە. ئەویان وردیلە و هەندەکـــیــــەکـــان و ئەوی تر هەمـــەکی و لێکدراوەکـان هەست پێ دەکـات. ئەوانە هەمـوو هەڵەی ژێری تاکەکانن کە هەریەکە لەو ئەشکەوتەوە کە تێیدا گـیـری خـواردووە سـەرنجی دەوروبەر دەدات و بەپێی ئەو سەرنجە بە ژینگە و پەروەردە و کولتوور پشت ئەستوورە هەڵوێست دەنوێنێ، هەنگاو دەهاوێژێ و بڕیار دەدات.

بیکۆن لە ئۆرگانونی نوێدا لەو بارەیەوە نـووسیویەتی و دەڵێ:

هەمـوو تاکـەکەسێک ئەشکەوت و جیـهـانی تایبـەتی خۆی، یان جۆرە حەشارگەیەکی Grotte هەیە کە تیشک و ڕووناکی سروشت دەبڕێ و دەشێوێنێ. ئەمەش لە چەند هۆکارێک کەوتۆتەوە وەک:

سروشت و تایبەتمەندی کەسایەتی ئەو مرۆڤە خۆی، یان وەک ئەنجـامـێکی پەروەردە و پێـوەندی لەگـەڵ کـەسـانی تردا، یـان بەهۆی خـوێندنەوەی کـتـێـبـەوە، یان بەهۆی لایەنگیـری کردنی دەسەڵات و لایەنێک، پەسند کردن و ڕێزلێنانەوە، ئیـتـر لە ئەنجـامـدا ژیروگـیـانی مـرۆڤ لە سروشت و کەسایەتی تایبەتی خۆیدا بەرانبەر بە کەسان و شتی جۆراوجۆر گۆڕا و جیـاواز دەبێ، بۆیە هێراکلیـتس گوتوویەتی: لە جیهـانە بچووکەکەیاندا نەک لە جیـهـانی هاوبەش و گـەورەدا مـرۆڤ سـەرگـەرمی بەدەسـتـهـێنانی زانستن(١١).

**سێیەم**: بتی بازاڕ: Idole des Market

ئەو هەڵە و وەهم و بەتـەفـــرەچوونە پێـــوەندی بە پێکهاتەی زمانـی ڕۆژانەی مرۆڤەوە هەیە. سەرەڕای ئەو ڕۆڵە نالەبارەی ڕای گشتی لەم کایەیەدا دەیگێڕێ.

ئەو وشـــەیە لەوەوە وەرگـــیـــراوە، لە ژیانی ڕۆژانەدا پێـوەندی ئاڵوگـۆڕ و جـۆرە بازاڕ و بـازرگـانیـیـەک لەنێـو کۆمەڵانی خەڵکدا هەیە، ئەو کەس و خەڵکانە ئامرازێک بۆ لەیەکـتـری تێگەیشتن بەکاردەهێنن ئامـرازەکە زمـانە. ئەگەرچی زمان وا ناسراوە ئامرازی پێوەندی و لەیەکتری گەیشتن بێت، بەڵام هەر خۆی دەکرێ جۆرە بە تەفرە بردن و لە یەکتری نەگەیشتنیش بهێنێتە ئاراوە. زۆربەی ئەو وشـانە خـواسـتـی زۆرینە ڕۆییـناون و دایڕشـتـوون، بۆیە دەکـرێ بوترێ ئەو داڕشـتنانە گـونجـاونین و دەبنە ڕێگر لەبەردەم ژیر و هزردا و هەڵە و وەهم و دژ و ناکـــۆکی ئەوتۆیان لێـدەکـەوێتـەوە پرۆسـەی زانست تێکدەدەن و چەواشەی دەکەن.

ئەگەر وشە و چەمک و بۆچوونەکانی زمان پێداویستی ژیانی ڕۆژانە و کـۆمـەڵانی خـەڵک دایاننابن بێ ئەگـەر و چەند و چۆن کار لە چالاکی و بڕیار و ئەنجامی پرۆسەی زانین و زانســتـی دەکـەن و چەندین وشـە و چەمکێک ڕۆدەنرێن کە دەربارەی چەندین شتن، بوونیـان نیـیـە، بۆیە زۆربەی وتوویژ و دەمـــەتەقێ لە کـــایەی توێژینەوەدا دەربارەی وشـە و چەمک دەبن، ئەمـە بنەڕەتی بە تەفـرە چوون و هەڵەی گەورە دەبێ.

ئەو هەڵانە پێوەندییان بە پرۆسەیەکی لۆژیکییەوە نییە و ئـەنجـــام نین لەو پرۆســـەیە کـــەوتبنەوە، بەڵکو کەموکورییەکی پێکهاتەی ژیری مرۆڤن و دەبنە مایەی بە هەڵە لە ڕاســـتی گـــەیشتن، بۆیە دەبێ کـــۆشـــشی ڕزگاربوونیان لێ بکرێت. بیکۆن وتوویەتی: مرۆڤ لەگەڵ یەکتریدا پێوەندی هاوبەشیان هەیە، بۆیە ئەمەم بەهەڵەی بازاڕ ناوی بردووە(١٢).

**چوارەم**: بتی شانۆ: Idole der Schaubuhne

ئەگـەر سێ هەڵە و وەهمـەکەی پێشـوو لە سـروشـتی مـرۆڤ خـۆیەوە پەیدا بووبن و کـەوتبنەوە هەڵەی چوارەم بەهۆی ئەو کارەی تیـۆری و بڕوا و ڕێبـاز و دەسەڵاتی لە ئارادا بوو لە مـرۆڤدا دەیکەن پەیدا دەبێ. ناوەکـە لەوەوە هاتووە هەمـــوو ئەو بیـــروبۆچوونانەی پێـمـــان دەگـەن و بەدەســتـیــان دەهێنین وەک ئەو شـانۆیانەوان(١٣) کـە لەسەر شانۆ لەبەرچاومان پێشکەش دەکرێن، یان تاوەکو ئێـسـتـا بەهزر و ئەندێشـەمـاندا هاتوون، لە ناخـمـاندا جیـهـاندید و جیـهـانی وەهمی و هەڵە بەشـێـوەی شـانۆ ڕەنـگ دەڕێژن. ئەو بۆچوونانـە بەهۆی دووبارەبوونەوەوە لەلایەن مـرۆڤـەوە بڕوایان پێ دەهێنرێ و پەسند دەکـرێن. ئەو جــۆرە وەهم و هەڵەیە زگـــمـــاک نیـــیـــە و لەژێر ناکەوێتەوە، بەڵکو ژێر لەسیستمە هزری و فـەلسەفەیی و لە بنەمـا ناتەواوەکـانی سـەلمێنەوە بـۆی دەمێنێتـەوە. ئەو جۆرە وەهمە هەڵکەوت بەو جۆرە نیشان دەدات کە خۆی دەیەوێ چۆن بێ، نـەک خـۆی چۆنە. ئـەو لایەنەی وەهم و هەڵە بە ڕوون و ئاشکرایی لەو کۆششەدا دەردەکەوێ کە بۆ هێنانی بابەت و بۆچوون و جیهاندیدی لاهووتی بۆ نێو جیـهـان و کایە و پاوانی فـەلسـەفە و زانسـتی سروشتی، لەســەدەکـانی ناوەڕاسـتــدا، کـراوە. بە بـاوەڕی بیکۆن

ڕێگایە کە بۆ بەلایەکدا خستنی ئەو هەڵە جۆربەجۆرانە بگیرێتە بەر و سوودی لێوەردەگیرێ، بەکارهێنانی ڕاستودروستی ڕێباز و میتۆدەی ئەزموونی- ئیمپریبە. پەیڕەوکردنی ئەو میتۆدە، بێ گومان فەلسەفە لە زانستی سروشتی ئەزموونی نزیک دەکاتەوە، ئەوەبووە مەبەستی بیکۆن کە وای داناوە گوایە تەنیا بەهۆی زانست و ئەنجام و داهێنانەکانییەوە مرۆڤ ژیر و بەختەوەر و خۆشگوزەران دەبێت.(١٤)

ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردا دێت، ئایا ڕووکردنە زانست ئەو دوو ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە کە بیکۆن ڕایگەیاندوون:

- پشتکردنە ئایین.
- دەستەبەر بوونی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی مرۆڤی ژیر؟

لاری لەوە نییە کە بەدەرخستنی هەڵە و وەهمەکانی هزر و ژیری مرۆڤ هەنگاوێکی بوێرانە بووە. بیکۆن لە کایەی فەلسەفە و زانستی تیۆرییانەدا هەڵی گرتووە و پتر دەربڕی ئەو ڕەوشە بووە کە دوای گۆڕانی شانۆی درێژخایەنی سەدەکانی ناوەڕاست و پەرەسەندنی هزری زانستی هاتۆتە کایەوە، بەڵام بڕیارەکەی، پشت کردنە ئایین و ڕووکردنە زانست گوایە دەستەبەری ژیانێک دەبێ ئەو ڕەوشەی تێدایە کە مرۆڤ خەونی پێوە دیوە و ئاواتی خواستووە، بە بنەمایەکی پتەو پشت ئەستوور نییە! ئەو هیوایەی بیکۆن بە زانستی سروشتی هەیبووە هەمان هیوایە کە پێشتر مرۆڤ بە ئایینی مەسیحی هەیبووە، بەڵام شانۆی بەدیهاتنی هیوایەکان جیاوازن، یەکەمیان دنیای سەرزەمین بووە و دووەمیان ژیانی دنیای تری دوای مردن (قیامەت) بووە. لەو ڕۆژەوە کۆمەڵگا بەرێکوپێکی خەتوخاڵی داوە چوار هۆکار: ئایین، فەلسەفە، هونەر، زانست هەریەکە لە قۆناغێکدا فاکتەری سەرەکی ئەو جموجووڵ و گۆڕانە بوون کە بەسەر کۆمەڵگادا هاتووە. قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست کە تێیدا هۆکاری ئایین ئەو فاکتەرە بووە نموونەیەکە ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە. ئەگەر لە قۆناغی پێش بیکۆندا فاکتەرێک بووبێ بەشاهۆکار و ئەوانی تر خرابنە دواوە و کرابن بە هۆکاری یارمەتیدەر، لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە تا ئەو سەردەمەش ئەو ڕەوشە نە سەردەگرێ و نە دەکرێ بەردەوام بێت. بیکۆن پێی لەسەر زانستی سروشت داگرتووە هەر ئەوەی کردووە کە کڵێسەی سەدەکانی ناوەڕاست کردوویەتی، لەجیاتی ئایین پەنای بۆ زانست بردووە. ئەو بڕیارە لەگەڵ هەڵکەوتی ژیانی ڕۆژانەدا نایەتەوە. ژیانی سەردەم و دیاردە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە چڕ و ئاڵۆز و هەمەڕەنگن هۆکاری فرە ڕەنگ لەجێگای یەک ڕەنگی ڕەوا دەکەن. هێنانە پێشەوەی هۆکارێک و کردنی بەسەر پشک بە ئاشکرا، بویستریّ و نەویستریّ، کەلەبەر دەخاتە نێو ڕیزی شارستانیەتە- کولتووری فرە ڕەنگییەکە شارستانیەتی سەردەم دەستبەرداری هیچ هۆکار و فاکتەرێک نەبووە، بەڵکو هەموویانی کەم تا زۆر ڕەوا کردووە. ئەو چوار هۆکارە ئەگەر لە قۆناخەکانی پێشتردا بەپێی هەلومەرجی هەڵکەوتە جێگۆڕکێیان پێ کرابێ لەو سەردەمەماندا واپێویست دەکات هەر چوار هۆکارەکە هاوشان و هاوکێشە و بەرانبەر، ئایین، فەلسەفە، هونەر (ئەدەب و لایەنەکانی تر)ی و زانست شان بەشانی یەکتری بەرەو پێش بچن و دەستبەکاربن. پێکهاتەی مرۆڤ خۆی ئەو هۆکارە فرە ڕەنگییانەی بەرجەستەکردووە، لاسەنگ کردنی ئەو هاوکێشەیە لەم سەردەمەماندا لاسەنگ کردنی پرۆسەی نەسرەوتی بەرەو پێش چووی کولتوور و شارستانیەتی فرە لایەن و هەمەڕەنگی مرۆڤایەتییە.

## لۆژیکی نوێ

شاکارەکەی بیکۆن «ئۆرگانۆنی نوێ» لە دووبەش پێکهاتووە، بەشێکی نێگاتیڤ و بەشێکی پۆزەتیڤ، لایەنە نالەبارە نێگاتیڤەکەمان باس کرد کە بریتی بوو لە چوار وەهم و هەڵەکان، ئەو هەڵانە بوون بە جۆرە بتێک و بتیش کاتی خۆی تارادەی پەرستن بەپیرۆز دانراوە، پێویستە دووربخرێنەوە بۆ ئەوەی هزری فەلسەفەیی و زانستی لەسەر بنەمای ڕاستودروست دامەزرێن(١٥).

ئەو ئەرکەش کاتێک ڕادەپەڕێنرێ و ئەنجامی دروستی لێدەکەوێتەوە ئەگەر تیشک بخرێتە سەر لایەنە لاواز و کەموکورتی و نالەبارییەکی لۆژیکی کۆن کە بە لۆژیکی ئەرستۆ ناودەبرێ. ئەرستۆ لۆژیکەکەی خۆی بە ئۆرگانون ناوبردووە، ئەگەر بیکۆن شاکارەکەی بە ئۆرگانونی نوێ ناوبردووە، ئاماژە بەپێنج بەرهەمە لۆژیکییەکەی مامۆستای یەکەم دەکات و کارەکەی خۆی بە نوێ و ئەوی ئەرستۆ بە کۆن ناودەبات. بەلای بیکۆنەوە لۆژیکی مامۆستای یەکەم چاوەڕێی هیچ سوودێکی زانستی

لێناکرێت، چونکە لەجیاتی توێژینەوەی شت و دۆزینەوەی قـانوونە سـروشـتـییـەکـان سـەرگـەرمی توێژینەوە و شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی وشە و چەمک بووە. پێی و وانە کە مامۆستای یەکەم کردوویەتی بە بەشی سەرەکی لۆژیکەکەی لە چەند پرۆپۆزیشنێک (دەستـەواژەیەک) پێکهاتووە و ئەوانیش لە چەند گوتەیەک پێکهاتووە کە چەند هزرۆکە و واتەی نێو مێشک دەردەبڕن، شتێکی ئەوتۆ نادەنە دەست بایەخێکی زانستییـان هەبێ، بۆیە دەبێ پەنا بۆ بەر لۆژیکی نوێ ببرێ لەجیاتی پێوانە پشت بە ئیندەکشن ببەستێ. بیکۆن دیدەکشنی ئامـراز و میتۆدەی بیرکاری لەگەڵ ئیندەکشنی میتۆدەی زانستی فیزیکدا بەراورد کردووە و تای تەرازووی بەلای دووەمدا شکاندووە. ئەو بڕیارە مەیلی ئەو فەیلەسووفە دەردەخات تا چەند لە هزری تیـۆری دوورکـەوتۆتەوە و سـەرگـەرمی زانست و بابەتی ئەزموونیی کردەکی بووە.

فرەنسیس بیکۆن فەیلەسووفی میتۆدەی ئەزموونیی (ئیمپیری) سەردەمی خۆی بووە. ئەو میتۆدەیە لە دوو هەنگاو پێکهاتووە کە دەخرێنە نێو دوو خانەی بابەتی فەلسەفەوە:

**یەکـەم**: مـشـتـومـاڵ کـردنی هزر و بیـرکـردنەوە و پاککردنەوەی لە هەمـوو بڕیارێکی پێشـیـیـانە و ئەو هەڵانەی کە بۆ مرۆڤ هاتوون و ماونەتەوە. ئەو هەنگاوە چوار هەڵە و بتەکانن.

**دووەم**: زانین و پرۆسەی جێبەجێکردنی میـتـۆدەی ڕاسـتـودروسـتی بیـرکـردنەوە و توێژینەوە(١٦). ئەو میتۆدەیە بریتییە لە میتۆدەی ئەزموونیی کە پشت بە ئۆرگـانی زانسـتـە سـروشـتـیـیـەکـان: بە «ئیندەکشن» دەبەستێ و پشت دەکاتە «دیدەکشن»ی ئۆرگانی زانستە بیـرکـارییـەکـانە. ئەوە لایەنی لەبار و پۆزەتیـڤی جیهاندیدی بیکۆنە.

بیکۆن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو گـازندە و ڕەخنەیەی لە بارەی لۆژیکی ئەرستۆ و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست هەیەتی و بەراوردکردنێک دەخاتە بەرچاو:

مێروولە و جاڵجاڵۆکە و مێشە هەنگ بەرانبەر بە یەکـتری دادەنێ و چالاکی و بەرهەمـەکـانیـان بەراورد دەکات و ئەو بڕیارە دەدات:

مـێـروولە تەنیـا شـمـەک و کـەرەسـە کـۆدەکـاتەوە، جاڵجاڵۆکەش پشت ئەستوور بە ناخی خۆی تەونەکەی دەچنێ، بەڵام ئەوی لەو کـایەیەدا گـرنگە، دەبێ چاو لە مێشە هەنگ بکرێت کە شمەک و کەرەسە کۆ دەکاتەوە دەیخـوات و ئینجـا هەنگوینێکی ڕەنگینی لێ دروست دەکات(١٧). ئەگەر هزرمەند کەرەسەی کۆکردەوە و لە ناخی خـۆیدا هەرسی کـرد و دوور لە بڕیار و دیدی پێشیانە هزر و بیری کردەوە دەتوانی بەڕاستی و دروستی سروشت و دیاردەکانی شرۆڤە بکات.

دیاریکردنی سروشتی دیاردەکان کە لەخۆیاندا ئاڵۆزن و دەبێ بۆ لایەنە سادە و ساکارەکانیان شی بکرێنەوە، ئەم پرۆسەیە لە ئیندەکشن بەولاوە نییە. ئیندەکشنیش پشت بە ئەزمـوون دەبەسـتێ. ئەو تاقـیکردنەوەیە بەسـەر سێ خشتدا دابەش دەکرێت:

**یەکەم**: خشتی لە ئارادا بوون: Tabula Praesentia

**دووەم**: خشتی بەدەرنەکەوتن و ونبوون: Tabula ab-sentia

**سێیەم**: خشتی گۆڕانی ڕێژەیی و پلە بە پلە: Tabula graduum

بـۆ ڕوونـکـردنەوەی ئـەو دابەشـکـردنـە، بـیـکـۆن بـاسـی دیاردەی گـەرمی و بزووتنەوەی کـردووە(١٨). لەو سێ خشـتەدا زانیاری تەواو دەربارەی دیاردەی ناوبراو تۆمار دەکـرێت، ئەو زانیـاریـانە بریتی دەبن لەوەی تا چەند هۆکـاری پەیدابوونی دیاردەکـە لە ئارادا دەبێ، ئەمـە ڕەوشی لەبارە و تا چەند هۆکارەکە بزر دەبێ و دەرناکەوێ و ئەوە لایەنە نالەبارەکەیە و ئینجا سێیەم دێتەکایەوە تا چەند گۆڕان بەسەریدا دێت.

بۆ نموونە لە خـشـتی یەکـەمـدا تۆمـار دەکـرێ لە چ جێگایەک و ڕەوشێکدا بزووتنەوە هەبێ و بەدەربکەوێ گـەرمی و گـەرمـاش دەبێ. لەخـشـتی دووەمـدا ئەگـەر بزووتنەوەکە ون بوو، یان بەدەرنەکەوت و نەما، گەرمایش نامێنێ و لەخشتی سێیەم ئەو گۆڕانە ڕێژەییەی پلە بەپلە لەنێوان هۆکار و دیاردەدا لەنێوان بزووتنەوە و گەرمیدا دەردەکەوێ و تۆمار دەکرێت. ئەگەر مرۆڤ لەو بۆچوونەی بیکۆن وردببێـتـەوە بۆی دەردەکـەوێ هەوڵی داوە هزر و تیۆری پێوانەی ئەرستۆ ئەگەر ئامرازێکی سەرنجڕاکێشان بۆ لای ڕاستی و ڕاستـەقینە بێ لەوە بەولاوە نەبووە کە جـودا بیـران وا لێ بکات بیـرێک پەسند بکەن، بەڵام بەهیچ شێوازێک ئامرازێکی گەیشتنە ڕاستییەکانی ژیان و سروشت نییە، چونکە لۆژیکی ئەرستۆ کە لە پێوانە پێکهـاتووە، پێـوانە خـۆی لە چەند پرۆپۆزیشن و دەسـتـەواژەیەک بەولاوە نین کـە ئەو دەسـتـەواژانەش لە

گوتەوشە پێکدێن، لەبەر ئەوە دەبێ پشت بە ئیندەکشن ببەستریت. بۆیە دەکرێ بوترێ لە جیهاندیدی سەدەکانی ناوەڕاستدا کە گوایە ئەو ڕکەبەری کردووە، لە هۆکاری ئامانجەکی بەولاوە شتێکی تری لانەبردووە.

## تۆماس هۆبز

١- ئەگەرچی تۆماس هۆبز (١٥٨٨- ١٦٧٩ز) بە فەیلەسوفی ئاکار و سیاسەت ناسراوە، چونکە لەو باوەڕەدابووە «مرۆڤ گورگە و لەپێستی مەڕدایە» (١) و باسی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگای دوارۆژی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ریزی دابونەریتی فەلسەفەی ئەزموونی ئینگلیزیدا پۆلێن دەکرێ و ئەگەر بیکۆن پێی لەسەر ئیندەکشن و ئەزموون و زانستی سروشتی داگرتبێ هۆبز بایەخی بیرکاری (ماتماتیکی) لە پرۆسەی زانستدا پشت ڕاست کردۆتەوە. لە جیهاندیدە گشتییەکەیدا بەوە دەچێ مەتریالیست بووبێ و لایەنگیری ڕێژیمی و دەسەڵاتی سیاسی ڕەهای کردبێ، چونکە لەو باوەڕەدا بووە ئەوی هەیە لە مادە بەولاوە نییە و ئەوەی دەگۆڕێ بزووتنەوەیە.

جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی لە دوو بەش پێکهاتووە:

**یەکەم**: فەلسەفەی سروشتی: لەش بابەتی سەرەکی ئەو فەلسەفەیەیە کە دەکرێ بە دوو بەشەوە و ئەو فەیلەسوفە دوو ناوی بۆ داناون:

– لەشی سروشتی کە سروشت دای هێناوە و تایبەتمەندییەکەی لە بزووتنەوەدایە.

– لەشی دەسکرد کە مەبەستی ئەو دەوڵەتەیە خواستی مرۆڤ دای هێناوە و ئەو بەخواوەندی لەناوچوو ناوی بردووە.

**دووەم**: فەلسەفەی ئاکار و سیاسەت، (لوڤیاتان).

بەلای هۆبزەوە بابەتی ڕەب و ئایین و لاهووت جێگایان لە فەلسەفەدا نابێتەوە، ناکرێ بخرێنە هیچ خانەیەکی ئەو بەرهەمەی هزر و ژیری مرۆڤەوە. میتۆدەی ساغ کردنەوەی فەلسەفەیی زۆر بە کەمی بەڵگە و زانیاری دەربارەی ڕەب دەداتە دەست، ئەگەر بیرمەند بیەوێ لەو بارەیەوە بزانێ، دەبێ مەیدانی فەلسەفە بەجێ بهێڵێ و ڕووبکاتە گۆڕەپانی لاهووت و ئایین(٢) ئەو بابەتانە لەگەڵ فەلسەفەدا نایەنەوە. لە جیهاندیدە گشتییەکەیدا هۆبز بە فەیلەسوفی خۆپەرستی و چێژ ناسراوە، چونکە لەو باوەڕەدا بوون ئەگەر خواست و مرازی مرۆڤ هاتنەدی هەست بە چێژ وەرگرتن و خۆشییەک دەکات و بە نەهاتنەدییان خەمبار دەبێ و ئازاری پێدەگات، بۆیە چاکەکاری لەچێژ وەرگرتن و بەدکاری لە ئێش و ئازار بەولاوە نین. ئەو بڕیارە دەچێتە ناو پاوانی فەلسەفەی خواست و ئاکارەوە.

### زانین و زانست و بڕوا:

١- زانین وەک تیۆرییەکی سەربەخۆ دواتر لەلایەن جۆن لۆکەوە ڕەنگی ڕێژراوە و دوا ڕوخساری پێ بەخشراوە، بەڵام لەلای هۆبز، چەند بیروڕاو بۆچوونێک لە بەرهەمەکانیدا بەدی دەکرێن و دەچنە خانەی بابەتی زانینەوە. مەبەست لە زانین لێرەدا زانینی فەلسەفەییە کە لە دوو خاڵدا بەرجەستە دەبێ:

**یەکەم**: ڕەوتی نۆمینالیزم.

**دووەم**: ئەو زانینەی پێ لەسەر هەمەکی و گشتی دا دەگرێ و شتی بچووک و هەندەکی پشتگوێ دەخات(٣).

لە خاڵی یەکەمدا هۆبز پێ لەسەر ڕۆڵ و بایەخی زمان و پێکهاتەکانی دادەگرێ. بە جۆرە گۆڕینێکەوە دابونەریتە نۆمینالیستییەکەی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستی درێژە پێداوە، هەر ئەو ڕەوتە بەشێکە لە ئاراستە مەتریالیستی و ئەزموونییە سروشت زانستییەکەی کە تاڕادەیەکی بەرچاو فەلسەفە و زانستی خستۆتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە، جگە لە ئەزموون بایەخی بیرکاری کە لە دواییدا بووە بە میتۆدەی سەرەکی زانستی سروشتی (فیزیک) لەبەرچاو بووە. واپێدەچێ ئەو بایەخەی هۆبز بە زمانی داوە و ئەو بە هەند زانینەی ڕۆڵی زمان کە لە فەلسەفەدا دەیگێڕێ، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە لە بەریتانیا و لەنێو فەیلەسووف و مامۆستایانی فەلسەفەدا لە زانکۆی ئۆکسفۆرد خەتوخاڵی دابێ و نەمامەکە بە تەواوەتی هاتبێتە بەر. من وای بۆ دەچم کۆڕی ڤیەننا بە تایبەتی کارناب لە هەردوو بابەتی شیکردنەوەی لۆژیکیانەی زمان و پشت بەستن بە زمانی فیزیک بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی یەکخستنی زانستەکان Einheitswissenschaft، ئەگەرچی ئاماژەی پێنەکراوە، سوودێکی لە ڕادە بەدەری لەو بۆچوونانەی تۆماس هۆبز و ڕێبازی ئەزموونی ئینگلیز وەرگرتبێ.

زمانی مرۆڤ ئەگەرچی ئامرازێکی گرینگی پێوەندی کۆمەڵایەتی و لەیەکتری گەیشتنە، بۆتە مایەی پێکەوە هەڵکردنی ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگا، لە هەمان کاتدا

ئامـرازێکی بەهەڵە تێگەیشتن و کـەوتنەوەی ئەنجـامی هەڵە و نالەبارە، لێـرەوە هۆبز تیـشکی شـیکردنەوەی خـسـتـۆتە سـەر پێکهـاتەی زمـان و بەپێی مـەبەست و ئامانجی بەکارهێنانی زمان ئەو ئامرازەی دابەش و پۆلێن کردووە و دەری خستووە چ کاتێک مرۆڤ لە توێژینەوەدا بەهۆی زمـانەوە دووچاری دەسـتی بەهەڵە چوون دەبێ!. ئینجا کـۆشاوە ساغی بکاتەوە کە زمـان ئامـرازی پشت ڕاست کردنەوەی بابەتەکانی ئایین و لاهووت نییە و ئەو دوو بابەتە دەبێ پشت بە بڕوا و باوەڕی مرۆڤ ببەستن و هیچیان لەژێر دەستگیر نابێ.

٢- لەکایەی زانستدا پتر بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە خۆی بە مـیـتـۆدەی زانسـتی و پرۆسەی زانینەوە خەریک کـردووە. بۆ ئەم مـەبەست و ئامـانجـە لە چەند قـۆڵ و لایەکەوە خامەی خستۆتەکار.

بەلای هۆبزەوە ئەو چەمکانەی لە سەدەکـانی ناوەڕاست بەکارهاتوون بەهیچ جۆرێک سروشتێکی زانسـتییـانەیان نەبووە، بۆیە زانست پەرەسـەندنێکی ئەوتۆی بەخـۆیەوە نەدیوە، بۆ نموونە چەمکی تەمومژاوی و ئاڵۆزی گەوهەر. بۆچوونی گەوهەر هیچ بنەمایەکی زانستی نییـە و ناکرێ بە هیچ بەڵگەیەک پشت ڕاست بکرێتــەوە، بۆیە ئەو هەنگاوەی هۆبز بە پێـویسـتی زانیـوە بهـاوێژرێ، لادانی ئەو جۆرە چەمکانەیە و بیر لەوە بکرێتەوە پەنا ببرێتە بەر چەمکی دیکە کە لەگەڵ سروشتی نەپساوەی پەرەسەندوو و بەرەو پێش چوونی زانستدا بێنەوە. ئەم ئەرکە گرینگە لە دوو لاوە ڕەنگی داوەتەوە:

**یەکـەم**: بایەخدان بە ئەزمـوون و تاقـیکردنەوە. ئەوی لێـرەدا سـەرنج ڕادەکـێـشی هۆبز پتـر بەلای زانســتی سروشتدا بووە، بۆیە پشتی بە ئەزمـوون بەستووە و گوایە بایەخـێکی ئەوتۆی بە بابەتی بیـرکـاری (مـاتماتیـک) نەداوە.

**دووەم**: لە جـیـاتی بۆچوون و چەمکی گـەوهەر، بە مەبەستی توێژینەوەی سروشت و کۆنترۆڵکردنی لەپێناوی سوود و قـازانجی مرۆڤدا پەنای بردۆتە بەر چەمکی مـەیل و پاڵنەری سروشتی، ئەو چەمکە لاتینییـە- ئینگلیزییە Conatus لەلایەوە بووە بە ئامـرازێکی یاریدەدەری(٤) توێژینەوەی چەمک و بابەتی ماددە.

تاقـیکردنەوە و مـیـتـۆدەی ئەزمـوونی و بەلاڵانی چەمکە نازانستییەکانی لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە هاتووە کە بە هیـچ جـۆرێکی لۆژیکی پێناسـە ناکـرێن و بنەمـایـەکی زانستییانەیان نییە ئەو تەکنیکە بووە بنەمایەکی سەخت و پتەو و جێگای دڵنیایی بۆ زانستی دواتر خۆش کردووە و لەلای فەیلەسووف و زاناکان هاتۆتە بەر.

هۆبز لەو بارەوە لە شاکـاری «لوڤـیـیـاتان»دا تیـشکی خـسـتـۆتە سـەر ئەو لایەنە و ڕوونی کـردۆتەوە گـرینگی زانست بەگـشـتی و مـیـتـۆدەی زانسـتی بە تایبـەتی چ ڕۆڵێک لەپێشخستنی فەلسەفەی دوارۆژدا دەگێڕن. هۆبز نووسیویەتی:

«بە بیروبۆچوونی من تاکە هەلومەرج کە پێویستە دابێن و دەســـتــــەبەر ببێ بۆ ئەوەی فـــەلســـەفـــەی دوارۆژ سـەرکـەوتووبێ، ئەوەیە دەبێ هەرچی تائێـستـا بەدەست هێنراوە بەلاوە بنرێ، قـوتابخـانەیەک لە کـەسـانێکی زانسـتپـەروەر و شـەیدایانی فـەلسـەفە دابمەزرێ، چونکە ئەمـانە تەسک بین نین و بەکـۆتەکـانی دابونەریتی لە پێشـینانەوە ماوەوە پێوەند ناکرێن و پابەندی میـتۆدەی پێشوو نابن(٥)..»

پشت کردنە میراتی پێشوو لەخۆیدا بە بنەمای زانستی پشت ئەسـتــوور نیـیــە، چونکە لایەنی چاک و بەد، سـەرکـەوتن و سـاتمەکـان بەیەک چاو تەمـاشـا دەکـات. هەڵوێســتی زانســتی ئەوەیە بە چاوی ڕەخنەگـرتنێکی بابەتیـانە بابەتی پێشـووتر هەڵبسـەنگێنرێ دوای ئەوەی هەلومەرجی مێژووی دەستبەکاری سەردەمی پەیدابوونی بابەتەکـە خـۆی بەوردی لەبەرچاو دەگـیـرێ. خـۆ ئەگـەر کولتووری فرە ڕەنگی وابەست بە ئاییـنی مەسیـحی پێش هۆبز بووبێ بە میـرات و بەشێک لە مێـژوو، ئەوە هەمـان چارەنووسیش بووە بەشی هۆبز و فەلسەفەکەی.

پێـداگـرتن لەسـەر زانست تارادەیەک ئەو کـارە نیـشـان دەدات کـە دیکارت لە هزری هۆبزدا کـردوویەتی. هزری زانســتـیـیــانە بڕوا و ئیــمــان دەخـاتە لاوە و لە چەند گریمانەیەکەوە هەنگاو دەنێ کە تارادەیەک جۆرە ئەگەر و گومـانێکیـان تێدا بەدی دەکرێ، ئەو گومانە شێوازێکی مــیــتـۆدەیی هەیە و هانی پتـر هەنگاونانی زانسـتی و توێژینەوە دەدات و دەسـتـەبەری گـەیشـتـنە ئەنجـامـێکی دڵنیــایی لێ کــراو دەبێ. زانین ئەگــەر لەچوارچێــوەی توێژینەوەی ئازاد دابێت و بە بنەمـاکـانی زانست پشت ئەسـتـوور بێت و پەنا بەرێتـە بەر مـیـتـۆدەی زانسـتی ئەو زانینە ڕاوبۆچوون و بیـرێک نابێ کە پێویست بێ بڕوا و ئیــمــانی پێ بهـێـنرێ، بەڵکو پرۆسـەیەکی ڕێکوپێکی درێژخایەنی چالاکـانەیە کە دەبێ جێبەجێ بکرێت. هەر

کاتێک چوارچێوەیەکی دیاریکراو ئیتر بەناوی ئایین و بڕواوە بێ، یان لە سیاسەتی پەیڕەوکراوی بەسەر کۆمەڵگا سەپێنراوبێ هێز و توانای فرە ڕەنگی زانینی مرۆڤ سنووردار دەکات و بڕشت و پێزی ڕەنگینییەکەی لێ زەوت دەکات. بێ پێزیی هزری سەدەکانی ناوەڕاست لەوەوە کەوتبۆوە کە هزر و مرۆڤ هەردووکیان بە جۆرێک لە جۆرەکان زیندانی کرابوون. زیندانییەکە ئەوە بووە بیروبۆچوون و جیهاندیدی دیار و دەستنیشانکراویان بەسەردا سەپێنراوە و بە تۆبزی و هەڕەشەی لەناوبردن ناچارکراون لەو بازنە تەنگە کە ئەو جیهاندیدە ڕەنگی ڕشتووە نەچنە دەرەوە، لەشێشیان(٦) لە ژوورە تەنگەبەر و تاریکەکانی دێری ڕەبەنان و کڵێسە و کەنیشتە و حوجرەکاندا بەند کراون!

هۆبز کە خۆی لە بنەماڵەوە سەر بە ئایینی مەسیحییە، هەڵوێستێکی دیار و ئاشکرای بەرانبەر بە لاهووت و بڕوا و ئایین هەبووە. لاهووت کە سەرگەرمی کاروباری ئایین و ڕەببە، لەگەڵ فەلسەفەی سروشتی کە بایەخ بە توێژینەوەی سروشت (فیزیک) دەدات هەردووکیانی لەنێو دوو تای یەک تەرازوودا بەرانبەر بەیەکتری داناون. ئەو پۆلێن کردنە ئەو جیهاندیدە کلاسیکییە دەهێنێتەوە یاد کە بوونی بە گشت کردووە بە دوو بەشەوە: سروشت و سەرووسروشت. بێ گومان یەکەمیان بابەتی زانستی فیزیک و ئەوی تریان بابەتی لاهووت بووە بەوااتای سەدەکانی ناوەڕاست. هەڵوێستی هۆبز لەو بارەیەوە دەکرێ بەدوو بەشەوە:

**یەکەم**: ئایین چۆن پەیدا بووە، هۆکارەکانی کامانەن.

**دووەم**: بوون و خەسڵەتەکانی ڕەب.

دەربارەی خاڵی یەکەم لەو نووسینانەدا هۆبز بۆچوونی خۆی دەربڕیوە و بە تەواوەتی دابونەریتی ئەزموونی ئینگلیزی بەرچاو دەکەوێ کاتێک باسی هۆکارەکانی پەیدابوونی ئایینی کردووە.

خۆ ئەگەر مرۆڤ ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرێ کە ئایینی مەسیحی هاوردەی ئەوروپا و ئینگلتەرە کراوە و خۆی ئایینێکی ڕۆژهەڵاتییە و لە شاری ئۆرشەلایم پەیدابووە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش دوو دەڤەر و کولتوور و میللەت و زمان و دابونەریتی ئەوپەڕی لەیەکتری جیاوازن، ئەوکاتە دەکرێ جۆرە پاساوێک بۆ هەڵوێستەکەی هۆبز بدۆزرێتەوە.

ئەو هۆکارانەی بەلای هۆبزەوە بوونەتە مایەی پەیدابوونی ئایین، هەموویان سروشتی و ئاسایین و لە سروشت و دەوروبەر و هەڵوێستی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە کەوتوونەتەوە. خۆ ئەگەر ئایینی مەسیحی هێنرابێ بۆ ئەوروپا دەبێ بۆچی هۆکاری هێناکەشی هەر بابەتێکی سروشتی ژیانی ڕۆژانە مرۆڤ خۆی نەبێ؟!

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەبێ کۆمەڵگا لە توانایدا نییە بژی. ئایینیش کە لەخۆیدا بابەتێکی کۆمەڵایەتییە لەنێو ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەدا کە هەر لە سەرەتای هەبوونی هۆشیارانەی مرۆڤەوە لە ئارادابووە. بوونی ئایین ئیتر ئەو ئایینە هەر جۆرێک بێت لە بوونی مرۆڤ جیا ناکرێتەوە، بۆیە هۆبز وتوویەتی مرۆڤ تاکە بوونەوەرە ئایینی هەیە!

بەپێی بۆچوونی هۆبز مرۆڤ خۆی لەخۆیدا لەچەند هێز و توانایەک پێکهاتووە، هەر هێزە ئەرک و فەرمان و مەبەستی دیاریکراوی خۆی هەیە:

١- ژیر.
٢- ئەزموون و تاقیکردنەوە.
٣- هێزی لەش.
٤- خواست و ئارەزوو و ڕاز و مراز(٧).

ئەو جۆرە پێکهاتەی مرۆڤ و ئەو هێزانەی کە پێی بەخشراون، دەبنە مایەی ئەوەی هەموو ڕووداو و دیاردەیەک لێک بداتەوە و بەدوای هۆکاریاندا بگەڕێ و ئینجا ئەو دیاردە ئەنجامە هەر نەبێ پاساو بداتەوە.

بە باوەڕی هۆبز دەکرێ دیاردەی پەیدابوون و دەرکەوتنی ئایین بەسێ هۆکار و چەند پاڵنەرێک لێک بدرێتەوە:

**یەکەم**: هەستی شت زانین بەگشتی و زانینی هۆکاری قەومانی شتەکە خۆی. ئایین تارادەیەکی زۆر ئەو هۆکارانەی داوەتە دەست و ڕوونی کردوونەتەوە.

**دووەم**: مرۆڤ حەز دەکات سەرەتا و دەستپێکی شت بزانێ زۆر بابەتی گرینگ هەیە وەک پەیدابوونی گەردوون و ژیان و بابەتی تر لە ئایینیدا ڕوون کراونەتەوە و باس کراون بۆچی لە کات و سەردەمی دیارکراودا و لەسەردەمێکی تردا ڕوویان نەداوە.

**سێیەم**: دەویسترێ بزانرێ بۆچی ئەنجامی دیاریکراو لە هۆکاری دەستنیشانکراوەوە دەکەونەوە. لە ناخی مرۆڤدا ئەو ئارەزووە هەیە سەرنجی ئەنجامی شت بدات(٨). ئەم هۆکارانە هۆی پەیدابوونی ئایین بوون. ئایینیش لەم ڕەوشەدا بۆتە ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییەی ئەو ئەرکانەی لە ژیانی مرۆڤدا ڕاپەڕاندووە. جگە لەوەی وەک ئەنجام

تیشکی خستۆته سەر ئەو لایەنەی پێوەندی بەدوارۆژی نادیاری مرۆڤەوە هەیە. هیوا و ئاوات، ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانیش ئەو دوو پاڵنەرەن بەلای هۆبزەوە بوونەتە مایەی دەرکەوتنی ئایین(٩). لەم ڕەوشەدا ئایین جۆرە هیوایەک وەبەر مرۆڤ دەنێ، دڵنیایی پێدەبەخشێ و ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکەشی تاڕادەیەک دەرەوێنێتەوە.

لەلایەکی ترەوە، هۆبز کاتێک باسی ڕەببی مەسیحی کردووە کە ئەو هەندێ جار ناوی داهێنەری لێ ناوە Urheber ئەگەرچی جاروبار سنووری بەزاندبێ لەو چوارچێوە گشتییەی کە سەدەکانی ناوەڕاست ڕەنگیان ڕشتبوو جوولاوەتەوە. داهێنەر (ڕەب) هۆکاری داهێنانی تێکڕای جیهانە بە مرۆڤەوە ئەو چەند خەسڵەتێکی هەیە کە دەکرێن بە دووبەشەوە:

**یەکەم**: ئەو خەسڵەتانەن کە بوون و یەکڕەنگی ڕەب لەچوارچێوەی سێ ڕەنگییەکەیدا ساغ دەکەنەوە.

**دووەم**: خەسڵەتی بێ کۆتایی، لە ڕادە و سنوور بەدەر، نەمر و هەمیشە زیندوو، هێز و دەسەڵات و خواست لە سنوور و ڕادەبەدەر. بەلای هۆبزەوە جۆری دووەمیان بە پێچەوانەی یەکەمەوە هیچ جۆرە زانینێک لە بارەی ڕەببی داهێنەر نادەنە دەست، بەڵکو هەڵوێستی مرۆڤی ئیماندار پشت ڕاست دەکەنەوە چۆن ڕێز لە داهێنەرەکەی دەگرێ.

٣- کاتێک هۆبز دێتەسەر باسی مرۆڤ بە تەواوەتی جێ دەستی ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرانەی سەدەی حەڤدەی بەریتانیا بەسەر کۆمەڵگەکەیدا هاتووە لە فەلسەفەکەیدا بەدەر دەکەوێ. ئەو شوێنەوارە لە بۆچوونیدا لە بارەی دەسەڵاتی سیاسی و ڕێژیمی فەرمانڕەوا و سروشتی کەسایەتی مرۆڤدا بەرجەستە بووە. هەموو ئەو کەلەبەر و نالەباری و کەموکورتییەی گۆڕانی هەلومەرجی کۆمەڵگای فیوداڵی کشتوکاڵی بەرەو کۆمەڵگای بازێڕ و سنعات و سەرمایەداری بە گۆڕانی بنەماکانی ئاکار و دابونەریت و لاوازبوونی کۆن و بێ توانایی نوێ جێگای کۆنە بگرێتەوە لەو توندوتیژی و چاوتێر نەبوون و زۆر و جەورو چاوبەستەکییەدا کە مرۆڤ دژی مرۆڤ دەیکات نیشان داوە.

بەلای هۆبزەوە:

**یەکەم**: ڕەوش و سروشتی ئاسایی مرۆڤ بەو جۆرەیە: هەر مرۆڤێک کە لەو جیهانەدایە لەناخی خۆیدا سروشت ئاسا ئەو مەیل و هەست و ئارەزووەی هەیە دەسەڵاتداربێت و کەسانی دیکە بکات بە ژێر دەستەی خۆی.

**دووەم**: ئەگەر مرۆڤ سەرگەرمی بەکارهێنانی توندوتیژی و چاوبەستەکێ و فێڵ بێ دژی کەسانی تر لەوەوە کە ترسی لە بەرانبەرەکەی هەیە و خۆشی لەخۆیدا هەست دەکات لاواز و بێ دەسەڵاتە و دەست نەڕۆیشتووە.

**سێیەم**: هیچ کەسێک بڕوای بە کەسانی دیکەی دەوروپشتی خۆی نییە، بۆیە سەیر نییە کە جەنگێکی نادیار و شاراوەی بەردەوام لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا هەبێ(١٠). هەر بەپێی ئەو بۆچوونەی هۆبز، لە مرۆڤدا سروشت ئاسا سێ پاڵنەر- هۆکار هەیە هانی دەدەن هەمیشە ململانێ لەگەڵ کەسانی دیکەدا بکات. ئەو سێ هۆکارە ئەوانەن:

- ڕکەبەریکردنی کەسانی دیکە: Konkurrenz
- دڵنیایی نەبوون و بێ ئەمانی: Unsicherheit
- بە دەستهێنانی ناووناوبانگ(١١): Ruhmsuch

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- آرثر لفجوي: سلسلة الوجود الكبرى. ت: د. ماجد فخري. دارالكاتب العربي. بالاشتراك مع مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر بيروت ١٩٦٤. ص١٧٠- ١٧٧- ١٧٨.. وفي اماكن مختلفة.**

**٢- د. قيس هادي: نظرية العلم عند فرنسيس بيكون،، دارالمعارف، بغداد ١٩٨٠. ص٤٠ فما بعد.**

**٣- جون ستيوارت مل، أسس اللبرالية السياسية، ت: د. إمام عبدالفتاح امام و الدكتور ميشيل متياس، مكتبة مدبولي ١٩٩٦، ص١١٧ وفي اماكن مختلفة من ضمنها مقدمة المترجمين أيضا.**

**4- Bertrand Russell.: Philosophie des Abend Landes. Wien 2000. S.607.ff.**

**٥- جون كيمني: الفيلسوف والعلم. ت: د. أمين الشريف، المؤسسة الوطنية للطباعة والنشر بيروت بالاشتراك مع مؤسسة فرانكلين، ١٩٦٥. ص١٠.**

**٦- جيمس كولينز، الله في الفلسفة الحديثة. ت: فؤاد كامل. بالاشتراك مع مؤسسة فرانكلين، القاهرة، ١٩٧٣، ص١٣١ فما بعد.**

**7- Jphannes Hirschberger.: Geschichte**

der Philosophie. Bd. 2. Komet. 1980. S.49.

٨- د. حبيب الشاروني: فلسفة فرنسيس بيكون. دارالثقافة المغرب ١٩٨١. ص٢٨.

9- Francis Bacon.: Neues Organon. Teilband. I. (Hrsg) von Wolfgang Krohn. Felix Meiner Verl. Hamburg 1990, S.99. Par. 38.

10- Francis Bacon: Ebenda. Par. 41. S.101.

- Franz Schupp.: Geschichte der Philosophie im Uberblick. Bd.3. Meiner. 2003. S.69-70.

11- Francis Bacon.: Ebenda. Par. 42 S.103.

- Ernst Bloch.: Vorlesungen Zur Philosopie der Renaissance. Surkamp. 1977. S.94. ff.

12- Francis Bacon.: Ebenda Par. 42

- Dr. Harald Hoffding.: Geschichte der neuen Philosophie. Bd. I. Leipzig 1927. S.188.

13- Franzcis Bacon.: Ebenda. Par. 44. S.105.

- Franz Schupp.: Ebenda. S.75.

14- Franz Schupp.: Ebenda. S.77.

١٥- د. قيس هادي، المصدر السابق، ص١٥٦.

16- Hans Joachim Storig.: Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.349.

17- Dr. Harald Hoffding.: Ebenda. S186.

١٨- ئەو لایەنەی ئیندەکشن (هی بیکۆن) لە زۆر سەرچاوەدا باسکراوە بۆ نموونە:

- د. كريم متي: الفلسفة الحديثة. بيروت ٢٠٠٠، ص٤٩.

- وليم كلي رايت: تأريخ الفلسفة الحديثة، ت: محمود سيد احمد، مراجعة: إمام عبدالفتاح إمام. ط٢، القاهرة- ٢٠٠٥، ص٧٢.

## سەرچاوە و پەراوێزی تۆماس هۆبز:

1- Thomas Hobbes.: Vom Menschen, vom Burger (Elemente der Philosophie. 11-111). Felix Meiner Verlag Hamburg 1977. S.59.

ئەو قسەیەی تۆماس هۆبز لە چاپی ئەڵمانی ئەو بەرهەمەیدا بەم جۆرەیە:

«مرۆڤ بۆ مرۆڤ گورگە...»

٢- وليم كلي رايت: تأريخ الفلسفة الحديثة. ت: محمود سيد احمد. ط٢، المجلس الاعلى للثقافة بمصر، ٢٥٧. ص٨٢.

٣- فردريك كوبلستون، تأريخ الفلسفة، المجلد الخامس، ت: محمود سيد احمد. مراجعة إمام عبدالفتاح إمام. المجلس الاعلى للثقافة بمصر ٢٠٠٣، ص٣١ فما بعد.

4- Max Kohler.: -Studien Zur Naturphilosophie des Th. Th. Hobbes. lll. In: Archiv fur Geschichte der Philosophie. Berlin 1903. S.76. ff.

5- Thomas Hobbes.: Leviathan. Felix Meiner Verlag Hamburg 1996. S.326 ff.

٦- جون لويس: مدخل الى الفلسفة، ت: أنور عبدالملك، دارالحقيقه بيروت ١٩٨٣، ط٤، ص٧٩ وفى اماكن أخرى.

7- Thomas Hobbes.: vom Menschen, vom Burger. Elemente der Philosophie. 11-111. Felix Meiner Verlag Hamburg 1977. S.75.

8- Thomas Hobbes.: Leviathan. Ebenda. S.88-89.

9- Wolfgang Rod.: Geschichte der Philosophie. Bd. Vll. Munchen. 1978. S.169.

10- G.W.F. Hegel.: Werke in Zwanzig Banden. 20. Vorlesungen Uber dis Geschichte der Philosophie. llll. Suhrkamp 1975. S.227- 229.

11- Thomas Hobbes.: Leviathan... S.104.

# ترس وەک ژیان

بەختیار محەمەد

پرۆفیسۆر هێلمۆت یونکەر دەڵێ: «ترس لە سەردەمی منداڵییەوە دەست پێدەکات، یان ڕیشەی لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕابردووی گەورەکاندایە. منداڵان لە دایک و باوکیانەوە فێری ترس دەبن و ئەمەش سەرەتای کارەساتەکەیە»(١)؛ کەواتە خێزان یەکەم دەزگایە لە ژیانی تاکدا، کە ترس بەرهەم دەهێنێ. لێرەوە پرەنسیپی پەروەردە کردن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بە ترس (ترساندن) دەست پێدەکات؛ پاشان قوتابخانەش هەمان ڕێچکە دەگرێتە بەر و دامودەزگاکانی دەسەڵاتیش هەر هەمان ڕێچکە دەگرنە بەر...(٢) بێ گومان هەموو ترساندنێکیش، کە دەگاتە ڕادەیەکی زۆر و دەگاتە ڕادەی تۆقاندن، ئەشکەنجەدانی توندی لەگەڵدایە (ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی). چیرۆکی تراژیدی ئەیوب-ی تەمەن پێنجساڵە، کە هەموومانی تووشی شۆکێکی ئاکارەکی (ئەخلاقی) گەورە کرد، باشترین نموونەی پێوانەیی (ستانداردی) پەیڕەوکردن و بەرجەستە کردنی ئەم ترسەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا.(٣) دایکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، سەرەتای چیرۆکی ترساندنمان بۆ دەگێڕنەوە. پرەنسیپی ترس، ئەوان (دایکان) بە لای لایە پێمانی دەڵێن؛ کۆرپەکان یەکەمین ڕەگەزن، کە فێری ترس دەکرێن. ئەفسانەی باوی (گورگانە شەوێ) ئەم ترسەمان بۆ بەرجەستە دەکا: «گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ، وەرە ژیار-ی بخۆ!...». «گورگانە شەوێ، بڕۆ بڕۆ ژوان-ی بخۆ، ئەوە ژیار خەوتووە!...».(٤) لێرەدا هەمیشە ترس هەیە. دایک دەترسێ و ئەم کولتوورە بۆ کۆرپەکەی دەگوێزێتەوە. هەڵبەت ئەم دۆخە دۆخێکی نەستییە؛دایک بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ (لە نەستەوە) هەڵگری ئەم کولتوورەیە. ئەویش تاکێکی ترساوەو قابیلی ئەوەیە ئەم کولتووری ترسە هەڵگرێ و یەکەمین کەس بۆ کۆرپەکەی

(جگەرگۆشەکەی) بگوێزێتەوە. پێدەچێ دایکان لە هەموو کەسێک زیاتر لە سایەی کولتووری ترسدا بژین. ئەو لە درەنگە شەوێکدا تەنیایەو کۆرپەکەی دەخەوێنێ و دەشێ فاکتەرە مرۆیی و سروشتییەکان بیترسێنن. دایکان بە ئارامن و خۆشەویستی کۆرپەکانیان زۆرترین ئارامییان پێ دەبەخشن. ئا ئەم خۆشەویستی و ئیمانەشە وا دەکا، کە دایک وەک پاڵەوانێک (پاڵەوانی ڕوحی خۆشەویستی)، ئەرکی قورسی منداڵ بەخێوکردن بگرێتە ئەستۆ. ڕاستییەکەی ئەوان پاڵەوانانی سیستمە تەقلیدییەکەی پەروەردە کردنن؛ئەو سیستمەی، کە لەسەر بنەمای ترس (ترساندن) ڕۆندراوە. بێ گومان حاڵەتی گورگانە شەوێ، وێنەی جەڤەنگانەی (ڕەمزیانەی) هەموو دوژمنێکە (هەڕەشەکەرێکە)، کە گەورەکان لێی دەترسێن و بۆ منداڵانی دەگوێزنەوە. ئەمە هەمیشە لە شێوازی پەروەردەکردن و بەخێوکردندا بەرجەستە دەبێ. (لای لایەی) دایک پرەنسیپی ئەم شێوازەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. ئینجا ئەم شێوازەش لە ئایندەدا دەبێتە شێوازی کردەیی لێدان لە منداڵان بۆ ترساندنیان. بە واتای لە هەموو ئاستێکدا ترس، تووڕەیی و توندوتیژی بەرهەم دەهێنێ.

هەر لێرەش ئێمە دەشێ بڵێین، کە ترسە ئەفسانەیی و ترسە واقیعییەکانمان هەن: حاڵەتی گورگانە شەوێ ترسێکی ئەفسانەییە، بەڵام ترس لە تاریکی، ترسێکی واقیعییە (سروشتییە). بێ گومان دەشێ ترسە واقیعییەکە ترسە ئەفسانەییەکەی بەرهەم هێنابێ، بەڵام وەهمی ترس، کە بەشێکە لە پێکهاتەی سایکۆلۆژیای مرۆی ترساو، ترسە ئەفسانەییەکە مەزنتر و دەوڵەمەندتر دەکا و لە ئاکامدا دەبێتە بەشێک لە مەعریفەو کولتووری کۆمەڵایەتی و ئاکارەکی و... دەبێتە بەشێک لە سیستمی پەروەردەو بیرکردنەوەمان. هەموومان ئەو ترسە ئەفسانەییە ئێستا بەشێکە لە بوونمان. جارێکی دیکە یونکەر لەم بارەیەوە دەڵێ: «ترس لە بوونێکی جیا لە مرۆڤ ترسێکی کۆنە. مرۆڤ بەردەوام ترسی لە شتە نەناسراوەکان و شتە وەهمییەکان و لەو بوونەوەرانە هەبووە، کە زادەی خەیاڵی ئەون وەک جنۆکە و پەری و...».(٥) حاڵەتی فۆبیا بەشێکە لەو ترسە نائاساییەی، کە وەهم و شتی نادیار بەرهەمی دەهێنن. هەڵبەت ترس ئاستی جودا جودای هەیە: کەم و زۆر. فۆبیا حاڵەتە هەرە زۆرەکەی ترسە. ترسیش لە هەندێک شتی ئاسایی ڕۆژانە، حاڵەتە هەرە کەمەکەی ترسە. ترس لە حاڵەتی نەخۆشیشدا هەمیشە لەوپەڕیدایە. لە حاڵەتی فۆبیادا شتە ئاساییەکانیش دەبنە ترسی گەورە. ئەمڕۆ زانایانیش فۆبیا بۆ سێ جۆر دابەش دەکەن: «فۆبیای سادە، فۆبیای کۆمەڵایەتی، فۆبیا لە شوێنی گەورە و قەرەباڵغ».(٦) هەروەها تۆژینەوە نوێیە زانستییەکانیش دەڵێن: «لە هەر دە کەس سێ کەس تووشی جۆرەکانی فۆبیا دەبن».(٧) ڕەنگە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بێت لە جیهانێکدا، کە لافی پێشکەوتن لێ دەدا. فرۆید-یش لە نموونەیەکدا، ترس بۆ دەسەڵات و چەپاندنە کۆمەڵایەتییەکە دەباتەوە. (ئەمە هەمان ڕای یونکەر-یشە، وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد)، چیرۆکەکە (یان بڵێین باسکردنەکە) بەم شێوەیە دەست پێدەکا: «هانس، کە تەمەنی پێنج ساڵە، تا ڕادەی تۆقاندن و زەندەق چوون لە ئەسپ دەترسێ؛ ئەگەر لە هۆیەکەش لێی بپرسین، ئەوە لە وەڵامدا دەڵێ: دەترسم قەپاڵم لێ بگرێ؛ بەڵام لە ئاکامی ئەو شیکارییە دەروونییەی، کە فرۆید بۆ منداڵەکەی کرد بەدەرکەوت، کە هانس زۆر ڕکی لە باوکی دەبێتەوە و زۆر جارانیش ئەوەی بە بیردا هاتووە، کە دەستی لێ بوەشێنێ، بەڵام درکی بە مەترسی ئەم ئارەزووە کردووە، نەک هەر لە ڕووی مەعنەوییەوە، بەڵکو لە ڕووی ماددی جەستەییشەوە. هانس هەست بەوە دەکا، کە ئەگەر کارێکی وەها بکا، ئەوە ئازاری پتر بەو دەگا، چونکە ئاشکرایە، کە باوکی لەو بە تەمەنتر و بە هێزترە. ئا لەم هەڵوەستەدا، ململانێیەکی بە ئێشی ترسناک لە زەینی هانس-دا لە دایک دەبێ. لەم حاڵەتەشدا شتێکی سروشتییە، کە هانس هەوڵ بدا لە بیرۆکەی دەست کردنەوە لە باوکی خۆی قورتاربکا، تا خۆی لە ترسێکی مەزنتر بپارێزێ. ئەم خۆقورتارکردنەش لە ڕێگەی چەپاندنەوە نەبێ بەدی نایێ. ئینجاش بۆ ئەوەی ئەم ترسە هەر بە چەپێندراوی بمێنێتەوە، دەبێ هانس هەستی ترس لە باوکی (کە ئەم هەستە ئەزموونێکی ناوەکییە) ببەستێتەوە بە بابەتێکی (دەرەکی)، کە ئەویش ئەسپە. بەم شێوەیە ئەسپ بووە جەڤەنگ و جێگرەوەیەکی دەرەکی و هەندێک هەستی نیگەرانی پێوەی بەند دەبن، کە بە تایبەتی باوکی لە دەروونیدا دەیانورووژێنێ..».(٨) لێرەدا دیارە، کە باس لە گۆڕانی جەڤەنگانەی (ڕەمزیانەی) ترس دەکرێ. بێ گومان دەشێ گۆڕان لە نێوان جەڤەنگە دەرەکییەکانیشدا ڕوو بدات. بە نموونە: ترس لە تاریکی، یان لە تەنیایی بگۆڕێن بۆ ترس لە سەفەرکردن، یان هەر دیاردە و

حاڵەتێکی دیکە. فۆبیا لێرە بریتییە لەو حاڵەتەی، کە جارێکی دیکە خۆی دووبارە دەکاتەوە. لێرە مەسەلەکە پێوەندی بەیادەوەری ترسەوە (ساتی تووشبوون بە فۆبیاکەوە) هەیە. واتە لە هەر سات و شوێنێکدا، دووبارە دیتنەوەی ڕەگەزەکانی تووشبوونەکە، جارێکی دیکە حاڵەتی فۆبیا سەر هەڵدەداتەوە. بێ گومان هەموو ئەم حاڵەتە پرۆسەیەکی نەستییە و لە نەستدا ڕوو دەدا و کە بە هیچ جۆرێک ئیرادە (ئیرادەی نەخۆش) ناتوانێ کۆنترۆڵی بکا. ئیرادە تەنیا ئەو کاتە لە خۆوە دەتوانێ ئەم ترسە کۆنترۆڵ بکا، کە کەسی نەخۆش دوور بکەوێتەوە لە هەر کەشوهەوا و ئاماژە و وێنە و باسوخواسێکی بابەتی فۆبیاکە. ئا ئەمەش فاکتەری دیاردەی هەڵاتنە لە حاڵەتی فۆبیادا؛ نەخۆش هەمیشە دەیەوێ لە بابەتی ترسەکەی دوور بکەوێتەوە و فەرامۆشی بکا. ئەمەش خۆ بە دوور گرتنە لەو بابەت و کردارانەی، کە ناوەرۆکی تووشبوون بە فۆبیاکە پێک دەهێنن. ئێمە لێرەدا دەمانەوێ بە شێوەیەکی دیکە بڵێین: فۆبیا بریتییە لە بوونی ئەو هۆکارە دەرەکییەی، کە جارێکی دیکە تێیدا یادەوەریی مت بووی (یان چەپێندراوی) بابەتی فۆبیاکە دەژێتەوە. هەڵبەت ئەمەش لەو کات و شوێنە دیاریکراوەدا ڕوو دەدا، کە پێوەندییەکی ئۆرگانیکی (هاوشێوەی) بە شوێن و سەردەمی سەرهەڵدانی فۆبیاکەوە هەیە. ئێمە لێرە فۆبیاکە ناچەپێنین، تا بۆ حاڵەتێکی دیکەی بگۆڕین (ئەگەرچی فۆبیای ئێستامان لە بنەڕەتدا هەر دەشێ حاڵەتێکی گۆڕاو بێ هەر وەکو ئەوەی هانس)، بەڵکو فۆبیا چەپێندراوەکە بە فاکتەرێک، یان ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی پێکهاتەی بابەتی فۆبیاکە، جارێکی دیکە نوێ دەبێتەوە و سەرهەڵدەداتەوە. ئەمە گۆڕانکارییەکە لە دەرەوە ڕوو دەدا، بەڵام هانس لە ناوەوە گۆڕانکاری چێ کرد. ئەو لە ڕێی چەپاندنەوە بابەتی ترس (فۆبیا)ی گۆڕی، وەلێ ئێمە لە ڕێی لابردنی چەپاندنەوە و کارا بوون و چالاکبوونی نەستەوە، بابەتی ترسمان (فۆبیامان) گۆڕی. لە حاڵەتی ئێمەدا فۆبیا خۆی مت دەکا، تا فەرمان (ئیعاز) لە جیهانی دەرەوە وەربگرێ و جارێکی دیکە لە شێوەی نەخۆشیدا چالاک ببێتەوە و سەرهەڵبداتەوە؛ کەواتە ئێمە دەشێ لێرە بە کردەوە سەفەریش نەکەین و لە بابەتی سەفەر کردن خۆشمان بدزینەوە و هەر تەنیا بە ناو هێنان و باسکردنی سەفەرکردن لە ترساندا دووچاری ئیفلیج بوون ببین؛

کەواتە سەفەرکردن (دوورکەوتنەوە لە شوێنی لەدایکبوون) ئێستا بابەتی فۆبیایە. ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە ئێمە ترسمان لە هەموو ئەو حاڵەتانە هەیە، کە بەندن بە سەفەرکردنەوە و بابەت و دەلالەتی سەفەرکردنن: ئێمە لە سەفەرکردندا ڕەنگە تەنیا بین، بۆ کاتێکی زۆر لە کەسوکارمان دوور دەکەوینەوە و لە غوربەتدا دەژین و ڕەنگە لە دۆخێکی ناخۆشیشدا بژین. هەموو ئەمانە فاکتەرن (دەلالەتن) بۆ ئەوەی، کە ئەگەر ئێمە لە تەمەنی منداڵیماندا، لە نیوە شەوێکی (دەشێ پتر زستانەی) کپ و بێ دەنگدا و کاتێک هەموو ئەوانی دیکەی ئەندامانی خێزانەکەمان، لە هەمان ژووردا نووستوون و تۆش (س) لە ناکاو بە ئاگا دێیت و لە دەرەوەش تەنیا دەنگی وەڕینی چەند سەگێک و گڤەی (با) دێ: ئەمانە دەشێ فۆبیا لای (س)ی منداڵ بخولقێنن. (ئەمانە هەمووشی دەشێ لە زەمەنی ترسدا ڕوو بدەن: زەمەنی ترسی سیاسی). لە دوای چەند ساڵێک، کە (س) گەورە دەبێ و تەمەنی دەبێتە هەژدە ساڵێک و بە سەرەوەتر و بۆ یەکەم جار لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بۆ شارێک، یان وڵاتێک سەفەر دەکا؛ بێ گومان پێکەوە لە میوانخانەیەک دادەبەزن و تا ئەو کاتەی درەنگی شەو دەخەون، هەموو شتێک ئاساییە و کەچی چەند سەعاتێک دوای ئەمە، دەشێ (س) کتوپڕ لە خەو بە ئاگا بێ و لەو کاتەی ئەوانی دیکەش هەموو نووستوون، چاوی بە ژوورێکی (فەزایەکی) تاریک و بێ دەنگ هەڵبێ (بێ گومان {س} لێرە دەبێ لە ڕووی بۆماوەییەوە، گرفتی سایکۆلۆژی ترس و دڵەڕاوکێ و خەو سووکی و کەم خەوی هەبێ، هەر بۆیەش ئەو دەشێ لە خەڵکی دیکە پتر دووچاری فۆبیا بێ لە دیاردەکانی شەودا)، ئنجا سەرلەنوێ حاڵەتی فۆبیاکەی سەردەمی منداڵی سەر هەڵبداتەوە. (بەم واتایەش جارێکی دیکە دیمەنە تراژیدییەکە دەست پێ بکاتەوە)، بەڵام لێرە بابەتی (نیشانەی) فۆبیاکە (نەخۆشییەکە) جۆرێک گۆڕانی بەسەردا دێ؛ فۆبیا لە دیمەنەکانی شەو، دەبێتە فۆبیا لە دیمەنەکانی (ڕەگەزەکانی) سەفەرکردن: شار و وڵاتان، فڕۆکەو گەڕۆکە (سەیارە) و هەگبە و ڕێگە و بان و پاسپۆرت و... (بەڵام هەمیشە لێرە شەو لە حاڵەتی سەفەرکردنیشدا، وروژێنەری ترسەکەیە)... هەموو ئەمانە دەبنە هێما و فاکتەری دەرکەوتنەوەی فۆبیاکە. (ئێمە وەک پێشتریش گوتمان، دەشێ فۆبیامان لە زۆر شت هەبێ، بەڵام ئەمانە دەکرێ بڵێین حاڵەتی سادەن و

نەخۆشی نین، شتی تێپەڕن و زوو لە بیر دەکرێن، کەچی فۆبیا بە واتا نەخۆشییەکەی حاڵەتێکی هەمیشەییە و دەبێتە خەسڵەتی کەسایەتی نەخۆش و ڕەنگە تا مردن لەگەڵیدا بێ). لە ئاکامدا دەبێ بڵێین، فۆبیا بەشێکە لەو بابەتە شاراوە، یان دیارەی، کە لێی ترساوین (یان لێی ترسێندراوین).

بەهەرحاڵ لە دەرەوەی ئەم سیاقەشدا (سیاقی نەخۆشیدا) ئەمڕۆ بوارێکی دیکەی زۆر گرنگ، کە دەتوانێ لە کۆمەڵگەکاندا (لە جیهاندا) دیاردەی ترس بەرهەم بهێنێ، بواری ڕاگەیاندنە. هەڵبەت وەک ئاشکرایە ئەم دەزگایە بە هەموو کەناڵەکانییەوە، کە خزمەتی دەسەڵاتێکی (یان بزووتنەوەیەکی) سیاسی نادیموکراسی دەکا، ئەوە سیاسەتی چەواشەکردن و تۆقاندن بەرجەستە دەکا. دەشێ ڕاگەیاندنی بەعس، باشترین نموونەی ئەو ڕاگەیاندنانە بووبێ لەم سەدەیە و لەم ناوچەیەی ئێمەدا: چ چەواشە کردن و چ تۆقاندن، بە باشترین شێوە لەم ڕاگەیاندنەدا بەدی دەکران؛ ئەوە جگە لە شکۆمەندکردنی هەژموون و کەسایەتی تۆقێنەری سەرۆک، تا لە ڕێگەی ترسەوە هەموو گەل دەستەمۆ و ملکەچی ئیرادەی ئەو بن. بەم شێوەیە دەشێ هەندێک لە فیلمە ئەکشنەکانی هۆلیوود-یش، هانمان بدەن توندوتیژ بین و هەمیشە بیر لە باڵادەستی ئەمەریکا (بەهێزەکان، دەوڵەمەندەکان، ...) بکەینەوە، لێرەشدا نائومێد و بێ ئیرادە بین لە ڕاست هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک بۆ گۆڕانکاری و بە دەست هێنانی مافەکانمان.

لەم فیلمانەدا جەنگ (کوشتار) وەک بەهایەکی مەزن خۆی دەسەپێنێ، بۆیە ئەکتەرە پاڵەوانەکان داهێنان دەکەن لەم بوارەدا و دەرهێنەریش هەموو تواناو کەرەستەیەکی هونەری و تەکنۆلۆژی بۆ ئەم مەبەستە دەخاتە بەردەست ئەکتەرە سەرەڕۆیەکانەوە. لێرە ئێمە دەبێ بزانین لە جیهانێکدا دەژین (ئەو جیهانەی، کە فیلمەکان وێنای دەکەن) پڕە لە تاوان: تاوانی دزی، تاوانی مافیا، تاوانی ڕفاندن... هەمووشیان لە پێناو بەدەستهێنانی حەقیقەتی ئەو دەسەڵاتە مەزنەیە، کە پێی دەڵێن: سەرمایە. ئەو دەسەڵاتەی (سیستەمەی) سەدە و شتێک بەر لە ئەمڕۆ ، مارکس باشترین وەسفی ئاکارەکی و شیکاری ئابووری- سیاسی ڕەخنەگرانەی بۆ کرد. بەڵێ، ئەو ئێستا بتێکە و ئەمڕۆ ئێمە هەموومان دەیپەرستین. ئەو هانمان دەدا، کە ئێمە داهێنانیش بکەین، کەواتە ئێمە لە ڕێی بەرهەمهێنان بۆ قازانجی زۆر و مەسرەفکردنی زۆر و عیشقی ئیستیهلاکی بەرفراوانەوە، کۆیلەی بەرهەمە تەکنۆلۆژی و مادییەکانی ئەوین. (ئایا مرۆ بەم شێوەیە دەیەوێ دەسەڵاتی خۆی بەدەربخا ؟ ئەو دەسەڵاتەی پێدەچێ بەر لە هەر شتێک، دەلالەت لە دۆڕاندنی ئازادییە سروشتییەکانی خۆی بکا). لەم بارەیەوە فرۆم دەڵێ: {لە سەدەی نۆزدەهەمدا (ئیمرسۆن) ی شاعیر وتویەتی: «شتەکان بەسەر مرۆڤدا زاڵن و بۆ کوێیان بوێت دەیبەن» ئیمڕۆش دەکرێ بوترێ کە «مرۆڤ شتەکانی کردووە بە بتی خۆی و کۆمەڵێک بت دەپەرستێ کە لە توانایدایە لە ناوی بەرن»}؛ (٩) کەواتە لە پێناو کەڵەکەکردنی سەرمایە و قازانجی زۆردا (بێ گومان ڕەهەندی داهێنانی هونەرییش لە بیر ناکرێ)، ئایدیۆلۆژیای ئەم فیلمانە باڵادەستن و دەیانەوێ بە تەواوی زاڵ بن بەسەر ئیرادە و عەقڵی ئێمەدا. پەیامی ئەم فیلمانە، فەلسەفەی هزری لیبراڵی هۆبز- مان بە بیر دەهێننەوە؛ ئەو کاتەی لەپێناو بەرژەوەندی و دەسەڵاتدا «جەنگی هەموو دژ بە هەموو» بەرپا دەبێ. هەموو تاکێک لێرە دەسەڵاتێکی زیاتری بۆ خۆی دەوێ، هەرگیز بەوەندەی هەیەتی دابین نابێ و چاوی تێر نابێ. ئەم خەسڵەتانەش، مەرجی بوونی خۆڕسک و سروشتیمانن؛ بۆیە بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ ئەم بێ سەروبەری و ئاژاوەیە دابندرێ، پێویستە دەسەڵاتێکی بەهێزی تۆقێنەر هەبێ، کە هەموو لایەک کۆنترۆڵ و بەرزەفت بکا. ئەمانە ئەو بەهایانەن، کە فیلمە ئەکشنەکانیش دەیانەوێ نیشانی بدەن و بەرجەستەی بکەن. کارەکتەرە (تاکە) کاریزما پاڵەوانەکان، لەسەر گرنگترین گەوهەری دەسەڵات (کە سەرمایەیە) شەڕیانە. لە ئاکامدا «دەسەڵاتی خاوەن سەروەریی» جەنگەکە دەباتەوە و ئەمە جەڤەنگی (ڕەمزی) ئەو دەسەڵاتەیە، کە هۆبز بانگەشەی بۆ دەکرد. ئەم بیریارە لەو باوەڕەشدایە، کە {خەڵکی ناتوانن بە ئاشتی پێکەوە بژین، ئەگەر واز لەوە نەهێنن، کە «دەبێ لە هەموو شتێک مافیان هەبێ» و قەناعەتیش بەوە بکەن، کە دەبێ ئازادییەکی سنووردارییان هەبێ}(١٠). به کورتی ئیرادەی تاکەکان، دەبێ بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئیرادەی خاوەن سەروەرێک. فیلمە ئەکشنەکانیش هەمان گوتاریان لە سیاقی هونەریدا هەیە. لەوێدا تاکێک دەسەڵاتی خاوەن سەروەرە و جیهان هەموو کۆنترۆڵ دەکا و نەیارانی هەموو لەنێو دەباو لەم جیهانەدا هیچ دامودەزگایەکی کۆمەڵگەی مەدەنیش بوونیان نییە، جگە لە دامودەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و سوپا نەبێ،

ئەمــانەش گــەلێک جــار لە ئاست دەســەڵاتی (تاکی) کــاریزمــادا، دەوری لاوەکی و بچــووکیــان هەیە؛ تــەنانەت هەندێ جـــار دەوڵـەتیش شـــەڕانگێـــز و لایەنگری شـەڕانگێزانە. دەشێ بڵێین، بە گشـتی ئەمانە ئەو بەها دیموکـراتیـیـە لیـبـراڵیـیـە ئەمریکاییـانەن، کـە بە تەواوی دەستـوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ژیانی ئازادانەی تاک ڕەت دەکــەنەوە؛ بێ گــومــان کــاروباری بازاڕی ئازاد و چالاکی بەرهەمـهـێنانی کـۆمپـانیـا مەزنە فرەڕەگەزەکـان (سنوور بەزێنەکان). ئەم فیلمانە، کە دەورێکی یەکجار زۆر بە ئیـــرادەی تاک دەدەن، هونەرێکی ســـینەمـــایی یەکجار ڕەنگین و کارامە و باڵاشیان تێدا بەکار دێ، کە هەندێ جـار بە تەواوی بینەر سـەرسـام و شـاگـەشکە دەکـەن. ئەمـەش سـیـحـری ڕەواجی ئەم فـیلمـانەیە لە سـەرتاسـەری جیـهـاندا. جگە لەوەی ئەم جۆرە فـیلمـانە هێزێکی زۆر بە خەیاڵمان دەبەخشن: خەیاڵی سەرکەوتن لە هەمـوو بوارێکی ژیاندا. مـرۆ بە سروشـتی خۆی حەزی لە سـەرکـەوتنی هەمـیـشـەییـە. وەک دەزانین ئامـانجی ڕووداوەکـانی ئەم فـیلمـانەش لە ئاکـامـدا، بریـتـیـیـە لە سـەرکـەوتنی حەتمی پاڵەوانە خێـرخـوازەکـان. ئێـمـە بێ گومان هەمیشە حەزمان لێیە پاڵەوانەکان (چاکەخوازان) سـەربکـەون: ئەدی ئەمـە واقـیـعی گـێـڕانەوەی هەمـوو چیرۆکە ئەفسانەییەکانیش (داستانەکانیش) نییە، بەڵام لەم چیرۆکانەدا هەندێ جار ڕەگەزێکی تراژیدی هەیە، کە پاڵەوانە خێرخوازەکان دەکوژرێن (دەمرن): ململانێیەکان بەم تراژیدیایە کـــۆتاییـــان پێ دێ، بەڵام لە فـــیلمـــە ئەکـشنەکـانی هۆلیـوودا، نەک هەر جـەنگ و ملمـلانێ توندەکـــان تراژیدیا نین، بەڵکو هۆکـــار و ئامـــرازی شـەرعیـشـن بۆ سەرکـەوتن و نەمـریی پاڵەوانەکـان. وەک دەبینین ئەوان لە ڕیزی دەسـەڵاتی خـوداوەندەکـانداندان و دەســەڵاتی کـەسـایەتیـیـەکی وەک گـەلگامـێش-یش دەبەزێنن. ئەم پاڵەوانانە بێ گـومـان عـاشـقـیـشـن؛ ئەو ئەڤینداڕانەی کەم دەدوێن و کەم قسە دەکەن. پێشدەچێ لەبەر خەریک بوونیان بە کار و ئەرکی قورسی جەنگەوە، بواریان کەم بێ بۆ قسە کردن؛ بۆیە حاڵەتی عیشقیش، لە دوایین دیمەنی تەواو بوونی فیلمەکەدا بەدەر دەکەوێ: کـۆتاییـەکی ڕۆمـانتـیکی، کـە تەنیـا لە سـایەی ئیـرادەی سەرکەوتنی تاکە کاریزماکاندا بەدی دێ.

بێ گـومـان فـیلمـە بە ترسـەکـان (تۆقـێنەرەکـان)یش، دەچنە خـانەی ئەو فـیلمـانەی، کـە توندوتیـژی بەرهەم دەهێنن. ئەم فـیلمـانە دڵنیـایی لە بینەر دەسـتـێننەوە و پێمـان دەڵێن فـانتـازیای ترس و مـەترسی مـەزن و وەهمی ترس هەن. ئەم شاشەیە (شاشەی تەلەڤزیۆن، سینەما...) دەتوانێ لوتکەی ترسێکی خەیاڵییمان بۆ بەرجەستە بکا: لە زەمەنێکی دیاریکراودا، دەچینە ناو قووڵایی ترسەوە و فۆبیای ڕاستـەقینە داماندەگرێ. ئایا ئەم فـیلمانە پێمان دەڵێن، کـە هەمـیشـە ترس (فـۆبیـا) بەشێکە لە بوونمان؟ هەڵـبـەت ترس، کـە بەشـێکە لە غـەریزەی سروشـتـیـمـان، بەڵام بەهایەکی (حـاڵـەتێکی) فـانـتـازی جـیـهـانی ئەمـڕۆشـمـانە. ئەو ترسـەی، کە عـەقـڵانییـەت بەرهەمی دەهێنێ نەک ئەفـسـانە: عـەقـڵانیـیـەتی کـۆمـەڵگەی پیـشـەسـازیی. ئایا چەکـە کـۆکـوژەکـان بەرهەمی ئەم عـەقـڵانیـیـەتە نین؟ تێکدان و پیـسکردنی ژینگە و سروشت، بەرهەمی ئەم عەقڵانییەتە نین؟ ئایا چاوچنۆکی بێ ڕادە بۆ بەدەسـتـهـێنانی سـامـان، بەرهەمی ئەم عەقڵانییەتە نییە: عەقڵانییەتی سیستمی بازاڕی ئازاد؛ عـەقـڵانییـەتی ڕکابەری و تاکی دەسەڵاتخواز و پاڵەوان؛ عـەقـڵانییـەتی نەبوونی هیچ پرەنسیـپێکی ئاکـارەکی بۆ پێـشـبـڕکـێی بازاڕ و دەسـتکەوت و قـازانج؟ ڕۆسـۆ لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئاخۆ چاکە بە کوێ دەگا، ئەگەر مرۆڤ بەهەر نرخـێک بووە، بیـەوێ دەوڵـەمـەند بێت؟»؛ (١١) کەواتە ئایا بە فـیعلی ئەمڕۆ ئێـمە لە جیـهانێکدا ناژین، کـە پڕە لە ترس و تۆقـاندن؟ (قـەیرانە دارایـیـەکـەی ئەم دواییـە، چیرۆکی بێدادی مـەزنی لە هەمـوو جیـهـاندا بۆ گێڕاینەوە؛ ئەو چیرۆکەی پێـمان دەڵێ، تەنیا چەند سەد کـەسـێک (٣٨٥ کـەس) سـامـانی نیـوەی پتـری هەمـوو دانیـشـتـوانی سـەر گـۆی زەوی دەبەن؛ واتە پتـر لە دوو ملیـار و نیـو مـرۆڤ). (١٢) دەسا ئایا ئەم حـەقـیـقـەتە، مـایەی ترس و تۆقـاندن نییە؟ لێرەشەوە ترس و تۆقـاندن ڕەهەندیکی تاوانکارانەیان هەیە؛ بۆیەش لێـــرە بۆ ڕێ گـرتن لە ئەنجـامـدانی هەر تـاوانێک، بە بۆچوونی ئێـمـە دەبێ سیـسـتـمی دیموکـراسی سزادان هەبێ. لەم بارەیەوە فـرۆم ڕونکردنەوەیەکی باشمـان دەداتێ و دەڵێ: «مـرۆڤ فێر دەبێت ئەو کارە ئەنجام بدات کە خەڵاتی بەدوادا دێت و لەو کـارانەش دوورەپەرێز دەبێت، کـە ترسی سزایان لێ دەکەوێتەوە، بە تەنیا تەمێ کردن (ئاگادار کردنەوە) بەس نییە، بەڵکو هەڕەشە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ کاری نادروست نەکـات. بێ گـومـان پێـویسـتـە هەندێ کـەسـان تەمێ بکرێن، تا مـەترسی سزادان بە هەڕەشەیەکی گاڵتە وەرنەگـــرن». (١٣) ئایا بـەدەر لەو دامـــودەزگـــا دیموکراسییانەی، کە خەڵک هەڵیاندەبژێرن، چ هێزێکی

دیکەی دادپەروەر هەیە، کە نەهێڵێ «مرۆڤ کاری نادروست» بکات و لە هەمان کاتیشدا مافەکانی پێ بناسێنێ و بۆی دابین بکا و «سزادان و خەڵات کردنیش» لە شوێن و ساتی خۆیدا بەکار بهێنێ؟ ئایا ئێمە هەمیشە لە سایەی سیستمی دیموکراسیدا نییە، کە هەست بە ڕێز لێنان لە بوونی خۆمان دەکەین و مافە مەدەنی و تاکییەکانمان بۆ دەسەلمێندرێ و ئازادی مرۆییمان دابین دەبێ و... ئەوساش زەمینەی تاوان و تاوانباری تا ئەوپەڕی بەرتەسک دەبنەوە. ئایا، کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هەبوو، هۆشیاری و هێزی ئیرادەی دژ بە تاوان پەرە ناستێنن؟ لێرەشدا یاسا سەروەر دەبێ؛ ئەو یاسایەی، کە هەموومان خۆشمان دەوێ و ڕێزی لێ دەگرین و لە ژیانی خۆماندا بە کاری دەهێنین؛ بۆیەش نووسەرێکی وەک دەیڤید هیلد لە بارەی چەمکی دیموکراسییەوە دەڵێ: «من ناڵێم دیموکراسییەت وەڵامی هەموو پرسیارێک دەداتەوە - بە دڵنیاییەوە نا، بەڵام ئەگەریش هاتو بە شێوەیەکی ڕاست و دروست شرۆڤە و ڕاڤە بکرێ، ئەوە پێدەچێ بتوانێ بەرنامەی گۆڕانکاری وەها دابنێ، کە لە ڕێگەیەوە زۆر پرسی گەوهەری و گرنگ هەن، دەرفەتی تێڕامان و گفتوگۆ کردن و ڕاوێژ کردن و چارەسەرکردنی باشتریان بۆ دەڕەخسێ، ئەگەر بەراوردی بکەی بە هەر سیستمێکی دیکەی جێگرەوە». (١٤) بەهەرحاڵ لە کۆتایی باسەکەماندا ئێمە نابێ ئەوەش لە بیر بکەین، کە بنەمای ئاکاری سێکس (یان بنەمای دەسەڵاتی غەریزەی سێکس) لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ترسێکی زۆر بەرهەم دەهێنێ. (ئێمە لە نووسینی دیکەشماندا، ئاماژەمان بۆ ئەم بابەتە کردووە و هەندێک قسەمان لەسەری کردووە؛ بڕوانە گۆڤاری ڕامان ژمارە ١٤٩). ئەم ترسە وەک بنچینەیەک، سەرلەبەری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان ڕێک دەخا. ئەمەش سەرەتای مانای ئاکارە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. هەر لە تەمەنێکی زووی دیاریکراوەوە، دەبێ هەموو تاکەکانی خێزان (کۆمەڵگە)، هەڵگری درکی ئەم ترسە بن. بە واتای ئەوان دەبێ لە ڕێی ترسەوە، مرۆی ئاکار چاک (بە ئەخلاق) بن. (هەمیشە دەبێ بزانین، لێرە ئاکار ناوەرۆکێکی سێکسییانەی هەیە. ئاکار لێرە بە مانای وشە ئاکاری سێکسییە. لە دەرەوەی ئەم بنچینەیە، ئاکار لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەرەس دەهێنێ. ئەم ئاکارە ئاکارێکی پاتریارکییەو مێژوویەکی دێرینی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دیاردەی تۆقاندندا هەیە. پێشدەچێ خەڵک لە ڕێگەی ئایینەوە، یان سیستمی بەهای تابۆکانەوە، ئەم بۆچوونە ئاکارییەیان بۆ خۆیان چێ کرد بێ. بە واتای پێیان وایە ئەم ئاکارە ئاکارێکە، خوداوەند بە خەڵک و کۆمەڵگەکانی بەخشیوە. هەردەم ئەم باوەڕە ئایینییە - میللییە کۆسپە لەبەردەم حاڵەتە سروشتییەکەی سێکسدا). ئێمە دەشزانین تاکە شتێک، کە بتوانێ ئەم ترسە کەم بکاتەوە، چەپاندنی ئارەزووی سێکسە و دانانی سنوورێکی شەرعی و ئاکارییە لەبەردەم چالاکییە سروشتییەکانی ئەم غەریزەیەدا. لێرەوە «هەموو ئەو یاسا ئاکارییانەی، کە ژیانی سێکسییان بە هەندێک سنووری دیاریکراوەوە بەستۆتەوە، بەوە ناسراون، کە سرووشی خودایین، لەبەر ئەوەش کرۆکی ئیمان پێکدەهێنن و هەژموونداری لەسەر چەمکە ئاکارییەکان». (١٥) لە ئاکامیشدا فۆبیای ئێمە لەسێکس، خۆی لە خۆیدا حاڵەتی کوشتن بەرهەم دەهێنێ. ڕەنگە ئەم ترسە لە کۆنی کۆنەوە، بەند بێ بە ترس لە سێکسی مەحرەم (سێکسکردن لەگەڵ کەسە مەحرەمەکانی خێزان). بە نموونە: لای فرۆید تابۆی سێکسی، لە تابۆی مەحرەمەکانەوە دەست پێدەکا. ئەمەش سەرەتای ترسی ئێمەیە لە سێکس. ئەو دەڵێ: «شیکاری دەروونی پێمانی دەڵێ، یەکەمین ئەو بابەتە سێکسییەی، کە منداڵ هەڵیدەبژێرێ، سروشتێکی مەحرەمانەی هەیە و بێزراو و پڕ لە سووکایەتییە. ئەمەش لەبەر ئەوەی پێوەندی بە خوشک، یان دایکەوە هەیە». (١٦) لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێ: «گرنگترین و کۆنترین قەدەغە کردنە تابۆییەکان، لە دوو یاسای بنجی تەوتەمایەتیدا بەدی دەکرێن: یەکێکیان ئەوەیە، کە هەرگیز نابێ ئاژەڵی تەوتەم بکوژرێ؛ دووەمیشیان ئەوەیە، نابێ کاری سێکسی لەگەڵ ئەو تاکانەی ڕەگەزی بەرانبەردا بکرێ، کە سەر بە هەمان جۆری تەوتەم بن»؛ (١٧) کەواتە ترس لە سێکس هەر لە سەرەتاوە، ترسە لە حەرامەکان (لە کەسایەتییە مەحرەمەکان). ئەم فۆبیایە لە سێکس (لە ئازادی سێکس) وەک گوتمان، خۆی لە خۆیدا حاڵەتی کوشتن بەرهەم دەهێنێ. ئەم نەریتە مێژوویەکی کۆنی لە ناو کۆمەڵگەکاندا هەیە؛ ئەوەتە لە کۆمەڵگە هەرە سەرەتاییەکاندا، حەرامبەزێنەکان (زیناکەران) {بە چەمکە ئایینییەکەی: زیناکەران}، ئەشکەنجە دەدرێن و دەکوژرێن «داب لە ئوستورالیادا وەهایە، کە سزای ئەوکەسەی پێوەندی سێکسی لەگەڵ کەسێکی سەر بە خێڵی مەحرەم ببەستێ،

مــەرگــە» . (١٨) بێ گــومـــان ئەم نەریتــە ئەمــڕۆ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بۆتە نەریتێکی سەرتاپاگیر و هەموو ئەو حــاڵەتە ســێکســیــیــانە دەگــرێتــەوە، کــە بەر لە هاوسەرگیری و لە دەرەوەی ئەم دەزگایەدا ئەنجام دەدرێن. «یاســاکــانی ئاکــار» و دابونەریتــیش لە کــۆمــەڵگەکــانی ئێــمەدا، لەسەر بنەمای ئەم فــۆبیایە دامــەزراون؛ بۆیەش ئاکار کــاتێک واز لە هەمــوو بەهایە چاکەکان دەهێنێ لە پێناو نەریتی ســەرکــوتکردنی ئارەزووی ســێکســـدا، ئاساییە، کە دیاردەی میــتۆدانەی کوشتن بەرهەم بهێنێ. ئاکـــار لێــرەدا، کــە خــۆی ئاکــارێکی نیــرۆتیکیــیــە (دەمارگیرییە) ، لەگەڵ خۆیدا تۆوی توندوتیژی و کــوشتن هەڵدەگرێ (بەرهەم دەهێنێ). ئەم ترسە ترسێکی وەهمی نییە، ترسێکی واقیعییە. ئەم ترسە ترس نییە لە جنۆکە، بەڵکو ترســە لە حــەقــیــقــەتی مــەرگ: مــەرگــێکی تاوانکارانە. بەڵێ، بەم شێوەیەش لە ئاکامدا کولتوور (ژیار) ، فۆبیا بەرهەم دەهێنێ !

**ژێدەر و پەراوێزەکان:**

**(١) هێلمۆت یونکەر. دەروونناسی ترس. و: ناسر سەلاحی، ل ١١.**

**(٢) ئێـمـە لێـرە مـەبەسـتـمـان ئەوە نیـیـە، کـە بڵـێین خێـزان، دەســەلات فــێــری دیاردەی ترســاندن دەکــا، بەلام خــێــزان وەک دەزگایەکی کۆمەلایەتی پەروەردەیی، بەرپرسیاری یەکەمی پەروەردە کردنی تەمـەنی منداڵـییـە، لێرەوە خێـزان بایەخی یەکجـار گرنگی خـۆی لە ژیانی تاکـدا هەیە، بۆیە ئێـمـەش لەگـەڵ قـسـەی بەڕێز یونکەر، خێـزانمان بە یەکـەمین دەزگـای ئەگـەری ترسـاندنی منداڵ (مرۆڤ) دانا. هەڵبـەت ئێـمـە دەزانین، دەسـەلات هەمـیـشـە ئەو بونیـادانە بەرهەم دەهێنێ لە کـۆمـەڵگەدا، کـە دەشێ ئەوانیش بە دەوری خـۆیان سـتـەم (ترس) بەرهەم بهـێنن. دیارە ئێـمـە لێـرە مـەبەسـتـمـان لە دەسـەلات، دەسـەلاتێکی کـۆمـەلایەتی و سـیـاسی تەقلیدی و نادیموکراسییە.**

**(٣) هەمـوومـان ئەیووب دەناسین. ئەو منداڵەی ئەشکەنجەدانی باوکی کـوشـتی؛ کـاتێـک لە شـاشـەی بەرنامـەی زووم ئین–ەوە، مەرگی ئەم پەپوولەیە هەموومانی تووشی تاسان و خەم کرد.**

**(٤) ئەمـە ئەفسـانەیەکی باوی شاری هەولێرە و ئەم ترسەمـان بۆ بەرجەسـتـە دەکا. وەک لە واتای گوتەکاندا دیارە، دایک لە کاتی گریان و خەواندنی کۆرپەی ناو لانک دەیانڵێ. ئەمە هەم وەزیفەی لاوانـدنەوە، هـەم وەزیفـــــەی تـرســـــــاندنی هەیـە. بە واتـای لاواندنەوەیەک بۆ ئەوەی منداڵ بخـەوێ؛ ئەگـەر نەشـخـەوت ئەوە دەسـتـەواژەکـە (گـورگـانە شـەوێ) دەیانتـرسـێنێ، تا ژێر ببنەوە و بخەون. هەر چەند کۆرپە لە واتای وشـەکانی ئەم دەسـتـەواژانە تێ ناگـا، بەلام ئەم گـوتانە لە ژیانی پەروەردەی کـۆمـەڵگەی ئێـمـەدا دەلالەتی خـــۆیان هەیە و هەروەها ڕەنگە لەرە و ڕەزمی دەنگی دایکیش، دەلالەتی پەیڤـەکـانی ئەم دەسـتـەواژانە بە گـوێچکەی کۆرپەدا بدا.**

**(٥) هێلمۆت یونکەر. دەروونناسی ترس . و: ناسر سەلاحی، ل ١٨٧.**

**زۆر بەر لە یونکەر، فــرۆنت باسی ترسی لە جنۆکـــە و پەری کردووە؛ کاتێک، کە فرۆید لە سەرەتای کتێبی (تەوتەم و تابۆ) ئاماژەی بۆ دەکا و کاتێک، کە فرۆنت پێی وایە ئەم ترسە سەرەتای دروسـتـبـوونی حـاڵەتی تابۆیە. لە ژێدەری (سـیـغـمـوند فـروید. الطوطم و الحرام. ت: جورج طرابيشي. ص ٣٨) بڕوانە .**

**(٦) ژێدەر: ئینتەرنێت.**

**(٧) هەمان ژێدەر.**

**(٨) د. علي كمال. النفس. ص ٢٢٥.**

**(٩) ئەریک فـــرۆم. بە ناوی ژیان–ەوە. و: ئازاد بەرزنجی. ل ٢٤٧**

**(١٠) جون ارنبيرغ. المجتمع المدني. ت: حسن ناظم ، علي حاكم صالح. ص ١٥٥**

**(١١) هەمان ژێدەر ل ٣٠٩**

**(١٢) بۆ ئەم زانیـارییـانە بڕوانە ژێدەری (فخ العولمة. تأليف: هانس–بيترمارتن ، هارالد شومان. ت: د. عدنان عباس علي. ص١١).**

**(١٣) ئەریک فـــرۆم . بە ناوی ژیان–ەوە. و: ئازاد بەرزنجی. ل٣٥.**

**(١٤) ديفـيـد هيلد. نماذج الديموقـراطيـة. الجزء الثـاني. ت: فاضل جتكر. ص٥١١.**

**(١٥) بول فـريشـاور. الجنس في العـالم القـديم. ت: فـائق دحدوح. ص ,٩٤**

**(١٦) سـيـغـمـوند فـرويد. الطوطم و الحـرام. ت: جـورج طرابيشي. ص٢٩.**

**(١٧) هەمان ژێدەر ل٤٧.**

**(١٨) هەمـان ژێدەر ل١٢. ئەمـە گـوتەی فریزەرە، کـە فـرۆید لە توێژینەوەکەیدا وەک ژێدەر بە کاری هێناوە.**

# یەکێتی نووسەرانی کورد ۱۹۷۰

مارف خەزنەدار

(۱)

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بیری دروست کردنی ڕێکخراوێکی ئەدەبی کوردی لە مێشکی کۆمەڵێک نووسەر و شاعیری کوردی سلێمانی و بەغدا چەکەرەی کردبوو. لە پێشانا لەکۆبوونەوە و یەکتری بینینی ڕۆشنبیریدا باس دەکرا. لەپاشانا ئەوەی من ئاگاداربم حەمە ساڵح دیلانی شاعیر وتارێکی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە بەناوی «پێویستیمان بە ڕێکخراوێکی ئەدەبی هەیە». ئەوکاتە من لە بەغدا بووم هەواڵی کۆششی هەندێ لە نووسەر و شاعیرانی سلێمانیم دەبیست لە پێناوی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە، بەڵام هەوڵ و تەقەللایان بە ئەنجام نەگەیشت.

لەو ڕۆژانەدا بوو کوودیتا عەسکەرییەکەی عەبدولکەریم قاسم لە بەغدا ڕژێمی مەلیکی لە عیراق ڕووخاند (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨)، ئاسۆیەکی فراوان بە ڕووی چاکسازی کرایەوە. ئیتر هەڵسوکەوت لەبار بوو بۆ دروست بوونی ڕێکخراوی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و هونەری و ئەوانی دیکە.

(۲)

لەدوای ڕووداوی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی بەغدا کۆمەڵێک لە نووسەر و شاعیرانی عیراق بە کورد و عەرەبەوە هەوڵی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی عیراقیان دا. ئەوانەی ناویان لەبیرم مابێ محەمەد مەهدی جەواهیری و محەمەد ساڵح بەحرولعولووم و عەبدوڵڵا گۆران و ڕەفیق حیلمی و ئیبراهیم ئەحمەد و هی دیکە بوون. ئەمانە بە ڕەسمیی مۆڵەتیان بەناوی «یەکێتی نووسەرانی عیراق»ەوە دەست خست. بەپێی بەرنامەی ڕێکخراوەکە لە هەموو موحافەزەکان (ئەوکاتە

لیواکان) نووسەر و شاعیرانی دەیانتوانی لقی یەکێتی دروست بکەن. بێ گومان بوونی قەومی لە موحافەزەکاندا ناوەرۆکی ڕێکخراوەکەی دەخستە ڕوو. بۆ بەڵگە ئەگەر لە شاری بەسرە لقی یەکێتی بکرێتەوە ڕێکخراوەکە مامەڵە لەگەڵ ئەدەبی عەرەبی دەکا، خۆ ئەگەر لە سلێمانی بکرێتەوە دیارە بەناوی ئەدەبی کوردییەوە دەبێ.

ئەوەی من لەبیرمە و ئاگادارم لە شارەکانی کوردستانی عیراق لەهیچ یەکێکیاندا لقی ئەو یەکێتییە دانەمەزرا تەنیا لە کەرکووک نەبێ. ئەوکاتە لە قوتابخانەی ناوەندی شەرقییە مامۆستای زمانی عەرەبی بووم.

ئەوەی لەبیرم مابێ من و عەبدولسەمەد خانەقا و عەبدولعەزیز خانەقا و زوهدی داوودی و مارف بەرزنجی و مستەفا نەریمان و هی دیکە هەوڵی دروست کردنی لقی یەکێتییەکەمان دا. لق دامەزرا، دوکانێکمان نزیکی بەڕێوەبەری کارەبای کەرکووک بەرانبەر بە نامەخانەی گشتی بەکرێ گرت. بە کوردی و تورکمانی و عەرەبی لەسەر دەرگای بارەگاکە «یەکێتی نووسەرانی عیراق-لقی کەرکووک»مان نووسی. وەزعی کەرکووک نالەبار بوو، ئاژاوە بوو، باوەڕ ناکەم لەو بارەگایەدا لە دوو سێ جار زیاتر کۆبوونەوەمان کردبێ. بارەگا کورسی و مێزێکی بچووکی لێ بوو، لەگەڵ جێگە بۆ دانیشتنی دەوروبەری دە دوازدە کەس.

ئەوەی لێرەدا پێویستە بیهێنمەوە بیری خوێنەر و خوێندەواری کورد ئەوەیە لە ڕۆژی یادی یەک ساڵەی ١٤ی تەمووز لە ساڵی ١٩٥٩، یەکێتی نووسەرانی لقی کەرکووک لە ڕێڕەوە ئاشتیخوازە مەزنەکەدا بەشداریی کرد. لەو کاتەی وەفدی یەکێتی نووسەران بە خۆی و بە دروشمە گەورەکەیەوە لە ناوەڕاستی پردی خاسە بوو، لە دیوی قەڵاوە دەپەڕییەوە دیوی قۆریە، لە چایخانەکەی بەرانبەر تەقە دەستی پێ کرد، خوم شێوا، ئاژاوە لە دایک بوو، ڕق و کینی شۆڤێنییەتی بۆگەن کەوتە جووڵە، خۆشی بوو بە ناخۆشی، بەدبەختی بەسەر بەختیاریدا زاڵ بوو و بوو بە کوشتار و خوێن ڕشتن، ئەم کارەساتە سێ ڕۆژ بەردەوام بوو.

لە دوای ئەمە بۆ ماوەی هەشت ساڵ بە مەبەستی خوێندن لە نیشتمان دوورکەوتمەوە، لەسەردەمی ژیانی دەرەوەی وڵات ئاگاداری هەوڵ و کۆششی نووسەر و شاعیران نەبووم لە مەسەلەی دروست کردن و دامەزراندنی ڕێکخراوی ئەدەبی، بەڕاستیش نووسەران لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، لەو کاتەی شۆڕشی ئەیلوول لەناوەوە بوو، بیریان لە دامەزراندنی ڕێکخراوی ئەدەبی نەدەکردەوە.

(٣)

لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨ گەڕامەوە نیشتمان، نێوانی دەسەڵاتی بەغدا و شۆڕشی کورد هەندێ هێور بوو. ڕۆژنامەی «التآخی= برایی» پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەردەچوو. جەماعەتی ئیبراهیم ئەحمەد لاتەریک کرابوون. سەرۆکەکانی ماڵ و جێگە و ڕێگەیان لە بەغدا لە شەقامی فەلەستین بوو. لەپاش ماوەیەکی کەم جەماعەتی«التآخی» بەبێ شەڕ و شۆڕ چوونەوە ناو شاخ. لەدوای ئەوان جەماعەتی ئیبراهیم ئەحمەد هاتنە پێشەوە، ڕۆژنامەی «النور»یان بەزمانی عەرەبی لە بەغدا دەرکرد و بەزمانی کوردی لە سلێمانی خەریکی کۆواری هەفتانەی «ڕزگاری»یش بوون.

وەزع هەندێ هێمن بوو، شەڕ لەناو شاخدا وەستا بوو. کاتێکی لەبار بوو نووسەر و شاعیرانی کورد بکەونە جووڵە و ڕێکخراو دامەزرێنن. ماوەیەک لەمەوبەر دەسەڵاتی بەغدا بۆ چاکەی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی کوردی هەندێ قانوونی دەرکردبوو، لەوانە دامەزراندنی زانستگای سلێمانی و کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا، لەگەڵ ڕێگەدان بە کورد بە ناوی قەومییەوە ڕێکخراوی ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتی و لاوان و ئافرەتان و هی دیکە دروست بکەن. بەم ڕەنگە کۆمەڵێک لە نووسەر و شاعیران بۆ ئەم مەبەستە کەوتنە جووڵە.

لەناو ئەو کەسانەدا جووڵانەوە و هاتوچۆ بۆ ئەم کارە بە کاکە مەم بۆتانی سپێررابوو، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی پلەی بەرهەمی ئەدەبی لە هەمووویان بەرزتر بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەتەمەن لە هەموویان بچووکتر بوو. بەم جۆرە کەوتینە کار، هەشت نۆ کەسێک هەر هەفتە لە ماڵی یەکێکمان کۆ دەبووینەوە. ئەوەی پێویست بوو بۆ مۆڵەت وەرگرتن بە ڕەسمیی جێ بەجێ کرا. پێشین هیچ حسێبێک بۆ ئەوە نەکرابوو کێ دەبێتە ئەندامی بەڕێوەبەر، یان کێ دەبێتە سەرۆک، بەڵکو ڕەچاوی ئەوە کرابوو ناوی دەستەی دامەزرێنەر دیار بکرێ بۆ ئەوەی مۆڵەت بۆ ڕێکخراوی «یەکێتی نووسەرانی کورد» بە ڕەسمیی لە وەزارەتی ناوەوەی عیراق لە بەغدا

وەربگیرێ، لە پاشانا کۆنگرە بە هەڵبژاردنی نهێنی دەستەی بەڕێوەبەر و سەرۆک و سکرتێر دەستنیشان دەکرێ.

ڕۆژی مۆڵەت وەرگرتن کەوتە ٢٠ی شوباتی ١٩٧٠، ئەو ڕۆژە ناونرا «جەژنی نووسەری کورد». لە دوای ماوەیەکی کەم ڕێکەوتننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ بلاوکرایەوە. قانوونی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عیراق ئیمزا کرا، جەماعەتی پارتی دیموکراتی کوردستان گەڕانەوە بەغدا، ئاشتی کەوتە نێوان دەسەلات و شۆڕش. بەم جۆرە دەبوو جەماعەتی ئیبراهیم ئەحمەد پشتگوێ بخرێن، مەسەلەش هەروا کەوتەوە.

وەزعی تازە ڕەخنەی لە دەستەی دامەزرێنەر گرت، هەموو کەسەکانی بەدڵ نەبوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی نابێ کاکەمەم بۆتانی و خالید دلێر لەناو ئەو دەستەیە بمێنن، نەک تەنیا ئەوە، بەڵکو ئارەزوویان ئەوەبوو مۆڵەتەکەی یەکێتی نووسەران ئیلغا بکرێ و سەرلەنوێ تازە بکرێتەوە، بەلام لە پاشانا بەوە ڕازی بوون تەنیا ئەو دوو کەسە دووربخرێنەوە. ئەمانە هەڵوێستیان خراپ نەبوو، خۆیان دوورکەوتنەوە بۆ ئەوەی کاروباری کۆنگرەی یەکێتی نووسەران بە ئەنجام بگا.

ئێمەی دەستەی دامەزرێنەر خۆمان بۆ کۆنگرە کۆکردەوە، ئەوەی لەمانگی تەمموزی ١٩٧٠ لە هۆڵی خولد لە بەغدا بەسترا. لەو جموجۆڵییەدا هەژار پەیدا بوو، پێش کۆنگرە وەکو سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی داهاتوو پەنجەی بۆ درێژ دەکرا. هەرچۆنێ بێ کۆنگرە بەسترا، هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر کرا، من بایی ئەوەندە دەنگم وەرگرت ببم بە یەکێک لە دەستەی نووسەران، هەژاریش بێ سێ و دوو بوو بە سەرۆکی یەکێتییەکە.

(٤)

لەگەڵ ئەوەی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بووم، بەلام ئەوەندە پێیەوە نەنووسابووم و ئارەزووی ئەوەم نەبوو ببم بە بەڕێوەبەری یەکێک لەو لیجنە خوێندەوارییانەی دروست دەکران. بۆ ئەم مەبەستە هاشم عەقراوی پێوەندی پێوە کردم و وای بە باش دەزانی ببم بەسەرنووسەری ئەو کۆوارەی بەناوی «نووسەری کورد»ەوە یەکێتی نووسەران دەری دەکا. ئەمە هەرچەندە بەشداری کردن بوو لە جموجۆڵی ڕۆشنبیری لە یەکێتییەکەدا، بەلام لەلایەکی دیکەوە لەکاروباری دەستەی بەڕێوەبەر دووری دەخستمەوە. بەهۆی قسەکردن لە سەرنووسەری کۆوارەکە دەبێ بڵێم زۆر سەیرە (نووسەری نوێ)ی لقی هەولێری یەکێتی نووسەران، نووسەرێکی کردووە بە خاوەنی ئیمتیاز، کە لە هەموو عالەمدا شتی وا ڕووی نەداوە، چونکە لە کۆوارەکە خۆیدا دەنووسرێ ئۆرگان، یان بلاوکەرەوەی یەکێتی نووسەرانە.

لە سەرەتادا ئیشوکاری کۆوارەکە بەرێکوپێکی دەچووەسەر، دەستەی بەڕێوەبەر حسێبێکی ئەوتۆی بۆ نەدەکرد، هەندێکیان نەک بەشدارییان لە نووسینیدا نەبوو، بەڵکو نەشیان دەخوێندەوە.

لەپاش بلاوکردنەوەی چەند ژمارەیەک لە نووسەری کورد، پەیمانە ستراتیجییە شوومەکەی نێوان سۆڤیەت و عیراق بلاوکرایەوە، ئەوجا پەیمانە بێ تامەکەی نێوان حزبی کۆمۆنیستی عیراق و بەعسی عیراق بلاوکرایەوە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کۆمۆنیستانی کورد قسەیان لە یەکێتی نووسەران بڕوا. ئەوەی ڕوون و ئاشکرا بوو لەناو کۆمۆنیستانی کورد شاعیر، یان نووسەرێکی وانەبوو ناسنامەی ئەندامیەتی لە گیرفانیدا بێ و شایانی ئەوە بێ ببێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر. ئەوە ڕاستە زۆربەی ئەو ئەندامانە دۆست و لایەنگریان بوون، بەلام ناسنامەیان لە گیرفاندا نەبوو، لەبەر ئەوە کەسێکی کۆمۆنیستی وا کەوتە ناو دەستەی بەڕێوەبەرەوە کە شایانی ئەو جێگەیە نەبوو.

هەرچۆنێ بێ کۆمۆیستەکان کۆواری نووسەری کورد- یان داگیرکرد، بە ڕوخسار و ناوەرۆک گۆڕییان، دروشمە کلاسیکییە جوانەکەی بەدیع باباجان دروستی کردبوو سڕییانەوە، ناوەرۆک بوو بە قسە ناشیرینەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم کە کۆمۆنیستەکان ئەوەندە ڕقیان لە وشەی «کوردستان» بوو، بۆ ئیستفزازی کورد ئەگەر گوێیان لە ڕستەی «لاوانی کوردستان» بوایە دەیانگوت «لاوانی قلیاسان».

بەم جۆرە ئاگام لە ژمارەکانی دوایی «نووسەری کورد» نەما، کەچی هێشتا وەکو سەرنووسەر ناوی منی بەسەرەوە بوو. ئەوکاتە سالح یووسفی سەرۆکی یەکێتی نووسەران بوو، ئیتر من بووم بە قوربانی پیاوچاکیی سالح یووسفی، چونکە موجامەلەی کۆمۆنیستەکانی دەکرد و منیش زۆر لێیەوە نزیک بووم، بەهیچ جۆرێ بۆم نەدەکرا خۆم لەم هەڵسوکەوتە نالەبارە ڕزگار بکەم.

بڕیار وابوو کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نووسەران لە ناوپردان بکرێ، بەڵام ئەوکاتە هەڵسوکەوتی شۆڕشی کورد و دەسەڵاتی بەغدا ئومێدی خۆشی و ئاشتی لێ نەدەکرا، گیروگرفت و ددان جیڕکردنەوە لەوکاتەدا کەوتبوونە ناوەوە، ئەو شێوەیەی دەسەڵاتی بەغدا دەیویست بەکاری بێنێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئۆتۆنۆمی کوردستانی عیراق بەدڵی شۆڕش نەبوو، لەبەر ئەوە جێگەی کۆنگرە لە ناوپردانەوە گوازرایەوە هەولێر.

(٥)

لە سەرەتای دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی عیراق ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەکی ڕاستەقینە لەنێوان پەیمان بەستووآندا لەناوەوە نەبوو. لەلایەک ئێران بە فیتی ئەمەریکا دژی مافی مرۆڤی کورد بوو، لەلایەکی دیکەوە بەعس دەیویست بە مەفهوومی دیکتاتۆریەتی تایبەتی خۆی، وێنەی ناوەرۆکی ئەم مافە بخاتە ڕوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێوەندی لەنێوان شۆڕشی کورد و دەسەڵاتی بەغدا لێڵ و تاریک و بێ هێزتر دەبوو. ئەمە لە کاروباری یەکێتی نووسەراندا ڕەنگی دابووەوە. لە ساڵی ١٩٧٣ مەیدانی ئەو یەکێتییە زیاتر بۆ پڕۆپاگەندەی کۆمۆنیزم بەکاردەهێنرا، لەو دەمەی دەبوو بۆ چاکە و بەرژەوەندیی کۆمەڵی کوردەواری بێ. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا باوەڕم بەوە نەمابوو مانەوەی من لەو یەکێتییەدا سوودی دەبێ، وا بوو لێی لا کەوتم. لەو کاتەوە لە دوور و نزیکەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ پێوەندیم بەم ڕێکخراوەوە نەماوە.

لە دوای ئەوە یەکێتی بوو بە مەیدانی زۆرانبازی سیاسی لەنێوان حزبی بەعس و حزبی کۆمۆنیست و حزبە کارتۆنییەکانی بە ناوی کوردانەوە حزبی بەعس لە بەغدا دایمەزراندبوون. ئەمە لەساڵی ١٩٧٤- ١٩٧٥ لەوکاتەدا شەڕ لەنێوان شۆڕشی کورد و دەسەڵاتی بەغدا دەستی پێ کردەوە. لەدوای ئەویش بوو بە داردەست، ڕێکخراوە جیاوازەکان بەناوی کوردەوە بۆ چاکەی خۆیان بەکاریان دەهێنا. هەندێ ڕۆشنبیر و نووسەریش لە سایەی ناوی ئەم ڕێکخراوەوە خەڵاتی باش دەکران. ئەم حاڵە نالەبارە تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ مایەوە، لەدوای ئەم ڕاپەڕینەش بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵ هەتا ئەمڕۆ ئەم یەکێتییە بە ناو زیندوو و بە لەش مردوو مایەوە. قازانجی گیرفانی بۆ هەندێ نووسەر زۆر بوو. لەم ماوە درێژەدا، نزیکەی چل ساڵ من لێی دوور بووم و ئاگاداری کاروکردەوەی نەبووم، ئەوە نەبێ وەکو بێ لایەنێک بەشداریم لە زیندووکردنەوەی لقی هەولێردا کرد.

(٦)

لەسەر داوای هەندێ لە ئەندامانی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی مردوو لەپاش ڕاپەڕین هەرەوەزی و بەشداریم لە زیندووکردنەوەی لقی هەولێردا کرد، زیاتریش بەهۆی هاندانی سەرۆ قادر و ئازاد عەبدولواحید و مەهدی خۆشناوەوە بوو. بێ گومان ئەمانە بە دڵسۆزی و بەپێی بەرنامەی یەکێتی لقەکەیان دامەزراندەوە. بەناوی لقەوە ئەندامەکانی کەوتنە کار بەو مەرجەی ئەندامی تازە وەرنەگرن و هەر بەشێک بن لە یەکێتییە مردووەکە. من لێیان نزیک بوومەوە و بەشداریم لە کۆبوونەوەی ڕۆشنبیری و سیمینارەکانیاندا کرد، بۆ گۆوارەکەیانم نووسی، ئەم پێوەندییەی من زیاتر لە ئەنجامی دەنگدانەوەی دڵسۆزی شەهید مەهدی خۆشناو بوو، ئەم مرۆڤە دڵسۆزە خزمەتی ئەدەبی زۆر بوو کە لە سیاسەتەکەی کەمتر نەبوو. ئیتر لەدوای شەهید بوونی ئەو، منیش لە لقی هەولێری یەکێتی نووسەران دوور کەوتمەوە.

نوبشکی قسەم لەم بابەتەوە ئەوەیە من یەکێک بووم لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نووسەرانی کورد لە ساڵ ١٩٧٠ تەنیا نزیکەی چوار ساڵێک وەکو ئەندام تێیدا مامەوە، لەساڵی ١٩٧٣وە تا ئێستا هیچ پێوەندییەکم بەم ڕێکخراوەوە نەبووە.

(٧)

لەو کاتەی ئەم وتارەم بۆ «ڕامان» دەنووسییەوە، وتیان ئەو یەکێتی نووسەرانەی لەماوەی چل ساڵدا بەناو زیندوو و بەناوەرۆک مردوو، زیندوو دەکەنەوە. ئەم هەواڵە دڵی خۆش کردم و پێی شاد بووم. هیوام وایە ئەم دەستە تازەیە وەکو کۆنەکە نەبن. ئەوەی دەبێتە سەرۆک پێویستە بەهەڵبژاردن و دەنگدان بێ، کە بوو بە سەرۆک دەستەودایەرە بۆ خۆی دروست نەکا، خولاسە یەکێتی لەسەر خۆی تاپۆ نەکا، بۆ ئەوەی منیش قسە نەستەکەی تورکی دووبارە نەکەمەوە «عەینی تاس عەینی حەمام». واتە تاس و حەمامەکەی (١٩٧٠) لە (٢٠١٠) تازە نەبێتەوە.

**٢٠١٠/٧/١**

# مۆرفی سفرٍ و مۆرفی بەتاڵ

**سەلام ناوخۆش***
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردەی بنیات)**

دەروازەیەک: مـۆرف، فـۆرمـێکی پەیوەسـتـە. جگە لە مـۆرفی سـفـرٍ و بەتاڵ، هەر مـۆرفـێکی تر وابەسـتـەی مۆرفیمە؛ هەربۆیە قسە کردن لەسەر چەمکی مۆرف، بێ زانینی چیـیـەتی چەمکی مـۆرفـیم ئامـانجـێکی ڕوونی نابێت.

ئەم کـــورتە لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات لە چەمکی مـۆرفـیم و مـۆرف بدوێ. هەروەها جەخـتـێکی بنەڕەتی لەسەر سێ چەمکی مۆرفی سفرٍ و مۆرفی بەتاڵ و مۆرفی پۆرتمانتـۆ بکات. ئامـانجی سـەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەیەک جـیـاکـردنەوەی ئەو سێ چەمکەیە. هەرچی دۆخی دەرکـەوتن، یان بوونە (سـفـرٍ) و (بەتاڵ)ی هەیە، ئەوە تەنیا تایبەتە بە (مۆرف) نەک مۆرفیم. هێندێ وشە کە بە «بەتاڵ» ناودەبرێن، ئەدگـار و تایبـەتمەندی (مـۆرفی بەتاڵ) یان نـیـیە، ئەوەی هەیە خودی وشـەکـەیە، نەک لە ڕۆنانەوە، وەک «بەتاڵ» دەربکەون. لەسـەر ئەم بنەمـایە، هێڵی جیاکەرەوەی مۆرفی بەتاڵ و وشەی بەتاڵ وەک دوو ناسنامەی جودا، کێشراوە.

### چەمکی مۆرفیم

لە مێژووی مۆرفۆلۆژیدا، پێناسەیەکی زۆر بۆ چەمکی مۆرفیم کراوە. ئەمانەی خوارەوە هەندێ لە پێناسەکانن:

* مۆرفیم وشەیەکی سەربەخۆیە، یان بەشێکە لە وشە.
* مۆرفیم بچووکترین یەکەی ڕێزمانییە.
* مۆرفیم بچووکترین یەکەی زمانە.
* مۆرفیم بچووکترین یەکەی جیاکەرەوەی ڕێزمانە.

زمـانەوانان هەندێ ئەدگـاریان بۆ مـۆرفـیم داناوە کـە مەرجی (مۆرفیم)- بوون دەگەیەنن:

١- مۆرفیم وشە بێ، یان بەشێک بێ لە وشە، واتای

هەیە.

٢- مۆرفیم شیانی ئەوەی هەیە لە چەند ژینگەیەکی زمانەوانیدا دەربکەوێ.

٣- مۆرفیم یەکەیەکی ئەبستراکتییە.

٤- مۆرفیم بۆ یەکەی لەخۆی بچووکتر دابەش ناکرێ.

٥- لە پۆلینکردنی دیارکردنی بەشە سەرەتایی im-mediate constituent و بەشە کۆتاییەکان- ul-timate constituent دەبێت ڕەچاوی پێکهاتەی بنەڕەتی مۆرفیم بکرێت نەک دابەشکردنێکی ڕەمەکی!

ئەدگارەکانی مۆرفیم لەرزۆکن، چونکە ئەو ئەدگارانە لە بەرانبەر هەندێ وشەدا ڕاست دەرناچن. مەرجی هەبوونی واتا، مەرجێکی شلۆقە. ئەوەتە، چەند وشەیەک لە زمانی ئینگلیزیدا هەن، شێوەیان هەیە، بەڵام (واتا)یان نییە. وشەی (Cran-) و (rasp-) لە Cranberry و raspberry هیچ واتایەکیان نییە.

لە زمانی کوردیشدا، چەند وشەیەک هەن لەو ژینگانە بە تەنیا هیچ (واتا)یەکیان نییە:

- نان و مان
- ژن و من
- قاپ و ماپ
- دز و مز

لەلایەکی ترەوە، ئەوەی شێوەی فۆنیمی هەیە، مۆرفە نەک مۆرفیم، چونکە ئەوە مۆرفە نەک مۆرفیم کە لە فۆنیم پێکدێ. وێڕای ئەمانەش، هەموو مۆرفیمێکی سەربەخۆ، ئەو شیانەی نییە کە لە چەند ژینگەیەکی جودا بێ. ئەو بڕیارە ڕەهایە، لەوانەیە لەگەڵ زۆرێک لە مۆرفیمی بەند لەجێی خۆیدا بێ، بەڵام بۆ مۆرفیمی سەربەخۆ، بۆ نموونە لە کوردیدا، لە جێی خۆی نییە:

* کوڕگەل- کچ گەل*
* مێگەل ، نێرگەل*

مۆرفیمی بەندیش بەشێوەیەکی ڕێژەیی، نەک ڕەهایی، لە ژینگەی جودا دەردەکەون، ئەوەتە مۆرفیمی ناسین (-ەکە) و کۆ (-ان) لەگەڵ ئەو وشانە نایەن:

- سەوزە: سەوزەکان*
- مێوە: مێوەکان*

ڕاستە مۆرفیم بۆ یەکەی لە خۆی بچوکتر دابەش ناکرێ.

## مۆرف


مۆرفیم زیاتر یەکەیەکی نابەرجەستەیە abstract هەرچی مۆرفە ئەوە نواندنی فۆنۆلۆژیی مۆرفیمە. مۆرفیم لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆژی کاری لەسەر دەکرێ، هەربۆیە دەبێت مۆرفیم لەنێوان دووکەوانە (  ) دابندرێ هەرچی مۆرفە، چونکە شێوەی فۆنەتیکی مۆرفیمە دەبێ لەنێوان [  ] دابندرێ:


- (کوڕ) مۆرفیم
- [کوڕ] مۆرف
- (- ەکە) مۆرفیم
- [- ەکە] مۆرف

هەرچەندە زۆربەی مۆرفیمی کوردی تەنیا یەک مۆرفی هەیە، بەڵام ناتوانین بێژین پێوەندی نێوان مۆرفیم و مۆرف پێوەندییەکی یەک بە یەکییە، چونکە هەندێ مۆرفیمی کوردی زیاتر مۆرفێکی هەیە. ئەو وشانەی خوارەوە تەنیا یەک شێوە خوێندنەوە و فۆرمی فۆنەتێکیان هەیە:

- (بەفر) مۆرفیم ــ [بەفر]
- (شار) مۆرفیم ــ [شار]
- (پار) مۆرفیم ــ [پار]...تاد

هەندێ ڕەگی کوردی زیاتر لە مۆرفێکیان هەیە:




هەروەها زۆربەی مۆرفیمە بەندەکان زیاتر لە مۆرفێکیان هەیە:

مۆرفیم: ـــــــ (- ەکە)
مۆرف: /-ەکە/، /-یەکە/، /-کە/
کوڕەکە چایەکە چەنەگەکە

هەردوو فـــۆرمی /-ک/ و /-ە/ مـــۆرفی تەواوی مـۆرفـیـمی (-ەکـە) نیین، چونکە یەکێ لە مـەرجـەکـانی (مۆرف بوون) دەبێ ئەو فۆرمانە خاوەن ژینگەی تایبەت بە خۆیان بن و لەبریتی یەکتر لە (جێ)ی یەکتر نێن.

شـێوەی /-ک/ بە تـەنیا وەک مـۆرفـێکی کـۆ نایەت، هەرچی شـێـوەی /-ە/یە، ئەوە لە هەندێ ژینگەدا لە بریتی یەکتر دێن:

- ژنەکە بە دوو کەوت.
- ژنە بەدوو کەوت.

لەلایەکی تر، مۆرفـیـمی (-ان) چەند شـێوەیەکی نا- ڕێسایی هەیە، کە هەریەکـەیان بە مۆرفی ئەو مۆرفـیـمە دادەنرێن، چونکە ئەو شێوانە تایبەتن بە چەند وشەیەکەوە و لەبریتی یەکتریش نایەن:

- (کوڕ) ـــ /کوڕان/ هەروەها /کوڕەکان/
- (ژن) ـــ /ژنان/ هەروەها /ژنەکان/
- (کورسی) ـــ /کورسیان/ بەڵام /کورسییەکان/

ئەو مـــۆرفـــانەی خـــوارەوە، مـــۆرفی تـەنیـــا پاشگری کۆکردنەوەن:

(سەوزە) ـــ /سەوزەوات/
(شووشە) ـــ /شووشەوات/
(مێوە) ـــ /مێوەجات/

هەریەک لە /- ەکە/، /- یەکە/، /- کە/ پێکەوە ئەلۆمۆرفی- allmorph مۆرفـیـمی (- ەکە)ن، هەروەها /-ان/، /-وات/، /-جات/ ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی (-ان)ن.

لەمەدا دەردەکەوێ کە مۆرف تەنیا شێوە دەنگییەکەی مـۆرفـیـمە. ئەو هەمـوو شێـوانە- ئەلۆمـۆرفـانە هەریەکـە ژینگەی وشەی تایبەت بەخـۆیان هەیە، لە بریتی یەکـتـر نایەن هەروەها مۆرف واتای وشە ناگۆڕێ:

- (سەوزە) ـــ /سەوزەیان/ ـــ /سەوزەجات/
- (مێوە) ـــ /مێوەیان/ ـــ /مێوەوات/
- (کوڕ) ـــ /کوڕەوات/ ـــ /کوڕەجات/

**مۆرفی سفر**

مۆرفی سفر ئەو مۆرفەیە کە لەگەڵ مۆرفیم یەک شێوەی هەیە- بەشێوەیەکی تر لە پرۆسەی دروستکردنی ئەو جۆرە مـــۆرفـــەدا، (input) و (out put) وەک یەکن و هیچ گـۆڕانکارییـان تێـدا دروست نابێت. ئەو جۆرە مـۆرفـە لە زمانی ئینگلیزیدا لە چەند شوێنێک دەردەکەوێت:

١- لە کـۆکـــردنەوەی هەندێ ناو (بەتـایبـەتی نـاوی هەندێ گـیـانەوەر وەک Swine- بەرازی مێ، Sheep- پەز،

مۆرف مۆرفیم
- (Sheep) ---- /Shi:p/
- (deer) ---- /dia/

٢- لە گـــەردانەکــــردنی هەندێ فــــرمـــــاندا، هیچ جیـاوازییـەک لەنێـوان چاوگی فـرمـانـەکـە و شـێـوەی ڕابردووی فـرمانەکەدا نییـە، بە واتای مـۆرفیم و مـۆرف وەک یەکن

مۆرف مۆرفیم
- (cut) ---- /kat/
- (put) ---- /put/
- (Set) ---- /set/

٣- ئامرازی سفر. لە چەند شوێنێک بەتایبەتی لەگەڵ ناوی مەعنەوی، ئامرازی سفر لە بریتی ئامرازی ناسین و نەناسین لە ئـینگلیـزی و کـوردیدا دەردەکـەوێ، بەڵام لە عەرەبیدا پێچەوانەی ئینگلیزی و کوردییە:

- ژیان خۆشە.
- Life is nice
*- ژیانەکە خۆشە.
- The like is nice.
-* حیاة جمیلة
- الحیاة جمیلة.

٤- فرمانی (بوون) لەهەندێ پێکهاتەدا لە ئینگلیزی و کوردیدا دەرناکەوێ:

- The sonner ( ) the better.

نان بۆ نانەوا ( ) گۆشت بۆ قەساب( ).

٥- ئامـــرازی لێکدەری (that) (کـە) لە ڕســتــەی ناڕاســتـەوخـۆدا In direct speech بە (سـفـر) دەبێ، چونکە لە دۆخی بەرکارە:

- He Said ( that) he was coming.

ئەو وتی (کە) ئەو دەهات.

٦- لە Relative clauseیش کلۆز دیارخـەر دەکرێ لە

هەندێ حاڵەتدا ببێ بە سفر
- The man (whom) you met
- ئەو پیاوەی (کە) تۆ بینیت...
- The book (which) you bought
- ئەو کتێبەی (کە) تۆ کڕیت...

**مۆرفی سفر و مۆرفی پۆرتمانتۆ**

مۆرفی پۆرتمانتۆ ئەو مۆرفەیە، کە کۆمەڵێک ڕەگەزی ڕێزمانی جودا لەخۆ دەگرێ. ئەو جۆرە مۆرفە بە (جانتایەک) چواندرایە کە کۆمەڵێک کەرەستەی ڕێزمانی جودا لەخۆ بگرێ. هەبوونی (s) بە کۆتایی کاری ئینگلیزییەوە، چەند ئەرکێکی ڕێزمانی نیشان دەدات: دەمکات، کەسی سێیەمی تاک، کات

- speaks ⟶ He speaks..
- plays ⟶ She plays...

لە زمانی عەرەبی، جگە لەو سێ ئەدگارە، ئەوە تەنیا مۆرفێک ئەدگاری جێندەریش- Gender پیشان دەدات:

یذهب – هو (ئەوی نێر) ڕانەبردوو
تذهب: – هي (ئەوی مێ) ڕانەبردوو

لە دیاردەی کورتکردنەوەی ڕستەدا، هەردوو مۆرفی سفر و پۆرتمانتۆ دروست دەبن، هەردووک تەواو لەیەک جودان. مۆرفی سفر لە کورتکردنەوەی ڕستە (فۆرمێکدا) دروست دەبێ، وەک:

- من کارەکەم کرد ـــ کردم
- کر + د Ø + م
مۆرفی کارەکە ون دەبێ
- من ئەوم برد ـــ بردم
بر + د Ø + م
(ئەو) ون دەبێ

وێڕای ئەمەش، مۆرفی سفر لە نەرێکردنی ڕستەی کورتکراوە لە فۆرمێکدا دەردەکەوێ:

- دەڕۆم + نا ـــ نا Ø ڕۆم.
(دە) ون دەبێ
- دەخۆمەوە+ نا ـــ نا Ø خۆمەوە
(دە) ون دەبێ

مۆرفی پۆرتمانتۆ لە زۆر شوێن لەگەڵ مرۆفی سفر تێکەڵ کراوە. لە ڕستەی: (ڕۆیشت) وا پیشاندراوە کە هیچ مۆرفێک نییە، مۆرفیمی (ئەو) بنوێنێ! لە ڕاستیدا مۆرفی/ -ت/ مۆرفێکی پۆرتمانتۆیە، چونکە لەو ڕستەیە سێ ئەرکی ڕێزمانی پیشان دەدات:

- کەس: ئەو
- کات: ڕابردوو.
- دەمکات: ڕابردوو

مۆرفی /-ت/ تەنیا تایبەتە بە ڕاناوی (ئەو). لە ڕانەبردووش هەر دەردەکەوێ:

من دەڕۆم ⟵ من ⟵ م
تۆ دەڕۆی ⟵ تۆ ⟵ ی
ئەو دەڕوات ⟵ ئەو ⟵ ت

ئەمەو، وەنەبێ دەرکەوتنی مۆرفی /-ت/ بۆ مۆرفیمی (ئەو) تەنیا لە فرمانی تێنەپەڕ دەرکەوێت، بەڵکو لە تێپەڕیش دەردەکەوێ:

من ئەوم کوشت ـــ کوشتم. من ـــ م، ئەو ⟵ ت
تۆ ئەوت کوشت ـــ کوشتت.
ئەو ئەوی کوشت ـــ کوشتی.

بەڵام لە فرمانێکی وەک (چوو، بوو) جۆرە لێڵییەک دروست دەبێ. لەلایەک، لە ڕواڵەت مۆرفی سفر بۆ کەسی سێیەمی تاک دروست دەبێ:

من چوو م ⟵ من ⟵ م
تۆ چوو ی ⟵ تۆ ⟵ ی
ئەو چوو + Ø ⟵ ئەو ⟵ ی

هەروەها دەکرێ بڵێین لەم حاڵەتەدا دوو (واو)-ەکە هەم کات و دەمکات پیشان دەدات، هەم کەسی سێیەمی تاک!

**Empty morph – مۆرفی بەتاڵ**

ڕاسک (١٩٩٣: ٩٠) دەنووسێ: «مۆرفی بەتاڵ لە مۆرفۆلۆژی، ئەو مۆرفەیە کە هیچ مۆرفیمێک نانوێنێت». ئەو پێوەندییە «بەتاڵ»-ەی نێوان (مۆرف) و (مۆرفیم) لەکاتی ڕۆنانی وشەی دارێژراو و لێکدراو پەیدا دەبێ، پرسیارێک دروست دەبێ، ئایا مۆرفی بەتاڵ هیچ واتایەک لەخۆ دەگرێت؟

مۆرفی بەتاڵ شێوەی هەیە، بەڵام واتای نییە. هەبوونی شێوە فیزیکییەکەی لە زۆر زماندا بەرچاو دەکەوێت. لە زمانی ئینگلیزیدا لە چەند شێوەیەک دەردەکەوێ. وەک:

- psyche + logy = psychology
- Child + (r)-en = Children

- brother + en = brethren
- media event = mediar event

له زمــانی باسک Basqueیش ئەم دیاردەیە هەیە، هەر بۆ نموونە:

(دۆخ)
mendi + -e + -n + -ta = mendietan
(لەناو شاخەکاندا) (مۆرفی بەتاڵ) (کۆ) (شاخ)

لەزمـانی کـوردیشـدا ئەم دیاردەیە لە چەند شـوێنێکدا دەردەکەوێ وەک:

- نۆ + دە + -ز ـــــ نۆزدە
- ز ـــــ مۆرفی بەتاڵ
- شەش + دە + -از ـــــ شازدە
- از ـــــ مۆرفی بەتاڵ
- یەک + دە + -از ـــــ یازدە
- از ـــــ مۆرفی بەتاڵ

لە وشەی (یازدە) نەک هەر مۆرفی بەتاڵ دەردەکەوێ، بەڵکو مۆرفی سفریش: (-ەک).

لەکـورتکردنەوەی ڕسـتـە لە وشـەیەکـدا، لەکـرمـانجی ناوەڕاستدا مۆرفی بەتاڵ دروست دەبێ، بەڵام لە کرمانجی سەروو دروست نابێ:

- من بە ئەوم گوت (١) پێمگوت
(٢) گوتێ - گوتمێ

لەهەندێک شوێن /-م/ دەرناکەوێ دەبێتە مۆرفیمی سفرِ نەک بەتاڵ، هەروەها لێڵـی واتاییش دروست دەبێ، چونکە جێندەر ون دەبێ: (گوتە وی) یان (گوتە وێ)؟

## مۆرفی بەتاڵ و وشەی بەتاڵ

(مـۆرفی بەتاڵ) و (وشـەی بەتاڵ) نەک هەر هاوواتای یەکتـر نین، بەڵکو هیچ پێوەندییەکیان بەیەکەوە نییـە. وشـەی بەتاڵ، وشـەیەکی ڕێزمـانیـیـە Grammatical word و ئەرکی تەنیـا گـوزارشت کـردنە لە پێـوەندییـە ڕێزمـانییـەکان. جگە لە وشەی بەتاڵ، ئەو جۆرە وشـەیە چەند ناوێکی تری هەیە وەک وشـەی شـێـوە؛ وشـەی ئەرک؛ وشـەی پێکهـاتە. لە کـوردی، ئەو جـۆرە وشـەیە ئامـرازەکـانی ناسین و نەناسین و ئامـرازی پێـوەندی و بەستنەوە...تاد دەگرێتەوە.

وشـــەی بەتاڵ وەک مـــۆرفی بەتاڵ هیـچ واتایەکی لێکسـیکی هەڵناگـرێ، بۆیە ئەدگاری (بەتاڵ) بۆ وشەی بـەتـاڵ بەهـۆی نـەبـوونی واتـاوەیـە، هـەرچی (بـەتـاڵ)ی مۆرفی بەتاڵە بەهۆی نەبوونی هیچ ژێدەرێکی مۆرفیمییە بۆ ئەو مۆرفە، هەروەها ئەو مۆرفەش پەیوەستە بە ڕۆنانی وشە لە زمانەوە، ئەگەرنا وشەیەکی سادە بە تەنیا نابێتە مـۆرفی بەتاڵ وەک وشـەی بەتاڵ، کـە هەمـوو زۆربەی سادەن و بێ واتان.

جیاوازییـەکی تری نێوان مۆرفی بەتاڵ و وشەی بەتاڵ ئەوەیە؛ مـۆرفی بەتاڵ لە فـەرهەنگ نانووسـرێ، چونکە شێوە و یەکەیەکی سەربەخۆی نییە، هەرچی وشەی بەتاڵە هەموو لە فەرهەنگ وەک یەکەیەک دەردەکەون.

**ژێدەر:**

**1- Aronoff, M. 2005. What is Morphology?**
**2- Katamba, f. 1993. Morphology.**
**3- Spencer, A. 2001. The Handbook of Morphology.**
**4- Stageberg, N.C.1981, An Introductory English Grammar.**

* سەرۆکی ڕێکخراوی زمانناسی کوردی

# سۆز لە شیعردا

هاوژین صلیوە
(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی زمان)

سۆز (Emotion)، العاطفة تەزوویەکی گەرمە بەنێو دەمارەکانی لەشدا دێ و جەرگ و دڵ دەهەژێنێ، کڵپەی ئاگرێکە دڵ جۆش دەدات هێزێکە کار لە دڵ دەکات و تووشی هەڵچوون و داچوونێکی دەکات و ئەم هەڵچوون و داچوونە سەر دەکات و لە ڕوخسارێکی زەرد و ژاکاو و فرمێسکی ڕوون و گەرم خۆی نمایش دەکات.

سۆز بارانێکە بەسەر دڵ و ڕوحدا دەبارێت و سەرچاوەکان دەژێنێتەوە، شنە بایەکە پەنگرە دامرکاوەکانی دڵ دەگەشێنێتەوە، هێڵێکی ئەلیکترۆنییە لەنێوان دەق و خوێنەر، دەق چەندی سۆزێکی گەرموگوڕی تێدا بێت، ئەوەندە بە نەمری دەمێنێتەوە. کڵپە و بڵێسەیەک لەنێو دڵ و دەروونی خوێنەردا دەهێڵێتەوە. شیعر تا چەند سۆزدار بێت ئەوەندە زیاتر خۆی لە دیواری دڵ دەسوێت و دەچێتە ناوەوەی، ئەو شیعرەی سۆزێکی بەرزی تێدابێت، ئەوەیە لەگەڵ موعانات و کێشەی کەسەکان دەدوێت و ئەو کەسەی شیعرەکە دەخوێنێتەوە وا هەست دەکات ئەم شیعرە بۆ ئەو نووسراوە و خۆی داوای لە شاعیر کردووە شتێکی وای بۆ بنووسێت و وەک کامیرایەک وێنەی ژیانی کەسەکان دەگرێت، چونکە مرۆڤ لە زۆربەی هەست و سۆزەکاندا یەک دەگرنەوە و زۆربەی کێشەکانیش گشتین و لە تاکێتی خۆیان دەردەچن، هەمان کێشە لای کەسانی تر دەبینرێت. کاتێ شاعیر ئیلهامێکی بۆ دێت، دەست دەداتە نووسین و پێویستی بە خەیاڵ کردن هەیە، لەو کاتەشدا هەست بە هەڵچوون و داچوون و قورساییەک لەسەر دڵی دەکات، ئەمەش سۆزە و بارگە ئەلیکترۆنییەکانی خۆی بۆ خەیاڵ دەنێرێت و حاڵەتێکی دەروونی بە نووسەر دەبەخشێت، دوای نووسینی بابەتەکە ئیتر شاعیر لە دنیای خەیاڵ

دێتەوە و واقیع و دەریای سۆزی هێور دەبێتەوە و لە شەپۆل و هەڵکشان و داکشاندا لافاوەکانی کپ دەبنەوە و دێتەوە باری ئارامی جارانی.

چەند حاڵەتێکی هاوبەش لە نێوان خوێنەری دەق و نووسەری دەق هەیە، چونکە خوێنەری دەقیش کاتێ دەقێکی شیعری دەخوێنێتەوە بەرەو دنیای خەیاڵ دەڕوات بەرەو هەڵچوون، موچڕکەی گەرموگوڕ دەچێت. «مەبەست لە سۆز ئەو هەڵچوون و حاڵەتە حەماسییەیە کە شاعیر بەهۆی ڕووداوێکەوە لە خۆیدا هەستی پێدەکا و دەیەوێ لەو هەست و ئیحساسەی خۆیدا خوێنەر، یان بیسەر لەگەڵ خۆی هاودەم و هاوبەش بکات» (١). ئەگەر شاعیر نەیتوانی لەبەرهەمەکانیدا سۆزێکی بەرزی تێدا بەکاربهێنێت وا لە خوێنەریش نەکات ئەو سۆزەی تێدا بجووڵێ ئەوە شیعرەکانی لە جموجووڵ و بزاوتن دەکەون و بەها و جوانیشیان کەم دەبێتەوە، چونکە «وێنە بەبێ سۆزی گەرم ناتوانێت کاریگەری لەنێو دەروونی خوێنەر بەجێ بهێڵێت» (٢) ئەو دەقەی کە سۆزی کەمی تێدابێت، خوێنەر هەریەک جار دەیخوێنێتەوە، بۆ جارێکی تر ئارەزوو ناکات چاو بەو دەقەدا بخشێنێتەوە، چونکە هیچ تاموچێژێکی پێ نەبەخشیوە و گەرای لەنێو دڵ و دەروونیدا هەڵنەڕشتووە و تێنوێتی پێ نەشکاوە تا کەرەتێکی تر تینووبێتەوە و حەز بکات بەرەو کانیاوی سۆزی ئەم دەقە هەنگاو بنێت. جگە لەوە «سۆز هەستێکی مرۆڤایەتییە ئەو هەستە نییە پێوەندی بە جەستەی مرۆڤەوە هەبێ، بەڵام هەست کردنێکی دوورودرێژە، لەگەڵ ئەقڵ و سۆزی مرۆڤدا شوێنی خۆی کردۆتەوە» (٣) وەک کانیاوێک لە ناخی دڵ و دەروونەوە هەڵدەقوڵێت، زۆر جار وێنەی کرچوکاڵ و بێ هێز و بێ بڕست لەوەوە دروست دەبێت کەسێک داوای لێکردووە لە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە نووسینە، ئەم وێنەیەی ئارەزوو و خولیا و ئیلهام و سۆز دروستی نەکردبێت، لە ناخەوە بەسۆزێکی بەکوڵ لە دایک نەبووبێت، ئەوە بەناتەواوی لە دایک دەبێت. (٤) دیارە هەموو مرۆڤێک سۆزی هەیە و بە بینینی دیمەنەکان دەورووژێ و سۆزی دەبزوێت، بەڵام سۆز هەمووی یەک شێوە نییە، بەڵکو جیاوازی لەنێوان سۆزی مرۆڤێکی ئاسایی و شاعیرێکدا هەیە، تەنانەت جیاوازی لەنێوان سۆزی شاعیرێک و شاعیرێکی تردا هەیە «سۆزی وێژەیی کاریگەرترە لە سۆزی ئاسایی، چونکە سۆزی وێژەیی کاریگەریی لەسەر دەروونی خوێنەر هەیە» (٥) دەخرێتە نێو ماسولکە و دەمارەکانی دڵ و گرژ و خاویان دەکاتەوە و تاسە و مەیل گەرموگوڕی ڕاچەنین و خەم و شادی بەخوێنەر دەبەخشێت.

(سۆز- العاطفة) کلپە و گڕێکە دەکەوێتە دڵ و ڕایدەچڵەکێنێ، یان سەرچاوەیەکی ڕوونە لە ناخی دڵەوە هەڵدەقوڵێ» (٦). بێ گومان «جیاوازی زۆرە لە نێوان کەسێک خەم و خەفەتەکەی بەفرمێسک دەربڕیوە و کەسێکی تر دانیشێ گۆرانییەک بنووسێ، یان پارچە سیمفۆنیایەک دابنێ، بۆ ئەوەی ئەم خەم و خەفەتە دەربڕێ حاڵەتی یەکەمیان دەربڕینی سرووشتییە، بەڵام هی دووەمیان دەربڕینی دەروونییە کە تێیدا سۆز وێنەیەکی هونەری بۆ بەرجەستەکردنی خۆی بەدەست هێناوە» (٧) دیارە هەموو کەسێک هەست و سۆزی هەیە، لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا دەورووژێت و لەکاتی ناخۆشی فرمێسک دەڕێژێ، بەڵام کەسی هونەرمەند لە پاڵ فرمێسک ڕشتنیشدا زۆر جار سۆزەکەی سەردەکات و دەگاتە ڕادەی ورووژاندن و داڕشتنی شیعر. واتا سۆزی کەسانی هونەرمەند ڕەنگدانەوەی کارەکەیانە، سۆزیش بنەمایەکی گرنگی هەموو کارێکی هونەرییە و هەموو کارێکی هونەری ئەگەر خەڵک نەبزوێنێ وەک شتێکی مردوو دێتە بەرچاو، بەڵام ئەگەر سۆزەکەی بەهێز بێت، ئەوە کاریگەرییەکەی بەهێزتر دەبێت و ورووژاندن زیاتر دروست دەکات. «لەبەر ئەوەی حەقیقەت خۆی لەنێو سۆزدا شاردۆتەوە» (٨). سۆزیش لە شیعر بکەیتەوە لە مردن نزیک دەبێتەوە و وردە وردە دەپووکێتەوە و لەقاوغی خۆی نایەتە دەرێ و باڵا ناکات و بەنێو گیانی خوێنەران و بیسەراندا گوزەر ناکات «شاعیر لەکاتی وێنە گرتندا شتەکان تێکهەڵکێش دەکات و سۆزی خۆی دەخاتە سەریان» (٩). خەیاڵ و سۆزی بزوێنەر تێکەڵ دەکات بۆ ئەوەی وێنەی سەرنجڕاکێش و جوان پێشکەش بکات. «ئەگەر ئەندێشە هەموو پارچەکانی وێنەش پێک بهێنێت، بەڵام سۆزی ڕاستەقینە وێنەیەکمان پێ دەبەخشێت، وێنەیەکی بەرز و هەژێنەر کە لە پارچە پارچە بوون و وشک هەڵاتن دەیپارێزێت» (١٠) هەر سۆزە کەوا نەمری بەوێنە دەبەخشێ و هەرچەندە کۆن بێت و کاتی بەسەردا تێپەڕێت، ئەوە لە گوڕوتینی خۆی ناکەوێت و بە بەردەوامی تیشک دەبەخشێت و خۆی تازە دەکاتەوە.

«سۆز تەنیا کەرەسەیەکی وێنە نییە، بەڵکو یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی وێنەی شیعری لەتەک واقیع و بیرونەست و ئەندێشە»(١١)، بەڵام ئەگەر شیعر گوڵێک بێت، ئەوە سۆز بەتەنیا بۆنی ئەو گوڵەیە و لە پەڕەی دڵ دەدات و دەچێتە ڕوحی خوێنەرانەوە.

ئەگەر هۆنراوەیەک هەستێکی گەرم و سۆزێکی نەرمی تێدانەبوو، کاری لە هەست و ویژدانی خوێنەر نەکرد و ناخی دەروونی نەورووژاند و نەیخستە هەڵقوڵینێکی بەجۆش و موچڕکێکی تەزووبەخشی بەنێو دڵ و هەست و سۆز و دەمارەکانیدا نەهێنا و یادگارییەکی لەناو دڵ و دەروونی دروست نەکرد، ئەوە ئەم هۆنراوەیە وەک گوڵێکی نایلۆنی لێدێت و هیچ بۆن و بەرامەی نابێت و بە نەمری نامێنێتەوە، یان هیچ تەڕی و ناسکی و پاراوی گەشی تێدا نەبێت، ناتوانێت پردێک لەنێوان شیعر و خوێنەری دروست بکات، پاش ماوەیەک بۆ نووسەری شیعرەکەش دەردەکەوێت ئەم هۆنراوەیە بە ناتەواوی لە دایک بووە و لەسەرە مەرگ و مردندایە (١٢). «ئەگەر گوڵ بەبێ ئاو توانی گەشاوە و جوان بێ، ئەو کاتیش وێنەی شیعری دەکرێ پشت لە سۆز بکات و فەرامۆشی بکات» (١٣). دەبێت وێنە هەڵگری سۆز بێت، چونکە سۆز چێژ بە خوێنەر دەبەخشێ و دەیخاتە سەر گروتینێک کە گروتینی نووسەرە. «خەیاڵیش ڕەنگدانەوەی هێزی ڕاستەقینەی سۆزە»(١٤). شیعریش هەتا لایەنی خەیالاتی زۆرتر تێدابێت زیاتر بیری خوێنەر بەرەو دنیای سۆز دەفرێنێ، سۆز و خەیاڵ پاڵپشت و تەواوکەری یەکترین. «زۆر ئەستەمە سۆز لە خەیاڵ جیا بکەینەوە، زەحمەتە بیریش لە سۆز جیا بکرێتەوە... سۆز ڕەنگدانەوەی کارتێکراوەکانی گیانییە، خەیاڵ ئەو وێنەیەیە کە بەهۆیەوە کاریگەری و سۆزەکان بەرجەستە دەبن»(١٥). بێ گومان هەموو ڕەگەزەکانی شیعر تێکهەڵکێشن و پێکەوە دەتوێنەوەی بەهەموویان لە قاڵبێکدا ئاوێتە دەبن و شیعر دروست دەکەن، بەڵام «وێنە خەیاڵییەکان وێڕای ئەوەی کە بەنۆرەی خۆیان زمانی شیعر لە زمانی پەخشان جیا دەکەنەوە وەکو مۆسیقای شیعر توانای زمان بۆ وروژاندنی سۆز زیاد دەکەن»(١٦). ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەش کە لەنێوان خەیاڵ و سۆزدا هەیە، لە شیعری باش و سەرکەوتوودا شان بەشانی یەکتر گەشە دەکەن، چونکە شیعرییەت بەخەیاڵی بەرز و سۆزی کاریگەر دەخوڵقێت.

«هەڵچوونەکانی دەروونی لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت و سەرچاوەکەی بۆ سروشتی شوێن و دەور و پشت و ڕۆشنبیری و زەوق دەگەڕێتەوە»(١٧). سۆز بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر هەموو مرۆڤێک هەیە، بێ گومان هیچ مرۆڤێک لەسەر ڕووی زەمین نییە لە هەڵسوکەوت و هەست و سۆزی لە کەسێکی تر بچێت، بەڵام شیعری سۆزدار کاریگەری بەسەر هەموو کەسێکەوە دەبێت، بەتایبەتی ئەو کەسانەی بابەتی شیعرەکە لەگەڵ ژیان و بەسەرهاتیاندا بگونجێت کەوا بەلایانەوە سۆز بەخشتر دەبێت و زیاتر کاریان تێدەکات و دەیانورووژێنێ. «پێوەندی نێوان وێنە و سۆز پێوەندییەکی بەهێزە، سۆزی شاعیر لەنێو وێنەی شیعرەکەیدا تەواو دەبێت، بەڵام وێنە بەهەموو شێوەکانییەوە هۆکارێکە شاعیر بۆ بەرجەستەکردنی هەستەکانی پشتی پێدەبەستێت»(١٨)، چونکە کە شاعیر وورووژا ئیتر هونەری خۆی دەنوێنێت و شیعر دەنووسێت و هەرچی هەست و سۆز و زووخاوی دڵ و دەروونی هەیە دەیڕێژێتە ناو شیعرێکەوە، دەبێ ئیلهام و هەڵچوون و سۆزێکی تر هەبێت بۆ نووسینی شیعرێکی تر، کەواتە ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەی نێوان سۆز و وێنە هەر بەردەوام دەبێت، چونکە شیعر زادەی لافاوی هەڵچووی سۆزە و لە دڵ و دەروونەوە هەڵدەقوڵێ و کاریش لە دڵ و دەروون دەکات. «لایەنە گرنگەکانی شیعر ئەمانەن سۆزی کارتێکەر، ئەندێشەی خوڵقێنەر، یان هێزی داڕشتن، هەریەک لەمانە جۆرێک لەبەرزبوونەوە و دوورکەوتنەوە لە واقیع فەرز دەکەن»(١٩)، بەڵام دوورکەوتنەوە لە واقیع مانای ئەوە نییە وێنە بەتەواوەتی لە واقیع دابڕاوە، چونکە خەیاڵ و سۆز، گیان بەوێنەکان دەبەخشن و ڕووداوەکان لە بەرگێکی جوان دەڕازێننەوە. هەر بەرهەمێکی ئەدەبیش خەیاڵ و سۆزی کەمی تێدابێت بەو ئەندازەیەش لە بەها و هێزی وێنەکە کەم دەبێتەوە کەواتە «ئەگەر خەیاڵ بناغەی سەرەکی وێنەی شیعری بێت، ئەوە سۆز بناغەی بەهێزکردنی وێنەی شیعرییە و وا لە خەیاڵ دەکات زیاتر هێزی ئاشکراکردن بە گیانی شتەکان و حەقیقەتەکان و چوونە ناو قووڵاییەکانییەوە نیشان بدات»(٢٠).

شێرکۆ بێکەس لە بارەی سۆزەوە دەڵێت: «لە شیعردا

عـاتیـفـه و سۆز دەبنە بەشێکی هەرە گرنگی ئەفـراندن، پلەی گەرمی لە شیعردا بە پلەی عاتیفە و سۆز دەپێورێ، شـیـعـر ئەم پلەیەی تێدا نەبێت لە گەلێ رووەوە جـوانە، بەڵام ناتوانێت بگاتە شـیـعرێ کە عـاتیـفەی تێدا بێت» (٢١). کـۆلیــریدج Goleridge (١٧٧٢- ١٨٣٤) شـاعـیر و رەخنەگری ئینگلیزی دەڵێت «وێنەی شـیـعری هەرچەندە جـوان بێ، شاعـیری سەرکـەوتوو دەستنیـشـان ناکـات، تەنیـا لەو کـاتەدا نـەبێت کـه بەسـۆزی نـاسک و ئەندێشـەی خـوڵقـێنەر ڕازابێـتـەوە تا بتـوانێ هەست و سۆزی گوێگر، یان خوێنەر ڕابچڵەکێنێ» (٢٢). کەواتە وێنەی جوان و ڕازاوە و بەپێز و کـاریگەر ئەو وێنەیەیە کە لە هەست و سـۆزێکی گـەرمــەوە هاتۆتە ئاراوە و لەنێـو وێنەکانی تری دەقـەکەدا شوێنی خۆی کردۆتەوە بەجۆرێک کە کـاریگەرییەکی تەواو لە خوێنەر بکات بۆ ناخی دڵ و دەروون هەڵـبکێـشی و ڕایچڵـەکـێنێ و لەگـەڵ گـیـانیـدا ئاوێتـە بێت و هەمـان هەست و سـۆز لای خـوێنەر بەرپا بکات کە لەلای شاعیر هەیە.


**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

**(١) د. محـمد رضـا شفـیـعي كدكني، صور خـيـال در شـعر فارسی، انتشارات آگاه، چاپ نهد، تهران، ١٣٨٣، ل٢٤.**

**(٢) د. وحيد صبحي كبابة، الصورة الفنية في شعر الطائيين بين الانفــعـــال و الحس، من منشـــورات اتحـــاد العـــرب، www.awa-domom ص٩.**

**(٣)- M.H. ABRAMS, AGlossury of literary terms of America 1993, P74**

**(٤) ئەحمەدی مەلا، خەیاڵکردن و وێنەی شیعری و گرفتەکانی جیـهـانبـینی، گۆڤـاری ڕامـان، ژ(٦٧) کـانوونی دووەمی ٢٠٠٢، ل١٧.**

**(٥) ڕێزان صالح مەولود، ئەندێشـەی شیعری لەنێوان ڕێبازی کـلاسـیـک و ڕۆمـانتـیـکی کـوردی لە کـرمـانجی خـواروودا نامـەی ماستەر کۆلێژی زمان زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٧، ل٩٤.**

**(٦) دکـتـۆرە شـوکـریە ڕەسـول، ئەدەبی کـوردی و هونەرەکـانی ئەدەب، مطبعة التعليم العالي، اربيل ١٩٨٩، ل١١**

**(٧) کەمال میراودلی، فەلسەفە جوانی و هونەر ئیستـاتیکا، چ٢، خانەی بڵاوکردنەوەی ڤانیع، سلێمانی ٢٠٠٥، ل١١٢.**

**(٨) سي- دي لويس، ت د. احـمـد نصـيف الجنابي مـالك مـيـري- سلمـان حسن ابراهيم، الصورة الشـعـرية، دارالرشـيـد للنشر، بغداد ١٩٨٢، ص٣٢.**

**(٩) قص فاضل محمد الخطيب، البناء الشعري عند ديك الجن ت٢٣٥- ٢٣٦هـ، رسالة ماجستـير، كلية العلوم الاسلامـيـة- قسم اللغة العربية، جامعة بغداد، ٢٠٠٥، ص١٢٦.**

**(١٠) نجم مجيد علي، البناء الفني في شعر الغزل في العصر العبـاسي، رسـالة دكـتـورا، كليـة آداب، جـامـعـة بغـداد ٢٠٠٦، ص١٦٤.**

**(١١) د. عبدالله عساف، الصورة الفنتية في قصيدة الرؤيا، دار دجلة، سوريا ١٩٩٦، ص٤٠.**

**(١٢) حوسێن مـحـەمـەد عـەزیز، یاقـووت و زمـڕوتی کـوردی، ب١، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبـیـری، سلێـمـانی ٢٠٠٣، ل١٢٧.**

**(١٣) هیتلەر ئەحمەد حەمە، وێنەی شیعری لای نالی، ل٧.**

**(١٤) د. وحـيـد صـبـحي كـبـابة، الصـورة الفـنيـة في شـعـر الطائيين بين الانفعال والحس، ص٣٣.**

**(١٥) انيس المقـدسي، المخـتـارات السـائرة من روائع الأدب العربي، ط٥، دارالملايين، بيروت ١٩٨١، ص٣٠.**

**(١٦) دكتر كاوس حسن لى، گونەهاى نوآورى درشعر معاصر ايران، ل٢٨١.**

**(١٧) فـواز الشـعـار، الأدب العـربي، ج(٢)، ط(١)، دار الجبل، بيروت، ١٩٩٩، ص١٤.**

**(١٨) د. وحـيـد صـبـحي كـبـابة، الصـورة الفنيـة في الشـعـر الطائيين بين الانفعال و الحس ص٣٣.**

**(١٩) روز غـريب، تمهـيـد في النقـد الحـديث، ط(١)، دار المكشوف، بيروت، لبنان، ١٩٧١، ص٢١٠.**

**(٢٠) عـمـر خليل ابراهيم المحـمدي، البناء الشـعري عند ابن زيدون، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة الانبار، ١٩٩٦، ص١٥٠.**

**(٢١) دیدەنی لەگەڵ شـێرکـۆ بێکەس لە سلێـمـانی ڕۆژی سێ شەممە بەرواری ٢/ ١٠/٢٠٠٧.**

**(٢٢) کەریم شارەزا، وێنەی شیعری لە هۆنراوەی کوردیدا چۆن دروست دەبێ و بەچ هەسـتـێک وەردەگـیـرێ، گـۆڤـاری ڕامــان، ژمارە(٩)، ٥ی ئایاری ١٩٩٧، ل٦.**

# بيبليۆگرافيا

ياسين قادر بەرزنجی
(سلێمانی)

بیبلیۆگرافیا، کە ئەمڕۆ بەیەکێک لە کارە هونەرییەکانی کتێبخانە و زانیارییەکان دادەنرێت، بریتییە لە "زانستی نووسین لەسەر کتێبخانە و بابەتەکانی نێو کتێبخانە و بەرهەمە هزرییەکان، بەواتایەکی تر بریتییە لە هونەری کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە نووسراوەکان و پێشکەش کردنیان بۆ خوێنەر لەو لیستەدا و پێناسەکردنی پێویستی زانیاری نێو لیستەکان"(١).

بیبلیۆگرافیا بناغەی هەر کارێکی زانستییە، توێژەر هەر لەگەڵ بیرکردنەوە لە دامەزراندنی توێژینەوەکەیدا پێویستی پێی دەبێت، لە ڕێی بیبلیۆگرافیاوە لە بایەخی توێژینەوە و هەڵبژاردنی بابەتەکەی و چی لەوەوبەر دەربارەی نووسراوە تێدەگات، بەهۆیەوە دەزانێ چ شتێک پێویستە بۆ توێژینەوەکەی تا سوودیان لێ وەربگرێت.

زیادەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین توێژینەوەی زانستی بەکارکردن لەسەر لیستەکانی بیبلیۆگرافیا دەسپێدەکات، هەر بەویش کۆتایی دێت، بێجگە لەوەش بیبلیۆگرافیا فەرهەنگی هاوبەشە بۆ هەموو زانستەکان و کەرەستەی سەرەکییە بۆ هەر پسپۆڕییەک.

هەر لە پێناسەی ئەم زانستە کتێبخانەییەدا گوتراوە "هەر لیستەیەکە بە بابەتی بڵاوکراوە، یان بڵاونەکراوە، سەبارەت بە کەسێک، یان بابەتێک، یان کات و شوێنێک، بەشێوەیەکی گشتی بێت، یان سنووردار"(٢).

### سوودەکانی بیبلیۆگرافیا

لەگەڵ گەشەکردنی زانستی کتێبخانە و زانیارییەکاندا سوودی ئەم پرۆسە هونەرییە لەبەرچاو گیراوە، بۆ پێناسەی نەتەوەیی و نیشتمانی هەر وڵاتێک پەنا دەبرێتە بەر بیبلیۆگرافیا و ڕێبەر (الکشاف)ی تایبەت بە چاپکراوەکانی ئەو وڵاتە، بیبلیۆگرافیای کتێبە



چاپکراوەکـــــان و ڕێبـەری خـولاوەکـان (گـــــۆڤـــــار و ڕۆژنامــــەکــــان). ســـــــەبارەت بـە ســـــوودەکـــانی بیبلیـۆگرافیـا و ئەو مـەبەسـتـانەی کـە لــەپــێــنــاویــدا بیبلیۆگرافیا ئەنجام دەدات، دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانە بکەین:

١- خزمەتی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەکات.

٢- دەبێتە باشترین سەرچاوە بۆ ڕاپۆرت و توێژینەوەی خوێندکاران لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا.

٣- بۆ بەکارهێنانە کتێبخانەییەکان(٣).

نووسەری کتێبی "علم البیبلوغرافیا و الاعمال البیبلیوغرافیة" دەڵێت:

"پێویستە زانستی بیبلیۆگرافیا لە پرۆگرامی خوێندنی زانکۆدا بخوێنرێت تا وەکو خوێندکاران فێربن چۆن چۆنی بەکاری بهێنن، هەر چۆن لەکاتی پێویستیاندا بزانن بە باشی بگەڕێنەوە سەری و زانیاری لێوەربگرن، ئەویش دوای ئەوەی لە جۆرەکانی و خەسڵەتەکانیان تێگەیشتن، هاوکات دەبێ مادەیەکی سەرەکی خوێندکارانی پەیمانگا و کۆلێژەکانی کتێبخانە و زانیارییەکان بێت لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندنیاندا. دەبێ ئەوان وەک یەکێک لە زانستە کتێبخانەییەکان بیخوێنن و لە ڕووی بنەماکانی ڕێکخستنی، لایەنە هونەرییەکانی بۆ کۆکردنەوە و ئامادەکردن و دابەشکردن و ڕیزبەندی و چاپکردنییەوە شارەزابن. بەوەش دەتوانرێ دوای دەرچوونیان کاری بیبلیۆگرافیا ئامادە بکەن و بەو کارەش خزمەت بە هاموشۆکەرانی کتێبخانە و توێژەران بکەن"(٤).

لە کتێبخانە نیشتمانی و نەتەوەیی و گشتی و تایبەتمەندەکاندا، لەگەڵ گەشەکردنی کاروباریان و زۆربوونی تیراژی چاپەمەنییەکانیاندا بوونی بیبلیۆگرافیا بووەتە پێویستییەک کە ناکرێ هیچ کتێبخانەیەک گرووپی کارامە بۆ ئامادەکردنیان دانەنێت، سامانی ڕووناکبیری و نەتەوەیی هەر میللەتێک لە کتێبخانەکانیدا دەردەکەوێ و لە کتێبخانەشدا بیبلیۆگرافیا دەبێتە پێناسەی ئەو سامانە.

تەنانەت کتێبخانە نیشتمانییەکان کارەکانی بیبلیۆگرافیا بە (بیبلیۆگرافیای نیشتمانی) ناودەبەن و بە شێوەی وەرزی، یان ساڵانە لە کتێبی تایبەت و بڵاوکراوەی بیبلیۆگرافیدا، لە جوانترین کاری هونەری و زانستی و چاپەمەنیدا بیبلیۆگرافیاکانیان دەخەنە بەردەست و دەبنە سەرچاوەی بەپێز بۆ داهاتووی توێژینەوە زانستییەکان.

بیبلیۆگرافیای نیشتمانی، بریتییە لە کورتکراوە و پاراستنی بەڵگەنامەیی سەرجەم بەرهەمەکانی هزر و ئەفراندن بۆ گەلان بەدرێژایی مێژوو کە لەڕووی بابەت و نووسەرانیانەوە پۆلێن و ئەرشیڤ دەکرێن و ڕووی گەشی مەعریفی هەر نەتەوەیەک نیشان دەدات. هەر کتێبخانەیەک، دەتوانێ بەهۆی بیبلیۆگرافیای (کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە)، یان (تۆمار و بەڵگەنامەکان)یەوە باشترین خزمەت بە توێژەران بکات تاوەکو بەشێوەیەکی گونجاو توێژینەوە زانستییەکانیان ئەنجام بدەن.

کتێبخانە نیشتمانییەکان، بەو پێیەی ژمارەی سپاردن دەبەخشنە چاپکراوەکان، باشترین جێگان بۆ ئەنجامدانی کاری بیبلیۆگرافی، هەر چۆن دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و کتێبخانەکانی تر و کتێبخانە ئەهلییەکانیش دەتوانن بۆ خوێنەر و کڕیارەکانیان کاری بیبلیۆگرافیا فەراهەم بکەن(٥).

بیبلیۆگرافیا وەک ئامانجێک بۆ پێناسەی کتێبخانە و سامانی چاپکراوەکانی و هاوکات بۆ سوود وەرگرتنی توێژەران لەو چاپکراوانە گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، هاوکات بۆ مەسەلەی (کات) ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ، چونکە توێژەر لە کەمترین کاتدا بەهۆی بیبلیۆگرافیاوە ئاشنا و شارەزا دەبێ بەو چاپکراوانەی مەبەستێتی بۆ کارەکەی سوودیان لێ وەربگرێت.

یۆنسکۆ (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری) بایەخی تەواو دەدات بەبرەودان بە زانستی بیبلیۆگرافیا و پراکتیزەکردنی بۆ ناساندنی سامانی کولتووری هەر وڵاتێک، هەر بەو مەبەستەش کۆمەڵێ لیژنەی بۆ چارەسەری گرفتەکانی بیبلیۆگرافیا

پێکهێناوە کە پەیوەست بن بە هەر بوارێکی توێژینەوەی زانستییەوە، ئەو خەباتەی (یۆنسکۆ) لە ساڵی (١٩٥٠)وە دەستی پێکردووە و ئامانجی بەستنەوەی زانیاری وڵاتان بووە بەیەکەوە، هەروەها ناساندنی بەرهەمی هزری و مەعریفییان لای یەکتر(٦).

### بیبلیۆگرافیا وەک زاراوە

وشەی بیبلیۆگرافیا لە ڕەچەڵەکدا بۆ زمانی گریکی کۆن دەگەڕێتەوە، وشەیەکی لێکدراوە لە هەردوو وشەی: بیبلیۆن (Biblion) کە بە واتای کتێبی بچووک (نامیلکە) دێت لەگەڵ گرافیا (Graphia) کە بە واتای نووسین و لەبەرگرتنەوە دێت، واتە بیبلیۆگرافیا بریتییە لە (نووسینی کتێب) یان (لەبەرگرتنەوەی کتێب) (٧) ، بە واتایەکی تر، وشەی (Bibliographia) مانای نووسین لەسەر کتێب، یان لەبەرگرتنەوە، یان گواستنەوە لە کتێبەوە دەگەیەنێ، ئەم وشەیە گەشەی کردووە بۆ واتای زیاتر، کە دەگەنە خولەکییە زانستییەکان، فیلم، سەرچاوەکانی بیستن و بینین، بچووککراوە فیلمییەکان (مایکرۆفیلم)(٨).

### قۆناغەکانی گەشەکردنی بیبلیۆگرافیا

بەپێی تێپەڕبوونی سەردەمەکان، وشەی بیبلیۆگرافیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە تا گەیشتووەتە ئەوەی واتای لیستی کتێب و کەرەستە کتێبخانەییەکانی تر بگەیەنێ کە لە نووسینی هەر وتار و توێژینەوەیەکدا سوودیان لێ ببینرێت، بیبلیۆگرافیا بەپێی پیتەکانی (ئەبجەد) لە زمانی عەرەبیدا ڕێک دەخرێ، بەپێی ناوی نووسەران، یاخود بابەتەکان.

بیبلیۆگرافیا بەپێی ڕەوتی قۆناغە مێژووییەکان، بەم شێوەیە گەشەی کردووە:

١- بیبلیۆگرافیا لە چاخە دێرین و ناوەندەکاندا:

لە چاخەدێرینەکاندا، بەر لە دامەزراندنی کتێبخانەکان، لە میسری کۆن و سەر دیوارەکانی پەرستگای (حورس) ناوی کتێبە پارێزراوەکانی ناو ئەو کتێبخانەیە نەخشابوو، هەر چۆن لە کتێبخانەکانی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار (عیراق) لەسەر قوڕی سوورەوەکراو، ناوی کتێبەکان هەڵکەندرابوو.

بەڵام لە وڵاتی یۆنانی دێریندا (گریک) فەیلەسووفەکان بایەخیان بە تۆمارکردنی لیستی کتێبەکان دەدا، تاوەکو بزانن ئاخۆ فەیلەسووفانی بەر لەخۆیان چییان نووسیوە، لەگەڵ تۆمارکردنی کورتەی ژیانی ئەو فەیلەسووفانە، بە واتا کۆنەکە ئەم لیستانە وەک بیبلیۆگرافیای سەرەتایی وابوون، چونکە ئەو زانیارییانەیان گەیاندووە کە پەیوەست بوون بە دروستکردنی کتێبەوە، هەر لە نووسینیانەوە تا لەبەرگرتنەوەیان و باسی ژیانی نووسەرەکانیان لە هەندێ جاردا(٩).


لای گریکەکان تا ماوەیەکی زۆر تێکەڵ کردن لەنێوان (بیبلیۆگرافیا و بیۆگرافیا)دا هەبووە، کە یەکەمیان واتە (نووسین دەربارەی کتێب) و دووەمیان واتە (نووسین سەبارەت ژیانی نووسەرێک)، بەڵام کاتێ ڕێکخەری بیبلیۆگرافی بەناوبانگ (کالیماخوس)ی ئەمینداری کتێبخانەی ئەسکەندەرییە لە سەردەمی یۆنانەکاندا خشتەی بیبلیۆگرافی داناوە، ئەو زانستە ڕوو لە قۆناغێکی نوێ بووە و پەیوەستی تەواوی بە کتێبخانەکانەوە هەبووە.

ئەو ڕیزبەندی بۆ بابەتەکان و پاشانیش بۆ نووسەرەکان کردووە بەپێی ڕیزبەندی ئەبجەدی، هەر چۆن بۆ هەر نووسەرەش کورتەیەکی سەبارەت بە ژیانی تۆمارکردووە، بەو پێیە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە بووەتە یەکەمین پەیمانگای بیبلیۆگرافیا لە جیهاندا، چونکە لەوێدا بە تەنیا کولتووری یۆنانەکان کۆنەکراوەتەوە، بەڵکو سەنتەرێکی نێودەوڵەتیش بووە بۆ کولتووری دەریای سپی ناوەڕاست و خۆرهەڵات و هندستانیش.

دوای پیشەسازی کاغەزیش لە بەغدا، کتێب دەرکردن گەشەی بەخۆوە دیوە، هەر لەوێشەوە کاریگەریی بۆ سەر ڕووناکبیری جیهانی و بڵاوکردنەوەی زانیاری هەبووە، بگرە سەرەتایەکی شۆڕشگێڕانە بووە لە ژیانی مرۆڤدا. کۆنترین کاری بیبلیۆگرافی ئەو سەردەمە کتێبی پێڕست (الفهرست)ەکەی (ابن نديم) بووە، کە ئەمڕۆ بە کۆنترین سەرچاوەی بیبلیۆگرافی عەرەبی و ناعەرەبیش دەژمێردرێت.

لەسەدەی شازدەمیشدا زانایانی ئیسلام چەند بیبلیۆگرافیایەکی گرنگیان بەرهەم هێناوە، لە ئەورووپاش هەر لە ناوەڕاستی ئەو سەدەیەدا زانستی بیبلیۆگرافیا دەرکەوتووە، ئەویش کاتێک (کۆنراد جیسنەر)ی سویسری زانیاری سەبارەت سەرجەم چاپ کراوەکانی هەموو جیهانی لە کتێبێکدا بە ناوی ( Bibliotheca) تۆمارکردووە.

٢- بیبلیۆگرافیا لەسەردەمی نوێدا:



هیچ یەک لە (پێڕست)ەکان لە ئەوروپادا تاوەکو سەرەتای سەردەمی نوێ زاراوەی (بیبلیۆگرافیا)یان بەسەردا نەبڕابوو، بەڵکو بەناوی دیکەی وەک (لیستە، کەتەلۆگ، کتێبخانە، ڕێبەر) ناودەبران، یەکەمین کەس کە ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە (گابریل نۆرێ)ی ئەمینداری کتێبخانەی (کاردیناڵ مازاران) بووە لە فەرەنسا، ئەویش لە کتێبەکەیدا (بیبلیۆگرافیای سیاسی) بەکارهێناوە کە ساڵی ١٦٣٣ دەرچووە.

لە فەرەنسا تێکەڵ کردن لە نێوان هەردوو زاراوەی بیبلیۆگرافیا و زانستی بیبلیۆگرافیادا هەبووە، کە یەکەمیان زانستی خوێندنەوەی نووسراوە دێرینەکان و دووەمیان بە واتای ئەو زانستە دێت کە سەبارەت بە کتێبەکان دەدوێ و پێناسەیان دەکات.

مێژوونووس (جان فرانسوا)ی خاوەن کتێبخانە لە پاریس خاوەنی یەکەمین بیرۆکەی بەکارهێنانی بیبلیۆگرافیا بە چەمکە نوێیەکەی بووە، ئەو بەسەر دوو لقدا دابەشی کردووە، یەکەمیان بۆ هونەری چاپەمەنی دەگەڕایەوە، بەڵام دووەمیان سەبارەت خودی کتێب بووە لە ڕووی مێژووەکەی، پێڕست، پۆلێن، بەهای، نووسەرانی(١٠).

دوای بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنساش یەکەمین دەزگای بیبلیۆگرافی نیشتمانی لە پاریس دامەزراوە، کۆمەڵێ پێڕستکار کاریان تێیدا کردووە، دوای ئەوەی شۆڕش دەستی بەسەر کۆمەڵە ئایینییەکان و سامانی کۆچەران و کتێبخانەی دێرەکاندا گرتووە و بووەتە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە دەستنووس و کتێبەکان.

ئەو کارە ناچاری کردوون ئاماریان بکەن و لە خشتەی جیاوازدا هەرچییەک پێوەندی بە کتێبەکان و دەستنووسەکانەوە بووبێت تۆماری بکەن، بەوەش چەمکێ بۆ بیبلیۆگرافیا داهێنراوە کە بووەتە بەشێ لە زانستی کتێب و کتێبخانەکان.

بەڵام ساڵی ١٨١٢ ئەدیب و بیرمەندی فەرەنسی (جبریل بینو) وەرچەرخانی بەسەر چەمکەکانی بیبلیۆگرافیادا هێناوە و یەکەمین کەس بووە کە زاراوەی (بیبلیۆلۆجیا)ی بەرانبەر زانستی کتێب بەکارهێناوە، بەڵکو بیبلیۆگرافیای کردە لقێک لە (بیبلیۆلۆجیا)، واتە ئەو هونەرەی بایەخ بە پێڕستکردنی کتێبەکان دەدات.

هەر ئەویش جیاوازی خستە نێوان هەر دوو لقەکەی کاری بیبلیۆگرافیا: بیبلیۆگرافیای گشتی و بیبلیۆگرافیای تایبەتمەندەوە، ئەو بیرمەندە لە کتێبی (پێڕستی گشتی بۆ بیبلیۆگرافیای ساڵی١٨١٢)یدا نزیکەی سێ هەزار ناوونیشانی تۆمارکردووە.

دیارترین کارێ بە ئاراستەی زانستی بیبلیۆگرافیا و دەرکردنی بیبلیۆگرافیایەکی جیهانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا بووە کاتێ (بروسیل) پێڕستی کارتەکانی (الفهرس البطاقي الموحد)ی بەرهەم هێناوە و پەیمانگای نێودەوڵەتی بیبلیۆگرافیا کە ساڵی ١٨٩٥ دامەزراوە کاری لەسەرکردووە. ئەو نزیکەی (٢٠)ملیۆن کارتی خستووەتە بەرچاو کە سەبارەت چاپکراوەکانی نێو کتێبخانەکانی ئەوروپا و ئەمریکا بوون.

لەسویسراش ساڵی ١٨٩٠ هەوڵی ئامارکردنی بیبلیۆگرافیایەکی تایبەتمەند سەبارەت بە زانستە بایۆلۆجییەکان دراوە و هەر لەسەدەی نۆزدەمیشدا هەندێ کاری بیبلیۆگرافیای نەتەوەیی ئامادەکراون، بەڵام لەسەدەی بیستەمدا کۆمەڵێ بیبلیۆگرافیای بابەتی شیکاری سەبارەت بە کتێب و وتاری نێو خولاوەکان ڕووناکییان دیوەو بۆ یەکەم جاریش (پێڕستی جیهانی بۆ دانراوە زانستییەکان) لەچاپ دراوە(١١).

گەشەکردنی کاری زانستی بیبلیۆگرافیا پەیوەست بووە بە پێویستیی لیستەکانی بیبلیۆگرافیا و گەڕانەوە بۆی

بەشێوەیەکی بەردەوام، ئەوەتا کارمەندی کتێبخانەی (شارڵ مورتێ) کە یەکەمین کەس بووە نازناوی (مامۆستای بیبلیۆگرافیا)ی لە ساڵی ١٨٩٧ دا بەدەست هێناوە، وای داوەتە قەڵەم کە بیبلیۆگرافیا "لێکۆڵینەوەی ئەو پێڕستانەیە کە کتێبەکانیان تێدایە و پۆلێن کراون، کە دەبێ بەردەوام گەڕانەوە بۆ سەریان ئەنجام بدرێت، ئیتر بۆ ساغکردنەوەی ناسنامەی کتێبەکە بێ، یان بۆ ئاگاداربوون لەبڵاوکراوەکانی هەر بابەتێک"(١٢).

ساڵی ١٩٦٩ ئەکادیمیای فەڕەنسی لە فەرهەنگەکەیدا پێناسەی ئەم زانستەی کردووە بە (ناسینی کتێبی بڵاوکراوە دەربارەی هەر بابەتێک) لەگەڵ ناوبردنی چاپەکانی و بەهاو دەگمەنییەکانی) بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ڕۆڵی (پێڕست) بکرێ کە کەرەستەی گرنگە بۆ بیبلیۆگرافیا و نابێ هەرگیز فەرامۆش بکرێت.

ئەوە ماوە بڵێین، لە زۆر کتێبخانەی پێشکەوتووی جیهاندا کار لەسەر بیبلیۆگرافیا و ڕێبەرەکان دەکرێت و بگرە ناوی بیبلیۆگرافیاکانیان بەجیهاندا بڵاوبووەتەوە.

### جۆرەکانی بیبلیۆگرافیا

سەبارەت بەجۆرەکانی ئەم زانستە گرنگە، سەرچاوەکان بەپێی خەسڵەتی کاری بیبلیۆگرافی جۆرەکانیان دیاری کردووە، توێژەر (احمد نافع)(١٣) بەم جۆرە دابەشی کردوون:

١- بیبلیۆگرافیای ڕێکخراو: بەشێوەی لیستە ڕێک دەخرێت و بەرهەمی فیکری دیاری دەکەن، بەشێوەیەکی گشتین و چاپەمەنییە جیهانییەکان دەگرنە خۆ ، یان نیشتمانین و بەرهەمی فیکری وڵاتان دیاری دەکەن، یان بۆ بابەتێکی دیاریکراوە، یان بیبلیۆگرافیای بەرهەمی نووسەرێکە.

٢- بیبلیۆگرافیای شیکاری: وەسفی ورد و ماددی کتێب دەکات، تێیاندایە مێژوویین و سەبارەت بەمێژووی کتێب و کەسان و شوێنانە، یان ئەوانەن کە بایەخ بەتوێژینەوەی تێکستەکان دەدەن.

هەرچۆن، لەمیاندا (شیکاری) بایەخ بە جیاوازی لەتێکستی دەستنووس و چاپکراو دەدرێت، هەروەها بۆ بەراوردی نێوان چاپە جیاوازەکانی کتێبێکی دیاریکراوە.

بیبلیۆگرافیای (مێژوویی)ش دەچێتە خانەی شیکاری، یان (وەسفی)یەوە و بریتییە لەوەی کە کار لەسەر کتێبە کۆنەکان و بەتایبەت دەستنووس دەکەن (١٤).

هەر لە کتێبەکەی (د.عبداللطیف صوفی)دا باس لە جۆرەکانی بیبلیۆگرافیا کراوە:

* بیبلیۆگرافیای گشتی بەسەر ئەم بەشانەدا دابەش دەکرێن:

١- بیبلیۆگرافیای جیهانی: واتە بەرهەمە فیکرییەکان بەهەموو سەرچاوەکانیان و پسپۆڕی زانستییان و هەموو زمانەکان، ئیتر لەهەر شوێنێکدا بڵاوکرابنەوە، بەڵام بەدەستهێنانی زانیاری سەرانسەری لەسەر هەر بابەتێک لەم جۆرەدا کارێکی زەحمەتە و تائێستا بەتەواوی لەم جۆرە بیبلیۆگرافیایە ئەنجام نادرێت.

٢- بیبلیۆگرافیای نیشتمانی: واتە لیستی دانراوەکان بۆ چاپکراوەکانی یەک وڵات، یان ئەوەی پێوەندی بەو وڵاتەوە هەیە، ئەمەش هەموو جۆرەکانی سەرچاوەی زانیاری دەگرێتەوە، وەکو (کتێب، چاپکراوی فەرمی، بڵاوکراوەی زانستی، بچووککراوەکان، نەوار و فیلم و تاد. واتە ئەم بیبلیۆگرافیایە تایبەتە بە (کتێبخانەی نیشتمانی)ی هەر وڵاتێک کە هەر لەو کتێبخانەیەشدا سپاردنی یاسایی چاپکراوەکان دەکرێت.

٣- بیبلیۆگرافیای هەڵبژێردراو: واتە هەڵبژاردن لە سەرچاوەکانی زانیاری و زانست بۆ مەبەستی دیاریکراو، وەکو بایەخیان، نوێی بەرهەمهێنانیان، یان هەر مەبەستی دیکەی گرنگ لای سوودمەندان، بە پێچەوانەی بیبلیۆگرافیای گشتی کە هەموو شت لەخۆ دەگرن. بیبلیۆگرافیاش هەیە سەبارەت بە زانستی دیاریکراوی وەک (کیمیا) یان بابەتی ئەدەبی وەک (ئەدەبی منداڵان).

٤- بیبلیۆگرافیای زمانی دیاریکراو: واتە بەرهەمی سەر بەزمانێک لەهەر شوێنێک بڵاوکرابنەوە، وەک زمانی ئینگلیزی لەهەر وڵاتێک ڕووناکییان دیبێت و لەهەر بابەتێکی زانیاری مرۆییدا بووبێت.

٥- بیبلیۆگرافیای بازرگانی: لیستەی تایبەتین بۆ سەرجەم بابەتەکان لە چاپکراوەکانی دەزگاکانی بڵاوکردنەوە بەمەبەستی بازرگانی.

٦- بیبلیۆگرافیای هەرێمایەتی: بایەخ بە چاپکراوەکانی یەک هەرێمی دیاریکراو دەدات، کە پێوەندی هاوبەشی زمانەوانی، مێژوویی، سیاسی و ئابووریی لە نێوانیاندا هەبێت.

* بیبلیۆگرافیای دیاریکراویش تەرخانە بۆ ئەم بەشانە:

١- بیبلیۆگرافیای بابەتی: بایەخ بەتایبەتمەندی بابەتی دەدات لە هەر بوارێکی زانیاری مرۆیی، زانستی بێت،

یان ئەدەبی، ئەم جۆرە باشترین سەرچاوە دەبێت بۆ توێژینەوە زانستییەکان.

٢- بیبلیۆگرافیای کەسی: بۆ دیاریکردنی بەرهەمی زانا و بیرمەند و داهێنەران، واتە ناساندنی بەرهەمەکانی خۆیان، یان ئەوانەی لەسەریان نووسراون.

٣- بیبلیۆگرافیای ڕەگەزە ئەدەبییەکان: واتە سەبارەت شیعر، چیرۆک، ڕۆمان و شانۆنامە.

٥- بیبلیۆگرافیای ناوچەکان: ئەوانەی بۆ ناوچەی جوگرافی دیاریکراو دەردەکرێن، وەک ئەمریکا.

٦- بیبلیۆگرافیای چاپکراوە خولاوەکان: واتە سەبارەت بە خودی خولاوەکانن، نەک بابەتی بلاوکراوە تێیاندا، کە ئەوە کاری ڕێبەر (کشاف)ە.

٧- بیبلیۆگرافیای بابەتی تایبەت لە دانراوەکان: وەک بابەتی تایبەتی وەرگێڕان، یان کتێبە قەدەغە کراوەکان.

٨- بیبلیۆگرافیای چاپە جیاوازەکان: وەک کتێبە ئایینییە ئاسمانییەکان، یان قورئانی پیرۆز، یان کتێبەکانی شێکسپیر.

٩- بیبلیۆگرافیای بیبلیۆگرافیاکان: لەبەر زۆری لیستی بیبلیۆگرافیای ڕێکخراو، لە گشتی و دیاریکراو، لە بیبلیۆگرافیای تایبەتدا پێویست بەناساندنی هەموویان دەکات(١٥).

**چۆنیەتی سازدانی بیبلیۆگرافیا**

بەر لە هەنگاوەکانی سازدانی، دەبێ ئەم خاڵە گرنگانە لەبەرچاو بگیرێن:

- دیاریکردنی ئامانج لە بیبلیۆگرافیاکە.
- بوار و ڕەهەندەکانی سازدانی دەستنیشان بکرێت.
- بەربلاوی بابەتەکە دیاری بکرێت.
- ئەو سەرچاوانەی کاریان لەسەر دەکەن، کتێب، یان خولاوەکان، یان وتار، یان دەستنووس و..تاد.
- زانینی ئاستی وەسفی بیبلیۆگرافی سەرچاوەکان.
- ئامادەکردنی کارتی پێویست و زانیارییەکان بۆ دەستکردن بە پرۆسەکە(١٦).

هەنگاوەکانیش بریتین لە:

ا- ئامادەکردنی کەرەستەکانی بیبلیۆگرافیا:

١- دابینکردنی کارت لە قەوارەی ٧,٥ × ١٢,٥ سم. هەر کارتە بۆ سەرچاوەیەک بەکاردێت کەوا زانیارییەکانی لەسەر دەنووسرێت.

٢- گەڕان بەدوای بابەت و سەرچاوەکاندا: بیبلیۆگرافیاکار، هەرخۆی، یان بە هاوکاری گرووپێک، ڕاستەوخۆ سوود لە سەرچاوەکان وەردەگرێ بۆ وەدەستهێنانی زانیاری ورد و تەواو و تۆمارکردنیان، لەم کارەدا پشت بەهەریەک لەمانە دەبەسترێ:

- چاپکراو و سەرچاوەی کتێبخانەیی جۆراوجۆر.
- پێڕستی کتێبخانە گەورەکانی وەک (نیشتمانی، زانکۆیی، گشتی، تایبەتمەند)، ئیتر لەسەر کارتەکانیان بێ، یان چاپکراو، یان پارێزراو لە کۆمپیوتەردا.
- بیبلیۆگرافیای تری وەک بازرگانی، بابەتی.
- ئیندێکسەکان (ڕێبەر).
- لیستەی سەرچاوەکان لە کتێب و فەرهەنگ و نامەی زانکۆیی و ..تاد.
- کەتەلۆکی بلاوکەرەوەو کتێب فرۆشان.
- ئاگاداری چاپکراوەکان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا.
- تۆڕەکانی زانیاری و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت.
- سەرچاوەی تری وەک تاکەکەسەکان.

٣- سازدانی وەسفی بیبلیۆگرافی بۆ بابەتە کۆکراوەکان:

بە پەیڕەوکردنی بنەما و تەکنیکە نێودەوڵەتییەکان کە بۆ ئەو مەبەستە دارێژراون و خۆیان لە سیستمی نێودەوڵەتی وەسفی بیبلیۆگرافی (ISBD)دا دەبیننەوە.

ئەویش بەسەر ئەم بەشە سەرەکیانەدا دابەش دەبێ:

ا- ناوونیشان و دیاریکردنی بەرپرسیاری: واتە ناوونیشانی سەرەکی و ناوونیشانی لاوەکی و ناوونیشانی ئەلتەرناتیڤ و دیاریکردنی گشتی بابەتەکە و ناوونیشانی بەرانبەر و دیاریکردنی بەرپرسیاری.

ب- چاپ: دیاریکردنی چاپ و بەرپرسیاری پەیوەست بەو چاپەوە.

ج- بلاوکردنەوە و دابەشکردن: جێگای بلاوکردنەوە، بلاوکەرەوە، مێژووی بلاوکردنەوە، هەروەها دەکرێ جێگای چاپ و ناوی چاپخانە و مێژووی چاپکردن دابنرێت.

د- وەسفی ماددی: واتە قەوارەی چاپ و هاوپێچەکانی.

هـ- زنجیرە: واتە ناوونیشان و ژمارەی بابەتەکە لە زنجیرەدا.

هەرچۆن شوێنی تریش بۆ وەسفی بیبلیۆگرافی دیاری دەکرێت، وەک بەشی تێبینییەکان و ژمارەی پێوەری نێودەوڵەتی، بەلام ئەمانە زیاتر لە کارتی پێرستدا بەکاردێن.

(نموونە لەوەسفی بیبلیۆگرافی بۆ سەرچاوەکانی کتێبخانە)

* کتێبی یەک نووسەر بە زمانی کوردی:
دانا ڕەووف.
لەکلاسیکەوە بۆ مۆدێرن.- گەشتێک بەنێو دراماو شانۆی کلاسیک و مۆدێرندا.- سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج،
٢٠١٠ - ٣٢٩ل.

* کتێبی دوونووسەر بە زمانی عەرەبی:
الحرستاني، عصام.
عالم المرأة، او هموم المرأة المعاصرة/ عصام الحرستاني،
محمد الحسناوي.- عمان: دارعمار، ١٩٨٧- ٢١٣ص.

٤- ڕێکخستنی بیبلیۆگرافیا:
بەیەکێک لەم شێوانە ڕێک دەخرێت:
ا- بەپێی سیستەمێکی پۆلێن، وەک پۆلێنی دیوی دەیی، یان سیستمی کتێبخانەی کۆنگرێس.
ب- ڕێکخستنی بابەتی، بە ڕیزبەندی (هیجایی) و بەپێی سەرەبابەتەکان.
ج- ڕیزبەندی هیجایی بەپێی ناوی نووسەرەکان.
د- ڕیزبەندی هیجایی بەپێی ناونیشان.
هـ- بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوە.
و- بەپێی شوێنی بڵاوکردنەوە.
ی- ڕیزبەندی فەرهەنگی، کە تێیدا نووسەر و ناونیشان و بابەت دیاری دەکرێت.

٥- دەرکردنی بیبلیۆگرافیا:
دەبێ بڕیار بدرێ بەشێوەی بڵاوکراوە بێ، یان بەشێ لە خولاوەیەکدا، یان لە کتێبدا و باشتر وایە ناونیشانەکان بەپێی قەوارە گەورەتر و دیار لە چاپ بدرێن.

٦- ئامادەکردنی ڕێبەری پێویست بۆ بیبلیۆگرافیا:
بە تەواوکەری بیبلیۆگرافیا دەناسرێ و بە هەر شێوەیەک ڕێک بخرێت پێویست دەکات ڕێبەرێ بۆ نووسەر و یەکێ بۆ ناونیشان ئامادەبکرێت و ئەوانە دەبنە تەواوکەری بیبلیۆگرافیاکە. بەتایبەت لە کاتێکدا ژمارەی بابەتەکان بگەنە سەدان و هەزاران.
لە ڕێبەردا ناوی نووسەر و ژمارەی بابەتەکانی بەپێی ڕیزبەندی بیبلیۆگرافیاکە دیاری دەکرێت، بەڵام لە ڕێبەری ناونیشاندا بە تەنیا ناونیشانەکان دیاری دەکرێن(١٧).

**پەراوێزەکان:**

**١- نزار محمد علي القاسم، قوائم المؤلفات أو الببليوغرافيات، ص/٧.**
**٢- موحازەرەی بیبلیۆگرافیا لە خولی زانستی کتێبخانەی نیشتمانی بەغدا.**
**٣- هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو.**
**٤- د. عبد اللطيف صوفي، مدخل الي علم البـبليوغرافيا والأعمال البليوغرافية، ص/١٦.**
**٥- المكتبة الوطنية، البيليوغرافية الوطنية العراقية، ص/٦.**
**٦- كنود لارسن، مصالح البيليوغرافيا الوطنية، ص/٤.**
**٧- ماڵپەڕی www.alyaseer.net.**
**٨- د. عبداللطيف صوفي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل/١٩.**
**٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل/ ٢٠.**
**١٠- لويز نويل مالكليس، البيليوغرافيا، ص/١٤.**
**١١- د. عبداللطيف صوفي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل/٢١.**
**١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل/٢٣.**
**١٣- احمد نافع المدادحة، الخدمات المكتبية والمعلوماتية للمستفيدين، ص/ ٩٠.**
**١٤- د. ربحي مصطفى عليان، خدمات المعلومات، ص/٢٢٨.**
**١٥- د. عبداللطيف صوفي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل/٣٧.**
**١٦- احمد نافع المدادحة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل/٩١.**
**١٧- د. ربحي مصطفى عليان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل/٢٤٢.**

**سەرچاوەکان:**

**١- نزار محمد علي القاسم، قوائم المؤلفات أو البيليوغرافيات، بغداد، دار الحرية للطباعة والنشر، ١٩٧٢.**
**٢- د. عبد اللطيف صوفي، مدخل الي علم البـبليوغرافيا والأعمال البيليوغرافية، الرياض، دار المريخ للنشر، ١٩٩٥.**
**٣- كنود لارسن، مصالح البيليوغرافيا الوطنية، احداثها وكيفية ادارتها، القاهرة، اليونسكو، ١٩٥٦.**
**٤- لويز نويل مالكليس، البيليوغرافيا، ت: بهيج شعبان، بيروت، منشورات عويدات، ١٩٧٤.**
**٥- احمد نافع المدادحة، الخدمات المكتبية والمعلوماتية للمستفيدين، عمان، المعتز للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩.**
**٦- د. ربحي مصطفى عليان، خدمات المعلومات، عمان، دار صفا و للنشر والتوزيع، ٢٠١٠.**
**٧- المكتبة الوطنية، البيليوغرافية الوطنية العراقية، (١٩٩٦- ٢٠٠٤)، بغداد، ٢٠٠٤.**
**٨- موحازەرەکانی وانەی بیبلیۆگرافیا لە یەکەمین خولی زانستی کتێبخانەکان لە کتێبخانەی نیشتمانی کە نووسەری ئەم بابەتە تێیدا بەشداربووە، بەغدا، ١٩٨٣.**
**٩- ماڵپەڕی www.alyaseer.net.**

# دەلاقەیەک بەرەو هەساو

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

شـیـعـر ئەو دەقـە بە ڕواڵەت سـادە و سـاکـارەیە کـە هەرکەس دەستی قـەڵـەم دەگرێ و وردە حەزێکی دەروونی ڕوحی خـتـووکـە دەدا خـێـرا دەست دەداتە قـەڵـەم و پـۆلە وشەیەکی سەرگەردان بە بەرۆکی کاغەزەوە دەنووسێنێ و ناو و مـۆرکی شـیـعـری بەنێـوچاوانەوە دەلکێنێ. ئەمـڕۆ شـیـعـر وای لێـهـاتووە هەمـوو کـەس لەخـۆی ڕادەبینێ زۆرەبانی لەگەڵ بگرێ و ململانێی لەگەڵ بکات. شیعری ئەمـڕۆ وا سـواوە ئـیـتـر پێـویست ناکـا بەرگی هونەر و ئەزمـوون لەبەر بکات. ئیتر نووسـەری ئەو دەقانەی ئەمڕۆ پێـویست ناکـا جەوهەری شـیـعـر بناسن و لە جـوانی و تەکنیـک و سەنعەتە شـیـعـرییـەکان ئاگادار بن، چونکە ئەمڕۆ شـیـعـر بۆتە وشەڕیزکردن و دروست کـردنی ڕێچکە مـێـرووله بە وشـە و شـەلم کـوێرم ناپارێزم و وشـە بەسـەر کاغەزدا بڵاوکـردنەوە و هەرکەس چۆنی پێـخۆشە با وای بخـوێنێـتـەوە و خـوێنەر مـانـای لێـهـەڵدەکـڕێنێ، یان نا، جوانی تێدا بەدی دەکا، یان نا، چێژی لێ وەردەگرێ، یان نا چاوی دەرێ و ئیتر ئەوە پێوەندی بە نووسەرەکەوە نییە و خـوێنەرەکـان گـەمـژە و بیرکـورت و مـێشـک بـۆشن بۆیە تێی ناگـەن!! شـاعـیـری ئەمـڕۆ شـوکـور بۆ خـوا هەمـوو خـوێندەوار و زانسـتگا دیتـوون و مـاشـەڵڵا چاوی مـار دەردێن. کۆنەپەرسـتـیـان وەلا ناوە و ڕەسـەنایەتیشـیـان تووڕهەڵداوە. هونەریان بە دووکەڵی پیپ و جگەرە قانگ داوە و جـوانیــیـان لە قـوڕ و لیـتـە و زبل ناوە. ئەوەی دەینووسن ئایەتە و خـودا لە ئاسـمـانی حـەوتەمـەوە لە دڵیـانی ناوە. هەر ئەوەندە ڕووی کاغـەزیان ڕەش کـردەوە، ئیـتـر خـۆیان لە جـێی مـردوو دادەنێن و پێـیـان وایە شـاکـارێکیـان خـولْقـاندووە دنیـا سـەری سـووڕدەمێنێ و شیعرناسان سەرەندەری لێ ناکەن و چی شاعیر و زمانزان

و ئەدیبیشە دەیبەزێنێ. دوو کتێبی شاعیرانی بەرلەخۆی ناخوێنێتەوە، نەکا هاوڕێکەی بیبینێ و بە سەلەفی و دواکەوتوو ناوی بزڕێنێ.

ئەم پێشەکییە ڕەنگە تۆزێ توند و بێ بەزەییانە بێ، بەڵام بڕوا بکەن ناحەقم نییە، ئەو تاقمە وشەڕیزکەرە، نارەسەن و نادەروەستانە بەزەییان بە زمان و ئەدەبەکەماندا نایە و بە هەموو شێوەیەک دەیگەچڵێنن، دەیانەوێ بیفەوتێنن. ئیتر چۆن ئاور نەگرم و تیری قەڵەمیان تێنەگرم. ئەوان بە وشەی ناحەز و جنێوی پیس، بەدەستەواژەی گەمار و ڕستەی چەپەڵ دەیانەوێ ئەدگاری ئەدەبیاتەکەمان کرێت و دزێو نیشان بدەن. دەیانەوێ قێزی خوێنەر و هونەردۆستان و ئەدەب پەروەرەکانمان هەڵشێوێنن. ئیتر من چۆن تووڕە نەبم و نووکی قەڵەم لە چاویان ڕانەکەم و جەوهەری ڕەشی پێنووسم لە ڕوخساریان نەپرژێنم؟

بڕوام پێبکەن بەدەست خۆم نییە، کاتێک بیر لەو هەموو زەحمەت و سووتان و دەربەدەری و چەرمەسەرییەی ڕابردووان دەکەمەوە کە بۆ ئاگاداری و پارێزگاری لە زمان و ئەدەبەکەمان کێشاویانە و تاڵاوی هەزار ئازاریان بە گەروودا کراوە، هەر ئەوەندەیە لە داخان شێت نابم و دڵم ڕاناوەستێ، چ بکەم دڵم بۆ زمان و بۆ ئەدەب و هونەری گەلەکەم دەسووتێ و ناتوانم کەمتەرخەمانە و بێ موبالاتانە بەلایدا تێپەڕم و هیچ نەڵێم. ئەگەرچی ڕەوتی زەمان خۆی، قەڵەمە نارەسەنەکان دەخاتە لاوە و بێژنگی مێژوو دایان دەتەقێنێ، بەڵام ئەی خوێنەری سەردەم چ بکا؟ هەتا وەخۆ دێتەوە و دەتوانێ پاک و پیس و ڕەسەن و نارەسەن لێک جیا بکاتەوە، زەوقی غەوری لێدەنیشێ و تووشی بێزران دەبێ.

بەداخەوە ئەوانەی دوور لە ڕەسەنایەتی و دەروەست بە زمان و ئەدەبی ڕاستەقینە نین تاقمیان زۆرە و خۆشیان دەزانن ئەوەی دەیکەن باش نییە و زەرەری لە قازانجی زیاترە، بەڵام لێیان بۆتە کوردە ناموسی و بە ئامان و زامان نایانەوێ دەستی لێ هەڵگرن و واز لەو کارە بێنن کە لە توانایاندا نییە، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا هێندێک قەڵەمی جددی و کارامە لە ئارادان کە جێگای هومێدن و وەجاغی ئەو سەردەمە سارد و پڕ نەهامەتییەیان ڕوون کردۆتەوە و خەمی قورسی زمان و وێژەی گەلەکەیان لە کۆڵ ناوە و بەردەوام هەوڵی بۆ دەدەن و شەو و شەونخوونی بۆ دەکێشن و بژاری دەکەن و دەیانەوێ کەڵە و گیا سندەی تێدا نەهێڵن.

یەکێک لەو قەڵەمە چالاک و جددیانەی بە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام و ماندوویی نەناسانەوە هاتۆتە مەیدان و شانی وەبەر ئەو ئەرکە پیرۆزە داوە سۆران حوسێنی-یە. سۆران حوسێنی تا ئێستا بە دوو بەرهەمی «هەساو» و «پەڕەژاڵ»ـەوە هاتۆتە سەرخوانی ئەدەبی شیعری کوردی.

یەکەم بەرهەمی واتە کتێبی هەساو نەوەد لە سەدی بەشێوەی عەرووز نووسراوە و دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەکی زۆر لەوەیاندا سەرکەوتووترە و هونەر و جەوهەری شیعری لە کتێبی هەساودا زیاتر بەرچاوە تا کتێبی پەڕەژاڵ، ئەگەرچی بەرهەمی دووەم، سێ ساڵ دواتر چاپ بووە و دەبوو ڕەنگدانەوەی ئەزموونی شاعیرانە و هونەری شیعری زیاتر پێوە دیار بوایە. بە بڕوای من شاعیری و هۆنەری دوو شتی جیاوازن و ڕەنگە ئەو کەسەی زۆریش لە شیعردا بە ئەزموون و کارامەیە لە هەموو ساتێکی نووسینەکانیدا شاعیر نەبێ و هێندێ جار ببێتە هۆنەر. من نامەوێ لایەنگری لە شیعری کێش و سەروادار بکەم و لەبەر ئەوەش بەرهەمی یەکەم بە بەرهەمێکی بەهێزتر دانانێم، چونکە من پێم وایە هونەر و جەوهەری شیعری کاری بەکێش و سەروا و نوێ بوون و ئازاد نووسین نییە. جەوهەری شیعری لە ئاوێنەی هەر دەق و تەنانەت هەر ڕستەیەکدابێ و هەرچۆنێک نووسرابێ شیعرە. من لێرەدا دەمەوێ چەند نموونە لە کتێبی هەساو بێنمەوە و بە پێوانەی خۆم هەڵیانسەنگێنم.

یەکێک لە جوانییەکانی شیعر وێنەیە، وێنە ڕوحی شیعرە و شیعری بێ وێنە وەک زەوییەکی کراڵ و ڕووتەن دەچێ. لە زۆربەی شیعرەکانی سۆراندا ئەو وێنە شیعرییانە بەرچاو دەکەون و دیارە ئەگەر وێنەکەش تازە و داهێنەرانەبێ، بەرگی هەرمان لەبەر شیعرەکە دەکا.

**هەر شنەت دێ نەشە دەگرێ دڵەکەم چەشنی شەپۆل**
**پەچەکەت لادە بەسەردا مەدە ئاڵایە مەڕۆ**
**پڕی تیرێژی نیگات کردووە ڕۆژنەی دڵەکەم**
**خووی بە خۆت گرتووە لەو خۆرە تەوەڵلایە مەڕۆ.**

**تیشکێکم ئەوێ یا لە نیگات یاخۆ لە کولمەت**

**هانایە هەتا سامی شەوی پێ برەوێنم.**


**کە هاتنە دەر بە پۆل و کۆ**
**بانە لە ئاسمان ئەچوو**
**بەو هەموو زەرق و بەرقەوە**
**شەقام لە کاکەشان ئەچوو**

**لەرەی بەژنت شەپۆلێکی بلوورین**
**ون و دیاری قژی تاڤگە تەلاییت**

کاتێک ئەو جۆرە شیعرە دەخوێنینەوە، یان دەبیستین لە ڕێوە وێنەکە لەبەر چاومان خۆ دەنوێنێ و چێژێکی ڕوحی و هونەریمان پێدەبەخشێ. من پێم وایە هونەر چێژێکی ڕوحییە و هەر دەقێک ختووکەی ئەو هەستەی مرۆڤی دا و هەژاندی، دەتوانین لەچوارچێوەی هونەردا بیگونجێنین و دەتوانێ وەک بەرهەمێکی شاز و بەنرخ بچێتە سەر خەرمانی گەنجینەی ئەدەبی گەلەکەمان.

**یەک گەلای ئالبۆمی ئاواتی سلێمان بەگ نییە**
**باسی مافی گۆڕ غەریب و جوانەمەرگی تیانەبێ.**

ئەم وێنە شیعرییە لەگەڵ ئەوەی تازە و نەسواوە، قامک لەسەر دەردێکی گەلەکەی دادەنێ و ئەو ژانە ئاشنا و هەمیشەییەی خەڵک لەسنگی خۆیدا هەڵدەگرێ.



**بەژنی نەخشەم بۆتە هۆرەی ئاو نووزەی نان ئەکا**
**بانگی چەکرووزەی دڵی شار دادی خواوەندانە بێ.**

سۆران توانایییەکی باشی لە غەزەلدا هەیە و دەتوانێ شاغەزەلی زۆر جوان و هونەراوی و پڕ ناوەڕۆک بخولقێنێ، بە مەرجێک بە بیرێکی تازە و ئەمڕۆییانەوە بڕوانێتە غەزەل و چاویلکەی غەزەلی ڕابردوو لە چاوی دامالێ.

**ڕاخەری ژێر پێتە پێڵووی چاوەکانم، چاوەکەم**
**ئاوەدانیت پێوە هاتووی چاوەکانم چاوەکەم**

لێرەدا شاعیر لەگەڵ ئەوەدا کە پێڵووی چاوی خۆی دەکاتە پایەندازی خۆشەویستەکەی و شوبهاندنێکی تازەیە، بە جیناسی چاوەکەم و چاوەکانم ئەوەندەی تر جوانی داوە بە شیعرەکە و ڕازاندوویەتەوە.

دیارە سۆران سەنعەتە شیعرییەکان دەناسێ و لەجێی خۆیاندا بەجوانی کەڵکی لێوەرگرتوون. هەروەک دەزانین نیشانەی بەهێزی و نەمر مانەوەی غەزەلیش بەهۆی ئەو سەنعەت و وردەکارییانەوەیە. ئەوەتا لەم دوو بەیتەدا بە پاتە کردنەوەی پیتی «چ» سەنعەتی واژەئارایی لەکار کردووە و مۆسیقایەکی نەرم و دڵگری بە شیعرەکە داوە:

**چاری ئەم چاخە نە چوارینە نە چیرۆکە دەبێ**
**چەند چریکەی چەمەری بێنەوە سەر زارێکی تر**
**من لەبن چاخەوە چێژی چەمەری فێرم و تۆش**
**چاکی چۆپیت بەقەدی بەرزەوە بۆ کارێکی تر**

ئەم شیعرە لەگەڵ ئەوەی ئەم وردەکارییانەی تێدا لەکار کراوە، ئاماژە بە دەرد و ژانی گەلەکەشی دەکا و دەڵێ: شیعر و چیرۆک چاری دەردی ئێمە ناکات و دەنگمان بەهیچ کوێ ناگەیەنێ، هەتا دەنگ هەڵنەبڕین و پڕ بە گەرووی خەمناک و ماتەمبارمان هاوار نەکەین. ئەویش بەو چەمەری و شین و گریان و وایلۆکەی کە بە میرات بۆمان ماوەتەوە و کراسێکە بەبالامان بڕدراوە. ئێمە هەر لە ڕۆژی لەدایک بوونمانەوە فێری گریان و چەمەری کراوین و قوڕ دەپێوین واش فێر بووین تەنیا چێژ لە خەم و ماتەم و هاوار و گریان وەردەگرین و خوومان پێگرتووە. کەوایە با بچریکێنین و دەنگ هەڵبڕین.

**وا لە دوایین مەنزڵی ئەشقێکی زڕ هاتوومەوە**
**گەرموگوڕ ڕێ کەوتبووم و چەندە سڕ هاتوومەوە**

**پڕ لە هاوار و گوڕە و سەرڕێژی تین ڕێ کەوتبووم**
**بێ ئەوین و تین و تینوو، مات و کڕ هاتوومەوە**

ئەمە یەکێک لە شیعرە هەرە باشەکانی کتێبی هەساوە و زمان و دارشتنێکی تازە و ئەمڕۆییانەی پێوە دیارە و لەهیچ کوێی غەزەلەکەدا هەست ناکەی شاعیر لەخۆ نووسابێ و بە زۆر وشە و ڕستە و قافیەی هێنابێت و کردبێتییە ناوکار بۆ شیعرەکەی و بۆشایی پێ پڕ کردبێتەوە. شیعری سەرکەوتووش ئەو شیعرەیە کە ئیجازی تێدابێ و شاعیرەکەی پێخۆری بە وشەوە کردبێ و هیچ وشەیەکی زیادی و بێ کەڵکی تێدا نەهێنابێ و بۆ پڕکردنەوەی کێش و سەروای شیعرەکە بەزۆری وشەی تێ نەترنجاندبێ.

**شیعرم لە ئەوینت پڕە ناویشت ئەهێنم**
**زیز نابی ئەزانم کە سنووریش نەبەزێنم**
**زۆرت بەکەڵەک هەڵسوکەوت کردووە فێربووم**
**ئەمجارەیە هەر کردەوەکەی خۆت دەنوێنم**

ئەم غەزەلەش یەکێک لە غەزەلە سەرکەوتووەکانی شاعیر و تاموچێژێکی ئەمڕۆییانە بەخوێنەر دەبەخشێ.

یەکێکی تر لەو سەنعەتە شیعرییانەی سۆران حوسێنی کەڵکی لێوەرگرتووە، لادانە لە نۆرمی زمان، ئەو وردەکارییەش لەگەڵ ئەوەدا کە جوانی بەشیعرەکە دەبەخشێ، خوێنەر وەخۆ دێنێتەوە تاکو بۆ ساتێک بیری لێ بکاتەوە؛ حەز بە لێکولەبار بوونی زمانی شاعیر و هەروەها هەست بە توانایی و بەربڵاوی زمانی کوردیش بکات. ئەمە هونەرێکی جوانە لە شیعردا و هێمن لە هەموو شاعیرێک زیاتر کەڵکی لێوەرگرتووە. کە ئەوە لەنێو زمانی کوردیدا شتێکی سروشتییە و تەنانەت لەنێو خەڵکی نەخوێندەواریشدا زۆر باوە. بۆ وێنە ڕستەی «چەندە سەرم دێشێ» ، یان «سەرم چەندە دێشێ» بۆ ئەوەی لەسەر زمان نەرم و لە زار خۆش بێ، دەڵێن: «چەندم سەردێشێ» . ئەوەتا سۆران حوسێنی لە شیعری دیکلەمەدا دەڵێ:

**لە ئێخەم خەم دەشۆرێ دەست نیگاتم پێدەگا کاتێ**
**وەنەوز و وازی خەو دەشکێ شەوێکت بێتە مل دەستم**

کە ڕستەی (شەوێکت بێتە مل دەستم) زۆر جوانترە لە ڕێسای باوی خۆی کە دەڵێ شەوێک بێتە ملت دەستم.

جگە لەوانە کۆمەڵە شیعری هەساو زۆری دەستەواژەی جوان و نەسواو تێدایە کە داهێنانی شاعیر خۆیەتی و لە هەستی خۆی هەڵقوڵاون: داسی گەڵاڕێزان، دیکلەمەی ناز، گەردەلوولی زەرد، سەوزەڵانی باوەش، ڕۆژنەی دڵ، ئالبۆمی ئاوات و...

بەو هیوایەی سۆران حوسێنی ئاشقانەتر و لێبڕاوانەتر و دەروەستانەتر بڕوانێتە شیعر و تەنیا باوەڕ بە هەستی خۆی بکات و بۆ دڵی خۆی بنووسێ، یانی لە ڕوانگەی خۆیەوە بڕوانێت و بە مێشکی خۆی بیربکاتەوە و درۆ لەگەڵ هەستی خۆی نەکات. ئەوەی ڕوحی خۆت دەیەوێت و تاسەشکێنی دەروونی پڕ کوڵوکۆیەتی، هەر ئەوە بنووسێت و پەیام و ناوەڕۆک نەکاتە قوربانی فۆرم و ڕواڵەت. قەیناکا با تاقمێک پێی نەڵێن نوێخواز، چونکە نوێخوازی ئەوە نییە کە دژ بە هەموو یاسا و ڕێسا و جوانییەکانی زمان و ئەدەبەکەت ڕاوەستی. نوێخوازی یانی داهێنانی تازە لەسەر بنەمای ڕەسەنی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکەت.

# ئۆریتمی و ڕەنگێکی تری نمایشی شانۆیی

هاوڕێ زەنگنە
(ئەڵمانیا)

(١ - ٢)

**خەرمان هیرانی و هێرۆ ئەمین**
**لە نمایشێکی (ئۆریتمی)دا**

بۆ بینینی نمایشێکی ئۆریتمی بانگهێشت کرام، کە دوو خانمی کورد لەو نمایشەدا بەشداربوون. ئەم نمایشە شانۆییە لە هۆڵی مێرتس تئاترە لە شاری هانۆڤەر پێشکەش کرا.

ئەم جۆرە نمایش کردنە هەمیشە بینەرێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو بینەرانەش زۆربەیان خاوەنی ڕۆشنبیریی فەلسەفەیەکن پێی دەگوترێت، فەلسەفەی ئەنترپۆزۆفی.

ڕۆدۆڵف شتاینە داهێنەری ئەم هزرە فەلسەفییەیە، ئەم هزرە فەلسەفییە لە سەرەتای ساڵانی نۆسەدەکانەوە لەلایەن ڕۆدۆڵف شتاینەوە لە شێوەی موحازەرە و گفتوگۆی بازنەییەوە بلاو کرایەوە. ڕۆدۆڵف شتاینە بەرهەمی بیرو فەلسەفەکەی لە ئەنجامی قووڵبوونەوەی لە فەلسەفەی فیکری و ڕوحی و دەروونناسی و پێداگۆگیکەوە بەرهەم هێنابوو.

ڕۆدۆڵف شتاینە هەمیشە لە گەڕانێکی بەردەوامدا بوو بۆ دۆزینەوەی جۆگەلەیەکی مرۆڤایەتی، کە لە ئەندێشەی مرۆڤەکاندا هزری مرۆڤایەتی جێگای هزری ئیگۆی (ئەنانیەتی) خود بگرێتەوە. بیرکردنەوەی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی هەقیقەتی خود لە هونەری سەمای ئۆریتمی و سیستمی پێگەیاندنەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.

لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانییەوە ئەم بیرە بوو بە سیستمێک و ئەم سیستمەش لە ساڵی (١٩١٩)وە بوو بە قوتابخانەی تایبەتی، ئەو قوتابخانەیەش ناوی قوتابخانەی ڤالدۆرف شوولەی لێنرا. ئەم قوتابخانەیە تایبەتی و ئەهلییە و لە زۆربەی شارەکانی ئەڵمانیادا هەیە و تایبەتە بە خوێندنێکی جیاواز لە سیستمەکانی تری ئەڵمانیا لە ڕووی پێداگۆگیک و پێگەیاندنی ئەندێشەیی و کەسایەتی منداڵەوە. بە گشتی ئەو قوتابخانەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو منداڵە خاوەنی خودی خۆی بێت و هزری دایالۆگێکی بێ زەبروزەنگ ببێتە فەلسەفەی ڕۆژگاری ئەو و بە هەست و لۆژیک مامەڵە لەگەڵ بڕیارەکانی ژیانیدا بکات، ئەمەش لە ڕووی میتۆدەکانەوە زێتر لە پرۆسەی پراکتیزەکردندا ئەنجام دەدرێت کە کاری دەستی و وێنە و سەمای ئۆریتمی و شانۆیی و هونەر بەگشتی بەشێکی گرنگی ئەو سیستمەیە.

**سەمای ئۆریتمی و سەماکردن**

سەما خۆی بۆ خۆی هونەرێکە، مێژووی لەگەڵ سەرهەڵدانی پێکەوە ژیانی مرۆڤدا دەست پێدەکات، بە تایبەت لە زۆربەی ڕێتواڵە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا سەماکردن دەورێکی تایبەتی خۆی هەبووە و هەیە.

دەورەکەشی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە سیمبۆلی دەربڕینی جۆراوجۆرە..

سەما یەکێکە لە فۆرمە کۆنەکان، کە جەستەی سەماکەر هۆیەکە بۆ دەربڕین. سەماکردنەکە لەلایەک هۆی کۆمانیکاتسیۆنە، لەلایەکی ترەوە کاریگەریی لەسەر جەستە و دەروونی خودی مرۆڤدا هەیە. سەما بەگشتی و بە هەموو جۆرەکانییەوە نرخێکی گەورەی بۆ پاڵپشتی کردنی تەندروستی مرۆڤ پێدەدرێت. لە ڕوانگەی هونەری سەماشەوە چەندین جۆری تری شانۆ هاتووەتە نێو دەریای زانستی شانۆوە، بۆ نموونە بەناوبانگترینیان سەمای شانۆی دەربڕینی ڤینا باوشی ڤوپەر تاڵی ئەڵمانیایە. لەگەڵ گەشەکردنی شێوازەکانی سەما و پەرەپێدانی هونەر بە سەما و پەرەپێدانی پێداگۆگێک بە سەماو لایەنە زانستەکانی تری وەک دەروونناسی، هونەری شانۆ بە سەما برەوی بە بزووتنەوەی سەما و گەشەکردن و پەرەپێدانی سەما داوە.

جەستەی هونەرمەندەکان بە ڕاهێنانێکی تایبەتی لەلایەن پسپۆڕانی پەیمانگای تایبەتەوە ڕاهێنانیان پێدەکرێت، بەم جووڵانەوەیە جەستەییە زۆر وردەکاری لەخۆی دەگرێت. بۆ نموونە:

لەکاتی جووڵانەوەی ناو لەپی دەستی یەکێک لە سەماکەرەکانی سەمای ئۆریتمی دەبێت هەمئاهەنگ بێت لەگەڵ ئاوازێکی موزیکی تایبەت، ڕەنگی تایبەتی کۆستمەکانی سەماکەرەکە و ڕووناکییەکی تایبەت لە پانتاییەکی تایبەتدا. هەموو ئەمانە لە کۆمۆنیکەیشنێکی دیاریکراودا لەگەڵ وێنە و شێوەکاری سەکۆدا دیراسە دەکرێن. ئەمانە هەمووی لەلایەک، لە لایەکی ترەوە لەنێو ئەو پانتاییەدا لە دیالۆگێکی بەردەوامدایە لەگەڵ سەماکەرەکانی تردا بۆ گەیاندنی ئەو دەربڕینە تایبەتییەی کە لە سەرجەمی پرۆسەکەدا بەدەست هێنراوە.

بەشێک لە هونەری سەرەکی سەمای ئۆریتمی بۆ کارکردنێکی پێداگۆگیکی لەگەڵ منداڵاندا تەرخان کراوە، کە چەند جۆری کارکردنی تایبەت هەیە. ئەم جۆرە هونەرە هاوکاری پێگەیاندنی منداڵ دەکات، بە تایبەت لە ڕێگەی ئەم سەمایەوە (فاینمۆتۆریک)ی گەشە دەکات و لە زۆر بواری ڕۆژانە و ژیانیدا باوەڕی بە خۆی دەبێت.

ئەم دوو خانمەش خاتوو خەرمان هیرانی و خاتوو هێرۆ ئەمین لەنێو هەموو ئەو هونەرمەندانەی تردا جێگای دیاریکراوی خۆیان هەبوو، بینەر هەستی بەوە دەکرد، تا




**خەرمان هیرانی و هێرۆ ئەمین**

چ ئەندازەیەک بە پسپۆڕیی توانیویانە لەم زانستەدا سوود وەربگرن و لە نمایشێکی ئاوهادا پێشکەش بە بینەرانی ئەڵمانی و بینەرانی تری دنیای بکەن.

گرنگی ئەم نمایشە لەوەدایە، کە ئەکتەرەکان (کەسەکانی ئۆریتمی زانان) لە جووڵانەوەی لەشیاندا ڕەنگدانەوەی ناوەوەی دەروون و خود، یان (خود لە ڕووی قووڵی سایکۆلۆژییەوە) هەست پێ دەکرا. هەریەک لەم ئەکتەرانەی ئۆریتمی شوولە لەسەر کاری دەروونی ناوەوەی خودو لە ڕاهێنانی بەردەوامدان. واتە هونەری ئەم جۆرە سەمایە لەوەدایە، کە ئەم هونەرمەندە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ڕۆژانەشیاندا، لە پاککردنەوەی دەروونی و خوودان و کاریان لەسەر دەروونی دەوروبەرەکانی خۆشیان هەیە، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە یەکبوونی خودی دەرەوە و ناوەوەی زات بە تەواوکەری یەکتری لە قەڵەم دەدەن.

ئەم خاڵەش ڕۆدۆڵف شتاینە لە سیمینارێکدا لەسەر فەلسەفەی زەردەشت باسی دەکات. ڕۆدۆڵف شتاینە زۆر سوودی لە دوو هێزەکەی هزری زەردەشت، هێزی تاریکی و هێزی ڕووناکی وەرگرتووە. جەستەی ئەکتەرەکان بەشێوەیەک ڕادەهێنرێت کە دەربڕینەکانیان ببێتە دەربڕینی ناخ و خودی ئەکتەرەکان، لایەنە دەروونییەکەش بە

ئەندێشە و خەیاڵی ئەکتەرەکانەوە دەبەسترێتەوە. لە ئەنجامی پرۆسەی بەردەوامی ڕاهێناندا هەنگاو بەرەو پاککردنەوەی خود دەنرێت و لە ڕەفتار و بیرکردنەوەی زاتەکە خۆی لە ژیانی ڕۆژانەی ئاساییاندا دەبینێتەوە. جەستە و ئەندێشە بەشێکن لە ڕاهێنانەکان بۆ ئامادەکردنی سەماکەرێکی ئۆریتمی، لە ئۆریتمی شوولەدا جەستە بۆ جووڵانەوەی جۆراوجۆری کاری هونەریی ئامادە دەکرێت، لە هەمان کاتیشدا جەستەش هەست بە ئارامیی خۆی دەکات و بۆ جووڵانەوەکانیش ئامادە دەبێت.

جووڵانەوەی جەستە بەگشتی و بەشەکانی جەستە هاوکاری مێشک دەکەن بۆ ئەوەی بتوانێت درک بە هۆشمەندیی خودی جەستە بکات و باشتر تەرکیز بکات، بەم شێوەیە زیهن ڕاهێنانی خۆی دەکات. ئەکتەری ئۆریتمی جیاوازتر لە مرۆڤ بەگشتی، مامەڵەی لەگەڵ جەستەدا بە هۆشمەندییەکی تری هونەرییەوە دەبێ، واتە هەستیارتر و زیندووتر و وریاتر مامەڵەی لەگەڵ جەستەدا دەبێت.

وەرگرتنی هەستی هۆشمەندیی خود بەرانبەر بە جەستەی خود، وریابوونەوەیەکە بەرانبەر جەستەی خود. ئەم زانیارییەش لەگەڵ زانیاریەکانی تردا دەڕژێنە نێو مەعریفەکانی ترەوە بۆ گفتوگۆی دەربڕینی جەستە بەگشتی. جەستە و (هۆش) دەکەونە یەک ئاستی ئاوێزان، بەم شێوەیە ئاڵۆزییەکانی ژیان و قورساییەکانی ژیانیش لەسەر دەروونی مرۆڤ کەمتر دەبێتەوە.

## نواندنی سەمای ئۆریتمی

وشەی ئۆریتمی: لە دوو برگە پێکهاتووە ١- ئۆی: ئەمە وشەیەکی یۆنانییە بە مانای باش، چاک، هاوتا، جوان. برگەی دووەمیش ڕیتمۆس. مانای وەک یەک ئاسا، یەک ئاستی جووڵە، یان جووڵانەوەیەکی جوان، ئەمە لە ڕوانگەی هونەری سەماوە. واتە سەمایەکی جوان.

لە سەرەتای سەدەی بیستەوە ئەم هونەرە لەلایەن ڕۆدۆڵف شتاینە لە ئەڵمانیا و سویسرا سەری هەڵدا. بۆ یەکەم جار خاتوو لۆری سیمیتس لە ١١/١٦ تا ١٩١٢/١١/٢٤ لەلایەن ڕۆدۆڵف شتاینەوە وانەی تایبەتی ئەم جووڵانەوەیەی پێ دەوترێتەوە.

لە کۆتایی ڕۆژی وانەکاندا ناوی ئەم جۆرە سەمایەش دەنێن ئۆریتمی. لە ساڵی (١٩٢٢)وە لە ئەڵمانیادا لە شاری شتوتگارت لەلایەن ماریا شتاینەرەوە فێرگەیەکی ڕاهێنانی هونەریی ئەم سەمایە دامەزراوە.

ئەم هونەرە تا دەهات قووڵتر دەبووەوە تاکو گەیشتە ئەوەی بەم جۆرە هونەرە سەمایە شانۆگەری فاوستی بەشی یەکی ڤۆڵفگانگ گۆتەش نمایش بکرێت. ئێستا ماڵێکی تایبەت بە ناوی ئەم جۆرە نمایشەوە هەیە، پێی دەوترێت گۆیتانیۆم.

گۆیتە بە یەکێک لەناودارترین نووسەری شانۆیی و شاعیر و فەیلەسووفی ئەڵمانی دەناسرێت. لەگەڵ زۆربەی شاعیران و شانۆکارانی ئەو سەردەمەدا لە پێوەندییەکی دیالۆگی بەردەوامدا بوو، لەسەرووی هەمووشیانەوە یازدە ساڵ لەگەڵ فریدریش شیلەردا نامەیان لەسەر نووسینەکانیان گۆڕیوەتەوە.

لە ساڵانی ١٩١٠ تاکو ساڵانی ١٩١٣ هەر ساڵێ جارێک درامای عیرفانی لەلایەن ڕۆدۆڵف شتاینەوە نمایش دەکرا. کۆمەڵێ خەڵکی تایبەت بەم فەلسەفەیە بە بەردەوامی گفتوگۆی ڕۆشنبیرییان لەگەڵ یەکتردا لەگەڵ ڕۆدۆڵف شتاینەر دەگۆڕییەوە. ئەم کەسانە پێکەوە بیریان لەوە کردەوە هۆڵێکی تایبەت بەم جۆرە نمایشە دروست بکرێت. دوای ئەوەی دکتۆرێک شوێنێکی لە شاری دۆڕناخ نزیکی شاری (بازڵ)ی سویسرا کردە دیاری بۆ دروست کردنی ئەم هۆڵە. دوای ئەوەی بە چەند قۆناغێک ئەم هۆڵە دروست بوو، دواتر بووە جێگای ناوەندی بزووتنەوەی ئەم هزرە.

ڕۆدۆڵف شتاینە تا دەهات لە کاریگەریی ئەم هونەرە سەمایە قووڵتر دەبووەوە، تا گەیشتە ئەوەی بیر لە دەنگی ئۆریتمی بکاتەوە و دوایی لەسەر تۆنی میوزیک ئۆریتمی بکاتەوە. دوابەدوای ئەوە کەوتە بیرکردنەوە لە زمانێکی تایبەت بە ئۆریتمی، ڕۆدۆڵف شتاینەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی ئۆریتمی وەک زمانی گفتوگۆی نەبینراو هەبێ. ئەم جووڵانەوەیە بە پێداگۆگیک و چمکیکی پزیشکی چارەسەرییەوە گرێدراوە، کە لە زمانی کوردیدا بەداخەوە دەبێت پسپۆڕانی زمان بگەڕێن واژەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە، ئەم هونەرە بەشێکیشی بە هونەری شێوە جووڵانەوەیەکی عیرفانی تێکەڵە، واتە لەکاتی جووڵانەوەکەدا زیاتر لەگەڵ زاتی خودا لە گفتوگۆدایە، وەک لەگەڵ هزردا. بەم شێوەیە ئەم جۆرە هونەرە بەشێوەیەکی تر زۆر بە قووڵی لەگەڵ دەروونناسیدا پێوەندییەکی دینامیکییان هەیە. بە کورتی دەتوانرێت بوترێت کاری جەستەیی و کاری دەروونی و تێکەڵاوی



**وێنەی ئەرشیڤی (مێرتس تێاتر)ی شاری هانۆڤەر**

زاتیی لەگەڵ خودا لە خزمەتی هونەری سەماکە و فەلسەفەی سەماکەدان. بەم شێوەیە هونەری ئۆریتمی هونەرێکی تایبەتە. بوون بە پسپۆڕ لەم بوارەدا پێویستی بە خوێندنی ئەکادیمی لە قوتابخانە تایبەتییەکانی ئەکادیمی ئۆریتمی هەیە، هەروەک ئەم دوو خانمە کوردە (خاتوو هێرۆ ئەمین و خاتوو خەرمان هیرانی) کردوویانە.

## نمایشی ٢٠٠٩/٦/٢٧ لە هۆڵی (مێرتس تێاتر)ی شاری هانۆڤەر

نمایشی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٦ تایبەت بوو بەکاری هونەرمەندانی فێرگەی ئۆریتمی شوولەی هانۆڤەرو یەکێک بوو لە بەرهەمی ئەو زانستەی پێیان گەیشتووە. ئەم بەرهەمە لەدوو بەش پێکهاتبوو، هەر بەشێکی ئەم نمایشەش لە چەندین فۆرمی جیاواز بەرهەم هێنرابوون. لە بەشێکی ئەم نمایشەدا باس لە ڕزگارکردنی ئەلف و بێ دەکات و شۆڕ دەبێتەوە ناو بوونی گەردوون و دروستبوونی گەردوون و پرسیارەکانی خودی زات و ئاسمان و گەردوون و جیهانی عیرفانی و پرسیاری تاک و دەوری تاک لەم جیهانەدا.

کارکردن بۆ ئەم بابەتە بە هاوکاری وێنەیەکی فیلمی لە پەردەی پشتەوەی سەماکەرەکانەوە زۆر بەگەورەیی دەردەکەوت. لەگەڵ هەموو جووڵانەوەیەکی ئەکتەرەکاندا حکایەتخوانێک لەسەر ئاوازێکی تایبەتیی شیعری دەخوێندەوە، کە ڕیتمێکی تایبەتی هەبوو، لەسەر ئەو ڕیتمەش جووڵانەوەکان نواندنی خۆیان دەکرد.. بەم شێوەیە لە ئەنجامی جووڵانەوەکان فۆرمێکی تایبەت لە دایک دەبوو. لە کاتێکدا کە شیعر خوانەکە باس لە پیتەکان دەکات، سەماکەرەکان ئەمە دەکەنە فۆرمی جووڵانەوەکان و لە ڕیتمی ئەو پیتانەدا دەجووڵێنەوە، یان لە کاتێکی تردا کە شیعر خوانەکە باس لە وشە خەوتووەکان و زەمەن دەکات، ئەو کاتە سەماکەرەکان بەو نەزم و ڕیتمە، بە جووڵانەوەکانیان جەستەیان دەبێت بە زمان بۆ دەربڕینی ئەو هێماو پەیامە.

ئەم نمایشە بەهاوکاری ڕووناکی و بەهاوکاری ڕەنگ و مۆسیقا و ئەو کۆستمە ڕەنگاوڕەنگە هەمەجۆرانە و کۆریۆگرافیێکی پسپۆڕ ئەنجام دەدرێت.. بۆ نموونە کە باس لە کۆریۆگرافی دەکەین، ئەوە مەبەستمان لە ڕەنگدانەوەی کۆریۆگرافی لە جەستەی خانمە کوردەکاندایە.

هەموو نمایشێکی ئۆریتمی خاوەن کۆریۆگرافیێکی خۆبەتی، زۆرجار ئۆریتمی وەکو فۆرمێک ناوزەد دەکرێت. ئەم فۆرمە لە پانتاییەکدا نیشانی دەدات، کە هەر هەنگاوێک لە ئۆریتمیدا نەخشە و پلانی بۆ دیاری دەکرێت و بەدیراسەوە ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە هەر هەنگاوێک لە چی چرکەساتێکدا بنرێت، ئەوە ئەو هەنگاوە بەهاوکاری بەشەکانی تری هونەری ئۆریتمی و هەمەلایەنە ئەنجام دەدرێت.

بۆ هەر فۆرمێک جلوبەرگی دیاریکراویشی بۆ تەرخان دەکرێت. چارشێو+ ڕەنگ+ ڕۆشنایی گونجاوی پێ تاقی دەکرێتەوە..

لە هەمان کاتدا دەتوانن لەسەر سەکۆیەک چەندین گرووپ و بە جیاواز چەندین فۆرمی جیاجیا نواندنی

خۆیان بکەن. ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەکۆریۆگرافەی کە مەبەستەکە بەچی شێوەیەک دەخوازێت بگەیەنێت. دەربڕینی جەستەییش خاڵێکی سەرەکی گرنگی ئۆریتمییە، ئیلمێنتەکانی دەربڕینیش جوولانەوەی جەستەیە بە هەموو بەشەکانی جەستەوە. ئەم جوولانەوانە هەریەکەیان تۆنی دیاریکراوی خۆیان هەیە. مەزک و ڕەنگ و شێوەی سەکۆکاریی تایبەتی خۆی هەیە، هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە ئازادی لێکدانەوەی کراوە بۆ بینەر برەخسێنێت.

پرسیارێکی زۆر سەرنجڕاکێش دێتە کایەوە ئەویش داهێنەری ئەم فەلسەفە و هونەرە چۆن سوودی لە کولتووری کوردی وەرگرتووە؟

## کولتووری کوردی و هونەری ئۆریتمی

ئەمڕۆ تووشی شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشی کولتووری کوردی بووم، کە زۆر سەرسامی کردم،. ئەوەش وێنەی پەیکەرێکی ئەهریمەن بوو، کە کاتی خۆی ڕۆدۆڵف شتاینە لەسەر مێزەکەی خۆی دایڕابوو. ئێستا لەناو کتێبی ئا.ب.س. فەلسەفەکەی (ڕۆدۆڵف شتاینە)یە، ئەم کتێبە باس لە فەلسەفەی ئەنترۆپۆزۆفی دەکات..

لە ڕوانگەی فەلسەفەی ئەنترۆپۆزۆفییەوە مرۆڤ لە ڕێی مێژووەوە دەتوانێت خۆی پێ بگەیەنێت. ڕۆدۆڵف شتاینە زۆر گرنگی بە فەلسەفەی زەردەشتی داوە و شارەزاییەکی زۆر تەواوی لە فەلسەفەی زەردەشتیدا هەبووە، بە تایبەتی لایەنەکانی ڕوحی تاریکی و ڕووناکی و چۆنایەتی یەکبوونی ئەم دوو لایەنە.

ڕۆدۆڵف شتاینە ١٨٦١- ١٩٢٥ زۆر سوود لە فەلسەفەی زەردەشت وەردەگرێت و لێکدانەوەی ئەمڕۆیی بۆ دەکات. ئەو دەڵێ مرۆڤ لە جیهانی ئەهریمەنی هۆشمەند دەکات، برسێتی قودرەت و برسێتی دەسەڵاتی خود، برسێتی توندوتیژی و ڕق و قینە دەبینرێ. ئەو دەگەڕێتەوە سوود لەم لێکدانەوەیە وەردەگرێ، هەروەک چۆن پرۆپیتۆس ئاگر و ڕووناکی بۆ مرۆڤ هێنایە سەر زەوی. مەسیحیەت خۆشەویستی و لوتسیفەرێسی بۆ مرۆڤ هێنا.

لوتسیفەر لە ئەنجامی گەشەکردنی ئەهریمەنەوە وەدەست هاتووە، دوایی دەچێتە سەر لێکدانەوەی ئاورامەزدا و فەلسەفەی زەردەشت. دوایی موحازەرە بە بەردەوامی لەسەر زەردەشت دەڵێتەوە. لە قوتابخانەی ڕۆدۆڵف شوولەی شاری میونشن دەرسی زەردەشت دەوترێتەوە.

لە جێگایەکی تردا زۆر سوودی لە ئاهورا وەرگرتووە، ئەم وشەیە لە زمانی کوردی و زاراوەی هەورامییەوە وەرگیراوە و ڕۆدۆڵف شتاینە سوودی لێ وەرگرتووە. ئەو ڕۆدەچێتە خوارەوە و دەڵێت مرۆڤ دەبێت بە زانست دەوڵەمەند بێت، چاوی ڕوحی خۆی پێبگەیەنێت و گەشەی پێبدات، تاکو بتوانێت بە چاوی ڕوحییەوە سەیری جیهان بکات. دوایی باسی سێ جۆر ئاهورا دەکات و هەریەک لەو ئاهوریانەش ڕەنگێکی خۆی هەیە.

گرنگترین خاڵی هاوبەشی نێوان کولتووری کوردی ڕۆشناییە. ڕۆشنایی چڕترین ئیلیمێنتی ناوەڕۆکی میتۆلۆژی کوردییە. لە زۆربەی داستانە شیعر و ئەفسانە کوردییەکاندا بوونی خۆی هەیە. لەلایەکی ترەوە زەردەشتی بە یەکێک لە ئایینە بنەڕەتییەکانی کوردی دادەنرێت. ڕۆدۆڵف شتاینەش سوودی لە فەلسەفەی زەردەشتی وەرگرتووە. گرنگیدان بە سەماو بە سروشت و بە ڕێتوال، ئەمەش بەشێکی ترە لەناو کولتووری کوردیدا. دەپرسین: چۆن بتوانرێت سەمای ئۆریتمی کولتوورە کوردییەکەی پێ ببەخشرێت، لێرەدا ئەمە پرسیارە گرنگەکەیە. ئەمەش کارێکی وردی دەوێت و بۆ بەشێکی تری بابەتەکەمان هەڵیدەگرین.


**سەرچاوە:**

**1- Rudolf Steiner. Fischer Verlag- Frankfort 1985.**

**2- ABC der Antoposophie-Hsg. Adolf Baumann Rudolf Steiner 1914. Goethanums in D.Basel.**

**3- Christentum Antroposophie Waldorfschule. 1987- Verlagfriesies Geistes erleben Stuttgart.**

**4- Meriz Theater- Hannover.2009.**

**٥- گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هونەرمەند خاتوو خەرمان هیرانی.**

**٦- گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هونەرمەند خاتوو هێرۆ ئەمین.**

# مۆدیلیانی
# به بۆنەی سەد و بیست و پێنج ساڵەی لەدایکبوونییەوە

**و. ئا: زەنوون بیلال محەمەد عەلی**
**(سوید)**

«ئاواتەخواز بووم ژیانم وەک ڕووبارێکی بە پیت و فەڕ بووایە بەکامەرانی و لەسەر زەمین ڕاییکردایە..»

«ژیان بەخشینە... لە کەمەوە بۆ زۆر... لەوانەی دەزانن و هەیانە.. بۆ ئەوانەی نازانن و نیانە..»

**«مۆدیلیانی»**

ئەمێدییۆ مۆدیلیانی «Amedeo Modigliani» لە ڕۆژی «١٢»ی گەلاوێژی ساڵی «١٨٨٤» لە شاری «لیڤورن»ی ئیتاڵیا لە خێزانێکی بۆرژوا چاوی بۆ جیهان هەڵهێناوە. مۆدیلیانی هەر لە سەرەتای ژیانی؛ خاوەن هەستێکی ناسک بوو و حەزی لە خوێندنەوەی شیعرەکانی «دانتی» کردووە. دایکە فەڕەنساییەکەیشی هەر لەزووەوە پێشبینی ئەوەی کردووە کە دەست و پەنجە ناسک و بچووکەکانی کوڕە خۆشەویستەکەی بلیمەتییەکی لەدواوەیە، بەڵام باوکە ئیتاڵییەکەی هەرگیز بەم شێوەیە بیری نەکردۆتەوە و باوەڕی نەکردووە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کوڕە بچووکەکەی ببێتە نیگارکێش. «ناهێڵم ئەمێدییۆ خۆی بکوژێ و ببێتە هونەرمەند.، بازرگانی خەڵووز بۆ دوارۆژی ئەو زۆر چاکتر و لەبارترە.»

سەرەڕای ئەم بارودۆخەی؛ مۆدیلیانی ورەبەرزانە بەردەوام بەدوای هونەر دەکەوێ و هەمیشە دەچێتە سەردانی موزەخانەکان. دایکی یارمەتی دەدا بۆ ئەوەی فێری سەرەتاکانی وێنەکردن ببێ. مۆدیلیانی لە «پەیمانگەی هونەرە جوانەکان»ی لیڤورن دەبێتە قوتابی. مامۆستاکەی «میکائیلی» پاش ئەوەی فێری زۆر شتی دەکا، ئامۆژگاری دەکا بچێتە «فلۆرەنسا» مۆدیلیانی دوای ئەوەی ماوەیەک لە «پەیمانگەی فلۆرەنسا» دەمێنێتەوە؛ هەست دەکا خوێندنەکەی وشک و نەزۆکە، لەبەر ئەوە بڕیار دەدا بچێتە «ڤینیسیا». لەم شارەدا دڵی دەکرێتەوە و ئارام دەگرێ. ڤینیسیا سەرنجی ڕادەکێشێ و



هەرگیز لە تێڕامانی گۆڕەپانی «سان مارک» تێر نابێ و گشت سووچێکی شارەکە دەکا. گەرچی «ڤینیسیا» دەچێتە دڵی مۆدیلیانی، بەڵام تینوویەتی بەهرەی هونەریی ناشکێنێ.

مۆدیلیانی لە ساڵی «١٩٠٦»؛ لە تەمەنی «٢٠» ساڵی دەگاتە پاریس، زوو بە زوو بەرزی و جوانی هەست و هۆشی شاعیری و بەهرە پێشکەوتووە گەشەپێکراوەکەی نازناوی «میری مۆنپارناس» (١)ی پێ دەبەخشن. لەگەڵ ئەوەش دوای بەسەرچوونی چەند ساڵێک ژیانی هونەرمەند دەبێتە ئەفسانەیەکی پڕ تەنگوچەڵەمە و ئەشکەنجە. لە قاوەخانەکان دەسووڕێتەوە؛ بەرامبەر بە بڕە پارەیەک و پێکێ مەی وێنە دەکێشێ. ئەم ژیانە نەگبەتە وازی لێ ناهێنێ تا لە ساڵی «١٩٢٠» لە بارودۆخێکی پڕ لە دەستکورتی و هەژاری و دەردەسەری؛ لە تەمەنێکی کورتی «٣٦» ساڵی سەردەنێتەوە.

ئەگەرچی وێنە و هێڵکاری و پەیکەرەکانی مۆدیلیانی خەم و ژان و پەژارەی دەردەبڕێ، بەڵام باسی کامەرانی و ئاسوودەیی ژیانە کورتەکەشی دەکا. مۆدیلیانی تەنیا شەوانە لە «ستۆدیۆ»کەی دەهاتە دەرەوە و شەقامەکانی پاریسی دەکێلا. ئینجا دوای نیوەشەوێکی درەنگ، دەمەو بەیانی بەسەرخۆشی بەرەو ماڵەوە دەگەڕایەوە و شیعرەکانی «دانتی» بەسەر لێوییەوە سەمایان دەکرد.

«٣٨» ساڵ دوای کۆچکردنی، تاکە پێشانگایەکی بەرهەمەکانی لە پاریس کرایەوە. ئەم پێشانگایە لەلایەن هۆڵی شاریانتێی «Charpentier» لە ساڵی «١٩٥٨» ڕێک خرا. لە هەمان ساڵدا فیلمێک لە نواندنی «ژێرار فیلیپ» (٢) باسی ژیانی کرد. لەوکاتەوە هیچ پێشانگایەکی تر بۆ بەرهەمەکانی نەکرایەوە.. بەم جۆرە پێویست بوو چاوەڕوانی موزەخانەی هونەرە تازەکانی شاری پاریس بکرێ کە بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی ئاهەنگێکی پڕ ڕێز و شانازی و شکۆمەندی بۆ هونەرمەند ساز کرد و پەردەی لە ڕووی ئەفسانەیەکی کۆنی زۆر خایەنی پارێزراو ڕامالی.

ئەم پێشانگا تایبەتییە بەهاگرانە (٢٥٠) تابلۆ و هێڵکاری و پەیکەر دەگرێتە باوەش و هانی مێوانەکەی دەدا بۆ ئەوەی بچێتە ناو جیهانی ئەم بلیمەتە خاوەن بەرهەمە بە پێز و سەمەرەیەوە. ئەگەرچی بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی مۆدیلیانی بزرە و پیشان نەدراوە، چونکە دامەزرێنەر و بەڕێوەبەرەکانی پێشانگاکە نەیانتوانی گشت بەرهەمەکانی کۆبکەنەوە، بەڵام هەموو بەرهەمەکانی بە یەکەوە کارنامەی بلیمەتی و بەردەوامی و بێ وچانی خۆی پیشان دەدا کە لە ماوەیەکی کورت (١٩٠٧-١٩١٢) کەمتر لە دوازدە ساڵ جێبەجێی کردووە. هەروەک «بێرنادێت کۆتانسو.. Bernadette Cotensou»؛ سەرۆکی پارێزەری (موزەخانەی هونەرە تازەکان) پەنجەی بۆ ڕادەکێشێ و دەڵێ «بەڕاستی بەرهەمەکانی مۆدیلیانی لەناو چوارچێوەی زنجیرە تایبەتییەکان قەتیس ماوەتەوە، چونکە ئەم بەرهەمانەی؛ دوور لە تەوژمە مێژووییەکان بە بەردەوامی بوونەتە هۆی پەیدابوونی سۆز و جۆشێکی ڕاستەقینە لەلایەن ئارەزوومەندانەوە کە داوا لە هونەر دەکەن ببێتە سەرچاوەی ئاسوودەیی و کامەرانی و سەرنجدان.

کاتێ مۆدیلیانی گەیشتە پاریس هەر لە زووەوە خاوەن زەمینەیەکی هونەری و ڕۆشنبیری بەرز بوو؛ هەرچەند لە «مۆنمارتر» (٣) نزیکی «باتۆ لاڤوار» گیرسایەوە، ئەو شوێنەی کە پیکاسۆ خۆی تیادا ئامادەکرد بۆ وێنەکردنی «کچە لاوەکانی ئاڤینیۆن» (٤)، بەڵام لەگەڵ ئەوەش خۆی بە «کۆمەڵەی پیکاسۆ»وە نەبەستەوە، چونکە هێڵ ڕۆڵێکی گرنگی لای مۆدیلیانی هەبوو و زۆر بایەخی بەشێوە و ڕوخسار دەدا و حەزی لە دەربڕین بوو، کەچی ئەوکاتە شەش پاڵوییەکان ئەم لایەنەیان فەرامۆش کردبوو.

لە ساڵی (١٩٠٧) مۆدیلیانی چاوی بە یەکەمین کۆکەرەوەی خۆی، دۆکتۆر «پۆل ئەلێکساندر» دەکەوێت ئەویش تابلۆ سەرەتاییەکانی دەکڕێ، هەر ئەویش بۆ کردنەوەی پێشانگاکەی لە «ساڵۆنی سەربەخۆیەکان»

هانی دەدا. مۆدیلیانی هەرگیز بەرەو لایەنی «دێرەن» (٥) و «ماتیس» (٦) یان «براک» (٧) تەنانەت «پیکاسۆش» ناگەڕێتەوە و واز لە ئارەزووی خۆی ناهێنێ و بە بەردەوامی خەریکی وێنەکردنی ڕوخسار و دەموچاو دەبێ. لەمانە «پۆرترێتی لەسەر زەمینی شین» و «پۆرترێتی ژنە بارۆن H».

مۆدیلیانی هەرگیز هەوڵی نەداوە وێنەی سروشت بکێشێ و هیچ بایەخی پێ نەداوە، کەچی سەبارەت بەوەش لەگەڵ «مۆریس ئووتریللۆ» (٨) دەبنە دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی و هەر بەیەکەوە شەقامەکانی «مۆنمارتر» دەپێون و لە قاوەخانەکان دەسووڕێنەوە. وێنە و هێڵکارییەکانی نێوان سالانی (١٩٠٦-١٩٠٩) بەڵگەی پێگەیشتنی نیگارکێشن کە لەنێوان سالانی «١٩١٥-١٩٢٠» درەوشایەوە و ناوبانگی دەرکرد. لەنێوان سالانی «١٩٠٩-١٩١٥» خۆی بۆ پەیکەرتاشین تەرخان کردووە و بەدەگمەن وێنەی کردووە.

لەساڵی «١٩٠٩» مۆدیلیانی چاوی بە پەیکەرتاشی ڕۆمانی «برانکوزی» (٩) تەنیا دەکەوێ، ئەویش هەروەک خۆی شەیدای شێوە و ڕوخسار بووە. هەر لای ئەم پەیکەرتاشە دەست بە ئیش دەکا و فێری سەرەتاکانی تاشین و هەڵکەندنی ڕاستەوخۆ دەبێ. ئینجا مۆدیلیانی لە «سیتێ فالگوپێر» دەگیرسێتەوە و لەگەڵ بەردی نەرم ئاشنادەبێ و دەست دەکا بە تاشینی چەند دەموچاوێکی سەیرو سەمەرە کە بەهیچ وێنەیەک ناچن لەوانەی پێشتر دەیکردن: سەری لاکێشەیی درێژووکانی، لەگەڵ لووتی درێژکراوەی ڕاست و چاوی مەغۆلی(١٠). «وا دیارە ئەمانە لە شوێنێکی دووری نەزانراوی کەناری ئەفەریقیا هاتوون و نهێنی نەوە و سەدەیەکی تریان پێیە». مۆدیلیانی پەیکەرتاش خەون بەوەوە دەبینێ کە لەگەڵ چەند پەرستگایەکی ناوچەی دەریای ناوەڕاست بیانبەستێتەوە. «لیپشیتز» (١١)ی پەیکەرتاش کە بە یارمەتی «ماکس ژاکۆب» (١٢)ەوە مۆدیلیانی ناسی؛ ئەوکاتە دەربارەی دەنووسێ و دەڵێ: «مۆدیلیانی داوای لێ کردم بچمە ستۆدیۆکەی لە شەقامی «فالگوییێر» ببینم. ئەوکاتە خەریکی پەیکەرتاشین بوو، بێ گومان منیش بە ڕاستی هۆگری بینینی بەرهەمەکانی بووم و حەزم دەکرد بیان بینم، کاتێ گەیشتمە لای لە دەرەوە خەریکی کارەکەی بوو. وابزانم پێنج سەری بەردین لەسەر زەوییە چیمەنتۆ کراوەکەی گۆڕەپانی پێش ستۆدیۆکەی ڕیزکرابوون. مۆدیلیانی خەریکی کۆکردنەوەیان بوو. باسی ئەم سەرانەی بۆ کردم کە گوایە بە بیری خۆی پێویستە هەموو شتێک پێک بهێنن».

کاتێ مۆدیلیانی پێویستییەکی زۆری بە پارە دەبوو دەستی دەکردە فلچەکانی و وێنەی دەکرد. سەرەڕای ئەوەش بەرهەمەکانی زۆر کەم دەفرۆشران. سەرە بەردینەکانی وا لە موزەخانەی هونەرە تازەکان پیشان دراون لەگەڵ کۆمەڵە هێڵکارییە سەرەتاییەکان؛ بەتایبەتی زنجیرەی «کاریاتیدەکان» (١٣) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە هەر لەو سەردەمەوە چەند بایەخی بە پەیکەرە پلاستیکییەکان داوە. پۆرترێتەکانی هەردەم خاوەنی چەند هێڵێکی پوخت و جوانن؛ فیگەرە ڕووتە سەرنجڕاکێشەکانی لە بەرزترین پلەوپایەی جوانی و ڕێکوپێکیدان بێ ئەوەی پەنا بەرنە بەر ڕازاندنەوە و دروستکردن.

لای مۆدیلیانی پلان و شێوە و قەبارە بە بەرزی و بەقووڵی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ. کۆمەڵە ڕەنگەکانی نیگارکێشیش «قورمزی و نارنجی و سوور» دان بەم سروشتەیدا دەنێن. تاکە خاسیەتێکی تایبەتی تابلۆکانی مۆدیلیانی بریسکانەوەیە، واتە پلەی درەوشانەوەی ڕەنگەکانی مسیین. دەربارەی وێنەکێشانی ئافرەت و لەشی ئافرەت بەتایبەتی؛ هونەرمەند هەوڵی داوە وێنەیەکی پاراوی ناسک و ڕێکوپێک پێشکەش بکا. لەبەر ئەوە زۆر حەزی کردووە قەبارەی دەموچاو بچووک و باریک بکاتەوە و وێنەکانی تەنک دیاربن.

مۆدیلیانی بە بەرهەمەکانی قایل نەدەبوو و هەردەم ڕەخنە و توانجی لێ دەگرتن، لەبەر ئەوە ڕووی تابلۆکانی لەدیوار دەکرد. لەنێوان سالانی (١٩١٠-١٩١٣) مۆدیلیانی نزیکەی دە تابلۆیەک تەواو دەکا و لەگەڵ کۆمەڵێک پۆرترێتی هاوڕێ و برادەرەکانی کە سەرکەوتنێکی گەورە وەدەست دەهێنن: لەوانە «ماکس ژاکۆب، لۆرانس، کیسلینگ، ژوان گریس، کۆکتۆ، ئاندرێ ڕوڤییر، سووتین.» هەروەها لەگەڵ پۆرترێتی چەند نەناساراوێک و چەند کچێکی ڕێکەوت. شاکارەکانی دواسالانی ژیانی، بۆشایی نێوان سەدەی نۆزدەمی ڕیالیستی و ڕێبازەکانی قوتابخانەی پاریسی پڕ کردۆتەوە.

لە ساڵی (١٩١٤) «ماکس ژاکۆب» مۆدیلیانی بە «پۆل گیێوم» دەناسێنێ و ئەویش پەیتا پەیتا تابلۆکانی دەکڕێتەوە و یارمەتی دەدا. ئەوکاتە نیگارکێش لەگەڵ «بێیاتریس هاستینگس» Beatrice Hastings؛ شۆخە

شاعیر و ڕۆژنامەنووسی ئینگلیزی دەژی و ژیانێکی پەشۆکاو دەیانگرێتە باوەش و نقوومی ناو کووپەڵەی مەی و تریاک دەبن. سەرەڕای ئەوەش مۆدیلیانی بە بێ وچان و بە بەردەوامی وێنە دەکێشێ و «بێیاتریس»یش تاکە سەرچاوەی ئیلهامی نییە.

لە ساڵی «١٩١٦» نێوانیان تێک دەچێ و لەیەک جیادەبنەوە. تەندروستی مۆدیلیانی وردە وردە بەرەو خراپی دەڕوا: گورچیلەکانی سست دەبن و سینگی بێ هێز دەبێ. هەر لە ماوەی ئەم ساڵەدا بازرگانی تابلۆ «زبۆرۆڤسکی» مۆدیلیانی هونەرمەند بە چەند نووسەرێک دەناسێنێ، یەکێک لەوانە «فرانسی کارکۆ»ی شاعیر و نیگارکێشە.

«هانکا» خانمی ژنی «زبۆرۆڤسکی»یش دەبێتە یەکێک لە مۆدێلەکانی. پاشان هونەرمەند دەگەڕێتەوە سەر وێنەکردنی نزیکەی «٢٠» تابلۆی ڕووتی جۆراوجۆر، ڕووتە پاڵ کەوتووەکان و ڕووتە دانیشتووەکان و وەستاوەکان. پانزەیان ئەمڕۆ لە پێشانگا گەورەکانی جیهانن. «ڕووتە پاڵ کەوتووەکەی سەرلای چەپ» و «ڕووتێک بەملوانکەوە» نموونەی ئەم تابلۆیانەن.

لە ساڵی (١٩١٧) مۆدیلیانی چاوی بە «ژان ئێبولنێرن»؛ کچەلاوێکی دڵسۆزی نۆزدە ساڵیی قوتابی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان دەکەوێت کە تا کۆچکردنی تاکە هاوەڵی ژیانی دەبێ. کۆشکێکی بچووکی شەقامی «گراند شۆمیێر» بەکرێ دەگرن و لەناویدا دەژین. «لێیۆپۆڵ زبۆرۆڤسکی» پێشانگایەک لە هۆڵی پێشانگای «بێرت وێڵ» ڕێک دەخا، بەڵام لە یەکەم ڕۆژی کردنەوەی، لەژێر تاوانی دەست درێژی کردنە سەر شەرەف و ناموس؛ پێنج تابلۆی ڕووتی لێ دەگرێ. بێ گومان هیچ تابلۆیەکی پێشانگاکە نافرۆشرێ.

مۆدیلیانی بە بەردەوامی لەگەڵ تابلۆ و وێنە و فلچەکانی دەژی و دەست و پەنجە ڕەنگینەکەی لە جووڵە ناکەوێ. شێوازەکەشی بەرە بەرە دەگۆڕێ: مل و گەردنی وێنەکانی بێ پێوانە درێژ دەبنەوە؛ لە ڕەنگی قورمزی گەش پەنا دەباتە بەر ڕەنگی پەمەیی «زەردچوو» و خێزانە شۆخەکەی دەبێتە تاکە مۆدیلی پەسەندکراوی، هەرچەند ماوەیەک لەگەڵ خێزانەکەی لە باشووری فەرەنسە دەمێنێتەوە، بەڵام بێ هێز و لاواز دەبێ. هەموو توانای خۆی دەخاتە کار. پۆرترێتەکانیشی مۆرکی «ئیماتێریالی» بەخۆیانەوە دەبینن.

دوا بەرهەمی، دوا جووڵەی فلچەکانی پۆرترێتێکی خۆیەتی: تەختە ڕەنگەکەی گرتۆتە دەست و سەری خۆی لارکردۆتەوە و سەیری دوور دەکا... بەڕاستی ئەمە ماڵئاواییەکی زۆر جەرگبڕ و غەمگینە. دوای سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانەی «لاشاریتێ» دوا چرای ژیانی پڕ بەرهەمی ئەم هونەرمەندە دەکوژێتەوە و ماڵئاوایی لە گشت جیهان دەکا، ماڵئاوایی لە مرۆڤایەتی و لە تابلۆ و فلچە و ڕەنگەکان دەکا و بە یەکجاری پێڵووی چاوەکانی لەسەریەک دەنێتەوە. خۆشەویستەکەشی «ژان»ی شۆخوشەنگ ڕۆژی دوایی ئەم کارەساتە لە پەنجەرە خۆی فڕێ دەدا و کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ بۆ ئەوەی لەپاڵ خۆشەویستە گیانی بە گیانییەکەی بخەوێ.

بە تەواو بوون و کۆتاییهاتنی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەژێر چاودێری مەدام «ئورس» لە ئەزموونگەی زانستی موزەخانەکانی فەرەنسە کراون؛ دامەزرێنەر و بەرێوەبەرەکانی پێشانگا بە بیری مێوانەکان دەهێننەوە کەوا مۆدیلیانی هەر لە زووەوە سەرنجی «لاساکەرەوەکانی» ڕاکێشاوە، ئەوانیش ئەو کەڵک و قازانجەیان هەڵسەنگاندووە کەوا بەلاساییکردنی بەرهەمەکانی دەستگیری دەکەن. بەم جۆرە بەشی نیگارکێش دەستی بە بەرزبوونەوە کردووە. ئەگەر ئەم شێکردنەوانە بەشداری لە جیاکردنەوەی ڕاست و چەوت بکەن، ئەوە کارەکەی نیگارکێش بەپێز دەکەن و بەرهەمەکەشی وردتر و ڕێکتر دەبێ. ئەمەش هەروەکو شیکردنەوەکانی تیشکی «×» پیشانیان داوە کە گوایە «لەژێر سەوزیی ئەم تێڕوانینە کوێرانە مۆدیلیانی ڕەسەن وێنەی چاوەکانی شاردۆتەوە.»، بەڵام لە هەمان کاتدا هێڵەکانی دەموچاو بەپێش دانانی تابلۆکە کەوتووە.

ئا ئەوە بوو ژیانی نیگارکێش و پەیکەرتاشی بەرز مۆدیلیانی... ژیانێکی پڕ دەردەسەری و سەرەڕۆیی و چارەڕەشی... مۆدیلیانی ئەڤینداری هونەربوو... ئەڤینداری شەو و ئافرەت بوو.. بە ڕووتی وێنەی لەشی ئافرەتی کێشا و بە برسییەتی ڕۆژگاری بەسەربرد.

مۆدیلیانی لە ئەفسانەکەی خۆی دوورە؛ ئەو تەنیا ڕۆمانسییەکی هەست ناسک نەبوو کە ژیانی خۆی بۆ دوو هەڵوێست تەرخان کرد، بەڵکو بەتایبەت نیگارکێشێکی زۆر بەرز بوو.

**ناونیشانی تابلۆ و پەیکەرەکان:**

١- تابلۆی یەکەم: ئافرەتێک لەسەر زەمینی شین.

٢- تابلۆی دووەم: هانكاز بۆرۆڤسكا- (١٩١٩)، «زنجیرە تایبەتییەكان».

٣- تابلۆی سێیەم: ڕۆمانییە شەنگە ڕووتەكە (١٩١٧)، «زنجیرە تایبەتییەكان».

٤- دوا تابلۆ: ئۆتۆپۆرتری- (١٩٢٠).

٥- هێڵكاری بێیاتریس.

٦- سەرێكی بەردین (١٩١١-١٩١٢)، «زنجیرەی ستافرۆس ئێس نیاركۆس».

٧- سەرێكی مەرمەڕی (١٩١١-١٩١٢)، (زنجیرە تایبەتییەكان).

**پەراوێزەكان:**

١- مۆنپارناس Montparnasse: یەكێكە لە گەڕەكە میللییە هەژارەكانی پاریس. هونەرمەندەكان بەگشتی لەم گەڕەكەدا دەژین.

٢- ژێرار فیلیپ G. Philippes: یەكێكە لە ئەكتەرە فەرەنسییە بەناوبانگەكان. لە ساڵی «١٩٢٢» لە شاری «كان» لە دایك بووە، ئەكتەر ساڵێك پاش ئەم فیلمە كۆچی دوایی كردووە.

٣- مۆنماتر «Montmartre»: گەڕەكێكی گەورەیە كەوتۆتە باشووری پاریسەوە. شوێنی نیشتەجێبوونی هونەرمەندەكانە.

٤- كچە لاوەكانی ئاڤینیۆن: ناوونیشانی یەكێكە لە تابلۆ هەرە بەرزەكانی پیكاسۆ كە لە نێوان ساڵی (١٩٠٦-١٩٠٧) لە پاریس تەواوی كردووە و بووە بە سەرەتای، بەڵكو هەوێنی قوتابخانەی شەش پاڵوویی.

٥- دێرەن Derain ١٨٦٠-١٩٥٤ «ئاندرێ دێرەن» نیگاركێشی فەرەنسی لە «شاتوو» لە دایك بووە و یەكێكە لە داهێنەرەكانی ڕێڕەوی فۆڤیسم «Fauvisme»، «دڕندەخوازی».

٦- ماتیس (Matisse)، «١٨٦٩-١٩٥٤» (هنری ماتیس) یەكێكە لە نیگاركێشە بەناوبانگەكانی فەرەنسا لە «كاتۆ» چاوی هەڵهێناوە. مامۆستای فۆڤیسمە و لە نیگاركێشە پلاستیكییە بەرزەكانی سەدەی بیستەمە. بەرهەمەكانی لە گشت مۆزەخانەكانی جیهان پیشان دراوە.

٧- بڕاك Braque ١٨٨٢-١٩٦٣ «ژۆرژ بڕاك»: نیگاركێشی فەرەنسی لە «ئارژانتۆی» «Argenteuil» لە دایك بووە. یەكێكە لە داهێنەرەكانی قوتابخانەی شەش پاڵوویی «التكعيبية». «Cubisme».

٨- ئۆتریللو: «Utrillo» (١٨٨٣-١٩٥٥)، «مۆریس ئۆتریللو»: نیگاركێشی فەرەنسی لە شاری پاریس چاوی كردۆتەوە، هەر لە سەرەتاوە شەیدای دیمەنی سروشتی بووە و بەشێوازێكی ساكار و ڕەنگێكی پوختە چەند دیمەنێكی دەوروبەری، بەتایبەتی مۆنمارتری كێشاوە.

٩- برانكوزی «١٨٧٦-١٩٥٧» كۆنستانتین برانكوزی: یەكێكە لە پەیكەرتاشە ڕۆمانییەكانی قوتابخانەی پاریس. لە «پێشتیشانی گۆرخ» هاتۆتە دنیاوە. لە پەیكەر و شاكارەكانی: «خوای هونەری خەوتوو»، «مەلی ئاسمان»، «گیانی بودا»، «ماچ».

١٠- چاوی مەغۆلی: چاوی لاری، قوژبن تەسك، وەك چاوی مەغۆلییەكان و چاوی توخمە زەردەكان.

١١- لیپشیتز «١٨٩١-١٩٧٣»: «ژاك لیپشیتز» پەیكەرتاشی لیتوانی ڕەسەن لە «دروسكینك» لە ڕووسیا لەدایك بووە و لە ساڵی (١٩٠٩) لە فەرەنسە جێگیر دەبێ و دوایی لە ساڵی (١٩٤١) ڕوودەكاتە وڵاتە یەكگرتووەكان.

١٢- ماكس ژاكۆپ «١٨٧٦-١٩٤٤» نووسەر و نیگاركێشی فەرەنسی لە كامپر لە دایك بووە. یەكێكە لە پێشەواكانی ڕێڕەوی سوریالیزمی.

١٣- كاریاتید Cariatide یان Caryatide مانای پەیكەری ئافرەتە لە جیاتی ستوون لە خانووبەرەكان دادەنرێت.

**سەرچاوەكان:**

**سەرچاوە فەرەنسییەكان:**


**1- Aube Denard, Modigliani, 60 ans apres, Nouvelles de France, 1981 N92 Dossiers, Page: 15-18.**

**2- Dictionnaire encyclopedique pour tous, Petit Larousse, illustre 1993, Librairie Larousse.**

**3- Grand Larousse encyclopedique, Edition Prestige, tome treizieme, R034-1, G-751-13, Modigliani- Amedeo.**


**سەرچاوە عەرەبییەكان:**


**١- يوسف فرنسيس، الملاك الفاسد، دارالمعارف، مصر «١٩٧٠».**

**٢- فخري خليل- اعلام الفن التشكيلي- مودلياني- مجلة آفاق عربية- السنة الحادية عشر (١٩٨٦/٢/١).**

# زەنجیرەی نزای گەڕان و قەدەر
# لە هەرێمی خەونەکاندا

**ڕەووف مەحموودپوور**
**(مەریوان)**

**وتەیەک**

ڕەوتی شیعری کوردی لە ئاستەکانی ئەوسا و سەردەمدا، هەروەک سامانەکانی دیکەی نەتەوەیی، لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە نەکەوتووەتە بەر خوێندنەوە. یان لایەنی کەم بە یەک دوو خوێندنەوەی یەکچەشن و یەکدی پەسەند قەناعەت کراوە. ئەمەش بووەتە هۆی بەزاڵکردنی یەک، یان دوو دەنگ و کوێراندنەوەی دەنگەکانی دیکەی ئەو ڕەوتە.

لە حاڵێکدا، بەرهەمەکانی گەلانی بەتەرخەم، تەنانەت لای دراوسێکانیشمان، لە چەند بواری جیاوازەوە و بە خوێندنەوەی نایەکچەشن بەسەر کراونەتەوە. ئەمەش بووەتە هۆی چەند دەنگی و چەند شێوازی لە ڕەوتەکەیاندا.

ئەوە بوو کە بەش بەحاڵی خۆم هەستم بەم کەلێنە کرد. بۆ وێنە هەستم کرد کە شاعیری سەوداسەری دەڤەری هەورامان «سەیدی هەورامی» لە ژێر سێبەری مەولەوی و بێسارانی-دا، تەنگەتاو بووە، هەربۆیە لە ئاست خۆمەوە دەستم دایە خۆێندنەوەی و ئاکامەکەی بوو بە کتێبی: «خێزگەی سەیدی و خەرمانەی ئەدەب».

لە ئەدەبی هاوچەرخی ئافرەتانیشدا، ڕاگەیاندن و دۆخ بوونەتە هۆی زاڵکردنی یەک دوو دەنگ و فەرامۆش کردنی دەنگانێک کە بە باوەڕی من دەقەکانیان لە ئاستی خوێندنەوەدان و خودان تایبەتمەندی و جیاوازین.


دەقەکانی شاعیری دەڤەری کەرکووک: «چنار نامیق» لە وەها دۆخێکدان.

هەربۆیە وەک زەنجیرەی دووەم لەو ڕەوتەی کە لەبەرم گرتووە، دەکەوێتە بەر خۆێندنەوە و پێشکەشی دەقخانەی کوردی دەکرێت.

دڵنیام ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبێت، بەڵام زەنجیرەی سێیەم لە کام خێزگەدا دەگیرسێتەوە؟ نازانم.

ژنانی شاعیر، لە ئەدەبی کوردیدا، هەرچەند خاوەن ڕێچکەیەکی بەردەوام و دێرین کە لە ڕەوتی یارسانەکانەوە دەست پێدەکات و دەگاتە «جیهان ئارا» و «مەستوورە»، بەڵام ئەو ڕەوتە پێشینەیەکی پتەو و دەوڵەمەندی نییە و ئەوەش بۆ کۆمەڵێ هۆکار و بنەمای کولتووریی و کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە.

لە خولی نوێدا ئەو ڕێبازە پڕ



ڕێبوارتر دەبێت و پۆلێک دەنگی «ئافرەتانە» لە ژانری شیعردا، دەبریسکێنەوە و بەرهەمەکانیان دەکەوێتە بەر دیدەی بەردەنگ.

ڕەوتی ئەدەب، بە ڕێڕەوی ژنانی کورد، وێڕایی کۆسپ و تەگەرە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و کولتوورییەکان، بەرێبوارانی بەدەنگەوە ئاودانی دەچرێت و تەکان بە بوون و بەردەوامی کاروانی ئەدەبی کوردی دەدات.

هەرچەند مەبەستی ئەم وتارە ڕیز کردنی ناوی ژنانی شاعیر نییە، بەڵام (نەجیبە ئەحمەد، مەهاباد قەرەداغی، کەژاڵ ئەحمەد، ژیلا حوسێنی، کولسووم عوسمانپوور، ڕۆژ هەڵەبجەیی) و چەندانی دیکە نەوەیەکن کە گەشە بەو ڕەوتە دەدەن و دەبنە هرووژێنەری نەوەکانی دوای خۆیان. «هاژەی ڕوح، گریێ، قەڵای ڕاز و...» ئەو بەرهەمە شیعرییەن کە دەکەونە بەردەستی خوێنەرو بەپێی ئاستی خۆیان دەبنە بەشێک لە ڕەوتەکە.

«کۆ شیعر» ناوی ئەو دەفتەرەیە کە شیعری چەند قۆناغی «چنار نامیق» لەخۆ دەگرێت و لە قەوارەی ١٧٦ لاپەڕەدا، لەساڵی ٢٠٠٦ لە لایەن دەزگای «چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس»ەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

بە خوێندنەوەی من ئەم کۆشیعرە، دەتوانێت وەک ئەڵقەیەکی شیعری ئافرەتان لە ئەدەبی کوردیدا بێتە شرۆڤە و پۆلێن کردن.

«کۆ شیعر»ی «چنار نامیق»، یەک لەو ئەڵقانەیە کە خودان تایبەتمەندی خۆبەتی و چەپکێ شیعری شاعیری لە خۆگرتووە و دەکرێ لە زەنجیرەیەک لەسەر وەستانەوەدا بخوێنرێتەوە.

لەم ناوەدا دەنگێکی دیکە دەبریسکێتەوە کە دەکرێت وەک دەنگێکی جیاواز و «تایبەت بەخۆ» بخوێنرێتەوە.

**گەڕان**

لە نێو خاک و ئاسماندا ڕامام(١)

ڕامان لە وڵاتی بەرزەخ، لە نادیارگەی کڕنۆش، لە ئەوپەڕی دڵەڕاوکێ و وەهم و چاوەنواڕی، یان گیرۆدە بوونێک لەنێوان خۆبوون و پشت بەستن بەخۆ، یان چاوبڕینە توان و بەخشینەکانی ئاسمان، یان خەیر، ئاوارە و پەڕیوەیی لە ناچاری بێ نیشتمانی و بێ خانەولانەیی و وەڕس بوون لە خۆ؟!

لێرەدا وشەکان دەبنە هێماو نیشانە بۆ دنیا پڕ دڵەڕاوکێ و پڕ پرسیارەکان لە کولتووری گەلان و بە تایبەت کولتووری کوردیدا؛ خاک هێمای وڵات و زێدە. هێمایە بۆ دایک. بۆ ژیان و ئۆقرەیی. ئاسمانیش هێمایە بۆ ڕۆژ. بۆ باوک، بۆ دەسەڵات و بۆ سەرچاوەی بەخشین.

لە ڕوانگەیەکی نوێترەوە خاک هێمایە بۆ مرۆڤ. بۆ زێد و سەرچاوەکانی توان و وزە و خۆبوون. ئاسمانیش هێمایە بۆ دەسەڵاتی غەیرە مرۆڤ. بۆ دەسەڵاتی باڵاو بۆ شوێنی سەرپەرشتی و پشت پێ بەستن. وەک دەزانین لە سەردەمانێکدا مرۆڤ بە چش کردن لە توان و پتانسیلەکانی هێزی هزر و بیر و زانستی خۆی، بازی بەسەر مێشکی خۆیدا دابوو و بەتەواوی چاوی بڕیبووە دەستی ئاسمان و ئاسمان نشینەکان، بەڵام لە شۆڕشێکدا مرۆڤ بە خۆدا هاتووەو «مرۆڤگەرایی» (هیومانیزم) بوو بە ماکەی هزر و بیرو دڵەڕاوکێی مرۆڤ. ئاکامەکەشی ئەوەبوو کە مرۆڤ وازی لە بەخشینە وەهمییەکانی ئاسمان هێنا و بۆ وزەکانی مێشکی بەشەر گەڕایەوە.

لەم ڕیزە وشەیەدا:

«لە نێو خاک و ئاسماندا ڕامام»

هەڵگری زۆر تەئویل و خوێندنەوەیە، بەڵام پشت بەستن بە شێتەڵکاری نیشانەکان ڕێبردنە نێو یاریگەی گەمەی وشە، لەو مەحرەکە شیعرییەدا.

لێرەدا پرسیارێک قوت دەبێتەوە و سەرسامییەک دەخاتە نێو کەوانەی بەردەم ئەو کۆپلەیە. ئاخۆ شاعیر لە دڵەڕاوکێی هەڵبژاردن لەنێوان خاک و ئاسماندا سەرسامە؟ یان خەیر خاک و ئاسمان بە دوو هیچ دەزانێت و مرۆڤ بە تەنگەتاو لەنێوان بەرداشی ئەو دوانەدا؟!

ئاخۆ جۆرە باوەڕێکی «نیتشەیی» ناخولقێتەوە مرۆڤ ناخرێتە نێوان سەرگەردانی دوو هیچەوە؟

تاسەی وڵات و بوونە خودان قەوارەی نیشتمان، بووەتە بەشێک لە ناخۆگەی زەینی مرۆڤی کورد. تاکی کورد، نەهامەتی و کارەساتە داباریوەکانی بەبێ وڵاتی و سەرگەردانی لە جوغرافیادا گرێداوە.

شاعیرانیش وەک چینی خوێندەوار و مێشک کراوەی گەل، شیعریان کردووەتە زمانحاڵی ئەو حەزە و لەسەردەمەکاندا بانگەشەیان کردووە. بە تایبەت شاعیرانی سەردەم، لە دنیای پرسیار بۆ وڵات و ناسنامە و پاسپۆرت و تاد... زیاتر هەست بەو کەسایەتییە دەکەن.

**+ لە مەملەکەتێکەوە هاتووین**
**بێ ناو نیشان لە جوغرافیای بووندا**
**تۆشەبەرەی خەونەکانمان**
**پڕ لە سێوی ڕەنگاوڕەنگە(٢)**

وورووژاندنی پرس لە وڵاتێکی نادیار، سەرگەردانی لە جوغرافیادا و سەرسورمان لەو هەموو سێوە ڕەنگاو ڕەنگە وەهمیانەی کە لە خەونەکاندا گەمە دەکەن، یان بگرە تارۆزدان لەو چارەنووسەی کە بەسەر جوغرافیاو چارەنووسدا سەپاوە و نیشتمانێک لە هەڵواسراوی و بێ ناوونیشانی بە خاوەن دەق بەخشیوە. نیشتمانێک کە باڵندەی بەنزایە و شیعری هەڵواسراو لە بەرزەخی نێوان خاک و ئاسماندایە، هەربۆیە لەوەها نیشتمان و لە وەها دۆخێکدا، نزای پاساریە سرک و زیتەڵەکان بەرەو ئاسمان دەکەوێتە کرووزانەوە، بەڵام وەک بڵێیت دەرگای ئاسمانەکانیشی بەڕوودا داخراوە، هەربۆیە کەسێک نییە پرس لە نزای باڵندەکانی ئەو نیشتمانە بکات.

**+ ڕەنگە نزای پاسارییەکان**
**بگاتە ئاسمان**
**وەلێ خوایەک**
**لێی ناپرسێت**(٣).

لەم کۆپلە شیعرییەدا، ئایدیۆلۆژیایەکی شیعری بووگەسە هۆکاری درکاندنی دوو واقیع. یەکەمیان قوت بوونەوەی «ڕەنگە» و ئەگەرێکە لەبەردەم گەیشتنی دەنگ و نزا و پاڕاناوەی باڵندەکان بە ئاسمان. واتە هێشتا بە جەختی باوەڕ نەکراوە و دڵنیاییەک لەو پێوەندەدا لە ئارادا نییە، بەڵام لە واقیعی دووەمدا؛ دڵنیا بوون هەیە و بە جەختەوە هاتووە کە «وەلێ خوایەک، لێی ناپرسێت».


واتە دۆخی باڵندەکان هێندە پڕ کەسەر و ناهومێدانەیە کە تەنانەت خوایەکیش بە هانایانەوە نایەت. واتە ئەوپەڕی بێکەسی لە کارەساتی ژیاندا.

دیارە ئەمەش بۆ ئەو هەموو ئەزموونانە دەگەڕێتەوە کە لە جانتای ژیانی کۆمەڵایەتی شاعیردا هەن و بە واقیع بووگن. ئەم دەقە لە زەین و حافیزەیەکەوە قڵوەزە دەبەستێ کە پڕە لەو جۆرە ئەزموون و بەسەرهاتانە.

لە وەها نیشتمانێکدا باڵندە دەبێتە هێمای دەنگە بە بزاڤ و تێکۆشەرەکان و هەرچەند چارەنووسێک لەپەرپوەیی و کۆچ ئاوقەی ئەو باڵندانە دەبێتەوە، بەڵام ئەوان هەڵگری خەونێکن لەئاشتی.

**ڕەوە باڵندە کۆچەرە**
**ئاسمانەکان بەجێ دێڵن**
**هەگبەی خەونێکی سپییان**
**لە کۆڵدایە**(٤)

لەم دەقەدا، باڵندە هێمایەک کە دەکرێ خوێندنەوەی جیاوازی لەسەر بکرێت و تەئویلی واتایی نایەکجۆری بۆ بدۆزرێتەوە:




لەهەر حاڵدا ئەو باڵندانە کە تەرە دەبن، لە پێناوێکدا دێنە کۆچبەری. ئەویش هەڵگریی هەگبەیەکە لە خەونی سپی. کە دووبارە خەونی سپیش هێمایە بۆ ئاشتی و یەکسانی.

لێرەدا ئەو بۆچوونە دێتە بە فاکت بوون کە دنیای شیعر ئەگەرچی لە خۆیدا چ تەکانێک نییە، بەڵام هەوڵدان و بزاڤە بۆ بەتەکان کردن و بەجووڵە خستنی زەین و بزاڤەکان. هەوڵدانە بۆ گۆڕینی باوەڕ و بۆچوون لەپێناو بە ئەکتیڤ کردندا.

لە دنیای پڕ کارەساتی بەدەق بوونی ئەم شیعرانەش، وێڕای ئەو هەموو قەدەرە داسەپیوانە کە بەسەر ژیان و شیعردا بوونەتە بۆرانی مەرگ و چەرمەسەری، دێتە گۆ کە گوایە باڵندەکان هێشتا لە فڕین نەکەوتوون و تا هەنووکەش هەڵگری ئەو خەونە سپیەن کە پڕ ژیان و پڕ ئازادییە. ئەمەش هەوڵدانی شیعرییە بۆ بڕوا پێبەخشین و ورە پێدانی جڤات لەپێناو بەردەوام بوون لە بەرخودان تا گەیشتن بە ئامانجەکان.

ئەم ڕوانگەیەش لەلایەن زانایانی بواری ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەوە دەربڕاوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە.

بۆ نموونە؛ «هربرت ماركوزە» دەڵێت:

«هونەر ناتوانێ جیهان بگۆڕێت، بەڵام پێیدەکرێت بە گۆڕینی زەین و زانیارییەکان، هانی ئەو ژن و پیاوانە بدات کە لە توانایاندایە لە گۆڕینی جیهاندا بەشێکیان هەبێت.»

یان دەڵێت: «هونەر وەک زانیاری، بە سەر زەینی کەسەکانی کۆمەڵگەوە کاریگەر دەبێت و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری و زانیاری ئەوان سەبارەت بە خۆیان و سەبارەت بە جیهانیش.»

## قەدەر

بە واتایەک شیعر ئەو ئەزموونە بە گشت کراوەیە کە لە ڕێژگەی زمانەوە بەدەم گەمەی وشەکانەوە، دەبێتە بەشێک لە بوون. (غووربەت)ی نالی، (بەندیخانە)ی قانیع، (هارە سەختەنی) سەیدی هەورامی، (زووسانەن وەی ڕەنگ)ی مەولەوی تاوەگۆزی و..لەوەها بەزمگەیەکدا بوون دەگرن و خۆیان لە بووننامەی وشەی کوردیدا تاهەتایی دەکەن.

به ڕەنگێکی دیکە، شـیـعـر هەڵێنجراوی ئەو دۆخ و ژیانەیە کە شـاعـیـر وەک تاک و وەک کۆمەڵگەش ئەزموونی دەکات. شاعیری گەورەی فارس «ئەحمەد شاملو» دەڵێت:

«قەد ناتوانم باوەڕ بکەم کە شیعر کـاردانەوەی ڕاستەوخۆی ژیان نەبێت، یان شتێک بێت جیا لە ژیان.»

شاعیری «کۆشیعر» کە زاڵیەتی قەدەرێکی داسەپیو بەسەر چارەنووسی تاک و کۆی گەلەکەیدا دەبینێت؛ دەڵێت:

**+ متمانە بە قەدەر ناکرێت(٥)**

قەدەر، ئەو بازنە پڕ نەهامەتەیە کە ترنجاوەتە سەر نەفەسگەی کولتوور و سروشتی کوردی و هەر هەلاوهاوارێک بە تاساندنێکی تر وەڵام دەداتەوە.

کولتووری کۆمەڵگەی شاعیر، هێندە پڕ بڤە و مەکەو عەیبە و نابێ و ناکرێتە، کە هەر تەکانێکی «تاک» بۆ گوزەر لەو ڕێبازە تابۆکان بەربەست و نەلواو دەکات، هەر بۆیە قەدەر دەبێتە پرانپـری ڕەوشت و ئاکار و کولتووری کۆمەڵگە و دەمقاڵەکانی ئێرەدا و تەکان و جووڵەی تاکەکان دەخنکێنێ و وەک لێشاوی لافاو لەبەریان دەدات و لەگەڵ خۆیان دەخات و دەیانکاتەوە بە بەشێک لە خۆی و دەیانخواتەوە.

هەربۆیە شاعیر هەر ئەزموونێکی کرداری خۆی وەک هێمای تاکەکانی کۆمەڵگە، بە پلیشاوی و بە سەفەرێکی بێ سەرەندەر و عەشقستانێکی خاپوورکراو دەخوێنێتەوە.

**+ هەر سەفەرە**
**شاری عەشقی دڵە نامۆکان**
**خاپوور دەکا(٦)**

ئەگەرچی سەفەر دەنگاژە بۆ دەنگاژۆی دیتنی نوێ و بینینی نوێ و ئەزموونی نوێ و گەشەو ئاوەدانی، بەڵام لە کیشوەری شیعری لەم دەقەدا دەبێتە قەرتاڵ و بوومەلەرزە بۆ قەڵاچۆکاری و بە وێرانکردنی شاری عەشق. ئەویش شارستانێک لە قووڵایی و لە لانگەی دڵەکاندا.

لێرەدا وشەکانی: (سەفەر- شار- عشق- دڵ) دەبنە ڕێچکەیەک بۆ ئەوەی بکرێت هزر و حەزێک بە شوێن خۆی و ونبووەکانی خۆیدا بگەڕێت و بتوانێت بە دۆزینەوە و قۆستنەوەیان شارستانێک لە ئۆخەی و باڵایەک لە ئاوەدانی بنیاد بنێت، بەڵام لە پڕ وشەی «خاپوور» قوت دەبێتەوە و دووبارە هەموو شت تا لووتکەی دەستپێک و سەرەتای حەزی خاو ڕەهێڵ دەکاتەوە. ئەگەر بڵێم هێنان و هەڵبژاردن و چنینی ئەم وشانە بوونەتە هۆی جۆرە سیحرێکی زمانی لە دەقەکەدا، بگرە زۆر کرژگۆییم نەکردبێت.

**+ چاویلکەکانی قەدەرم پێ خاش ناکرێت(٧)**

شەڕ و ملمـلانێی دەروونی و کرداری، چ گۆڕانێک لە بازنەی قەدەردا بە سەوقات ناهێنێت و بگرە ئەم ڕەوتە دەبێتە خودی قەدەر. واتە قەدەری نەپسانی بازنەی قەدەر. هەرەسهێنانی ئەم هەموو تەکان و بزاڤ و کۆششانە، وێڕای یەئس و ناهومێدی، تاڵییەکی دیکە داسەپێن دەکات. ئەویش گەیشتن بە قەناعەت و باوەڕی قەدەرە، بە جۆرێک کە ئەمجا هەموو ڕوانگە و لێکدانەوە و بینینێک دەبێتە قەدەراوەیی و بێ سەرەنجامی ئیرادە و ویست، واتە مەرگی ئیرادە، چ لە ئاستی تاک و چ لە کۆمای جڤاتدا. قەدەر دەبێت جیهانبینی و چاویلکەی دیتن.

هەوڵەکانیش چ کاریگەریان بۆ وردوخاش کردنی ئەو چاویلکەیە پێ بە ئەنجام ناگەیەنرێت. هەربۆیە لەوپەڕی یەئس و تەسلیم بووندا، ئەو دەقە دادەبەزێت:

**«چاویلکەکانی قەدەرم پێ خاش ناکرێت».**

دابەزینی «چاویلکە» لەم دەقەدا بۆ خۆی نیشانە و هێمایە بو شەپۆلێک خوێندنەوە و ڕاڤە و تەئویل.

بازنەی قەدەر بەجۆرێک ئاوەڵاوەتە نێو جەرگ و هەناسەی تاک و کولتووور کە هەموو تەکانەکان بەربەست و چەقاویتر دەکات.

نەک هەر لە گۆڕەپانی کولتوور، بەڵکو ئەو قەدەرەی کە بەسەر سروشت و جوغرافیای زێدی شاعیردا داسەپیوە، بووەتە هۆی هەرەسی زۆر بزاڤ. سەرهەڵدانی زۆر وشە و شیعر و پەپوولەش تا هەڵدێری تەناف و قەڵاچۆ و وێرانی گلاندووەتەوە.

هەربۆیە شاعیر چ ڕووناکی و پەنجەرەیەک بەرەو هیواکان نابینێ و پێی سۆراخ ناکرێن، ئەوەتا چراکانیش ئەگەرچی دەسووتێن، بەڵام تاریک پڕێنی دەکەن و بۆ خۆیان شەوگارێکن لە شەوگاردا.

**+ چراکان**
**تاریکتر لە شەوگار**
**دەسووتێن.**

لەم کۆپلە شیعرەدا، کاروانی چوار وشە، تەنیا چوار وشە، دەبنە بار هەڵگری عالەمێک وەسڵە (کالا) و بیساتی واتایی و زمانی.

چرا ⟵ سووتان
شەوگار ⟵ تاریکی

تا ئێرە چ کارێک نەکراوە. چرا دەسووتێت و شەوگار تاریکە. واتا ڕێکاوڕێکی واتا سروشتییەکەی، بەڵام لە پڕ دنیاکان دەشڵەژێن و

چەوتەڵکاری دەبێتە هرووژێنەر بۆ شڵەقاندنی مەندیی گۆمی وشەکان.

چراکان دەسووتێن، بەڵام تاریکتر لەشەوگار.

ئاساییە کە سووتانی چرا دەبێتە مەرگ لە پێناو شۆڵەبەخشی و شەڕی تاریکیدا. چرا دەسووتێ، بەڵام دەبێتە بزاڤ دژ بە تاریکی و ڕەشامەیی. کەچی لێرەدا و لە پڕ سیحریی وشەکاندا، چرا دەسووتێت، بەڵام تاریک. تەنانەت تاریکتر لە شەوگار. ئەگەر وای بۆ بچین کە شەوگار نیشانە و بانگچڕە بۆ کولتووری داسەپیو، بۆ ئەو قەدەرە وێرانکەرەی کە بەر دید و تەکانی تاکەکانی تەنیوە، ئەو کات هەست بە بێ چارەیی ئەو دەنگانە دەکرێت کە هێشتا کۆڵیان نەداوە و لە کۆشش بەردەوامن، بەڵام بزاڤ و خەباتیان چ سوودێکی نییە و سووتانی ئەوان توانەوەیە لە پێناو هیچدا.

ئاخۆ ئەم دەربڕینە، دووبارەبوونەوەی سیزیفێکی تر نییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا؟ بەردەوامی هەوڵ و کۆششەکان نییە لەپێناو گلانەوە تا سەرەتای سەرلەنوێ و دووبارەکاری؟! گلانەوە تا سەرەتاکانی ماندوویی و شەوگار و زاڵیەتی و نادرکێنی؟

یان ئەم سووتانە هەمان چەقۆی فەناو قڕکاری نییە کە لە دنیای وشەکانی «مامۆستا گوران»دا، کە بە هەر تەکانێک زیاتر لە گەردن نزیک دەخرێتەوە؟

**لەپێش هەموو شتێک چوونکای کوردم**
**گیرۆدەی ناو هەزاران داوی وردم**
**باڵی فڕین، دەنووکی هاوار کردن**
**زیاتر چەقۆم نزیک ئەخا لە گەردن.**

واتە شێلگیری هەمان قەدەری پڕ کارەسات لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

**+ وەکو فاڵچی**
**بە نێو دێڕەکاندا دەگەڕێم**
**بەتەنێ**
**مانایەک بۆ دەربڕینی گوڵەکان و**
**کوودەتای وەرزەکان**
**نادۆزمەوە(٨).**

وێڕای ئەو هەموو سامە داسەپیوەش، هێشتا شاعیر بەردەوامە و لە گەشت و گەڕدایە.بەشوێن دۆزینەوە و ناسینی ڕێگاکاندا دەگەڕێ بۆ فێربوونی بەزمی پساندنی بازنەکان. بۆ دۆزینەوەی هاوڕێ و بۆ بەکۆ بوون لەپێناو شۆڕش و کوودەتایەکدا، بەڵام کۆششی بە ڕێباز و ئاوەزاوی چ سوود و بەرهەمێکیان نەبووگە. هەر بۆیە لێرە بەدواوە، شاعیر ڕێگایەکی تر دەگرێتە بەرو دەکەوێتە ئەزموون کردنی باوێکی تر. ئەویش گەڕانەوەیە بۆ چەند چاخ پێشتر لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ. واتە چاخی فاڵ و جادوو. ئەمەش بۆ بەسیحر بوونی قەدەر دەگەڕێنێتەوە کە زانست و ئاوەز لە ئاستیدا بە چۆکدا هاتوون و پێویستە بۆ بەرنگاربوونەوەی، ڕێبازی سیحرو جادوو تاقی بکرێتەوە.

هێنانی وشەی «فاڵچی»، لەم دەقەدا، ئاماژە بە زۆر شت دەکات وەڕس بوونە لەو هەموو هەراو هۆریایە کە جاڕچیانی زانست و مودێرنیتە و ئاوەزگەرییەتی، قاڵیان کردووە. شاعیر کە دەبینێ بەشی کۆمەڵگەی ئەو لە بەرهەمی تەکنەلۆژیا، تەنیا ژارو بۆمباو ناڵەی فڕۆکە و وێرانی و کوشتاری گوڵەکانە، هەراو هۆریای مافی مرۆڤ و یەکسانی و عەدالەتیش بەلایەوە پوولێک ناهێنن، چونکە بوونەتە بەشێک لەو قەدەرەی کە مێمل و کوشەندەی ڕوح و سۆز و سروشتی ئەون. خزاونەتە بەرەی ئەو قەدەرەوە و تەنیا ئەرکیان ڕەوایی پێدانیەتی، هەربۆیە لەوەها دنیایەک وەڕس دەبێت و هەوڵ دەدات چەند چاخ بەرەو دواتر پاشەکشە بکاتەوە. ئەوەتا دەبێتە فاڵچی و دەخزێتە باوەشی ئەوان. واتە پەنابردن بۆ ئەو دنیایە کە سەدانسەد دەبێتە فاڵچی پێچەوانە و دژی دنیای زانست و تەکنەلۆژیایە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر لەو دنیا پرزرق و بەرقەدا چ چارەسەرێک بۆ سارێژکردنی ئازارەکان و سڕەواندنی برینەکانی نادۆزێتەوە، هەر بۆیە بە ناچار پەنا بۆ داڵدەکانی دنیای پێشووتر دەباتەوە. «جادوو»، ئەمەش ئەو بۆچوونە پشت ڕاستی دەکاتەوە کە مرۆڤ هەر کات هەست بەوە بکات کە توانا زانستییەکانی سەردەم ناتوانن چارەسەر بۆ مەینەت و ئازارەکانی بدۆزنەوە، بە ناچار پەنا بۆ سەردەمی جادوو و ئوستوورەکان دەباتەوە.

کۆ بەستی وەها دۆخێکی داسەپیو بەسەر کولتوور و کۆمەڵگەی شاعیردا، بوونەتە ئەو قەدەرەی کە ئیرادە لە تاک و کۆ تاڵان بکرێت و مرۆڤ چ دەرەتان و دەست چوونێکی بۆ چ خاوەنداریەتییەک لە بەهاو شکۆمەندی مرۆڤانەی خۆی نەمێنێت. مرۆڤێک کە هەم ئیرادە و هەم زەمەنی لێ بدزرێت و تاڵان بکرێت. ئیدی زەمەن و ئیرادە، نەک لە خودی مرۆڤە، بەڵکو لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤ و لە فەرهەنگی قەدەرەوە دەکەونە کارو هەرچی زیاتر ڕوح و جەستەی بەرەو شکەتی زیاتر دەبەن.

**+ زەمەن**
**لەو دیوی منەوە**
**هەرساتەو بەرەنگێک**
**تابلۆکانم بۆ دەکێشێ**
**لە هیچدا یەک**
**ناگرینەوە(٩).**

ئاسایییە ئەو زەمەنەی کە لەدەرەوەی ئیرادەو ویستی شاعیرەوە بەگەڕ بێت و بۆ کێشانی تابلۆکانی ژیانی شیعر فەرمان لە قەدەر وەربگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا چ تەبایی و وێکچوونێکیان نییە، هەر بۆیە لە هیچدا یەک ناگرنەوە. واتە دوو هێڵی پەرتەوازە و سرک کە هەر کامەیان بەرەو لایەک دەکشێ و ناتوانن قەت لە خاڵێکدا یەک بگرنەوە. کەواتە بوونێک لەنێوان دوو هیچدا.

لە وەها دۆخێکدا، «چارەنووس» دەبێتە گاڵتەجاڕی دەستی زەمەن:

**+ زەمەن**
**گاڵتە بە چارەنووس دەکات**
**ئەویش**
**دواسرتەی تەمەنی**
**بەدەم گەرمەی ئازارەوە**
**چاوەکانی دەبڕێتە چاوی زەمەن**
**بەڕابردووی**
**پێدەکەنێ(١٠)**

چارەنووسێک کە دەبێتە گاڵتەجاڕی دەستی قەدەر و زەمەن، چاو دەبڕێتە چاوی زەمەن، بەڵکو تروسکاییەک لە هیوا و پەنجەرەیەک بۆ «ئۆخەی» کەشف بکات، بەڵام تەمەن بەشی ئەو هەموو بگرە و بەردەیە ناکات و دەبێتە «دانە»ی نێوان بەرداشەکان و لە کۆتاییدا بەبێ گەیشتن بە چ هیوا و تروسکاییەک کۆتایی پێدێت. ئەویش بەدەم گەرمەی ئازارەوە کە هێمای سووڕانی بەردەکانە. کۆتایی ئەو هەموو کێشمەکێشەش، زەردەخەنەیەکە بە ڕابردوو. ئەم زەردەخەنەیە گاڵتە و تارۆزێکە لە هەموو هەوڵەکان کە نەیانتوانیوە، یان قەدەر ئیجازەی بریسکانەوە و بەئاکام گەیشتنی پێنەداون. ئەو خەندە پڕ واتایە، نەک هەر ئاوقەی ڕابردووی تەمەن، بەڵکو ئاوقەی مێژووش بکرێتەوە کە چۆن چۆنی بووگەسە گاڵتەجاڕی دەستی قەدەر.

هێمایەکیشە بۆ ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ ئەم گەمەیە تاکەی بەردەوامە و قەدەر و چارەنووس تاکەی دەتوانێت بەسەر ئیرادە و ویستی گەل و تاکدا زاڵ بێت و ئیرادە و زەمەن لە تاک و کۆ تاڵان بکات؟!

ئاخۆ ئەو هێڵە سوورەی کە بەدەوری پەنجەکاندا بووگەسە بازنە، کەی دەپسێت و کەی پەنجەکانی حەز و ئیرادە دەتوانن لێی دەرباز بن.

**+ پەنجەکانم**
**ئاوقەی پەرچەمی شەوێک بوون**
**مانگ**
**بەخودکارێکی سوور**
**چارەنووسی دەنەخشاندن(١١)**

**پەنجە:** ئیرادە، تەکان، کۆشش و بزاف

**شەو:** قەدەر، کولتووری نەحس، چارەنووسی داسەپیو

**مانگ:** هێمای ئوستوورەیی دایکێنی، بڕیاردەری بەدەر لە ئیرادە و ویستی مرۆڤ

**خودکاری سوور:** تابۆکان، بقەکان، بازنە و گەمارۆ ڕوحی و عاتیفی و کۆمەڵایەتییەکان

کۆبەست و واتا تەئویل لەو هێشوە وشانە، دەتوانێت ئەوپەڕی ئەو ئەزموونە تاڵە شیعرییەی کە لای شاعیر کەڵەکە بووگن دەرببڕێت، بەڵام ئەوەیە کە پەنجەکان ئاوقەی شەوگار بوونەتەوە و ململانێی بەردەوام و بێ کۆتاییە. کەواتە ئیرادە و ویستی مرۆڤ سەدانسەد بەچۆکدا نەهاتووە و لەگۆڕەپاندایە.

سامی کوشەندەی کولتووری پڕ بزەڤە، هێندە قورسە کە لە شیعری ژنانی شاعیری دیکەشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە؛ «ژیلا حوسێنی» خۆی لە مەملەکەتی ئەو کولتوورەدا بە تەنیا دەخوێنێتەوە و پێکەنینەکانی بەلای پەست و شەرماوین و خەمەکانیشی بەلایەوە چەند هێندەی تر ئابڕووبەر؟!

**ڕێبوارێکی شپرزەم و**
**جانتای دەستم پڕ هەناسەی**
**تەنیاییە.**

یان:

**هێندەی پەستی کەنینەکان باڵام**
**کرد و**
**بەقەد باڵای خەمەکانیش بە عەرزا**
**چووم(١٢)**

**پەراوێز:**


**(١) کۆشیعر، لاپەڕە ١٠٧.**
**(٢) کۆشیعر، لاپەڕە ٥٠.**
**(٣) کۆشیعر، لاپەڕە ٣٥.**
**(٤) کۆشیعر، لاپەڕە ٣٨.**
**(٥) کۆشیعر، لاپەڕە ١١٦.**
**(٦) کۆشیعر، لاپەڕە ٣٨.**
**(٧) کۆشیعر، لاپەڕە ٩.**
**(٨) کۆشیعر، لاپەڕە ٣٦.**
**(٩) کۆشیعر، لاپەڕە ١٠٠.**
**(١٠) کۆشیعر، لاپەڕە ١٣.**
**(١١) کۆشیعر، لاپەڕە ٧٣.**
**(١٢) کۆشیعر، لاپەڕە ٢ و ١٢.**

# کتێبی ڕەش و پیتگەراکان

هاشم سەڕاج

«کتێبی ڕەش» ڕۆمانێکی «ئۆرهان پاموک»ە و (عەبدولقادر عەبداللی) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، پاموک لەم ڕۆمانەیدا مانەندی ڕۆمانی «بەفر» لەسەر کۆمەڵێک گوفتار و تێکستی دێرین و ڕووداوی مێژوویی کاردەکا، بەتایبەتی مێژووی حوکمڕانی سوڵتانەکانی عوسمانی کە چۆن لە پێناو دەسەڵات و دەسەڵاتخوازی برا و خزم و خوێشی خۆیان لەنێو بردووە، بەڵام گرنگترین تەوەری ئەم ڕۆمانە، وورووژاندن و قووڵبوونەوەیەتی لە جیهانی ئاڵۆز و تەمومژاوی گرۆی پیتگەرایی- الحروفیة، کە گرۆیەکی سۆفیزم و باطنییە و لە ڕێگەی خودی «پیت»ەوە، مانا نەگوتراو و نهێنی و پەنهانەکانی تێکستی پیرۆز دەدۆزێتەوە، بۆ نموونە- ئەلف لای پیتگەراکان بە پیرۆزترین پیت ناوزەد دەکرێ، جیم «جـ» دڵۆپەی فرمێسکە و پیتی هاء «ه» شێوەی گشتییەتی ڕوخسار و دواپین ئاماژەیە بۆ ناوی کردگار، هەروەها پیتگەراکان پێیان وایە پیت پێوەندی بە دەموچاو و ڕوخسارەوە هەیە، واتە ڕوخساری ئینسان هەڵگری کۆمەڵێک پیتی شاراوەیە هەڵبەتە دامەزرێنەری ئەم زانستە باطنییە (فضل الله ئەسترابادی)یە ئەو سۆفیگەرە ساڵی **١٣٣٩** لە شاری ئەستر ئاباد و لە ڕۆخ دەریای خەزەر لە خورەسان لە دایک بووە.

دواتر چوون سەگ دەمرێ و هەردوو قاچی بەگوریس شەتەک دەدەن و تەرمەکەی لە بازاڕەکان ڕادەکێشن، چونکە «فضل الله» لە کتێبەکەیدا کە بەناوی «جاویداننامە»یە ئەوەی دەرخستووە کە «کردگار لە ڕوخساری ئینساندا دەبیندرێ».. پاشان کۆمەڵێک شاعیری پیتگەرا کە باوەڕیان بەهەمان ڕێباز و تەریقەتی سۆفیگەری هەبوو، لەلایەن دەسەڵاتی جیاجیاوە لەنێو دەبردرێن لەوانە.. نەسیمی، فیغانی، ڕافعی، میسالی، ڕوحی بەغدادی، گول بابا.. کە بە شاعیرانی پیتگەرا تۆمەتبار دەکرێن، پاموک لە کتێبی ڕەشدا کۆمەڵێک کارەکتەری خوڵقاندووە، بەڵام تێکڕای کارەکتەرەکان تاڕادەیەک سەربەیەک خانەوادەن- مام مەلیح



و سۆزانی هاوسەری محەمەد سابت بەگی باپیرە، پوورە هالە، سائیم و خێزانی، محەمەد یلماز، ئەسکەندەری هاوڕێی غالب، بەڵام کارەکتەرە سەرەکییەکانی کتێبی ڕەش بریتین لە (جەلال سالیک) و (غالب) و (ڕوئیا) جەلال سالیک لە ڕۆژنامەی (میللییەت)دا گۆشە نووسە، (ڕوئیا) خوشکی جەلال و هاوسەری غالبی پارێزەرە- ڕووداوەکان زیاتر پەیوەستن بەشاری ئەستەمبۆل و نیشانتاشی و بۆسفۆر، شەقامی (تەقسیم) قەرەکۆی و بەگ ئۆغلو و کەبەریەو ئپارتمانی (شەهر قلب) و .... بازاڕ و سینەما و دوکانی فەنتازیائامێزی عەلائەدین و کارگەیەکی بووکەشووشە دروستکردن و مزگەوتی سلێمانییە و شاری بۆسفۆر.... تاد جەلال سالیک لە گۆشەکەیدا لەسەر کۆمەڵێک تێکستی پیتگەرا کاردەکا و هەندێ جار گوفتارەکانی شێخزادە ئیسماعیل ئەفەندی دەخاتە ڕوو کە یەکێکە لەو پیتگەرایانەی لە لایەن دەسەڵاتە توندڕەوەکانەوە کوژراوە، تێکست لە ڕێگەی گێڕانەوە و دیالۆگ و فەنتازیا و هەڵڕشتنی یادەوەری و دیمەنی سینەمایی و ناوبردنی کۆمەڵێک فیلم و ئەکتەری سینەمایی و پێدانی ناونیشانی تایبەت بە بەشە یەک لە دوای یەکەکان و وێڕای بەکاربردنی گوفتارگەلێکی شاعیر و سۆفیگەر و بیرمەند و ڕۆماننووسی خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی لە دەسپێکی هەر بەشێکی ڕۆمانی کتێبی ڕەشدا لەوانە ئیبن زهرانی، ئیبن عەرەبی، ریلکە، بارۆن پاشا، مارسیل پروست، دانتی، لویس کارول، شێخ غالب، عەبدولڕەحمان شەرەف، ئولونای، کۆلیریدج، بۆرکان شورای، دۆستۆیڤسکی، مەولانا، باتریسیا های سمیس، ئەحمەد ڕاسم، ناتانییل هاوثورن، فلۆبێر، ژیدارد دی نیرڤال، خالید زیا، فەریدەدین عەتار، چەند برگەیەک لە کتێبی هەزارویەک شەو، نیازی میسری، تاهیری مەولەوی، ئیزاک دنیسن، دی کوینسی، ئەدگار ئالان پۆ، کتێبی ڕەش لە دوو پاژ پێکهاتووە، پاموک لە زاری جەلال سالیک دەڵێ:

خۆرئاواییەکان «ئیبن عەرەبی» بە گەورەترین بوونگەرا لە قەڵەم دەدەن، کتێبی ڕەش بە دووروودرێژی لە ڕەگوریشەی تەریقەتی بەگداشی دەدوێ کە چۆن لە ئەلبانیاوە سەری هەڵداوە، دوای ئاوارەبوونی دەروێش و مووریدەکان بۆ ماوەیەکی زۆر پاشان دەگەڕێنەوە و لەژێر ناوی تەریقەتی نەقشبەندی لە خانەقاکانی نەخشین بەنهێنی سرووتەکانیان ئەنجام دەدەن.

بەڵام دوای بانگەشەکردنی ڕژێمی کۆماری، تەکیە و خانەقاکان دادەخرێن، هەروەها دەق ئاماژە بە عەشیرەتی (زریبان) و چیای (قاف) و کیمیاگەرەکان و توخمی زێڕ و چەندین بابەتی تر دەدا لە هەمان کاتدا جەلال سالیک وەک ڕۆژنامەگەرێکی دیموکراسیخواز لە گۆشەکەیدا هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی تێکستە دێرینەکان دەدا و دەلالەتەکان دەدوێنێ و مانا نەگوتراو و نهێنی و پەنهانەکان دەدۆزێتەوە، سالیک پێی وایە مەسنەوییەکانی (مەولانا) بریتین لەم تێکستانە، کلیلە و دمنە، (منطق الطیـر)ی عەتار، (مجنون و لیلی)، (مناقب الأولیاء)، چیرۆکی پێغەمبەران، هەزارویەک شەو، کتێبی ئیبن زەهرانی، ئەم بۆچوونەش سەر لەبەری مەولەوییەکان دڵگران دەکا، هەروەها دەڵێ..

شەمسی تبریزی لەلایەن موریدانی مەولانا کە عەلائەدینی کوڕیشی یەکێک بووە لەو بکوژانەی «شەمس»یان کوشتووە و فڕێیان داوەتە نێو بیرێکەوە!، کەواتە (مەولانا) بۆچی لە کۆڵانەکانی دیمەشق بەدوای شەمسدا دەگەڕێ؟

کتێبی ڕەش کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆر دەورووژێنێ لەوانە بابەتی [ئیسرا و میعراج] لە دەقەکانی ئیبن عەرەبیدا و گەشتە ڕوحانییەکانی [دانتی] لە کۆمێدیای خوداوەندیدا، لێکدانەوەکانی «ئیبن طفیل»ی فەیلەسووفی ئەندەلوسی و بەسەرهاتی ئەو منداڵەی کە ئاسکە کێوییەک بەشیری گوانی و لە دوورگەیەکی چۆڵوهۆڵ گەورەی دەکا، لێرە مەبەست لە سەربوردەی (حي بن یقظان)ە، هەروەها (ڕۆبنسۆ کرۆسۆ)ی دانیال دیفۆ...تاد پاشان تەوەرێکی تری (کتێبی ڕەش) هەروەکو ڕۆمانی «بەفر» پابەندە بەجیهانی ئاڵۆز و قەرەباڵغی شوێن، شوێن لای پاموک هەمیشە پڕاوپڕە لە ئامراز و کەرستە و کەلوپەل و شتگەلی جۆراوجۆر، واتە شوێن بەردەوام نوقمی کەرستەکانی ژیانە و بوون لە ڕێگەی ئاماژە و جووڵە و بزاڤی هەمەجۆری شتگەلەوە خۆی دەردەخا، نەخاسمە دوکانە ڕازاوەکەی

(عەلائەدین) کە پڕیەتی لە کەلوپەلی ناوازەی ژیان وەک بووکەشووشەی ڕەنگاوڕەنگ، دەمانچە و تفەنگی پلاستیکی، کتێبی زارۆکان، کتێبی پۆلیسی (ڕوئیای هاوسەری غالب و خوشکی جەلال سالیک.. کە موعتادە بە خوێندنەوەی ڕۆمانی پۆلیسی) بیسکویت و شوکولاتە، بۆیەی نینۆک و ئەسیتۆن، کاتژمێری پلاستیکی، زۆر جۆرە چاویلکە، بەتایبەتی چاویلکەی ڕەش، بۆ ئەو مندالآنەی کە سەیری فیلمی ئەمریکی دەکەن و پێشتر دێن چاویلکەی ڕەش لە دوکانی عەلائەدین دەسێنن، زۆر جۆرە بنێشت و یانەسیب، کە وێنەی (حەمدی قەپلان)ی زۆرانباز و یاریکەرانی تۆپی پێ و هونەرمەندانیان بۆ دەردەچێ، تەزبیح و عەتروگولاو و کریمی لێو و گۆڤاری ڕامیاری و ڕووت و بێ پەردە.. ڕوئیا و غالب لە دەورانی مندالییانەوە ئاشنای دوکانی عەلائەدینن لە نیشانتاشی و دوای ئەوەش کە ڕوئیا بەبێوەژنی شوو بە (غالب)ی پارێزەر دەکا بەردەوام سەردانی ئەو دوکانە فەنتازییە دەکەن و شەربەت و شەراب و گۆڤار و گولاو و بووکەشووشە و ماکیاج و ستیان و موعەلەباتی لێ دەکڕن..

دواجار ڕوئیای شۆخوشەنگ لەنێو ئەم دوکانەدا لەلایەن توندڕەوەکانەوە تیرۆر دەکرێ و خوێنی ئاڵی دەتکێتە سەر بووکەشووشە ڕەنگاوڕەنگەکان!، پێشتر (جەلال سالیک) لە هەمان شەقام تیرۆر دەکرێ و تەرمەکەی بەرۆژنامەی میللییەت دەپێچرێ، ئەو ڕۆژەی کە تەرمی (سالیک) بۆ سەرقەبران دەبردرێ «عەلائەدین» لەبەردەم دوکانەکەی وەستاوەو بەغەریبی و خەمناکی چاوی بڕیوەتە ئاپۆرەی خەلکەکە.. لە پاژی دووەمی ڕۆمانی کتێبی ڕەشدا بۆ ماوەیەکی دووردرێژ (سالیک) چوون کارەکتەرێکی (شەبەحی). یا تارمایی ئامێز مامەڵەی لەگەڵ دەکرێتەوە بەهیچ شێوەیەک دەرناکەوێ، چونکە جەلال و ڕوئیای زرخوشکی لە پڕێکدا ون دەبن و غالب لە هەمان ژووری جەلال کارە ڕۆژنامەگەرییەکان ئەنجام دەداو بەدوای کۆنە گۆشەو دەسنووسەکانی جەلالدا دەگەڕێ و تاڕادەیەک بەردەوامی بە گۆشەکەی دەداو واناکا ستافی ڕۆژنامەی [میللییەت] هەست بە حالەتی جەلال بکەن.. بەڵام غالبی پارێزەر و مێردی ڕوئیا کەسایەتییەکی نیمچە ڕۆمانسییە و حەزی لە ڕابواردن و سەردانی کەبەرییە و سۆزانیخانەکان و سینەماکانی ئەستەمبۆلە، بەتایبەتی فیلمی پۆرنۆ، لە سۆزانیخانەکان سۆزانییەکان لاسایی کچە ئەکتەرە سینەماییەکان دەکەنەوە و نەخاسمە (تورکان شورای)، یان (بەقیس) کە لە سەردەمی قۆناغی زانکۆیەوە یەکلایەنە (غالب)ی خۆش ویستووە و دوای مردنی (نیهاد)ی مێردی دێ و خۆی بە (غالب) دەناسێنێ و پێی دەڵێ من دەمێکە تۆم خۆش دەوێ، کەچی (غالب) شێوەی ئەو کچەی نایەتەوە بیر، زۆربەی کەسایەتییەکان لە ڕێگەی خەیاڵ و نائاگایی بەدوای چێژ و لەززەتدا دەگەڕێن و بە خەیاڵ پرۆسەی سێکسی ئەنجام دەدەن، هەروەها گرۆیەکی ئایینی هەن بەشێوەیەکی بەردەوام چاوەڕوانی دەرکەوتنی (مەهدی) دەکەن و گوایە دێ و دەجال دەکوژێ و دنیا بەرەو خۆشی و یەکسانی و دادپەروەری دەبا!، کەچی کتێبی ڕەش لەبنەڕەتدا کتێبی ئەو شەوڕۆیانەیە کە بەبێ ئاگایی لە خەوی قووڵ و شیرین ڕاست دەبنەوە و بەخەوڕۆیی ڕێگا نادیارەکان دەبڕن.. کتێبی ڕەش.. کتێبی پیتگەرا نەفرەت لێ کراوەکانە ئەوانەی بەپەرۆشەوە بەدوای نهێنییەکانی پیتەکان وێڵ وسەرگەردانن، سەربوردەی (جەلال و عەبدی پاشا)ش پێوەندی بە نهێنی پیتەوە هەیە، کێ دەتوانێ شێوەی پیتە غەمگینەکانی دەموچاوی سەری پەڕێنراوی عەبدی پاشا بگۆڕێ، (فضل الله)، لەسەرەتاوە باوەڕی بەدنیای نهێنی ئامێزی پیتەکان هێناوە، دواتر ئەم ڕێبازە باطنییە لە ئێرانەوە دەگاتە خاکی ئەنادۆڵ و [ نەسیمی] شاعیر و جێنشینی (فضل الله) دەتوانێ کرۆک و گەوهەری ئەم تەریقەتە لەنێوەندی موریدانی تەریقەتی بەگداشیدا بلاو بکاتەوە، ئەم ڕێبازە لە بنەڕەتدا پێوەندی بە گەوهەری فەرموودەیەکەوە هەیە کە ئاماژە بە «کردگار و گەنجی شاراوە» دەداو، بۆیە نهێنییەکانی پیت پێوەندی بە نوور و ڕوخسار و جیلوە و جیلوەدان و جوانییەوە هەیە، زۆرجار پیتە شاراوەکان لە ڕوخساری مەعشوقدا هەروەکو بەنگ و حەشیش لە ڕێگەی پرشنگ و ڕووناکییەوە تێکەڵ بە نیگا و دڵ و دەروون دەبن و سەرتاسەری ڕوح مەنگ و مەست و غەمگین دەکەن،

عاشق بەهۆی ئاوێنەی شێوە و ڕوخساری جوانی «مەعشوق»ەوە سەرمەست و بەلەنگاز و ڕەنجەڕۆیە، ئەم کردەی تەجەللی و تەجەللا زمانییە لای «ئیبن عەرەبی» پێوەندی بە پێشتر و دواتر و زووتر و درەنگتر و قۆناخی نیگا و سرووش و دەرکەوتن و کات و شوێنی کتێبە پیرۆزەکانەوە نییە، بەڵکو کردگار لە ئەزەل و هەرە پێشووەوە لە ڕێگەی پیت و وشە و ناوکۆیی ڕستە و گەنجی زاروزمانەوە جیلوەی داوە، واتە جیلوەدانێک لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد، پیتگەراکان لەسەدەی حەڤدەوە تا ئێستا سەرقاڵ و خەریکی دۆزینەوەی ئاماژەکانی ماناکان و ماناکانی ئاماژەکانن، حەللاج دوای مردنی ژوورێک دەسنووسی پڕ لە ئاماژەی جێ هێشتووە. هەروەها لە ڕۆمانی کتێبی ڕەشدا نووسینەکانی (ف. م. ئوتشونجو).. ئاماژە بە بۆسفۆر و مەرمەرە دەدا و شێوەی پیتی (u)ی لاتینی بەشێوەو شکڵی (لوت) دەچوێنێ و پیتی (Z) هەردوو لای (چاو) و پیتی(H) بەشێوەی ئاسۆیی تەواوی ڕوخساری دەم و چاو دەگەیەنێ، لێرە دەلالەت ئاماژە بۆ مانای نهێنی هەر پیتێک دەداو مانای دووەمی هەر پیت و وشە و ڕستە و تێکستێک و مانای درەوشاوەی زنجیرەی ماناکان و گۆشەنیگای ئاماژەگەلەکان لە بواری نووسین و ژیاندا دەخاتە ڕوو، جەلال سالیک لە گۆشەکەیدا دەینووسی (ئێوەش هەروەها گوڵێکی نێوباغی یادگەمن) لەوانەیە جەلال سالیک ئەم گوفتارەی لە (ئیبن زەهرانی) وەرگرتبێ، چونکە بەپێی بۆچوونی ئیبن زەهرانی (پیت) ئەسڵ و بنەچەی هەموو شتێکە، ئەم بیروبۆچوونەی ئیبن زەهرانی لە بنەڕەتدا بیروبۆچوونی (فضل الله)یە و لە کتێبی (جاویدانامە)دا گوزارەی لێ کراوە- جەلال سالیک وەکو «کا»ی پاڵەوانی ڕۆمانی (بەفر) کەسایەتییەکە تا ڕادەیەک سەر بە تێڕوانینەکانی پۆست مۆدێرنەیە و دەیەوێ لە ڕێگەی گۆشەکەیەوە دەسەلاتی سێنترالیزمی تێکست و هزر و بیرکردنەوە ئوسوڵییەکان هەڵبوەشێنێتەوە، ئەو ماوەیەی کە لەگەڵ ڕوئیا ون دەبن، (غالب) درێژە بە گۆشە ڕۆژنامەگەرییەکەی دەدا، هۆکاری یەکەمی خۆ ونکردن و دیار نەمانی جەلال بۆ هەڕەشەی توندڕەوەکان دەگەڕێتەوە، کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە گەف و هەڕەشەو گوڕەشەی کوشتنی لێ دەکرێ، لە هەمان کاتدا (غالب) زۆر بەکەسایەتی (سالیک) سەرسامە و حەز دەکا لاسایی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و هەتا بیر و هزر و بۆچوون و ڕوانینەکانی بکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە (جەلال سالیک) دەتوانێ لەو ماوەی خۆ حەشاردانەیدا لەگەڵ (ڕوئیا) گوێ بۆ دەنگی خامۆش و کشوماتی خودی خۆی هەڵخاو چیرۆکە خودییەکانی دەربڕێ و ڕوئیاش یەکەیەکەی چیرۆکە گێردراوەکان تۆمار بکا، ئەم گوێ هەڵخستنەی جەلال بۆ بێ دەنگییەکانی خودی پێوەندی بە گوفتارێکی (شێخ زادە)وە هەیە کە دەڵێ: مرۆڤ پێویستە خۆی بێ، هەروەها [شەمسی تەبریزی)یش لە یەکەم چرکەی دیدار و ناسین و چاوپێکەوتنندا بە [مەولانای ڕۆمی] دەڵێ: ئەمانەی هەڵیدەڕێژی ڕستەکانی نێو کتێبن ئەی کوا ڕستەکانی خۆت! ئەم کردەی خۆناسین و گەڕان بە دوای خوددا لە ئەسڵ و بنەڕەتدا گوفتارێکی سوکراتییە.. کە دنەی مرۆڤ دەدا خودی خۆی بناسێ، بەڵام لێرەو لەم ڕۆمانەدا سەرجەم گەڕان و پشکنین و هەوڵ و کۆششە خودییەکان تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستن بەدید و بۆچوون و تێڕوانینی پیتگەراکانەوە، چونکە پیتگەرا لە ڕێگەی شکاندنی کۆدو گەمەی وشەگەل و نووسینە نهێنییەکانەوە ماناکانی ئاماژەکان و ئاماژەکانی ماناکان دەخوێنێتەوە و لە دید و ڕوانگەی کتێبی (نهێنی گەلی پیتەکان و ونبوونی نهێنییەکان)ەوە لە بوون و گەردوون و ژیان و جوانی و پێگەو ڕێکخستنی پیتەکان دەڕوانێ، لێرەوە پێوەندیگەلێکی گرنگ و کاریگەر لەنێوان نهێنی پیتەکان و مانای دەموچاو (ڕوخسار) دەدۆزرێتەوەو ڕاڤەدەکرێ، لە کتێبی (جاویدانامە)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێ کە ڕوخساری هەر دەموچاوێک حەوت (٧) هێڵی تێدایە و پیتگەرا بەهۆی ئەم هێڵانەوە بەدوای واتای پیتەکاندا دەگەڕێن، بەڵام کێ دەتوانێ لوغزی پڕشنگ و ڕووناکییە ئاڵۆزەکانی شێوە و ڕوخسارە خودا کردەکان ڕاڤە بکا و بەتیشکە سوبحانییەکانی کەڤاڵی جوانی مەست و سەرگەردان نەبێ، جوانی ترسناکترین ڕەگەز و

شێت ئەنگێزترین توخمی ئافەریدەسازی ڕستە و کۆپلە ئاگرینەکانی شیعرە، جوانی ڕوحی وشە لە خامۆشییەکی پەتییەوە ڕووەو جوولّە و بزاڤی سیمیۆلۆژی دەباو لە وەهمخانەکانی ژیاندا دژی مەرگ پێدەکەنی، کەواتە پیت ئالّۆزترین پاژ و تەمومژاویترن بەشی پێکهاتەکانی لەوحە سەرسوڕمێن و سەرسامکەرەکانی جوانییە، سۆفیزمانی پیتگەرا هەمیشە باوەڕیان بەو هێزە نەرمونیان و ئێستێتیکییە هەیە کە وەکو دەستێک بەشێوەیەکی پەنهان و نهێنی پێوەندی نێوان سەرجەم شتگەلەکان ڕێک دەخا، بۆیە پیتگەرا هەولّ دەدا دەلالەتی مانا نهێنییەکان بدۆزێتەوە تا کۆدە ئالّۆزەکان لەبەردەم لێکدانەوەکانی زەیندا دەکرێنەوە، ژیان لای پیتگەرا پانتاییەکە لە کۆد و ئاماژە و نیشانە، وشە و وێنە و پیتی سەر کەرستە و کەلوپەل و شتگەلە پلاستیکییەکانی دوکانی (عەلائەدین غەریب) گشتیان هەلّگری کۆمەلّێک ئاماژەن، بەلّام کێ دەتوانێ لە گەوهەری ئەو ئاماژانە بگا؟، یا ئاماژە نهێنییەکانی سەر لەوحی ڕوخسار ئاماژە بە ڕووداوی ڕووداوگەلێکی نزیک و دووردەکەن، پیتگەراکان بە لێکدانەوەی هێلّە نادیارەکانی ڕوخسار مۆنادە درەوشاوەکانی گیانی میهری بالّا دەدۆزنەوە، بۆیە پیتگەرا هەمیشە بەشەرابەکانی میهر سەرمەست و سەرخۆش و بەهۆی نهێنییەکانی (پیت) بەدوای شەبەنگی جوان و ئالّۆزی میهر سەرگەشتە و عەودالّن، لە ڕوویەکی دیکەوە (کتێبی ڕەش) کتێبی فەنتازیا و سێکس و گەمە ئیرۆتیکییەکانی جەستەیە، بەشێکی ئەم ڕۆمانە بە دورودرێژی لە کەشوهەوای گەورەترین مالّی لەشفرۆشی دەدوێ لە شەقامی (بەگ ئوغلو) و جوانییەکانی شاری ئەستەمبۆل بە کەشی مۆسیقی و حەشیشە کێشان و ڕاکی نۆشین و چالاکی کچە جوانەکان دەبەستێتەوە، هەر لەم کەشوهەوایە ئەسکەندەر دەمێکە هەولّ دەدا لە هوتێلی (بارا پالّاس) لە ڕێگەی شاندێکی تەلەڤزیۆنی ئینگلیزی دیمانەیەک لەگەلّ جەلال سالیک ئەنجام بدا، ئینگلیزەکان زۆریان پێخۆشە سالیک ڕوانینەکانی دەرببڕێ، پاشان (غالب) کە بەردەوام لاسایی کەسایەتی سالیک دەکاتەوە، لە شوێنی ئەو دیمانەکە ئەنجام دەدا، لە کۆتاییدا دەلّێم دەکرێ کتێبی ڕەش چەندین خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێ.. لەوانە لێکۆلّینەوە لە کەشوهەوای ئالّۆزی ژوورەکەی (جەلال سالیک) لە ئەپارتمانی (شهر قلب) ولێدوان لە شتگەلە پەرشوبلّاوەکان کە تا ڕادەیەک لە ژوورەکەی (کا) دەکا لە ڕۆمانی (بەفر).. فیلمە پۆڕنۆکانی سینەما (قوناق) و جوولّەی کچە ئەکتەرە نەشمیلەکان، دوکانە فەنتازییەکەی (عەلائەدین)، ئەو پێوەندییە سۆفیزمەی نێوان (مەولانا) و (شەمسی تەبریزی).. ئەو دەمەی (مەولانا) لە کۆلّانەکانی دیمەشقدا سەرگەردانە و دەلّێ: بۆچی بە دوایدا دەگەڕێم لە کاتێکدا کە ئەو خۆی منم، غالب و سۆزانیخانەکان یا کارکردن لەسەر ئەو گوفتارەی (شێخ زادە) کە دەلّێ:

لە پێناو ئەوەی مرۆڤ خۆی بێت، پێویستە لە ناخی خۆیدا وێنەی خۆی بدۆزێتەوە، هەروەها چیرۆکی تایبەتی و هزرگەلەکانی، مەرگی جەلال سالیک و ڕوئیا، ئالّۆزی پێوەندی کولتووری لەنێوان خۆرهەلّات و خۆرئاوا.... و چۆنیەتی گێڕانەوەی چیرۆکەکان و کۆمەلّێک بابەتی تر کە لە ڕۆمانەکەدا هاتوون...

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: الكتاب الأسود (کتێبی ڕەش)**

**ناوی نووسەر: ئۆرهان پاموک**


**وەرگێڕ: عەبدولقادر عەبداللی**

**لە بلّاوکراوەی (دار المدى)**

**چاپی یەکەم: سالّی ٢٠٠٦**

# ئاوڕدانەوەیەکی دووبارە لە شازادە چکۆلەی ئەنتوان دۆسنت ئیگزۆپێری

**لە فارسییەوە: سەلاح نیساری (بۆکان)**




**ئەو کتێبە سەیر و سەمەرەیە**

ئەوەی لە خـوارەوە دەیخـوێننەوە، وتە بەنرخـەکـانی دکـتـۆر (هەباس پژمان)ە وەرگـێڕ لە فـەرهەنگسـەرای پایەداری ئەم پـەیڤین و لـێـــدوانە لەسـەر چاپی وەرگـێـڕانی کـتـێـبی شــــازادە چـکـۆلـەوە کـــــە لەلایەن بەڕێزیانەوە ئامادەکراوە.

بەڕێز هەباس پژمـان لـێکدانەوەی خۆی بە کورتی لەسەر ناوەرۆکی ئەم بڵاوکـــراوە گـــرینگەوە لە چەند خاڵێکدا دەخاتە ڕوو، کە بە دەلیل و بەڵـگەی زۆرەوە دەکـرێ بێـژین ئەو کـتـێـبـە، هەر بە تەنیـا بۆ منداڵان نـیـــــیـــــە، هەر چەندی زارۆک و مـــێـــرمنداڵان بە تامــەزرۆییــەوە دەیخـوێننەوە، گـەورەکـانیش چێـژی تەواوی لێـــوەردەگـــرن و مـــوتاڵای دەکەن.

* * *

ئەنتـوان دۆسنت ئێگزۆپێـری، لە شـەڕی دووەمی جـیـهـانـیـدا وەک پەنابەرێک خۆی گەیاندە ئەمریکا، هەر لەوێ شازادە چکۆلەی نووسی و لە ســالّی ١٩٤٣ی زایینی چاپی کرد، هەر ئەو ساڵە وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی و لە چاپ درایەوە، بەڵام هەر ئەو ساڵە تێبینییەک لە مەڕ ئەم کتێبە هاتە ئاراوە؛ ئاخۆ بە ڕاستی ئەم کـتـێـبـە هەر بۆ منداڵان نووسراوە؟

هەڵبـەت ئەوە جێی گومـان نییـە کە شازادە چکۆلە کتێبی منداڵانە، چونکە زارۆکانیش پڕ بە دڵ حەز بە خــوێندنەوەی دەکـــەن و چێــژی لێـوەردەگرن، لێرەدا ناکرێ خۆ لەم ڕاستـییـە وەشارین، زۆر شت لەو کتێبەدا هەیە لەگەڵ ڕوحی زارۆکان لـێک دوورە و لـە بـارتـەقــــــای گەورەکاندایە.

یەکێ لەو شـتـانە نیـشـانەی ناوەرۆک و کاکڵی کتێبەکەیە، کە دیارە ئەمـەش لەگـەڵ بیـر و زەینی زارۆکــان لە یەک دوورە و لە تەک (منطق الطیر)دا هاوکێشـە، با بۆ نموونە ئەو دوو وێنەیە، یەکێ لـە بەرایی کــتــێــبــەکــەدا هاتووە و هەروەک مــاری بووئای خــۆی لە گـیـاندارێک هاڵاندووە و خـەریکی قـووت دانیـەتی. ئیـتـر ئەمـە بۆ منداڵان ئێـــجگار نەگـــونجـــاوە، تەنانەت نووسـەریش لە مـەڕ ئەم وێنە و نیـشـانەوە فـرە جـەختـی کـردۆتەوە، منیش بە تێـروتەسەلی

باسی لەسەر دەکەم.

شتێکی تر کە لە کتێبی شازادە چکۆلەدا هەیە و بە مەودایەکی زۆر منداڵانی بەجێ هێشتووە، ئەویس و حەنەکە!

سەرلەبەری ئەم کتێبە پڕە لە تەوس پێدادان و لۆر و شتە قوولەکان. تێگەیشتن لەو شوێنانە ئەزموون و فرەزانی و ئاشنابوون لە تەک شێوازی تەنز و حەنەک و یاری کردن بە زمان وتەگەلێک لەخۆی دەگرێ، بۆ وێنە:

دواتر گوتی: «کەوابوو تۆش لە ئاسمانێ ڕا هاتوویە خوارێ، خەڵکی کێها ئەستێرۆکی؟»

هەر لەو کات و ساتەدا تروسکەیەکم بەچاو دیت، ڕازی دابەزینی ئەوی بۆ ئاشکرا کردم، خێرا لێم پرسی: «کەوابوو لە ئەستێرۆکێکی ترەوە هاتووی؟»

بەڵام ئەو هیچ وەڵامی نەدامەوە، سەیری فڕۆکەکەی منی دەکرد و زۆر بە شێنەیی سەری بۆ دەلەقاندم.

«ئاشکرایە لە جێیەکی زۆر دوورەوە نەهاتووی، وا دەردەکەوێ هەر دووریش نەبێ..»

بگێڕەوە بەشێک لە ژیانی لە ئاسمانێدا تێپەڕبووە، واتە ئەویش بە جۆرێک گیاندارێکی عاسمانییە، سەرنج بدەنە ئەم ڕستەیە: «وادەردەکەوێ هەر دووریش نەبێ...»

ئەمە تەنز و حەنەکێکی جوانە، بەڵام ناگونجێ منداڵان سەرنج بدەنە ئەم نوکتەیە.

ئەگەر واز لە تەنزان بێنین، شێوازی کتێب بە ڕاستی ئەوە نییە کە بۆ زارۆکان دەنووسرێت! زۆربەی پەند و هێما و دیمەنە گوتارییەکانی کتێبەکە لە شان و شکۆی منداڵدا نییە و لەوپەڕی قورساییدایە. ئەوە گومانی تێدا نییە کە شازادە چکۆلەکە کورتترین شێوازی خۆی لەناو کتێبی زارۆکاندا هەیە، ئەو شێوازەش بەڕاستی زۆر لە دنیای منداڵان دوور کەوتۆتەوە.

لەوە گرنگتر خەرمانەیەک لەم خەموخەفەتە فەزای چیرۆکەکەی داگیرکردووە، کتێبی منداڵان ناشێ تا ئەم ئەندازەیە تەمومژاوی و بە خەموخەفەت پەرژین کرابێ.

با ئەمەش نەشارینەوە جوانییەک لە شازادە چکۆلەدا هەیە کە بە ڕاستی جێی سەرسوڕمانە و تەواوی ئەو زەقبوون و کەندولەندانە دەشارێتەوە، هەموو ساڵێک لە سەرتاسەری ئەم جیهانەدا بە هەزاران زارۆک بەتامەزرۆییەوە پێشوازی لەم کتێبە دەکەن و دەیخوێننەوە، دەشێ ئەمەش نەشارینەوە کە ئەو کتێبە شتێکی غەیرە سروشتی تێدا نییە. تەنانەت دیاردەکانیش، تەنانەت تەنز و شێوازەکەش، یان خەمەکانیش، بە ڕاستی هەموو شتێکی خۆڕسکی و سروشتییە، بە تایبەت شێوازی پەیڤینی شازادە چکۆلە، هەڵبەت زۆر شتی تریش هەیە کە لە ئەوکتێبانەدا نووسراون و لایەنی منداڵان لەخۆ دەگرێ و دەست کرد و ڕواڵەت گەرا نییە، بەڵام وێدەچێ کەسایەتی ئەو منداڵەی کە لە کتێبەکەدا قسە دەکات، سروشتیترین منداڵ بێ لەناو منداڵاندا، کە پاڵەوانی سەرەکی تەواوی کتێبی زارۆکانن، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر ئەوەیە، ئەگەرچی کەسایەتیگەلی منداڵ لە چیرۆکی ئەواندا، بیروبۆچوونەکانیان منداڵانەیە، بەڵام شێوەی ئاخافتن و ڕاوێژیان زۆرتر لەسەر ڕێچکە و شێوازی تەمەنداران ڕێگە دەبڕێ، وتەکانی ئەوان بوونەتە سەرمەشق و وێنە بۆ قسەکردن. لە ڕاستیدا بەگێڕانەوەی تەواو ڕستەگەلی پتەو و بێ کەموکوڕی قسەی خۆیان دەکەن، بەڵام خۆ منداڵان جارێ کاڵفام و بیر و ئاوەزیان شلک و بێ پێز و هێزە، ئەگەر باسی شتێک دەکەن زۆر کاڵ و ناتەواوە، بە تایبەتی ئەو زارۆکانەی لەگەڵ شازادە چکۆلە هاوتەمەنن. منداڵان بەشێوەیەکی سروشتی هەروەک وێنەی بەرایی کتێبەکە قسە دەکەن، یانی هەروەک وێنەی ئەو ماری بووئایەی لە چەشنی باداک خۆی لە گیاندارێک هاڵاندووە و ئەویش بستێک کلک و سەری بەدەرەوەیە! ماباقی لەشی شاراوەیە، یەکێک لە ماناکانی وێنەکە ئەوەیە، یانی نیشانەیەکە لەو شێوازانەی کە فەرەنسەوییەکان پێی دەڵێن: شێوازی ئالیپتیک بە وەرگێڕانی دەقاودەقی نووسراوەکە دەبێتە شێوازی پێچڕاو و داپۆشراوە، هەر ئەمەش ئێستا هاتۆتە ناو فارسییەوە بە واتای کورت کردنەوەیە، لە وێنەی دووەمدا ماری بووئا، فیلێکی قووت داوەو خەریکی هەزم کردنی فیلەکەیە، هیچ جێیەکی فیل بەدەرەوە نییە، ئیتر بیچم و شێوەی ئەو لە پێش چاو لاچووە، بەڵام هەر ئەویش بە ڕاستی لە وێنەکەدا هەیە؛ زۆربەی مانای دەقەکەش لە ڕاستیدا هەر بەم جۆرەیە.

بەڵام ئەو دوو وێنەیە باس لە زۆر

شتی دیکەش دەکەن: وێنەی یەکەم لە ڕاستیدا نیشانەیەکە لە «متونیمی» هەر وەختێک کە تەنیا شتێک لە باتی تەواوی شتەکە بێتە ئاراوە، ئەوە یانی متونیمی یەکێکە لە مکانیزمەکانی گرنگی زمان، جا ئەگەر بڕیار وابایە مرۆڤ لە مەڕ هەر بابەتێکەوە تەواوی مەبەستەکان بە ورد و درشتەوە باس بکردایە، لێدوان و قسەکردن بەڕاستی ئەرکێکی فرە زەحمەت و دژوار دەبوو؛ بیروئەندێشە، شوێن دانانی لەسەر زمان، بە جۆرێک خۆی ڕێک دەخات، کە دەکرێ هەموو شتێک لەودا بگونجێ و کورتی بکاتەوە.

حافیزە و بیر، بە تایبەتی دووراو دوور، بە تەواوی هەر لەو بیچم و شێوەیەدا خۆ دەنوێنێ، هەڵبەت متونیمی شێوازی دیکەشی هەیە، بۆ وێنە هێنانەوەی عیللەت لە باتی مەعلوول، هۆکار و شوێن هاتەیە، یان بە پێچەوانەوە واتایەک لە باتی کۆ، بەڵام گشتی ئەوانە شێوازێکی تایبەتن لەسەر باسی نیسبی لە شتێکی تەواودا، یانی دەفر و ئامان لە ڕاستیدا هەر کامیان شتێکن لە تەواوکەری یەکدی. فنجان و قاوەی نێو ئەو، ئەوەندەش لە تەک یەک بڵاونین، خۆ ناکرێ بەبێ دەفر قاوە وەخۆین، هەر بەم جۆرەیە، عیللەت و مەعلوول لە یەک هاوێر نین، کەوابوو دەتوانین بێژین لە یەک گرتنی ئەوانەیە کۆیەک پێک دێت.

وێنەی دووەم لە ڕاستیدا نیشانەیەکە لە میتافۆر، یان خواستنەوەیە لە متونیمیدا پێکەوە بەستراوی ژێری بناخەی هەر کارێکە، لە میتافۆریشدا وێنەی دەردەکەوێ، بگێڕەوە لەو وێنەی دووەمی کتێبەکەدا، لەباتی بووئای کە فیلێکی قووت داوە و خەریکی حەلاندنیەتی، شێوە و بیچمی کڵاوێکی کێشاوەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم دوانە لێک نزیک و وێکچوونیان لە بەیندا هەیە و دەتوانن یەکدی لەبیر و زەیندا ڕاوەستاو بکەن. زەین و بیری منداڵ لەبەر ئەوەی جوان ناتوانێ شتەکان لێک هەڵاوێرێ و جوێیان بکاتەوە، هەمیشە ئەوانی لێدەگۆڕێ و بە هەڵەدا دەچێ، بە زمانێکی کە بێژین، مکانیزمی خواستەوە لە زەینی زارۆکدا فرە بەهێزە، کاتێک هزر و هێزی تێگەیشتن چووە بان، ئەم مکانیزمەش دادەبەزێ، لەبەر ئەوەی ئەقڵ دەتوانێ شتەکان لە یەکدی هاوێر بکات. کاتێک هزر گەشەی سەند، نەک هەر شتەکان، تەنانەت چەرخەی دنیاش یەکلادەکاتەوە، ئیتر لەوانەیە ڕازی تێکەڵاوی جێی سەرنجی خۆشی لە دەست دەربچێ، ئیشی هونەر و ئەدەب لە ڕاستیدا ئەوەیە کە ئەو میکانیزمە بۆ جارێکی دیکە لە زەین و بیری بێسەردا بە باشی بچەسپێنێ، ڕاستەکە ئەمەیە متونیمی و میتافۆر ژێرخانی ئەدەب و هونەر لەسەر ئەوان چێ دەکرێ، لە هەر کام یەک لەوانەدا دوو شت هەیە کە بەشێوەیەک پێکەوە گرێ دەدرێن. واتە جۆرێک تێکەڵاوی لەناویاندا هەیە، یان چەشنێک وێک چوون دۆزینەوەی ئەو تێکەڵاوییە تاڕادەیەک سەرسووڕمانی بە شوێنەوە هەیە و بۆ زەینی مرۆڤ جۆرێک هەست کردن بەجوانی ناسی دەخولقێنێ، لە زانستی ڕەوانبێژیدا، بە متونیمی و میتافۆر و چۆنیەتی ئەوانە و وێنەیان، ئیماژ دەبێژن. بەگشتی هەر ئەوەی لە ڕواڵەتدا شتێک بدرکێنێ، بەڵام لەناخەوە ئەوە نەبێ! ئەمە پێی دەڵێن ئیماژە، یان وێنە؛ هەروەک ئەو کلک و سەرەی لە یەکەم لاپەڕەی شازادە چکۆلەدا دەیبینین؛ ئەو سەر و کلکە لە یەکەم نیگادا لە کەللە سەرێک و کلکێک بەو لاوەتر نییە؛ بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە بۆ زەینی ئێمە یانی ئاژەڵێکی تەواو، ئەو دوو وێنەیە، مانایەکی دیکەش دەبەخشن، دواتر ڕاڤە و تێبینی دەخەمە سەر.

## فەنتازیا، یان سوریال؟

لێدوانێکی دیکە ئەوەیە، کە باسەکەمان بۆ کراوەتر دەکات، پێناسەی فەنتازیا، یان سوریال بوونی ئەوە، شازادە چکۆلە بە هۆی ئەوەی کەسایەتی کەم لەو فەزایەدا بوونەوەرێکی غەیرە خاکییە، فۆرمی چیرۆکەکەش دۆخێکی فەنتازی هەیە، بەڵام هەوێن گەلێک لە سوریالیزمی تێدا گونجاوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئاماژە و دەلالەتی هۆگری ئەنتوان دۆسنت ئیگزۆپێری کە سەبارەت بە ئاندرێ بریتۆن هەیبووە، کەسایەتی و ڕێبەری سوریالیستەکان، لە سەرلەبەری کتێبەکەدا ڕوون و بەرچاوە، کەوابوو دەکرێ بێژین شازادە چکۆلە فەنتازییە، یان سوریال؟ بەڵام فەنتازیا لەگەڵ سوریال چ جیاوازییەکیان لەنێواندا هەیە؟

لە ڕاستیدا دەکرێ ڕووداوەکانی دنیای ڕۆمان و چیرۆک بەسەر دوو

دەستــەدا دابەش بکەین: ڕووداوی ڕیالیستی و ڕووداوی فەنتازی.

مەبەست لە ڕووداوی ڕیالیستی ئەو ڕووداوەیە کــە وێنەی ئەوان لە دنیای ڕاستیدا ڕوودەدا، ئەگەر هاتو ئەوانە وەڕاست بگەڕێن، جــێی سەرسوڕمان نییە، بەڵام ڕووداوی فــەنتــازیک پێــچــەوانەی ئەوانە. فــەرزی و ڕاســتــەقــینەی ڕووداوی فەنتازیک بۆ ئێمە جێی تێڕامان و سەرسوڕمانە.

وێنەی ئەمـــانەش لە دنیـــای ڕاستــەقــینەدا ڕوونادات، دەبێ ئەوە بزانین هەردوو لایەنەکە بە گشــتی بیــرۆکە و سـازکراوی زەینی خودی نووســـەرە، تەنانەت ئەوانەش وا لــەســــەر بنەمـــــای زۆرێک لــە ڕووداوەکـــانی ڕاســـتی نژم و بیچمێکیان بەخۆوە گرتووە.

بەڵام ســوریال شــتــێکە زەینی ئامادەی نووسەر هیچ دەسەڵاتێکی لە سازدانی ئەودا نییە، هەروەک ئەو شــتــەی بە خــەون دەیبــینێ؛ خــەون شتێکە وەک گیرسان و پێکهاتە کە مــات دەبێ، زەینی ئێــمــەش لە جموجووڵ دەکەوێ، هەڵبەت دەکرێ جــۆرێک دابەشکردن بۆ ســـوریال لەبەرچاو بگرین.

دەکرێ بەشێک لە سوریال ببێتە ڕووداوێکی جێی سەرنج لە ژیاندا، وەکـــو ڕووداوگـــەلی تایبـــەت، ســـوریالیــســـتــەکــان ئەم چەشنە ڕووداوانە ڕووداوی ئامانجدار، یان ڕووداوی مانادار، یان ڕووداوی دیار و بەرچاو دەبێــژن، ڕووداوەکــان نە ئەوەیە ڕۆشن کــەرەوە بن، نە ئەوەنە مــانا بەخــشن، بەڵام جــۆرێک لە ڕووداوەکــان هەن کــەوا دەردەکــەوێ ئەوەندەش بێ ئامانج نەبن. بۆ وێنە، ڤیکتۆر هۆگۆ شانۆنامەیەکی هەیە بە مــانای «مــاریون دوولۆم» هۆگـۆ ئەو شـــانۆنامـــەیەی لەکـــۆتایی دەی ١٨٢٠ی زایینیـــــدا نووسی و لە ساڵی ١٨٣٢ی زایینیدا چاپ کرا و گــەیشــتــە هۆڵی نووســەران، هۆگـۆ ساڵێک دواتر، واتە ساڵی ١٨٣٣ی زایــیــنی لــە تــەک ژنــێــک بــەنــاوی ژوولێت دووروئەدا ناســیــاوی پەیدا کرد. ئەویش ئەکتەرێکی نەناسراو بوو، ئەو ناسـیـاوی و ئاشنا بوونەش بوو بە خۆشەویستییەکی مانابەخش و ئەویندارانە، ئیــتــر تا کــۆتایی تەمــەنی هەر بەردەوام بوو، هۆگــۆ ســیس بوونێکی بەســەردا نەهات؛ هۆگـۆ لە کـاتێکدا ئەم شـانۆنامـەی دەنووسی هیچ چەشنە ناسیاوییەکی لەگـــەڵ ژوولێت دووروئەدا نەبوو، تـەنـانـەت نـاویـشـی بـەرگــــــوێ نەکەوتبوو، بەڵام سەربردەی ماریۆن دولۆم کەسایەتی یەکەمی شانۆنامەی ناوبراو، وێکچــــوونێکی زۆریان لەگــەڵ چیـرۆکی ژوولێت دووروئەدا هەبوو!

بەشــێکی تری ســوریـال وڕێنە و خــەون و خــەیاڵە، وڕێنە و خــەون و خەیاڵ ڕاستیگەلێکن بەبێ وریایی هزر لە زەیندا کـۆدەبنەوە، هەر بۆیە ئیلهــام و ئاگــاداری شــاعــیــرانە و هونەریی لەســــەر زەیندا دادەبەزن، واتە بیرۆکەی کتوپڕ لە پێکهێنانی ئەواندا ڕۆڵێک نابینێ، هۆکـــاری جۆراوجـۆر دەتوانێ بەشی خۆناسین نەجــــولا بـکات، وریابـوونەوە و هۆشیارییەکان لەناو ببات. ئیتر هەر ئــەوەیە هــۆی وڕیــنە و ئــاڵــۆزبــوونــی خـــەو. هەروەک زۆربەی ئەو دەواو دەرمـــانانەی دەبنە هۆی تێکدانی هەناو و مێشک و جەستە...

دەکـرێ بەشـێکی دیکەی سـوریال ژیان و تەواوی ســـەمـــــبـــــۆل و نیشـانەکـانی بەڕاسـتی وێنا بکات. بەو مـەرجـەی لە ڕوانگەی زارۆکـدا بێ، بۆ کـەسـانی تەمـەندار قـاپۆڕێ گوێز هەر ئەو گوێزەیە کە هەیە، بەڵام زارۆک لە چەشنی گەمـە دەیبینێ، لە ڕوانـگــەی مـنـداڵــەوە سـنـوورێـک لەنێوان خەون و ڕاستییەکاندا نییە.

لەبەر ئەوەی وریایی ئەو بەهێـــز نییـە کەوشـەنێک لەنێوان وریایی و نا وریاییدا دانەمەزراوە، هەر بۆ ئەوە بوو سـوریالیـسـتـەکـان زۆربەیان بۆ ئەفراندنی بەرهەمەکانیان پەنا دەبەنە بەر مـادەگەلێکی وەک تریاک، تاکـو بتـوانن لەمـپەر و سنووری وریایی و سستی بیبەزێنن.

هەڵبــــەت جــۆری نووسین، یان گێڕانەوە لە سوریالیزمدا گرنگە، لە گـوزارشت کـردندا، یان لە نووسـینی ئەو سوریالەدا ناشێ ئاگاداری و هزر خـۆ بنوێنێ، واتە هەر بەم شـێـوەیەی ســــوریال دێتـــە ســـەر زەین دەبێ ڕاستەوخۆ هەر بەم جۆرەی هەیە باس بکرێ و بنووسـرێـتـەوە، بەبێ ئەوەی دەســــتی تێـــوە بدرێ، بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری تێدا نەیەتە کایەوە، یان ڕێکوپێکی و شـــێـــواز و ڕێکاری تایبـەت نەبێتـە ناواخنی. واتە هەر ئەو شتەی کە سوریالیستەکان پێیان دەگـوت نووسـینەوەی خـۆکـار، وەک بریتـۆن دەڵێ: شـتـێکە لە شـێـوە نووســـینی پەروەندە و دۆســــیــەی دکـتـــۆرەکــان لەو پەروەندانەی کــە دکـتـۆرەکـان بۆ نەخـۆشـەکـانیـان دادەمەزرێنن.

ئەو پشکنین و کارانەی پزیشک دەیکات و نەخۆش دەیبێژێت، هەروەک خۆی لەو پەروەندییەدا دەنووسنەوە، بەبێ ئەوەی هیچی لێ زیادوکەم بکەن سەرەڕای ئەوە لە نووسینی ئەوانەدا هیچ گرنگییەک بۆ وتەکان لەبەرچاو ناگرن. چی زیاتری تێدا نانووسن، چونکە تێبینییەک نادرکێنن، ئیتر بۆیە تاریفات لە پەروەندەکەدا زۆر بە کەمی وەبەرچاو دەکەوێ.

سوریالیستەکان لەگەڵ چیرۆک و ڕۆماننووسیش فرە نەیار و بەرهەڵستکار بوون، ئەندرێ بریتۆن لە ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی (ئەناتۆل فرانس)دا گوتەیەکی پێشکەش کرد و گوتی: «ئێمە هاتووین کە بێ نرخی و بێ فەڕی بنێژین!» مەبەستی لە بێ فەڕی «ڕۆمان» بوو. هۆی نەیاری سوریالیستەکان لەمەڕ ڕۆمان ئەوە بوو کە ڕۆمان ژیرانەترین جۆری ئەدەبییە، بەڕاستی هزر و خۆناسینی نووسەر ئالوگۆڕییەکی باش لە ژیاندا دێنێتە پێش، تاکو ئەوانە بەشێوەی ڕاستییەکانی ڕۆمان بەرجەستە بکاتەوە. سوریالیستەکان تەنیا سەربردەی ڕاستەقینە و ژیاننامەیان بەلاوە پەسند بوو، ئەندرێ بریتۆن لەبەشی یەکەمی «نادیا»ی خۆیدا بەبێ پەردە و دڵنیابوون باسی ئەو بابەتە دەکا، ئاماژە دەکاتە یەکێ لە ژیاننامە و بیوگرافییەکانی ڤیکتۆر هۆگۆ. باسەکە دەباتەوە سەر شێوەی نووسین و چاوپێکەوتنەکانی خۆی لەگەڵ نادیاردا، دەڵێ: هەروەها لە ماڵە جامخانەکەمدا دەمێنمەوە، واتە چ شتێک ناشارمەوە و جێگۆڕکێی پێناکەم. باسەکەی ئەو لەمەڕ ئەو بابەتانەوەیە، بەڵام ئاخۆ شازادە چکۆلە دەتوانێ ببێتە چیرۆکێکی سوریال؟

## بیاوان و ورێنەی نووسەر

تا ئەو جێیە ئاشکرایە نووسەری شازادە چکۆلە شەش ساڵ پێش لە نووسینی ئەو کتێبە فڕۆکەکەی بەسەر ئاسمانی بیاباندا تووشی گرفت هاتووە، ناچار دەبێ لەوێ بنیشێتەوە، هەڵبەت لەم ڕووداوەدا ئەو تەنیا نەبووە و یاریدەدەرێکی بەناوی ئەندرێ پرەو لەگەڵدا بووە، ئیتر ئەوان بەشی تاقە ڕۆژێک ئاویان پێ بووە، ئەویش بۆ کاتی ئاسایی لە فڕۆکەکەدا نەک بۆ مانەوە لە بیابانێکی ئاوا گەورەدا، هەر لەبەر ئەوە بوو لە یەکەم سەعاتی نیشتنەوەیاندا تووشی دز هیدراتاسین و ورێنە دەبن و دەچنە کۆماوە، بێ ئیختیار دەکەون و هۆشیان لەلای خۆیان نامێنێ، تاکو وشتر سوارێک لە بەختی ئەوان بەوێدا تێدەپەڕێ و دەیان بینێ، بەخێرایی هەڵیان دەگرێ و دەیان باتە سەر کانی و مێرگێک، بەشێوەی خۆیان ئاویان دەداتێ و لەدەست مردن ڕزگاریان دەکات، وا دیارە بەرلەوەی ئەوان لە هۆشی خۆیان بچن، لەو بیابانەدا چاویان بە ڕێوبیەک دەکەوێ، وەک دەڵێن ڕۆژگاری منداڵی ئەنتوان دۆسنت ئیگزۆپێری زۆر لە شازادە چکۆلە نزیک بووە و لەبەر ئەوەی تووکی سەری زێرین بووە، بەخورشیدشا بانگیان کردووە.

کەوابوو دوور نییە گێڕانەوەی کتێبی شازادە چکۆلە بە ڕاستی سووریالیک بێت، لەم ڕووداوی بیابانە، یانی هەر لەو کاتەدا کە نووسەر لە بیاباندا تووشی ورینە بووە، ڕووداوی ئەم کتێبە وەک ورینە و خەیالات هاتۆتە بەر زەینی. ڕاستییەکە لەوەدایە تەواوی ئەو شتانە کە دەبنە بنەما و ڕێوشوێن لە سوریالیستدا، لە شازادە چکۆلەدا کۆبۆتەوە، هەروەک بە کەم گرتنی ئەقلانییەت و دیاردە و نیشانەکانی بەگشتی، ڕەت کردنەوەی ئۆمانیزمی ڕۆژئاوایی بە هەند نەگرتنی تەواوی پیشەکان، پەسن و پێداهەڵدان لە چیرۆکی ڕاستەقینە، پەسنی سوریال، پەسنی وێناکردن و زانستەکان، ئاوڕدانەوە لە کورتبێژی و دووری لە تاریفات، سەرنجدان بە ڕەمز و شتە سەیر و سەمەرەکان، تەواوی ئەوانەی کە دەبنە بنەمای سوریالیزم، جگە لەمانەش ئەو نووسینە جۆرێکە پەسن و تاریفاتی ئەوتۆی تێدا نابینی! لەباتی وەسفکردن زۆرتر کەڵک لەوێنە و دیمەنگەل وەرگیراوە.

بەڵام ئەمە جێی ئاماژە پێدانە کە شتێک لە شازادە چکۆلەدا هەیە لەگێڕانەوەکانی سوریالیستی و تێپێکدا نابینرێ، شێوەیەکە لە فۆرمی سەربردەیی، شازادە چکۆلە تا ئەندازەیەک لە سەربردەی فریشتە و پەرییان نزیک بۆتەوە.

لێرەدا جێی خۆیەتی بگەڕێینەوە سەر ئەو دوو شکڵ و بیچمەی لەسەرەتای کتێبەکەدایە، بگێڕەوە، لەناو ئەو وانەگەلەدا کە گەورەکان فێری دەکەن بەجێی ئەوان شێوەکاری فێر بێت، ئەو تەنیا حەزی لە جوگرافیایە: «مرۆڤە مەزنەکان

ئامۆژگارییان کردم دەست هەڵبگرم لە کێشانەوەی مارەبووئاییەکان، ڕێکوپێک، یان قەف قەف و چەڵەمەیی، لە باتی ئەو کارە فێری بیرکاری و جوگرافیا و مێژوو بم.. لە ڕاستیدا جوگرافیا یارمەتیدام بە چاوگێڕانێک زانیم چین لە کوێیە و ئاریۆنا لە چ لایەکە، ئەگەر هاتوو لە نیوەشەودا لە هەر جێیەک تووشی بزر بوون و سەر لێشێوان هاتین، ئەو زانیارییانە بەکارمان دێت.»

یان:

شازادە چکۆلە گوتی: «ئەو کتێبە گەورەیە چییە؟ ئێوە لێرە خەریکی چین؟»

بەڕێز پیر گوتی: «من جوگرافیازانم.»

«جوگرافیازان چییە؟»

«کەسێکە زانا، دەزانێ زەریا، دەزانێ زەریا و ڕووبار و چیا باژێر و بیابانەکان لە کوێدان.»

شازادە چکۆلە گوتی: «بەڕاستی زۆر باشە! ئیتر ئەوە کارێکی تەواوە!»

جوگرافیا، بەپێچەوانەی مێژوو، ڕووداوەکان هەر وەکو خۆیان دەگێڕێتەوە، بەتایبەت وێنە و بیچمی جوگرافی، کەچی تەنانەت ڕاستترین هەواڵ و گێڕانەوەی مێژوویی جۆرێک لە گێڕانەوە، یان ڕۆمانی حسێبی بۆ دەکەن. لەبەر ئەوەی بیر و زەینی مێژوونووس زۆربەی ڕاستییەکان دەست تێوەردەدات و دەستیان بەسەردا دەگرێ، شتە سەرسوڕهێنەرەکان لە جوگرافیادا کەم نین، هەروەک وێنەی ماری بووئا، یانی وێنەکان یەک و دووی کتاوەکە، لە ڕاستیدا هەر کام لەوانە یەک چیرۆکی ڕاستەقینەی مانادارن لە سوریالیستدا. ئەوانە ڕاستییەکی جێی سەرنج ڕادەگوێزنە سەر مێشکی خوێنەر، هەروەک ڕاستییەکانیش بەبێ دەست تێوەردان وێنا دەکەن و دەیخەنە ڕوو؛ کە وا مارێکی چەند گەزی خۆی لە دەوری گیاندارێک هاڵاندووە، خەریکی تێک شکاندن و کوشتنی بوو، بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە، هەروایە، خەوتنی شەش مانگەی ماری بووئا کاتێک فیلێک بە خڕی قووت دەدا!

یان هەر وەک کۆتایی مانای وێنەکە، کە دەکرێ ئەو مارە دەست پێکی گێڕانەوەکە بێت.

### مار نیشانەی ئاگاداری و مردن

شازادە چکۆلە ڕووداوێکە بە وێنە و شکڵی مار دەست پێ دەکات و بەوێنەیەکی دیکە لە مار کۆتایی پێ دێت، وێنەکانی ماری بەرایی نیشانەی بارودۆخی شتێکە کە هەر خۆی هێمای ئاگاداری و زانستە، واتە دیاردەیەکە لە زمان، دووەم مار شێوەیەکە لە مردن: «تەنیا درەوشانەوەکەی زەرد لە پەنا گوێزینگی پێیدا هەر ئەوەندە. (ل م) مار، لە بنەڕەتدا، خۆی لە خۆیدا، متونیمی مەرگە، لەبەر ئەوەی هەندێک جار مرۆڤ دەکوژێ، بەڵام چارەنووسی هەنووکەی مرۆڤ هەر مار بوو کە دەستی پێ کرد. ئەوە مار بوو بە هۆ، ئادەم و حەوا لەبەری داری زانست بخۆن و لە مانای شەڕ و خێر ئاگاداری وەدەست بێنن.

دواتریش ئاگاداریان بەسەر ئەشق و ئەویندا هەبێ. هەر بۆیە کار دەگاتە جێیەک شتێک بە ناوی مەرگ بناسن. سەیر نییە کە ئەنتوان دوسنت ئیگزوپێری ئەو مانایەی لە مەڕ دەستپێکی چیرۆکەکەی لەپێش چاو گرتبێ. مار، کردنەوەی چارەنووسی ژیانی هەنووکەیی مرۆڤی پێبوو، کۆتایی هێنانیشی هەروا؛ ژیانی هەر کەسێک لە بناوانەوە لە ڕاستیدا دەست پێکی زانست و ئاگادارییە لە دنیادا پیرەوکە دەبێ و بە مردنیشی کۆتایی پێ دێت. ئیتر زارۆکانیش لە تەمەنی شەش ساڵیدان، لە مانای مردن تێدەگەن. ڕەنگبێ هەر لەبەر ئەوە بێ بێژەر گێڕانەوەکەی بە بیرەوەرییەک دەست پێ دەکات، هەر ئەو بیرەوەرییەش بۆ خۆی جۆرێکە لە مەرگ، ئیتر ئەو بیرەوەرییە بۆ تەمەنی شەش ساڵی ئەو دەگەڕێتەوە:

«شەش ساڵم بوو، جارێک وێنەیەکی یەکجار جوانم بەچاو بینی، لە کتێبێکدا لە مەڕ دارستانی ئوستوا، بەناوی چیرۆکەکانی ڕاستەقینە.» ئەوە وێنەی ماری بووئا بوو، خەریکی قووتدانی ئاژەڵێک بوو.

**سەرچاوەی فارسی:**

**جام جم، ساڵی ١٣٨٧ی کۆچی هەتاوی، ژمارە ٢٣٣٥- بابەت لێدوان**

**بەفرانباری ٢٧٠٨ی کوردی**

# پاتۆس– Pathos

لە هونەری ئاخاوتندا– Rhetorique(١) (فن الخطابة) پاتۆس بەو بەشە، یان لایەنە دەگوترێ کە پێوەندی بە هەست و سۆزی گوێگرەوە هەیە. قسەکەر لەم ڕووەوە دەبێ سەرنجی گوێگر ڕابکێشێ و بیخاتە ناو دڵنیایی و باوەڕبەخۆبوونەوە، بۆ ئەمەش قسەکەر دەبێ بەهۆی بەهێزی و توندوتۆڵی و ڕەوانی ئاخاوتنەکەی وێنەیەکی باوەڕپێکراو لەبەرانبەر گوێگر بداتە خۆی. کەواتە لە هونەری ئاخاوتندا سێ کۆڵەگەی ئاخاوتن هەیە کە هەموو پێوەندییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر ڕێک دەخەن، ئەمانەش پێیان دەگوترێ: سێیانەی ئاخاوتن: لۆگۆس– Logos، واتە ئاخاوتن (کلام) گوتن، وشە، قسەکردن، ئێتۆس– Ethos، واتە ئەخلاق، ئەدگار و ڕەوشت، نەریت، پاتۆس– Pathos، واتە هەست و سۆز، عاتیفە، دەروون.

ئێتۆس ئەو کەرستە و پێداویستییانە دەداتە قسەکەر لەناو لۆگۆس نوێنەرایەتی دڵنیای خۆی بکا. هەرچی پاتۆسە بواری ئەوەی پێدەدا هەست و سۆز و عاتیفەکان پۆلین بکا، بەتایبەتی هەست و سۆز و عاتیفەی گوێگران، کە هەر لە ڕێگای ئەمانەوە و بە پشت بەستن بەمانەوە بگاتە ئامانجی خۆی. لە هەمان کاتدا، بە گوێرەی ساتەکانی ئاخاوتن، هەوڵ بدا هەست و سۆز و عاتیفەی گوێگران بجووڵێنێ و بیانهەژێنێ.

ئەریستۆ– Aristote باس لە ناوەرۆکی پاتۆس دەکا، لەلای ئەو پاتۆس هەڵکەوتێکی ئاڵۆزی هەیە، بۆیە ڕیزێک لە هەست و عاتیفە (دەروون) پێشکەش دەکا، ئەمەش بەم جۆرەی خوارەوەیە: تووڕەیی و پێچەوانەکەی، هێمنی (یان نەرمی و بەسۆزی) برادەرایەتی (خۆشەویستی)، ڕق، ترس، دڵنیایی– شەرم، بێ ئابڕوویی، لوتف، بەزەیی، هەست کردن بە ناڕەوایی، ئارەزوو، دووبەرەکی، نفرین.

لەلای ئەریستۆ ئەمانە بە سۆز و عاتیفەی جیا جیا لە قەڵەم دەدرێن، لەسەدەی حەڤدەم، ڕاستەوخۆ لە دراما و پیەسەکان ڕەنگ دەدەنەوە، بەو مانایەی شانۆنووس، یان درامانووس دەبێ هەستی بەزەیی و ترس لەناو بینەر بجووڵێنێ و بەرەو حاڵەتی کاتارسیسی ببا (واتە پاکبوونەوەی عاتیفی). هەر هەمان عاتیفەش لە پشت پاڵەوانەکانە و دەیانجووڵێنێ. بۆ نموونە لە شانۆگەری بێرنیسس– Berenice–ی ڕاسین– Racine خۆشەویستی و دووبەرەکی و هەستی شەرافەتمەندی، شانۆگەرییەکەیان داگیرکردووە و پاڵەوان و بینەر لەنێوان ئەم هەستانە دێن و دەچن. ئەمەش هەمان نەریت و ڕێساکانی دراما بوو کە ڕەگوڕیشەکەی بۆ سەردەمی هێلین و ڕۆمانی کۆن دەگەڕایەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ لە دوای سەردەمی ڕۆشنایی و سەرهەڵدانی فەلسەفەی

بۆرژوازی، ئەم رێسا و نەریتانە کۆتاییان پێ هات، درامای نوێ و مرۆڤی نوێ و رۆمان و شیعری نوێ لە دایک دەبن.

## فینۆمینۆلۆژی- Phenomenologie

فینۆمینۆلۆژی کە بە عەرەبییەکەی دەمێکە بە (الظاهراتیة) رۆیشتووە، لە زمانی کوردیش زۆر کەس (دیاردە و دیاردەناسی) بەرانبەر بەکاردەهێنن، یان (دیاردەگەرایی)، لەو بڕوایەدام، ئەم بەکوردی کردنە، ئەگەرچی تۆزێک لێی نزیکە، بەڵام قەت ئەو مانایە نادا کە لە دەستەواژەی- فینۆمینۆلۆژی-دا هەیە، چونکە ئەم دەستەواژەیە، لەسەر بنچینەی نەریت و مێژوویەکی فەلسەفی و بیرکردنەوەی فەلسەفی درێژخایەن دروست بووە، ئەمەش لە کانتەوە- Kant دەست پێدەکا تا دەگاتە هیگڵ و هۆسرەل و مێرلۆپۆنتی و سارتر- Sar-tre. سەرەنجام ئەم پێشینە و ئەم نەریتە فەلسەفییە نە لەلای کورد نە لەلای میللەتانی رۆژهەڵات نییە، بۆیە ئەستەمە بەرانبەرێکی دروست و پڕواوپڕ بدۆزرێتەوە.

بۆیە وەکو خۆی بەکاری دەهێنین، ئەمەش کۆمەڵێک سەرئێشەی زمانەوانیمان لە کۆڵ دەکاتەوە، پاشان هەوڵدانێکیشی تێدایە بۆ نوێکردنەوەی رۆشنبیری کوردی و دەوڵەمەندکردنی بە ئایدیا و روانینی تازە.

ئەم نەریتە فەلسەفییە لەسەر پێکهاتەیەکی زمانەوانی پوختە دروست بووە کە بەم جۆرەیە: مەبەست لە فینۆمین: ئەو شتەیە کە لە رێگای ئاگاییەوە هەستی پێدەکرێ، ئەوەی لەناو زەمان و شوێندا لە رێگای ئاگاییەوە هەستی پێدەکرێ، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە لەخۆی و لە بۆ خۆی (هەیە)، ئەمەش لەلای کانت پێی دەگوترێ نوومێن- Noumene، واتە حەقیقەتێک کە لە رێگای هەستی (ئاگایی) ئەقڵییەوە هەستی پێ دەکەین. بەرانبەر دیاردە، یان واقیعێک دەوەستێ کە لە رێگای ئاگاییەوە هەستی پێ دەکەین.

فینۆمینۆلۆژی تیۆرییەکی فەلسەفییە پێی وایە جیهان بریتییە لەسەرهەڵدان و دەرکەوتنێکی مەوزوعی مرۆڤایەتی، هەوڵی ئەوە دەدا.

فینۆمین و بزووتنەوەی ئەو ئاگاییە پیشان بدا و بخاتە روو کە هەستی پێ دەکا. هیگڵ لە کتێبی فینۆمینۆلۆژی ئەقڵ بەم جۆرە پێناسەی دەکا: (زانستێکی ئەزموونییە کە ئاگایی بەجێی دەگەیەنێ).

لەلایەکی ترەوە، مەبەست لە فینۆمینۆلۆژی، میتۆدی فەلسەفی هوسرەلە، (ئایدیاکان لە بارەی فینۆمینۆلۆژی پوختە و لە بارەی فەلسەفەیەکی فینۆمینۆلۆژی) کە لە ساڵی ١٩١٣ بڵاوی کردەوە، ئەم روانینەی هوسرەل ئەو فەلسەفانەش دەگرێتەوە کە لە نزیک و دەوروبەری ئەون.

هوسرەل لە میتۆدی فەلسەفەی خۆی وای پێ باش بوو لە رێگای رووداوەکان لە جەوهەرەکان بگا، واتە لە یاسا (قانوون)ە ئیدیالەکان بگا، ئەمانەش بەشێوەیەکی، یان لە رێگای (مەزندە- intuition)ەوە دەگیرێن، بەتایبەتی لەوکاتانەی لەناو ئەزموونێکی هەستیار و بێ هاوتادایین. ئەم فینۆمینۆلۆژییە (ئەگەر پوخت بێ، یان فراژی- Transcendante) دەیەوێ هەموو پرەنسیپەکانی هەموو هەقیقەتێک بخاتە ژێر رۆشناییەوە. ئەو فینۆمینۆلۆژییەی هوسرەل بەدوایدا وێڵە، بەهەمان شێوە ئەوەی مێرلۆپۆنتی -Merleau- Ponty (فینۆمینۆلۆژی ئیدراک کردن- Phenomenologie de la Per-ception) بەهەمان شێوە ئەوەی سارتر لە وجوودییەت- Existentialisme، هەوڵ دەدەن لەناو ئیدراک کردن (هەست پێ کردن) پێوەندی و بەیەک گەیشتنی ئەقڵ و واقیع بدۆزنەوە.

ئەدەبی سەدەی نۆزدەم گەلێ کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەم میتۆدە فەلسەفییەی ئیدراک کردن، ئەمەش زیاتر لە ئەدەبیاتی ئەندرێ ژید و جیمس جۆیس و ڤیرجینیا ولف هەستی پێ دەکرێ، بەڵام لەسەروبەندی دووەمین جەنگی جیهانی هەمان کاریگەری لە ناو رۆمانی نوێ و درامای نوێ دەدۆزرێتەوە، بەتایبەتی لە کارەکانی ئەلبێر کامو- A. Camus و کلۆد سیمۆن و سامۆییل بیکێت و یۆژین یۆنێسکو و پیتەر هاندەکە- P. Handke و تۆماس بێرنارد- T. Bernardt.

**پەراوێز:**

**- بە درێژایی ئەم فەرهەنگی زاراوەیە، ئێمە وشەی ئاخاوتن-مان بەرانبەر بە دوو دەستەواژە بەکارهێناوە، ئەمانەش:**

**١- ئاخاوتن- خطاب- Discours،**

**٢- ئاخاوتن- فن البلاغة- البیان- Rhetorique**

**٣- رەوانبێژی - فن البلاغة - البیان - Rhetorique**

**خوێنەر پێویستە ئەم وردەکارییە لەبەرچاو بگرێ. ئەمەش بەرای ئێمە کوردییەکی پوخت و رەوانە.**

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی پازدەمین ساڵەی تەمەنی ڕامان

# ئاوێنەی باڵانوانی چواردە جۆخینی ڕامان

**عەزیزی مەلای ڕەش**

چاکم لە یاد مــاوە: ئەو دوو حــزبە لە گــێــژەنی ئاڵۆزی و گێرەشێوێنێکی وادا بوون مـەگـەر هەر خۆیان بزانن چۆن بووە. ئەوسا جگە لە خۆیان کەسیان بە بنیادەم حسێب نەدەکرد. هەموو کەسی بیرتیژ و زەیندار سەری لێدەر نەدەچوو.. و تاسای نەدەکرد دوو قسەی خێر لەنێوانیاندا بەبا بدات.

بە کەیف و ماشای داگیـرکەری هەر چوار «ئال»ی کـوردستـان ڕمبـازیـیـان دەکـرد و لە چەقی شـارە قـەوغـەکـانـدا ڕمی ئاڵیـان داکوتابوو و لە خـۆیان بەمـەلاوە کـەس حـەدی نەبوو بیلەقـێنێت. لەتی کوردستانیان بەرەو پێنجی دەبرد.

گۆردە و چەورە و خـوبزە و چاوەش و گزیر و نۆکەر و دیاردی و جاش و سیخوڕ و دەمگەرم و چاوپان و دەستوپێوەند و ئاخورگۆڕ و مێچکەباز و لچ و خزمەتچی و جەندرمە و هەیتە و مەیتەر و ماچە و چەلاو خۆری دەرباری داگیرکەران بیست و چوار سەعات شـایی و گـۆوەند و هەڵپـەڕکـێـیـان بوو.. و هەیدۆ هەیدۆیان دانەڕێـیـەک دەڕۆیشت و لیکاوی خـۆشـیـان لە دەمی بسـتـێک داپچڕاویانەوە بازرقەی بەستاو بێ پەردەی شەرم و حەیاوە دەیان نەڕاند: «خـوایە هەر لـەو قـایدەی ڕاگـریت و بۆ سـونەتیش هێـور نەبێتەوە».

ئا.. لەم ساتە ناهەمـوار و پەشۆکـاو و جـڕناوفـڕنا و کـەس بە کەس نەبووەدا ڕۆژێک «زار»ێک وەبەر گوێمی چرپاند:

«- لەم ڕۆژانەدا گۆڤارێک لە پیرمام دەردەچێت، پێیان خۆشە بابەتیان بۆ بنێریت».

منیش ئەوسا لە ناخەوە پارتیم بە ڕاست لە قـەڵەم دەدا، بۆیە بە هەڵەداوانەوە، تەرحی هەنار بۆ نەخۆش ببەم، بە چیـرۆکـێکی درێژ= «سنوور پاراستن» وەڵامی خـواستـیـانم داوە. لەو ساکـەوە فێربووم خوایشتی دڵم بەجێ بهێنم و ئامەشۆی «پیرمام» بکەم، کەچی نەمدەتوانی بە «ڕەبەن»ی بچم. جەندرمـەکانی سـەیتەرە، گەنجی دنیا نەدیتە و بیر نەکراوە بوون و.. واشیـان حەمـلاندبوون بەداوا و ناورانەوەی ئامەشۆکەران نێنەڕاێ.

ناچار خـۆم کـردە مـورافـیـقی ڕێزدار «فـوئاد سـەدیق». ئەوسا شـیـوعی بوو.. و بە تورمـبێلی حزب و ئاڵای سـووری چەکـوچ و داسدار، بێ پەردەی پرسیار و تەفتیشەوە دەچووە پیرمام. هەموو جارێ لێیان دەپرسی: «ئەوە کێیە؟».

ئەویش بەشێوەیەکی ئاساییەوە دەیگوت «لەگەڵ من دایە»

* * *

هەرکـە ژمـارەی «١» یەکی گـۆڤـارەکـە، بەناوی «تێـرامـان» دەرچوو.. و بەدەستم گەیشت، گەرچی چاپێکی یەکجار خراپ و پڕ هەڵە بوو، بەڵام ئەوەندەم هەوەست پێـهـات نەبێـتـەوە و لام وابوو تاپۆی ڕەشی «لایەن»ی زەوی و زاری کـەندێناوە و قـەراجم لە باخـەڵدایە. بە ئەنقـەست سێ ڕۆژان لەنێو بازاڕ بەدەستـمـەوە دەگـرت و هەر نـوسـەرێک چاوی پێـدەکـەوت ڕووی خـۆی بە گرژومۆنەوە وەردەگێرا. نزیکەی دە دوازدە نووسەر زیاتر دیتیان و لێکرا، دەتگوت باوە کـوشـتـەیانە، بە دردۆنگـیـیـەوە سـەیریان دەکرد.

هەرکە دەزگای گۆڤارەکە بۆ شاری هەولێر گوازرایەوە، لەبەر ئەو نووسـەرە لێـبـڕانلێس و گـوڵەبەڕۆژەی باس کـران بەهیچ کلو بابەتێکەوە بەر من نەدەکەوت. وەک مەڕە کەترە دواگر بووم.

ئەوسا بۆم واژێ بووەوە زۆربەی نووسەرانمان، لەگەڵ ڕێزم بۆیان لەناو لەپێکی لووس و بێ موو دەگەڕێن و گەرماشیان نەگاتێ.

* * *

لەو ڕۆژەوە ئەو گۆڤارە قەشەنگە ئاوێزانی هەمە تەرز و بابەتی ئەدەبی و زانیـاری و زانسـتی و مـێژوو.. و ڕەخنە و فەلسـەفـە و دەیانی تری پێویستی سەردەم بووە و ڕێبازێکی تایبەتی بۆ خۆی بنیـاد ناوە و ئاشنایەتی و دۆسـتـایەتی و ناسـیـارێتی لەنێـوان نووسـەر و قـەڵەم لەدەسـتـانی هەر چوارپارچەی کـوردسـتـان و غەوارەکانی هەندەران تەرخان و بەهێزکردووە.

ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارێکی یەکجار پیرۆز و مەزنە و هەتا ئەمڕۆی حازری هیچ پارت و سیاسەت و پیاوی مەزن و تێکۆشەر و دنیا دیتە، بە خەیاڵیش نەیتوانیوە خۆی لە قەرە بدەن.

چواردە سـاڵی ڕەبەق شـەکـەت و مـاندووێتی لە حـەد بەدەری چاپ و چاپەمەنی و نەخشەسازی و.. وێنەی جۆراوجۆر و.. کەم و زۆر کـوڵـی بەکـەسـانی بەرپرس نەداوە و بگرە تەرحی ڕۆن لە بەدەنیـان بدرێت ڕۆژ بەڕۆژ مکوڕ و بەشـەوقـتـر بوونە. ئەمـەش هێمای دڵسۆزی و ئاوداڵێتی خزمەت و پێشکەوتنی ڕۆشنبیریی میللەتە.

* * *

من کـتـێـبـخـانەیەکم هەیە هەشت سـەندووقی دەرکـەداری هەیە. لەسـەرەوەشی سی و دوو شـوێنی کـتـێبی تێدایە. هەر شـوێنێک درێژی «٤٧» سەنتیمەترە و پانیشی «٣٤» سەنتیمەترە.

گـۆڤـاری ڕامان سێ شوێنی پڕ کـردووەتەوە و بە ئەنقـەسـتـیش لەناوەڕاست و تاقی سەر سەندووقەکانم داناون. هەر کەس سەیری کـتـێـبـخـانەکـە بکات دیمەنی سەفـتـەکـراوی ژمـارەکـانی ڕامـان سەرنجڕاکێشە. ئەوەندەم هەوەست بە دیمەنەکەیەوە دێت لەزگە بڵێم بە قەدەر گشت کتێبەکانم خۆش دەوێن.

* * *

تەمــاخــوازم ئەو گــۆڤــارە نایابە هەر وا بەردەوام بێت و تەگـەرەیەکی بە ئاسـتـەمـیش بەری ملی بەرپرس و کـارمـەندانی نەگـرێت و چەندین مـۆمی تریش بەخـۆشی و سـەرفـرازییـەوە داگیرسێنن.




# وەرگێڕانی عەنتیکە

کەریم سۆفی



لەگەڵ ئەوەدا نیم کە کتێبێک، یان ڕۆمانێکی چەند سەد لاپەڕەیی لەبەر دوو- سێ هەڵەی چاپ، یان هەڵەی وەرگێڕان، یەکسەر خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر سەرتاپای وەرگێڕانەکەدا بهێنرێت و ڕەنجی فەرهادانەی وەرگێڕ بەبا بڕوات و وەرگێڕانەکە بە تەواوی ڕەت بکرێتەوە، لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەوەشدا نیم ئەم جۆرە هەڵانە هەروا بە سانایی بەسەر وەرگێڕ و کردەی وەرگێڕاندا بڕوات و لەکاتی چاپکردنەوەی، یان وەرگێڕانێکی تردا وەرگێڕ لە خەمی تێوەگلانی ئەم جۆرە هەڵە کردنانەدا نەبێت و بەکەیف و مایەشای خۆی لێ بخورێت و وەک ئەوەی نەبای دیبێت و نەباران، لەمێژە گوتوویانە «گرنگ نییە هەڵەنەکەین، گرنگ ئەوەیە لەسەر هەڵەکان بەردەوام نەبین».

وەرگێڕ هەرچەندە وردبین بێت و ڕۆشنبیرییەکەی خۆی بەرفراوانتر بکات لەو بوارانەی کاری وەرگێڕانیان لەسەر ئەنجام دەدات هەر کەمە، ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ وەرگێڕاندایە، دەبێ بەردەوام لە خەمی خۆ فێرکردندا بن و لەهیچ شتێک نەپەنگێننەوە کە سوود بە خۆیان و بەکارەکەیان دەگەیەنێت بۆ گەیشتن بە کاکڵەی مەبەست و پێکانی ئامانجەکەیان.

زۆرجاران لەناو نووسینە وەرگێڕدراوەکاندا، ڕستە و وشە و دەستەواژەی زۆر سەیروسەمەرە دەبینین کە پیاو تووشی شۆک دەکات و تەنیا بۆ نوکتە و پێکەنین دەست دەدات، بەڵام من لەناخەوە خەمیان لێ دەخۆم و ئاخ بۆ زمانەکەمان و خەمساردی ئەم جۆرە وەرگێڕانانە هەڵدەکێشم.

ئەگەر بمانەوێت نموونەی ئەم جۆرە وەرگێڕدراوە سەیروسەمەرە و عەنتیکانە کۆ بکەینەوە، ڕەنگە سەدان لاپەڕەی پێ پڕ بکرێتەوە، لێرەدا هەر بۆ نموونە چەند ڕستەیەک دەخەینە بەرچاو کە سەرچاوەکانیان لەلام پارێزراون، چونکە ئەوەندەی خستنەڕووی حاڵەتەکانم مەبەستە، ئەوەندە ناوی وەرگێڕ و وەرگێڕانەکانم مەبەست نییە و باسیش لە خەمی وەرگێڕانە، بۆیە وا باشە وەرگێڕەکانیشمان لە خەمی ئەو جۆرە وەرگێڕانانەدابن و وەرگێڕان بەکار و پرۆژەیەکی ستراتیژی نەتەوەیی بزانن کە خزمەت بە زمان و نەتەوە و نەوەکان دەکات. نەک هەر کەڵەکە کردنی بەرهەمی بەسەقەت وەرگێڕدراو و بەس.

ئەمەش چەند نموونەیەکن:

(١) «چونکە زایونیزم نۆرەیەکی ئەوتۆی لە ژیانی نووسەردا نەگێڕاوە»

– دیارە وشەی (نۆرە) بەرانبەر بە وشەی (دور)ی عەرەبی وەرگێڕدراوە کە زۆرجاران (ڕۆڵ)ی ئینگلیزی بۆ بەکاردێت. کەچی (نۆرە) زیاتر بە (سەرەگرتن و ڕیزبەستن) دێت.

(٢) هیچ کەس نازانێت ژمارەی ئەو سیاپێستانەی لە ئەفریقاوە گوازراونەتەوە بۆ ئەمەریکا و ئەوروپا و کراونەتە کۆیلە، چەندن؟ هەندێک ژمارەیان بە پەنجا ملیۆن و هەندێک ژمارەیان بەسەد ملیۆن کۆیلە دەقرسێنێت.» بۆ ڕەش پێست، وشەی (سیا)ی فارسی بەکارهێنراوە کە لە جێی خۆی نییە، هەروەها (دەقرسێنێت) قرساندن بۆ نرخە، مەزەندە کردن بۆ ڕێژە و ژمارەیە. بۆیە دروستتر بوو بنووسرێت (... بەسەد ملیۆن کۆیلە مەزەندە دەکەن.)

(٣) «هەولێر لە خولە مێژووەکانی»

ئەمە گوایە وەرگێڕانی ناوی کتێبی (اربيل في ادوارها التأريخية)ی زوبێر بیلالە. دیارە کە (خول-دورة)یە و کۆیەکەی دەبێتە (دورات). کەچی ئەوەی ئێرە (ادوارها)یە کە کۆی وشەی (دور)ە، واتە چاخ و سەردەم و ڕۆژگار...تاد مامۆستا کەریم شارەزا لە نووسینێکدا ناوی ئەم کتێبەی سەرەوەی بەم جۆرە کردووە بە کوردی (هەولێر لە چاخە مێژووییەکانیدا) کە ئەمەیان دروستە و لە جێی خۆیەتی.

(٤) «کاتێک ڤۆڵتێر شەست و پێنج ساڵی هەبوو»

گوایە وەرگێڕانی ئەم ڕستە فارسییەیە «کەولتر شست و پنج سال داشت». وشەی «داشت» ڕاستە بەواتای (هەبوو، یان هەیبوو) دێت، بەڵام لێرەدا ماناکەی بەم جۆرە دەبێت [کە ڤۆڵتێر لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا بوو)، یان (کە ڤۆڵتێر تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو).

(٥) «هەرچەند سەرەتا ژمارە نووسەرێک دەیانگوت»

ئەمەش وەرگێڕانی ئەم ڕستە فارسییەیە (گرچە از اول عدەای از نویسندگان میگفتند) بۆ (عدەای از نویسندگان)، چەند نووسەرێک دروستترە لە ژمارە نووسەرێک.

(٦) «یاوەکو هەندێ بەندییان شەو و ڕۆژم بەدووان بۆ ژمێریار بکرایە» ژمێریار واتە (محاسب) هەر بیوتایە (حسێب بکرایە) زۆر باشتر بوو.

(٧) «تاوەکو لەسەر پشتی کەشتییەک کاربکات»

گوایە وەرگێڕانی ڕستەی (لكي يعمل على ظهر سفينة)

(٨) وەرگێڕێک بۆ «اهل الذمة» نووسیویەتی (خاوەنی سەرزەنشت)!!

(٩) «ئەلیۆت دەڵێ: شیعر بریکاری فەلسەفە و ئایین نییە»

گوایە وشەی (بریکار) بۆ (بديل)ی عەرەبی بەکارهاتووە!

(١٠) «باشە چوویتە سەر پۆل»

گوایە ئەمە وەرگێڕانی ئەم ڕستە فارسییەیە (خوب سرکلاس رفتی)

ئەگەر پێدابچم زۆر درێژە دەکێشێت، ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە، بۆیە ئەوەندە دەڵێم کە نووسین بەگشتی، بە وەرگێڕانەوەش بەرپرسیارەییەتێکی مێژووییە و دەبێت زانستییانە و ژیرانە و بە وردی ئیشی لەسەر بکرێت، چونکە لە هەموو ئانوساتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە وەکو سەرچاوە سەیر بکرێت و سوودی لێ وەربگیرێت.